تـۆمـاری سـەروەری

4

بۆردی هۆشیاری

ئۆرگانێکی هۆشیاری و رۆشنبیریی سیاسییە، لە چوارچێوەی مەکتەبی راگەیاندن و هۆشیاری، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی پێنجەمین کۆنگرەی (ی. ن. ک) لە ساڵی ٢٠٢٣ دامەزراوە.

ئەرکەکانی بریتین لە: دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی فیکری و سیاسی و حزبی لەبەر رۆشنایی بنەما فیکری و سیاسییەکانی پەیڕەو و پرۆگرامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ئاشتی و مافی چارەی خۆنووسین، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسی، سیکۆلاریزم، مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی، تاوتوێکردنی پرسەکانی بیری هاوچەرخ و رەوتە فیکرییە نوێیەکان، دابینکردنی ئەدەبیاتی رێکخراوەیی، ئەرشیفکردن و دووبارە چاپکردنەوەی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەرهەمەکانی سەرۆک مام جەلال، نووسینەوەی مێژووی (ی. ن. ک) و شۆڕشی نوێ و رۆڵی لە بوژاندنەوەو دریژەپێدانی گیانی خەبات و بەرگری.

تـۆمـاری سـەروەری

بەرگی چوارەم

(4)

تیپەکان :- ١٩٨٢- ١٩٨٨

نووسین و ئامادەکردن: ئازاد سەراوی

تۆماری سەروەری - بەرگی چوارەم-

تیپەکان :- ١٩٨٣- ١٩٨٨

نووسین و ئامادەکردن :- ئازاد سەراوی
تایپ :- ئاشنا دلێر - نیگا سالار
دیزاین :- هەرێم عوسمان
چاپ: چاپخانەی حەمدی
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نۆرەی چاپ : چاپی یەکەم
ساڵی چاپ :- ٢٠٢٤

لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (١٣٦٦) ساڵی ٢٠٢٤ پێدراوە
سەرجم مافەکانی لەچاپدانەوە و بڵاوکردنەوەی پارێزراون.

لە بڵاوکراوەکانی بۆردی هۆشیاری
مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

پێڕست

تیپی ٢١ کەرکوک
- تیپی ٢١ پایزی ١٩٨٢ ..... ٢٧
- شەڕی قەرە بەگ ٢٨
- ڕەبییەی ئاغجەلەر ٢٨
- شەڕی کەلی سوور ٢٩
- بەرەو ولاغلو ٣٠
- پردی بی مەحکەمە ٣٠
- گرتنی سەیتەرەی کەرکوک ٣١
- چالاکی ناو شاری کەرکوک ٣٢
- بەرەو چایخانەکە ٣٢
- ڕابی – سامالّ ٣٤
- ڕێگەی سورداش ٣٦
- لێدانی مەرکەزی ئەڵڵایی ٣٧
- مافی مرۆڤ ٣٨
- کەرکوک ئالّتون کوپری ٣٨
- ئەمنی کەرکوک ٣٨
- چالاکی هاوبەش ٣٩
- شەهید بوونی بێستون عەسکەری ٣٩
- شەڕی تەگباسان ٤٠
- شەڕی ناوخۆ ٤١
- بۆسەی حەمامۆک ٤١
- کەرکوک ڕێدار ٤٢
- پەلاماری دوژمن ٤٣
- هاوینە هەواری چنارۆک ٤٤
- ئاگادارییەک ٤٥
- شەڕی توکلّی ٤٦

- تەنور بانەکە ٤٧
- لێدانی قەڵای پردێ ٤٧
- بۆسە ٤٨
- لێدانی جاش ٤٨
- لێدانی ئاخجەلەر ٤٩
- بۆسە ٥٠
- کوشتنی سەرۆک جاشێک ٥٠
- ڕەبییەی قیری تەق تەق ٥١
- ناو شاری کەرکوک ٥٢
- نێوان کەڵھوڕو بیبانی ٥٢
- چەمچەماڵ سەنگاو ٥٣
- گۆپتەپە ٥٣
- شەڕی قەرە سالم ٥٥
- پردێ ٥٥
- بۆمبارانی فڕۆکە ٥٥
- تۆڵەی دێهاتەکان ٥٦
- شەڕی شەوگێڕ ٥٧
- دۆڵی پڵنگان ٥٧
- سریەی شیوەسوور ٥٨
- شارۆچکەی ڕێدار ٥٨
- تەسلیم بوونەوە ٥٩
- تۆڵەی شەهیدان ٦٠
- چالاکی هاوبەش ٦١
- شەڕی گۆگجە ٦٢
- چالاکی ناوشار ٦٢
- گرتنی ڕەبییەی شوان ٦٢
- گرتنی مقەڕ سریە ٦٣

هەوالنامەی کتێب

- شەڕی ساتی ٦٤
- شەهیدبوونی شاهۆ ٦٥
- ڕەبیيەی شیوەسوور ٦٦
- چوونە ناو کەرکوک ٦٧
- بۆسە ڕێدار ٦٨
- تەسلیم بوونی ڕەبیيە ٦٨
- دوو بۆسە ٦٩
- تێکشکاندنی پەلاماری دوژمن ٧٠
- گرتنی ڕەبیيەی کەلی سێکانیان ٧١
- شەڕی نەبی ئاوا ٧٢
- داستانی ناو کەرکوک ٧٤
- ڕەبیيەکانی سورەدێ ٧٥
- ڕێگای دوز – قادرکەرەم ٧٦
- گرتنی ڕەبیيەی جادەی گشتی ٧٧
- کوشتنی دوو سیخوڕ ٧٧
- لێدانی قەرە هەنجیر ٧٨
- ڕستێک ملوانکەی خوێناوی ٨٠
- گرتنی ڕەبیيەی سەرکەلی ٨١
- شکاندنی هێرشی دوژمن ٨٢
- تەوەکەل – ئاغجەلەر ٨٢
- بناری خاڵخاڵان ٨٣
- شەڕی تولکی ٨٣
- چالاکی شیوە سوور ٨٤
- بۆسە – سلێمانی – کەرکوک ٨٤
- هاتنی بارق ٨٥
- دێی عەلی بەیان ٨٧
- گرتنی ڕەبیيە ٨٧

هەواڵنامەی کێڤ

- کارگەی قیری چەمچەماڵ ٨٨
- گرتنی ڕەبییەی کەرکوک ٨٩
- شەڕەکانی سەرکردایەتی ٨٩
- بروسکەیەک ٩٠
- ڕێکخستنەکان لە ئێراندا ٩١

****

تیپی ٥٥ قەرەداخ

- پێکهاتەی تیپی ٥٥ ..... ٩٤
- شەڕی ژاڵەی دەربەند ٩٤
- زیانی خەڵک و پێشمەرگە ٩٥
- چالاکی ناو شار ٩٦
- شەهیدبوونی دوو پێشمەرگە ٩٦
- لێدانی ئیسلامییەکان ٩٦
- گرتنی مولگەیەک ٩٧
- شەڕی ئاوەکەڵە ٩٨
- تیپاو تیپ ٩٩
- پێکرانی کۆپتەرێک ١٠٠
- کوشتنی سەربازێک ١٠٠
- ڕێگای دەربەندیخان – سلێمانی ١٠٠
- بۆسە ١٠١
- شەڕی کانی سارد ١٠١
- لێدانی جاش – دسکەرە ١٠٣
- لێدانی قائیدەی موسەیب ١٠٣
- دسکەرە – شەڕ – شارەزور ١٠٤
- ڕەبییەی قەرەگۆل ١٠٥
- سلێمانی قەرەداخ ١٠٥

هەوالنامەی کێبڕکێ

- چالاکی سلێمانی ١٠٦
- لێدانی دوو رەبیە ١٠٦
- گرتنی ڕەبیەیەک ١٠٧
- بۆسە ١٠٧
- عەربەت – ڕەبیە ١٠٨
- شەهیدبوونی موشیر ١٠٨
- شەهیدبوونی شەش پێشمەرگە ١٠٩
- تۆڵەی شەهیدان ١١٠
- سێ گوڵە ئەستێرەی شەهید ١١٢
- بۆسە ١١٣
- چالاکی عەربەت سلێمانی ١١٣
- گرتنی سەربازگەی باریکە ١١٥
- گرتنی مقەڕ فەوجێکی مغاویر ١١٥
- ڕەبیەی قەرەگۆل ١١٧
- بۆسەی عەزیزاوا ١١٧
- تیپی ٢٣ سورداش
- دروستبوونی تیپی سورداش ١٢٠
- شەڕو چالاکی کانی خان ١٢٠
- ڕێگای موغاغ دووکان ١٢١
- پردی تابین ١٢٢
- تێکشکاندنی هێزی داگیرکەر ١٢٣
- دووبارە کانی خان ١٢٤

- تیپی ٢٣-١٤ ..... ١٢٤
- شەڕی تیمار – کۆتەڵ ١٢٥
- بۆسە - تاسلوجە ١٢٦
- بۆسە – دووکان ١٢٦

هەوالنامەی کێبڕکێ

- گرتنی ڕەبیيە ١٢٧
- لێدانی ڕەبیيە ١٢٨
- گرتنی خەبیر ١٢٨
- تۆڵەی عەلی چوارتایی ١٢٩
- لێدانی ڕەبیيە ١٢٩
- ڕەبیيەکانی خڕی زێوێ ١٢٩
- خڕی زێوێ دووکان ١٣١
- گرتنی سەرباگەی حەسەن تەپە ١٣١
- دووکان – بۆسە ١٣٢
- بۆسە – تەکیە ١٣٣
- گرتنی جاشێک ١٣٣
- ڕەبیيەی دارە توو ١٣٣
- گرتنی فەوجی دوو ١٣٤
- گرتنی ڕەبیيەی سرد ١٣٦
- ڕەبیيەی کەڵەوانان ١٣٦
- ڕێگای دووکان – سلێمانی ١٣٦
- شەڕی قولەڕەیسی ١٣٧
- پایزی ١٩٨٦ ..... ١٣٨
- تۆڵەی لەتیف کانی سپیکەیی ١٣٨
- دووکان - تاسلوجە ١٣٨
- شکاندنی پەلاماری دوژمن ١٣٩
- چالاکی موغاغ ١٣٩
- گرتنی ڕەبیيە ١٤٠
- شەڕی گولیجە ١٤٠
- گرتنی فەوجی کەندەشین ١٤١

****

هەوالنامەی کێبڕکێ

تیپی ٥٧ سەگرمە

- تیپی سەگرمە ١٤٦
- گرتنی ڕەبییەی کەلەڕەش ١٤٧
- گرتنی ڕەبییەی قەرە تامور ١٤٨
- شەڕی ساڵەیی ١٤٩
- شەهیدبوونی سێ پێشمەرگە ١٥٠
- قادرکەرەم – لەیلان ١٥٣
- گرتنی گومرکی سلێمانی ١٥٤
- شەڕی تانجەرۆ ١٥٥
- لەیلان قادر کەرەم ١٥٦
- تۆڵەی شەهیدان ١٥٦
- شەڕی تاڵەبان ١٥٨
- چالاکی چەمچەماڵ ١٥٩
- کەرتی چواری جەباری ١٥٩
- گرتنی مەرکەزی ناحیەی سەنگاو ١٦٠
- بڕووسکەی هەڤاڵ مامجەلال ١٦٣
- خوێندنەوەی چالاکییەکە لە ئێزگەوە ١٦٤
- لە تۆڵەی شەهید شواندا ١٦٥
- شەڕی زەنگەنە ١٦٧
- بۆسە ڕێگەی باوە ١٦٧
- بەکرەجۆ ١٦٨
- سێ بۆسە ١٦٨
- چلەی مامە ڕیشە – سەردار – موحسین ١٦٩
- لەیلان قادرکەرەم ١٧١
- ڕووخاندنی سێ ڕەبییە ١٧٢
- تۆڵەی سامان دەرویش ١٧٢
- شەهیدبوونی پێشمەرگەیەک ١٧٣

هەوڵنامەی کێبڕکێ

- گرتنی ڕەبیيە ١٧٣
- گرتنی ڕەبیيەی فەقێ حاجیان ١٧٤
- هەکز ١٧٤
- گرتنی ڕەبیيە – سلێمانی – کەرکوک ١٧٥
- خدری سەر ١٧٦
- تۆڵەی نۆ شەهید ١٧٦
- شەڕی گۆپتەپە ١٧٧
- وەستا موئمین ١٧٨
- شەڕی سەرجادەی چەمچەماڵ – قەرەتامور ١٨٠
- شەهیدبوونی عوسمان قەیتولی ١٨١
- لە تۆڵەی مامە ڕیشەدا ١٨١
- گرتنی ڕەبیيەی سلێمانی – قەرەداخ ١٨٣
- گرتنی ڕەبیيە ١٨٤
- بۆسەو ڕەبیيە ١٨٤
- پەلاماری دوژمن ١٨٥
- گرتنی مۆڵگەی بانی مەقان ١٨٥
- گرتنی ڕەبیيە لە چوارقورنە ١٨٦
- گرتنی ڕەبیيەی تەینا ١٨٧
- گرتنی دوو ڕەبیيە – تانجەڕۆ ١٨٨
- ڕەبیيەی قۆچەری ١٨٨
- دەستگیرکردنی پیاوانی ڕژێم ١٨٩
- چەمچەماڵ – سەنگاو ١٨٩
- سەنگاو چەمچەماڵ – بۆسە ١٨٩
- سلێمانی – کەرکوک ١٩٠
- لێدانی جاش ١٩٠
- کەرتی دوو ١٩١
- بان مەقان ١٩١

هەوالنامەی کتێب

- جادەی سلێمانی کەرکوک ۱۹۱
- شەڕی هۆمەرە گەدە ۱۹۲
- چوونە ناو بەکرەجۆ ۱۹۲
- گرتنی ڕەبیە ۱۹۳
- لێدانی کوڕەداوێ ۱۹٤
- ڕێگای سلێمانی قەرەداخ ۱۹٤
- تۆپبارانی مۆڵگەی دوژمن ۱۹٥
- نێوان ئەڵڵایی – تەینال ۱۹٥
- شەهیدانی داریکەلی ۱۹٦
- لێدانی ئۆردوگای چەمچەماڵ ۱۹۷
- چەمچەماڵ – سەنگاو ۱۹۸
- شەڕی شێخ جیری ۱۹۸
- چەمچەماڵ زەڕایەن ۱۹۹
- بۆسە ڕێگەی چەمچەماڵ ۲۰۰
- کەرتی دووی بازیان ۲۰۰
- دوای ئەنفالی سێ ۲۰۰

****

تیپی ٥١ گەرمیان

- تیپی ٥١ گەرمیان ۲۰٤
- شەڕی عەلیان ۲۰۸
- بۆسە – پیازە خرە ۲۱۰
- نێوان تیلەکۆ – سەرقەڵا ۲۱۱
- چالاکی سەید جەژنی ۲۱۲
- لێدانی نەوجول ۲۱۲
- شەڕی دوومیران ۲۱۳
- هێزی پشتگیری ۲۱۳

هەواڵنامەی کتێب

- پەلاماری جاش ٢١٣
- گرتنی ڕەبیيەی بەردەسوور ٢١٤
- شەڕی بانیخێلان ٢١٥
- شەڕی برایم غوڵام ٢١٧
- لێدانی ڕەبیيە ٢١٨
- ناوچەی بەمۆ ٢١٨
- گرتنی دوو ڕەبیيە ٢١٩
- تۆڵەی مامە ڕیشە ٢٢٠
- لێدانی مونەزەمەی لەک ٢٢٠
- ڕێگای سلیمان بەگ ٢٢٢
- نەوجول – دوز ٢٢٢
- گرتنی خۆفرۆشێک ٢٢٣
- لێدانی جاشەکانی دوز ٢٢٣
- دوز - سلێمان بەگ ٢٢٤
- چوونە ناو کفری ٢٢٥
- داستانی زینانە ٢٢٥
- وردەکاری شەڕەکە ٢٢٦
- شەڕی لەک ٢٢٧
- کوڕە شەل ٢٢٨
- گرتنی ڕەبیيە ٢٢٨
- بەغدا کەرکوک ٢٢٨
- جەبارە - جەلەولا ٢٢٩
- چالاکی کانی شیرینە ٢٢٩
- قوشەکەی میر سمایل ٢٣٠
- میر سمایلی زەنگەنە ٢٣٠
- ناو دوز ٢٣٢
- دوز – قادرکەرەم ٢٣٢

هەوالنامەی کێبڕکێ

- شەڕی ناوشاری کفری ۲۳۳
- کوشتنی تاوانباڕێک ۲۳٤
- کوشتنی عەریفێک ۲۳٤
- تێکشاندنی پەلاماری دوژمن ۲۳٥
- کوژرانی دوو جاش ۲۳٦
- بۆسە ۲۳٦
- تاقمە جاش ۲۳٦
- سێ چالاکی ۲۳٦
- شەڕی شۆراو ۲۳۷
- پەلاماری هۆزە عەرەبەکان ۲۳۸
- شەڕی وەڕاز ۲۳۸
- دوو چالاکی ۲۳۹
- کفری سەرقەڵا ۲۳۹
- گرتنی ڕەبیبە ۲٤۰
- لێدانی مۆڵگەی جاش ۲٤۰
- لەتۆڵەی شێخ جەمالدا ۲٤۱
- بۆسە ۲٤۲
- شەهیدبوونی هاوڕێتییەک ۲٤۲
- گرتنی چوار ڕەبیبە ۲٤۲
- چالاکی نێوان سەرقەڵا کفری ۲٤۳
- لێدانی کاروانی سەربازی ۲٤٦
- چوونە ناو کفری ۲٤٦
- بۆسە ۲٤۷
- ناوچەی داودە – لفتی ئاغا ۲٤۷
- شەڕی هۆمەرمل ۲٤۸
- شەهیدبوونی مەلا کەریم ۲٥۰
- حاجی سەعید و دەبابە سوتاوەکان ۲٥۰

هەوڵنامەی کێبڕکێ

- ڕێگای قادرکەرەم – دوز ٢٥٢
- بۆسە – نزیک سلیمان بەگ ٢٥٢
- ناوچەی داوێ ، ڕەبیيەی تەنکی ئاوەکە ٢٥٣
- ڕەبیيەی تەنکی ئاوەکە ٢٥٤
- بۆسە و تۆڵە ٢٥٧
- لە تۆڵەی شەهیداندا ٢٥٨
- گرتنی دوو مقەڕ فەوج – دارەڕەش ٢٥٨
- شەهید بوونی سوارە ٢٥٩
- گرتنی ڕەبیيەی قۆریچایی ٢٥٩
- داستانی قەڵغانلوو ٢٦٢
- قەڵغانلوو ٢٦٤
- گرتنی ڕەبیيە ٢٦٥
- چوونە ناو دوز ٢٦٥
- سلیمان بەگ – کفری ٢٦٦

****

تیپی ٢٥ خەڵخاڵان
- تیپی خاڵخاڵان ٢٦٨
- تۆڵەی مامە ڕیشە ٢٦٩
- شەهیدبوونی سێ پێشمەرگە ٢٦٩
- شەهید بوونی مەحمودی حاجی فەرەج ٢٧٠
- گرتنی مقەڕ سریەیەک ٢٧٠
- پەلاماری دوژمن ٢٧٢
- چالاکییەکی سەرنەکەوتوو ٢٧٢
- شەهیدبوونی یانزە پێشمەرگە ٢٧٣
- ناو چەمچەماڵ ٢٧٤
- زەهرخوارکردنی سێ پێشمەرگە ٢٧٤

هەوالنامەی کتێب

- شەڕی تەورداس ۲۷۵
- بۆسە ۲۷٦
- لێدانی سەربازگەی چەمچەماڵ ۲۷٦
- لێدانی تەکیە ۲۷٦
- ڕەوە کۆپتەر ۲۷٦
- چالاکی بەغدا ۲۷۷
- گرتنی چوار ڕەبییە ۲۷۷
- بۆسە ۲۷۸
- شەڕی ئیلینجاغ ۲۷۹
- گرتنی ڕەبییەی یارمجە ۲۸۱
- کەلی سمایل بەگ ۲۸۲
- گرتنی ڕێگەکان ۲۸۲
- شەهیدبوونی مەلا ئاراس ۲۸۳
- دکتۆر کەمال شاکر ۲۸۳
- گرتنی ڕەبییەی تەوەکەڵ ۲۸٤
- ڕەبییەی چنارتوو ۲۸٤
- گرتنی ئاغجەلەر ۲۸٤
- تێکشاندنی پەلاماری دوژمن ۲۸۵
- شەڕەکانی سەرکردایەتی ئەنفالی یەک ۲۸۵
- چالاکییەکی سەرنەکەوتوو ۲۸٦

****

تیپی مەڵبەندی یەک

- پێکهاتەی تیپ ۲۸۸
- مەڵبەندی یەک ۲۸۹
- چالاکی ناوشار ۲۸۹
- شەڕی شاخی زەرد ۲۹۰

هەوالنامەی کێبڕکێ

- لێدانی مونەزەمەی قەرەداخ ٢٩١
- گرتنی مقەڕ فەوجی قادرکەرەم ٢٩٣
- چالاکی ناوشار ٢٩٤
- شاخی زەردە ٢٩٤
- ڕزگارکردنی زنجیرە شاخی گلّەزەرد ٢٩٦
- سوتاندنی ئۆردوگایەک ٢٩٨

****

تیپی مەلّبەندی یەک

- پێکهاتەی تیپ ٣٠٢
- خولەکان – دەورە ٣٠٣
- دەورەی ئەهواز ٣٠٤
- تۆپبارانی ئۆردوگای نەسرو باریکە ٣٠٥
- تۆپبارانی سەربازگەی سەنگاو ٣٠٥
- تۆپبارانی سەرقەلّا ٣٠٥
- تۆپبارانی سەربازگەی خورماتو ٣٠٦
- تۆپبارانی سەربازگەی کەلار ٣٠٧
- شەڕی دارە ڕەش – تۆپبارانی سەربازگەی تانجەڕۆ ٣٠٨
- تۆپبارانی قەلّای سوسێ ٣١٢
- ئەنفالی یەک ٣١٣
- دەورەی شەش مانگی تاران ٣١٣

تیپی٥٣ شیروانە

- تیپی شێروانە ٣٢٤
- بۆردومانکردنی دوژمن ٣٢٥
- بۆسە – قەرەتەپە ٣٢٥
- لێدانی ڕەبییە – گۆڕەشەل ٣٢٦

هەوالنامەی کێڵ

- باوەنور - دەربەندخان ۳۲۷
- شەڕی چەمەرگە ۳۲۷
-کفری سەقەڵا – بۆسە ۳۲۸
- شەڕی هەناره ۳۲۸
- لێدانی مقەڕ سریەیەک ۳۲۹
- لێدانی ڕەبییە ۳۲۹
- بۆسە ۳۳۰
- پاریاوڵە – شکانی پەلاماری دوژمن ۳۳۰
- کوڵەجۆ ۳۳۱
- کوشتنی خۆفرۆشێک ۳۳۲
- پەلاماری دوژمن ۳۳۲
- بۆسە کفری – کەلار ۳۳۳
- پەلاماری دوژمن ۳۳۳
- شەڕی کانی چایلە ۳۳٤
- سوتاندنی ماڵە جاش ۳۳٥
- لێدانی ماڵە عەرەب ۳۳٦
- پەلاماری دوژمن ۳۳٦
- شەهیدبوونی مەحمود گەرمیانی ۳۳۷
- پەلاماری دوژمن ۳۳۸
- بۆسە ۳٤۰
- چالاکی ۳٤۰
- لێدانی جاش – ئۆردوگا ۳٤۱
- سەرکردایەتی ۳٤۱
- دەشتی کەلار ۳٤۱
- پەلاماری دوژمن ۳٤۲
- کوڵەجۆ - زەنگاباد ۳٤٤
- گرتنی ڕەبییە ۳٤٤

کەوانامەی کێبڕکێ

- لێدانی ناحیەی تیلەکۆ ٣٤٥
- تێکشکاندنی پەلاماری دوژمن ٣٤٥
- گرتنی ڕەبییەی هەزارکانی ٣٤٦

❊❊❊❊

تیپی ٥٩ حەمرین

- تیپی ٥٩ حەمرین ٣٤٨
- تێکشکاندنی دوژمن ٣٤٩
- پەلاماری دوژمن ٣٤٩
- چالاکی قادرکەرەم – لەیلان ٣٥٠
- گرتنی ڕەبییەی کۆرمۆر ٣٥٠
- گرتنی ڕەبییە ٣٥١
- نەوجول – دوز ٣٥١
- چەند چالاکییەک ٣٥٢
- گرتنی بورجەکەی دارەڕەش ٣٥٣
- تۆپخانەی مەڵبەند ٣٥٤
- تیپی ٥١ گەرمیان ٣٥٤
- ڕەبییەی سولەکان ٣٥٦
- تیپی حەمرین و شەش شەهید ٣٥٧
- شالاوەکانی ئەنفال ٣٥٨

❊❊❊❊

تیپی ١٧ زمناکۆ

- دەستەی تیپ ٣٦٠
- ڕێگای دەربەندیخان ٣٦٢
- سەربازگەی دوو دارە ٣٦٢

هەواڵنامەی کتێب

- شەهیدەکان ۳٦۳
- ئەنفالی یەک و دوو ۳٦۳
****

تیپی ۳۹ خەنجەرە
- تیپی خەنجەرە ۳٦٦
- پێکهاتەی تیپەکە ۳٦۷
- لالە سەرحەد ۳٦۸
****

تیپی ۳۵ کورەکاژاو
- دەستەی تیپ ۳۷۲
****

بروسکەی تیپەکان ۳۸۱

هەوالنامەی کتێب

هەوالنامەی کتێب

تیپەکان

دوای هەڵوەشاندنەوەی هەرێمەکان تیپەکان درووستبوون بەسەر ناوچەکانی کوردستاندا دابەشکران.

ئەم بەرگە ژمارەیەک تیپ و چالاکییەکانیان لە خۆ دەگرێت کە پێکهاتوون لە تیپەکانی سنووری کەرکوک گەرمیان دووکان.

لێرەوە بە مێژووی قارەمانێتی پێشمەرگەو سەری بڵند و لە هەورگیربووی پێشمەرگەو شەهیدەکان ئاشناتان دەکەین

هەواڵنامەی کتێب

هەوالنامەی کتێب

هەوالنامەی کتێب

تـــیپی (21) کـــەرکوك یەك

تـــیپی (21) کـــــەرکوك

دوای هەڵوەشاندنەوەی هەرێمەکان تیپی (٢١) کەرکوک پێکهات سەرەتا پێکهاتەی تیپەکە بەمجۆرە بوو.

*غەریب سەعید سەرپەرشتیار
*مام ڕۆستەم فەرماندەی تیپ
*بێستون عەسکەری جێگری فەرماندەی تیپ
*شێرزاد حافظ فەرماندەی کەرت
*سالار بۆگدی فەرماندەی کەرت
*مەلا ئاراس فەرماندەی کەرت
*هەڵۆ چەمچەماڵی فەرماندەی کەرت
*پۆڵای موهەندیس

فەرماندەی تیپەکان

- غەریب عەسکەری
- مام ڕۆستەم
- مەلا ئاراس
- جوامێر

جێگر تیپەکان

- بێستون عەسکەری
- شێرزاد حافظ
- وریا سوور

فەرماندەی کەرتەکانی دواتر

- شاهۆ
- دارای مامە قالە
- دلاوەری کوێخا شەریف
- ڕەوەند مەلا مەحموود

هەوالنامەی کتێب

- حەمە سوور دوو شیوانی
- سەرباز مام حسێن
- وەستا سابیر

دکتۆری تیپ

- دکتۆر دڵشاد
- دکتۆر هادی
- دکتۆر کەمال عەبدۆ
- نەوزاد

بێتەل

- عومەر کاکە ڕەش
- ڕەفیقە سوور
- شەوکەت عەبدوڵڵا
- پیران

تـــیپی 21ی کـــەرکوك
پـــایزی 1982

دوو کەرتی دلێری تیپی ٢١ی کەرکوک بە فەرماندەیی هەڵۆ چەمچەماڵی، شێرزاد حافز بۆسەیەکیان لە سەر ڕێگەی ئاغجەلەر چەمچەماڵ دانا، مودەڕەعەیەک هات سەربازی سەر ڕێگەکە کۆبکاتەوە، پێشمەرگەکانی تیپی ٢١ لێیاندان و سەربازێکی زۆریان کوشت .

دوای لێدانی دوژمن گەڕانەوەو چوونە تلیان، پێشمەرگەکان لە مزگەوتەکەی تلیان بوون کاتژمێر ١٠ی پێش نیوەڕۆ کۆپتەر هاتە سەریان و جاشی دابەزاند، پێشمەرگەکان بە ناو دێیەکەدا بڵاو بوون تا ئێوارە شەڕ بەردەوام بوو ژمارەیەکی زۆر جاش کوژران.

شـــــەڕی قـــــەرەبەگ

پایزی ساڵی ١٩٨٢ کەرتێکی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێرو کەرتی یەکی ساڵەیی تیپی ٢١ی کەرکوک بە هاوبەشی چوونە سەر جاش شەعبییەکانی قەرەبەگ لەو شـەڕەدا جاشێکی شەعبی کوژرا، پێشمەرگەیەک بە ناوی فەتاحی کوێخا ساڵح شەهید بوو.

ڕەبـــــیەی ئـــــــاغجەلەر

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی تیپ و کەرتی دوو کەرتی سێی تیپی ٢١ کەرکوک بەرەبەیانی ڕۆژی ١٩٨٢/١٠/٢٢ هێرشیانکردە سەر ڕەبییەی حیمایەی فەوجی دووی ئاغجەلەر وگوللە بارانیانکردن سەربازەکان خۆیاندا بەدەستەوەو پێشمەرگەکان دەستیانگرت بەسەر ڕەبییەکەدا، حەوت سەرباز دەستگیرکران پاشان ئازاد کران.

دەستکەوت

١دۆشکەی ئەڵمانی ژمارەی (٣٨٠٥٥)و (٢٢) سندوق فیشەک
٨ کلاشینکۆف سیخۆ و (٣٢) مەخزەن
٢ سندوق فیشەکی ڕووسی
١ سندوق نارنجۆکی دەستی
١ جیهازی ڕاکاڵ ژمارە (٧٨٠٢٥)
١ دەمانچەی میکاریۆف ژمارە (٢١٨)
١ تەلەفۆن
١ دووربینی سەربازی

هەوالنامەی کتێب

شـــــەڕی کەلی ســـوور
مانگی 11ی 1982

کەرتی یەکی سالّەیی تیپی ٢١ی کەرکوک لە سەر ڕێگای کەلی سوور بۆسەیەکیان دانا ژمارەیەک ئۆتۆمبیلیان ڕاگرت خەڵکەکەیان کۆکردەوەو ڕێبازی شۆڕشیان بۆ ڕوونکردنەوە.

کۆپتەرێک هاتە سەر ئاسمانی ناوچەکەو گەڕایەوە خەڵکەکە سوار ئۆتۆمبیلەکانیان بوونەوەو ڕۆیشتن.

پێشمەرگەکانی کەرتی یەکی سالّەیی سێ بۆسەیان دانابوو لە بۆسەی سەرەوە تەقە دروست بوو ئەمنەکانی شوان زانیبوویان پێشمەرگە بۆسەی داناوە بەرەو بۆسەکە هاتن پێشمەرگەکانی کەرتی یەکی سالّەیی لێیاندان و ژمارەیەکیان لێکوشتن.

ئێوارە داهات پێشمەرگەکان بەرەو جانقز کشانەوە ئۆتۆمبیلێکی پۆلیسی شوان جێمابوو پێشمەرگەکانی سالّەیی گەڕانەوە سەر ئۆتۆمبیلە جێماوەکە، ڕەشاش بڕینێک و ژمارەیەک چەک دەستکەوت بوو، ژمارەیەک لە هێزەکەی دوژمن کوژرا بوو.

ڕەشاش بڕینەکەیان خستە سەر ئۆتۆمبیلەکە دوو ناقیلە بەرەو ڕوویان هاتن بلاجکتۆریان لە پێشمەرگەکان دەدا، ناقیلەکان هێندە نزیک بوون پێشمەرگەکان لە بەر ڕووناکی بلاجکتۆری ناقیلەکان سێبەری خۆیان دەبینی.

پێشمەرگەکانی سالّەیی ئۆتۆمبیلەکەیان جێهێشت و گەڕانەوە دواوە، ناقیلەکان تەقەیان لە پێشمەرگەکان نەکرد سووڕانەوەو ڕۆیشتن.

دوای چەند سالّێک زانییان ئەوانەی لە ناو ناقیلەکاندا بوون کورد بوون، شەوێک دوای ئەو چالاکییە کەرتی ٣ی تیپی ٢١ی کەرکوک چالاکییەکیان ئەنجامداو دەستیانگرت بە سەر خالّی پشکنینی دەروازەی کەرکوکدا (سەیتەرەی کەرکوک) لەو شەوەدا سێ پێشمەرگە شەهید بوون.

بـــــەرەو وولاغلـــــو

مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٨٢ هێزێکی تیپی ٢١ی کەرکوک بە فەرماندەیی شێرزاد حافز چوونە وولاغلو، هێزێکی بەرەی جود لە ناو وولاغلودا بوون کە هێزەکەی یەکێتییان بینی دامەزران.

هێزەکەی تیپی ٢١ی کەرکوک دوو دوو چوونە ناو دێیەکە بەهێزەکەی جودیان ووت ئێمە نیازی شەڕمان نییە.

هێزەکەی بەرەی جود بەهێزەکەی یەکێتیان ووت ئێمە سێ ماڵتان بۆ دیاری دەکەین دەبێت لەوێ بخەون.

ئێوارە پێشمەرگەکان دامەزران بۆ نانخواردن شێرزاد حافز بە پێشمەرگەکانی ووت کە نانتان خوارد وەرنەوە مزگەوت ئیشم پێتانە.

شەوێکی سارد بوو بەفر ناو دێ و بەرزاییەکانی گرتبوو، دوای نانخواردن چوونە مزگەوت و لە وولاغلو دەرچوون، چەکدارەکانی جود کە زانیبوویان پێشمەرگەکانی تیپی ٢١ی کەرکوک لە وولاغلو دەرچوون ئەوانیش دابەش ببوون ترسا بوون لەوەی لێیان بدەن.

پێشنیاری هێزەکەی جود جێگەی گومان بوو کە دەبێت ئەوان سێ ماڵ بۆ هێزەکەی یەکێتی دیاری بکەن بۆ خەوتن دەیانووبست لە خەودا هێزەکەی یەکێتی کۆمەڵکوژ بکەن.

پـــــردی بێ مەحـــــکەمە
مـــــانگی 12ی 1982

کەرتی (١) تیپی ٢١ی کەرکوک لە مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٨٢ لە پردی بێ مەحکەمە بۆسەیەکیان دانا و ژمارەیەک جاشی شەعبی کەوتنە بۆسەکەوەو کوژران، دەستکەوت کلاشینکۆفێکی فاس بوو.

گـــــرتنی سەیتەرەی کـــــەرکوك
خـــــاڵی پـــــشکنین

شـەوی ١٩٨٢/١٢/٢٥/٢٤ کەرتی ٤ی خاڵخاڵانی تیپی ٢١ی کەرکوک بەرەو شاری کەرکوکی کوردستان بەڕێکەوتن بە مەبەستی لێدان و دەستبەسەرداگرتنی سەیتەرەی کەرکوک کە لە نێوان باروتخانەو گەڕەکی ئیسکاندا بوو.

پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی ٤ی خاڵخاڵانی تیپی ٢١ی کەرکوک لە هەڵمەتێکی شێرانەدا دەستیانگرت بە سەر سەیتەرەی کەرکوکداو ژمارەیەکی زۆر لە جاش و ئیستخباراتیان کوشت و بە سزا گەیاند.

دوای دەستبەسەرداگرتنی سەیتەرەی کەرکوک هێزێکی دوژمن لە ناو شاری کەرکوکەوە هاتن بە فریای سەیتەرە تێکشکاوەکەیانەوە بۆ ماوەی دوو کاتژمێر شەڕ لە نێوان هێزە بە فریا هاتووەکەی دوژمن و پێشمەرگەکانی کەرتی ٤ی تیپی ٢١ی کەرکوکدا بەردەوام بوو هێزە پەلامارەرەکەی کەرکوک زەرەرو زیانی زۆریان لێکەوت ژمارەی کوژراوەکانیان هاتە سەر ژمارەی کوژراوەکانی سەیتەرەکە.

لەو شەوە شەڕەدا دوو پێشمەرگە وفەرماندەی دلێری تیپی ٢١ی کەرکوک شەهید بوون بەم ناوانە:

١/ شەهید کەریم محەمەد ئەمین ڕەزا، کەریم حاجی نۆکەڵە ناسراو بە کەریم ڕیشە فەرماندەی کەرتی ٤ی خاڵخاڵان

٢/ شەهید عادل حاجی ڕەشید کانی گەوهەری

لە بەر دۆخی شەڕەکە و ئەو شەوە نەیانتوانی تەرمی شەهیدەکان بگوازنەوە ناوچە ڕزگارکراوەکان هەر بۆیە تەرمی شەهیدەکانیان لە ناو شاری کەرکوک شاردەوەو بەرەو ناوشوان کشانەوە، شەوی دواتر پێشمەرگەکانی کەرتی ٣ی شوان سەید برایم و کۆیخا سیروان و هاوڕێکانی چوونە کەرکوک و تەرمی شەهیدەکانیان گواستەوە ناوچە ڕزگارکراوەکان و بەخاکیان سپاردن.

چـــــالاکی ناو شـــــاری کـــــەرکوك
کـــۆتایی ساڵی 1982

(ئه، چاپچی) کۆنه شیوعی بوو کوردی کەرکوک بوو پیاوی بەعس بوو، سیخوڕی بۆ دامووو دەزگاکانی بەعس دەکرد دوژمنی سەر سەختی شۆڕشی نوێ بوو، هەر بۆیە ڕێکخستنەکانی ناو شاری کەرکوک و کۆمیتەی ئاگر هەوڵی کوشتنیاندا بەڵام نەدەکەوتە داو چەند جارێک هەوڵیاندا بیکوژن بەڵام سەرینەگرت.

تازە هەرێمەکان کرابوونە تیپ، تیپی ٢١ی کەرکوک غەریب عەسکەری فەرماندەی بوو، چوار پێشمەرگەی تیپی ٢١ی کەرکوک، وەستا سابیر، بێستون، ئیبراهیم، سەلاح چوونە ناو شاری کەرکوک شەو لە ناو کەرکوک مانەوە نارنجۆکی ئامادە کراویان پێبوو کاتی تەقینەوەی لە سەر دیاریکرابوو.

نارنجۆکیان لە مالّی ژنێکی سەر بە دامووو دەزگاکانی ئەمن دانا بەڵام نەتەقییەوە هێزێکی دوژمن پووچەڵیان کردەوە.

نارنجۆکێکیان لە ئۆرزی دانا، نارنجۆکێکیان لە بارەگای جەیشی شەعبی لە گەڕەکی ئازادی – یادگار دانا کە بڕیار بوو ئاهەنگی تیا بگێڕن بەڵام بە هۆی کاتژمێری سەر نارنجۆکەکەوە دوای ئاهەنگەکە تەقییەوە.

نارنجۆکێکیان لە ئەمنی کەرامە داناو تەقییەوە، بۆ دانانی نارنجۆکەکان و لێدانی «ئه، چاپچی» و جێبەجێکردنی کارووبارەکان ڕێکخستنەکانی ناو شار ئۆتۆمبیلیان ئامادە کردبوو، خاوەنی ئۆتۆمبیلەکە «سەلمان» یەکێک لە ڕێکخستنەکانی ناو شار بوو ئۆتۆمبیلەکەی «سەلمان» ناسرا بوو.

بـــەرەو چـــــایخانەکە

لە گەڕەکی بەر تەکییە شۆڕ دەبوویتەوە بەرەو مزگەوتی ئیمام قاسم ڕاست دەچوویتە چایخانەکەی «ئه، چاپچی».

برایم و بێستوون لە پێشەوە ڕۆیشتن ووتیان وەستا سابیر تۆ ناسراویت مەیەرە پێشەوە، وەستا سابیرو سەلاح لە دواوە دەڕۆیشتن.

برایم و بێستوون گەیشتنە چایخانەکە برایم تەقەی لە چایخانەکە کرد، وەستا سابیرو سەلاح گەیشتنە شوێنی تەقەکان مفەوەزێکی ئەمن لە چایخانەکە بوو، برایم تەقەی لێکرد بەلام بەرینەکەوت وەستا سابیر نارنجۆکێکی هەڵدا بەلام نەتەقییەوە ماوەی ١٠ دەقیقە شەڕیانکرد، لە نێوان شەڕی پێشمەرگە و «ئەمن» منالێکی ١٠ سالان بە گوللەی دوژمن کوژرا.

پێشمەرگەکان ئۆتۆمبیلەکەیان لە دووری خۆیان دانابوو کە بیجۆیەکی پیکاب بوو، پاشەکشەیانکردو چوونەوە ناو ئۆتۆمبیلەکەو ڕۆیشتن، لە ڕێگا ئۆتۆمبیلەکەیان پێکراو پەنچەر بوو، کابرایەک تەقەی لە پێشمەرگەکان کرد ئەمانیش تەقەیان لێکردو کوشتیان، ئۆتۆمبیلەکەیان بە پەنچەری بەجێهێشت و چوونە شۆڕیجە بۆ مالی محەمەد.

دوای لێدانی چایخانەکەی «ئە» تەقینەوەی نارنجۆکە ئامادە کراوەکان هێزەکانی دوژمن لە ناو کەرکوکدا شلەژان، هەموو سەرە کۆلانێک گیرابوو.

هێزەکانی دوژمن چوو بوونە مالی ئیحسان برای سەلمان، ئیحسانیان بردبوو مفەوەز ئەمین ئیحسانی ئازاد کردبوو، ئیحسان و سەلمان و خێزانەکەی کەرکوکیان بەجێهێشت، چوونکە مفەوەز ئەمین بە ئیحسانی ووتبوو برۆن چوونکە هەمووتان لە سێدارە دەدەن.

تەقینەوەی نارنجۆک لە ناو ئەمنی کەرامە لە ئیمام قاسم و بارەگای جەیشی شەعبی لە گەڕەکی یادگار- ئازادی، تەقە کردن لە چایخانەکەی «ئە» دەنگدانەوەی گەورەی بە دوای خۆیدا هێنا.

مالی سەلمان، ئیحسان هاتنە خالخالان، دوژمن کۆپتەری بۆ سوار کردن تا بیانگرێت لەوێش ڕایانکردو چوونە دێلێژە.

سالێک دوای ئەم چالاکییە «ئە» لە سەر دەستی پێشمەرگە کوژراو دەمانچەکەشی کەوتە دەست «ئە» یەکێک لەو سیخوڕانە بوو لە ئاشکرا کردن و دەستگیرکردنی کۆمیتەی ئاگردا دەستی هەبوو، کوشتنی «ئە» وەک تاوانبارێک لە ئیزگەوە خوێندرایەوە.

ڕابـــی- ســـامان
ژنیـــَکی گەنم ڕەنگ- پـــێشمەرگەیەکی شـــەنگ
ســـەرەتای 1983

شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بە ڕێبەرایەتی (ی ن ک) بەدەر نەبوو لە بەشداری ژن، ژن لە ڕیزی ڕێکخستنەکانی شـاردا، ژن وەکو هاوسەری پێشمەرگە، ژن وەکو بێژەرو ڕاگەیاندنکار، ژن لە ڕیزی بزووتنەوەی ژنان لە شاخ، ژن وەکو ژنە پێشمەرگەی چەکدار لە ڕیزەکانی پێشمەرگەدا.

یەکێک لەو ژنە تەواوە پێشمەرگانەی ڕیزەکانی (ی ن ک) و پێشمەرگە خاتوونی سەلارو سەنگین خاتوو سامان ناسراو بە ڕابی بوو، سامان ناوی نەهێنی ڕابی، کە ناوی پێشمەرگانەی بوو لە ناوی دایکییەوە وەرگرتبوو لە دەشتی کۆڵینجە ڕێ ڕێ و دەسمان هەریری کەرکوکدا بە جلی خاکی پێشمەرگانەوە باڵەکانی لێک دەداو بە ئاسمانی سەرفرازی ژندا هەتا چاوی بینین دەیبینی دەفڕی، بەرز دەفڕی هەورەکانی پێش خۆی دوای خۆی دەخست هێند بەرز بوو لە ئاسمانی بەرینی نیشتماندا وێنەی ژنێکی دەنەخشاند کە دوو جار یاخی و ناڕازی بوون چەکی پێکردبووە شان، جارێک یاخی بوون لە ستەمی کۆمەڵایەتی دواکەوتووی دژ بە ژن، جارێک یاخی لە ستەمی داگیرکەرانەی ڕژێمی بەعس.

ڕابی لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٣ لە تیپی ٢١ی کەرکوک بووە پێشمەرگە پێشمەرگەیەکی ئازا، چەلەنگ، خۆشڕەو، چاونەترس، بوێر.

ئەو کاتەی لە دێیەکی سنووری تیپی ٢١ی کەرکوک لە گەڵ کۆپتەردا تووشی شەڕ بوون ڕابی شان بە شانی مام ڕۆستەم و پێشمەرگەکانیتر ڕووبەڕووی دالّە کۆپتەر بوو و پەنجەی سەر بەلەپیتکەی ترازان.

کە بە دێهاتەکاندا جەولەیان دەکرد ڕابی ببوو بە هاوەڵ و هاوڕێی ئەو ژنە جوتیارە دەست قڵیشاوانەی لە ناو کێڵگەکاندا هەتاو ڕەنگی پەڕاند بوون، ڕابی دەبووە خەمڕەوێنی ئەوان، دەبووە هەتوانی بریندیان، دەبووە هاودەم.

وێنەی ژنێک بە تاقم و تفەنگ و جلی خاکییەوە دێهاتییەکانی دەهێنایە سەر

گوێسەوانەو بانیژە تا بە عەشقەوە لە سیمای گەنم ڕەنگ و گوڵ ڕەنگی ژنە تەواریێکی پێشمەرگە بڕوانن تا بیکەنە ملوانکەو بە گەردنی خۆیانیدا هەڵواسن.

ئێستاش ئەو دەشتە کرکانەی کەرکوک تابلۆیەک دەنەخشێنێ، تابلۆی ژنێکی گەنم ڕەنگ، تاقم و تفەنگ، وێنەی ڕابی.

ســـــامان، ڕابـــی

سامان ڕابی ژنێکی گەنم ڕەنگ خاکپۆش ژنێک لە هەناسە و گڕەی گەرمیان، لە شنەی شەمالی کوێستان، لە جریوەی گوێسە بانەی ئێوارانی ماڵە قوڕینەکانی دێ، لە لوتکەی بەرزی بەرگەڵو، لە دوابرینی سەر جەستەی نیشتمان و لە دوا گوڵ و دوا شەقەی باڵی کۆترێکی لە هێلانە دابڕاوو، ژنێک داکوتراو بە خاکدا وەک داربەڕوو.

ڕابی لە جێی ئەوەی خەڵک دەرگای ماڵی بۆ والا کات ئەم دەبووە ماڵ، بۆ جوتیارو پاڵەو ڕەنجدەر کێڵگەکانی کوێرەوەری، دەبووە کازیوەی دەمکەلی بەختەوەری، سامان دڵی دەکردە ماڵ بۆو کێوانە بە ناو قەدی داریێکی هەزار ساڵەوە دەبووە هەرزاڵ، بۆ زاڵم و دکتاتۆری سەدەی بیستەم دەبووە زەواڵ.

سامان (ڕابی) کچێکی تازە پێگەیشتوو هەناری تازە گوڵکردووی درەختی تازە پشکوتووی شۆڕشێکی نوێ و نوێخواز بوو بۆ هەژاران بەردەباز بوو، هەزاران گوڵە حاجیلە و گوڵی ناز بوو.

پرچەکانی بە گەردو تۆزی کەرکوک و گەرمیانەوە دەبوونە ڕەشە ڕیحانە، چاوەکانی دەبوونە قوببەی ئاسمان و فیشەکدانی سەر کەمەری بەلەرزانە.

***

سامان- ڕابی نموونەی ژنە تێکۆشەرێکی دەگمەن و کەم وێنەیە لە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا چوونکە کەم و دەگمەن بوون ئەو ژنانەی شان بە شانی پێشمەرگە لە کەرت و مەفرەزەو تیپەکاندا جەولەیان دەکردو تووشی شەڕو پێکدادان دەبوون و ئێشکگر بوون.

پێش ڕابی ملازم حەلیم لە دێی ماونانی دۆڵی باڵەیان شان بە شانی کوڕو کەسووکاری پێشمەرگە بوو، دوای ملازم حەلیم و ڕابی کەم و دەگمەن و بە نیوەی پەنجەکانی دەست بوون ئەو ژنانەی لە ڕیزی هێزی پێشمەرگەدا بوون لە کەرت و تیپەکاندا.

لێرەدا مەبەستمان لەو ژنانە نییە کە لە سەرکردایەتی و مەڵبەندەکان لە گەڵ هاوسەرەکانیان بوون، یان لە ڕاگەیاندن و نەخۆشخانەی شۆڕش و شوێنەکانیتر بوون مەبەستمان پێشمەرگەی تیپ و کەرتەکانە کە ملازم حەلیم لە هەرێم و تیپی باڵەک و قووەتی کاروخ پێشمەرگە بوو ڕابی لە تیپی ٢١.

هەلومەرجی ژیان و دۆخی کوردستان لە پێشمەرگایەتی و سەنگەرەوە ڕابی ساماڵی گەیاندە هەندەران ڕابی پێشمەرگەکەی دوێنێ دکتۆر ساماڵ مانی ئەمڕۆیە دکتۆرای لە فەلسەفەدا هەیە- مامۆستای فەلسەفەیە لە زانکۆ، چەندین کتێبی نووسیوە، بەڵام ڕابی هەر دڵی لای کوردستانەو هەر بۆ کوردستان دەنووسێ، بۆ کوردستان دەژی.

ڕێـــــگەی ســـــورداش
1983/1/15

کەرتی «٥» ی تۆکمەی تیپی ٢١ی کەرکوک لە سەر ڕێگای موغاغ سورداش بۆسەیەکیان بۆ دوژمن دانا، شەو داهات بەڕێکەوتن بۆ شیلە خانە، مەفرەزەیەک چوونە موغاغ، مەفرەزەیەک چوونە سەرجادەکە ئێواران ئۆتۆمبیلی سەربازی دەهاتن ئەو سەربازانەیان هەڵدەگرتەوە کە لە سەر ڕێگاکە دایاننابوون.

ناقیلەیەک بەرەو بۆسەی پێشمەرگەکان هات قازیفەیەکیان لێدا سەربازەکانی ناوی دابەزین و ڕایانکرد قازیفەیەکی تریان لێدان هەر دوو سەربازەکە کوژران.

مەفرەزەیەک بەلای دووکان سورداشدا دامەزرابوون لە هینۆ سەربازییەکانیاندا و ژمارەیەکیان لێکوشتن.

دوو ئۆتۆمبیلی سەربازی بەرەو شەڕەکە هاتن ئەفسەرێک سەربازەکانی بە سەر ڕێگەکەدا دابەشدەکرد تەقەیان لە ئەفسەرەکە کردوو کوشتیان.

لەو شەڕەدا ژمارەیەک سەربازو ئەفسەر بریندار بوون و کوژران دوو ناقیلە تێکشکێندران پێشمەرگەکان پاشەکشەیانکردو چوونە شیلە خانە.

لـــــێدانی مـــــەرکەزی ئـــــەڵلایی

بەرانبەر شارۆچکەی ئەڵلایی ڕێگای تاسڵوجە مەخفەرێکی پۆلیسی لێبوو، مەفرەزەیەکی کەرتی ٥ی تۆکمە چوونە نزیک مەخفەرەکە شوێن کەمینەکانیان دیاریکرد، بەرنامەی لێدانی مەخفەرەکە دانرا.

هەڵۆ چەمچەماڵی، عەزەی کوێخا شەریف، سامان، هادی، لە خواری مەخفەرەکە، وەستا سابیر، فایەق گەورەدێیی بۆ پشتی مەرکەزەکە.

شەوی دووەم مەفرەزەکان گەڕانەوە بۆ لێدانی مەرکەزەکە.

کەمینی لای کەرکوک

کەمینی لای سلێمانی

کەمینی سەرجادەکە دانرا

مەرکەزەکە «٨» پۆلیسی تیا بوو هەموویان لە ژووڕێک کۆببوونەوە وەستا سابیر قازیفەیەکی نا بە ژووڕەکەوە ژوڕێک پۆلیسێکی تورکمانی شیعەی تەلەعفەری تیا بوو جیهازێکی بێڵی هندی لابوو، بە عەرەبی قسەیان لە گەڵدا کرد تا تەسلیم بن، سەرجەم پۆلیسەکان تەسلیم بوون.

پێشمەرگەکان چوونە ناو مەرکەزەکە چەکەکانیان کۆکردەوەو مەرکەزەکەیان سووتاند، لە ناو مەرکەزەکە هێستڕێکی لێبوو کەلووپەلەکانیان لە هێسترەکە بارکرد و گواستیانەوە، دیلەکانیان لە گەڵ خۆیاندا هێنا، بردیاننە سەرگەڵو گەڕانەوە سنووری کەرکوک.

مـــافی مـــرۆڤ

یەکێک لە دیلەکان لە ترسا کەوتبوو قاچی شکابوو پێشمەرگەیەک دیلەکەی کردبووە کۆڵی دەیووت گوناحە دەبێت ئێمە مافی مرۆڤ بپارێزین.

کـــەرکوك ئالّتون کـــۆپری
1983/3/21

مەفرەزەیەکی تیپی ٢١ی کەرکوک لە ١١ پێشمەرگە پێکهاتبوون بە فەرماندەیی برایمە سوور لە ناوچەکانی کەرکوک بوون.

ڕەوەندی مەلا مەحموود، ئاکۆ دووبزی، خولە حسک چوونە سەرجادەی کەرکوک ئالّتون کۆپری پیکابێکی حکومیان گرت ئەندازیارێکی میسری تیادا بوو.

ئەندازیارە میسرییەکەیان خستە پشتی پیکابەکە دوو ناقیلە دوای پیکابەکە کەوتن، لە دێی تولّکنی چوونە دەرەوە سێ کۆپتەر هاتە سەریان، ١١ پێشمەرگە و ئەندازیارە میسرییەکە لە ناو پیکابەکەدا بوون، پێشمەرگەکان لە پیکابەکە دابەزین هەر یەک بەلایەکدا ڕایانکرد.

کۆپتەرەکان زۆر نزم بوون بەڵام تەقەیان لە پیکابەکە نەکرد، خەڵکی دێیەکان لە ڕێگەی (FM) ی ڕادیۆ گوێیان لێبوو کۆپتەرەکان لە گەڵ یەکدا قسەیان دەکرد یەکێکیان دەیووت هەندێک خەڵک لە ناو پیکابێکی دەوڵەتی بوون، کۆپتەرەکان وایانزانیبوو پیکابی فەرمانگەی کشتوکاڵ، یان تەندروستیە بۆیە تەقەیان لە پیکابەکە نەکردبوو.

ئـــەمنی کـــەرکوك

ڕۆژی ١٩٨٣/٤/٢ پێشمەرگەکانی تیپی ٢١ی کەرکوک لە گەڕەکی ڕەحیماوا نارنجۆکێکی دەستییان هەڵدایە ناو دەزگای ئەمنی کەرکوک، لە ئەنجامدا دوو ئەمن بریندار بوون.

چـــــالاکی هـــــاوبەش

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە گیان فیداکانی کەرتی ١ی تیپی ٥١ی گەرمیان و کەرتی ٤ی جەباری تیپی ٥٧ی سەگرمە لە شەوی ١٩٨٣/٤/١٧/١٦ چوونە سەر ماڵی جاش تەعریبییەکانی نزیک سەیتەرەی کەرکوک کە چوار دەوریان بە سەربازگەو ڕەبیەی دوژمن گیراوەو خۆشیان چەکدارن پێشمەرگەکانی سەگرمەو گەرمیان ١٥ ماڵی جاش تەعریبیان سووتاندو (٨٠) هەزار دینار زیانی ماڵییان لێدان شەڕ لە سەعات ٩ی شەوەوە تا ١ی شەوی خایاند.

زیانی دوژمن:

کوشتنی ٦ جاش تەعریب

بریندار کردنی ١٨ جاش تەعریب

دەستکەوت:

١کلاشینکۆف

١ تفەنگی بڕنەو

١ دەمانچەی چواردەخۆر

٤ ئۆتۆمبیلی تیوتا

زیانی پێشمەرگە:

١ بریندار

بۆ ڕۆژی دوایی پاڕێزگاری کەرکوک و قائید فەیلەق بە سێ کۆپتەرەوە هاتنە شوێنی شەڕەکە بۆ دڵدانەوەی جاش تەعریبیەکان بەڵام ماڵە عەرەبەکان بڕیاریاندا شوێنەکە چۆڵ بکەن.

شـــــەهید بوونی بێستون عـــــەسکەری
1983/4/27

بێستوون عەسکەری، پیران، بەدرخان، شێرزاد حافزو چەند پێشمەرگەیەک لە ڕەزگەو مارەدوو لایاندابوو بۆ پشوویەک لە دەوری یەکتر بازنەیەکیان بەستبوو پارچەیەک نانیان پێبوو دەیانخوارد شێرزاد حافز کەمێک لەوان دوورکەوتبووەوە،

تۆپێک هات لە دوورکەوت تۆپی دووەم لە ناوەڕاستی پێشمەرگەکانیدا بێستوون عەسکەری و بەدرخان شەهید بوون پیران بریندار بوو.

پێشمەرگەکانی تیپی ٢١ی کەرکوک لە ڕێگە بوون بەرەو شەڕی قەڕناقا و پشت ئاشان، بێستوون عەسکەری جێگری تیپی ٢١ی کەرکوک بوو دوای شەهید بوونی شێرزاد حافز کرایە جێگری تیپی ٢١ی کەرکوک، لە جێگەی شێرزاد حافز دارای مامە قالە کرایە فەرماندەی کەرت.

دوای بەشداربیان لە شەڕی قەڕناقا و پشت ئاشان گەڕانەوە ناوچەکانی کەرکوک دوای ماوەیەک گەڕانەوە بۆ شەڕەکانی قەندیل.

شـــــەڕی تـــــەگباسان
گـــــرتنی ڕەبـــــییەی تـــــەوەکەڵ
مـــــانگی 1983/5

ئاسۆ سەرباز بوو لە ڕەبییەی تەوەکەڵ لە ڕێگەی ڕێکخستنەوە پەیوەندی بە تیپی ٢١ی کەرکوکەوە کردبوو هاوکاربیان دەکات بۆ گرتنی ڕەبییەکە.

پێشمەرگەکانی کەرتی تیپی ٢١ی کەرکوک شەو چوونە سەر ڕەبییەکەو دەستیان بە سەرداگرت.

دەستکەوت:

گرتنی دۆشکەیەکی ١٢,٥ ملم بە ژمارەیەکی زۆر فیشەکەوە

گرتنی ١٢ سەرباز

دوای گرتنی ڕەبییەو دۆشکەی ڕەبییەکە کۆپتەر بەردەوام بە دوای پێشمەرگەدا دەگەڕاو شەڕی تەکباسان ڕوویدا.

شـــــەڕی تـــــەکباسان

بە قوڵایی حـەوت کیلۆمەتر بە لای کەرکوکدا لە بن شاخی چـەرمـودا دێی تەکباسانە، شـەڕێکی گەورە لە نێوان پێشمەرگەکانی تیپی ٢١ی کەرکوک و دوژمن لە تەکباسان ڕوویدا و بە سـەرکەوتنی پێشمەرگە کۆتایی هات.

پێش شـەڕی تەکباسان شـەڕی حـەیدەر بەگ لە نێوان پێشمەرگەکانی کەرکوک بە فەرماندەیی مام ڕۆستەم و دوژمندا ڕوویدا، لە هـەیدەر بەگیش بە هـەمان شێوە لووتی دوژمن شکا.

شـــــەڕی نـــــاوخۆ
1983

تیپی ٢١ی کەرکوک لە شـەڕی داسـەپـاوی نـاوخـۆدا بـەشـداری زنجیرەیەک شـەڕیانکرد لەوانە: شـەڕی قەڕناقا- پشت ئاشان یەکی ئایاری ١٩٨٣

هـەر دوو شـەڕی قەندیلی یەک، قەندیلی دوو

شـەڕی قەرە سالم لە گەڵ حزبی سوسیالیست

شـەڕی پۆڕیجە لە دەشتی هـەولێر لە گەڵ حزبی سۆسیالیست، هێزەکەی حزبی سۆسیالیست لە ناو پۆڕیجە بوون، تیپی ٢١ی کەرکوک دێیەکەیان پێچۆڵکردن.

بـــــۆسـەی حـــــەمامۆك
1983/6/18

پێشمەرگە دلێرەکانی کەرتی «٣»ی چەمچەماڵی تیپی ٢١ی کـەرکوک و پێشمەرگەیەکی تیپی «٩٠»ی باواجی لە ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٣/٦/١٨ لە سـەرجادەی حـەمامۆک بۆسـەیەکیان بۆ ئـەو ئـەمن و ئیستخباراتانە دانا کە خـەڵکیان هـەراسان کردبوو دەچوونە سـەر ڕێگە و کانی ژنان.

کاتژمێر «٧»ی ئێوارە پیکابێکی پڕ لە ئـەمن و ئیستخبارات کـەوتە بۆسـەی پێشمەرگەکان و درانە بـەر دەسـتڕێژی گوللەو تارو مارکران.

زیانی دوژمن:

کوژرانی ١٨ ئەمن کە یەکێکیان معاونی ئەمن بوو، بریندار بوونی معاون ئەمنێک شکاندن و سووتاندنی پیکابێکی شۆفرلێت.

دەستکەوت:

گرتنی دوو ڕەشاشی B.K.C

گرتنی ٥ کلاشینکۆفی مزەلی

گرتنی ٢ دەمانچەی چواردە خۆر

تا ڕۆژی دوایی لاشەی کوژراوەکان لە سەر جادەی حەمامۆک کەوتبوون ڕۆژی دوایی ئۆتۆمبیلێکی ژمارە (٥٥)ی مونەزەمە هاتن لاشەکانیان بردەوە بۆ تکریت چوونکە ئەمن و ئیستخباراتە کوژراوەکان خەڵکی تکریت بوون.

کـــــەرکوك-ڕێـــــدار
1983/7/15

پێشمەرگە دلێرەکانی کەرتی دووی شوانی تیپی ٢١ی کەرکوک لە ڕۆژی ١٩٨٣/٧/١٥ بۆسەیەکیان لە سەر جادەی گشتی کەرکوک ڕێدار بۆ پاسەوانەکانی جادەکە دانا دوو زرێپۆش و ئیڤایەکی پڕ لە سەرباز کەوتنە ناو بۆسەکەوەو شەڕ دامەزرا دوای کاتژمێرو نیوێک دەستگیرا بە سەر ئیڤاو زرێپۆشەکاندا.

زیانی دوژمن:

١/ کوژرانی دە سەربازو جاشی شەعبی

٢/ بەدیل گرتنی دوانزە سەربازو جاشی شەعبی

٣/ سووتاندن و تێکشکاندنی دوو ڕەشاش و دۆشکەیەکی ١٤,٥

٤/ سووتاندنی ئیڤایەکی ژمارە «٧٨٣٩٣»

دەستکەوت:

١/ یەک ڕەشاشی R.B.K

٢/ یەک قەناس

٣/ ٤ سندوق فیشەکی قەنناس و «٥» مەخزەن
٤/ ١١ کلاشینکۆف «٥» مزەلی و «٦» سیخۆی قۆناغدار
٥/ «٣٠» مەخزەنی کلاشیکۆف و «٥» نارنجۆک
٦/ «٨» سندوق فیشەکی ١٤,٥ ملم، دۆشکەی زریپۆش
٧/ دووربینێکی گەورەو قائیدەکەی
٨/ دوو جیهازی الاشیاو تحت حمراو البحر

هەر لە گەرمەی شەڕەکەدا هێزێکی دوژمن کە پێکهاتبوو لە دوو زریپۆش، دوو ئیڤا سێ کۆپتەر هاتن بەرەو ڕووی شەڕەکە بەڵام نەیانتوانی لە مەیدانی شەڕەکە نزیک بنەوە لە دوورەوە بۆردوومانی دێیەکانی تۆراخ، دووبزنی و دەوروبەری شەڕەکەیانکرد.

پـــــەلاماری دوژمـــــن

لە ڕۆژی ١٩٨٣/٧/١٦ هێزێکی دوژمن کە پێکهاتبوو لە ١٣ ئۆتۆمبێل و ١١ کۆپتەرو دوو فڕۆکەی هەنتەری ئینگلیزی و جاشەکانی کەرکوک و نەبیاواو چەمچەماڵ و پردێ پەلاماری دێیەکانی قولی بەگ و عەلی بەیانیانداو سێ هاوواڵاتیان شەهید کردو هاووڵاتییەک بریندار بوو دوو شۆفڵی خەڵکی ناوچەکەیان سووتاند.

هێزێکی هاوبەش لە مەفرەزەکانی (١،٢،٣)ی کەرتی یەکی سالەیی تیپی ٢١ی کەرکوک لە دێی تورکی بەرەنگاری هێزە پەلاماردەرەکەی دوژمن بوونەوەو شەڕ تا کاتژمێر ٦ی ئێوارەی خایاند، پێشمەرگەکان نەیانهێشت هێزەکەی دوژمن بێتە پێشەوەو لووتیان شکاندن و ڕاویاننان.

زیانی دوژمن:

- کوژرانی ٢٥ جاش و سەرباز، بریندار بوونی دە کەسیتر

دەستکەوت:

- یەک هاوەنی ٦٠ ملم و ٨ گوللە
- ١ قەنناسی دە خۆری سەربازی و ٥ مەخزەن
- ٣ کلاشینکۆف و ١٢ مەخزەن و ٣٠٠ فیشەکی ڕووسی

- ١ بڕنەوو ١٠٢ فیشەک
- ٢ کۆڵەپشت و ٣ گوللەی ئاربیجی
- ٦ مەتارەو ٦ خودە

زیانی پێشمەرگە دوو بریندار بوو لە گەڵ شەهید بوونی دوو هاوڵاتی

١/ شەهید ڕەمەزان نادر تورکی

٢/ شەهید حاجی مەحموود دەرماناوایی

لە گەڵ سووتاندنی ٣ ئۆتۆمبێل و تراکتۆرو ٣ خانوو

- دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر هاتن بە هانای شەڕەکەوە بەڵام بە گەیشتنی ئەوان شەڕ تەواو بوو بۆ ڕۆژی دوایی دوژمن بە ترسەوە کەوتە کۆکردنەوەی کوژراوەکانی.

هـــــاوینە هـــــەواری چـــــنارۆک
1983/7/17

دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی (٥)ی قەڵاسێوکەی تیپی ٢١ی کەرکوک و چەند پێشمەرگەیەکی قارەمانی تیپی ٩٠ی باواجی لە ڕۆژی ١٩٨٣/٧/١٧ بۆسەیەکیان لە سەر ڕێگای هاوینە هەواری چنارۆک دانا لە کاتژمێر ٧ی بەیانیدا لە دوو لاوە چەند ئۆتۆمبیلێکی جاشی شەعبی کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەکانی کەرکوکەوە پاش شەڕێکی دلێرانەی تیپی کەرکوک دوژمن زەرەرو زیانی زۆری لێکەوت.

١/ کوژرانی (٧) جاشی شەعبی

٢/ بریندار بوونی (٣) جاشی شەعبی

دەستکەوت:

١/ یەک قەناسی دەخۆر بە دووربینەوە

٢/ حەوت کلاشینکۆف

٣/ یەک جیهازی ڕاکاڵی B.C.C

پێشمەرگەکانیش سەرکەوتووانە و بێ زیان بوون

ئـــــاگادارییەك لە تیپی 21ی کـــــــەرکوکەوە

ڕژێمی داگیرکەر لە تۆڵەی هەڵمەتی قارەمانانەی پێشمەرگەکانی کەرکوک هێرشی بەربڵاوو بۆمبارانی بـەردەوام بۆ سەر ناوچەکانی تیپ دەکـات، بۆی دەرکەوت کە کۆپتەرە ترسنۆکەکانی چیتر ناتوانن پێشمەرگەو خەڵک بترسێنن لە ڕۆژی ١٩٨٣/٧/١٦ هێرشی کردە سەر ناوچەکانی سالّەیی و شوان و شێخ بزێنی و قەڵاسێوکە ئەمجارەیان بە فڕۆکەی باری گەورە گوندەکانی دوو بزن و قادر عەلی و تۆراخ و قادر زەمان و عەلی بەیان و شێخ بزێنی خواروو دالّاوە ڕووتە و کۆزە بۆرەو بێدەرو گوڵمکەوەی بە ناپاڵم داگرتەوە، شەش ناپاڵمی لە چیا چەرمەڵەداو کۆمەڵێ ئافرەتی لە چەمی کۆزە بۆرە بۆردومانکرد کە بووە هۆی بریندار بوونی ١٢ هاوولّاتی لە ٧/١٩دا کۆپتەرەکان دیسان کەوتوونەتە بۆردوومانی ناوچەکانی قەڵاسێوکەو شوان لە گوندەکانی قشلّاخ و شێخ وەیسی و گۆپتەپەو زۆر شوێنیتر، بووەتە هۆی شەهید بوونی یاسین کاکە ڕەشی باوە قەتی و ئەوانیتر، با دوژمن باش بزانێت فڕۆکە و چاکترین چەکی نوێی ئەم سەردەمە ناتوانن، نە پێشمەرگەو نە جەماوەر سست بکەن لە خەباتی ڕەوای خۆیان.

بۆیە بە ڕەسمی دەزگاکانی فاشستەکان ئاگادار دەکەینەوە سەگە ڕستکراوو خوێڕییەکانی چەمچەماڵ- ئاغجەلەر-قەرەهەنجیر-ڕێدار- کەرکوک و شوێنەکانیتر ئاگادار دەکەینەوە جاشی شەعبی و سەربازەکان ئاگادار دەکەینەوە دەست لەو ڕەشە کوژییە هەڵگرن کە بەرپایان کردووە بەرانبەر خەڵکی بێ دیفاعی کوردستان ئەگینا تووشی گەورەترین ماڵوێرانی دەبن و یەکە یەکە گۆڕیان بەرەو جەهەننەمی ڕەش دەنێرین و شارەکەیان بە سەردا کاول و خاپوور دەکەین.

شـــــەڕی تـــــوڵکی
مانـگی 1983/7

کەرتی یەکی سالّەیی لە تولّکی بوون جەولەیەکی سالّەییانکرد شەو هاتنە تولّکی، گوێیان لە دەنگی تەقە بوو سەید برایم و کەرتی دووی شوان لە دوو بزنی بۆسەیان بۆ هێزێکی دوژمن دانابوو دوو ناقیلەیان سووتاند بوو.

ڕەوەند مەلا مەحموود و ئاوات لە سەر گردێک ئێشکگر بوون لە گەرمەی قسەدا بوون سێ کۆپتەر لە (شێخ بزێنی) هوە دەرکەوتن، ڕەوەند یەک دوو فیشەکی بە سەر (تولّکی)دا تەقاند و لە گەڵ ئاوات بە ڕاکردن هاتنە خوارەوە تا گەیشتنە خانووی یەکەم کۆپتەرەکان گەیشتنە سەر تولّکی.

کۆپتەرەکان لە سەر تولّکی دەسوڕانەوە لە چوار دەوری تولّکی سەربازیان دادەبەزاند، هەڵکەوتەی جوگرافی تولّکی بە شێوەیەک بوو چوار دەوری گردۆڵکەو لە چاڵیدا بوو.

کەرتی یەکی سالّەیی بە فەرماندەیی پۆلا یەک ئاربیجی و یەک بیکەیسیان پێبوو پێشمەرگەکانی کەرتی یەکی سالّەیی لە ناو تولّکی دامەزرابوون، لە هەر چوار لاوە قوات خاسە هاتنە ناودێ.

ڕەوەند، زانا، وریا لە خانوویەکدا بوون برایمە سوورو شوان دووبزی لەو بەرەوە بوون، ئەو خانووەی ڕەوەند و زاناو وریای لێدامەزرابوون گەرووی دێیەکە بوو قوات خاسە ڕووەو ئەوان هاتن، قوات خاسە بە دووری (٦) مەتر نزیک بوونەوە پۆلا فەرماندەی کەرتی یەکی سالّەیی فیشەکێکی تەقاند لە هەموو لایەکەوە تەقە دەستپێکرد پێشمەرگەکانی کەرتی یەکی سالّەیی لە یەکەم دەستڕێژدا ٧ قوات خاسەیان کوشت.

دوو فڕۆکەی هەنتەری سپی هاتنە سەر تولّکی ڕەشاشیان هەڵگرتبوو دەستڕێژیان لە ناو دێ دەکرد تۆزو خۆڵێکیان دروستکرد چاو چاوی نەدەبینی، چەند مالّێک گڕیگرت، دوو کۆپتەر بەردەوام ئاگربارانی ناو تولّکیان دەکرد، بیکەیسییەکەی کەرتی یەکی سالّەیی لای کاکۆ بوو بەرگرییەکی کەم وێنەی بەرانبەر کۆپتەرەکان

دەکرد کاکۆ لە ناو خانوویەکی دوو قاتی تولّکی دامەزرا بوو، کۆپتەر دوو ڕۆکێتی لە ناو خانووەکەداو تەختیکرد بە سەریەکدا کاکۆی بە بیکەیسییەوە هەلّدایە خوارەوەو بریندار بوو.

تـــــەنوور بـــــانەکە

کۆپتەر ڕۆکێتی لە تەنوور بانێکدا و گڕیگرت برایمە سوور هاواریکرد ڕەوەند پیرەژنێک لە ناو تەنوور بانەکەدایە فریایکەوەو ڕزگاریکە، ڕەوەند و زانا ڕایانکرد چوونە ناو خانووەکە پیرەژنێک و منالّێکی تیابوو، تەنەکەیەک ڕۆن لە خانووەکەدا بوو ڕۆنەکە بە دەموچاوی پیرەژنەکەو منالّەکەدا تەقیبوو، منالّ و پیرەژنەکەیان گواستەوە خانوویەکیتر.

شەڕ تا شەو بەردەوام بوو، دوژمن شکاو کشایەوە چەندین لاشەی دوژمن لە بەردەم پێشمەرگەدا جێمان، قەناس و هاوەن و کلّاشینکۆف دەستکەوت بوون.

لەو شەڕەدا کاکۆو کاروان بریندار بوون، کاکۆ دواتر لە شەڕی ڕزگار کردنی بێتواتەدا شەهید بوو.

کەرتی یەکی سالّەیی توکلّییان بەجێهێشت، بە کەلّەک لە زێی بچووک بریندارەکانیان پەڕاندەوە، بەشێکیش لە پێشمەرگەکان لە بواریّک پەڕینەوە.

کەرتی یەکی سالّەیی

پۆلّای موهەندیس فەرماندەی کەرت

ڕەمەزان دووشیوانی جێگری کەرت

برایمە سوور، سەرباز، هەردی دووشیوانی فەرماندەی مەفرەزە بوون

لـــــێدانی قـــــەلّای پـــــردێ
هـــــاوینی 1983

کەرتی یەکی سالّەیی بڕیاریاندا لە قەلّاکەی پردێ بدەن، پێش ئەوەی بچنە قەلّاکە بە ئاربیجی لە سایلۆکەیاندا و گەڕانەوە قەلّا.

دەرگای قەڵا بەرز بوو، مامۆستا کامیل، خولە حسک، شوانە، ڕەوەند ڕۆیشتنە پێشەوە هیچی لێنەبوو، کاک پۆڵایان ئاگادار کردەوە هیچی لێنییە ووتی سەیری ناو قەڵاکە بکەن.

ڕەوەند چووە سەر شانی شوانە تا سەیری ناو قەڵاکە بکات، ڕەبییەیەک لەو لاوە بوو نەیانبینی، ڕەوەند دەستیگرت بە دەرگای قەڵاکەوەو لە سەر شانی شوانە لاچوو بە دەرگاکەوە هەڵواسرا دوو جار تفەنگەکەی لە دەرگای قەڵایدا لە ژێر دەرگاکەوە بوو بە تەقە، ڕەوەند هەڵواسرابوو گوللە لە دەرگاکەی دەدا، هێندەی نەبرد شوانە هاتە ژێر دەرگاکەو ڕەوەند خۆی شۆڕ کردەوە گەیشتە زەوی و دەستڕێژیان لێکردن، هەر دووکیان بەڕاکردن دەرباز بوون.

بـــــۆسە
هـــــــاوینی 1983

شوان و ڕەوەند لە کەرتی سالّەیی، سەلّاح شینەو بەکر گردە سۆری لە دەشتی هەولێر بە ئۆتۆمبیلێک ڕۆیشتن کوڕی شێخێکی عەرەب دەستگیر بکەن کە هاتبوونە ناوچەی سەرگەڕان بۆ بە عەرەبکردنی ناوچەکە.

چالاکییەکە ئەنجامنەدرا بۆ ئەوەی بە دەستی بەتاڵ نەگەڕێنەوە لە نێوان هەولێر سەرگەڕان بۆسەیەکیان دانا نائب زابتێکیان بەدەمانچە و ئۆتۆمبیلەوە دەستگیر کرد پیکابێکیان لە جووتیارێکی هاوردەی عەرەب سەندوو گەڕانەوە، دواتر دەمانچەو ئۆتۆمبیلەکەیان بۆ نائب زابتەکە ناردەوە چوونکە دۆستی شۆڕش بوو.

لـــــێدانی جـــــاش

هێزێک بە فەرماندەی نازمی حەمە سلێمان بە سواری دوو تراکتۆر بەرەو بنەوبنگرد ڕۆیشتن تراکتۆرێک بەرەوو ڕوویان هات ووتیان جاشەکانی قالە فەرەج لە پێچەکەی بنەوبنگرد بۆتان دامەزراون .پێشمەرگەکان لە تراکتۆر دابەزین نازمی حەمەی سلەیمان دابەشیکردن ، شێرزاد بازیانی ، کەریم بازیانی ، جەلیل کانی بی

لە شیوێک پەڕینەوە تا بچنە سەر گردێک جاشەکان تەقەیان لێکردن شەڕ لەنێوان هێزەکەی تیپی ٢١ کەرکوک و جاشدا دروست بوو ، جاشەکان لەبەردەم هەڵمەتی پێشمەرگەدا هەڵاتن و خۆیان نەگرت پێشمەرگەکانی کەرکوک تا سەر جادەی کەرکوک سلێمانی ڕاویاننان . لەو شەڕەدا سێ جاش دەستگیر کران کەیەکێکیان برازای قالە فەرەج بوو و جاشێک کوژرا.

دەستکەوت

٢ بی کەی سی

١ دکتاریۆف

لـــێدانی ئـــــاغجەلەر
شەڕی سەرچاوەی بازیان هاوینی 1983

هاوینی ساڵی ١٩٨٣ نۆ پێشمەرگەی تیپی ٢١ی کەرکوک عەلی تەوەکەڵی ، شێرزاد بازیانی ، ڕەحمان قشلاخی ،سەردار تەوەکەڵی، کەمال مام فەتاح ،ڕەمەزان ، سەباح ، پالە، نوری چنارتوویی لە شێخ پالەوانەوە بەرەو ئاغجەلەر بەڕێکەوتن کە شەو داهات (سێ ئاربی جی)یان بە مالە جاشەکانەوە ناو شەڕ دەستپێکرد دوای لێدانی مالە جاشەکان پێشمەرگەکانی کەرکوک ئاغجەلەریان بەجێهێشت هاتنە چنارە توو ،دەمەو بەیان لە چنارە توو دووڕکەوتنەوە هاتنە سەرچاوەی بازیان نیوەڕۆ دابەشبوون بۆ نانخواردن لە کاتی نان خواردندا شاور لێدرا پێشمەرگەکان کۆبوونەوە سێ کۆپتەر بەسەر ئاسمانی ناوچەکەوە بوون پێشمەرگەکان لە ناو مالەکاندا دابەشبوون لە گۆپالەوە دوو ئوتۆمبێلی پڕ لە جاش بەرەو سەرچاوەی بازیان هاتن لە گۆڕستانەکەی سەرچاوە نزیک بوونەوە (ئاربی جی)یەکیان نا بە ئوتۆمبێلی جاشەکانەوە سەریکرد . نۆ پێشمەرگە بە دەوروبەری دێیەکەدا دامەزرابوون هەر دوو پێشمەرگە لە لایەکی دێیەکەوە بوون شەڕ لە نێوان پێشمەرگە و جاش دا گەرم بوو هێزێکی زۆری دوژمن کۆببوەوە کۆپتەر ئاگر بارانی سەرچاوەی دەکرد پێشمەرگەکان بەرگری دلێرانەیان کرد دوژمن بێژنگ

بە سەری گرت شەڕ تا ئێوارەی خایەند لە و شەڕەدا ژمارەیەک جاش کوژران پێشمەرگەیەک بە ناوی پاڵە بریندار بوو کۆپتەرێک پێکراو لە خەربەند لو کەوتە خوارەوە.

هـــــــاوینی 1983

کەرتی یەکی ساڵەیی لە شەوگێڕ بوون لە سەر جادە بۆسەیان داناو لە چەند ئۆتۆمبیلێکی سەربازییاندا چەند کلاشینکۆفێک دەستکەوت بوو، لە گەڕانەوەدا هاتنە شەوگێڕ، بۆ بەیانی کۆپتەر هاتە سەریان تەقەی لە پێشمەرگەکانکرد بەڵام بێزیان بوون.

بـــــــۆسە
مـــــــانگی 1983/9

کەرتی یەکی ساڵەیی تیپی ٢١ی کەرکوک لە مانگی (٩) ساڵی ١٩٨٣ لە ڕێگەی بیبانی نێوان پردێ کەرکوک بۆسەیەکیان دانا وازێکی سەربازی کەوتە بۆسەکەوە.

لەو بۆسەیەدا سەربازەکانی ناو وازەکە کوژران، ژمارەیەک کلاشینکۆف و بێتەل دەستکەوت بوو.

کـــــوشتنی ســـــەرۆك جـــاشێك
مـــــانگی 1983/10

سێ پێشمەرگە چوونە سەر جادەی چیمەن بۆ کوشتنی قالە فەرەج، پێشمەرگەکان سۆپەرێکی سووریان پێبوو هەواڵ هەبوو قالە فەرەج ئۆتۆمبیلێکی شینی پێیە و لە ڕێگای کەرکوک- چەمچەماڵ هاتووچۆ دەکات.

ئۆتۆمبیلێکی شین بەرەو چەمچەماڵ دەڕۆیشت دوایکەوتن بەڵام قالە فەرەج نەبوو پێشمەرگەکان هاتنە بان مەقان ئۆتۆمبیلێکی شین لە چەمچەماڵ دەگەڕایەوە نیشتنە سەری لە قەرەهەنجیر نزیکی بوونەوە ئەویش قالە فەرەج نەبوو.

لای دووکان و بازاڕەکەی قەرەهەنجیر ژمارەیەک ئۆتۆمبیلی شین وەستا بوون

بە ناویاندا گەڕان هیچیان ئەو نەبوو.

لە قەرەهەنجیر بەرەو کەرکوک گەڕانەوە ئۆتۆمبیلێکی شین بەلایاندا تێپەڕی دوای کەوتن لە نزیک کەرکوک گەیشتنە ئۆتۆمبیلەکە بە هەفتاو پێنجی تەقەیان لێکرد ئۆتۆمبیلەکە سێ تەقلەیدا.

دوای لێدانی ئۆتۆمبیلەکە پێشمەرگەکان چوونە چیمەن، لە کوچەک دەرچوون کۆپتەر هات سۆپەرەکەیان خستە مالێکەوەو دایانپۆشی کە گەڕانەوە تیپی ٢١ی کەرکوک هەوالیان پێگەیشت (عوسەی فەتێ) کوژرابوو نەک قالە فەرەج.

دوای دوو هەفتە هەمان سێ پێشمەرگە چوونە سەر جادەی لەیلان مەفرەزەیەک جاش لە سەر جادەکە دابەش دەبوون سێ پێشمەرگەکەی تیپی ٢١ی کەرکوک لە ناو سۆپەرێکدا بوون یەکێک لە جاشەکان بەرەو ڕوویان هات هاواریکرد بووەستن، پیکابی جاشەکان لە ناوەڕاستی جادەکەدا بە پانی وەستابوو ڕێگەی دەرچوونیان گرتبوو پێشمەرگەکان لە بەردەم پیکابی جاشەکاندا گەڕانەوەو تەقەیان لە جاشەکان کرد جاشێکیان کوشت و بە دەم تەقەکردنەوە دەرچوون و ڕزگاریان بوو.

ڕەبیەی قیری تەقتەق

لە شەوی ١٩٨٣/١٠/١٥/١٤ پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی (٤)ی خالخالان تیپی ٢١ی کەرکوک هێرشیانکردە سەر ڕەبیەی قیری ناحیەی تەقتەق بە چەکی قورس و سوک لێیاندان تەواوی ڕەبیەکەیان بە سەر سەربازەکاندا ڕووخاندو توانییان دەست بە سەر تەواوی مەعمەلەکەدا بگرن.

زیانی دوژمن:

١/ کوژرانی ٤ جاشی شەعبی و بریندار بوونی چواریتر

زیانی مالی:

سووتاندنی ٣ شۆفل

٢ ڕۆلە، ٢ تراکتۆرو ٢ داینەمۆی کارەبایی گەورەو سووتاندن و لە کارخستنی معەمەلەکە پێشمەرگەکان سەرکەوتوو بێزیان بوون.

بۆ ڕۆژی دوایی دوژمن بە بەرچاوی خەڵکەوە کوژراوو بریندارەکانی گواستەوە بۆ نەخۆشخانەی تەقتەق، هەروەها دوژمن لە تۆڵەی زیانەکانی کەوتە تۆپبارانی دێیەکانی قەرەناو، سماقە بەڵام هیچ زیانێک نەبوو.

نـــــاو شاری کـــــەرکوك

لە ڕۆژی ١٩٨٣/١٠/١٥ دوو پێشمەرگەی قارەمانی کەرتی تیپی، تیپی ٢١ی کەرکوک چوونە ناو شاری کەرکوکەوە لە نزیک مەتاری کەرکوک کە چواردەوری بە ڕەبییە و سەربازگە تەنراوە، جاشێکی شەعبییان کوشت و گەڕانەوە.

نـــــێوان کەڵھوڕو بـــــیبانی
مـــــانگی 1983/11

کەرتی یەکی سالّەیی لە نێوان کەڵھوڕو ڕوبیانی بۆسەیەکیان دانا، کاروانێکی سەربازی دوژمن کەوتە بۆسەکەوەو لێیاندان، شەڕ دوو کاتژمێری خایاند.

لە بەر تاریکی شەو ژمارەی کوژراوی دوژمن نەزانرا، پێشمەرگەکان سەرکەوتوو بێ زیان بوون.

دەستکەوت:

١/ یەک دۆشکە
٢/ یەک بیکەیسی
٣/ یەک تۆپی ١٠٦ ملم
٤/ چەند جێبێکی سەربازی
٥/ سووتاندنی یەک ناقیلە
٦/ یەک جێبی ١٠٦

چـــــەمچەماڵ-ســـــەنگاو

ڕۆژی ١٩٨٥/١/٢٦ هێزێکی تیپی ٢١ی کەرکوک لە دێی وەسمان غەزالی ناوچەی هەمەوەند بوون لە سەر ڕێگای چەمچەماڵ سەنگاو شەڕ دامەزرا بوو لە نێوان پێشمەرگەکانی تیپی سەگرمەو سووپادا پێشمەرگەکانی کەرکوکیش بەشدار بوون شەهیدێکی قارەمانیان بەخشی بە ناوی مزەفەر سەید مارف ناسراو بە فەقێ.

گـــــۆپتەپە شەڕ-خـــــاپوور کردن
1985/2/7

گۆپتەپە لە مێژووی خۆیدا چەندین جار دووچاری پەلامارو ڕووخاندن و نغرۆ کردن بووە، هەمیشە پاڵپشتی شۆڕش و پێشمەرگە بووە خەڵکەکەی دڵسۆزو نیشتمان پەروەر بوون.

لە گفتوگۆی ساڵی ١٩٨٤ بارەگای تیپی ٢١ی کەرکوک لە گۆپتەپە دانرا لە گەڵ تێکچوونەوەی گفتوگۆ ڕژێمی عێراق ڕقی خۆی بەرامبەر گۆپتەپە نەشاردەوە هەر بۆیە لە ڕۆژی ١٩٨٥/٢/٧ هێزێکی گەورەی دوژمن کە پێکهاتبوو لە ٢٠٠٠ چەکدارو ١٧ دەبابەو ٢ مودەڕەعەو ٨ فڕۆکە پەلاماری گۆپتەپەیاندا تۆپخانەی دوژمن لە ئاغجەلەرەوە گۆپتەپەیان پڕکردبوو لە چەڕە دووکەڵ.

پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٢١ی کەرکوک و ٢٥ی خاڵخاڵان لە ناو ماڵەکانی گۆپتەپەدا دامەزران شەڕی مان و نەمانیان لە گەڵ دوژمندا کرد پێنج پەلاماری یەک لە دوای یەکی دوژمن لە سەر دەستی پێشمەرگە تێکشکێندرا.

هاوشێوەی شەڕی مێژوویی حەمک قارەمانەکانی سەگرمەو خاڵخاڵان دیواری خانووەکانی گۆپتەپەیان کون کرد شەڕی گەورەو کەم وێنەیان لە گەڵ گەلە جاش و سەربازو فڕۆکەدا دەکرد.

هەشت فڕۆکە بەردەوام لە سەر ئاسمانی شەڕەکە بوون پێشمەرگەکانی خاڵخاڵان و سەگرمە بە چەکی دژە ئاسمانی لە ئاسمانی گۆپتەپەیان توند کردبوون.

لەو شەڕەدا چەندین خانوو بە تۆپی دوور هاوێژو فڕۆکە سووتێندران، دەبابە

بەزیوەکان لە بەردەم هەڵمەتی پێشمەرگەدا توانای پێشڕەوییان لە دەست دابوو، جاشەکان ئیشارەتی دەبابەکانیان دەکرد سەنگەرەکانی پێشمەرگە تۆپباران بکەن.

شەڕ لە نێوان هێزی پێشمەرگەو دوژمندا تا ئێوارەی خایاند، لە ئێوارەدا دوژمن شکاو زەرەرو زیانی زۆری بەرکەوت، زیاتر لە ٤٥ سەربازو جاش کوژران.

قوربانی هێزی پێشمەرگە شەهید بوونی پێنج پێشمەرگە بوو:

١/ شەهید حاکم کەمال

٢/ شەهید زوبێر

٣/ شەهید سەرهەنگ سەعدون

٤/ شەهید حەمە شوان ئیسماعیل

٥/ شەهید ئەحمەد کانی تووپی

لەو شەڕەدا سەرکەوت (عاسی) کامەران دووبزی دەستگیر کران دواتر لە سێدارە دران.

ڕۆژی ١٩٨٥/٢/٨ جاڕێکیتر فڕۆکە مەرگ هێنەرەکانی دوژمن بۆردومانی خەستی گۆپتەپەیکرد کە زانییان پێشمەرگەی تیادا نییە هێزی پیادەی دوژمن چووە ناو گۆپتەپە، دەستیان کرد بە تالانی هەتا هێلکەی ژێر مریشکی کڕیان دزی.

بە شۆفڵ و بلدۆزەر هەموو خانووەکانی گۆپتەپەیان ڕووخاند هەر دوو مزگەوتەکەیان بە دینامیت تەقاندەوە، قورئان و کتێبە پیرۆزو بەرمالەکانیان تێکەڵاو دارو پەردووی ڕووخاوی مزگەوتەکە کرد.

هێزە شڕەخۆرەکەی دوژمن دەیان ئۆتۆمبیلیان لە کەلووپەلی ماڵەکانی گۆپتەپە بارکرد کە ٣٥٠ ماڵ بوون.

دوای وێرانکردنی گۆپتەپە چوونە عەسکەر لەوێش چەند ماڵێکیان تالانکرد، لە ئاغجەلەرو تەکیە و چەمچەماڵ تالانیەکانی گۆپتەپەیان هەڕاجکرد.

شـــــەڕی قەرەســـــالم

ڕۆژی ١٩٨٥/٣/٧ مەفرەزەیەکی کەرتی دووی شوان بەئیشوکار چوونە ناوچەی ساڵەیی و شێخ بزێنی ،جاشەکانی قاسم ئاغا بەپاڵپشتی ناقیلەیەک و تۆپی ١٠٦ و دوو فرۆکەی پیلاتۆس هێرشیانکردە سەر دێی قەرەسالمی سەروو دوو هاوواڵتیان بریندار کرد ، دواتر هێرشیانکردە سەر قەرەسالمی خواروو پێشمەرگەکانی کەرتی دووی تیپی ٢١ کەرکوک رووبەڕووی جاشەکان بوونەوە و شەڕ لە کاتژمێر ١١ ی پێش نیوەڕۆ تا ٦،٣٠ دەقیقەی ئێوارە بەردەوام بوو،پێشمەرگەکانی شێخ بزێنی و هێزی پشتگیری هاتن بە فریای پێشمەرگەکانی شوانەوە هێرشیانکردە سەر هێزە پەلامارەرەکەی دوژمن، دوژمن لەو شەڕەدا زیانی زۆری لێکەوت .

بـــــۆسە – پـــــردێ

ڕۆژی ١٩٨٥/٣/٣٠ پێشمەرگەکانی تیپی ٢١ی کەرکوک بۆسەیەکیان لە سەر جادەی کەرکوک ،پردێ، ئاڵتون کۆپری دانا ئوتۆمبێلێکی ژمارە ١٧٣٣٠٣ کەوتە بۆسەکەوە دەستیان بەسەردا گرت دوو ئەفسەرو سەربازێکی تیا بوو .

دەستکەوت

١ کلاشینکۆف

١ ئوتۆمبیل

بـــــۆمبارانی فـــــرۆکە

کاتژمێر دوانزە ونیوی ڕۆژی ١٩٨٥/٣/٣٠ (١٨) کۆپتەر هاتنە سەر ئاسمانی ناوچەکانی ساڵەیی و شوان وقەڵا سێوکە وشێخ بزێنی سەروو خواروو بەچڕی بۆمبارانیانکردن و شەهید و بریندارى لێکەوتەوە.

*دێی کارێز شەهیدێک و (٣) بریندار

*دێی تولجان (١) بریندار

*دێی کانی ڕەش (١) بریندار

تـــــۆڵەی دێهاتەکـــان

ڕۆژی ١٩٨٥/٣/٣٠ ژمارەیەک کۆپتەری ڕژێمی عێراق چوونە سەر ناوچەکانی شوان ،سالّەیی ، شێخ بزێنی چوار هاوولّاتییان لە دێی دەرماناوا شەهید کرد بەمناوانە

*مامۆ حاجی حەمید

*خسمان یابا

*ئەنوەر تاهیر

*نورەدین نەجمەدین

* بریندار بوونی ٣ هاوولّاتی لە دەرماناوا

*بریندار بوونی ٢ هاوولّاتی لەدێی کاریز

* شەهیدکردنی هاوولّاتییەک لە کانی ڕەش

*بریندار بوونی هاوولّاتییەک لە جولحال

لە تۆلّەی شەهید وبریندارەکان هێزێکی تیپی ٢١ کەرکوک لە شەوی ٢٠-١٩٨٥/٤/٢١ هێرشیانکردە سەر ڕەبییەیەکی دوژمن لە سەر جادەی گشتی شوان – کەرکوک لە کەلی سێکانیان کە هەر چواردەوری به مۆلّگەی دوژمن تەندرابوو لە ماوەی ٢٠ دەقیقە دا دەستیان بەسەر دا گرت وهەرچی تیا بوو کوژرا و بریندار بوو.هێزێکی دوژمن کە پێکهاتبوو لە ٦ ناقیلەو ٢ دەبابەو سەربازێکی زۆر هاتن بە هانای ڕەبییەکانەوە تەنها دووڕە تەقەیان پێکراو نەیانتوانی بێنە پێشەوە.

زیانی دوژمن

کوژرانی ٧ سەرباز و ٧ جاشی شەعبی

کوژرانی ئامر قاتع

بەدیل گرتنی سەربازێک و جاش شەعبییەک

دەستکەوت

٩کلاّشینکۆف و ٢٥ مەخزەن

١ قەناسی ١٠ خۆر

١ ئار بی کەی
٤ قەناس
٩ سندوق فیشەکی روسی
٢ بی کەی سی
١ سندوق نارنجۆک
١ جیهازی ١٠٥

شـــەڕی شـــەوگێڕ
مـــانگی 1985/4

ئاکۆ سوور، ئاسۆ سوور، مام ڕەش، مستەفا بە مۆڵەت هاتبوونەوە شەوگێڕ، هێزێکی گەورەی دوژمن بە پاڵپشتی دوو ناقیلە و چوار کۆپتەر هاتنە شەوگێڕ پێشمەرگەکان تەقەیان لێکردن، شەڕ لە نێوان پێشمەرگەو هێزەکەی دوژمن هەڵایسا.

هێزەکەی دوژمن شەوگێڕیان سووتاند دووکەڵ لە ماڵەکان بەرز دەبووەوە، پێشمەرگەکان دەستڕێژیان لە هێزەکەی دوژمن دەکردوو دەکشانەوە، کۆپتەر هاتە سەر ئاسمانی شەڕەکە، شەڕ بەمجۆرە تا ئێوارەی خایاند لە ئێوارەدا هێزەکەی دوژمن کشایەوە.

دۆڵـــی پـــڵنگان
1985/5/6

تیپی ٢١ی کەرکوک بە فەرماندەیی شێرزاد حافز سەرکەوتنە سەر کێوە ڕەش کێوێکی ووشک و بێ ئاو بوو، پێشمەرگەکان هێرشیانکردە سەر مۆڵگەی جاشەکان چل خۆرێکی پێشمەرگە گیرا، مەفرەزەیەکی کەرتی (١) تیپی ٢١ی کەرکوک هێرشیانکردە سەر جاشەکان چل خۆرەکە و چەند چەکێکیتریان گرت و جاشەکانیان تارومارکرد.

شاخەکە وشک و تینوو بوو پێشمەرگە تینویان بوو میزیان کردبووە مەتارەکانیانەوە بیخۆن، قارەمان ڕەمەزان پێشمەرگە بوو خەوی لێکەوتبوو

جاشەکانی هەباس ئاغا گرتیان و تەسلیم بە ڕژێمیان کرد دواتر لە سێدارە درا.

زنجیرەیەک ڕەبیە کە تێکڕا (٢٠) ڕەبییە بوون بە سەر دۆڵی پڵنگاندا شۆڕ ببوونەوە دەیانڕوانی ڕەبییەکان بە سەر چەند تیپێکدا دابەشکران تا دەستیان بە سەردا بگیرێت.

تیپی ٢١ی کەرکوک ٣ ڕەبییەیان بۆ دانرا، ڕەبییەی یەکەم دەستی بە سەردا گیرا لە گرتنی ڕەبییەی یەکەمدا شێرزاد حافز، ئاسۆ سوور (مین)یان بە قاچدا تەقی و بریندار بوون، دوای بریندار بوونی شێرزاد حافزو ئاسۆ سوور هەر دوو ڕەبییەکەیتر کە بۆ تیپی ٢١ی کەرکوک دانرابوو دەستیان بە سەردا گیرا.

شێرزاد حافز نێردرایە نەخۆشخانەی بەرگەڵو لەوێشەوە بۆ ئێران، لە ئێران قاچیان بڕیەوە، لە هیلال ئەحمەری سنە قاچیان بۆ دروستکردەوە تا ئەنفالەکان نوێنەری یەکێتی بوو لە بانە.

سـریەی شیوە سـوور
مـانگی 1985/5

کەرتی تیپ و کەرتی یەکی سالّەیی تیپی ٢١ی کەرکوک نەخشەی دەست بە سەردا گرتنی سریەی شیوە سووریان داڕشت بە پێی نەخشەی داڕێژراو هەڵمەتیان بردە سەر سریەکە، لەو هەڵمەتەدا ژمارەیەکی زۆر لە دوژمن کوژرا، دەستکەوتێکی زۆر هەبوو.

قوربانی هێزی پێشمەرگە:

شەهید بوونی عەبدولخالق سابیر خەڵکی کەڵهوڕی کەرکوک پێشمەرگەی تیپی ٢١ی کەرکوک بوو.

گـرتنی سریەی نسەیب- شـاروچکەی ڕێدار

هێزێکی تیپی ٢١ی کەرکوک لە تۆڵەی شەهیدانی حاجیتان و بە پێی نەخشەیەکی ڕێکووپێک لە کاتژمێر ١٢:٣٠ دەقیقەی شەوی ١٩٨٥/٥/١٠/٩ هێرشێکی گەورەیان

کردە سەر سریەی نسەیب و هەموو سەربازگە و ڕەبییەکانی دەوروپشتی ڕێدار.

تۆپخانەی تیپی ٢١ی کەرکوک بە چڕی تۆپبارانی ڕەبییەو قولەکانی دوژمنی کرد، پاش تۆپبارانی چڕو بەرزبوونەوەی دووکەڵ لە مۆڵگەو ڕەبییەکانی دوژمن و زەرەرو زیانی زۆر لە دوژمن قارەمانەکانی کەرکوک هێرشیانکردە سەر سریەی نسەیب لە شارۆچکەی ڕێدارو دەستیان بە سەرداگرت.

جگە لە کوشتارێکی زۆر لە سەربازگەی ڕێدارو ڕەبییەکانی دەوروبەری، لە ناو سریەی نسەیب دا ١٥ چەکدار کوژران و ٢٠ چەکدار بە دیل گیران.

دەستکەوتەکان:

- هاوەنێکی ٦٠ ملم بە ٤٨ گوللەوە
- ٦ ڕەشاشی ئاربیکەی
- ٢٢ کلاشینکۆف و ٦٦ مەخزەن و ١٥٤٠٠ فیشەکی کلاشینکۆف
- جیهازێکی بێتەل
- دەمانچەیەکی قادسیە
- ٤ سندوق نارنجۆک
- ٣ هەزار فیشەکی B.K.C
- ٢ تەلەفون

قوربانی هێزی پێشمەرگە یەک شەهیدو پێنج بریندار بوو

- شەهید عەبدولخالق سابیر خەڵکی کەڵهوڕ پێشمەرگەی تیپی ٢١ی کەرکوک

تـــەسلیم بوونەوە
کـــۆتایی بـــەهاری 1985

خەبات و شەماڵ بە نیازی تەسلیم بوونەوە بوون ویستیان هەموو کەرتەکە تەسلیم بکەنەوە بەڵام نەیانتوانی خەبات جێگری فەرماندەی کەرتی یەکی سالەیی بوو شەماڵ فەرماندەی مەفرەزە بوو.

ئاسۆ سوور لە نێوان شەماڵ و خەبات لە ئۆتۆمبیلێکدا سەرکەوتبوو پەنجەی

لە سەر بەلەپیتکەی تفەنگەکەی بوو، خەبات شۆفێر بوو دەیووییست پەلاماری تفەنگەکەی ئاسۆ بدات بەڵام دەترسا پەنجەی لێبکێشێ و شەماڵ بکوژێت کە لەو لایانەوە بوو بۆیە ناچار لە کۆچەک لایاندا.

لە ناو کۆچەک کۆبوونەوە خەبات ووتی نەهێنی شەو حاجی مەحموودە ئێمە کاتژمێر دوانزەی شەو دەگەڕێینەوە.

خەبات و شەماڵ ڕۆیشتن دە کەسیان لە ناو لاندکرۆزێک سەرخست کە لە موجاهیدیان گرتبوو ژمارەیەک چەکیان لە گەڵ خۆیاندا بردوو ڕۆیشتن تەسلیم ببنەوە.

لە شێخ بزەینی خوارەوە پێشمەرگەیەکی دەشتی هەولێر ناوی حسێن بوو بە مۆڵەت هاتبووەوە پێیانووتبوو خۆت ببەستە دەچین چالاکی دەکەین ئەویش لە گەڵیان سەرکەوتبوو لە نزیک پردێ ڕاوەستابوون حسێن ووتبووی ئەوە قالە فەرەج هات با لێیی بدەین، لە دواوە لوولەی تفەنگیان خستبووە سەر ملی حسێن ووتبوویان چەکەکەت دابنێ حسێن وەکو دیاری تەسلیم قالە فەرەج کرا هەر لەوێ حسێن یان شەهید کرد.

بە بۆنەی گەڕانەوەی بە مۆڵەت بۆ ماڵەوە دایکی حسێن قەلێکی بۆ سەر بڕیبوو دایکی بە حسێنی ووتبوو کوڕم مەڕۆ با ئەوانیش بێن نان بخۆن دواتر بڕۆن حسێن بە دایکی ووتبوو خەمت نەبێ زوو دەگەڕێمەوە لە دواجاردا شەماڵ و خەبات لە تۆڵەی کوشتنی قالە فەرەج کوژرانەوە.

تـــــــۆڵەی شەهیدان

کاتژمێر دوانزەو نیوی شەوی ١٩-١٩٨٥/٥/٢٠ پێشمەرگە ئازاکانی تیپی ٢١ کەرکوک هێرشیانکردە سەر سەربازگە و سریەی ڕێدار لە ماوەیەکی کەمدا دەستیانگرت بەسەر سڕیەکەدا گرت .

زیانی دوژمن

کوژرانی ١٥ جەیشی نا شەعبی

بەدیل گرتنی ٢٤ کەس

دەستکەوتەکان

٢٢ کلاشینکۆف و ٦٦ مەخزەن

٦ ئاربی کەی

١ هاوەنی ٦٠ ملم لەگەڵ ٤٨ قومبەلە

١٥٤ فیشەکی ڕوسی

٣٠٠٠ فیشەکی قەناس

٤ سندوق نارنجۆکی دەستی

٢ تەلەفۆن،١ دەمانچەی قادسیە

قوربانی پێشمەرگە

شەهید بوونی عەبدولخالق فازل پێشمەرگەی کەرتی (١) سالەیی و بریندار بوونی (پێنج) پێشمەرگە.

چـــالاکی هـــاوبەش

لە شەوی ١٩٨٥/٦/٩/٨ هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی تیپی ٢١ی کەرکوک و تیپی ٩٣ی کۆیە و پێشمەرگەکانی مەڵبەندی ٣ و مەفرەزەیەکی دەزگای پێشمەرگایەتی هێرشیانکردە سەر ڕەبییەی جاشەکان لە چیای کەنێرو پلنگان و دارەبەن و کەوێن.

دوای شەڕێکی قارەمانانە دەستیانگرت بە سەر ڕەبییەکاندا لاشەی ٤ جاش کەوتە بەردەستی پێشمەرگە یەکێکیان ئامر سریە بوو.

دەستکەوت:

٢ کلاشینکۆف

ژمارەیەک گوللە ئاربیجی

٢ سندوق نارنجۆک

دەیان فیشەکی هەمە جۆر

قوربانی پێشمەرگە:

شەهید بوونی دوو پێشمەرگە:

١/ شەهید مەحموود عەلی عەبدوڵڵا خەڵکی دێی دارە سۆفی

٢/ شەهید حەمە ئەحمەد حەمە قۆز خەڵکی دێی بنگردی چەمچەماڵ

بریندار بوونی دوو پێشمەرگە

شـــــەڕی گـــــۆگجە

ڕۆژی ١٩٨٥/٧/١٢ دوو پیکابی جاش سوار کردوو هاتن بەرەو دێی گۆگجە کەنزیک جادەی شوان و سەربازگەی دارەمان بوو.چوار پێشمەرگەی تیپی ٢١ کەرکوک بە مۆڵەت هاتبوونەوە لە ناو دێدا بوون چوار پێشمەرگە کە لە جاشەکان هاتنە دەست و ڕاویاننان. زیانی جاشەکان کوژرانی جاشێک و بریندار بوونی (٧) جاشیتر.

چـــالاکی – نـــاو شار

کاتژمێر یانزەو نیوی پێشنیوەڕۆی ١٩٨٥/٧/١٨ چەند پێشمەرگەیەکی تیپی ٢١ کەرکوک چوونە ناو شاری کەرکوک لە ساحەی طیران بەرانبەر قوەی جەوی تووشی مفەوەزێکی ئەمن بوون و کوشتیان.

گـــــرتنی ڕەبییەی- شـوان

شەوی ٢٩-١٩٨٥/٧/٣٠ مەفرەزەیەکی تیپی ٢١ی کەرکوک هێرشیانکردە سەر ڕەبییەیەک لەسەر جادەی شوان و دەستیان بەسەردا گرت .

زیانی دوژمن

بەدیل گرتنی (٣) جاش

دەستکەوت

٤ کلاشینکۆف و ٢٠ مەخزەن

١ سندوق فیشەک

٤ سندوق نارنجۆک

سووتاندنی هەمووکەلوپەلی ناو رەبییەکە دووچـــالاکی ناو شـــار

رۆژی ١٩٨٥/٧/٣٠ دوو پێشمەرگەی قارەمانی تیپی ٢١ کەرکوک لە گەراجی حەویجەی کۆن تووشی ئوتۆمبێلێکی ئەمن بوون دایانە بەر دەستڕێژی گوللە و شۆفێرەکە بریندار بوو . شەوی ٣٠-١٩٨٥/٧/٣١ هەمان پێشمەرگە تووشی ئەمنێکی سەر بە ئەمنی کەرکوک بوون دایانە بەر دەست ڕێژی گوللەو کوشتیان.

ڕێـــدار - چـــالاکی

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٢١ کەرکوک لە کاتژمێر ٢ ی دوای نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٥/٨/٥ بۆسەیەکیان لەسەر جادەی ڕێدار - کەرکوک دانا .

لە ئەنجامدا ئەندامێکی مەجلیسی تەشریعی بە کلاشینکۆفێک و دەمانچەیەکی چواردە خۆر لەگەڵ دوو جاشیتر دەستگیر کران.

گـــرتنی مـــقەر سریەیەك

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی تیپی ٢١ ی کەرکوک و ٢٥ ی خالخالان لە شەوی ٧-١٩٨٥/٨/٨ هێرشیانکردە سەر مقەڕ سریەی منصوری فەوجی ٤٤ ی جاش خەفیفە ، لە حەوت دەقەی یەکەمدا دەستیانگرت بەسەر مقەر سڕیەکەدا ودوژمن زیانی زۆری لێکەوت. کوژرانی ٧ جاش و بەدیل گرتنی ٩ جاش دەستکەوت یەک ئاربی جی ١١ ، ١٢ کلاشینکۆف و تەلەفونێک

هەموو کەلووپەلی مقەر سریەکە ئاگری تێبەردرا.

هاوکات لەگەڵ گرتنی مقەر سریەکە دەستەیەکیتر لە پێشمەرگەقارەمانەکان هێرشیانکردە سەر رەبییەی سەر شیوی هەناران لە ماوەی ١٥ دەقیقەدا گرتیان زیانی دوژمن کوژرانی(٥) جاش و بەدیل گرتنی (٣) جاشیتر بوو ،ژمارەیەکیتر لە جاشەکان کەوتنە ژێر رەبییە تەپیوەکەوە .

دەستکەوت

١ ئار بی جی

١١ کلاشینکۆف

١ بڕنەو

هەروەها پێشمەرگەکان دوو رەبییەی تریان گوللە بارانکردوو بەسەر یەکدا رووخاندیانن

قوربانی پێشمەرگە لە گرتنی مقەر سریە و رەبییە کە (٨) شەهید بوو بەم ناوانە

١- شەهید محەیدین قەمبەر عەزیز ناسراو بە هیوا ڕەش خەڵکی کەرکوک.

٢- شەهید علی سابیر ناسراو بە عەلی کەرکوکی خەڵکی مام ڕەش.

٣- شەهید محەمەد عەلی ناسراو بە ئامانج خەڵکی چاڵاوی چەمچەماڵ.

٤- شەهید عەبدوڵڵا عەلی خەڵکی باوەفەتی.

٥- شەهید کەمال تاهیر خەڵکی کەرکوک گەڕەکی تەپە.

٦- شەهید حەکیم حازم محەمەد خەڵکی کەرکوک گەڕەکی ئیمام قاسم.

٧- شەهید جوامێر خورشید حەیدەر خەڵکی ئۆمەرمەندان.

٨- شەهید عومەر خورشید حەسەن ناسراو بە شاهۆ خەڵکی بیبانی

شـــەڕی ســـاتی
1985/8/31

نامیق شکور (شاهۆ) فەرماندەی کەرت بوو، لە نزیک چیمەن ڕەبییەیەک هەبوو شاهۆی فەرماندە ووتی دەبێت بیگرین، ڕەبییەکە هەر چوار دەوری مین بوو، پێشمەرگەکان بڕوایان بە شاهۆ هێنا لە گرتنی ڕەبییەکە پەشیمان بێتەوە.

دوای پەشیمان بوونەوەیان لە گرتنی ڕەبییەکە چوونە «ساتی» شاهۆ هێزەکانی دوژمنی ئاگادار کردبووەوە- پەیامی بۆ ناردبوون ئێمە لێرەین.

بەیانی ڕۆژی ١٩٨٥/٨/٣١ گرموومۆڕی ناقیلەو دەبابە دەگەیشتە گوێ، شاهۆ فەرماندەی کەرتی ٣ی تیپی ٢١ی کەرکوک پێشمەرگەکانی ئاگادار کردەوە خۆیان

کۆبکەنەوە تا بۆسەیەک لە بەردەم هێزەکەی دوژمن دابنێن.

هێزێکی گەورەی دوژمن پێکهاتبوو لە (١٥٠) ئۆتۆمبیلی پڕ لە جاش و قوات خاسە بە پاڵپشتی ١٢ مودەڕەعە و دوو دەبابە و سێ تۆپی ١٠٦ و دوو سڵینگ[١]، کاتژمێر ٦ی سەر لە بەیانی بەرەو دێیەکانی سەرخاسە کەوتنە ڕێ.

پێشمەرگەکان بە ناو حەسیرو ژاژا و دارستانی ساتیدا خۆیان گەیاندە ناودێ، لە گەڵ گەیشتنی پێشمەرگە بۆ ناودێ هێزەکانی دوژمن گەیشتنە گردێک کە بە سەر «ساتی»دا زاڵ بوو شەڕێکی قورس و گران دەستیپێکرد بە جۆرێک قوات خاسە هاتنە ناو ماڵەکانی «ساتی» دیوار هەبوو پێشمەرگە لەم دیوی بوو قوات خاسە لەو دیوی دیوارەکە بوو، ناو ماڵەکانی ساتی بە سەر پێشمەرگە و قوات خاسەدا دابەش ببوون شەڕی ماڵەو ماڵ و دیوارەو دیوار بوو.

ڕەوەندی مەلا مەحموودو دلێر لە خانوویەک بوون خانووەکەی تەنیشتیان قوات خاسە بوو، لە نێوان دیوارەکانەوە تەقەیان لە قوات خاسە دەکرد، هێزی پێشمەرگەو قوات خاسە بە جۆرێک تێکەڵ ببوون کۆپتەر لە هەر دووکیانی دەدا.

قوات خاسەکان چەند جارێک پەلاماری ئەو ماڵانەیان دەدا کە پێشمەرگەی تیابوو تاوەکو بەدیل بیانگرن بەڵام پێشمەرگە لێیاندەدان و دەیانشکاندن.

پێشمەرگەکان لە دوا هێرشدا لە دوژمنیاندا و شکاندیانن دەیانویست هێرش بکەنە سەر ئەو گردەی سەر لە بەیانی دوژمن گرتبووی تۆپبارانێکی سەخت دەستیپێکرد.

شـــــەهید بوونی شـــاهۆ

شاهۆ فەرماندەی کەرتی «٣» لە خانوویەک بوو سەربازو هەڵکەوت و خاڵە جەباری لە گەڵدابوو گوێیان لە دەنگی هەڵکەوت بوو شاهۆ پێکرا ڕەوەندو دلێر بە ناو تۆپبارانی سەختی دوژمندا ڕایانکرد بۆ لای شاهۆ.

شاهۆ قسەی بۆ نەدەکرا هاوەنێک لە نێوان هەر دوو قاچیدا تەقیبووەوە، شاهۆ قسەکانی ڕوون نەبوون هێندەی نەبرد شەهید بوو.

---

[١] هێزەکانی دوژمن دڵنیابوون ئۆتۆمبیل و مودەڕەعەکەیان لە بەرانبەر پێشمەرگەدا تێکدەشکێن بۆیە سڵینگیان لە گەڵ خۆیان هێنابوو بۆ گواستنەوەیان

دوای شکاندنی هێزەکانی دوژمن لە ساتی ڕوویانکردە ئاوایی گۆران لەوێش هەمان چارەنووسیان هەبوو کەوتنە بەر هەڵمەتی پێشمەرگەکانی کەرتی «٢» تیپی ٢١ی کەرکوک و هێزی پشتگیری.

سێ ئیسعاف بەردەوام بە بەردەمی دێیەکانی قەرەهەنجیرو کەرکوکەوە کوژراوو بریندارى دەگواستەوە هێزەکەی دوژمن لە هەموو لایەکەوە شکان و هەڵاتن.

زیانی دوژمن:

کوژرانی زیاتر لە ٥٠ جاش و قوات خاسە سووتاندن و تێکشکاندنی ٦ ئۆتۆمبیلی هەمە جۆر

پێکرانی کۆپتەرێک

سووتاندنی مودەڕەعەیەک

قوربانی پێشمەرگە:

شەهید بوونی نامیق ئیسماعیل (شاهۆ) فەرماندەی کەرتی (٣) تیپی ٢١ی کەرکوک، خەڵکی کەرکوک

شەهید بوونی ژنێک لە دێی ساتی بە ناوی شووشە محەمەد

کـــوشتنی قالە فـــەرەج

کاتژمێر دووی نیوە شەوی ١٩٨٥/١٠/٢٨-٢٧ پێشمەرگەیەکی تیپی ٢١ کەرکوک سەرۆک جاش قالە فەرەجی لە ناو ئۆردوگای حەسار دا دایە بەر دەستڕێژی گوللە و کوشتی جاشێکیتری بریندار کرد، هەر ئەو شەوە پێشمەرگەکە گەیشتەوە تیپی ٢١ کەرکوک.

ڕەبـــییەی شیوەســـوور

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٢١ کەرکوک لە شەوی ١٩٨٥/١١/٢٨-٢٧ بۆ جاری سێیەم دەستیانگرت بەسەر ڕەبییەی شیوەسووردا کە دەکەوێتە نزیک ڕێدار .زیانی دوژمن

کوژرانی (٧) جاش

دەستکەوت

١ ئار بی جی

٣ کلاشینکۆف

١ ئار بی کەی

دەمانچەیەکی لامە و ٦٠٠ فیشەک

شـــــەڕی شیوە ســـــوور
کـــــۆتایی ســـاڵی 1985

شەوی سەری ساڵی ١٩٨٦ کۆتایی ساڵی ١٩٨٥ کەرتی یەکی سالاّیی تیپی ٢١ی کەرکوک لە شیوە سوور بۆسەیەکیان بۆ کاروانێکی سەربازی دانا.

دوانزە دەبابە لە سەر نەقالە بوون لە گەڵ کاروانێکی سەربازی کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەکانی کەرتی یەکی سالاّیی.

پێشمەرگەکانی کەرتی یەکی سالاّیی لە سەر جادەکە دامـەزرا بوون حەوت گوللە ئاربیجیان لە نەقالەکەدا دوو دەبابەیان سووتاند وازێکی سەربازی کەوتە بەردەستی پێشمەرگە ژمارەیەک چەک دەستکەوت بوو.

چـــــوونە ناو کـــــەرکوك

هێزێک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٢١ی کەرکوک لە شەوی ١٩٨٦/١/٥/٤ لە سێ قۆڵەوە چوونە ناو شاری کەرکوک.

قۆڵی یەکەم لە کاتژمێر ٧:٢٥ دەقیقەی شـەودا چوونە گەڕەکی شۆڕیجە لە ئۆتۆمبیلێکی پاسەوانی نەوتیاندا و ئەفسەرێک و ٣ جاشی شەعبییان کوشت دوای لێدانی ئۆتۆمبیلەکە چوونە سەر بۆری نەوتەکەی جەوەل بۆرو تەقاندیانەوە.

قۆڵی دووەم، پێشمەرگەکانی تیپی کـەرکوک چوونە گـەڕەکی ڕەحیماواو ڕووبەڕووی تاقمێک جاش بوونەوەو جاشێکیان کوشت.

هەمان کات چوونە سەر ماڵە مستەوتەنەکان و لێیاندان، خانوویەکیان بە سەردا

ڕووخاندن و سێ کەسیان لێکوشتن، هەمان کات چوونە سەر تاوانبارێک و بە ئاربیجی لێیاندا.

قۆڵی سێیەم، چوونە سەر مەخزەنی میوەو خواردەمەنی قوە تەواری و سووتاندیان، هەمان شەو لە ئۆتۆمبیلێکی دوژمنیانداو هەرچی تیابوو کوژرا.

دوای شەڕی پێشمەرگانەو گورز وەشاندن لە دوژمن لە ناو شاری کەرکوکدا هەر قۆڵەو لە شوێنی خۆیەوە کشایەوە.

هەر ئەو شەوە چەند کۆپتەرێک هەستان دەوروبەری شاریان پشکنی تەنویریان هەڵدا بەڵام نەیانتوانی زیان بە پێشمەرگە بگەیەنن، پێشمەرگەکان سەرکەوتووانە و بێ زیان گەڕانەوە.

بـــۆسە ڕێدار – تـــەق تـــەق

هێزێک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٢١ کەرکوک لە کاتژمێر (٣) ی دوای نیوەڕۆی ١٩٨٦/١/١٥ بۆسەیەکیان لە ڕێگەی ڕێدار – تەق تەق دانا و کاروانێکی سەربازی کە پێکهاتبوو لە ٧٠ ئوتۆمبێل و ٤ دەبابە کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەکانەوە وگوللە بارانیانکردن .

زیانی دوژمن

کوژرانی ٢٠ کەس کە دوانیان نەقیب و یەکێکیان ملازم ئەوەل بوو ، لەگەڵ بەدیل گرتنی ١٦ سەرباز ،دەبابەیەک و ناقیلەیەکی دەبابەو ئیڤایەک تێکشکێنران.

دەستکەوت

٤ کلاشینکۆف و ١ جێب قیادە

تـــەسلیم بوونی (3) ڕەبـــیە

ژمارەیەک چەکدار و ئامر سریەو ئامر ڕەبایەی سریەی (٥) ی فەوجی (٤٤)ی خەفیفە لە ١٩٨٦/١/٢٠ سێ ڕەبیەی سەر شیوەسوریان بە هەموو کەلوپەلەکانیەوە تەسلیمی پێشمەرگەکانی تیپی ٢١ کەرکوک کرد لەگەڵ ژمارەیەک چەک.

١٠ کلاشینکۆف
یەک ڕەشاشی ئار بی کەی
یەک پەرەشووت
٤٢ مەخزەن
یەک جیهازی بێتەل ١٠٥
یەک تەلەفۆن

دوو بـــــۆسە

دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٢١ کەرکوک لە ١٩٨٦/١/٣١ لەسەر جادەی تەق تەق ڕێدارلای شێوە سور بۆسەیەکیان بۆ دوژمن دانا ، کاروانێکی سەربازی کە پێکهاتبوو لە ٣ ئیڤا و ٢ هینۆی پڕ لە سەرباز کەوتنە بۆسەکەوە پێشمەرگەکانی کەرکوک گوللە بارانیان کردن و کاروانە سەربازییەکەیان تێکشکاند.

زیانی دوژمن

کوژرانی ٣٠ سەرباز ، بەدیلگرتنی ١٩ سەرباز

دەستکەوت

٢٣ کلاشینکۆف
٣ ئاربی کەی
١ ئاربی جی
١ قەناس
سووتاندنی هەر پێنج ئوتۆمبێلەکە

قوربانی پێشمەرگە شەهید بوونی پێشمەرگەک بوو بە ناوی سامان ڕەجەب لە هەمان کاتدا دەستەیەکیتر لە پێشمەرگەکانی تیپی ٢١ کەرکوک لەسەر جادەی گشتی ڕێدار کەرکوک بۆسەیەکیتریان دانا ، هێزێکی دوژمن کە پێکهاتبوو لە ٤ ئوتۆمبێل هاتن بە هانای هێزەکەیانەوە ئەوانیش کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەکانی کەرکوکەوە.

زیانی دوژمن

کوژرانی ٢٠ جاش و جەیشی ناشەعبی

سووتاندنی ئوتۆمبێلێک و تێکشکاندنی دوانیتر

دەستکەوت

٤ کلاشینکۆف

بـــۆسە- شـــێوە ســـور

مەفرەزەیەکی پێشمەرگەی تیپی ٢١ی کەرکوک کاتژمێر ٤,٥ ئێوارەی ١٩٨٦/٢/٢١ بۆسەیەکیان لەسەر جادەی ڕێدار – تەق تەق لە شێوە سور دانا (٤) ئوتۆمبێلی جاش کەوتنە بۆسەکەوە ، پێشمەرگە کانی کەرکوک ئاگربارانیان کردن.

زیانی دوژمن

کوژرانی ٤ جاش ، بریندار بوونی ژمارەیەکیتر کەیەکێکیان ئامر فەوجی ٦٣ ی خەفیفە بوو.

دەستکەوت

٢ ئوتۆمبیل

١ کلاشینکۆف و ٨ مەخزەن یەک مەخزەنی حەفتاو پێنجی

سندوقێک نارنجۆکی دەستی

یەک سندوق فیشەکی بی کەی سی

یەک دەمانچەی تەنویر و ٢٤ گوللە

٨ گوللە ئار بی جی لەگەڵ کولوپەلێکی زۆر.

تـــێکشکاندنی پـــەلامارێکی دوژمـــن

کاتژمێر ٨,٥ ی سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٦/٢/٢٢ هێزێکی گەورەی دوژمن کەپێکهاتبوو لە جاشەکانی تاسلوجە – چەمچەماڵ – ڕێدار و لەیلان بە هاوکاری سەربازێکی زۆر بە پاڵپشتی ٤ دەبابە ومودەرەعە و تۆپی قورس و ٦ کۆپتەری باری و جەنگی ودوو فڕۆکەی پیلاتۆس و ٣ شۆفڵ پەلاماری هەر دوو دێی تۆمارو گورگانیاندا ، پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی کەرکوک و هێزی بەرگری

بەرەنگاری هێزە پەلامارەدەکەرەکەی دوژمن بونەوە و شەڕێکی سەختیان لەگەڵدا کردن لە ئەنجامدا هێزەکەی دوژمن شکاو بەرەو ڕێدار هەڵاتن، جارێکیتر هێزەکەی دوژمن خۆیان کۆکردەوە پەلاماریان هێنایەوە پێشمەرگە و هێزی بەرگری ناوچەکە ڕووبەڕوویان بوونەوە و شەڕ تا کاتژمێر (۳)ی دوای نیوەڕۆ خایاند، لە ئەنجامدا دوژمن بەشی هەر بەزین بوو.

زیانی دوژمن

کوژرانی زیاتر ۱۵ سەرباز و جاش

بریندار بوونی ژمارەیەکی زۆر تێکشکاندنی مودەرەعەیەک تێکشکاندنی چەند ئوتۆمبێلێک

قوربانی پێشمەرگە شەهید بوونی ۳ پێشمەرگەی قارەمان بوو کەلەکاتی کوژاندنەوەی ئاگری خانووی جوتیارەکان بە تۆپبارانی دوژمن شەهید بوون.

۱- شەهید ئیحسان کەریم فەرماندەی مەفرەزەی دەزگای پێشمەرگایەتی

۲- شەهید سەباح شەوکەت پێشمەرگەی تیپی ۲۵ خالخالان ، خەڵکی گەڕەکی ئیسکانی کەرکوک .

۳- شەهید شوکر بەکر پێشمەرگەی تیپی ۲۱ کەرکوک خەڵکی زەنگنە

گـــــرتنی ڕەبییەی کەلی ســـێکانیان
مـــــانگی 1986/5

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی ۲۱ی کەرکوک هەڵمەتیان بردە سەر ڕەبییەی کەلی سێکانیان کە چوار دەوری سەربازگەی گەورەی دوژمن بوو تەنها دە دەقیقە لە شاری کەرکوکەوە دوور بوو.

پێشمەرگەکانی تیپی کەرکوک لە ماوەی ۲۰ دەقیقەدا دەستیانگرت بە سەر ڕەبییەکەدا هەرچی تیادا بوو کوژراو دیلکرا بەمجۆرە:

کوژرانی ۷ جاشی شەعبی و ۳ سەرباز

دەستکەوت:
٩ کلاشینکۆف و ٢٥ مەخزەن
١ قەننـاسی دە خۆرو ٤ مەخزەن
٩ سندوق فیشەکی کلاشینکۆف
٢ سەندوق فیشەکی بیکەیسی
١ سندوق نارنجۆکی دەستی
١ جیهازی بێتەلی ١٠٥

شـــەڕی نەبی ئـــاوا

شـــەهید بوونی چوار پـــێشمەرگە

پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی٢١ کەرکوک لە کاتژمێر ١١,٣٠ دەقیقەی شەوی ١٢-١٣/٥/١٩٨٦لە سێ قۆڵەوە هێرشیانکردە سەر دێی (نەبی ئاوا) کە ببووە مۆڵگەی بەکرێگیراوانی داگیرکەر لە سەر جادەی نێوان هەولێر –کەرکوک . ئەو سێ قۆڵەی پێشمەرگە دوای پێنج دەقیقە شەڕ لەناو جەرگەی هێزەکانی دوژمندا یەکیانگرتەوە و بەکرێگیراوەکانی دوژمنیان تێکشکاند زیانی زۆری گیانی ومالّییان لە دوژمن دا.

زیانی زانراوی دوژمن
کوژرانی ١٨ بەکرێگیراو
زیانی مالّی دوژمن
*سوتاندنی زیاتر لە ٣٠ مالّە جاش
*سووتاندنی کارگەیەکی ئالیک کە بە ٨٠ هەزار دینار تەقدیر دەکرا
*سووتاندنی دوو قاعەی دەواجن
*سوتاندنی چەندین ئوتۆمبێل و تراکتۆر
* تەقاندنەوەی مەشجەبێک

هەر لەهەمان کاتدا و لەسەر جادەی هەولێر –کەرکوک هێزێکیتر لە پێشمەرگەکانی تیپی ٢١ کەرکوک دامەزران و لە بۆسەدا بوون.هێزێکی گەورەی دوژمن سەر بە قواتی (تەبوک) کە پێکهاتبوون لە ٦ ئیڤا ، ٢ ناقیلە، جیبێکی ١٠٦ هەڵگر ، ٢ گاز قیادە لە سەربازگەی دارەمانەوە هاتن بە فریای هێزە شکاوەکەیانەوە ئەمانیش کەوتنە بەر دەست ڕێژی گوللەی پێشمەرگە و تێکشکێندران.

زیانی دوژمن

کوژرانی زیاتر ٨٣ سەرباز

بەدیلگرتنی (٣) کەس

لە هەمانکاتدا دەستەیەکیتر لە پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی کەرکوک هێرشیانکردە سەر ڕەبییەی نزیک یارمچە و زیانی زۆریان لێدان سەرجەم کوژراوو دەستکەوتەکانی ئەم نەبەردە

*کوژرانی ١٠١ کەس.

*گرتنی دوو ناقیلە پاشان تەقاندنەوەیان.

*گرتنی یەک جێب بە تۆپێکی ١٠٦ ملم و دەیان گوللە تۆپە وە.

*گرتی یەک پیکابی شۆفرلێت بە(بی کەی سی)یەکەی سەری و ڕەکیزەو ٢٠٠٠ فیشەکەوە.

*یەک ئاربی کەی ،یەک ڕەشاشی ئاربی کەی ،١٧ کلاشینکۆف و ٣٠٠٠ فیشەک، یەک قەناس و دوو دەمانچە.

*٦ ئوتۆمبێل و تراکتۆرێک

*یەک جیهازی ڕاکاڵ بەوەحدەی تەجهیز و قودرەو موجەفیرەوە.

قوربانی پێشمەرگە شەهید بوونی (٤) پێشمەرگە بوو

١-شەهید مەناف قادر عبدولحەمید ناسراو بە کاک دارا جێگری فەرماندەی تیپی٢١ کەرکوک خەڵکی سەر دێی سەیدانی سەر خاسە.

٢-شەهید نیزام عەبدولڕەحمان جێگری فەرماندەی مەفرەزە خەڵکی دێی گۆچەکی سەرخاسە

٣-شەهید عابدین بایز خدر ناسراو بە پێشڕەو کاکەیی خەڵکی کەرکوک.
٤-شەهید حەمە شکور مستەفا خەڵکی دێی کلاوقوت.

داســـتانی ناو کـــەرکوك

ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٦/٥/٢٠ هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی تیپی ٢١ کەرکوک خۆیان گەیاندە شاری کەرکوک لە دوو قۆڵەوە هێرشیانکردە سەر دوژمن .
قۆڵی یەکەم :کاتژمێر ١١,٣٠دەقیقەی شەوهێرشیان کردە سەر سەیتەرەی جادەی گشتی کەرکوک – هەولێر لەماوەی کاتژمێرێک شەڕدا سەیتەرەکەیان بەسەردا ڕووخاندن و ژمارەیەکیان کوشت و بریندار کرد.

قۆڵی دووەم: دەستەیەکیترلە پێشمەرگەکانی تیپی کەرکوک هێرشیانکردەسەر ڕەبییەیەکی نزیک سەیتەرەکەو بەسەریاندا ڕووخاندن هەرچی تیا بوو کوژراو بریندار بوو . هاوکات مەفرەزەیەکیتری پێشمەرگەکانی کەرکوک بۆسەیەکیان نزیک سەیتەرەکە تا ناو گەڕەکی ڕەحیماوا دانا ، هێزێکی دوژمن کە پێکهاتبوو لە ٣ شۆفرلێت ، ١ ئیڤا ، ١ گاز قیادە ، ٣ لاندکرۆزەر، ١ ئوتۆمبێلی پڕ لە قوات خاسە و مغاویر و ئەمن و ئیستخبارات هاتن بە هانای سەیتەرەکەوە پێشمەرگەکان لێیاندان و بەسزای گەلیان گەیاند هێزێکیتری دوژمن ویستیان بە هانای هێزە تێکشکاوەکەیانەوە بێن ئەوانیش شکان و بە پەلە گەڕانە دواوە .
دیسان هێزێکی گەورەتر ویستیان بەرەو شەڕەکە بێن پێشمەرگەکان بۆیان دامەزرانەوە نەیانهێشت لە ماڵەکانی گەڕەکی ڕەحیماوا زیاتر بێنە پێشەوە بەم جۆرە شەڕ تا کاتژمێر (٢) ی شەوی خایەند.

زیانی دوژمن
کوژرانی زیاتر لە ٧٠ کەس لە یەک قۆڵەوە
سووتاندن و تێکشکاندنی ٩ ئوتۆمبێلی هەمەجۆر
دەستکەوت

جگە لە جیهازێکی ڕاکاڵ باقی دەستکەوتەکان لەبەر چەند هۆیەک سووتێندران.
قوربانی شەهید بوونی(٣) پێشمەرگە بوو
١-شەهید ڕزگار ئەحمەد کەڵوڕ باوکیشی لە شۆڕشی ئەیلول دا شەهید بووە.
٢- شەهید ڕەحیم ئەحمەد عەبدوڵڵا خەڵکی بنگرد.
٣-شەهید بەهادین نەجمەدین خەڵکی کەرکوک ڕەحیماوا.

1986/6/30

هێزێکی هاوبەش لە هەر دوو تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان و ٢١ی کەرکوک ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٦/٦/٣٠ سەربازگەی چەمچەماڵیان تۆپبارانکردو نیشانەکانیان پێکا.
لەو تۆپبارانەدا زەرەرو زیانی زۆر بە دوژمن کەوت سەربازگەکە گڕی تێبەر بوو بە جۆرێک تا بەرەبەیان لە دێیەکانی دەوروبەری چەمچەماڵەوە گڕو بڵێسەی سەربازگەکە دەبیندرا.

ڕەبـــییەکانی ســـورەدێ
پـــایزی 1986

کەرتە دلێرەکانی تیپی ٢١ی کەرکوک لە هەڵمەتێکی دلێرانەدا دەستیان گرت بە سەر زنجیرە ڕەبییەکانی سووڕەدێی نزیک شاری کەرکوک.
لەو هەڵمەتەداو بە پێی نەخشەی ووردو چندراو هەر کەرتە ڕەبییەیەکی بۆ دانرا لە هەڵمەتێکی خێرادا دەست بە سەر ڕەبییەکاندا گیرا، دوژمن زەرەرو زیانی زۆری لێکەوت.

لـــێدانی ڕەبییەکانی دەوری کـــەرکوک

هێزێکی هاوبەش لە کەرتەکانی ١و٢و٣و کەرتی تیپی ٢١ کەرکوک لە ئاستی دێی مۆرەکەی خوارو شۆڕیجەو سەربەستی خاسە کە ڕژێمی عێراق دوای لێدانی بیرە نەوتەکانی کەرکوک دایناببوون بۆ پاراستنی دەوروبەری کەرکوک

پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٢١ کەرکوک لە هەڵمەتێکی خێرا دا دەستیانگرت بەسەر رەبییەکانداو زیانی زۆریان پێگەیاندن بەم جۆرە

*گرتنی ٤ رەبییە و مقەر سریەیەک

*کوژرانی ١٥ چەکدار

دەستکەوت

٣ ئاربی جی

١٠ کلاشینکۆف

١ پەرەشووت

١ دەمانچە، ٢ مەخزەن حەفتاو پێنجی

٢ جیهازی ١٠٥

سووتاندنی ٣ ئیڤا

ڕێـــگەی دوز قادر کـــەرەم

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی کەرتی تیپ و کەرتی(١)ی تیپی ٥١ گەرمیان کاتژمێر دوانزەو نیوی ڕۆژی ١٩٨٧/٢/٨بۆسەیەکیان لەسەر ڕێگەی گشتی دوز قادرکەرەم دانا، کاروانێکی سەربازی کە پێکهاتبوو لە ١ ناقیلە، ٢ ئەلبی ، ١ئیڤا کەوتنە بۆسەکەوەو درانە بەر دەست ڕێژی گوللە ، شەڕ تا کاتژمێر ٤ ی ئێوارەی خایەند.

زیانی دوژمن

کوژرانی زیاتر لە ١٤ سەرباز و جاش

بەدیلگرتنی ٣ جاش

دەستکەوت

٢ ئاربی جی و ١٠ گوللە، کلاشینکۆف

٤٠مەخزەن

١ ئوتۆمبێلی ئەلبی پڕ لە ئازوقە و یاتاخ ،

جیهازی ١٠٥ بە هەموو پارچەکانیەوە
١ سندوق نارنجۆک
٢٠٠٠ فیشەکی رووسی
٢ مەخزەن دکتاریۆف
١ خێمەو ٨٠ بەتانی
هێزێکی دوژمن لە قەلغانلو هاتن بە هانای هێزەکەیانەوە ئەوانیش تێکشکێندران.

گـــرتنی رەبییەی جـــادەی گـــشتی

دوای لێدانی بیرەنەوتەکانی کەرکوک ڕژێمی عێراق حیزامی ئەمنی دروستکرد بەو نیازەی پێشمەرگە دەستیان نەگاتە ناوچەکانی کەرکوک و هەولێر، کەرتی یەکی سالّەیی تیپی ٢١ کەرکوک و بەشێک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٢٥ خالّخالّان لە کاتژمێر ٩ ی شەوی ٢٧-١٩٨٧/٢/٢٨ هێرشیانکردە سەر رەبییەی ناو حیزامی ئەمنی کەرکوک جەرگەی چەندین رەبییەی دوژمن لەسەر جادەی گشتی هەولێر کەرکوک لە ماوەی (٥) دەقیقە دا دەستیان بەسەردا گرت .

زیانی دوژمن خاپوور کردنی رەبییەکە
کوژرانی ٦ جاش
دەستکەوت
١ ئاربی جی(٧) و ١٥ گوللە
٣ کلاّشینکۆف، ١٢ مەخزەن
١٠ نارنجۆک
١ تەلەفۆن

کـــوشتنی دوو ســـیخوڕ

ڕۆژی ١٩٨٧/٣/٩ ڕژێمی عێراق دوو خۆفرۆشی نارده ناوچە ڕزگارکراوەکانی ژێر دەسەلاّتی تیپی ٢١ کەرکوک ، بەلاّم هەرزوو ئاشکرابوون دەستگیرکران ، دوای دەستگیرکردنیان کوژران.

دەستکەوت

١ کلاشینکۆف و مەخزەنێکی حەفتاو پێنجی

١ ژێر سێ

١ دەمانچە

٧ نارنجۆک

لـــێدانی قـــەرەهەنجیر

هێزێکی تیپی ٢١ کەرکوک لە شەوی ٢١-١٩٨٧/٣/٢٢ بۆ ماوەی کاتژمێرێک بە تۆپ و کاتێوشا تۆپبارانی دەزگای جاسوسی و ئەمن و مقەر لیواو مقەری جەیشی ناشەعبی و مەرکەزی شورتەو مالّە تەعریبیەکانی قەرەهەنجیریانکرد کە ٢٥ کیلۆمەتر لە کەرکوکەوە دوور بوو دەکەوتە سەر جادەی گشتی سلێمانی کەرکوک. هاوکات لەگەڵ تۆپبارانی دەزگا جاسوسیەکانی ڕژێمدا دوو دەستە لە پێشمەرگەکانی کەرتی دووی شوان هێرشیانکردە سەر ڕەبییەی حیمایەی ناحیەکە لە ماوەیەکی کەمدا دەستیان بەسەردا گرت.

زیانی دوژمن لەو ڕەبییەدا

کوژرانی ٦ جیشی ناشەعبی

دەستکەوت

٤ کلاشینکۆف

١ ڕەشاشی ئار بی کەی

دەستەیەکیتری کەرتی (٣) شەهیدان هێرشیانکردە سەر ڕەبییە یەکیتری حیمایەی ناحیەکە لە ماوەی پێنج دەقەدا دەستیان بەسەردا گرت و خاپوریانکرد.

زیانی دوژمن

کوژرانی ٦ جەیشی ناشەعبی

دەستکەوت

۱ ئاربی جی و ۱۵گوللە

یەک قەناس

یەک پەرەشوت

٥ کلاشینکۆف و ٤٠٠٠ فیشەکو یەک تەلەفۆن

دوای تۆپبارانی چڕ دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی کەرتی یەکی سالەیی هێرشیانکردە ناو شاری قەرەهەنجیر و گەڕان بە دوای خۆفرۆشان و مالە تەعریبییەکاندا دوای پشکنین رەفیق حیزبیەک گوللە باران کرا .

دەستکەوت

۱ کلاشینکۆف و مەخزەنێک

قوربانی دوو شەهید بوو

۱-شەهید ڕەحمان ئەحمەد کەریم فەرماندەی کەرتی دووی شوان .

۲-شەهید سواره عەبدوڵڵا محەمەد پێشمەرگەی کەرتی تیپ.

(ڕستێك ملوانكەی خوێناوی بە گەردنی كەركوكەوە)
بنەماڵەی سااڵح سەعید

لە نیوەی یەكەمی سەدەی ڕابردوو خێزانێک دێی مۆرخواردەی بناری خاڵخاڵانیان جێهێشت و ڕوویان كردە شاری كەركوک، گڕوگڵپەی ئاگرەكەی بابە گورگور ئامێزی گەرمی ئەوان بوو، كەركوک باوەشی بۆ كردنەوەو بووە ماڵی گەرم و گوڕی ئەوان.

بنەماڵەی سااڵح سەعید و كوڕەكانی، هەر زوو تێكەاڵوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی كورد بوون، دۆخی كەركوک و داگیركردنی لە الیەن ڕژێمی عێراق، بەهەدەردان و بەتااڵنبردنی نەوتی كەركوک و سەروەت و سامانی ژێر زەوی ئەو شارە، دەركردنی خێزانە كوردە ڕەسەنەكانی كەركوک و نیشتەجێكردنی عەرەب لە جێگەیان ، تەعریب كردنی زمانی كوردی و قەدەغەكردنی خوێندن بە زمانی دایک، دەیان و دەیان غەدرو دەستدرێژی بۆ سەر موڵک و ماڵی كورد، هەوێنی توڕەیی بەرانبەر داگیركەرو هەستكردن بە بەرپرسیارێتی بوو بەرانبەر شاری كەركوک و دۆزی ڕەوای خەڵكی كوردستان، هەر بۆیە سەرەتا دكتۆر هادی دواتریش كوڕەكانیتری سەعید سااڵح لە ڕیزەكانی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان و كۆمیتەی ئاگردا خۆیان بینییەوە، لە ڕیزەكانی ڕێكخستندا خەبات و تێكۆشانیان دەستپێكردو درێژە پێدا.

دكتۆر هادی سەعید سااڵح لە ڕێزی ڕێكخستنەكانی كۆمیتەی ئاگر بوو، ڕوویكردە شاخ و بووە پێشمەرگە، كۆمیتەی ئاگری بۆ هاوڕێكانی جێهێشت و بەوانی سپارد.

مانگی ٤ی سااڵی ١٩٨٧ ڕێكخستنەكانی (ی ن ک) لە گەڕەكی ڕەحیماوای شاری كەركوک چاالكییەكیان ئەنجامداو بۆمبێكیان فرێدایە ناو ئۆتۆمبیلێكی ئەمنەوە.

لە تۆڵەی ئەو چاالكییەدا دامووەزگاكانی ئەمن، ئیستخبارات لە ناو شاری كەركوكدا و لە گەڕەكە كوردنشینەكان چەندین كەسیان دەستگیر كرد، لە گەڕەكی كوردنشینی ڕەحیماواش سااڵح سەعید و كوڕەكانی دەستگیر كران.

لە ڕۆژی ١٩٨٧/٤/٢٤ ڕەفیق سااڵح سەعید یەكێک لە شەش كوڕە دەستگیركراوەكەی

سالّح سەعید لە بەردەم مالّی خۆیان لە گەڕەکی ڕەحیماواو لە تۆلّەی ئەو چالاکییەدا بە بەرچاوی خەلّکەوە گوللەبارانکرا، پێنج براو باوکیشی بێسەرو شوێن کران، کە ئەم نەمرانەن:

١/ شەهید سالّح سەعید
٢/ شەهید ڕەفیق سالّح سەعید
٣/ شەهید عادل سالّح سەعید
٤/ شەهید مەهدی سالّح سەعید
٥/ شەهید عەبدولوەهاب سالّح سەعید
٦/ شەهید سەلّاحەدین سالّح سەعید
٧/ شەهید سەعدون سالّح سەعید

هێشتا زام و کۆستی ئەم شەهیدانە ساڕێز نەببوو لە ١٩٨٨/٣/٢٣ لە کیمیابارانی شاناخسێ دا (دکتۆر هادی)یش شەهید بوو بووە هەشتەمین شەهیدی بنەماڵەکەی.

دکتۆر هادی دکتۆری شۆڕش بوو، تا کاتی شەهید بوونی دکتۆری هەزاران زام و برین بوو، لە هەمان کاتدا چەتۆ سالّح برای دکتۆر هادی و شەهیدانی دیکە پێشمەرگە بوو، بەمجۆرە خێزانێک شەهید و پێشمەرگە بوون لە پێناوی ڕزگاری کوردستاندا.

گـــرتنی ڕەبییەی ســـەرکەلی سمـــایل بـــەگی مـــانگی 1987/5

کەرتی دووی شوان بە فەرماندەیی ڕەوەند مەلا مەحموود بەرەو گرتنی ڕەبییەی سمایل بەگی بەڕێکەوتن لە دوو لاوە هەڵمەتیان بردە سەر ڕەبییەکەو دەستیان بە سەردا گرت.

زیانی دوژمن:

کوژرانی ٥ سەربازو ١٢ جاش
بەدیلگرتنی ٤ جاش

دەستکەوت:

٧ کلاشینکۆف

١ هاوەن

چەند ئاربیجییەک

سەباح سەقزلی پێشمەرگەی کەرتی دووی شوان بریندار بوو چاوێکی لە دەستدا

تـــێکشکاندنی هـــێرشی دوژمـــن
1987/5/23

هێزێکی گەورەی دوژمن بە پاڵپشتی دەبابەو ناقیلە و کۆپتەر لە ڕۆژی ١٩٨٧/٥/٢٣ پەلاماری دێیەکانی تۆمارو گورگان و قەمەریاندا.

تۆپخانەی دوژمن لە سەر لە بەیانییەوە بۆ پاڵپشتی هێزەکەی دوژمن دێیەکانی تۆپبارانکرد، هێزێکی پێکهاتوو لە پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی ٣ی چیمەنی تیپی ٢١ی کەرکوک، مەفرەزەیەکی حزبی شیوعی عێراقی و مەفرەزەیەکی پارتی چەند پەلاماریکی یەک لە دوای یەکی دوژمنیان تێکشکاند.

کۆپتەرەکانی دوژمن تا کاتژمێر ٦ی ئێوارە دێیەکانی تۆمارو گورگان و قەمەرو سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان ڕۆکێت بارانکرد، لە ئەنجامی ئەو شەڕەدا ژمارەیەکی زۆر لە دوژمن کوژران بریندار بوون ،لەو شەڕەدا عادل غەریب ناسراو بە ڕێباز پێشمەرگەی تیپی ٢١ی کەرکوک شەهید بوو.

تـــەوەکەل- ئـــاغجەلەر
1987

کەرتی دووی شوانی تیپی کەرکوک، تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان و تیپەکانی سێ سلێمانی و ٣٧ی شارباژێڕ لە ناحیەی ئاغجەلەرو ڕەبییەکانی تەوەکەلیاندا.

مقەڕ فەوجێک و ٨ ڕەبییە لە لایەن کەرتی دووی شوان و تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان دەستیان بە سەردا گیرا.

کەرتی دووی شوان و مەفرەزەیەکی کەرتی یەک هەڵمەتیان بردە سەر بارەگای فەوجێک و گرتیان، لە گرتنی فەوجی تەوەکەلدا دوو پێشمەرگەی قارەمانی کەرتی دووی شوان شەهید بوون:

١/ شەهید سەباح خەڵکی ئیمام قاسم، جێگری مەفرەزە

٢/ شەهید ڕۆستەم قەفاری جێگر مەفرەزە، شەڕی تەوەکەڵ- ئاغجەلەر بە فەرماندەیی کاک وەهاب بوو.

بـــناری خاڵخاڵان – چـــالاکی

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی کەرتی (٢)ی تیپی ٢١ کەرکوک و مەفرەزەیەکی حیزبی شیوعی عێراق لە کاتژمێر ١١,٣٠ دەقیقەی شەوی ٢-١٩٨٧/٦/٣ هێرشیانکردەسەر هێزەکانی دوژمن لە بناری خاڵخاڵان و تورکمان باخ ، لە ئەنجامدا زیانی زۆریان بە دوژمن گەیاند .

١-کوژرانی زیاتر لە ٣٠ مغاویر

٢-بەدیلگرتنی ١ مغاویر

٣-دەستکەوتەکان ٢ ئاربی جی ،٢ ڕەشاشی ئاربی کەی، ١٦ کلاشینکۆف

٤- تەقاندنەوەی ١ دەبابە

٥- تێکشکاندنی هاوەنێکی ١٢٠ ملم ،٨١ ملم سوتاندنی ئیقایەک

قوربانی پێشمەرگە (٣) شەهید بوو.

شـــەڕی تـــوڵکی

کەرتی یەکی سالّەیی بەرەو لێدانی هێزی دوژمن بەڕێکەوتن ڕۆژی ١٩٨٧/٦/١٦هێزێکی دوژمن هاتبوونە ئاوایی توڵکی ، هێزێکیتر هاتبوونە سەر شاخە جیقنە پێشمەرگەکانی کەرتی یەکی سالّەیی بۆیان سەرکەوتن و لێیاندان و ژمارەیەک کوژراو و بریندارییان پێجێهێشتن.هێزێک بە سەرپەرشتی سەرباز مام حسین فەرماندەی کەرتی یەکی سالّەیی لە توڵکی ڕووبەڕووی دوژمن بوونەوەلەو شەڕەدا

سەرباز مام حسین بریندار بوو، هێزی دوژمن بارق الحاج حنطه سەرپەرشتی دەکرد لەگەڵ لێدانی پێشمەرگە بارق بریندار بوو دوای شەڕێکی قارەمانانەی کەرتی یەکی سالّەیی تیپی ٢١ کەرکوک لەگەڵ دوژمن ،هێزەکەی دوژمن شکان و زەرەرو زیانی زۆریان بەرکەوت.

لەو شەڕەدا دوو پێشمەرگەی قارەمان شەهید بوون بەم ناوانە

١-شەهید مام کەریم

٢-شەهید مەلا یوسف

چـــالاکی شیوە ســـوور
مـــانگی 1987/6

کەرتی دووی شوانی تیپی ٢١ی کەرکوک لە شیوە سوور بۆسەیەکیان بۆ دوژمن دانا کاروانێکی سەربازی کەوتە بۆسەکەوە، پێشمەرگەکانی کەرتی دووی شوان دایانننە بەر دەستڕێژی گوللە ژمارەیەک لە هێزەکەی دوژمن کوژرا ئیڤایەک و پیکابێک دەستکەوت بوون.

بـــۆسە
ســـلێمانی - کـــەرکوك

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی کەرتی تیپو کەرتی (٣)ی تیپی ٢١ ی کەرکوک لە کاتژمێر ١٢,١٥ دەقیقەی شەوی ٢-١٩٨٧/٧/٣ بۆسەیەکیان لە سەر جادەی گشتی سلێمانی کەرکوک دانا کاروانێکی سەربازی کەوتە بۆسەکەوە و گوللە بارانکرا .

زیانی دوژمن

تێکشکاندنی ١ موددەرەعەی جۆری ئارانۆف، ١ ئوتۆمبێلی سەربازی ،١ جێپ

دەستکەوت

١ کلاشینکۆف

٣ سندوق فیشەکی بی کەی سی

بـــۆسە- چـــالاکی

دەستەیەک پێشمەرگەی تیپی ٢١ کەرکوک لە رۆژی ١٩٨٧/٩/١٩ لەسەر جادەی شێوە سور بۆسەیەکیان دانا. کاتژمێر ٢,٣٠ دەقیقەی دوانیوەڕۆ ئوتۆمبێلێکی بەرازیلی کەوتە بۆسەکەوە دەستی بەسەرداگیرا لەئەنجامدا ٣ چەکدار بەدیل گیران.

دەستکەوت

٢ کلاشینکۆف

١ دەمانچە

١ ئوتۆمبێل

کۆمەڵێک بەڵگەنامە

هـــاتنی بـــارق
هـــاوینی 1987

بارق الحاج حنطە هێزێکی گەورەی هێنا بووە بناری خاڵخاڵان هۆمەرمەندانی تەختکرد بوو بەو بنارەدا هاتبووە کارێزە تورکمان باخی تەختکرد بوو هێزەکەی لە ناو تورکمان باخ مۆڵدا بوو.

بڕیار وابوو لە چەند قۆڵێکەوە هێرش بکرێتە سەر هێزە مۆڵخواردووەکەی بارق:

- حاجی هەڵمەت لای تەرەقەوە هێرش بکات
- ڕەوەند لای کارێزەوە
- سیروان کوێخا نەجم لە سەر خاڵخاڵانەوە
- کاک کۆسرەت، کاک سەرباز لە کانی ڕەشەوە

کەرتی دووی شوان ئێوارە لە مۆرخواردە بوون بە دووربین تەماشای شوێنەکانیان دەکرد چوونە خوارەوە بۆ نزیک کارێزە، مەفرەزەیەکی ٢٠ کەسی حزبی شیوعی هاتن کاک جوامێریان لە گەڵدا بوو کەرتی ٢ی شوان بە فەرماندەیی ڕەوەند مەلا مەحموود ٥٠ پێشمەرگە بوون.

هێزەکەی حزبی شیوعی لە گەڵ هێزەکەی کەرتی ٢ی شوان یەکیانگرت.

کە شەو داهات هێزەکەی کەرتی ٢ی شوان و مەفرەزەکەی حزبی شیوعی بە فەرماندەیی ڕەوەند بەرەو مۆڵگەکانی دوژمن بەڕێکەوتن.

سووپای دڕەندەی عێراق چەند ڕۆژ پێشتر چەکی کیمیایی لە سەر دێیەکانی سنوورەکە بەکار هێنابوو بارەگای بارق لە تورکمان باخ بوو (١١) ڕەبییەی لە پێش خۆیەوە دانا بوو.

لە هەڵمەتی یەکەمدا ١١ ڕەبییەکەی دوژمن دەستی بە سەرداگیرا، بەڵام لە قۆڵەکانیترەوە تەقە نەبوو.

دوای گرتنی ١١ ڕەبییەکە هێزەکەی کەرتی ٢ی شوان و حزبی شیوعی هێرشیانکردە سەر مۆڵگەی دوژمن زیاتر لە ٩٠ سەربازیان کوشت.

هەڵکەوت فەرماندەی مەفرەزە بوو ئاربیجییەکی لە سەربازگەکەی دوژمندا یەکپارچە بوو بە تەقینەوە دوای ئەوەی قۆڵەکانیتر خامۆش و بێدەنگ بوون ناچار کشانەوە.

لە کاتی پاشەکشەدا سێ پێشمەرگە شەهید بوون نەسرەدین خەڵکی پیرجان بوو فیشەکێک لێیدا قاچی شکا نەتواندرا ڕزگار بکرێ و جێما.

سەیفەدین خەڵکی بیر ئەسپان بوو کەوتبووە لای مەفرەزەکەی حزبی شیوعی، لە کاتی هێرشکردندا پووش و پەڵاش گڕی گرتبوو کەوتبووە ناو پووش و پەڵاشەوە لاشەکەی سووتا بوو.

گیڤارا پێشمەرگەی حزبی شیوعی بوو کەوتبووە ناو هێزەکەی کەرتی ٢ شەهید بوو، پێشمەرگەکانی کەرتی ٢ی شوان تەرمەکەیان دەرباز کرد.

شەڕێکی قورس و نابەرابەر بوو لەو شەڕەدا گورزی کاریگەر لە دوژمن درا زیانی گیانی و ماددی زۆری لێکەوت بۆ بەیانی چوونە دێی شێخان کۆپتەر هاتە سەریان بە ڕۆکێت دێیەکەی کاولکرد.

دێـــی عەلی بـــەیان
هـــاوینی 1987

کەرتی دووی شوان لە دێی پەڵکانە بوون گرمە گرمێکی زۆر دەهاتە گوێ بۆ ئێوارەکەی سواری ئۆتۆمبێل بوون و سەرکەوتن کە نزیک بوونەوە دێی عەلی بەیانیان بینی دیمەنێکی تراژیدی و خەمناکی هەبوو دێیەکە تەختی زەوی کرابوو، ژن و منالّی عەلی بەیان هەر یەکەی چەند لێفە شرێک و چەند سەر مەڕێکیان پێبوو لە دێیەکە هاتبوونە دەرەوە دیمەنێکی زۆر خەمناک بوو.

پێش دەستپێکردنی پرۆسەکانی ئەنفال ڕژێمی عێراق دێیەکانی تەخت دەکرد بەڵام خەڵکەکەی نەدەبرد.

دیمەنی دێی عەلی بەیان زمانی پێشمەرگەکانی لە گۆخستبوو نەیاندەزانی چی بە خەڵک بڵێین، کە چوونە ناو خەڵکەکە پێیانووتن ئێوە لە کوێ بوون ئەو کاتەی کە هاتن دێیەکەیان تەختکرد، پێشمەرگەکان قسەکەیان پێنەبوو پێیان بڵێن.

**چەند ڕۆژێک پێشتر لە کۆبوونەوەیەکدا بڕیار درابوو لە چەند لایەکەوە هێرش بکرێتە سەر مۆڵگەو ڕەبییەکانی دوژمن کە بارق فەرماندەیان بوو بەڵام بڕیارەکە هەڵوەشابووەوە بێ ئەوەی کەرتی ٢ی شوان ئاگادار بکەنەوە.

گـــرتنی ڕەبـــییەی
ســـەر چەمەکەی گـــەلاڵی
پـــاییزی 1987

هێزەکانی دوژمن زنجیرەیەک ڕەبییەیان لە سەر جادەی ئاڵتون کۆپری کەرکوک دانابوو، هێزی سەربازی لە سەر گردوو تەپۆڵکەکانی ناوچەکە دانرابوون.

زنجیرەیەک ڕەبییە لە پشتی یارمچە و بیبانی دانرابوون بۆ ئەوەی پێشمەرگە نەتوانێت بچێتە قولّایی ئەو ناوچانە بەو هۆیەوە سێ زنجیرە ڕەبییەی وەکو پشتێنەیەک بۆ ڕێگری لە جموجۆڵی پێشمەرگە دروست کردبوو.

ڕەبییەی سەرچەمەکەی گەلاڵی ١١ بۆ ١٥ سەربازی تیابوو خەڵکیان

هەراسانکردبوو ئـازاری خەڵکیان دەدا، خەڵکی ناوچەکە سکاڵایان هێنایە لای پێشمەرگە.

کەرتی دووی شوان بە فەرماندەیی ڕەوەند مەلا مەحموود کەرتێکی تیپی ٢٥ خاڵخاڵان بە فەرماندەیی ئاسۆ سوور هێزێکی هاوبەشیان پێکهێناو چوونە سەر ڕەبییەکە لە گەڵ لێدانی یەکەم ئاربیجی دەستیانگرت بە سەر ڕەبییەکەدا.

٩ سەرباز لە ناو ڕەبییەکەدا کوژران ئەوانیتر هەڵاتن

ڕەبییەکەیان ئاگر تێبەردا

دەستکەوت ٧ کلاشینکۆف بوو

هێزی پێشمەرگە سەرکەوتووانە گەڕانەوە

کـــارگەی قـــیری چـــەمچەماڵ
کـــۆتایی 1987

کەرتی یەکی سالەیی، کەرتی ٢ی شوان، کەرتی ٣ی شەهیدانی تیپی ٢١ی کەرکوک لە هەڵمەتێکدا دەستیانگرت بە سەر کارگەی قیری چەمچەماڵ و ڕەبییەی کارگەی قیرەکەو سووتاندیانن.

جەیشی شەعبییەکانی ناو ڕەبییەکە تەسلیم بوون ١٢ کلاشینکۆف، قەناس، ئاربیکە دەستکەوت بوون

٢٤ گەلابە سووتێندران

کارگەی قیرەکە، کەسارەو مەکینەی کارەبایی و ٢٤ گەلابەی تیابوو

ڕەبییەکە ١٢ جاشی شەعبی تیابوو

نزیک بارەگای فیرقەی سەربازی چەمچەماڵ بوو

گـــرتنی رەبییەی- کـــــەرکوك

مەفرەزەیەکی کەرتی (٣) ی تیپی ٢١کەرکوک لە شـەوی ١٢-١٩٨٨/١/١٣ هێرشیان کردە سەر رەبییەیەکی دوژمن لە نزیک گەڕەکی ئازادی شاری کەرکوک و دەستیان بەسەردا گرت.

زیانی دوژمن

کوژرانی ٣ سەرباز

دەستکەوت

٤ کلاشینکۆف

١ رەشاشی ئار بی کەی

شـــیوە سور – چـــــالاکی

مەفرەزەیەکی تیپی ٢١ کەرکوک لە رۆژی ١٩٨٨/١/١٧ بۆسەیەکیان لەسەر ڕێگەی ڕێدار – تەق تەق لە شیوە سور دانا ،دوو ئوتۆمبێل کەوتنە بۆسەکەوە و گوللە بارانکران لە ئەنجامدا ٨ جاش کوژران .

دەستکەوت

٥ کلاشینکۆف و ١٢ مەخزەن

١ دووربین

تێکشکاندنی ٢ ئوتۆمبێل

شـــــەڕەکانی ســـــەرکردایەتی 1988

کەرتی ٢ی شوان تیپی ٢١ی کەرکوک بانگکرانە سەرکردایەتی ماوەیەک لە سنگر، مێولاکە و خەجە لەرزۆک بوون تۆپبارانی سەخت و پەلاماری یەک لە دوای یەکی دوژمنیان لە سەر بوو بەلام کەرتی دووی شوان بەرگری کەم وێنەیان کردو پەلامارەکانی دوژمنیان شکاند.

بـــرووسکەیەك

بە بروسکەیەک کەرتی دووی شوان ئاگادار کرانەوە بچنە سەرکردایەتی، پێیانووتن فشار لە سەر سەرکردایەتییە بچنە شەدەڵە ناردیاننە هۆمەر قەوم دوو خاڵیان لەوێ دانا دواتر ناردیاننە پشتی گاپیلۆن.

کاک نەوشیروان فەرماندە کەرتەکانی تیپەکانی بانگکرد کە لە سنوورەکە بوون لە ماڵی خۆیان کۆبوونەوەی پێکردن باسی لەوە کرد وەحدات دروست بکەین وەحدەکان خەڵکی چالاک و گورجو گۆڵی تیا بێت باقی هێزەکان بکشێنەوە.

سەرکردایەتی (ی ن ک) بڕیاریدا ژمارەیەک کادر بنێرێتە ئێران بۆ دەورەیەک، ڕەوەند مەلا مەحموود فەرماندەی کەرتی دووی شوان یەکێک لەو کادرانە بوو دەبووایە بچێت بۆ دەورەکە.

ڕەوەند کەرتەکەی دایە دەست سابیر خلە گەڕی جێگری کەرتی دوو پێیووت تۆ فەرماندەی کەرتەکە بە مۆری کەرتەکەی تەسلیم کردوو ڕۆیشت.

حەفتاو پێنج کادر نێردرانە ئێران، یەکەمجار بردیاننە گەیلان غەرب لەوێشەوە بۆ تاران بۆ دانیشگای ئیمام حسێن لە تیپی ٢٢ هەوا بورد ٦ مانگ لەوێ مانەوە دوای تەواو کردنی دەورەکە گەڕانەوە.

دوای گەڕانەوەیان کاک نەوشیروان بە ڕەوەندی مەلا مەحموود و حاجی هەڵمەتی ووت دوانزە زەمالەی خوێندنم بۆ هاتووە دوانی دەدەمە ئێوە بچن بخوێنن بەڵام ڕەوەند و حاجی هەڵمەت زەمالەکەیان ڕەت کردەوەو لە جێگەی خۆیان دوو پێشمەرگەی برا شەهیدو بریندارییان دەستنیشان کردو گەڕانەوە شەڕگەکان.

ڕێـــکخستنەکان لە ئـــێڕاندا
1991-1989

لە سەر داوای کاک نەوشیروان مەلا شاخی کرایە لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە- یەکێتی لە ئازەربایجانی غەربی.

هـەروەک لە ئۆردوگاکانی لاوێن لە شیمالی پیرانشار، ئۆردوگای دێڵزی لە بناری قەندیل، ئۆردوگای ڕەبات، ئاوارەی شارەکانی ئێران- ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەڵکیان ڕێکدەخست، پەیامی شۆڕشیان پێدەگەیاندن، ڕووحی خۆڕاگرییان لە نێوانیاندا دەچاند، ئومێدیان دەدانێ.

مەلا شاخی و هاوڕێکانی لە ڕێکخستنەکانی ناو شارەکان مانگانە ڕاپۆرتیان لە سەر دۆخی ئۆردوگاکان- شارەکان- دۆخی خەڵک دەدایە کاک نەوشیروان.

تـــــیپی (55)ی قـــــەرەداخ
دوو

تـــیپی (55)ی قــەرەداخ

دوای هەڵوەشاندنەوەی هەرێمی (٥)ی قـەرەداخ تیپی ٥٥ی قـەرەداخ پێکهات، سنووری تیپەکە ناوچەکانی قەرەداخی دەگرتەوە، تیپی قەرەداخ لە چەند کەرتێک پێکهات.

پـــێکهاتەی تـــیپی (55)

مام ڕۆستەم فەرماندەی تیپ

شێخ جەعفەر جێگری فەرماندەی تیپ

فـــەرمانده کـــەرتەکان

- مەحموود سەنگاوی فەرماندەی کەرت (١)
- مەولود گوڕبازی فەرماندەی کەرت (٢)
- مەحموودی مامە عەزە فەرماندەی کەرت (٣)
- مامە عەلە (عەلە ڕەش) فەرماندەی کەرت (٥)

دوای ماوەیەک مام ڕۆستەم گواستراوەتیپی ٢١ی کەرکوک حامیدی حاجی غالی کرایە فەرماندەی تیپی (٥٥)ی قەرەداخ.

مەحموود سەنگاوی لە تیپی قەرەداخ گواستراوەتەو کرایە جێگری تیپی ٥٧ی سەگرمە، حەمە سەعید سێتەڵانی لە جێگەی کرایە فەرماندەی کەرت، دواتر مەحموود سەنگاوی هاتەوە تیپی قەرەداخ و جێگری فەرماندەی تیپ بوو.

- ساڵی ١٩٨٣ نورەدین سەید قادری باخچە کرایە فەرماندەی کەرتی (٥)ی تانجەڕۆ
- ساڵی ١٩٨٤ خولەی جگەر (خاڵە نەبەز) کرایە جێگری تیپ.

شـــەڕی ژاڵـــەی دەربـــەند

مام ڕۆستەم فەرماندەی تیپی ٥٥ی قەرەداخ بوو شێخ جەعفەر جێگری تیپ بوو، هێزێکی تیپی ٥٥ی قەرەداخ لە دێی ژاڵەی دەربەند بوون.

هێزێکی دوژمن بە پشتیوانی چەندین کۆپتەری بارهەڵگر لە بناری سەگرمەو

بەرزاییەکانی ئاوایی ژاڵەی دەربەند سەربازێکی زۆریان دابەزاند، لە جادەشەوە ناقیلەو هێزێکی زۆری دوژمن گەمارۆی دێکەیاندا پێشمەرگەکان لە ناو دێدا دامەزران و سەنگەریان گرت، کۆپتەرو ناقیلەکان بە شەستیر و ڕۆکێت لە ناو دێیان دەدا.

شەڕ لە کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆوە دەستیپێکرد پێشمەرگەکانی تیپی ٥٥ی قەرەداخ شەڕی گەورەیان لە گەڵ هێزەکەی دوژمندا کرد ناقیلەکان لە ناو دێ نزیک کەوتبوونەوە چوار پێشمەرگە لە خانوویەکدا لە لایەن ناقیلەکانەوە گەمارۆ درابوون، پێشمەرگەکان بە نارنجۆک گەمارۆی ناقیلەکانیان شکاندو ڕاویاننان.

شەڕ بۆ ماوەی ٩ کاتژمێر بەردەوام بوو، پێشمەرگە شەڕی مان و نەمانی لە گەڵ دوژمندا کرد.

لە شەڕی ژاڵەی دەربەنددا دوژمن زیانی زۆری بەرکەوت، وەی شکاو لوتی لە سەگرمەدا، کۆپتەرەکان لە بەردەم لوولەی چەکی پێشمەرگەدا بچووک و بەزیو بوون.

زیـــانی دوژمـــن

پێکان و کەوتنە خوارەوەی دوو کۆپتەر

کوژرانی ١٢ جاش و ١٩ سەرباز

زیـــانی خەڵک و پـــێشمەرگە

سووتاندنی ٣ ماڵ

شەهید بوونی هاوواڵاتییەک

بریندار بوونی مام ڕۆستەم فەرماندەی تیپی ٥٥ی قەرەداخ

گـــرتنی ڕەبـــییەیەك

مەفرەزەیەکی تیپی ٥٥ی قـەرەداخ لە مانگی ٦ی ساڵی ١٩٨٢ هێرشیانکردە سەر ڕەبییەی (هەسەن کارێ) و زیانی زۆریان پێگەیاندن لەو شەڕەدا (زۆراب) فەرماندەی مەفرەزەکە بریندار بوو.

چـــالاکی نـــاو شـــار

هەر لە مانگی شەشدا مەفرەزەیەکی تیپی ٥٥ی قـەرەداخ چوونە ناو شاری سلێمانی لای خانەکەی عەبەی شامحەمەد لە گەڕەکی خەبات کەوتنە بۆسەی قوات خاسەوە، پێشمەرگەکان شەڕێکی قارەمانانەیان لە گەڵدا کردن.

زیانی دوژمن:

کوژرانی ٦ قوات خاسە

پێشمەرگەیەکی مەفرەزەکە بە ناوی یاسینی حاجی سالّحی کەریمان بریندار بوو

شـــەهید بوونی دوو پـــێشمەرگە

مانگی ٦ی سالّی ١٩٨٢ کەرتی یەکی قەرەداخ بە فەرماندەیی مەحموود سەنگاوی لە گەڵ جاشەکانی زەڕایەن کەوتنە شەڕەوە دوای شەڕێکی چەند کاتژمێری زیانی زۆریان بە دوژمن گەیاند.

قوربانی کەرتی قەرەداخ لەو شەڕەدا شەهید بوونی دوو پێشمەرگە بوو:

١/ شەهید ڕەفیق حەمەی کەریم باریکەیی، دوای بریندار بوونی بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەست جاش خۆی شەهید کرد

٢/ شەهید عەلی عومەر

لـــێدانی ئـــیسلامیەکان

1982/7/23

تیپی ٥٥ی قەرەداخ هاوشانی تیپەکانیتری پێشمەرگە بەشداریانکرد لە چەککردنی لەشکری ئیسلامیدا.

لە چەککردنی ئیسلامیدا ١١٦ کلاّشینکۆف و ٧ ژێرسێ دەستکەوت بوو، دوای چەککردنی ئیسلامییەکان لە قەیوان تیپی ٥٥ی قەرەداخ چەکەکانیان بردە مالومە لەوێش تووشی شەڕ بوون دوو دۆشکە دەستکەوت بوو.

گـــرتنی مـــۆڵگەیەك

پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی ٣ی دەربەندیخانی تیپی ٥٥ی قەرەداخ لە شەوی ١٩٨٣/٢/٥/٤ چوونە ناو ئۆردوگای عەربەت هێرشێکی کتوپڕیان کردە سەر مۆڵگەی جاشە شەعبییەکان و دایانە بەر دەستڕێژی گوللەو چەکی هەمە جۆر هێزەکانی دوژمن لە چەند لایەکەوە هاتن بە فریای مۆڵگەکەوە پێشمەرگەکان لەوانیشیاندا پاش نیو کاتژمێر شەڕی بەردەوام دەستیانگرت بە سەر مۆڵگەی جاش شەعبییەکاندا.

دەستکەوت:

دەستگیرکردنی ١١ جاش

گرتنی ٦ کلاشینکۆفی یەک لاق و ٤٣ شانە

٣ دەمانچەی جۆراجۆر و یەک تەلەفون

شـــەڕی ئـــاوەکەڵە
1983/2/9

ڕۆژی ١٩٨٣/٢/٩ کەرتی دووی شـارەزووری تیپی ٥٥ی قـەرەداخ چوونە قەرەگۆل لە گەڵ جاشدا تووشی شەڕ هاتن، لە گەڕانەوەدا چوونە دێی ئاوەکەڵە و شەو لەوێ مانەوە.

پێشمەرگەکانی تیپی قەرەداخ کەمینیان دەرکردبوو ئەو شەوە هێزێکی دوژمن هاتبوونە سەر شاخی خەنجەرە، کەمینەکە پێشمەرگەکانی ناو دێیان لە هاتنی دوژمن ئاگادار کردەوە.

کەرتی دووی شـارەزوور هـەژدە پێشمەرگە بـوون حەمە سەعید سێتەڵانی فەرماندەی کەرتەکە کردنی بە دوو بەشەوە.

نۆ پێشمەرگە لە ناو دێ مانەوە ئەوانیتر چوونە پشتی دێیەکە خەڵکی ئاوەکەڵە لە ماڵەکان دەرچوون.

دەمەو بەیانی جاش و سەرباز بەرەو ناو دێ هاتن پێش ئەوەی بگەنە ناودێ پێشمەرگەکان تەقەیان لێکردن، یەکەم دەستڕێژ چەند جاشێک کـوژران شەڕ دەستیپێکرد کۆپتەر هاتە سەر ئاسمانی شەڕەکە لە کاتژمێر ٧ی بەیانی تا ٤ی ئێوارە شەڕ بەردەوام بوو، تۆپخانەی دوژمن بە سەختی تۆپبارانی ئاوەکەڵەیدەکرد.

جگە لە لێدان و شکاندنی هێزە پەلامارەرەکەی دوژمن پێشمەرگە قارەمانەکانی قەرەداخ لە بەرانبەر کۆپتەردا بەرگری کەم وێنەیانکرد لە ناو کۆپتەرێکدا ئەفسەرێک بە پلەو ناوی ملازم حەسەن پێکراو بریندار بوو پێشمەرگەکان لە ڕێگەی FM گوێیان لێبوو دەیانووت ملازم ئەوەل حەسەن بریندارە.

حـــزبی شیوعی لە فـــەقیرە

لە پشتی ئاوەکەڵەوە دێی فەقیرە بوو حزبی شیوعی چووبوونە ئەوێ، خاتوو سەعدە ژنێکی سـەلاری فەقیرە بوو لەو ژنانە بوو دەمانچەی دەبەست کاتێک پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی چووبوونە ناودێ خاتوو سەعدە پێیوتبوون نانتان

نادەینێ ئەوە براکانتان لە ئاوەکەڵە لە شەڕدان گوێتان لە تەقەکانە بڕۆن بۆ ئەوێ خۆمان نانتان بۆ دێنین.

پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی لە فەقیرەوە بەڕێکەوتن هاتن بە فریای پێشمەرگەکانی قەرەداخەوە.

لە دوای نیوەڕۆوە شەڕ گەرمتر بوو حامیدی حاجی غالی و هێزێک بەرەو ئاوەکەڵە هاتن (بی کەی سی) یان پێبوو.

هێزەکەی حزبی شیوعی حەفارۆفیان پێبوو (بی کەی سی) و حەفارۆفەکە ڕۆڵی دیاریان بینی بە تایبەت لە لێدانی کۆپتەرەکاندا، لەو شەڕەدا ژمارەیەک جاش کوژران و تەرمەکانیان جێما.

پێشمەرگەیەکی تیپی ٥٥ی قەرەداخ بە ناوی کەریم سیارەیی شەهید بوو، لە گەڵ شکانی هێزەکەی دوژمن خەڵکی دێیەکانی دەوروبەر بە نان و خواردنی زۆرەوە هاتنە ئاوەکەڵە.

شەڕی ئاوەکەڵە سەرکەوتنێکی گەورەی تیپی قەرەداخ و کەرتی شارەزوور بوو دەنگدانەوەی گەورەی بە دوای خۆیدا هێنا.

تـــیپاو تـــیپ

ڕۆژی ١٩٨٣/٣/١٠ تیپی ٥٥ی قەرەداخ و تیپی شارەزوور- هەورامان لە یاریگای بێرەشکە یاری تۆپێنیان دەکرد، تیپی قەرەداخ و شارەزوور بەرانبەر یەکتر بوون.

پێشمەرگەکان لە ناو یاریگاکەی بێرەشکە سەرقاڵی یاریبوون چوار کۆپتەر زۆر بە نزمی هاتنە سەر یاریگاکە، پێشمەرگەکان بە بی کەی سی و ئار بی جی و کلاشینکۆف تەقەیان لە کۆپتەرەکانکرد یەکێک لە کۆپتەرەکان پێکراو لە قلرخ نیشتەوە.

ڕەبیەی حاجی ئەولا لە سەروی بێرەشکەو نزیک سەید صادق بوو لەوێوە بە دۆشکە تەقەی لە بێرەشکە دەکرد، فیشەکێکی دۆشکە بەر سەری جەلیل باوە خۆشێنی کەوت و شەهید بوو.

لە ناو کۆپتەرەکەدا ڕائید فەریق بریندار بوو ئەویش باوە خۆشێنی بوو لە گەڵ شەهید جەلیل خاڵۆزاو پورزا بوون.

پێکرانی کـــۆپتەرێك

ڕۆژی ١٩٨٣/٣/٢٠ حەمە قاشتی چووە سەر قەبرانەکەی یەخشی و داریقەلان تەقەیان لە جاشەکانی زەڕایەنکرد تا جاشەکان بێن بە دەم تەقەکەوەو شەڕ هەڵایسێ بەڵام جاشەکان نەیانوێرا بە دەم تەقەکانەوە بێن.

دوای تەقەکان چوار کۆپتەر هاتنە سەر ئاسمانی ناوچەکە، پێشمەرگەکان تەقەیان لێکردن و کۆپتەرێک پێکرا، لەماوەی ١٠ ڕۆژدا ئەوە دووەم کۆپتەر بوو بپێکرێت.

بـــۆسە

مانگی ٦ی ١٩٨٣ تیپی ٥٥ی قەرەداخ بە فەرماندەیی مەحموود سەنگاوی لە سەر جادەی سلێمانی عەربەت بۆسەیەکیان داناو ئیڤایەکیان سووتاند جێب قیادەیەک گیرا، لەو چالاکییەدا ژمارەیەک چەک دەستکەوت بوو.

کـــوشتنی ســـەربازێك

لە ڕۆژی ١٩٨٣/١٠/١٨ دوو پێشمەرگەی قارەمانی تیپی ٥٥ی قەرەداخ چوونە ناو شاری سلێمانی و لە باخی شێخ لەتیف سەربازێکیان کوشت.

دەستکەوت:

١ چەک

ڕێـــگای دەربـــەندیخان- ســـلێمانی

لە شەوی ١٩٨٣/١٠/٢٠/١٩ مەفرەزەیەکی هاوبەش لە پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی یەکی قـەرەداخ و کەرتی ٣ی دەربەندیخان و کەرتی ٤ی زمناکۆ تیپی ٥٥ی قەرەداخ لە کاتژمێر ١١ی شەودا هێرشیانکردە سەر ڕەبییەی ڕێگای گشتی دەربەندیخان سلێمانی بۆ ماوەی کاتژمێرو نیوێک ئاگربارانیان کردن و توانیان تەواوی ڕەبییەکە بڕوخێنن و هەموو چەکە قورسەکانی ناو ڕەبییەکە تێکبشکێنن

بەڵام لە بەر بریندار بوونی پێشمەرگەیەکی قارەمان نەتوانرا دەست بە سەر ڕەبییەکەدا بگیرێت.

زیانی دوژمن:

کوژران و بریندار بوونی ١١ سەرباز

دوژمن بۆ ڕۆژی دواتر کەوتە گیانی خەڵکەکەو چەند کەسێکی لە دێیەکانی چنارەو سیارەو حەسەن ساری بۆ ماوەیەک دەستگیرکردو هەڕەشەو گوڕەشەی لە خەڵکی ناوچەکە کرد.

بـــــۆسە

پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی ٢ی شارەزووری تیپی ٥٥ی قەرەداخ لە ڕۆژی ١٩٨٥/١/٢٦ بۆسەیەکیان لە سەر ڕێگای سلێمانی عەربەت دانا دوو ئۆتۆمبێلی سەربازی کەوتنە بۆسەکەوە پێشمەرگەکان لێیان هاتنە دەست و گوللەبارانیانکردن.

زیانی دوژمن:

کوژرانی ئەفسەرێک و ٥ سەرباز

سووتاندنی جێبێکی قیادەو ئیڤایەک

دەستکەوت:

دوو کلاشینکۆف

پاشان دوو ئۆتۆمبێلی تر هات بە هانای سەربازەکانەوە ئەمانیش کەوتنە بەر دەستڕێژی گوللەو هەڵاتن.

شـــەڕ – کـــانی سارد

هێزێکی گەورەی دوژمن کە پێکهاتبوو لە جاش و سەرباز بە پاڵپشتی ناقیلە و دەبابە لە ڕۆژی ١٩٨٥/٣/٦ بەنیازی ڕەبییە دانان لە نێوان کانی سارد و چەمەرگە پەلاماری (کانی سارد)یدا. پێشمەرگەکانی کەرتی (٣) ی دەربەندیخان و کەرتی (٤) ی زمناکۆ تیپی ٥٥ قەرەداخ و پێشمەرگەکانی کەرتی (٤)ی تیپی ٥٣ شیروانە و مەفرەزەیەکی تیپ ڕووبەڕووی پەلامارەکەی دوژمن بوونەوە و شەڕ (٥) کاتژمێری خایەند .

زیانی دوژمن

کوژرانی ٩ سەرباز و ئەفسەرێک ، بریندار بوونی ژمارەیەکی زۆر سەرباز و دوو جاشی زێباری بەدیلگرتنی ٥ کەس

دەستکەوت

١ هاوەن و ٢٠ گوللە

٦ کلاشینکۆف

٤ گوللە ئار بی جی و هەندێک تەقەمەنی

بریندار بوونی پێشمەرگەیەک .

تـــیپی 55ی قـــەرەداخ
ســـاڵی 1985

ساڵی ١٩٨٥ حامیدی حاجی غالی گواستراییەوە بۆ مەڵبەند و ئاوات قارەمانی هاتە جێگەی، پێکهاتەی تیپی ٥٥ی قەرەداخ بەمجۆرە بوو:

- ئاوات قارەمانی فەرماندەی تیپ
- سەردار ناوتاقی جێگری تیپ
- مەولود گوڕبازی فەرماندەی کەرتی ١
- سەلامی فەقێ عەلی فەرماندەی کەرتی ٢ی شارەزوور
- ڕەئوفە کەڕ فەرماندەی کەرتی ٣
- ئەحمەد ڕیشە فەرماندەی کەرتی ٤

دوای گرتنی مەلا بەختیار لە قەرەداخ سەلامی فەقێ عەلی کە سەر بە ئالای شۆڕش بوو بانگکرا بۆ سەرکردایەتی بەڵام نەچوو، لە گەڵ کەرتەکەی کە ٤٢ پێشمەرگە بوون ٤١ پێشمەرگەیان تەسلیم بە ڕژێم بوونەوە ئەحمەد ڕیشە و ژمارەیەک پێشمەرگە چوونە ئێران.

دوای تەسلیم بوونەوەی کەرتی ٢ی شارەزوور هەژار دەرەویانی کرایە فەرماندەی

کەرتەکە لە ماوەیەکی کەمدا کەرتی ٢ی شارەزوور گەشەی بەرچاویکردوو چالاکی بەردەوامی هەبوو.

گـــرتنی جـــاش

مەفرەزەیەکی قارەمانی تیپی ٥٥ لە مانگی ١٩٨٥/٧ لەوبەری ڕووباری سیروان چوار جاشیان کوشت و چواریشیان دەستگیر کرد.

دەستکەوت

٦ کلاشینکۆف

لـــێدانی جـــاش- دســـکەرە

شەوی ١١-١٩٨٥/٨/١٢ مەفرەزەیەکی کەرتی شەهید والی باریکەیی تیپی ٥٥ قەرەداخ چوونە سەر جاشەکانی زەڕایەن لە دێی دسکەرە بۆ ماوەی دوو کاتژمێر گوللە بارانیانکردن.هێزێکی زۆری جاش لە زەڕایەنەوە هاتن بە هانایانەوە ئەگینا هەموویان دەگیران.

دەستکەوت

١ کلاشینکۆف

لـــێدانی قائیدەی مـــوسەیب

دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٥٥ قەرەداخ لە شەوی ١٣-١٩٨٥/٨/١٤ لەسەر جادەی سلێمانی قەرەداخ هێرشیانکردە سەر قائیدەی موسەیبی جەیشی ناشەعبی لە دوای شەڕێکی کەم دەستیانگرت بەسەر قائیدەکەدا و سوتاندیان.

زیانی دوژمن

کوژرانی ٣١ جاشی ناشەعبی

سووتاندنی ١٨ جەیشی ناشەعبی

بەدیل گرتنی ١ جەیشی ناشەعبی

دەستکەوت

٤ رەشاشی ئار بی کەی

٢ قەناس

١ هاوەنی ٦٠ ملم

١١ کلاشینکۆف

٢ پەڕەشووت

٣٠٠٠فیشەک

١٠٠٠ فیشەکی بی کەی سی

١سندوق نارنجۆک

دســـکەرە –شـــەڕ – شـــارەزوور

ڕۆژی ١٩٨٥/٩/١٦هێزێکی دوژمن کە پێکهاتبوو لە هەزار جاش و ١٠٠ قوات خاسە ، ئامر لیوای١٢ و ئەفسەر و جاشەکانی فەتاح بەگ بە پاڵپشتی چوار دەبابە بە نیازی پەلاماری ناوچەکە لە دسکەرە کۆبوونەوە ،بەڵام هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی قەرەداخ و گەرمیان نەخشەی پەلامارەکەی دوژمنیان هەڵوەشاندەوە و هێرشیانکردە سەریان.جاش و قوات خاسەی دوژمن تەنها نیو کاتژمێر لە بەردەم هەڵمەتی پێشمەرگە دا خۆیان بو گیرا و هەڵاتن.

زیانی دژومن

کوژرانی دووسەرباز و عەریفێک و جاشێک و بریندار بوونی (٥) جاش

دەستکەوت

١ سندوق فیشەکی ڕوسی و گوللە ئار بی جی و ١٠ کارتۆن خواردنی قتوو

ڕەبـــییەی قـــەرەگۆل

پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٥٥ قەرەداخ لە شەوی ١٨-١٩/٩/١٩٨٥ هێرشیانکردە سەر ڕەبییەو سەیتەرەکەی پردی قەرەگۆل لەسەر جادەی گشتی سلێمانی – دەربەندیخان لە ماوەی ١٥ دەقیقە دا دەستیان بەسەردا گرت.

زیانی دوژمن

کوژرانی ٨ سەرباز و جاش بوو

دەستکەوت

یەک ئار بی جی

ڕەشاشێکی ئار بی کەی

شەش کلاشینکۆف

جیهازێکی تۆمسۆن جیهازێکی ١٠٥

قوربانی، پێشمەرگە شەهیدێک بوو بە ناوی حەمید ئەحمەد فەرماندەی مەفرەزە خەڵکی هۆرێن.

ســـــلێمانی – قـــەرەداخ

کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی ڕۆژی ١٣/١٠/١٩٨٥ دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٥١ گەرمیان و ٥٥ قەرەداخ بۆسەیەکیان لەسەرجادەی سلێمانی قەرەداخ دانا ،زیلێکی سەربازی کەوتە بۆسەکەوە و درایە بەر دەستڕێژی گوللە ، لەماوەی پێنج دەقیقە دا دەستیان بەسەر زیلەکەدا گرت .

زیانی دوژمن

کوژرانی ٦ سەرباز و بەدیل گرتنی ٣ سەرباز

دەستکەوت

٧ کلاشینکۆف

ڕەبـــییەی تـــــلەزەیت

لە شەوی ١٩٨٥/١١/٢٥/٢٤ ڕەبییەی تلەزەیتی سەر بە فەوجی «٤٥» ی خەفیفە بە هەموو چەک و کەلوپەلەکانی ڕەبییەکەوە تەسلیم بە تیپی «٥٥»ی قەرەداخ بوون کە سەرجەمیان حەوت چەکدار بوون.

حەڤدە پارچە چەک و ئاربیجییەک و ژمارەیەک فیشەکی زۆرو مەخزەن و جیهازێک و خێمەیەکیان لە گەڵ خۆیاندا هێنابوو.

چـــالاکی ســـلێمانی

پێشمەرگەیەکی قارەمانی تیپی ٥٥ی قەرەداخ لە ڕۆژی ١٩٨٦/١/٨ بە بێ چەک چووە ناو شاری سلێمانی، لە ناو شاردا دوو جاشی چەککردوو هەر دوو جاشەکەی گەیاندە قەرەداخ.

دەستکەوت:

دەمانچەیەکی چواردە خۆرو لامەیەکی گەورە

لـــێدانی دوو ڕەبیە

هێزێک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٥٥ قـەرەداخ لە کاتژمێر ١٢ی شەوی ٩-١٩٨٦/١/١٠ هێرشیانکردە سەر دوو ڕەبییەی دوژمن لە فەرەجاوا و عارفاوا لەئەنجامدا ١٠ جاش کوژران و چواریتر بەدیلگیران.

دەستکەوت

١ئار بی کەی و ٨ گوللە

٥ کلاشینکۆف و ٥ مەخزەن

١ تفەنگی پەرەشووت

١٥ هەزار فیشەک

قوربانی پێشمەرگە دوو شەهید بوو

١- شەهید ڕەفیق چەمی سمۆری

٢- شەهید یاسین عەبدولڕەحمان

گــرتنی ڕەبــییەیەك

هێزێک لە پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی ٥٥ی قـەرەداخ لە شەوی ١٩٨٦/٢/٤/٣ هێرشیانکردە سـەر ڕەبییەیەکی سـەربـازگـەی هۆرێن لە مـاوەی دە دەقیقەدا دەستیانگرت بە سەر سەربازگەکەدا.

زیانی دوژمن:

کوژرانی ٨ جاشی شەعبی و سەرباز

دەستکەوت:

١ ئاربیجی ١١ و ٨ گوللە و کۆلّە پشتێک

١ هاوەنی ٦٠ ملم

٢ قەنناس و ٤ مەخزەن

١ سندوق نارنجۆک

پێشمەرگەکان سەرکەوتووانە بەدیل و دەستکەوتەوە گەڕانەوە

بــۆسە

هێزێکی هـاوبـەش لە پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی ٥٥ی قـەرەداخ لە ڕۆژی ١٩٨٦/٢/٢٤ چوونە سەر جادەی گشتی قەرەداخ سلێمانی و بۆسەیەکیان لە بەردەم دێ سووتاوەکانی کانی شاسوارو زرگوێزەلّە تا دارە ڕەش دانا.

کاتژمێر ٩:٣٠ دەقیقەی سەر لە بەیانی ١٥ ئۆتۆمبێلی جاش کەوتنە بۆسەکەوە، پێشمەرگەکانی قەرەداخ گوللە بارانیانکردن.

هێزێکی دوژمن لە سلێمانی و قەرەداخەوە بە پشتیوانی ٥ ناقیلەو ٣ کۆپتەری جەنگی هاتن بە هانای هێزە شکاوەکەیانەوە ئەو هێزەش لە بەردەم پێشمەرگەکانی قەرەداخ دا خۆی نەگرت و بەرەو ڕەبییە و مۆلّگەکانیان هەلّاتن، شەڕ تا کاتژمێر ٧ی ئێوارەی خایاند.

زیانی دوژمن:

• کوژرانی زیاتر لە ٢٠ سەربازو جاش کە یەکێکیان خەڵکی کەندیناوای هەولێرو مستەشاری فەوجی خەفیفەی ٧٨٥١ بوو.

• بریندار بوونی زیاتر لە ٣٥ سەربازو جاش

• بەدیلگرتنی جاشێک

• تێکشکاندنی ناقیلەیەک و پێکرانی کۆپتەرێک

• گرتنی ٤ ئۆتۆمبێل کە دواتر سوتێندران

دەستکەوت:

٢ کلاشینکۆف و ١٠ مەخزەن

قوربانی پێشمەرگە:

شەهید بوونی فاتح عەبدوڵڵا نادر ناسراو بە (تەنیا) فەرماندەی مەفرەزە

عــەربەت – رەبــیە

دەستەیەک لە پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی ٥٥ قەرەداخ لە شەوی ١٩-١٩٨٦/٥/٢٠ چوونەسەر رەبییەیەکی دوژمن لەسەر جادەی عەربەت- سلێمانی لە ئەنجامدا دوو چەکداری دوژمن کوژران.

دەستکەوت

٢ رەشاشی دیکتاریۆف و ٩ مەخزەن

٢ کلاشینکۆف

٢ دووربین

قوربانی پێشمەرگە

شەهید بوونی پێشمەرگەیەک بوو بەناوی محەمەد حەمە سالح (حەمە قەرالی)

شــــەهید بوونی موشیر مــــحەمەد ڕەشید

تیپی ٥٥ی قەرەداخ بەرنامەی گرتنی ڕەبییەی پشتی سوێراوەیان داڕشت شەو چوونە سەر ڕەبییەکە بەڵام بۆیان نەگیرا.

ڕۆژی دوایی لە سەر ڕێگای قەرەداخ سلێمانی بۆسەیەکیان بۆ دوژمن داناو لە پشتی باخان دامەزران، کاروانێکی سەربازی دوژمن کەوتە بۆسەکەوەو شەڕ دروست بوو هێزێکی دوژمن لە سلێمانییەوە بەرەو شەڕەکە هاتن ئەوانیش کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەکانی قەرەداخەوە.

زیانی دوژمن:

کوژرانی ژمارەیەک جاش

بەدیلگرتنی ١٠ جاش

سووتاندنی ٢ ئۆتۆمبێل

قوربانی پێشمەرگە، شەهید بوونی موشیر پێشمەرگەی تیپی قەرەداخ، تەرمی شەهید موشیر لە دەلوجە بەخاکسپێردرا.

شـــەهید بوونی شەش پـــێشمەرگە

مەفرەزەیەکی تیپی ٥٥ی قەرەداخ لە شەوی ١٩٨٦/٦/٧ بە مەبەستی ئەنجامدانی چالاکییەک چوونە ناو شاری سلێمانی بەڵام پێش ئەنجامدانی چالاکییەکە کەوتنە ناو بۆسەی جاشەوە.

شەڕ لە نێوان مەفرەزەکەی قەرەداخ و جاشەکان دامەزراو ماوەی سێ کاتژمێر قارەمانەکانی قەرەداخ بەرگری سەختیانکردو (١٠) جاشیان کوشت، لە مەفرەزەکەی قەرەداخیش شەش پێشمەرگە شەهید بوون کە ئەم نەمرانەن:

١/ شەهید هەژار محەمەد عەلی (هەژار دەرەویانی)

٢/ شەهید ئازاد محەمەد قادر

٣/ شەهید موکەڕەم محەمەد ڕەشید

٤/ شەهید جەمال قادر سەعدون

٥/ شەهید جاسم میرزا محەمەد

٦/ شەهید محەمەد حسێن کەریم

تـــۆڵەی شـــەهیدان

تۆڵەی شەهیدان (هـەژار، موکەڕەم، جەمال، حسێن، جاسم، ئـازاد، محەمەد)، کاتژمێر ١:١٥ دەقیقەی شەوی ١٩٨٦/٧/٨/٧ پێشمەرگە جەربەزەکانی تیپی ٥٥ی قەرەداخ هەڵمەتیان بردە سەر بارەگای هەردوو فەوجی دوو سێی ژمارە (١٦٤٨)ی لیوای (٧٢)ی فەیلەقی ١ی داگیرکەر لە سەرجادەی گشتی سلێمانی عەربەت کە لە ناوەڕاستی سەربازگەکانی دەمرکان و یەخیمالّی و کۆزە ڕەقە و تانجەرۆو عەربەت و زەڕایەندا بوو لە ماوەیەکی کەمدا دەستیانگرت بە سەر هەر دوو فەوجەکە.

زیانی دوژمن:

- کوژرانی ٤ سەرباز
- بەدیلگرتنی ٣ سەرباز
- تەقاندنەوەی ٦ دەبۆ جبەخانەی تەقەمەنی و چەکی هەمەجۆر کە تا نیوەڕۆی ڕۆژی دوایی هەر دەتەقییەوە
- سووتاندنی هۆڵ و ژووری هەر دوو بارەگای فەوجەکە
- سووتاندنی ٥٣ ئۆتۆمبیلی هەمە جۆر ٥٠ ئیڤا و ٢ بەڕازیلی و ٢ مسێۆبۆشی
- سووتاندنی ١ ژووری پڕ لە جیهازی هەمە جۆر

دەستکەوتەکان:

- ١١٤ پارچە چەکی قورس و سووک
- ١ دزە ئاسمانی گەورەو ٢٣ ملم بە لوولەیەکی زیادەوە
- ٣ ڕەشاشی بیکەیسی بە ٤ لوولەی زیادو ١ قائیدەو ڕەکیزەوە
- ٢ ئاربیجی و ٥ دووربینی ئاربیجی
- ٣ هاوەنی ٦٠ ملم
- ١ قەنناس بە ٢ دووربینەوە
- ٤ ڕەشاشی دکتاریۆف
- ٧٠ کلاشینکۆف و ١٥٠ شانەی کلاشینکۆف
- ١٦ تفەنگی سەلیب

- ٢ دەمانچەی مەکاریۆف
- ٢ دەمانچەی تەنویر بە گوللەوە
- ٢ جیهازی بێتەل R.R.C
- ٢ دووربین ١ شەوبین و ١ ئاسایی

تـــیپی 55ی قەرەداخ ناوەڕاستی ســـاڵی 1986

پـــێکهاتەکەی بەمـــجۆرە بوو:

- ئاوات قارەمانی فەرماندەی تیپ
- جەلال کوڵکنی جێگری تیپ
- مەلا ئەحمەدی دسکەرە فەرماندەی کەرت
- عەبدوڵڵا دسکەرەیی فەرماندەی کەرت
- ڕەئوفە کەڕ فەرماندەی کەرت
- ماجید فەیلی فەرماندەی کەرت
- شێخ زاهیر فەرماندەی کەرت
- لوقمان شاسوار ڕابەری سیاسی تیپ
- ئاسۆی شێخ نوری لێپرسراوی ڕێکخراوی کۆمەڵە

****

ساڵی ١٩٨٧ دێو حەسەن کرایە فەرماندەی کەرت

دوو جـــار گرتنی ڕەبیيەکانی قـــەڕاڵی
سێ گوڵە ئـــەستێرەی شـــەهید
1986

تیپی ٥٥ی قەرەداخ لە ماوەی ساڵێکدا دوو جار هەڵمەتیانبردە سەر دوو ڕەبیيەی دوژمن لە قەڕاڵی و دەستیان بەسەردا گرت.

ساڵی ١٩٨٦ پێشمەرگەکانی تیپی ٥٥ی قەرەداخ هێرشیانکردە سەر ڕەبیيەکانی قەڕاڵی دەستیان بە سەردا گرت.

لە گرتنی ڕەبیيەکاندا حەمە قەڕاڵی شەهید بوو، لەتیف بریندار بوو قاچێکی لە دەستدا.

شەوی ١٩٨٦/٨/٧/٦ کەرتی ٢ی تیپی ٥٥ی قەرەداخ هێرشیانکردە سەر دوو ڕەبیيەی دوژمن لە قەڕاڵی و دەستیان بە سەردا گرت لەو هێرشەدا دوو پێشمەرگە شەهید بوون:

١/ شەهید مامۆستا حەسەن جۆلانەیی ڕێکخەری کەرتی دوو

٢/ شەهید مەولود فەرماندەی مەفرەزە لە کەرتی دوو

هەمان ساڵ سێ پێشمەرگەی تیپی قەرەداخ چوونە قەڕاڵی عەلی لوتماسی و هێزێکی تەواری هاتنە قەڕاڵی و پەلاماری پێشمەرگەکانیاندا.

هێزێکی تیپی ٥٥ی قـەرەداخ و هێزی بـەرگری ناوچەکە چـوون بە هانای پێشمەرگەکانی قەڕاڵییەوە.

پێشمەرگەو هێزی بەرگری تەوارییەکانیان ڕاونا و دەستیانگرت بە سەر دوو ڕەبیيەدا کە تازە دانرابوون لەو شەڕەدا ژمارەیەک تەواری کوژران.

دەستکەوت:

دوو ئاربیجی

چەند کلاشینکۆفێک

پیکابێک

لەو شەڕەدا تەوارییەکان لە ناو دێی قەڕاڵی هاوولاتییەکیان بە ناوی عەزیز شەهید کرد، عەزیز سەر بە ڕێکخستنەکان بوو.

بـــۆسە

دەستەیەک لە پێشمەرگە نەبەزەکانی تیپی ٥٥ی قەرەداخ لە ڕۆژی ١٩٨٦/٩/١٣ بۆسەیەکیان لە سەر جادەی گشتی سلێمانی قەراخ دانا لە سەعات ٧:١٥ دەقیقەی سەر لە بەیانی بەڕازیلییەکی دوژمن کەوتە بۆسەکەوەو ئاگردرا.

زیانی دوژمن:

کوژرانی ٣ خۆفرۆش

بریندار بوونی ٢ جاش

تێکشکاندنی بەڕازیلییەک

دەستکەوت:

١ ڕەشاشی دکتاریوف

٢ کلاشینکۆف و ١٢ شانە

١ چواردە خۆر

عـــەربەت، ســـلێمانی

1987

مانگی ١ی ساڵی ١٩٨٧ تیپی ٥٥ی قەرەداخ لە سەر جادەی عەربەت سلێمانی بۆسەیەکیان دانا و دوو ئۆتۆمبیلی جاشی شەعبی و (جی، ئێم، سی) کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەکانی قەرەداخەوەو تێکڕای جاش شەعبییەکان کوژران، یەکێک لەوانە سەرۆک جاشێکی ناسراو بوو .

چـــالاکی

عـــەربەت- ســـلێمانی

دوای چوار کاتژمێر لە بۆردومانی فرۆکە پیلاتۆسەکانی دوژمن بۆسەر دێیەکانی شارەزوور تیپی ٥٥ قەرەداخ لە تۆڵەی بۆردومانەکەدا گورزێکی کاریگەریان لە دوژمن وەشاند.دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی (٢) تیپی ٥٥ قەرەداخ و مەفرەزەیەکی هەرێمی سۆسیالیست کاتژمێر سێ و نیوی ڕۆژی ١٩٨٧/١/٦

بۆسەیەکیان لەسەر ڕێگەی عەربەت سلێمانی دانا هێزێکی دوژمن کەوتە بۆسەکەوە پێشمەرگەکان لە سێ قۆڵەوە لێیاندان و شەڕ تا کاتژمێر شەش و نیوی ئێوارەی خایاند.

هێزێکی دوژمن لە عەربەت و سلێمانییەوە بە پشتیوانی موددەرەعە و دەبابە هاتن بە هانای هێزەگیر خواردووەکەیانەوە پێشمەرگەکان لەوانیش هاتنە دەست و شکاندیانن. بۆسەی پێشمەرگەکان لەنێوان چەندین ڕەبییە و مۆڵگەی دوژمندا بوو تەنها کیلۆمەترێک لەعەربەتەوە دوور بوو.

زیانی دوژمن

کوژرانی ٨ جاش وبریندار بوونی ژمارەیەکی زۆر کوژرانی ئامر مەفرەزەی خاسەی ٨٣ کەسەر بە منەزەمەی ئیستخباراتی شەرقی و ڕەفیق حیزبی بوو ، ژمارەی ناسنامەکەی (١١١٣) بوو.

دەستکەوت

١ شۆفلێت مۆدێل ٨٣ ژمارە ٧٧٧٠

١لاندکرۆزەر ژمارە ٣٣٥١

١ تەلەفۆن

٦ مەخزەن

بریندار بوونی پێشمەرگەیەک

شـەهید بوونی تایەری حـــەمەی ســـەید عەلی

١٩٨٧/٤/١١ تایەری حەمەی سەید عەلی فەرماندەی دلێرو چەلەنگی (ی ن ک) لە کاتێکدا بەرەو قەرەداخ بەڕێوە بوو بە گوللەی داگیرکەران شەهید بوو گیانی سپاردە نیشتمان و بووە ڕێبواریکیتری کاروانی سەروەرانی گەل.

تایەری حەمەی سەید عەلی لە بنەماڵەی شێخەکانی کارێزەو کوڕی حەمەی سەید عەلی یەکێک لە پیاوە مێر خاسەکانی کارێزەو سلێمانی بوو.

تایەری حەمەی سەید عەلی ساڵی ١٩٨٥ فەرماندەی کەرتی ٢ی تیپی ٣٧ی

شارباژێڕ بوو، فەرماندەیەکی خۆشەویست و ئازاو دلێرو نەبەز بوو، کەسایەتییەکی سەنگین و نیشتمان پەروەر ڕێبوارێکی ڕێبازەکەی (ی ن ک) بوو، لە ماوەی کارکردنی لە کەرتی ٢ی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ جێگە دەستی دیار بوو، خۆشەویستی ناو هێزی پێشمەرگە بوو.

دوای ماوەیەک لە کەرتی ٢ گواستراییەوە بۆ مەکتەبی عەسکەری، لە ساڵی ١٩٨٧ نێردرایە ناوچەی قەرەداخ، لە ١٩٨٧/٤/١١ بە گوللەی داگیرکەران شەهید بوو.

گـــرتنی ســـەربازگەی
بـــاریکە- عـــەربەت
1987

تیپی ٥٥ی قەرەداخ و تیپی ١٥ی هەورامان بە هاوبەشی هێرشیانکردە سەر سەربازگەی باریکە، سامی سەرباز بوو لە سەربازگەی باریکە پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد تا سەربازگەکە تەسلیم بکات.

لە نۆبە حەرەسیاتی سامیدا تیپی قەرەداخ و هەورامان بە سەرپەرشتی شێخ جەعفەر هێرشیانکردە سەر سەربازگەکە پێشمەرگەکان چوونە ناو سەربازگەکەو دەستیان بە سەرداگرت، لە گرتنی سەربازگەکەدا سەدان پارچە چەک دەستکەوت بوو.

لە گەڕانەوەدا فیشەک لە دەستی پێشمەرگەیەک دەرچوو نەجمەدین و دینە بریندار بوون لە ڕێگە دینە شەهید بوو، دینە پێشمەرگەی تیپی پانزەی هەورامان بوو.

گـــرتنی مقەر فـــەوجێکی مـــغاویر

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی تیپی ١٥ هەورامان و ٥٥ قەرەداخ و ٣٥ کوڕەکاژاو و مەفرەزەیەکی مەڵبەندی یەک لە شەوی ٢١-١٩٨٧/٦/٢٢ لە دوو قۆڵەوە هێرشیانکردە سەر مقەرفەوجی (٢)ی لیوای مغاویری سەربە فەیلەقی (١)

لەسەر جادەی گشتی عەربەت- سەیدسادق پێشمەرگەکان لەماوەی (٥) دەقیقەدا دەستیان بەسەر مقەڕە فەوجەکەدا گرت.

زیانی گیانی و ماڵی دوژمن

کوشتنی ١٠ سەرباز کەیەکێکیان ئەفسەر بوو بە ناوی ملازم جومعە ئەحمەد محەمەد، بەدیل گرتنی ٢٦ سەرباز.

دەستکەوت

١٣٨ کلاشینکۆف

١ بی کەی سی

٧ ئار بی کەی

٢ هاوەنی ٦٠ ملم

٦ ئار بی کەی

٨ قەناس

٤ قیبلەنما

١ دکتاریۆف

٢٠ دەمانچەی میکاریۆف

١ پەرەشووت ، ١ تایپ

١ شاحینەی ڕاکاڵ

١٣ دووربینی ڕەسەد

١٠موەجەهی ئار بی کەی

قوربانی پێشمەرگە شەهیدێگ بوو

ڕەبـــییەی قـــەرەگۆل
پـــایزی 1987

پاییزی ١٩٨٧ کەرتەکانی (٢،٤)و کەرتی تیپی ٥٥ی قەرەداخ هێرشیانکردە سەر ڕەبییەو سەیتەرەی قەرەگۆل و دەستیان بە سەردا گرت.

لەو هێرشەدا پێشمەرگەی قارەمان و فەرماندەی مەفرەزە (حەمید) شەهید بوو، زیانی دوژمن کوژرانی ژمارەیەک جاش بوو.

بـــۆسە- عـــەزیزئاوا

مەفرەزەیەکی کەرتی (٢) تیپی ٥٥ قەرەداخ لە کاتژمێر ٩ لە ڕۆژی ١٩٨٧/٩/١٩ بۆسەیەکیان لەسەر پردی عەزیزئاوا نزیک سلێمانی دانا ، ئیڤایەک کەوتە بۆسەکەوە دەستیان بەسەردا گرت، ٦ چەکدار بەدیلگیران.

دەستکەوت ٦ کلاشینکۆف ، ١ ئیڤا

تـــیپی 55ی قـــەرەداخ
لە کـــۆتایی ســـاڵی 1987

- مەلا ئەحمەدی گەرمیان فەرماندەی تیپ
- حەمە قاشتی جێگری فەرماندەی تیپ
- کاوەی کاک ئەکرەم فەرماندەی کەرت
- دێو حەسەن فەرماندەی کەرت
- حەمە فەرەج هەورامی فەرماندەی کەرت
- خەلیل سەرکانی فەرماندەی کەرت
- بەهزاد کادری ڕێکخستن
- ئازاد فازیل کادری ڕێکخستن
- مەلا ئەحمەدی دەلوجە کادری ڕێکخستن

تـــیپی 23ی ســـووورداش
1989-1983
سێ

دروستبوونی تیپی 23ی سووراش

هەڕێمی دووی کەرکوک وەکو تێکڕای هەڕێمەکانیتر کرایە تیپ، تیپی ٢١ی کەرکوک بۆ سنووری ناوچەکانی کەرکوک دروستکرا، ناوچەکانی پیرەمەگرون و سووراش پێویستی بە تیپێکی تایبەت هەبوو بۆیە لە ساڵی ١٩٨٣ دا تیپی ٢٣ی سووراش دروستکرا.

مانگی ٢ی ساڵی ١٩٨٣ تیپی ٢٣ی سووراش دروستکرا لە تیپەکانی ٤٧ و ٢١ وە چەند کەرتێکیان بۆ نەقڵ کرد، پێکهاتەکەی بەم جۆرە بوو:

ئازادی سەگرمە	فەرماندەی تیپ
مەلا خالید	فەرماندەی کەرت
هەڵۆ چەمچەماڵی	فەرماندەی کەرت
سواڕە فەتاح	فەرماندەی کەرت
حەمە بازیانی	فەرماندەی کەرت
مستەفای سەید قادر	فەرماندەی کەرتی تیپ
قادر مەلا مەنمی	ڕابەری سیاسی تیپ

سنووری چالاکی تیپی ٢٣ی سووراش لە سورقاشانەوە بۆ دووکان و تاسڵوجە تا سەرچنار، لە چەمی ڕێزانەوە بۆ گوندی گەورەدێ و بەشێکی بازیان، باکوری هێڵی دووکان- سلێمانی، سنووری چالاکی تیپی ٢٣ی سووراش بوو.

شەڕو چالاکی کانی خان

ڕژێمی عێراق بە نیاز بوون بۆ نەورۆزی ساڵی ١٩٨٣ لە هاوینەهەواری دووکان ئاهەنگ بگێڕن، بۆیە تیپی ٢٣ی سووراش کە ماوەیەک بوو دروست ببوو بڕیاریدا لە سەر ڕێگای سلێمانی – دووکان و لە نزیک گوندی کانی خان کەمین بۆ هێزەکانی ڕژێم دابنێ و گورزی کوشندەیان تێبسرەوێنێ، شەوی ئەنجامدانی چالاکیەکە چوونە کانی خان و شوێنی چالاکیەکەیان دەستنیشان کردوو بە سەر کەرتەکاندا دابەشیانکرد.

بەرە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٣/٣/٢١ ڕۆژی نەورۆز پێشمەرگەکان لە شوێنی دیاریکراوی خۆیان دامەزران، ڕژێم کەمینی لە سەر ڕێگا گشتییەکان دانا، قافڵەی سەربازی بە مەراسیم و سروود و گۆرانی عروبەوە بەرەو دووکان بەڕێکەوتن، پێش گەیشتنی مەراسیمەکە ڕیزێک ئۆتۆمبێلی سەربازی بۆ پاراستنی مەراسیمەکە لە پێشەوە هاتن.

ئازادی سەگرمە یەکەم ئار بی جی لە سەیارەکاندا بەر ئیڤایەکی سەربازی کەوت و گڕی گرت، شەڕو پێکادان دەستیپێکرد، پێشمەرگە بەرەو بناری شاخەکە هەڵگەڕان و پاشەکشەیانکرد، چوونە گوندی قەمچووغە.

دوای ماوەیەک لە شەڕی کانی خان بروسکەیەک بۆ تیپی ٢٣ کراو بانگ کران بۆ سەرگەڵوو، لەوێشەوە بۆ بزەینیان و عازەبان، دواتر بۆ خەتێ و باڵیسان، بەشێک لە تیپی ٢٣ لەوێ مانەوە، بەڵام هەر دوو کەرتی سواڕە فەتاح و هەڵۆ چەمچەماڵی هاتنەوە ناوچەکەی خۆیان بۆ سنووری تیپی ٢٣ ، ئازادی سەگرمە لە تیپی ٢٣ی سووڕداش گواستراپەوە و نازمی حەمەی سلێمان کرایە فەرماندەی تیپ، بەڵام پێش ئەوەی بچێتە تیپی ٢٣ لە قەندیل شەهید کرا.

ڕێگای موغاغ- دووکان

پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی (١)ی شەهیدانی قازان و کەرتی دووی شەهید کامیل و کەرتی (٥)ی شەهید مەندە، تیپی ٢٣ی سووڕداش.

لە ڕۆژی ١٩٨٣/٧/٢٤ بە درێژایی ڕێگای موغاغ دووکان، بۆسەیەکیان بۆ پاسەوانی ڕێگاکە دانا، بەڵام سەربازگەی سووسێ ئەو ڕۆژە نەیوێرا پاسەوانی بنێرێ.

بۆ سەر لە بەیانی ڕۆژی دوایی سەربازگەی سووسێ پاسەوانی ڕێگاکەی بە ئۆتۆمبێلی مەدەنی (مولکی) دابەزاند تا لە بۆسەی پێشمەرگە بە دوور بن لە ڕێگادا، ئێوارەش نەیانوێرا بێن بە دوای هێزەکەیاندا بۆیە لە ڕێگەی بێتەلەوە ئاگاداریانکردنەوە بە پێ بگەڕێنەوە ڕەبیەکان و ئۆتۆمبێل و پاسەوانیان بۆ نانێرن.

لە کاتی پیادە ڕەوی گەڕانەوەی سەربازەکان بۆ ڕەبیەکان پێشمەرگەکانی سووڕداش دایاننە بەر دەستڕێژی چەکەکانیان و سێ سەربازیان لێکوشتن.

پـــردی تـــــابین

هێزێکی قارەمان و چاپوکی تیپی ٢٣ی سووڕداش لە کاتژمێر ٧:٣٠ دەقیقەی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٣/١٠/٢٦ بۆسەیەکیان لە سەر پردی تابین دانا، هنیۆیەکی جەیشی ناشەعبی کەوتە بۆسەکەوەو تەواوی سەرنشینەکانی کوژران و هەناسەبڕ بوون کە (١١) جەیشی ناشەعبی بوون، هەر لە جێدا وەکو گەڵای زەردی پایز هەڵوەرین.

دەستکەوتی پێشمەرگەکانی سووڕداش لەم چالاکیەدا:

١/ یەک ڕەشاشی ئاربیکەی

٢/ (٥) کلاشینکۆف

٣/ یەک دەمانچە

قوربانی هێزی پێشمەرگە شەهید بوونی پێشمەرگەی قارەمان، فەرماندەی مەفرەزە لە تیپی سووڕداش (تەیبی حاجی سەعید).

هەمان ڕۆژو دوای چەند کاتژمێرێک لە شەڕی سەر پردی تابین، هێزەکانی داگیرکەر دێیەکانی سووسێ کۆن، کۆکە، یاران بەگی، بۆردوومانکرد هەر هەمان ڕۆژ گەلە جاشێک چوونە سووسێ کۆن و هاوڵاتی (حاجی مستەفا) یان شەهید کرد لە بەر ئەوەی کە باوکی پێشمەرگە بوو.

لە درێژەی پەلامارو دەستدرێژیەکانی داگیرکەر بۆ سەر دێهاتەکانی کوردستان و خەڵکی بێ دەسەڵات، لە ڕۆژی ١٩٨٣/١٠/٢٧ ڕژێمی عێراق هێزێکی گەورەی کۆکردەوە کە پێکهاتبوو لە مەفرەزە خاسەکانی کەرکوک، سلێمانی کە نزیکەی (٢٥٠٠) جاش دەبوون لە گەڵ ژمارەیەکی زۆر سەربازو دە مودەڕەعەو چوار دەبابە و شەش کۆپتەری باری و جەنگی و (٥) تۆپی (١٠٦)، هێزەکەی دووژمن بەرەو دێیەکانی یاران بەگی و سووسێ کۆن و کۆکە ڕۆیشتن و کەوتنە ئازاردانی هاوڵاتیانی ئەو دێیانە، لەوێشەوە بەرەو دێی گولیجە ڕۆیشتن.

تـــیپی سووڕداش، مـــەڵبەندی دوو تـــێکشکاندنی هێزی داگـــیرکەر

دوای ئەوەی هێزەکانی داگیرکەر بەرەو گولیجە ڕۆیشتن، تیپی سووڕداش و دەستەیەکی مەڵبەندی دوو هێزی پشتگیری ناوچەکە ڕووبەڕووی هێزەکەی داگیرکەر بوونەوە، لە کاتژمێر (٩)ی بەیانیەوە شەڕی گەورەو بێ ئامان لە نێوان پێشمەرگەو هێزە بەزیوەکەی داگیرکەر دروست بوو هێزی پێشمەرگەو بەرگری شەڕی گەورەی مان و نەمانیانکرد.

دووژمن بە هەموو جۆرە چەکێک پەلاماری دێی گولیجە و هێزی پێشمەرگەیدا، بە هەموو جۆرە چەکێک ڕووبەڕووی هێزی پێشمەرگە بووەوە بە جۆرێک بەشێکی زۆر خانوو دیوارو دەواری دێیەکە ڕووخان و سووتان، چەڕە دووکەڵی سووتانی دێیەکە ئاسمانی ناوچەکەی تەنیبوو بەڵام ورەی هێزی پێشمەرگە لە کێوان سەری دەکرد بە جۆرێک تا کاتژمێر حەوتی ئێوارە شەڕ بەردەوام بوو نەیانهێشت هێزە بەزیوەکانی داگیرکەر یەک بست یەک هەنگاوو شەقاو لە گولیجە نزیک ببنەوە.

گوللەی پێشمەرگە یەک بە یەک هەر لە بەلەپیتکە دەترازاو گوللە هەڵدەفڕی و قەوانی زەردوو ڕەش لە پەنجەرەی زامنەوە دەوەری، جاشێک، سەربازێکی دوژمنی دەکوشت و دەپێکا.

هێزەکانی داگیرکەر بە جۆرێک تووشی شکست هاتبوون قائید فیرقە و ئەفسەری ئیستخباراتی سلێمانی و چڵکاوخۆرەکانیان لە سەر گردێکەوە لە سەر ڕێگای دووکان سلێمانی تەماشای مەیدانی شەڕو بەزینی هێزەکانی خۆیانیان دەکرد.

هێزی پێشمەرگەو هێزی بەرگری ناوچەکە لە ماوەی دە کاتژمێر و نیوی شەڕدا چەندین پەلاماری لە سەریەکی دووژمنیان شکاند، تۆپ و کۆپتەرو هێزی زەبەللاح لە ئاست ئەژنۆی پێشمەرگە بوون، بەرانبەر هێزی پێشمەرگە چۆک شکاو بوون.

لەم داستانە گەورەیەی پێشمەرگەکانی سووڕداش و مەڵبەندی دوو، هێزی بەرگری، زەرەرو زیانی زۆر لە دووژمن کەوت و لاشەی ١٢ جاش لە مەیدانی شەڕدا کەوتبوون.

قوربانی هێزی پێشمەرگەش شەهید بوونی (عوسمان عەلی ڕەشید) پێشمەرگەی مەڵبەندی دوو بوو.

بۆ بەیانی ڕۆژی دوایی هێزە بەزیوەکەی داگیرکەر کە لە بەردەم هەڵمەتی پێشمەرگەدا شکستی گەورەیان خواردبوو پەلاماری دێی گولیجەیانداو ئەو خانوو لادیوارو حەسارانەی بە پێوە مابوون یان نیوە ڕووخاو بوون ئەوانیشیان بە شۆفڵ تەختی زەویکرد.

دووبـــارە کانی خـــان

دوای گەڕانەوەی چەند کەرتێکی تیپی ٢٣ی سوورداش لە خەتێ و باڵیسان بۆ سنووری چالاکی خۆیان، کەرتێکی تیپی ٢٣ بە فەرماندەیی سوارە فەتاح لە چالاکییەکدا لە ڕەبیەکانی سەر ڕێگای کانی خانیاندا، لەو چالاکیەدا ١٣ سەرباز کوژران و ژمارەیەک چەک دەسکەوت بوون.

تـــیپی 23 و 14 ئـــاکۆ
لە تـــۆڵەی بۆردومانی دووژمـــندا

فەوجی سەروچاوەی داگیرکەر وەکو پیشەی هەمیشەیی خۆیان، کوێرانە ناوچەکانی سەروچاوەو دێیەکانی دەوروبەریان بۆردومانەکرد، زەرەرو زیانیان بە دێنشینان دەگەیاند، هاوڵاتی بێچەکیان شەهید و بریندار دەکرد، هەر بۆیە لە تۆڵەی بۆردوومانی کوێرانەی فەوجی سەروچاوەدا هێزێکی هاوبەش لە تیپی ١٤ی ئاکۆو تیپی ٢٣ی سووراش هێرشێکی بەربڵاویان کرد سەر کەمینی ڕەبیەی فەوجی سەروچاوە لە کلکەی نالّە شکێن و لە ماوەیەکی کورتدا کەمینەکانی فەوجی سەروچاوەیان شکاندو تا ناو بارەگای فەوجەکە ڕاویاننان.

هێزە دلێرەکەی ئاکۆو سووراش دوای تارومار کردنی کەمینەکانی فەوجی سەروچاوە، ڕوویانکرد ڕەبیەکانی چۆڵیاواو تا قولان و دایاننە بەر دەستڕێژی گوللەی چەکەکانیان، ئەو شەوەیان لێکردنە دۆزەخی ڕاستەقینە.

لەو شەوە داستانە کەم وێنەیەی کوڕانی ئاکۆو سووڕداش (٣٥) سەرباز لە هێزەکانی دووژمن کوژران، پێشمەرگەیەکی قارەمانیش بریندار بوو.

شـــەڕی تیمار-کـــۆتەڵ

کەمین و بۆسەی بەردەوامی هێزی پێشمەرگە و لێدان و گورزوەشاندن هێزەکانی ڕژێمی دووچاری ترسێکی زۆر کردبووەوە، بۆیە هێزەکانی ڕژێم لە ترسی لێدانی پێشمەرگە بە قافڵە هاتووچۆیان دەکرد.

کەرتێکی تیپی ٢٣ بە فەرماندەیی هەڵۆ چەمچەماڵی لە خوار گوندی تیمارەوە نزیک کۆتەڵ، کەمینێکیان بۆ قافڵەیەکی سەربازی دوژمن دانا، کە هەر چوار دەوری شوێن کەمینەکە ڕەبیەو مۆڵگەی سەربازی بوو، قافڵەیەکی دوژمن کەوتە بۆسەی پێشمەرگەکانەوە و لێیان دان، لە گەڵ یەکەم ورشەی ئار بی جی دا، دوژمن سەری لێشێواو کەوتنە بەر ڕەهێڵەو گوللەی چەکەکانی پێشمەرگە، شەڕی گەورەو قورس دەستیپێکرد کەلاکی زیاتر لە ٤٠ سەربازی دوژمن لە سەر جادەکە کەوتبوو، داروو بەردوو جادە، کەفاوی خوێنی لێدەچۆڕا، دوای گورزی کاریگەرو تێکشکاندنی هێزەکەی دوژمن، هێزی پێشمەرگە بەرەو گوندی تیمار هەڵکشان و پاشەکشەیان کرد کە نزیک جادەکە بوو، هێزێکی ڕژێم بە ژمارەیەکی زۆری سەربازو چەک و بە پشتیوانی کۆپتەر بەرەو تیمار هێرشیانکرد، جارێکیتر قارەمانەکانی سورداش و گورزی کەمەر شکێنیان لێدان و ژمارەیەکی تر سەرباز کوژران.

ڕژێم وەکو پیشەی هەمیشەیی خۆی تۆپبارانی ناو گوندی تیماری کردوو ژمارەیەک هاوواڵاتی شەهید و بریندار بوون، یەکێک لەو شەهیدانە ژنێکی دووگیان بوو.

لەو شەڕەدا سێ پێشمەرگەی گیان لە سەر دەستی تیپی ٢٣ی شەهید بوون بە ناوەکانی کۆسرەت، کامیل، محەمەد.

گـــفتوگۆی شۆڕش لە گەڵ بەغـــداد 1984-1985

گفتوگۆی شۆڕش لە گەڵ ڕژێمی عێراق دەستپێکردوو ماوەی ساڵێکی خایاند، بەڵام بێ ئەنجام بوو.

ئەو هێزەی تیپی ٢٣ی سووڕداش کە لە باڵیسان مابوونەوە، لە دەمی گفتوگۆدا گەڕانەوە ناوچەکە، بە ناو کولەی کانی میران و بە سەر جادەی قیردا گەڕانەوە بارەگاکانیان لە سنووری تیپی ٢٣ی سووڕداش، لە ماوەی گفتوگۆدا غەریب سەعید کرایە فەرماندەی تیپی ٢٣ی سووڕداش، پاش ماوەیەک و لە دەمە دەمی تێکچوونەوە و لە گفتوگۆدا دانای ئەحمەد مەجید کرایە فەرماندەی تیپی ٢٣ی سووڕداش و هەڵۆ چەمچەماڵی کرایە جێگری تیپ، دواتر شەڕی دابان دەستپێکرد و تیپی ٢٣ شەڕی قارەمانانەیان کرد.

بـــۆسە – تـــاسڵوجە

ڕۆژی ١٩٨٥/١/٦ تیپی ٢٣ سووڕداش لە نێوان سەیتەرەی تاسڵوجە لە ئاستی کەڵەوانان و حەسەن تەپە بۆسەیەکیان دانا ، لە ئەنجامدا ئوتۆمبێلێکی جاش کەوتە بۆسەکەوە و سێ جاش دەستگیرکران ٢٦ دەفتەر- خدمەکە بۆ جاشایەتی ناویان تۆمار کرا بوو لەگەڵ کۆمەڵێک زانیاری بەکەڵک کەوتنە دەست پێشمەرگە .

دەستکەوت

٢٦ دەفتەر خدمە

١ کلاشینکۆف و ٦ مەخزەن

ســـــلێمانی – دووکـــــان

کاتژمێر چواری ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٥/٢/١ دەستەیەک لە پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی ٢٣ سووڕداش لە سەر جادەی گشتی دووکان – سلێمانی بۆسەیەکیان دانا و (٨) جاشیان دەستگیر کرد.

دەستکەوت

٤ کلاشینکۆف و ٢٤ مەخزەن

دوای تۆمارکردنی داستانی دابان، دانای ئەحمەد مەجید لە تیپی ٢٣ گواستراپەوەو هەڵۆ چەمچەماڵی کرایە فەرماندەی تیپ، شێخ محەمەد کرایە ڕابەری سیاسی تیپەکە.

دوای دروستبونی کێشە و نیگەران بوونی هەڵۆ چەمچەماڵی لە شۆڕش، هەڵۆو زۆربەی پێشمەرگەکانی تیپی ٢٣ تەسلیم بە ڕژێم بوونەوە، بۆیە سەر لە نوێ تیپی ٢٣ ڕێکخرایەوەو کاک نەبەز کرایە فەرماندەی تیپی ٢٣ی سورداش.

پـــــێکهاتەی نوێی تـــــیپی23ی سورداش

کاک نەبەز	فەرماندەی تیپ
خەلیل بێدەری	فەرماندەی کەرت
هاوڕێ کاوە	فەرماندەی کەرت
سابیر کۆکەیی	فەرماندەی کەرت
کەریم بازیانی	فەرماندەی کەرت

گـــــرتنی ڕەبـــــیە

دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٢٣ سـورداش لە شـەوی ١٢-١٩٨٥/٤/١٣ چوونە سەر ڕەبیەی ژمارە (٩) لە هەڵمەتێکی شێرانە دا لە ماوەی تەنها(١٥) دەقیقە دا دەستیانگرت بەسەر ڕەبیەکەدا.

زیانی دوژمن

کوژرانی ٤ جەیشی ناشەعبی

گرتنی یەک جەیش ناشەعبی

دەستکەوت

٢ ڕەشاشی ئار بی کەی

٣ کلاشینکۆف

١ قەناس (١٠) خۆر بە (٥) مەخزەنەوە
٣٥٠٠ فیشەکی قەناس
٤٠٠٠ فیشەکی رووسی

لـــێدانی رەبـــــیە

لەشەوی ٢١-١٩٨٥/٤/٢٢ پێشمەرگەکانی تیپی ٢٣ سورداش چوونە سەر جادەو ئاگربارانی رەبیەکانی دوژمنیانکرد.

زیانی دوژمن
کوژرانی ٨ جاش
بریندار بوونی چواریتر
بەدیلگرتنی دوو جاش دوای رووبەڕووبونەوەی رێبازی شۆڕش ئازاد کران.

دەستکەوت

١ ئیڤا
١کلاشینکۆف
٢ دەمانچەی چواردە خۆر

گـــرتنی خـــەبیر

رۆژی ١٩٨٥/٤/٢٤ پێشمەرگەکانی تیپی ٢٣ سـورداش چوونە سەر جادەی تاسلوجە و دەستیانگرت بەسەر ئوتومبێلێکی لاندکرۆزەر کە (٨) خەبیری ئیتالی تیا بوو. بۆ رۆژی دواتر دوژمن بە هێزێکی زۆرەوە کە پێکهاتبوو لە ٣ دەبابە و ١٠٠٠ جاش بە سەر پەرشتی قائید فیرقە لەگەڵ چەند شۆفلێک بۆ رووخاندنی دێهاتەکان بەنیازی پەلاماربوون بەڵام ناکۆکی لەنێوان قائید فیرقە و چەکدارەکانی رژێم دروست بوو زۆری نەما لەیەکتر بدەن ، بۆیە وازیان لە دێیەکان هێنا و کەوتنە گرتنی ژن و منالی بێتاوان.

-دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی سورداش لە ڕۆژی ١٩٨٥/٥/١٥ چوونە سەر جادەی ئاغجەلەر تەکیەو سێ سەربازیان دەستگیرکرد کە ٢ کلاشینکۆف و ٨ مەخزەنیان پێبوو، دوای ئەوەی چەکیانکردن ئازادیانکردن.

دوو پێشمەرگەیتری هەمان تیپی ٢٣ی سورداش لە ڕۆژی ١٩٨٥/٥/١٠ چوونە ناو شەریکەکەی کەڵەوانان نزیک تاسلۆجە و پۆلیسێکیان دەستگیرکرد هەر لەوێدا کلاشینکۆفەکەی و چوار مەخزەنیان لێکردەوە و ئازادیانکردن.

تـــۆڵەی عەلی چـــوارتایی

دەستەیەک لە پێشمەرگە نەبەزەکانی تیپی ٢٣ی سـورداش کاتژمێر دووی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٥/٥/٢٧ چوونە سەر جادەی سلێمانی دووکان خوار پردی تابین ئیڤایەکی سەربازییان دایە بەر دەستڕێژی گوللەو بووە هۆی کوژرانی ٣ سەرباز کە یەکێکیان ئیستخباراتی سەربازی بوو لە گەڵ تێکشکاندنی ئیڤاکە.

لـــێدانی ڕەبـــییە

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٢٣ی سورداش لە شەوی ١٩٨٥/٥/٢٩/٢٨ چوونە سەر سێ ڕەبییەی بن زەرد کە دەکەوێتە سەروی کۆتەڵ و بەرانبەر سـورداش بە چەکی هەمە جۆر لە هەر سێ ڕەبییەکەیانداو ڕەبییە سەرەکییەکەی بن زەرد بە تەواوی وێرانکرا، زیانی دوژمن لە هەر سێ ڕەبییەکە کوژرانی ١٥ کەس بوو.

ڕەبـــیەکانی خڕی زێوێ شـــەوی 1985/8/12/11

دوای هاتنی کاک نەبەز بۆ تیپی ٢٣ی سووورداش لە هەوڵی چالاکی و تۆمارکردنی داستان و نەبەردی پێشمەرگانەدا بوو، لە سەر ڕێگای سلێمانی- دووکان لە خڕی زێوێ تا سوسێ، زنجیرەیەک ڕەبیە و مەقەڕ سریە ببوونە دوومەڵی دڵی ئەو ناوچەیە، بۆیە بڕیاردرا هێرشیان بکەنە سەروو هەڵیان کەنن.

هاوینی ساڵی ١٩٨٥ بوو، نەخشەی گرتن و دەستبەسەرداگرتنی ڕەبیەکانی خڕی زێوێیان دانا، کەرتەکان، مەفرەزەکان دابەشکران و شوێنی خۆیان پێسپێردرا، سابیر کۆکەیی و هاوڕێ کاوە، دوو فەرماندە کەرتی وریا، بۆ مەقەڕ سریەکە دانران، کاک نەبەزو هەڤاڵەکانی تریش بەرەو ڕەبیەکانیتر هەڵمەتیان برد.

ڕەبیەی مەقەڕ سریەکە سەخت و ئاڵۆزو یاخی بوو، گڵێکی زۆری لێهەڵدرابووەوە، پەلاماردانی ئەستەم بوو، لە گەڵ یەکەم هەڵمەت و هێرش و پەلاماردا خالید گەرگەڕی پێشمەرگەی ئازاو چەلەنگ و ئاسکی ئەو هەردەو هەڵەتە یاخیانە، شەهید بوو، لەو شەوەدا بووە گوڵە ئەستێرەیەک بە یەخەی پیرەمەگروونەوە.

لە گەڵ دووەم هەڵمەتدا یاسین بیرانی جێگری فەرماندەی کەرت شەهید بوو، بووە زامێکی ئەبەدی لە دڵی پیرەمەگروون و مام غەریب دا کە تا ئێستاش چۆڕاوەی خوێنی لێ ئەتکێ، یاسین بەوروو و پڵنگی پیرەمەگروون، مەگەر هەر پیرەمەگرون بتوانێت بینووسێتەوە، داستانی قارەمانێتی ئەو شەوە بگێڕێتەوە.

ڕەبیەکە سەخت و دژوارو دەست بەسەرداگرتنی ئەستەم بوو، شەوێکی تاریک و چاو لە چاو دەخشا، ناچار پاشەکشەیان کرد، تەرمی شەهید خالید هێنرایە ژێر پردێک و لەو دیو ڕەبیەکەوە دانرا، تەرمی شەهید یاسین بیرانی بە ئەڵقە و تەلبەندی ڕەبیەکەوە جێما.

بۆ جارێکیتر بە فەرماندەیی کاک نەبەز هێرش برایەوە سەر ڕەبیەی مەقەڕ سریەکە، کاک نەبەز و هاوڕێ کاوە، سەباحە ڕەش و سابیر کۆکەیی، مام عومەرو غەریبە ڕەش، هەڵمەتیان بردەوە سەر ڕەبیەکە، چوونە ناو ڕەبیەکەوە ئەمجارەشیان ڕەبیە دوو قارەمانیتری کرد بە گەروی خۆیداو بە خوێنی گەشیان بوونە دوو ئەستێرەی سووروو بە گەردنی پیرەمەگروندا هەڵواسران، دوو شەهیدی کەڵە شەهید، مام عومەرو غەریبە ڕەش، تەرمی مام عومەر بەجێماو لە پاڵ یاسین دا پاڵکەوت، تەرمی غەریبە ڕەشیش دەست لە ملانی خالید گەڕگەڕی بوو.

لەو شەوەدا لە ڕکە و ناو تاشە بەردی ڕەبیەکانی خڕی زێوێ، چوار مەشخەڵی هەمیشە گەش داگیرسان و بوونە چوار دار ئەرخەوانی سەیوان، بوونە ملوانکە

بۆ ملی خڕی زێوێ، تەرمی مام عومەرو یاسین بیرانی کەوتە دەست ڕژێم، دوای چەند ڕۆژێک وەرگیرانەوەو لە گردی سەیوان بە خاک سپێردران و بوونە دوو داری ئەرخەوان.

شەهید خالید گڕگڕی خاوەنی دوو خێزان بوو، سابیر کۆکەیی و هاوڕێکانی زۆر هەوڵیاندابوو نەیەت لە گەڵیان، بەڵام شەهید خالید قبووڵی نەکردبوو، تا لەو شەوەدا شەهید بوو.

پاش ماوەیەک کاک نەبەز لە تیپی ٢٣ی سورداش گواستراپەوەو هەڵۆ ئەحمەد کوردە کرایە فەرماندەی تیپی ٢٣ی سورداش، بەرنامەو نەخشە و پلانی لێدان و دەست بە سەرداگرتنی سەربازگەی حەسەن تەپە دانرا.

خـــڕی زێوێ- دووکـــان

مەفرەزەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٢٣ی سـوورداش لە ڕۆژی ١٩٨٥/٩/١٨، خاڵی پشکنینیان لە سەر ڕێگای گشتی دووکان- سلێمانی لە ئاستی خڕی زێوێ دانا، چەند ئۆتۆمبێلێکیان ڕاگرت و بە دوای جاش و پیاوانی ڕژێمدا دەگەڕان، لە نێو ئۆتۆمبێلەکە دوو جاش دەستگیرکران، یەک کلاشینکۆف و چوار مەخزەن دەستکەوت بوو.

هەر لەو کاتەدا ئۆتۆمبێلێکی گومان لێکراو کەوتە بۆسەی پێشمەرگەکانەوەو نەوەستا، پێشمەرگەکان دایانە بەر دەستڕێژی گوللە و نائب زابتێکی ئیستخبارات بە ناوی سالح موسا مەیدان، لێپرسراوی سەیتەرەی سووسێ خەڵکی قادسیە ژمارەی ناسنامە (٨٠) کوژرا.

گـــرتنی سەربازگەی حـــەسەن تەپە

سەربازگەی حەسەن تەپە سەربازگەیەکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو فڕۆکەخانە و سکەی قیتاری تیابوو، بەرنامەو نەخشەی جێبەجێکردن و لێدانی تونێلێک لە چیای پیرەمەگرونەوە بۆ ناو سەربازگەکە ئامادەکرابوو، بە شێوەیەک فڕۆکە بتوانێت

لە ژێر شاخەکەوە بچێتە ناو فڕۆکەخانەکەوە ئەوە جگە لەوەی دەیان جیهازی پێشکەوتوی ئەو سەردەمەی تیابوو کە بۆ فڕۆکەخانەو سکەی قیتارو لێدانی تونێل هێنرابوونە سەربازگەکە.

تیپی ٢٣ی سورداش بە پێی نەخشەو پلانی چنراو بە چاو ساغی و دەلیلی کەمالی مامە قالە و بەشداری بەشێکی تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان پەلاماری سەربازگەکەیان داو لە ماوەیەکی کورتدا دەستیان بە سەرداگرت، کەمالی مامە قالە هاوڕێتیەک بوو شان بە شانی پێشمەرگە لە هەڵمەتدا بوو هەر ئەویش دەلیل و چاوساغی لێدانی سەربازگەکە بوو هەر ئەو شەوە لە گەڵ یەکەم نەعرەتەی هەڵمەتدا گیانی سپاردوو شەهید بوو.

بـــۆسە

پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٢٣ سورداش لە کاتژمێر ٧,٣٠ دەقیقەی سەر لەبەیانی ڕۆژی ١٩٨٥/١٠/٢٦ بۆسەیەکیان لە سەر پردی تابین لەسەر ڕێگەی سلێمانی سورداش دانا و هینۆیەکی جەیشی نا شەعبی کەوتە بۆسەکەوە.

زیانی دوژمن

کوژرانی ١١ جەیشی ناشەعبی

دەستکەوت

١ ڕەشاشی ئار بی کەی

کلاشینکۆفێک و دەمانچەیەک

دووکـــان – بـــۆسە

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٢٣ سورداش لە کاتژمێر (٧)ی شەوی ١٩-١٩٨٥/١١/٢٠ بۆسەیەکیان لە سەر ڕێگەی دووکان ی سەروو خوارەوو دانا و ژمارەیەک پیاوی ڕژێمیان دەستگیرکرد.

١- بنیامین یوحەننا بنیامین لێپرسراوی منەزەمەی بنگرد.

٢- ئامر قاطع جەیشی ناشەعبی و ڕەفیق حیزبی و لێپرسراوی نەقابە بە

کلاشینکۆف و دەمانچەیەکەوە.
٣- ئامر سریەیەکی جاش بە دەمانچەیەکەوە.
٤- جاشێک و ئامر سریەیەکیتری جاش.

بـــۆسە - تـــەکیە

دەستەیەک پێشمەرگەی تیپی ٢٣ سوورداش لە ١٩٨٥/١١/٢٨ لەسەر جادەی تەکیە بۆسەیەکیان دانا ،ئوتۆمبێلێکی بەڕازیلی جاش کەوتە بۆسەکەوە ،ئوتۆمبێلەکە چوار جاشی تیابوو.

دەستکەوت
ئوتۆمبێلە بەرازیلیەکە
٢ کلاشینکۆف
یەک دەمانچە

گـــرتنی جـــاشێك

پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٢٣ سورداش لە رۆژی ١٩٨٦/٢/٢٠ بۆسەیەکیان لەسەر جادەی سلێمانی - دووکان دانا و جاشێکیان دەستگیرکرد ،هێزێکی دوژمن کە پێکهاتبوو لە (٣) دەبابە و چەند ئوتۆمبێلێکی جەیشی ناشەعبی وویستیان فریای جاشەکە بکەون پێشمەرگەکان لەوانیشیاندا و ڕاویاننان.

رەبـــییەی دارەتـــوو

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٢٣ سـوورداش لە شـەوی ٥-١٩٨٦/٣/٦ هێرشیانکردە سەر رەبییەی نزیک دارەتوو -کەڵەوانان دوای نزیکەی کاتژمێرێک شەڕ دەستیان بەسەردا گرت.

زیانی دوژمن

کوژرانی سەربازێک و بەدیلگرتنی (٣) سەربازیتر

دەستکەوت

٤ کلاشینکۆف و ٢٤ مەخزەن

٣٠٠٠ فیشەک

گـــرتنی مقەر فەوجی 2 ی لـــیوای 13ی ڕژێـــم

*دوای ئەوەی بەرنامە و پلانی ورد دانرا بۆ گرتنی فەوجەکە هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە قارەمان و دلێرەکانی تیپەکانی ٢١ کەرکوک ،٢٣ سورداش، ٢٥ خاڵخاڵان ،٥٧ سەگرمە و مەفرەزەیەکی مەڵبەندی دوو بۆ لێدان و دەستەبەسەرداگرتنی مقەر فەوجی دووی لیوای سیانزە ئامادە بوون. هێزی پێشمەرگەی قارەمان هەر لەڕۆژی ١٩٨٦/٣/٣١ تا ١٩٨٦/٤/٢ تۆپبارانی هێزەکانی دوژمنیانکرد لە چەرمەگا کەسێکیان کوشت و ژمارەیەکیان بریندار کرد پاشان هەر ئەو هێزەی پێشمەرگە لە شەوی ٤-١٩٨٦/٤/٥ هێرشیانکردە سەر مقەر فەوجی دووی لیوا سیانزە لە نزیک حەسەن تەپە ،پێشمەرگە قارەمانەکان لەگەڵ یەکەم ورشەی ئاربی جی هێرشیانکردە ناو سەربازگەکە و لە ماوەی (١٠)دەقیقە دا دەستیان بەسەردا گرت. هەرچی لە ناو سەربازگە دا بوو کەوتە دەست پێشمەرگەو تەپڵی سەرکەوتنیان لێدا ئەوەی کوژرا کوژرا ئەوانیتر هەڵاتن.دوو هێزی سەربازی دوژمن لە سەربازگەی سوسێ و سلێمانییەوە هاتن بە فریای هێزە بەزیوەکەیانەوە پێشمەرگە نەبەزەکان لە دوو هێزەش هاتنە دەست و ڕێگەیان نەدا بێنە پێش دوای ئەوەی ژمارەیەکی زۆریان لێکوژرا و بریندار بوو بەرەو دواوە هەڵاتن.

زیانی دوژمن

*کوژران و بریندار بوونی ژمارەیەکی زۆر ، لاشەی ١٧ کوژراویان کەوتە دەست پێشمەرگە.

* تەقاندنەوەی دوو مەشجەب

*سووتاندنی یەک ئیڤا – یەک لاندڕۆڤەر ،١ لاندکرۆزەر ،١ ئوتۆمبێلی بەرازیلی

*سووتاندنی ٦ ماتۆڕ

*سووتاندنی کەلوپەلێکی زۆری سەربازی

دەستکەوت

یەک ضد الجوی دیمترۆف ١٤,٧ ملم بە (٥) لولەی زیادەوە

٣ جیهازی پی ئارِ سی

١جیهازی گەورەی تەدریب سلاح

١٤ پارچە چەکی هەمە جۆر

١٣٨ نارنجۆکی دەستی

١٨ سندوق فیشەکی دیمترۆف بە شریتەوە

٨ سندوق فیشەکی دۆشکە بە شریتەوە جگە لە ٢١٠٠ فیشەکی دۆشکەی تر

١٣٣٠٠ فیشەکی کلاشینکۆف

٣٥٠٠ فیشەکی بی کەی سی

٣٥٠ مەخزەنی کلاشینکۆف

٢٣ قناعی غاز

یەک لولەی دۆشکە و یەک لولەی بی کەی سی

٥ دەمانچەی تەنویر

١ دەمانچەی میکاریۆف

٢ ماتۆری کارەبا

٢٥ قالب TNT

٣٠٠٠ فیشەکی تەدریب

١ دووربین قەناس و هەندێک کەلوپەلیتر

قوربانی پێشمەرگە شەهید بوونی پێشمەرگەی قارەمانی تیپی ٢٣ سورداش کەمال فارس محەمەد ناسراو بەکەمالی مامە فارس خەڵکی دێی حاجی ئاوا بوو.

گـــــرتنی ڕەبییەی ســـــرد

شەوی ٦-١٩٨٦/٥/٧ پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی سورداش هێرشیانکردە سەر ڕەبییەی سردی سەر جادەی سلێمانی دووکان و لەماوەی (١٠) دەقیقە دا دەستیان بەسەردا گرت.

زیانی دوژمن

کوژرانی ٦ کەس

بەدیل گرتنی ٤ کەس

دەستکەوتەکان

١ ئار بی جی ١١، ١٠ کلاشینکۆف و ٢٦ مەخزەن

١ سندوق نارنجۆک

٢٠٠فیشەکی کلاشینکۆف

١ دووربین

١ هێستر

ڕەبـــییەی کـــەڵەوانان

مەفرەزەیەکی تیپی ٢٣ سورداش لە شەوی ١٧-١٩٨٦/٥/١٨ هێرشیانکردە سەر (باب النظام) ی ڕەبییەی تەنیشتی کەڵەوانان لە ئەنجامدا دوو لە چەکدارەکان کوژران و دوانیش بە دیل گیران.

دەستکەوت

٣ کلاشینکۆف

هاوکات هێزێکیتری دوژمن بە فریای ڕەبییەکەوە هات پێشمەرگەکانی سورداش لەوانیش هاتنە دەست و زیانی زۆریان پێگەیاندن.

ڕێـــگای دووکان - ســـلێمانی

دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٢٣ی سووڕداش سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٦/٧/١٢ بۆسەیەکیان لە سەر ڕێگای دووکان سلێمانی لە ئاستی دێی

قەمچووغە دانا لە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لاندکرۆزەرێکی جەیشی ناشەعبی کە ئامر قاطعی جەیشی ناشەعبی کانی خانی تیا بوو کەوتە بۆسەی پێشمەرگەکانی سووڕداشەوە.

هێزێکی دووژمن بە پشتیوانی دەبابەو جاش و سەربازو سێ کۆپتەری باری و جەنگی هاتن بە هانای ئۆتۆمبێلەکەوە، ئەوانیش کەوتنە بەر ڕەهێڵە گوللەی پێشمەرگەو ژمارەیەکیان لێکوژراو بریندار بـوون. یەکێک لە بریندارەکان بە ناوی (عبدولمەجید) ئەفسەری دەبابە بوو، بە پەلەو بە سواری کۆپتەر گەیاندیانە نەخۆشخانەی کەرکوک، بەڵام پشتی کۆپتەریش فریای نەکەوتوو بەخت یاری نەبوو ئەویش ڕەوانەی دۆزەخ کرا.

زیانی دووژمن لەم نەبەردیەدا کوژرانی:

١/ ئامر قاطعی جەیشی ناشەعبی کانی خان

٢/ ئەفسەری دەبابە عەبدولمەجید

پێشمەرگەکانی (سووڕداش) بێزیان و سەرکەوتوو بن.

شـــەڕی قـــولەڕەیسی

هێزێک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی سووڕداش لە ڕۆژی ١٩٨٦/٦/٢٢ داگەڕانە ئەودیو بناری پیرەمەگروون، نزیک قولەڕەیسی کە دەیان مۆڵگەو سەربازگەی داگیرکەری لێبوو، پێشمەرگەکانی سـووڕداش بۆسەیەکیان بۆ خۆفرۆشان دانا، تاقمە جاشێکی زۆر بەرەو ڕوویان هاتن، پێشمەرگەکانی سووڕداش دایاننە بەر دەستڕێژی گوللە، لە کاتژمێر ٧ی ئێوارەوە شەڕێکی گەرم دامـەزرا، جاشەکانی داگیرکەر تێکشکان، گورزی کاریگەری پێشمەرگەیان بەرکەوت بە جۆرێک هەڵاتن گوللە ئاربیجی و کلاووجامانەیان لێبەجێما، تاقمێکیتر لە جاشەکان هاتن بە هانای جاشەکانیترەوە ئەوانیش ڕاونران و کرانەوە بە مۆڵگەکانیاندا دووژمن کوژراوو بریندارێ زۆر بوو، پێشمەرگەکانیش سەرکەوتووانە و بێزیان بوون.

پـــــایزی 1986

بارەگای جەیشی ناشەعبی لە تەینالّ بوو، بەیانیان کەمینیان لە سەر جادەکان دادەنا و ئێواران هەڵیاندەگرتەوە.

مانگی ١١ی ساڵی ١٩٨٦ مەفرەزەیەکی تیپی (٢٣)ی سووورداش بۆسەیەکیان لە سەر ڕێگای تەینالّ بازیان بۆ هێزەکەی جەیشی ناشەعبی دانا، ئێوارە کاتێک هێزەکە گەڕایەوە مەفرەزەکەی کەرتی دوو لێیاندان و ژمارەیەکیان لێکوشتن.

تـــــۆڵەی لەتیف کانی ســـــپیکەیی

سەرەتای شەڕی قەیوان ماوەت تیپی ٢٣ی سووورداش لە شاخی دوو برا بوون، لەتیف کانی سپیکەیی پێشمەرگەی تیپی ٢٣ی سووورداش شەهید بوو.

لە تۆڵەی شەهید لەتیف دا پێشمەرگەکانی کەرتی (٢) و کەرتی (٣) بە سەرپەرشتی دارا زاهیری و هاوڕێ کاوە، لە گەڵ مەفرەزەیەکی تیپ، دوای دەست نیشانکردن و نەخشەکێشانی دەست بە سەرداگرتنی ڕەبیەکە، هەڵمەتیان بردە سەر ڕەبیەی (دارتووی نەزەر) لە ماوەیەکی کورتدا دەستیان گرت بە سەر ڕەبیەکەدا ٣ سەرباز کوژران و ئەوانیتر هەڵاتن، سێ کلاشینکۆف دەستکەوت بوون، دوای گرتنی ڕەبیەکە گەڕانەوە دۆڵە ڕووت.

لە شەڕی قەیوان ماوەت تیپی ٢٣ ڕۆڵی گرنگیان بینی لە دوو برا- قەیوان، ماوەیەکیش لە دوو براو مارە ڕەش بوون.

ڕۆژێک بۆ پشوودان هاتبوونە پیرکە، بە تۆپی دوور هاوێژ پێشمەرگەیەکیان بە ناوی برایم شەهید بوو.

دووکـــــان – تـــــاسڵوجە

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٢٣ سوورداش لە کاتژمێر (٥)ی ئێوارەی ١٩٨٧/٢/٢ بۆسەیەکیان لەسەر جادەی دووکان – تاسڵوجە دانا و ٤ چەکداریان دەستگیر کرد.

دەستکەوت

٣ کلاشینکۆف

١٢ مەخزەن

١ ئوتۆمبێلی بەرازیلی

شـــــکاندنی پەلاماری دوژمـــــن

هێزێکی گەورەی دوژمن بە پاڵپشتی دەبابە و ناقلە وتۆپی دوور هاوێژ لەسەر لەبەیانی رۆژی ١٩٨٧/٦/١٠ بە مەبەستی سووتاندن و تەختکردنی لە (سوسێ) وە پەلاماری دێی (بیران)یاندا ، هێزی پشتگیری قارەمان لێیاندان و نەیانهێشت بگەنە ناو دێیەکە ،دواتر هێزی پشتگیری ناوچەکە فریای شەڕەکە کەوتن و چەندین پەلاماری دوژمنیان تێکشکاند ، تیپی تایبەتی مەڵبەندی دوو گەیشتنە شەڕەکە و ڕۆڵی دیاریان بینی لە پەرتەوازەکردنی هێزەکەی دوژمن بەمجۆرە شەڕ تا کاتژمێر(٧)ی ئێوارەی خایەند لە ئەنجامدا دوژمن تێکشکا لە کۆتایی شەڕەکەدا دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٢٣ سورداش و ٣٧ ی شارباژێر هاتن بە هانای شەڕەکەوە .

زیانی دوژمن

تێکشکاندنی ١ دەبابە ، ١ ئیڤا و شۆفلێک

چـــــالاکی موغاغ/ مـــــانگی 7ی 1987

تیپی ٢٣ی سـورداش و ٣٧ی شارباژێڕ بە هاوبەشی پەلاماری سەربازگەو فەوجێکی جاشیاندا، دوای نەخشەو پلانی وردو خـۆلادان لە پـەلامـاری قەڵای سووسێ کە گرتنی قورس و ئەستەم بوو بڕیاردرا پەلاماری سەربازگەو فەوجێکی سووک بدرێت کە لە نەخۆشخانە و قوتابخانەکەی موغاغدا لێی مۆڵیبوون لە گەڵ زنجیرە ڕەبیەیەک کە لە کۆتەڵەوە تا سوسێ دریژدەبێتەوە، هەر دوو تیپی ٢٣ و ٣٧ پەلاماری ڕەبیەو سەربازگەو مەقەڕ فەوجەکەیانداو شەڕێکی سەخت دەستیپێکرد

لەو شەڕەدا شەماڵ چاوشین ڕابەڕی سیاسی لە تیپی ٣٧ و کەمال بەکرەجۆیی لە تیپی ٢٣ شەهید بوون، حەمەی تەیب و سابیر کۆکەیش بریندار بوون.

گـــرتنی ڕەبـــییەیەك

دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٢٣ی سـورداش لـە شـەوی ١٩٨٧/٣/٦/٥ هێرشیانکردە سەر ڕەبییەی نزیک دارەتوو- سەربازگەی کەڵەوانان، کوڕانی بە هەڵمەتی سورداش بە هەموو جۆرە چەکێک ئاگربارانی ڕەبییەکەیان کردو لە پاش سێ چارەک شەڕ دەستیان بە سەرداگرت.

زیانی دوژمن:

کوژرانی ١ سەرباز

گرتنی ٣ سەرباز

دەستکەوت:

٤ کلاشینکۆف

٣ هەزار فیشەکی کلاشینکۆف

ڕوخاندن و سووتاندنی ڕەبییەکە

بـــــۆسە

دەستەیەک لە پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی ٢٣ی سـورداش لە کاتژمێر ٤:٣٠ دەقیقەی ئێـوارەی١٩٨٧/٤/١٥ بۆسەیەکیان لە سەر پردی باینجان سەر جادەی گشتی نێوان تاسلۆجە چەمچەماڵ داناو جاشێکیان دەستگیرکرد هێزێکیتری هەمان تیپ چوونە سەر هەمان جادەو لە تاقمە جاشێکیانداو دوانیان لێکوشتن.

شـــەڕی گـــولیجە 1987

هێزێکی زۆری جاش و جەیش بە پشتیوانی کۆپتەر هێرشیانکردە سەر گولیجە، پێشمەرگە لێیان دان و هێزەکەی داگیرکەریان تێکشکاند، لەو شەڕەدا پێشمەرگەیەک بە ناوی کامەران کە خەڵکی سلێمانی بوو شەهید بوو، سابیر کۆکەیش بریندار بوو.

گـــرتنی فەوجی کـــەندەشین
مانگی 1987/8

سووپای داگیرکەر بە پاڵپشتی جاش، پەلاماری کلکەی پیرەمەگروون و دۆڵی شەدەڵە و هۆمەر قەومیدا تا دەستیبەسەردا بگرێت.

بە بڕیاری سەرکردایەتی، تیپی ٢٣ی سووورداش، تیپی ٢١ی کەرکوک نەخشەی دەستبەسەرداگرتنی فەوجێکیان لە دێی (کەندەشین)ی نزیک تابین سەر ڕێگای دووکان سلێمانی دانا.

شەوی یەکەم نەخشەکە جێبەجێنەکرا، بۆ شەوی دووەم تیپی (٢٣)ی سووورداش و تیپی ٢١ی کەرکوک نەخشەی لێدانی فەوجەکەیان جێبەجێکرد.

کەرتی دووی تیپی ٢٣ی سووورداش و تیپی ٢١ی کەرکوک دانرا بۆ لێدانی فەوجەکە، کەرتەکانیتریش بۆ لێدان و گرتنی ڕەبیەکانی دەوروبەری فەوجەکە.

کاتژمێر ١٢ی شەو لە سەربازگەی (کەندەشین) درا تەقەمەنیەکی زۆر لە ناو فەوجەکەدا بوو، یەکەم ئاربیجی پێشمەرگە لە تەقەمەنی عەمبارکراوی فەوجەکە درا، لە یەک چرکەدا سەدان گوللە هاوەن و تەقەمەنی هەمە جۆر تەقینەوە ئەو شەوەی کردە ڕۆژی ڕووناک.

لە چوار دەوری فەوجەکە (٣) ساتر دروستکرابوو ساتری یەکەم و دووەمیان بڕی، مزگەوتی دێیەکەیان جێهێشت، پێش ئەوەی بگەنە ساتری سێیەم، کوردە سابوراوایی فەرماندەی کەرتی (٣) کەوت و شەهید بوو،، عەبدوڵڵا ووتی قسە مەکە با کەس نەزانێ.

ئاسمانی شەڕەکە چراخان بوو، تیپی ٢١ی کەرکوک لە دەستە ڕاستی فەوجەکە بوون، تیپی ٢٣ لە دەستە چەپ، هەڵمەت بۆ سەر فەوجەکە بەردەوام بوو کۆڵیان نەدا هەتا فەوجەکەیانگرت، بەڵام ڕەبیەکانی دەوروبەری فەوجەکە نەگیران، هەر بە تەنها فەوجەکە دەستی بە سەردا گیرا لە داستانی گرتنی فەوجی (کەندەشین)دا ١٦٤ سەربازو جاش کوژران.

ژمارەیەک ئۆتۆمبێلی سەربازی دەستیان بە سەردا گیراو سووتێندران، دەیان پارچە چەک دەستکەوت بوون.

دوای دەست بە سەرداگرتنی فەوجەکە پێشمەرگە پاشەکشەیانکرد، تیپی ٢٣ی سووورداش تەرمی شەهید کوردەیان کردە کۆڵ و بەرەو تابین ڕۆیشتن.

تیپی ٢١ی کەرکوک بە کۆمەڵ دەڕۆیشتن هاوەنێک دای لە ناویان نزیکەی (٧) پێشمەرگە شەهید بوون، ژمارەیەکیش بریندار بوون.

پێشمەرگەکان گەیشتنە چەمی تابین، لەوێ تراکتۆر ئامادە کرابوو، شەهیدەکانیان بە تراکتۆر گواستەوە بۆ ڕۆژی دوایی لە (زەرزی) کوردە سابوراواییان بە خاک سپارد.

شەهید کوردە سابوراوایی شەوی پێشووتر کرابوو بە فەرماندەی کەرت، شەوی پێشووتر نەتوانرا هێرش بکرێتە سەر فەوجەکە بۆیە بەڵێنیدا بە خوێنی خۆی فەوجەکە بگرێت، بەڵێنەکەی خۆی بردە سەرو بە خوێنی خۆی داستانی گرتنی فەوجی کەندەشینی نووسیەوەو تۆمارکرد دوای شەهید بوونی کوردە سابوراوایی کەریم بازیانی کرایە فەرماندەی کەرت.

ڕێـــبەرە سیاسی و فـــــەرماندە تیپەکان

« قادر مەنمی، ئـازادی سەگرمە، شێخ محەمەد، هەڵۆ چەمچەماڵی، سالار کۆیی، غەریب سەعید، بێستوون سابوراوایی، کاک جوامێر، مەلا فەرمان، عبدالکریم هەڵەدنی لێپرسراوی ڕێکخستن.

ڕێبـــــەری سیاسی کـــــەرتەکان

«فەرەیدوون کرژەیی، سمکۆ بچکۆل، عەتا بازیانی، مامۆستا کەمال».

کۆمەڵایەتی: «فەقێ هوشیار، هاوڕێ شۆڕش، جەمال چاوشین».

مالیە: «ڕەمەزان کەرکوکی، عبدالله مەحموود».

جێگر تیپەکان: هەڵۆ چەمچەماڵی، ئاراس حەمە لاو، محەمەدی تەیب، سابیر کۆکەیی.

فەرماندەی مەفرەزە: سامان گەزەڵانی، بەکر خەردەلوکی، شێرزاد، سەربەست بچکۆڵ، صباحە ڕەش، حاجی نوری، دارا زاهیری، نورالدین خانەقینی، عبدالله بەکرەجۆیی.

جێگر کەرت: یاسین بیرانی، سەرکەوتە ڕەش، محمد بازیانی.

عدد جهاز: نوری فەرەج ڕەحیم.

دکتۆری تیپ: دکتۆر فایەق گوڵپی، دکتۆر ئاسۆ، دکتۆر هێمن.

تـــــیپی 57 ســـــەگرمە

تـــــیپی 57 ســـــەگرمە

تیپی ٥٧ سەگرمە لە سالّی١٩٨٢ دامەزرا پێکهاتەکانی تیپەکە بەم شێوەیە بوو

*کاک وەهاب فەرماندەی تیپ

*محمود سەنگاوی جێگری فەرماندەی تیپ

* پۆلّا رابەری سیاسی

*ئاواتی شێخ جەناب ڕێکخستنی کۆمەڵە

فەرماندەی کەرتەکان

مام هێرش فەرماندەی کەرتی (١)

هێمنە ڕەش فەرماندەی کەرتی (٢) ی بازیان

هیوا بارۆیی فەرماندەی کەرتی (٣) هەمەوەند

مامە ریشە فەرماندەی کەرتی (٤) ی جەباری

دواتر حەمە ڕەش کرایە فەرماندەی کەرتی (٥) ی باسەڕە

دوای کاک وەهاب کاک ئازادی سەگرمە کرایە فەرماندەی تیپ

عبدولڕەحیم بێتەلەوان بوو

دوای هاتنی کاک ئازاد گۆڕانکاریان بەسەردا هات،سەربەستە کۆڵ ،ڕەحمان گۆپیتەیی ، سەلام شوشە ، سیروان دێڕەشەیی، وریای شێخ ڕەشید ، شێخ مەحمود، پشتیوانی حەسەن فەقیانە ، ڕزگاری حاجی کایل فەرماندەی کەرت بوون

حەمە ڕەش جێگری تیپی ٥٧ بوو دواتر کرایە فەرماندەی تیپ .

سالّی ١٩٨٧ مەحمود سەنگاوی لەتیپی ٥١ گواستراییەوە و کرایە فەرماندەی تیپی ٥٧ی سەگرمە .

پێکهاتەی تیپی ٥٧ ســـــەگرمە لە ناوەڕاستی ســـــالّی ١٩٨٧

پێکهاتەی تیپی ٥٧ سەگرمە لە ناوەڕاستی سالّی ١٩٨٧ بەم شێوەیە بوو

*مەحمود سەنگاوی فەرماندەی تیپ

*هیوا بارۆیی جێگری تیپ

* سالار عبدوڵڵا رابەری سیاسی تیپ
بێتەل : زاهیر
دکتۆری تیپ
*دکتۆر ساجد
*دکتۆر جەبار
*دکتۆر کاوان
فەرماندەی کەرتەکان
*ئاواتی حاجی حەمە ئەمین (ئاوات دارا غایی) فەرماندەی کەرتی (١)
*ئەنوەر دۆڵانی فەرماندەی کەرتی (٢)
* سیروان دێڕەشەیی فەرماندەی کەرتی (٣)
*ئەردەڵان فەرماندەی کەرتی (٤)
بەکرە گەڕ فەرماندەی کەرتی (٥)

قـــــەرە هەنجیر 1982

مەفرەزەیەکی کەرتی ٤ جەباری تیپی ٥٧ سەگرمە لە شەوی ٥-١٩٨٢/٩/٦ هێرشیانکردە سەر رەبییەکانی قەرە هەنجیر و دەستیانگرت بەسەر رەبییەکەدا .

زیانی دوژمن

کوژرانی ٣ جاشی شەعبی
سوتاندنی رەبییەکە

دەستکەوت

٨ مەخزەن کلاشینکۆف و ٧٠٠ فیشەکی ڕوسی

گـــــرتنی رەبییەی (کـــــــەلە ڕەش)1982

پێشمەرگە نەبەزەکانی کەرتی (٣) تیپی سەگرمە لە شـەوی ٨-١٩٨٢/٩/٩ هێرشیانکردە سەر رەبییەکانی (کەلە ڕەش)ی سەر بەلیوای ٦٠١ وەحدەی ٧١١٦

،فەوجی یەک ، سریەی یەکو گوللە بارانیانکردن، لەئەنجامدا سەربازەکانی ناو رەبییەکە خۆیاندا بە دەستەوەو دەستگیرکران ، پێشمەرگەکان دەستیانگرت بەسەر ڕەبییەکەدا .

زیانی دوژمن

بەدیلگرتنی ١٠ سەرباز پاش ڕوونکردنەوەی ڕێبازی شۆڕش ئازادکران ، شەش سەربازیش بریندار بوون.

دەستکەوت

١٤ کلاشینکۆفی سیخۆ و ٣٦ مەخزەن
١ڕەشاشی ئاربی کەی ژمارە (٦٨٦٠)
٤ سندوق فیشەکی ڕوسی
١سندوق نارنجۆکی دەستی
١ جهازی راکاڵی بچووک
١ تەلەفۆن
سوتاندنی دووخێمە و چەندین بەتانی و کەلوپەلیتر

گـــــرتنی ڕەبییەی قـــەرەتامور 1987

پێشمەرگە دلێرەکانی کەرتی(٤) جەباری لە شەوی ١٠-١٩٨٢/٩/١١ هێرشیانکردە سەر ڕەبییەی (قەرەتامور) و دەستیان بە سەر داگرت.

دەستکەوت

٦ کلاشینکۆفی سیخۆ
١٢ هەزار فیشەکی ڕووسی و ١٠ نارنجۆکی دەستی
١ جیهازی ١٠٥ کەژمارەکەی (٣٧٢٥٦٦) بوو بەدیل گرتنی ٤ سەرباز بریندار بوونی ٨ سەرباز
دوای ڕوونکردنەوەی ڕێبازی شۆڕش دیلەکان ئازاد کران

شـــــەڕی ســـــاڵەیی
ســـــەرەتای ســـــاڵی 1983

ڕەبیيەیەک لە نێوان ساڵەیی و مامشە دانرابوو کۆسپی لە بەردەم چالاکی و هاتوچۆی پێشمەرگەدا دروووست دەکرد کەرتی چواری جەباری بڕیاریاندا پێش ئەوەی ڕەبیيەکە شوێنی خۆیان قایم بکەن لێیان بدەن.

پێشمەرگەکانی کەرتی چواری جەباری ئێوارە چوونە ناو دێی ساڵەیی دەستەی هێرش جیاکرایەوە بۆ لێدانی ڕەبیيەکە دەستەیەک پێشمەرگە لە سەر جادەکە دامەزران ئەگەر هێزی دوژمن لە لەیلانەوە هات لێیبدەن و نەیەڵن بگاتە هاواری ڕەبیيەکە، چەند بۆسەیەکیتریشیان دانا.

پێشمەرگەکانی کەرتی چواری جەباری بە فەرماندەیی مامە ڕیشە هێرشیانکردە سەر ڕەبیيەکە گورزی کوشندەیان لێدان، ڕەبیيەکە لاواز بوو تەقەی کەمی تیامابوو پێشمەرگەکان لە دەوری سیمی ڕەبیيەکە بوون هەوڵیاندا بچنە ناو ڕەبیيەکەوە.

لە سنووری لەیلانەوە ناقیلەو سەربازێکی زۆر هاتن دۆشکەی سەر ناقیلەکان تەقەیان دەکرد ئەو پێشمەرگانەی لە سەر جادە دامەزرابوون تەقەیان لە ناقیلە و هێزەکەی دوژمن کرد پێشمەرگەکانی ناو ڕەبیيەکەش گەڕانەوە بۆ لێدانی ناقیلەو هێزەکەی دوژمن کە بە هاواری ڕەبیيەکەوە هاتبوون، لە هێزەکەی دوژمنیانداو تێکیانشکاندن.

لەو شەڕەدا ئیڤایەک و ناقیلەیەک دەستیان بە سەردا گیرا، ناقیلە و هێزەکەیتر لە دووڕەوە تەقەیان لە پێشمەرگە دەکرد.

پێشمەرگەکانی کەرتی چواری جەباری گوللەی ئاربیجیان پێنەمابوو چوونە سەر ئیڤاکە سندوقێک گوللە ئاربیجی تیابوو، بە گوللە ئاربیجییەکانی خۆیان لە هێزەکەی دوژمنیاندا.

ناقیلەیەک چوو بووە نێوان ساڵەیی و مامشە تەقەی لە پێشمەرگەکان دەکرد، ئەو ناقیلەیەی دەستی بە سەردا گیرابوو ئاگریگرت پێشمەرگەکان لە ساڵەییەوە ئاویان بۆ هێنا تا ناقیلەکە بکوژێننەوەو سوود لە تەقەمەنیەکانی ناوی ببینن، ناقیلەکەیان

کوژاندەوەو تەقەمەنیەکانیان دەرهێنا گرینۆفێکی تێدابوو دواتر سووتاندیان.

کاتژمێر ١١ی شەو کۆپتەر هاتە سەر ئاسمانی شەڕەکە تەڵقە تەنویری هەڵدەداو مەیدانی شەڕەکەی ڕووناک دەکردەوە، پێشمەرگەکان سەرکەوتووانەو بێزیان گەڕانەوە ناوچەکانی خۆیان.

شەهید بوونی سێ پێشمەرگەی قارەمانی کەرتی (3)ی تـــیپی (57)ی ســـەگرمە «داســـتانێکی کـــەم وێنە»

سێ پێشمەرگەی تیپی ٥٧ی سەگرمە لە شەوی ١٩٨٣/١/٨/٧ بە مەبەستی ئەنجامدانی چالاکییەک هاتنە ناو شاری چەمچەماڵ، دوای ئەنجامدانی چالاکییەکە ویستیان بگەڕێنەوە بەڵام ڕێگاکانی دەرچوون تەندرا بوون دوژمن کەمینی لە چواردەوری چەمچەماڵ دانابوو، سێ پێشمەرگەکە گەڕانەوە ناو شارو لە گەڕەکی بێکەس لە ماڵێکدا مانەوە.

دەزگا سیخوڕییەکانی دوژمن بە مانەوەی پێشمەرگەکانی زانیبوو بۆیە لە ڕۆژی ١٩٨٣/١/٨ هێزێکی زۆریان کۆکردەوەو گەمارۆی گەڕەکی بێکەس و ئەو ماڵەیاندا کە سێ پێشمەرگەکەی تیادا مابوونەوە، دوژمن لە ڕێگەی بڵندگۆوە پێشمەرگەکانی ئاگادار کردەوە تەسلیم بن و لە ماڵەکە بێنە دەرەوە بەڵام پێشمەرگەکان تەسلیم بوونیان ڕەت کردەوەو بڕیاریاندا تا دوا هەناسەو دوا فیشەک و دوا دڵۆپی خوێن بەرگری بکەن.

دوژمن هێزێکی زۆری لە جاشی چەمچەماڵ و سەربازو مەفرەزە خاسەو قوات خاسە کۆکردبووەوە تا پەلاماری پێشمەرگەکان بدات.

کاتژمێر دوانـزەی نـیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٣/١/٨ دوژمـن پـەلامـاری بۆ سەر پێشمەرگەکان دەستپێکرد، شەڕ لە نێوان پێشمەرگەو دوژمندا دروست بوو، دوژمن هێزێکی زۆری لە سەر پێشمەرگەکان کۆکردبووەوە، کۆپتەرو سیخۆ لە سەر ئاسمانی شەڕەکە بوون لە ڕێگەی ڕۆکێتی کۆپتەرەوە لە ماڵەکەیاندا.

سێ پێشمەرگە، سێ وردە بەرزو کەڵەگەت دیواری چەند ماڵێکیان کونکرد تا شەڕی تیا بکەن، شەڕ تا کاتژمێر پێنجی ئێوارەی خایاند لە پشتی ماڵەکانەوە بۆشاییەکی تیا بوو دوژمن لە دواوە بە تۆپی ١٠٦ لە ماڵەکانیدا لە ئەنجامدا هەر سێ پێشمەرگەکە شەهید بوون کە ئەم نەمرانەن:

١/ شەهید محەمەد نادر قادر چەمچەماڵی

٢/ شەهید سۆران پورە گوڵە، شەهید سۆران برای شەهید گۆرانی پورە گوڵەیە کە لە ساڵی ١٩٨٢ لە قازان شەهید بوو

٣/ شەهید بەکر تۆفیق بارۆیی

هێزی پێشمەرگە لە هەر دوو تیپی ٥٧ی سەگرمەو تیپی ٢١ی کەرکوک هاتن بە هانای پێشمەرگەکانەوە.

• تیپی ٢١ی کەرکوک هاتبوونە گورگەیی چاو سوور بەڵام کاتێک هەواڵی شەهید بوونی پێشمەرگەکانیان زانیبوو گەڕابوونەوە.

• کەرتی چواری جەباری بە فەرماندەیی مامە ڕیشە هاتنە دێی قودرەتەی نزیک چەمچەماڵ بەڵام کاتێک گەیشتنە ناو شاری چەمچەماڵ پێشمەرگەکان شەهید ببوون.

ئەو شەوە مامە ڕیشە بە «ئار بی جی» لە ماڵە جاشەکان و قەڵای چەمچەماڵیدا.

دوژمن تەرمی خوێناوی پێشمەرگەکانی بردە مزگەوتی مەلا برایم پاسەوانی دانابوو تا کەس تەرمەکان نەبات، بەڵام خەڵکی چەمچەماڵ خرۆشان و بەگژ پاسەوانەکانی دوژمندا چوونەوەو تەرمی شەهیدەکانیان لە مزگەوت هێنایە دەرەوە.

تەرمی هەر دوو شەهید محەمەد نادرو بەکر بارۆیی بردرانە ماڵی کەسووکاری شەهید محەمەد و کفن کران.

تەرمی شەهید سۆران بردرایە ماڵی کەسووکاری و کفن کرا، خەڵکی چەمچەماڵ خرۆشا بوو لە مەراسیمێکی شایستەدا لە گۆڕستانی شێخ سەعید بە خاک سپێردران.

چـــیرۆکی ئـــاشکرابوونیان

دوو جۆر گێڕانەوە هەیە سەبارەت بەوەی چۆن ئەو پێشمەرگانە ئاشکرابوون لەو ماڵەداو کێ زمانی لێدا بوون.

گێڕانەوەی یەکەم دەوترێت شەهید بەکر بارۆیی لە ماڵەکە هاتووەتە دەرەوە تا بچێت کەلوپەل و پێداویستی بکڕێت، چوونکە پێیوابووە ئەو خەڵکی چەمچەماڵ نییەو کەس ناینناسێت، بەڵام کە هاتووەتە دەرەوە لە ناو چەمچەماڵدا خەڵک ناسیوویەتی و شوێن پێیان هەڵگرتووە بەو شێوەیە ئاشکرا بوون.

گێڕانەوەی دووەم دەوترێت ئەو ماڵەی سێ پێشمەرگەکەی تیادا بوو خۆیان یان دراوسێیەکیان دەزگا سیخوڕییەکانی دوژمنیان ئاگادار کردووەتەوە لە بوونی ئەو سێ پێشمەرگەیە لەو ماڵەدا.

دەوترێت شەهیدەکانیان بردۆتە مزگەوت مەلای مزگەوتەکە تەرمی شەهیدەکانی بردووەتە دەرەوەی مزگەوتەکە ووتوویەتی نابێت لەم مزگەوتەدا بن، ئەو شەوە بەفر دەباری تەرمی شەهیدەکان بەفر سپی کردبوو بەفرو خوێن تێکەڵاوی یەکتر ببوون.

دوای بە خاکسپاردنی شەهیدەکان لێپرسینەوە لە گەڵ مەلای مزگەوتەکەدا کرابوو بەڵام پاساوی ئەوە بوو بۆیە تەرمی شەهیدەکانی بردووەتە دەرەوەی مزگەوتەکە بۆ ئەوەی کەسووکاریان تەرمەکانیان بەرنەوە.

ئـەو داستانە گـەورەیـەی ئـەو شەهیدانە بـە خوێنی گەشیان تۆماریانکرد دەنگدانەوەی گەورەی هەبوو هەتا ئاژانسەکانی دەنگوباسی دنیاش وەکو (BBC) باسی داستانەکەی کردبوو.

ئەو سێ پێشمەرگەیە تا دوا دڵۆپی خوێن جەنگان و تەسلیم نەبوون مێژوویەکی پڕ سەروەرییان بۆ خۆیان و میللەتەکەیان تۆمار کرد.

دوای بە خاکسپاردنیان گۆڕستانی شێخ سەعید بوو بە جێ نزرگەی خەڵک، ڕۆژانە خەڵک سەردانی گۆڕستانەکەی دەکرد بۆ سەر گڵکۆی ئەو شەهیدانە.

ئەوان لە ژێر خاکدا خەوتن بەڵام لە خوێنی ئەواندا لە چاوانی ئەواندا سەدان لاوی چەمچەماڵ و دەوروبەری بوونە پێشمەرگە و پەیامەکەیان بەرز ڕاگرتن.

قـــــادرکەرەم لـــــەیلان

پێشمەرگەکانی کەرتی ٤ی جەباری تیپی ٥٧ی سەگرمە لە ڕۆژی ١٩٨٣/١/١٩ چوونە سەر جادەی قادرکەرەم لەیلان نزیک خڕی مامشەو ساڵەیی و بە سەر تـەواوی جادەکـەدا زاڵ بـوون، لەو کاتەدا کاروانێکی سەربازی و جاش کە لە قادرکەرەمەوە بۆ لەیلان دەچوون کەوتنە ناو ئەڵقەی هێرشی پێشمەرگەکانەوەو درانە بەر لێزمەی گوللەی چەکی هەق پەرستی، دوژمن بەهێزێکی زۆری سەربازی بە پاڵپشتی تۆپی ١٠٦ ملم و چوار زرێپۆش بەرەو مەیدانی شەڕەکە هاتن، شەڕ لە کاتژمێر ٥ تا ٨ی ئێوارە درێژەی کێشا دەرەنجام هێزەکانی دوژمن شکان، لە گەڕانەوەیاندا جارێکیتر لە نزیک دێی باوە کەوتنەوە ناو بۆسەی پێشمەرگەکانەوەو درانەوە بەر دەسڕێژی گوللە.

زیانی گیانی دوژمن:

کوژرانی ٣٣ کەس لە ناویاندا دوو ئەفسەرو ١٣ قوات خاسە و ژمارەیەکیتر جاش شەعبی

زیانی مالّی:

تێکشکاندنی جێب قیادەیەک

تێکشکاندنی دوو ئیڤا

وەرگەڕان و پەککەوتنی زرێپۆشێک

دەستکەوت:

گرتنی کلاشینکۆفێکی ژمارە ١١٠ و ٥ شانە و ٢ شانەی ئاربیکەی و شانەیەکی حەفتاو پێنجی

دەمانچەیەکی میکاریوف

زیانی پێشمەرگە:

بریندار بوونی پێشمەرگەیەک و هاوولاتییەک

گـــــرتنی گـــومرگی ســـلێمانی
1983/3/3

کەرتی دووی بازیانی تیپی «٥٧»ی سەگرمە بە فەرماندەیی کاک سەربەست، ئەنوەر دۆلانـی فەرماندەی مـەفرەزە، ئاواتی شێخ جەناب لێپرسراوی کەرتی ڕێکخستن و ژمارەیەک پێشمەرگە دەستیانگرت بە سەر گومرگی سلێمانیدا.

هێزەکەی تیپی ٥٧ی سەگرمە لە دێ کۆن هاتنە کانی گۆمە لەوێشەوە بۆ کەندە سووڕە، ڕێکخستنەکان هاوکاریان بوون، کاتژمێر دووی شەو هاتنە ناو گومرگی سلێمانی.

جەزاو حەمە ڕەش چاو ساغ و هاوکاری پێشمەرگەکان بوون، جەزا پۆلیسی گومرگ بوو سەر بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بوو، حەمە ڕەش یالانقۆزی پێشمەرگەی دێرینی یەکێتی بوو لە کارەساتی هەکاری دابڕابوو، پەیوەندی لە گەڵ ڕێکخستنەکان و هێزی پێشمەرگە گرێدا بووەوە.

حەمە ڕەش پێداویستی شکاندنی دەرگای ژێر زەمینەکەی گومرکی سلێمانی ئامادە کردبوو لە دەوروبەری گومرگەکە چاوەڕێی گەیشتنی پێشمەرگەکان بوو، جەزا کاتژمێر ١٢ بۆ ٢ی شەو پاسەوان بوو چاوەڕێ بوو کارەکە ئەنجامبدەن.

پێشمەرگەکانی کەرتی دووی بازیان لە گومرگی سلێمانی نزیک بوونەوە «عەلی و فەرەج» جلی پۆلیسیان لە بەرکردبوو گەیشتنە ناو گومرگەکەو پاسەوانەکانیان دەستگیرکرد، فەرەج و عەلی بە جلی پۆلیسییەوە چوونە شوێنی پاسەوانەکان.

پێشمەرگەکان دەرگای ژێر زەمینی گومرگەکەیان شکاند ٧٤ پارچە چەکی تیادا بوو بە تراکتۆر گواستیانەوە کەندە سووڕە لەوێشەوە بۆ قەرەداغ.

فەردەیەک فیشەک لە ژێر زەمینەکە بوو سەربەست و ئەنوەر دۆلانی گەڕانەوە کردیانە ناو جێبێکەوەو لە گەڵ خۆیان بردیان پێشمەرگەکان سەرکەوتووانە و بێ زیان بە دەستکەوتی زۆرەوە گەڕانەوە.

دەستکەوتەکان:

٧٦ کلاشینکۆف

٨ ئاربیکەو ١٧٢ مەخزەن
جیهازێکی ڕاکاڵی موحەسەن
جیهازێکی بێڵ
٣ دەمانچە
٤ دووربینی ڕووسی
١ ڕۆنیۆ
فەردەیەک فیشەکی کلاشینکۆف

لەو شـەوەدا پێنج پۆلیس بە دیل گیران دوای ئازاد کردنیان ماوەیەک ڕژێم زیندانی کردن و دواتر ئازادیکردن.

دوای دەستبە سەرداگرتنی گومرگی سلێمانی جەزاو حەمە ڕەش بوونە پێشمەرگە حەمە ڕەش کرایە جێگری کەرتی دووی بازیان لە ساڵی ١٩٨٥ شەهید بوو.

شـــەڕی تـــــانجەڕۆ

ساڵی ١٩٨٣ تیپی ٥٧ی سەگرمە چوونە سەر سەربازگەی تانجەڕۆو لێیاندان، سەنگەر بە سەنگەر شەڕیان لە گەڵدا کردن.

تیپی ٥٧ی سەگرمە بە تۆپی ١٢٠ ملم سەربازگەی تانجەڕۆو زەڕایەنیان بۆردومانکرد، لە لێدان و بۆردوومانکردنی سەربازگەی تانجەڕۆو زەڕایـەن ژمارەیەکی زۆر سەرباز کوژران، هاوەنێکی ٦٠ ملم دەستکەوت بوو لەو شەڕەدا پێشمەرگەیەک بە ناوی فەیلەق بریندار بوو.

نـــــاو شاری ســـــلێمانی

دەستەیەک لە پێشمەرگە دلێرەکانی یەک و کەرتی ٢ی تیپی ٥٧ی سەگرمە لە ساڵی ١٩٨٣ چوونە ناو شاری سلێمانی و لە گەڕەکی ئابڵاخ سێ جاشیان دەستگیر کردو سەرکەوتووانە بە سێ دیلەوە گەڕانەوە.

لەیـــلان- قـــادرکەرەم

مەفرەزەیەک لە پێشمەرگە دلێرەکانی کەرتی چواری جەباری لە کاتژمێر ٤ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٣/٧/٢ بۆسەیەکیان لە سەر جادەی لەیلان قادرکەرەم نزیک «تەپەلو» دانا زیاتر لە ٥٠ ئۆتۆمبیلیان ڕاگرت دۆخی کوردستانیان بۆ ڕوونکردنەوە، دوای ڕاگرتن و بەڕێکردنی هاوولاتیان لە گەڵ جاش و جاش شەعبییەکانی چەمچەماڵ و قادرکەرەم بە شەڕ هاتن، لە کاتژمێر ٦:٣٠ دەقیقەوە تا کاتژمێر ١٠ی شەو شەڕ بەردەوام بوو.

لەم شەڕەدا ٣ پێشمەرگە شەهید بوون:

١/ شەهید کەریم شەهید محەمەد (سەرکەوت) فەرماندەی مەفرەزە لە کەرتی چواری جەباری

٢/ شەهید عادل محەمەد جەوەڵ بۆری پێشمەرگەی کەرتی چواری جەباری

٣/ شەهید عوسمان موەفەری پێشمەرگەی کەرتی چواری جەباری

لە تـــۆڵەی شـــەهیدان

هێزێکی هاوبەشی کەرتی چوارو کەرتی سێ لە ڕۆژی ١٩٨٣/٧/٤ کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ چوونە سەر جادەی لەیلان قادر کەرەم ئۆتۆمبیلێکیان ڕاگرت جاشێک و سەرۆک جاشێک دەستگیرکران هەر لە جێدا لە تۆڵەی سەرکەوت و هاوڕێکانی سەرۆک جاشەکەیان گوللەبارانکرد جاشەکەیتر ئازاد کرا.

دەستکەوت:

تیوتایەکی کابینەیی وەزارەتی تەندروستی بە دەرمان و کەلوپەلەوە

دیـــسان تـــۆڵە

مەفرەزەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی چواری جەباری لە کاتژمێر دووی دوانیوەڕۆ چوونە سەر جادەی لەیلان قادرکەرەم و بۆسەیەکیان دانا تانکەرێکی ئاوی جاشی شەعبی بە ٦ جاشەوە کەوتە بۆسەکەوە لە ماوەی حەوت

دەقیقە هەموویان کوژران.

دەستکەوت:

٧ کلاشینکۆف بوو

دوای لێدانی تەنکەرەکە پێشمەرگەکان کشانەوە بۆ لێدانەوەی جارێکیتری دوژمن لە کاتژمێر ٤ی پاش نیوەڕۆ «٢» تیوتای جاشی شەعبی قاتعی ڕازی و مەحموودیە هاتن بۆ بردنەوەی لاشەی کوژراوەکانیان ئەوانیش کەوتنە بەر دەستڕێژی پێشمەرگەو تێک و پێک شکێندران، پێشمەرگەکان هەڵمەتیان بردە سەریان هەموویان کوشتن و بریندار کردن.

پێشمەرگە قارەمانەکانی جەباری جارێکیتر لە شوێنی خۆیان دامەزران، شەش کۆپتەر هاتنە سەر ئاسمانی شەڕەکە ئەوانیش ڕاونران مەفرەزەیەکی کەرتی ٥ی تیپی ٥١ی گەرمیان هاتن بە هانای شەڕەکەوەو شەڕ تەواو بوو، مەفرەزەیەکی کەرتی ٣ی هەمەوەندیش هاتن بەڵام شەڕ کۆتایی هاتبوو.

زیانەکانی دوژمن:

- کوژرانی زیاتر لە ٥٠ جاشی شەعبی سەر بە قاتعی ڕازی و مەحموودیەی بەغدا
- بریندار بوونی زیاتر لە ٢٠ جاش
- بەدیلگرتنی جاشێکی شەعبی و ئازاد کردنی

دەستکەوتەکان:

٢٢ کلاشینکۆف

٨ سیخۆی کوبی دوو دەسک

٨ جەیشی ناشەعبی

٤ صینی

٢ قۆناغدار

٤٠ مەخزەنی کلاشینکۆف

١ قەننەسی جەیشی و ٥ مەخزەن ئاربیکەی فاس

٤ نارنجۆک و هەندێک کەلوپەل
سووتاندنی ٢ ئۆتۆمبێل و تیوتای گازو تەنکەرێک

کـــەرتی چـــوار

مەفرەزەیەکی کەرتی چـواری جەباری لە کاتژمێر ٣ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٣/٧/٩ لە دێی تەرجیلی نزیک لەیلان بۆ مـاوەی کاتژمێرێک لە مەرکەزی پۆلیسیاندا.

مەفرەزەیەکیتری کەرتی چواری جەباری لە ئێوارەی ١٩٨٣/٧/١٤ چوونە سەر جادەی گشتی سەنگاو چەمچەماڵ نزیک ئاوایی گۆشت قوت ٥٠ ئۆتۆمبیلیان ڕاگرت و ٥ سەربازیان دەستگیر کرد دواتر ئازادیانکردن.

شـــەڕی تـــاڵەبان
مـــانگی 7ی ســـاڵی 1983

مامە ڕیشە بە مۆڵەت گەڕابووەوە تاڵەبان چووبووە گەرماو خۆی بشوات فریای خۆشتن نەکەوت نەوافی ئامۆزای هات ووتی دەوری ئاوایی گیراوە.

ماڵی مامە ڕیشە دوو دەرگای هەبوو دەرگای سەرەوە جاش گرتبووی دەرگای خوارەوە نەگیرابوو، فەخرەدینی برای مامە ڕیشە و محەمەد شەریفی ئامۆزای لە گەڵ مامە ڕیشەدا ڕۆیشتن بە چەمەکەدا چوونە خوارەوە جاشەکان کەوتنە دوایان تەقەیان لە مامە ڕیشە کرد ئەمانیش تەقەیان لێکردنەوە.

مام حەمید خەڵکی دێیەکانیتر بوو هاتبوو بۆ تاڵەبان ئەسپێکی پێبوو، مامە ڕیشە سوار ئەسپەکەی مام حەمید بوو بە ناو ئاوایی قرخ دا ڕۆیشت مامە ڕیشە بە سواری ئەسپەکەی مام حەمید دەرچوو فەخرەدین و محەمەد شەریف لەو ناوە خۆیان شاردەوە.

کە جاشەکان تەقەیان لە مامە ڕیشە کرد سەگێک بریندار بـوو بە خوێنی سەگەکەدا وایانزانیبوو مامە ڕیشە بریندار بووە، ئەو سەرۆک جاشەی گەمارۆی

تاڵەبانی دابوو بروسکەی کردبوو بۆ ئامر لیوا لە چەمچەماڵ ووتبووی مامە ڕیشە بریندار بووەو ئێستە بە شوێن خوێنەکەیدا دەڕۆین، جاشەکانی چەمچەماڵ و لیوای چەمچەماڵ بە پەلە هاتبوونە قرخ تا مامە ڕیشە ببینن.

چەند کۆپتەرێک هاتنە ناوچەی قرخ و تاڵەبان بە دوای مامە ڕیشەدا دەگەڕان، کەریم حەمدانی ئامر لیوا هاتبووە قرخ پرسیاری لە خەڵکی قرخ کردبوو ڕاستە مامە ڕیشە بریندارە، کاکە حەمەی مەحمود پێیووتبوو ئەوەی پێیوتوون درۆی لە گەڵدا کردوون مامە ڕیشە بە ساغ و سەلامەتی سوار ئەسپێک بوو دەرچوو.

مامە ڕیشە بە سواری ئەسپەکەی مام حەمید لە قرخ دەرچوو بەرەو دێرەشە لە گەڵ سەرکەوت شێخ جیری و پشتیوان چەمچەماڵی یەکیانگرت لە نێوان کوڕەداوێ و قرخ بۆسەیەکیان بۆ دوژمن دانا لە کاتی گەڕانەوەیاندا هێزەکەی دوژمن کەوتنە بۆسەکەوە، لە جێب قیادەیەکیانداو چوار چەکداریان تیادا کوشت.

لە گەڕانەوەدا لە چەمچەماڵ کەریم حەمدانی ئامر لیوا بە جاشەکانی ووتبوو بریندارەکە ئاوامان لێدەکات ئەی ئەگەر ساغ بووایە دەبووایە چی بکات.

چـــالاکی- چـــەمچەماڵ

دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی (٤)ی جەباری لە ڕۆژی ١٩٨٣/٨/٣ چوونە ناو شاری چەمچەماڵ و چالاکییەکیان ئەنجامدا، لەو چالاکییەدا ئەمنێک کوژرا، جاشێک بە کلاشینکۆفێک و پێنج مەخزەنەوە دەستگیرکرا.

کـــەرتی چـــواری جـــەباری
نـــێوان کەرکوك قـــەرەهەنجیر

مانگی ٨ی ساڵی ١٩٨٣ مامە ڕیشە و کەرتی چواری جەباری لە نێوان جادەی کەرکوک قەرەهەنجیر چالاکییەکیان ئەنجامدا، لە ئاستی دێی زەنگنە و لە سەر جادەی کەرکوک بۆسەیەکیان دانا.

مەفرەزەیەک پێشمەرگە لە ناو دێی زەنگنە جێمان تا لە گەڵ هاتنی کۆپتەرو

سووڕانەوەیان بە سەر جادەی کەرکوک زەنگنەدا تەقە لە کۆپتەرەکان بکەن، مامە ڕیشە خاوەن نەخشەی سەربازی وورد بوو بەدیقەت و سەلیقە بوو دەیزانی کۆپتەرەکان لە سووڕانەوەدا دەچنە سەر زەنگنە و دەگەڕێنەوە بۆ لێدانی پێشمەرگەکانی سەر جادە، بۆ ئەوەی پێشمەرگەکانی زەنگنە بە ئاربیجی لە کۆپتەرەکان بدەن و فشار لە سەر پێشمەرگەکانی سەر جادە کەم بکەنەوە.

پێشمەرگەکانی کەرتی چواری جەباری دامەزرا بوون دەست لە سەر بەلەپیتکەی تفەنگ، کاروانێکی سەربازی دوژمن کەوتە بۆسەی مامە ڕیشە و هاوڕێکانییەوە چەند ئۆتۆمبیلێکی سەربازی سووتێندران، حەوت کلاشینکۆفی مزەللی جیم و ساروخ دەستکەوتبوون.

لەو شەڕەدا ڕەشید موەفەری پێشمەرگەی کەرتی چواری جەباری بریندار بوو، لە دوای ئەو چالاکییەوە دوژمن لە هێزەکانی قەدەغە کرد لەو جادەیەوە هاتووچۆ بکەن تەنها بە کاروانی سەربازی زۆر نەبێت.

گـــرتنی مەرکەزی ناحیەی ســـەنگاو
شـــەوی 1983/10/11/10

ئازاد غەریب- تازە گواستراباووەوە تیپی ٥٧ی سەگرمە بە گوڕوتینێکی نوێوە بەرنامە و نەخشەی دەست بە سەرداگرتنی مەرکەزی ناحیەی سەنگاوی داڕشت.

ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٣/١٠/١٠ کاک ئازاد پێشمەرگەکانی کۆکردەوەو پێی وتن دەمەوێت مەخفەری سەنگاو بگرین لە ناو مەرکەزەکەدا هیچ کەس نیە پەیوەندی لە گەڵمان هەبێ و هاوکاریمان بکات، تەنها بە هیممەت و ئازایەتی ئێوە دەمەوێت مەخفەرەکە بگرین.

چوار دەوری مەخفەرەکە تەخت بوو، کاک ئازاد بەم جۆرە نەخشەی لێدانی مەخفەرەکەی داڕشت.

+ کاک ئازادو دەستەیەک پێشمەرگە لە تەختاییەکەوە بڕۆن ئاربیجیەک بنێن بە مەخفەرەکەوە، بە دەم تەقەکردنەوە بچنە بن دیواری مەخفەرەکە.

+ هیوا بارۆیی و پۆلێک پێشمەرگە بە ئاربیجی و تەقە کردن بچنە بن دیواری مەخفەرەکە.

+ حەمە ڕەش و وریاش بە هەمان شێوە بچنە بن مەخفەرەکە.

کە گەیشتنە بن مەخفەرەکە سەرو لایتی قەڵەمی داگیرسێنن، وەکو هێمایەک بۆ گەیشتنیان بۆ ژێر دیواری مەخفەرەکە، بەو شێوەیە مەخفەرەکە لە سەربانەوە تەقەش بکەن زیانی بۆ پێشمەرگەکان نابێت.[٢]

قۆناغی دووەم، نارنجۆک هەڵدەنە سەربان، کە نارنجۆکیان هەڵدایە سەربان، سەربازو پۆلیسەکانی سەر مەخفەرەکە ناچارن بچنە خوارەوە بۆ ناو مەخفەرەکە بەرنامەکە وەکو خۆی جێبەجێکرا.

+ کاک ئازاد لە گەڵ مەفرەزەیەکدا لە تەختاییەکەوە بەرەو دیواری مەخفەرەکە ڕۆیشتن، پێشمەرگەکان تەقەیان دەکرد، کاک ئازادیش ئاربیجیەکی نا بە مەخفەرەکەوەو گەیشتنە بن دیواری مەخفەرەکەو شوان ڕەئوف نوری لە بن دیواری مەخفەرەکە شەهید بوو.

+ هیوا بارۆیی و پۆلێک پێشمەرگە، ئاربیجیان لە مەخفەرەکە داو بە دەم تەقە و هەڵمەت بردنەوە گەیشتنە بن دیواری مەخفەرەکە.

+ حەمە ڕەش و وریاش بە هەمان شێوەی دەستەو مەفرەزەکانیتر گەیشتنە بن دیواری مەخفەرەکە.

گە گەیشتنە بن دیواری مەخفەرەکە لایتی دەستیان داگیرساند پێش ئەوەی بچنە ناو مەخفەرەکەوە سەربازێکی کورد هاواریکرد تەسلیم دەبم، سەربازە کوردەکە هاتە دەرەوەو وتی وریای ئەمنەکان بن نەوەک تەقەتان لێبکەن.

دوای تەسلیم بوونی سەربازە کوردەکە سەربازێکی عەرەب هاتە دەرەوە ووتی تەسلیم دەبم، سەربازە عەرەبەکە جنێوی بە صدام دەدا، کاک ئازاد پێیوت پێویست ناکات جنێو بدەیت تۆ تا ئێستا پیاوی صدام بوویت.

پەنجەرەیەکی مەخفەرەکە لە ڕووکاری دەرەوە بوو بە نوێڵ خەریکی بوون

٢ تیپی سەگرمە لە دەوروبەری سەنگاو کەمینیان دانابوو بۆ جموجوڵی هێزەکانی داگیرکەر، هێزێک هاتن بە هانای مەخفەرەکەوە لێیاندان و ڕاویاننان.

دەلاقەیەکیان کردەوەو بە پەنجەرەکەدا چوونە ناو مەخفەرەکەوە، حەمە ڕەش چووە خوارەوە کاک ئازاد و فەخرەدین بە هەمان شێوە لە پەنجەرەکەوە چوونە خوارەوە بۆ ناو مەخفەرەکە، دوای شەڕێکی قورسی سێ کاتژمێری دەستگیرا بە سەر مەخفەرەکەدا.

کاک ئـازاد، حەمە ڕەش، فەخرەدین سەعدون، چوونە ناو مەخفەرەکەوەو دەستگیرا بە سەر مەخفەرەکەدا، ئەم دیل و دەستکەوتانە هەبوون:

١/ ٢١ سەربازو پۆلیس دیلکران
٢/ ٣١ کلاشینکۆف
٣/ دوو ڕەشاشی بڕێن
٤/ جیهازێکی ئای بی ئێم
٥/ تایپێکی ئای بی ئێم
٦/ چوار دەمانچەی شانزە خۆر
٧/ یەک دەمانچەی لامە
٨/ دەیان مەخزەن و فیشەک

دوای دەستبەسەرداگرتنی مەخفەرەکە بە دەستکەوت و دیلەوە گەڕانەوەو چوونە کانی خاکی، لەوێشەوە چوونە دێی هەنارەی سەگرمە کاک ئازاد فەرماندەی مەفرەزەکانی بانگکرد دەمانچە شانزە خۆرەکانی پێدان، دەمانچە لامەکەشی دایە سەلام شووشە، فەرماندە مەفرەزەکان خۆشحاڵ بوون چوونکە کەمتر شتی وا کرابوو.

پێشمەرگەیەک تفەنگێکی لا دابوو بۆ خۆی ، کاک ئازاد بانگیکرد پێیوت جارێکیتر شتی وانەکەیت پێشمەرگەکە داوای لێبوردنی کردو تفەنگەکەی هێنایەوە.

لە گرتنی مەخفەری سەنگاودا شـوان ڕەئـوف نـوری ڕیـزە فیشەکێک بەر سەریکەوت و شەهید بوو، پێشمەرگەیەکیش بە ناوی سەید عەلی بریندار بوو، هەر لە گەڵ شەهید بوونی شواندا کاک ئازاد ڕزگاری حاجی کایل و عەبەی خورشەی بانگکرد تەرمەکەی بەرن لە دێلێژە بە خاکی بسپێرن.

شوانی ڕەئوف نوری لە دەستەکەی کاک ئازاد بوو لە پەنا مەخفەرەکەدا شەهید بوو، وا بڕیار بوو دوای گرتنی مەخفەری سەنگاو بکرێتە فەرماندەی کەرتی دووی بازیان.

مەخفەری سەنگاو، پۆلیس و سەربازو ئەمن و ئیستخباراتی تیا بوو، چوونکە مەرکەزی ناحیەی سەنگاو بوو تێکڕای داموودەزگاکانی لە خۆ گرتبوو.

بە بۆنەی دەستبەسەرداگرتنی مەخفەری ناحیەی سەنگاو هەڤاڵ مامجەلال بروسکەیەکی ئاڕاستەی تیپی ٥٧ی سەگرمە و کاک ئازاد فەرماندەی تیپەکە کرد، وێڕای پیرۆزبایی ئەو سەرکەوتنە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی شەهید شوانەی ڕەئوف نوری و تیپی ٥٧ی سەگرمە کرد.

ئەمە دەقی بروسکەکەی هەڤاڵ مامجەلالە:

بـــــروسکەی هەڤاڵ مـــــامجەلال

بۆ کـــــاک ئازادی ســـــەگرمە

سووپاس و تەقدیر بۆ کاک ئازاد فەرماندەی تیپی (٥٧)ی سەگرمەی قارەمان.

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم

هەڵمەتی دلێرانەی خۆت و کەرتی (٣) و کەرتی تیپ بۆ سەر مەرکەزی سەنگاو کە ئەنجامەکەی گرتنی مەرکەزەکە بوو بە شەڕێکی دەستەو یەخە سەرکەوتنێکیتری هێزی پێشمەرگەی قارەمانە لە شۆڕشەکەماندا، دەستپێکی جۆرێکیتری شەڕە ڕەوایەکەمانە، هەر وەک بەشدار بوونی خۆت لە هەڵمەتە دلێرانەکەی سەرمەرکەزەکەدا درێژە پێدانی ئەو تەقلیدە شۆڕشگێڕانەیە کە فەرماندەو لێپرسراوەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە سەرەتای ئەم شۆڕشە نوێیەمانەوە دایانهێناوەو بە خوێنی گەشی شەهیدانی نەمر سەعدی گچکە و سیروان و جەمالی عەلی باپیرو ئەنوەر حەسەن و ئەحمەد مەولود و نازمی حەمەی سلێمان و دەیان قارەمانی نەمری تر تۆمار کراوە بە ناوی سەرکردایەتی (ی ن ک) وە سوپاسی خۆت و هەموو پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی (٣) و کەرتی تیپ دەکەم و سەری ڕێزو

تەقدیریش دادەنەوێنم بۆ گیانی پاکی شەهیدی نەمر کاکە شوانی ڕەئوف نوری، کە لەو نەبەردە قارەمانانە دا ژیانی خۆی بە گەل و نیشتمانی خۆی بەخشی.

بۆ پێشەوە بەرەو درێژەدان بە شۆڕشە ڕەوایەکەمان لە پێناوی ڕووخاندنی حوکمی ڕەفتار فاشیست و بە جێهێنانی سەربەخۆیی و دیموکراتی بۆ عێراق و مافی ڕەوای چارەنووس بۆ گەلی کوردمان.

هەر شادو سەربەرزو سەرکەوتووبن

برای دڵسۆزتان مامجەلال
سکرتێری گشتی (ی ن ک)
١٩٨٣/١٠/١٦

خوێندنەوەی چالاکییەکە لە ئیزگەی دەنگی شۆڕشی عێراقەوە تـــیپی 57ی ســـەگرمە گـــرتنی مەرکەزی شورتەی ســـەنگاو

هەواڵنێری مەڵبەندی دوو ڕایگەیاند هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی (٣)ی هەمەوەند و کەرتی تیپی ٥٧ی سەگرمە لە شەوی ١٩٨٣/١٠/١١/١٠ هەڵمەتێکی جوامێرانەیان بردە سەر مەرکەزی شورتەی ناحیەی سەنگاو، ڕقی پیرۆزی شۆڕشگێڕانەیان بە سەردا باراندن و بە ئاربیجی و چەکی هەمە جۆر لێیاندان.

پاش دەقیقەیەک ڕۆڵەکانی هەمەوەندو سەگرمە وەک هەڵۆ خۆیان گەیاندە بن دیواری مەخفەرەکەو بە ڕوومەنەو چەکی سووک شەڕێکی سەخت ڕوویدا، پێشمەرگەکان هەنگاوی بەرزو هێرش و هەڵمەتیان بەرەو پێش دەنا، دوژمن لە مقەڕ فەوجی سەنگاوەوە هێزێکی سەربازو جاش و جاشی شەعبی نارد بۆ فریاکەوتنی مەرکەزەکە، بەڵام پێشمەرگەکان لەو هێزەش هاتنە دەست و بەرەو مۆڵگەکانیان ڕاویان نان، پاش شەڕێکی سەختی سێ سەعاتی تەواوی مەرکەزەکە کەوتە ژێر چنگی هەڵۆکانی کوردستانەوە، بۆ بەراتی ئەم سەرکەوتنە مەزنە خوێنی شەهیدی هەمیشە زیندوو کاکە شوان ڕەئوف نوری بوو.

لە تـــۆڵەی شەهید شـــواندا

تیپی ٥٧ی سەگرمە زنجیرەیەک چالاکی لە تۆڵەی شەهید شواندا ئەنجامدا.

(١)

پێشمەرگە دلێرەکانی کەرتی دووی بازیان لە شەوی ١٩٨٣/١٠/٢٤/٢٣ و لە تۆڵەی شەهید شواندا چەند بۆسەیەکیان لە سەر ڕێگای سەرجادەی گشتی سلێمانی کەرکوک دانا، هێرشێکی خۆیان ئاسایان کردە سەر جاشە ناشەعبیەکانی ئۆردوگای تەینالّ، بۆ ماوەی کاتژمێرێک بە چەکی قورس و سووک لێیاندان، هێزێکی جاشی ناشەعبی و سەرباز هاتن بە هانای جاشەکانەوە، پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی دووی بازیان ئەوانیشیان گوللە بارانکرد، شەڕ تا کاتژمێر (١)ی شەو بەردەوام بوو، هێزەکەی دوژمن هەڵات، قارەمانەکانی بازیان کەوتنە دوای هێزەکەی دوژمن کە بەرەو سلێمانی هەڵاتن، دوژمن کوژراوو بریندارێ زۆری هەبوو بۆ ڕۆژی دوایی تا کاتژمێر ٧ی بەیانی هاتوچۆ قەدەغە بوو چونکە کوژراوو بریندار و ئۆتۆمبێلە سووتاوەکانیان دەگواستەوە.

زیـــانی دوژمن

١/ کوژرانی زیاتر لە ٢٠ سەربازو جاشی ناشەعبی.

٢/ تێکشکاندنی سێ ئۆتۆمبێل.

دەســـتکەوتەکان

١/ یەک قەناس و پێنج مەخزەن.

٢/ یەک ڕەشاشی ئاربیکەی.

٣/ چوار کلاشینکۆف و ٢ مەخزەن.

زیانی پێشمەرگە بریندار بوونی پێشمەرگەیەک بوو.

(٢)

دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی یەکی تیپی ٥٧ی سەگرمە لە شەوی ١٩٨٣/١٠/٢٠/١٩ چوونە ناو شاری سلێمانی و کەوتنە گەڕان بە دوای چلّکاو خۆراندا، پاشان چوونە جادەی سابوونکەران و بە دوای خۆفرۆشاندا گەڕان،

لە پۆلیسەکانی سەرای سلێمانیاندا، دواتر چوونە فیرقەی بەرخانەقا و سازو ئامادە بوون، (٥٠) سەربازی دوژمن مەرگ هەڵیگرتن و کەوتنە بۆسەی کوڕانی سەگرمەوە.

پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی یەکی تیپی سەگرمە سەربازەکانیان دایە بەر دەستڕێژی چەکەکانیان، ماوەی نیو کاتژمێر شەڕ بەردەوام بوو، لەو بۆسەیەدا حەوت سەربازی دوژمن کوژران و زابتێک بریندار بوو، بۆ ڕۆژی دوایی زابتەکەش لە نەخۆشخانە چووە دۆزەخ.

(٣)

دوو دەستە لە پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی ٢ی بازیان لە شەوی ١٩٨٣/١٠/٢٢/٢١ هێرشیان بردە سەر کەمینەکانی کێلە سپیان و لە ماوەی نیو کاتژمێردا دەستیان بە سەر شوێن کەمینەکەدا گرت، شوێن کەمینەکانی دوژمن سێ لاشەو ٨ مەخزەنی کلاشینکۆف و چوار مەخزەنی قەناسیان لێجێمابوو.

هەمان دەستە و کەرت بۆسەیەکیان بۆ دوو پیکابی قوات خاسە دانا و کەوتنە ناو بۆسەکەو تێکشکێندران، سەرجەم قوات خاسەکان کوژران و بریندار بوون.

(٤)

هەمان کەرتی (١) شەو خۆیان لە بۆسە نا بۆ کاروانێکی سەربازی دوژمن کە لە کەرکوکەوە دەهاتن بەڵام کاروانەکە پێیان زانی و تا بەیانی لای جاشەکان مانەوە.

(٥)

دەستەیەکیتر کەرتی (١) لە شەوی ١٩٨٣/١٠/٢٢/٢١ چوونە ناو شارۆچکەی بەکرەجۆ بە چەکی هەمە جۆر لە جاشە ناشەعبیەکانیاندا.

(٦)

دەستەیەکیتری هەمان کەرت لە شەوی ١٩٨٣/١٠/٢٢/٢١ چوونە سەر جادەی سلێمانی قەراخ نزیک گەڕەکی حاجیاوا لە کەمینی حیمایەکەیانداو سەربازێکیان کوشت.

شـــەڕی زەنـــگنە
مـــانگی 1983/10

هاوکات لە گەڵ گرتنی مەخفەری ناحیەی سەنگاودا کەرتی چواری جەباری بە فەرماندەیی مامە ڕیشە لە نزیک دێی زەنگنە چالاکیەکیان ئەنجامدا لەو چالاکییەدا پێنج سەرباز کوژراو پێنج کڵاشینکۆف دەستکەوت بوو.

سنووری تیپی ٥٧ی سەگرمە ئاگر بوو پشکۆ بوو لە ژێر پێی داگیرکەردا، دەست پێشخەری پێشمەرگانە لە دەستی تیپی سەگرمەدا بوو، هەمیشە پێشمەرگە لە دوژمنیان دەدا نەک دوژمن هێرش بکات و شوێنی شەڕ هەڵبژێرێت، پێشمەرگە لە هەڵمەتدا بوو نەک بەرگری.

جادەی چەمچەماڵ سەنگاو، چەمچەماڵ قادرکەرەم بەردەوام شەڕو بۆسەی پێشمەرگە بوو، کاروانی سەربازی دوو هەفتە جارێک دەهات کۆپتەر بە سەریانەوە بوو پاسەوانییان دادەنا بەو جۆرەش لە گورزی پێشمەرگە دەربازیان نەدەبوو هەر لێیاندەدرا.

بـــۆسە –سەر ڕێگەی بـــاوە

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٥٧ ی سەگرمە و تیپی ٥١ ی گەرمیان و تیپی ٢١ کەرکوک لە شەوی ٢٥-١٩٨٥/١/٢٦ بۆسەیەکیان لە سەر ڕێگای باوە نایەوە هێزێکی سەربازی دوژمن کەوتە بۆسەکەوە پێشمەرگەکان دایانە بەر دەستڕێژی گوللە

زیانی دوژمن

*کوژرانی ٥٠ کەس و بریندار بوونی ژمارەیەک

*تێکشکاندنی مودەرەعەیەک و سێ ئوتۆمبێل

بـــەکرەجـــۆ

هێزێک لە پێشمەرگە نەبەزەکانی تیپی ٥٧ی سەگرمە لە شەوی ١٩٨٥/١/٣٠ چوونە بەکرەجۆ ڕەبیەیەکیان گوللەبارانکردو ئاگریان تێبەردا، پاشان چوونە سەر ملازمێکی ئیستخبارات و کوشتیان.

ســـێ بـــۆسە

مەفرەزەیەکی تیپی ٥٧ سەگرمە لە ڕۆژی ١٩٨٥/١/٣١ سێ بۆسەیان بۆ دوژمن دانا

- بۆسەی یەکەم لە ڕێگەی چەمچەماڵ سەنگاو
- بۆسەی دووەم لە نزیک دێی خدری
- بۆسەی سێیەم نزیک دێی مەلا حەسەن

کاروانێکی سەربازی دوژمن کەوتە بۆسەی پێشمەرگەکانی تیپی ٥٧ سەگرمەوەو لە هەر سێ لاوە لێیاندان

زیانی دوژمن کوژرانی ٣٣ سەرباز و ٣ جاش

دەستکەوت

ئوتۆمبێلێک

کلاشینکۆفێک و ٣ مەخزەن

٣ سندوق فیشەک

بـــۆسە

مەفرەزەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی یەکی تیپی ٥٧ی سەگرمە لە ڕۆژی ١٩٨٥/٢/٥ بۆسەیەکیان لە سەر ڕێگای قەراخ سلێمانی نزیک دێی بەردەکەڕ دانا ئۆتۆمبیلێکی دوژمن کەوتە بەردەست پێشمەرگەکانی سەگرمە.

زیانی دوژمن:

کوژرانی ٢ سەرباز

بریندار بوونی سەربازێک

تێکشکاندنی ئۆتۆمبیلەکە

هێزێکی دوژمن هات بە فریای ئۆتۆمبیلە تێکەوتووەکەی دواکەوتووەکەوە ئەویش کەوتە بەر دەستڕێژی پێشمەرگە قارەمانەکانی سەگرمەو هێزی پشتگیری ناوچەکە دووبـارە شکانەوەو ڕووەو ڕەبییەکان هەڵاتن دوو سەربازی تریان لێکوژراو یەکێکیتریش بریندار بوو.

بۆ بەیانی سەعات ٧ی ڕۆژی ١٩٨٥/٢/٦ دوژمن بە پشتیوانی ٩ دەبابە و ٤ ئیڤای پڕ لە سەرباز کەوتە تۆپبارانی دێیەکانی بەردەکەڕو سەماوات و دوو ماڵی هاووڵاتیانی ڕووخاند و بووە هۆی بریندار بوونی ئافرەتێک کە ڕۆژی دوایی لە بەر کاریگەری برینەکەی شەهید بوو.

شـــەهید بوون و چلەی مامە ڕیـــشە

ڕۆژی ١٩٨٥/١/٢٤ مامە ڕیشە و سـەردارو محسن لە بۆسەی جاشەکانی چەمچەماڵدا لە پەنای میوانی و بە بڕیـاری ئیستخباراتی عەسکەری شەهید کران، ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستان لە چلەی مامە ڕیشە و سەردارو محسن بەرنامەیەکی تایبەتی پێشکەشکرد.

لە چـــلەی مامە ڕیشە و سەردارو مـــحسن دا

دەزانی دوای کۆچی سووری بەرەو گۆڕی پیرۆزی تۆ چ هەراو زەنایەک ڕوویدا، دەشتی پەتەکی هەمەوەند قوڕولیتەی هەتا ئەژنۆ، شەڕی گەورەی تۆڵەی ئێوەی گرتبووە خۆ.

لە بەر شەستە بارانی خوڕ پێشمەرگەکان پێڵاویان لێدادەکەندو بە پێی پەتی چوونە سەنگەرو شەڕەوەو لێی دامەزران بە جۆرێک بە شەڕدا هاتن تۆڵەی تۆیان دەکردەوە ئاسمانی ئەو ناوچە هەموو دادەنەوییە سەر زەوی و پێشمەرگەکانی ماچ دەکرد، جادەی قیری ڕەشمار ئاسای تاکو سەنگاو خوێنی دوژمن لێهەڵنیشتوو گۆڕستانێکی گەورە بوو.

بەڵێ هاوڕێی بێسەرو شوێن، پێشمەرگە وایکرد لە دوای تۆ تا ئاسۆکان نیشتنە خوێن، دوای تۆ ئاسمانی کوردستان لە جەباری و هەمەوەندو سورداش و دابانەوە تاکو هەولێر هەر مانگی خوێنی تیا هەڵدێ، ئەو خەڵکە جگەر سۆزەیەش وێڕای

سوێندی تۆڵەی شەهید ماتەمی تۆیان والێنیشت دەتووت خوێنی گۆڕستانت بە سەریاندا باراندووە.

لەو ڕۆژەوە تۆ شەهید بوویت تاکو ئێستا ئەلبوومەکان جزدان بەر باخەڵ تاقمی کلاشینکۆف وێنەی تۆیان لەو جا زیاتر گرتووەتە خۆ.

بەڵام خۆزگە تۆی کوڕی تەنگانەو جەرگەی داستان شەڕی دابانت دەبینی تۆش سیلەی گاشەبەردێکی کۆڕی نەبەردت لێدەگرت، بەڵام ئەفسوس ئەم شەڕە گەورەو گرانە تۆی تیا نەبووی، هەر چەند شێرە کوڕانی هاوسەنگەر هەر وەکو خۆت بە شاخ و بەفرو ئاگردا هەڵدەشاخان.

لە ئێوارەی ١٩٨٥/١/٢٤ چل ڕۆژ لەمەوبەر بە پیلانێکی لە تاریکی و نەهێنیدا ئەنجامدراو کە ئیستخباراتی عەسکەری عێراقی ڕەنگی ڕشتبوو ئەم سێ ڕۆڵە قارەمانەی گەلەکەمان دڵی پڕ لە بڕواو خۆشەویستی گەلەکەیان لە لێدان کەوت.

مامە ڕیشە ناوی نەجمەدین شکور ڕەئوفە، لە ساڵی ١٩٥٣ لە خێزانێکی زەحمەتکێشی گوندی تاڵەبان هاتووەتە دنیاوە، ژیانی هەرزەکاری بە شوانی و جوتیارییەوە بە سەر بردووەو پاشان کرێکارێکی ڕۆژانەکار بووە، لە ساڵانی حەفتادا بووەتە فیدایی لە فەڵەستین و جارێک بریندار کراوە.

لە گەڵ هەڵایسانی شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا و لە ساڵی ١٩٧٨ بووەتە پێشمەرگە لە هەرێمی ئەوسای قەرەداخ بە ڕەوشت بەرزی و ئازایەتی خۆی بوو بە ئەو پێشمەرگە خۆشەویستەی کە ئێستا گۆڕەکەی سوێندی پیرۆزی هەموو کەسێکە.

مامە ڕیشەی ئازاو چالاک فەرماندەی کەرتی چواری جەباری تیپی سەگرمە و هاوڕێیەکی دڵسۆزی کۆمەڵە بوو، سەرکردایەتی و بەشداری دەیان شەڕو داستانی کردووە کە نموونەکانیان ئەمانەن:

حەمک، ژاڵەی خۆڵێن و ساڵەیی و مامشەو سیامەنسورو جادەکانی چەمچەماڵ کەرکوک قادرکەرەم و شەڕە گەورەکانی قەندیل و کوردستانی ئەودیوو بێتواتە و سەدانیتر، سێ جار بریندار کراوەو دەیان جار کەناری گۆڕ لێی ترساوە تا لە ١٩٨٥/١/٢٤ داگیرکەر بە داوی پیلان و نامەردی شەهیدیانکرد.

***

شەهید موحسین حەمید سەلیم

کاکە موحسینی قارەمانیش لە ساڵی ١٩٦٣ لە گەڕەکی شۆڕیجەی شارە خوێن گرتووەکەی کەرکوکی کوردستانداو لە خێزانێکی هەژاردا هاتووەتە دنیاوە.

لە ساڵی ١٩٦٩ خراوەتە قوتابخانە و تا یەکی ناوەندی خوێندووە، تا لە مانگی ١٩٨٢/٥ بووە بە پێشمەرگە لە کەرتی چواری جەباری، کاکە موحسین هاوڕێیەکی دڵسۆزی کۆمەڵە بوو ئەم پێشمەرگە نەبەزەش ڕۆڵەی زۆربەی شەڕەکانی جەباری و هەمەوەندو کوردستانی ئەو دیوو قەندیل و بێتواتە بوو، دوو جار بریندار کراوە تا لە ١٩٨٥/١/٢٤ شەهید کرا.

شەهید سەردار حەمە شەریف

کاکە سەرداری جوانە مەرگیش لە ساڵی ١٩٦٢دا لە گوندی قەرەتامورو لە خێزانێکی ڕەنجدەردا هاتووەتە دنیاوە لە تەمەنی شەش ساڵیدا خراوەتە قوتابخانە و شەشی سەرەتایی لەو گوندەو ناوەندیشی لە چەمچەماڵ تەواو کردووە پاشان چووەتە ئامادەیی پیشە سازی سلێمانی هاوڕێیەکی دڵسۆزی کۆمەڵە و پێشمەرگەیەکی قارەمانی کەرتی چواری جەباری بوو لە مانگی ١٩٨٣/٣ بوو بە پێشمەرگەو جارێک بریندار کراوە تا لە ١٩٨٥/١/٢٤ لە هەمان کارەساتدا شەهید کرا.

لەیـــلان – قـــادر کەرەم

دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٥٧ی سەگرمە کاتژمێر ١٢,٣٠ دەقیقەی ڕۆژی ١٩٨٥/٣/٢٨ بۆسەیەکیان لەسەر جادەی نێوان لەیلان قادر کەرەم دانا دوو ئوتومبێلی دوژمن کەوتە بۆسەکەوە هەموو سەرنشینەکانی کوژران دوو کۆپتەری جەنگی هاتن بە هانای شەڕەکەوە بۆ ماوەی دوو کاتژمێر لە بەرزاییەکانەوە بۆردومانی پێشمەرگەیان کرد هاوکات هێزێکی دوژمن کە پێکهاتبوو لە (٥) مودەرەعە و ژمارەیەکی زۆر ئوتۆمبێلی هەمەجۆر کە زیاد لە ١٠٠ چەکداریان هەڵگرتبوو لە

قادر کەرەم و کەرکوک بەرەو شەڕەکە هاتن، پێشمەرگەکانی سەگرمەشەڕێکی کەم وێنەیان لەگەڵدا کردن

زیانی دوژمن

کوژرانی ٦٢ سەرباز و جاش لاشەی ٢٢کەسیان کەوتە دەست پێشمەرگە

دەستکەوت

١٤کڵاشینکۆف

٢ رەشاشی ئار بی کەی

١ بڕنەو

ئوتۆمبێلێکی سوپەر ٨٢

تێکشکاندنی ٥ ئیڤا و تێوتا

پێشمەرگەکانیش سەرکەوتوانە و بێزیان بوون

رووخـــاندی سێ رەبـــییە

شەوی ٢٨-١٩٨٥/٣/٢٩ پێشمەرگەکانی کەرتی ٤ جەباری تیپی ٥٧ سەگرمە هێرشیان کردە سەر سێ رەبییەی حیمایەی نەوتی کەرکوک و هەرسێ رەبییەکەیان رووخاند پێشمەرگەکانی کەرتی چواری جەباری دوای سێ کاتژمێر شەڕ و رووخاندنی رەبیەکان ئاگریان بەردایە چاڵە نەوتەکان .

زیانی دوژمن

کوژرانی ٦ جاش

تـــۆلەی سامان دەرویـــش

ڕۆژی ١٩٨٥/٤/٨ سامان دەرویشی تەمەن ٦٠ ساڵ خەڵکی باشبڵاخ لەکارەکەی دەگەڕایەوە کۆپتەرێکی رژێم لە قەرەهەنجیر تەقەی لێکرد و شەهیدی کرد تیپی ٥٧سەگرمە لە تۆڵەی سامان دەرویش، رەنجدەر و کرێکار دا ١٩٨٥/٤/١٠ لە سەر رێگەی قادر کەرەم چەمچەماڵ بۆسەیەکیان دانا و ئوتۆمبێلێکی سەربازی کەوتە بۆسەکەوەلە ئەنجامدا ملازم خزەیر کوژرا سەربازێکیش بە دیل گیرا .

دەستکەوت

١ ئوتۆمبێل

١ کلاشینکۆف

١ دەمانچەی میکاریۆف

شـــەهید بوونی پـــێشمەرگەیەك

هێزێکی هاوبەشی تیپی ٥٧ سەگرمە لە شەوی ٢٤-١٩٨٥/٧/٢٥ هێرشیانکردە سەر رەبییەی نادر بەگ و دەستیان بەسەردا گرت .

زیانی دوژمن

کوژرانی ٣ جاش

بەدیل گرتنی ٥ جاش

دەستکەوت

١ ئار بی کەی

٦ کلاشینکۆف

١ جیهازی کۆلە پشت

١ تەلەفۆن

١٠٠٠ فیشەکی ڕووسی

یەک دەمانچەی تەنویر سووتاندنی هەموو کەلوپەلەکانی ناو ڕەبییەکە

قوربانی : شەهید بوونی پێشمەرگە(ڕەحمان تۆفیق بوو)

گـــرتنی ڕەبـــییە

مەفرەزەیەکی تیپی ٥٧ سەگرمە لە شەوی ٤-١٩٨٥/٨/٥ هەڵمەتیان برد سەر رەبییەی فەقێ حاجی لە سەر ڕێگای گشتی سەنگاو چەمچەماڵ ، دوای کاتژمێرێک شەڕ دەستیان گرت بەسەر ڕەبییەکەدا .

زیان دوژمن

کوژرانی ئامر ڕەبییەی جاش

بەدیل گرتنی ٥ جاش

دەستکەوت

١ ئار بی کەی

٥ کلاشینکۆف

٢ پەرەشووت

٥٠٠ فیشەکی برنەو

گـــرتنی ڕەبـــییەی فەقێ حـــاجییان

مەفرەزەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٥٧ سەگرمە لە شەوی ٤-١٩٨٥/٨/٥ هێرشیان کردە سەر ڕەبییەی فەقێ حاجییان لە سەر جادەی گشتی سەنگاو چەمچەماڵ و دەستیان بەسەردا گرت .

زیانی دوژمن

کوژرانی ٥ جاش و بەدیل گرتنی ٥ جاشیتر

دەستکەوت

١ ئار بی کەی

٥ کلاشینکۆف

٢ پەرەشووت

یەک تەلەفۆن و ٥٠٠ فیشەکی برنەو

هـــــەکز

پێشمەرگەکانی تیپی ٥٧ ی سەگرمە لە شەوی ٩-١٩٨٥/٨/١٠ هێرشیان کردە سەر ڕەبییەی هەکز لەسەر ڕێگەی چەمچەماڵ سەنگاو دوای ئەوەی دوو جاشی ڕەبییەکە بریندار کران هەڵهاتن و ڕەبییەکەیان چۆڵکرد، دوای دەست بەسەردا

گرتنی ڕەبییەکە دوو جاش بە بریندارى کەوتنە دەست پێشمەرگە .

دەستکەوت

یەک کلاشینکۆف

یەک پەرەشووت

یەک تەلەفۆن

ڕەبییەکەش سووتێنرا

گـــرتنی ڕەبییە- ســـلێمانی – کـــەرکوك

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٥٧ سەگرمە لە شەوی ١١-١٩٨٥/٨/١٢ هێرشیان کردە سەر ڕەبییەی قاتعی گۆپاڵە لە سەر ڕێگەی سلێمانی کەرکوک لە ماوەی پانزە خولەک دا دەستیان بەسەردا گرت ،بەهۆی تەقینەوەی گوللەی ئار بی جی و تەقەی زۆرەوە ١٠ چەکی ناو ڕەبییەکە سووتا

زیانی دوژمن

کوژرانی زیاتر لە دوانزە جەیشی ناشەعبی کە یەکێکیان ئامر قاتع بوو .

دەستکەوت

١ ڕەشاشی ئاربی کەی

٥ کلاشینکۆف

١ جیهاز بە موجەفیرەوە

یەک دووربین و تەلەفۆنێک

قوربانی

شەهید بوونی دوو پێشمەرگە بوو

١- شەهید جەمال یونس کاکە برا خەڵکی سەرداراوا

٢- شەهید عومەر کەریم ناسراو بە عومەر کێلە سپی

خـــدری سەر – 9 شـــەهید

دەستەیەکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی تیپی ٥٧ی سەگرمە و تیپی ٥١ ی گەرمیان لە شەوی ٢٠-١٩٨٥/٨/٢١ هێرشیان کردە سەر رەبییەی خدری سەر ، دوای شەهید بوونی ٩ پێشمەرگە دەستیان بەسەردا گرت و ٨ جاشیان بەدیل گرت

قوربانی پێشمەرگە شەهید بوونی ٩ پێشمەرگە بوو :

١- شەهید عومەر عەلی رەش جێگری فەرماندەی کەرت

٢- شەهید عەبدوڵڵا رەشید فەرماندەی مەفرەزە

٣- شەهید بەهادین ئەحمەد حسین جێگری فەرماندەی مەفرەزە

٤- شەهید عوسمان رەشید

٥- شەهید کاوە رەشید حەسەن

٦- شەهید کامیل ئیسماعیل رەزا

٧- شەهید نەجات مەجید جەوهەر

٨- شەهید والی نەسرەدین دارا

٩- شەهید شۆڕش قادر

دەستکەوت

یەک ئاربی جی

یەک ئار بی کەی

٦ کلاشینکۆف ،

یەک جیهازی بێتەل ١٠٩

تـــۆڵەی (9) شـــەهید

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون و تیپی ٥٧ی سەگرمە و دەستەیەکی مەڵبەندی دوو لە کاتژمێر ٤ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ٨/٣٠ لە سەر جادەی گشتی چەمچەماڵ سەنگاو لە سەر پردی بێ مەحکەمە لە ناو جەرگەی ڕەبییەکانی دوژمندا بۆسەیەکیان دانا لەو کاتەدا ئامر مەجموعەی جاش

و جاشەکانی تازە کەمینیان هەڵدەگرت و بەرەو بارەگای سریەکەیان دەگەڕانەوە، کەوتنە ناو بۆسەی پێشمەرگەکان و چەند جاشێک بریندار بوو هەندێکیان ڕوویانکردە ڕەبییەکان و بە سەر ئەو لوغمانەدا کەوتن کە شەوی ڕابردوو پێشمەرگە بۆیان دانابوون.

زیانی دوژمن:

کوژرانی ۱۲ جاش- لاشەی ۸ یان لە سەر جادەکە جێمابوو

گرتنی جاشێک کە ٤ کوڕی جاش بوو

دەستکەوت:

- ۱ ئاربیجی و ٤ گوللەو ٤ نارنجۆک
- ٤ کلاشینکۆف و ۳۲ مەخزەن
- ۱ دەمانچەی چواردە خۆر
- ۲ سندووق فیشەک

شـــەڕی گـــۆپتەپە

تاقمە جاشێک بەرە بەیانی ڕۆژی ۱۹۸۵/۹/۲۵ پەلاماری دێی گۆپیتەیان داو مالّی هاوولاتیانیان گوللەبارانکرد، هێزی پشتگیری گۆپیتە لێیاندان و جاشێکیان لێکوشتن.

بۆ ڕۆژی دوایی کۆپتەر هاتە سەر گۆپیتە هێزی پشتگیری تەقەیان لێکردن و ڕاویاننان، بە دەستڕێژی کۆپتەرەکان (کامەران حسێن) خەڵکی گۆپیتە شەهید بوو.

مـــوئمین سەلام ســـادق
پێشمەرگەی چەکساز، چـــەخماخساز
(وەستا موئمین)

وەستا موئمین ناوێکی دیـارو درەوشـاوەیـە لە ڕیـزی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا، تێکۆشەرێکی سەر ڕاست و وەستایەکی بە توانا و خاوەن سەلیقەی وورد لە چاککردنەوەی چەک و دروستکردنی چەکدا.

وەستا موئمین لە خێزانێکی کوردو کوردپەروەری گەڕەکی «ئیمام قاسم» ی شاری کەرکوکە، دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٤ ئاوارەی ئێران بوون لە ئەسفەهان گیرسانەوە.

دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول و دەرکەوتنی سـەرەداوەکـانی هەڵایسانی شۆڕشی نوێ پەیوەندی ڕێکخستنی لە ڕێگەی «سەعدی گچکە»ەوە گرێدا.

دوای پەرەسەندن و گرو کڵپەی شۆڕشی نوێ ساڵی ١٩٨٠ چووە ڕیزی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە لە دەشتی کۆیەو لە ساڵی ١٩٨٣ چووەتە ناوچەی سەنگاو لە قەڵای شێخ ڕەشید نیشتەجێ بووە.

لە قەڵای شێخ ڕەشید شوێنی چاککردنەوەی چەکی دروست کردوو پێداویستی کڕی ساڵی ١٩٨٥ لە قەڵای شێخ ڕەشید گواستیانەوەو لە گەڵ خێزانەکەی چوونە دێی «هۆمەرامان» لەوێ دوو خانوویان کڕی خانوویەک بۆ نیشتەجیبوون و خانوویەک بۆ شوێنی چاککردنەوەی چەکە لە کارکەوتووەکانی شۆڕش.

وەستا موئمین دەست ڕەنگین و بەتوانا بوو لە پارچە لە کارکەوتووەکانی چەکەکان چەکێکیتری دروسـت دەکـرد، دۆشکاو بیکەیسی و کلاشینکۆف و دەمانچەی چاک دەکردەوە (مین)ی تایبەتی دروست دەکرد لە دروستکردنی (مین)ی تایبەت و (مین)ی دەبابە دەستی بالای هەبوو.

چەکی سەر مودەڕەعەی دەکردە بیکەیسی، پارچەکانیتری لێدەکردەوەو چەکیتری پێ دروست دەکرد.

مـــوئمینۆف

وەستـتـا موئمین لـە تفەنگی کـۆنـەو تفەنگی لـەکـارکـەوتـوو چـەکێکی نوێی دروستکردبوو مەحموود سەنگاوی کاتێک چەکەکەی بینیبوو بە وەستا موئمینی ووتبوو هەقە چەکەکە بە نـاوی خۆتەوە ناو بنێین موئمینۆف، هـەروەک چۆن چەکی کلاشینکۆف و سیمینۆف و دکتاریۆف بە نـاوی ئـەوانـەوە نـاونـراون کە دروستیانکردوون.

چـــاککردنـەوەی جـــیهاز

جگە لە چاککردنەوەی چەک وەستا موئمین جیهازی چاک دەکـردەوە، هەر جیهازێکی تیپەکان لە کار بکەوتایە وەستا موئمین لە ماوەیەکی کەمدا دەیخستەوە کار.

لە کاتی دەستپێکردنی شالاوەکانی ئەنفالدا مالّی وەستا موئمین زیاتر لە (٥٠) چەکی هەمە جۆری تیادا بوو کە هێزی پێشمەرگە هێنابوویان بۆ چاککردنەوە.

وەستا موئمین یەکێک لەو چەکسازو چەخماخسازانە بوو دەگمەن و کەم و کەم وێنە بوون بە توانایەکی مادی کەم و بە دەزگایەکی سەرەتایی توانی کاری گەورە بکات.

جگە لە کاری چەکسازی وەستا موئمین وانەی بە منالّانی دێهاتەکانیش دەوتەوە تا لە خوێندن دانەبڕێن و دوانەکەون لە وانەکانیان چوونکە ڕژێمی عێراق هەموو ئەو مامۆستایانەی کێشا بووەوە کە لە ناوچەکانی ژێر دەسەلّاتی پێشمەرگە مامۆستا بوون خوێندنگەکانیشی داخستبوو یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ئەرکی سەر لە نوێ کردنەوەی خوێندنگەی لادێکانی خستە ئەستۆی خۆی مامۆستای بۆ دابین کرد، وەستا موئمین یەکێک لەو مامۆستایانە بوو کە پێشتر لە خولێکی خێرادا ببوو بە مامۆستا، شان بە شانی کاری چەکسازی وانەشی دەوتەوە.

وەستا موئمین تەنها چەکسازی شۆڕش بوو لە سنووری گەرمیان و قەرەداخدا چەکی چاک دەکردەوەو چەکساز یان چەخماخساز بوو.

لە سنووری هەولێر مەلا نەبی بە هەمان شێوە چەخماخساز بووە، عەلی لفتە کەسێکی سەربەخۆ بوو لە ناوچەی دۆڵی جافەتی چەخماخسازو چەک کڕ بوو.

شـــەڕی سەر جادەی چەمچەماڵ
قەرەتاموور

هێزێکی تیپی ٥٧ سەگرمە لە ڕۆژی ١٩٨٦/١/٥ بۆسەیەکیان لە سەر جادەی سەنگاو چەمچەماڵ لە ئاستی قەرەتاموور دانا ،ئوتۆمبێلێکی پڕ لە جاش کەوتە بۆسەکەوە و درایە بەر دەستڕێژی گوللە هەرچی تیا بوو کوژراو بریندار بوون. دوای لێدانی ئوتۆمبێلی جاشەکان هێزێکی گەورەی دوژمن پێکهاتبوو لە ١٧ ناقیلەو ٤٠ دەبابەو ، ٧ کۆپتەری باری و جەنگی ، ٤ فرۆکەی پیلاتۆس و زیاتر لە (٥٠٠٠) جاش و قوات خاسە و جەیشی ناشەعبی و پۆلیس و ئەمن و ئیستخبارات هاتن بە هانای جاشە پۆڕخوراوەکانەوە ،ئەوانیش کەوتنە بەر لولەی چەکی پێشمەرگەکانی سەگرمە شەڕ لە کاتژمێر (٩) بەیانی تا (٥)ی ئێوارەی خایاند دوای تێکشکاندنی دوژمن لە چەمچەماڵەوە بە تۆپی ١٧٥ ملم مەیدانی شەڕەکەیان تۆپبارانکرد.

زیانی دوژمن

کوژرانی ١٦ قوات خاسە و بریندار بوونی ٣٠ چەکدار کوژرانی ٤ جاش کە یەکێکیان ئامر سریە بوو کوژرانی یەک نەقیب تەیار و کەوتنە خوارەوەی کۆپتەرێک بە دووری یەک کیلۆمەتر لە مەیدانی شەڕەکەوە ، تێکشکاندنی یەک ناقیلە.

دەستکەوت

٢ ئار بی جی (٧) بە کۆڵە پشتێکەوە
١سندوق فیشەکی بی کەی سی
٨ گوللە ئار بی جی یەک مەخزەن و ٥٠٠ فیشەکی ڕووسی
١ گوللە هاوەنی ٨٤ ملم

چوار پێشمەرگەش بریندار بوون بۆ ڕۆژی دوایی رژێم هەردوو دێی قەرەتاموور و قەڵاچوغەی سوتاند ، کۆپتەریش هەتا ئێوارە بۆردوومانی ناوچەکەی دەکرد.

زیانی هاوولاتیان

شەهید بوونی (٣) شوان بوو لە دێی هەکز و باینجان سووتاندنی تراکتۆرێک.

شـــەهید بوونی عوسمان قـــەیتولی

شەوی ١٦-١٧ /١٩٨٦/١ دەستەیەک پێشمەرگەی تیپی ٥٧ سەگرمە و ٥١ گەرمیان چوونە ناو شاری سەنگاو دوای گەڕان بەدوای پیاوانی ڕژێمدا چوونە نەخۆشخانەی سەنگاو ودەستیان گرت بەسەر داو و دەرمانی نەخۆشخانەکە داو لەگەڵ خۆیان هێنایان لە کاتی هاتنە دەرەوەیان توشی بۆسەی جاش بوون و شەڕێکی چەند دەقیقەییان لەگەڵدا کردن قوربانی پێشمەرگە ، شەهید بوونی عوسمان حاجی محەمەد ناسراو بە عوسمان قەیتولی فەرماندەی مەفرەزەی کەرتی چوار تیپی ٥١ گەرمیان.

لەتـــۆڵەی مامە ڕیـــشە دا

هێزێکی هاوبەش لە تیپە قارەمانەکانی ٥٧ سەگرمە و ٥٥ قەرەداخ لە کاتژمێر (٩)ی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٦/١/٢٢ چوونە سەر جادەی قەرەداخ سلێمانی و دوو ئوتۆمبێلی جاشیان گوللە باران کرد.

زیانی دوژمن

کوژرانی ٤ جاش

بەدیل گرتنی ٧ جاش

دەستکەوت

١ ڕەشاشی ئار بی کەی

٧ کلاشینکۆف

هێزێک لە پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی ٥٧ سەگرمە لە ڕۆژی ١/٢٣ لەسەر جادەی سەنگاو- چەمچەماڵ بۆسەیەکیان دانا کاتژمێر (٩)ی بەیانی تاقمە جاشێک کەوتنە بۆسەکەوە ودرانە بەر دەست ڕێژی گوللە و جاشێک کوژراو و جاشێکیتر بریندار

بوو ٣ جاش بە دیل گیران .

دەستکەوت

٥ کلاشینکۆف و ٢٤ مەخزەن

تـــۆڵەی مامە ڕیـــشە
لە ســـاڵیادی مامە ڕیـــشە
1986/1/23

ڕۆژی ١٩٨٦/١/٢٣ مامە ڕیشەی قارەمانی کوردستان لە بۆسەیەکی غەدردا و بە پیلانی ئیستخباراتی عەسکەری و بە دەستی ژمارەیەک خۆفرۆش لە گەڵ سەردارو موحسین دا شەهید بوون.

پێشمەرگەکانی کەرتی چواری جەباری لە بەیانلوو بوون، جاش و جەیش جاشەکانی تەحسین شاوەیس هاتن بەرەو بەیانلوو پێشمەرگەکان لێیاندان و شەڕێکی قورسیان لە گەڵدا کردن، ئەحمەدە سوور پێشمەرگەی قارەمانی کەرتی چوار بوو، کەندڕێک هەبوو ئەحمەدە سوور بە شیوەکەدا ڕۆی ووتی تەحسین شاوەیس ئەمڕۆ سااڵڕۆژی مامە ڕیشەیە خۆتم نیشاندە، ئەحمەد تەقەی کردوو فیشەکێکی لە ڕانی تەحسین شاوەیس دا قاچی شکاند، جاشەکان تەقەیان لە ئەحمەد کردوو شەهید بوو، تەرمی ئەحمەد جێماو کەوتە دەست جاشەکان، دواتر تەرمەکەی وەرگیرایەوەو بە خاکیان سپارد.

گـــرتنی ڕەبییەی ســـلێمانی – قـــەرەداخ

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٥٧ سەگرمە لە کاتژمێر ٥،٥ دەقیقەی ئێوارە ١٩٨٦/٢/٢٦ هێرشیانکردە سەر ڕەبییەیەکی دوژمن لە سەر جادەی گشتی سلێمانی – قەرەداخ لە ماوەی ١٥ دەقیقەدا دەستیان بەسەردا گرت و (٨) جاشیان بەدیل گرت.

دەستکەوت

٥ کاڵاشینکۆف

١ ڕەشاشی ئار بی کەی

٣ پەرەشوت

گـــرتنی ڕەبـــییە

هێزێک لە پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی ٥٧ ی سەگرمە لە شەوی ٢-١٩٨٦/٣/٣ هێرشیانکردە سەر ڕەبییەیەکی دوژمـن لە سەر جـادەی سلێمانی –قـەرەداخ ، پێشمەرگەکانی سەگرمە دوای نیو کاتژمێر شەڕ دەستیان گرت بەسەر ڕەبییەکەدا

زیانی دوژمن

کوژرانی یەک کەس – بریندار بوونی دوانیتر بەدیل گرتنی شەش کەس سووتاندنی ئوتۆمبێلێکی بیجۆ و کەلوپەلی ناو ڕەبییەکە

دەستکەوت

٦ کلاشینکۆف

١ دەمانچەی لامە

١ خێمە

٣ مەخزەنی ڕەشاشی دکتاریۆف

بـــۆسە و ڕەبـــییە

دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٥٧ سەگرمە لە شەوی ٢-١٩٨٦/٣/٣ هێرشیانکردە سەر ڕەبییەیەکی دوژمن نزیک کارگەی عەلەف و کارەبای پردێ کێلە سپی لە سەر جادەی گشتی سلێمانی – کەرکوک و دەستیان بەسەردا گرت .

زیانی دوژمن

کوژرانی ٥ جاش

دەستکەوت

١ ئاربی جی

١ ڕەشاشی دکتاریۆف، ٥ کلاشینکۆف و ١٤ مەخزەن – یەک تەلەفۆن

تیپی ٥٧ سەگرمە بۆسەیەکیان لەسەر جادەی گشتی سلێمانی – قەرەداخ داناو ١٣ کەسیان لەچەکدارەکانی رژێم بە دیلگرت.

دەستکەوت

٦ کلاشینکۆف و ٥ مەخزەن

پـــەلاماری دوژمـــن

هێزێکی گەورەی دوژمن کە پێکهاتبوو لە ٢٠٠٠ چەکدار بە پشتیوانی ناقیلەو تۆپی ١٠٦ ملم و (٣) کۆپتەر و (٢) پیلاتۆس پەلاماری دێیەکانی تەکیە و،چاخی و تەپەقۆرەیاندا پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٥٧ سەگرمە و هێزی پشتگیری رووبەڕووی هێزە پەلاماردەرەکەی دوژمن بوونەوە شەڕ لە کاتژمێر٥،٣٠ دەقەی بەیانی رۆژی ١٩٨٦/٥/١٨ تا کاتژمێر ٢،٣٠ دەقیقەی دوا نیوەڕۆی خایەند.

زیانی دوژمن

کوژرانی ١٠ چەکدار و بریندار بوونی ژمارەیەکیتر

قوربانی پێشمەرگە شەهیدێک بوو بە ناوی (حەمە ئاسۆ)

لە ئەنجامی ئەو شەڕەدا مالّی ١٠ هاوولّاتی سووتێنران

گـــرتنی مۆلّگەی بـــانی مـــەقان

هێزێکی تیپی ٥٧ سەگرمە لە شەوی ٢٣-١٩٨٦/٥/٢٤ هێرشیان کردە سەر مۆلّگەو چێشتخانەی خۆفرۆشان لە نێوان چەمچەمالّ و کەرکوک لە ئەنجامدا ژمارەیەکیان کوژران و بەدیل گیران .

زیانی دوژمن

کوژرانی (٥) کەس

بەدیلگرتنی ١٦ کەسیتر

تەقاندنەوەی مەشجەب و داینەمۆیەکی گەورەی کارەبا

دەستکەوت

١٥ کلاّشینکۆف – ١ رەشاشی دکتاریۆف

١ نارنجۆک ئەنداز و ٩ گوللە

١ دەمانچەی تەنویر

٢ تاپڕ ٢٥٠٠ فیشەک

١٠ مەخزەن

١ ڕەشاشی بڕنەو خۆر
١ دووربین
١٠ سەر مەڕو مالآت
٢ تەلەفۆن
٢ تایپ

گـــرتنی ڕەبـــیە لە چـــــوارقوڕنە
1986

مارف سەرباز بوو لە ڕەبیەیەک لە چوارقوڕنە هاتە لای کاک ئازادی سەگرمەو ووتی دەمەوێت ڕەبیەکە تەسلیم بکەم.

کاک ئازاد ووتی خەڵکی کوێیت

مارف ووتی خەڵکی داریکەلیم

کاک ئازاد ووتی خیانەتمان لێبکەیت هەموو کەسووکارت دەکوژین چوونکە تۆ خۆت هاتوویت، کاک ئازاد لە گەڵ مارفدا ڕێککەوت لە سەر ئەوەی ئەو شەوەی پێشمەرگەکان دەچن بۆ ڕەبیەکە مـارف لایێک داگیرسێنێ و پێشمەرگەکان سەرکەونە ڕەبیەکە.

عەبدوڵڵا بەکرەجۆیی جێگری فەرماندەی کەرت بوو لە تیپی (٥٧)ی سەگرمە کاک ئازاد ڕایسپارد پانزە پێشمەرگە لە گەڵ خۆیدا بەرێت بۆ جێبەجێکردنی کارەکە.

عەبدوڵڵا و پانزە پێشمەرگە ڕۆیشتن بۆ گرتنی ڕەبیەکە کاک ئازاد چاوەڕێی هەواڵ بوو کاتژمێر ١١ی شەو مارف لایتی داگیرساند پێشمەرگەکان سەرکەوتنە ڕەبیەکە سەربازێکی عـەرەب بە خەبەر هات کوشتیان دەستیان گرت بە سەر ڕەبیەکەدا.

دەستکەوت:

١٦ کلاشینکۆف
١ قەننـاس

١ ڕەشاش
١ جیهاز
سەربازە دیلەکانیان بردە سەرگەڵو، پێشمەرگەکانیش بە دەستکەوتەوە گەڕانەوە تیپی «٥٧» مارف بووە پێشمەرگە و کلاشینکۆفێکیان دایە.

گـــرتنی ڕەبیيەی تـــەینلێ

شەوی ٥-١٩٨٥/٩/٦ هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی تیپی ٥٧ سەگرمە و مەفرەزەیەکی دەزگای پێشمەرگایەتی لە دوو قۆڵەوە هێرشیان بردە سەر دوو ڕەبیيەی دوژمن لەسەر جادەی سلێمانی کەرکوک لە ئاستی تەینلێ کاتژمێر (٩)ی شەو هێرش دەستیپێکرد و لە یەکەم هەڵمەت دا دەستیانگرت بەسەر ڕەبیيەیەکی ٢٢ ساڵەدا کەلە ساڵی ١٩٦٣ وە ڕەبیيە بوو ، سووتاندیان و ڕووخاندیان بەسەریاندا لەبەر ئاگر کەوتنەوە دەرفەتی چوونە پێش نەمابوو . دەستەیەکیتر لە پێشمەرگەکانی سەگرمە مقەر سڕییەو ڕەبیيەکانی ناو تەینلێیات گوللە بارانکرد

زیانی دوژمن

کوژرانی ٨ جاشی شەعبی و سووتاندنی کەلوپەلی ناو ڕەبیيەکە بوو

دەستکەوت

١ کلاشینکۆف و ١٠ مەخزەن
٢٥ گوللە هاوەنی ٦٠ملم
٥٠٠٠ فیشەکی ڕووسی
١ جیهازی هۆکی تۆکی
١٠ تەلەفۆن
٤ نارنجۆکی دەستی
٥ گوللە ئار بی کەی

قوربانی شەهید بوونی دوو پێشمەرگەی قارەمان بوو

١- شەهید فەریق ڕەئوف پێشمەرگەی کەرتی دووی بازیان
٢- شەهید عوسمان عەلی ناسراو بە میرزا پێشمەرگەی کەرتی یەک

گـــرتنی دوو ڕەبییە- تـــانجەڕۆ

شـەوی ٢٠-١٩٨٥/٩/٢١ هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی ٥٧ی سەگرمە هەڵمەتیان بردە سەر دوو ڕەبییەی دوژمـن لە سەر ڕێگەی گشتی قـەرەداخ – سلێمانی قەراخ ئاوی تانجەڕۆ لەکاتێکدا ڕەبییەکان و سەربازگەی تانجەڕۆ تەنها پردی تانجەڕۆیان نێوان بوو ، پێشمەرگەکانی سەگرمە بە ئار بی جی و نارنجۆک هەڵمەتیان بردە سەر دوو ڕەبییەکە ، دوژمن بە تۆپ و هاوەن و چەکی هەمەجۆر لە سەربازگەکەوە پێشمەرگەکانی دەکوتا بەڵام پێشمەرگەکان نەیانهێشت دوژمن لە پردەکـەوە بێتە پێشەوە کە تەنها ٥٠٠ مەتریان نێوان بـوو دوای شەڕێکی قارەمانانە هێزە هاوبەشەکەی تیپی سەگرمە دەستیانگرت بەسەر دوو ڕەبییەکەدا و خاپوریانکرد زیانی دوژمن کوژرانی ٦ سەرباز و بریندار بوونی چواریتر ئەوانیتر هەڵهاتن ، جگە لەوەی لە نێوان خۆیاندا ببوە شەڕیان لە یەکتریان کوشتبوو.

ڕەبـــییەی قـــۆچەری

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٥٧ سەگرمە لە شەوی ٢٤-١٩٨٥/٩/٢٥ هێرشیان کردە سەر ڕەبییەی قۆچەری لە سەر ڕێگەی قادر کەرەم لەیلان دەستیان بەسەردا گرت .

زیانی دوژمن

کوژرانی ٢ جاش

بریندار بوونی جاشێک ، جاشەکانیتر هەڵهاتن

دەستکەوت

١ ئار بی جی

١ کلاشینکۆف

١ دووربین و کەلوپەلێکی زۆر

دەســـتگیر کردنی پیاوانی ڕژێـــم

دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٥٧ سەگرمە لە کاتژمێر (٤) ی ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٥/١٠/١٩ لە سەر جادەی سلێمانی کەرکوک زیاتر لە ١٠٠ ئوتۆمبێلیان ڕاگرت و پشکنی لە ئەنجامدا چەند کەسێکیان دەستگیر کرد

- ئەفسەری ئیستخباراتی ناوچەی قەلادزە بەناوی حسن خلف عتیه موالیدی ١٩٥٧
- معاون ئامر مەجموعەی جەیشی ناشەعبی بە ناوی عبدالحسین حسون
- دەستگیرکردنی (٣) جەیشی نا شەعبیتر

دەستکەوت

ئوتۆمبێلێکی تۆیتا کراون
ڕەشاشێکی ئار بی کەی
دوو کلاشینکۆف و دەمانچەیەکی چواردە خۆر

چـــەمچەماڵ – ســـەنگاو

هێزێک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٥٧ سەگرمە لە ڕۆژی ١٩٨٥/١٠/٢٠ لەسەر جادەی چەمچەماڵ سەنگاو ڕووبەڕووی ئوتۆمبێلێکی جاش بوونەوە لە ئەنجامدا ٣ جاش کوژران ٩ جاشیتریش بەدیلگیران

دەستکەوت

ڕەشاشێکی دیکاریۆف
یەک کلاشینکۆف و پەرەشوتێک

ســـەنگاو چەمچەماڵ بـــۆسە

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٥٧ سەگرمە لە ڕۆژی ١٩٨٥/١٢/١٦ لە سەر ڕێگەی سەنگاو – چەمچەماڵ بۆسەیەکیان دانا لە ئەنجامدا هێزێکی دوژمن کەوتە بۆسەکەوە و درایە بەر دەستڕێژی گوللە هێزەکەی دوژمن بەرەو باسەڕە هەڵاتن

هێزێکی دوژمن لە سەنگاوەوە هاتن بەرەو لای هێزە بەزیوەکەیان پێشمەرگەکانی سەگرمە لێیان دان و ڕاویاننان ، لەلای قەڵاچوغەشەوە پێشمەرگەکانی سەگرمە نەیانهێشت هێزی دوژمن لە چەمچەماڵەوە بەرەو سەنگاو بجوڵێ کۆپتەرەکانی دژومن کەوتنە بۆردومان کردنی دێی فەقێ حاجی و دەوروبەری .

زیانی دوژمن

بریندار بوونی دووجاش و سەربازێک ،بەدیل گرتنی دوو جاش ، تێکشکاندنی دوو ئوتۆمبێل

دەستکەوت

یەک ئوتۆمبێل

سـلێمانی – کـەرکوک

بـۆسە

رۆژی ١٩٨٥/١٢/٢٠ پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٥٧ سەگرمە چوونەسەر جادەی سلێمانی کەرکوک نزیک تاسلوجە بەرانبەر کانیکەوەی ئیسکان بۆسەیەکیان دانا ، پێنج ئوتۆمبێلی دوژمن کەوتنە بۆسەکەوە و گوللە بارانیانکردن هەرچی تیا بوو کوژران و بریندار بوو.

هێزێکی دوژمن لە جاش و سەرباز بە پاڵپشتی (٣) دەبابە و (٥) ناقلە هاتن بە فریای هێزە لێدراوەکەیانەوە، پێشمەرگەکان بە هاوەن و ئار بی جی لێیاندان ، شەڕ تا کاتژمێر (٥) ئێوارە بەردەوام بوو .

لـێدانی جـاش

هێزێک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٥٧ سەگرمە لە رۆژی ١٩٨٥/١٢/٢٥ چوونە سەر جادەی قادر کەرەم – لەیلان تووشی گەلە جاشێک بوون دوای کاتژمێرێک شەڕ جاشەکان هەڵاتن.

زیانی دوژمن کوژرانی ١ سەرباز و ٢ جاش

دەستکەوت

١کلاشینکۆف

١ تویوتای فەلاحی

١ دووربین

کـــەرتی دوو
1986

کەرتی دووی تیپی ٥٧ی سەگرمە هێرشیانکردە سەر ڕەبییەی کونە هەنجیرەکەی قەرەداخ، دوای چەند ڕۆژێک کەرتی ٢ و کەرتی ٤ی تیپی ٥٧ی سەگرمە لە سەر چەمی باخان تەقەیان لە دوو ئەمنی قەرەداخ کردو کوشتیانن دوو ئەمنی خراپەکارو دڕندەی ڕژێم بوون بۆ گیانی خەڵک.

بـــان مـــەقان

دەستەیەک لە پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی سەگرمە لە شەوی ١٩٨٦/٦/٢٩/٢٨ لە بان مەقان بۆسەیەکیان بۆ جاش دانا، تاقمە جاشێک کەوتنە بۆسەکەوەو جاشێک کوژراو یەک کلاشینکۆف و ٤ شانە دەستکەوت بوو.

جـــادەی ســـلێمانی-کـــەرکوك

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی ٥٧ی سەگرمە لە کاتژمێر ٥:٣٠ دەقیقەی ئێوارەی ١٩٨٦/٧/١٩ چوونە سەرجادەی سلێمانی کەرکوک و بۆسەیەکیان لە نێوان قەرەهەنجیر کەرکوک دانا تا کاتژمێر ٦:٣٠ دەقیقەی ئێوارە مانەوە.

ڕەبییەکانی نزیک جادەکە کەوتنە تەقەکردن، پێشمەرگەکان لە هەڵمەتێکی خێرادا یەکێک لە ڕەبییەکانیان دەست بە سەرداگرت.

هەر لە گەڵ یەکەم هەڵمەتدا ئەلبییەکی سەربازی پڕتەقەمەنی بەڕێگاکەدا تێپەڕی و کەوتە بەر دەستڕێژی پێشمەرگەکان و پارچە پارچە بوو.

زیانی دوژمن:

کوژرانی ١١ چەکدار بە شۆفێری ئەلبییەکەوە

تەقاندنەوەی ١ ئەلبی پڕ تەقەمەنی

دەستکەوت:

١١ کلاشینکۆف و یەک تەلەفون

قوربانی پێشمەرگە:

شەهید بوونی عەباس سابیر کەریم ناسراو بە شەماڵ جێگری کەرتی چواری جەباری

شـــەڕی عومەرە گـــەدە
مـــانگی 1986/9

پێشمەرگەکانی کەرتی چواری جەباری لە ناو هۆمەرە گەدە سواری تراکتۆر بوون بڕۆن بۆ سیامەنسوور، ووتیان جاش و جەیش هات، پێشمەرگەکان لە تراکتۆرەکە دابەزین و دابەش بوون، هەر پێشمەرگەیە سەنگەرێکی گرت، ئازاد بیلال و ئومێد چوونە گردێکی پشت دێیەکەوە تەقە لە دوژمن بکەن، شەڕ دامەزراو ئومێد بریندار بوو ئازاد هێنایە خوارەوە، (ش،ن) پێشمەرگە بوو مانگێک بوو تەسلیم ببووەوە پێش جاشەکان کەوتبوو (ش) مەرگ هەڵیگرتوو بە جاشێتی کوژرا شەڕ تا ئێوارەی خایاند چوار جاش کوژران.

لە کەرتی ٤ پێشمەرگەیەک شەهید بوو، سێ پێشمەرگەش بریندار بوون:

١/ شەهید سەبور

بریندارەکان:

١/ سەباح عومەرە گەدە

٢/ ئومێد

٣/ ڕزگار تەپەلویی

چـــوونە ناو بـــەکرەجۆ

لە نیوە شەوی ١٩٨٦/٩/١٤/١٣ پێشمەرگە دلێرەکانی کەرتی ٤ و کەرتی ٥ و کەرتی تیپی ٥٧ی سەگرمە هەڵمەتیان بردە سەر مۆڵگەی ڕژێم لە بەکرەجۆ لە ماوەی ٢٠ دەقیقەدا دەستیان بە سەر مۆڵگەکەدا گرت بەڵام چەکدارەکانی دوژمن ڕایانکرد.

زیانی دوژمن:

کوژرانی چەکدارێک و بریندار بوونی ٤ چەکداریتر

دەستکەوت:

١ ئاربیجی

١٢ گوللە

٣ مەخزەنی دکتاریوف

ڕەبـــــیەی قـــۆچەلی

دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٥٧ی سەگرمە لە شەوی ١٩٨٦/٩/٢٥/٢٤ هەڵمەتیان بردە سەر ڕەبیەی قۆچەلی لە سەر جادەی لەیلان قادرکەرەم لە ماوەی ١٠ دەقیقەدا دەستیانگرت بە سەر ڕەبیەکەدا.

زیانی دوژمن:

کوژرانی ٢ جاش

دەستکەوت:

١ ئاربیجی ١١ و ٦ گوللە

١ کلاشینکۆف و ٤ مەخزەن

گـــرتنی ڕەبـــــیە

هێزێک لە پێشمەرگەکانی کەرتی ٤ جەباری لە شەوی ٢-١٩٨٦/١٠/٣ هێرشیانکردە سەر ڕەبیەی جادەی گشتی کەرکوک- سلێمانی کەیەک کیلۆمەتر لە تەکیەی دەربەند بازیانەوە دوور بوو لە ئەنجامدا دەستیانگرت بەسەر ڕەبیەکەدا و (٥) چەکداریان بەدیلگرت .

دەستکەوت

١ ئار بی جی و ١٢ گوللە

٥ کلاشینکۆف و ١٥ مەخزەن

١ سندوق فیشەکی کلاشینکۆف

گـــرتنی ڕەبـــییە

هێزێک لە پێشمەرگەکانی کەرتی ٤و ٥ ی تیپی ٥٧ سەگرمە لە شەوی ٧-١٩٨٧/٢/٨ هێرشیانکردە سەر دوو ڕەبییەی پارێزگاری بیرە نەوتەکانی جەبەل بۆر .

زیانی دوژمن

کوژران و بریندار بوونی ژمارەیەک چەکدار

گرتنی ڕەبییەیەک

بەدیل گرتنی ١١ چەکدار

دەستکەوت

١ ئار بی جی و ٢ گوللە

٩ کلاشینکۆف و ٣٠ مەخزەن

١ پەڕەشووت

لـــێدانی ڕەبییەی - کـــوڕەداوێ

مەفرەزەیەک لە پێشمەرگەکانی کەرتی (٣) ی تیپی ٥٧ سەگرمە لە شەوی ١١-١٩٨٧/٢/١٢ چوونە سەر ڕەبییەیەکی دوژمن لە نزیک دێی کوڕەداوێ کە ١٠ کیلومەتر لە چەمچەماڵەوە دوور بوو.هەر لەو شەوە دا کۆپتەر هات چەند تەنویرێکیان هەڵدا بەڵام بێ سوود بوو .

زیانی دوژمن کوژرانی دوو جاش بریندار بوونی ٦ جاش

مەفرەزەیەکی کەرتی ٤ ی تیپی ٥٧ سەگرمە لە ڕۆژی ١٩٨٧/٢/١٣ لەسەر ڕێگای گشتی سەنگاو - چەمچەماڵ سەربازێک و جاشێکیان دەستگیر کرد.

ڕێگـــای سلێمانی قـــەراخ

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی کەرتی تیپی ٥٧ی سەگرمە لە ڕۆژی ١٩٨٧/٣/٤ چوونە سەر جادەی گشتی سلێمانی قەراخ بە دووری ٣ کیلۆمەتر لە قەراخەوە

بۆسەیەکیان داناو سێ ئۆتۆمبیلی دوژمن کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەکانی سەگرمەوەو درانە بەر دەستڕێژی گوللە.

دوو ناقیلە و ژمارەیەک چەکداری دوژمن ویستیان بەرەو مەیدانی شەڕەکە بێن، شەڕ کاتژمێرێک درێژەی کێشا، پێشمەرگەکانی لە هەر دوو هێزەکەی دوژمنیانداو پێنج چەکداریان لێکوشتن کە یەکێکیان مستەشاری فەوجی ٣١ و یەکێکیتر ئامر سریەو جێگری مستەشاری فەوجی ٢٠ بوو.

تـــۆپبارانی مۆڵگەی دوژمـــن

ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٧/٣/٨ دەستەیەک پێشمەرگەی تیپی ٥٧ سەگرمە بۆ ماوەی نیو کاتژمێر تۆپبارانی مۆڵگەکانی دوژمنیان کرد لە چەمچەماڵ زەرەری گیانی و ماڵی زۆریان لە دوژمن گەیاند. هاوکات پێشمەرگەکانی بەشی هەندەسە کارەبای نێوان چەمچەماڵ سەنگاویان بڕی ، لەهەمان کات دا تۆپبارانی جاشەکانی ئۆردوگای ئەڵڵاییانکرد زیانی زۆریان پێگەیاندن ، لە هەمان کات پێشمەرگەکانی بەشی هەندەسە کارەبای قەراخ سلێمانییان بڕی .

لە نـــێوان ئەڵڵایی – تـــەینا ڵ
گـــرتنی ڕەبـــییە

دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی (٢)ی تیپی ٥٧ سەگرمە لە شەوی ٢١-١٩٨٧/٣/٢٢ هەڵمەتیانبردە سەر ڕەبییەیەکی دوژمن لە سەر جادەی گشتی سلێمانی کەرکوک نێوان ئەڵڵایی – تەینا ڵ لە ماوەی ١٥ دەقیقە دا دەستیان بەسەردا گرت .

زیانی دوژمن

کوژرانی دوو جاش

ئەوانیتر هەڵاتن

سووتاندنی هەموو کەلوپەلەکانی ناو ڕەبییەکە

دەستکەوت

٤ کلاشینکۆف و ٢٠ شانە

یەک تەلەفۆن

قوربانی پێشمەرگە شەهیدبوونی بێستون ئەحمەد نەجم فەرماندەی کەرتی دووی تیپی ٥٧ سەگرمە بوو.

شـــەهیدانی داریکـــەلی

لە سەرەتای هەڵایسانی شۆڕشی نوێ بەڕێبەرایەتی (ی ن ک) فڕۆکە مەرگ هێنەکانی بەعس سەدان جار دێهات و شارو شارۆچکەکانی کوردستانیان بۆمباران و کیمیاباران کـردووە دێی داریکەلی یەکێک لە قوربانییەکانی دەستی فڕۆکە مەرگچێنەکانی بەعسە.

ڕۆژی ١٩٨٧/٤/٣٠ دێی داریکەلی کەوتە بەر پەلاماری فڕۆکەکانی بەعس ژمارەیەک لە دانیشتووانی داریکەلی شەهید کران کە ئەم نەمرانەن:

١/ شەهید محەمەد ڕەزا فەقێ محەمەد

٢/ شەهید عوسمان محەمەد ڕەزا فەقێ محەمەد

٣/ شەهید نزار محەمەد ڕەزا فەقێ محەمەد

٤/ شەهید ڕەحمان محەمەد ئەمین ڕەشید

٥/ شەهید ئەزوەر ڕەحمان محەمەد ئەمین

٦/ شەهید سەلام حاجی کەریم ڕەش

٧/ شەهید شێخ کەمال قادر ئەمین

٨/ شەهید حەمەدەمین حسێن

٩/ شەهید شیروان مەلا عومەر

هەر لەو بۆردومانەدا دوو هاوڵاتی داریکەلی بریندار بوون:

١/ عیرفان محەمەد ڕەزا

٢/ سەروەر ڕەحمان محەمەد ئەمین

ســـــلێمانی – قـــەراخ

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٥٧ی سەگرمە لە ١٩٨٧/٣/٤ چوونە سەر ڕێگای گشتی سلێمانی قەرەداخ بۆسەیەکیان دانا، سێ ئۆتۆمبیلی دوژمن کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەکانەوەو بە چەکی هەمەجۆر ئاگر باران کران.

لە کاتی شەڕەکەدا ٢ ناقیلەو ژمارەیەک چەکداری دوژمن ویستیان بەرەو مەیدانی شەڕەکە بێن و بگەنە هانای هێزە بەزیوەکەیان شەڕ ماوەی یەک کاتژمێر درێژەی کێشاو ٥ چەکدار کوژران، لە ناویاندا مستەشاری ٣١، ئامر سریەو جێگری مستەشاری ٢٠، ٣ چەکدار بە دیل گیران.

لـــێدانی ئۆردوگای چـــــەمچەماڵ
1987

هێزێکی هاوبەشی مەڵبەندی یەک کە پێکهاتبوو لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٥٧ی سەگرمەو ٥٩ی حەمرین، مەفرەزەیەکی دەزگـای پێشمەرگایەتی، مەفرەزەیەکی پاسۆک هەڵمەتیان بردە سەر ئۆردوگایەک لە چەمچەماڵ کە بۆ ڕاگواستنی ناحیەکانی سەنگاو ئاغجەلەرو دێیەکانی دەوروبەری دروستکرابوو لە ماوەیەکی کەمدا دەستیان گرت بە سەر پێنج ڕەبییەی دەوروبەری ئۆردوگاکە کە بۆ پاڕێزگاریکردن لە ئۆردوگاکە دروستکرابوون دواتر دەستیان گرت بە سەر تەواوی ئۆردوگاکەدا.

زیانی دوژمن:

کوشتنی زیاتر لە ٣٠ جاش

بەدیلگرتنی ٥ جاش

سووتاندنی زیاتر لە ٣٠٠٠ خانوو

دەستکەوتەکان:

- ١٤ کلاشینکۆف
- ١ ڕەشاشی دکتاریۆف

- ٧ سندوق فیشەکی بیکەیسی
- ٧ تراکتۆر ١ لاندکرۆزەر
- ٢ تیوتای فەلاحی

قوربانی هێزی پێشمەرگە دوو شەهیدی قارەمان بوو:

١/ شەهید قادر عەبدوڵڵا قادر ناسراو بە مامە قالە پێشمەرگەی کەرتی ٢ی تیپی ٥٩ی حەمرین

٢/ شەهید کازم فارس کەرتی ٣ی تیپی ٥٧ی سەگرمە

چـــەمچەماڵ – ســـەنگاو

مەفرەزەیەکی کەرتی (٣) تیپی ٥٧ سەگرمەو مەفرەزەیەکی پارتی و هێزێکی هاوبەش لە هێزی پشتگیری ناوچەی چەمچەماڵ – سەنگاو لە رۆژی ١٩٨٧/٤/٢٤ لەسەر جادەی گشتی چەمچەماڵ – سەنگاو بۆسەیەکیان بۆ ئەو هێزەی دوژمن دانا کەلە ڕووخاندنی ناحیەی سەنگاو دەگەڕانەوە کاتژمێر (٤)ی ئێوارە هێزەکەی دوژمن کەوتە بۆسەی پێشمەرگەو هێزی پشتگیری ناوچەکەوە و گوللە بارانیانکردن.

دوژمن ژمارەیەکی زۆری لێکوژرا(٨) چەکداریشیان بەدیل گرت

دەستکەوتەکان

١ ڕەشاشی دکتاریۆف

٧ کلاشینکۆف

قوربانی، پێشمەرگەیەک شەهید بوو

شـــەڕی شێخ جـــیری

کەرتی چواری جەباری لە شێخ جیری بوون، هێزێکی گەورەی سەربازی و جاش بە پاڵپشتی کۆپتەرو تۆپی دوورهاوێژ پەلاماری پێشمەرگەیاندا لە شێخ جیری، پێشمەرگەکانی جەباری شەڕێکی قورسیان لە گەڵ هێزەکەی دوژمندا کردو گورزی گەورەیان لێدان.

هێزی دوژمن کە لە جاش و سەرباز پێکهاتبوون بە نیازی ڕووخاندنی دێی شێخ جیری هاتبوون هەر بۆیە شۆفڵیان لە گەڵ خۆیاندا هێنابوو، خالید زەنگنەیی پێشمەرگەی کەرتی چوار ئاربیجییەکی لە شۆفڵەکەداو سووتاندی بەڵام خۆشی بریندار بوو.

لەم شەڕەدا زیاتر لە ٣٠ جاش و سەرباز کوژران دوو پێشمەرگە شەهید بوون:

١/ شەهید مەجید بایز- مەجید فەرتەنە

٢/ شەهید شۆڕش ڕەشید

چـــەمچەماڵ زەڕایـــەن

شـەوی ١٩٨٧/٧/١٢/١١ مەڵبەندی یەک لە دوو قۆڵەوە هێرشیانکردە سەر ئۆردوگا زۆرە ملێکانی چەمچەماڵ و نزیک زەڕایەن لە هەر دوو قۆڵەکەدا چەندین ڕەبییە گیران.

زیانی دوژمن:

١/ سووتاندنی زیاتر لە ٩٠٠٠ خانووی ئۆردوگاکان

٢/ کوژرانی زیاتر لە ٣٦ چەکدار

٣/ بەدیلگرتنی ٦٨ چەکدار

دەستکەوتەکانی هەر دوو قۆڵ:

- ٣٤ کلاشینکۆف
- ١ ڕەشاشی دکتاریۆف
- ١ دەمانچەی چواردە خۆر
- ١٨ تراکتۆر
- ١٣ ئۆتۆمبیلی هەمە جۆر
- ٧ سندوق فیشەکی بیکەیسی
- ١ شۆفڵ، ١ جیهاز

بـــۆسە- رێگەی چـــــەمچەماڵ

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی کەرتی (٣) ی تیپی ٥٧ سەگرمە لە رۆژی ١٩٨٧/٧/٢٥بۆسەیەکیان لەسەر جادەی سەنگاو – چەمچەماڵ دانا دوو ئیڤای پڕ لە سەرباز و جاش کەوتنە بۆسەکەوە و گوللە بارانکران.

زیانی دوژمن

کوژرانی زیاتر لە ٢٠ سەرباز و جاش

بەدیلگرتنی ٦ جاش

دەستکەوت

١٤ کلاشینکۆف

١ ئار بی کەی

٥٤ مەخزەنی کلاشینکۆف

کـــەرتی دووی بـــازیان

هێزەکانی ڕژێمی عێراق لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٧ پەلاماری ناوچەی بازیان و دێیەکانی خاڵدان و برایم ئاوایدا.

کەرتی دووی تیپی ٥٧ی سەگرمە کە پێکهاتبوون لە ٢٧ پێشمەرگە بە فەرماندەیی ئەنوەر دۆلانی پێشیان بە هێرشەکەی دوژمن گرت و شکاندیانن، دوژمن جارێکیتر پەلاماری ناوچەکەی دایـەوە ئەمجارەش لە سەردەستی پێشمەرگەکانی کەرتی بازیان و سەگرمە تێکشکێندران و لوتیان لە تاشە بەردەکانی سەگرمەدا.

دوای ئـــــەنفالی (3)

دوای هێرش و پەلاماری دوژمن بۆ سەر ناوچەکانی گەرمیان لە ئەنفالی ٣دا هێزەکانی پێشمەرگە پەڕینەوە ناوچەی قەڵا سێوکە و بناری خاڵخاڵان.

تیپی ٥٧ی سەگرمە گۆڕانکاری تیادا کرا عەدنانی حەمەی مینا کرایە فەرماندەی تیپی ٥٧ی سەگرمە، ئەنوەر دۆلانی کرایە جێگری تیپ.

شەڕێکی قورس ڕوویدا دوژمن بە کیمیایی لە ناوچەکەیدا تیپی ٥٧ و هێزەکانیتری پێشمەرگە ویستیان بپەڕنەوە تا خوار کارێزەش ڕۆیشتن بەڵام نەیانتوانی بپەڕنەوەو گەڕانەوە.

هێزەکان برسییان بوو بێ نان و لانە بوون، پەرتەوازە بوون، بەشێک لە هێزەکان تەسلیم بوونەوە عەدنانی حەمەی مینا گەڕایەوە گەرمیان و بە پارتیزانی مایەوە.

ئەنوەر دۆڵانی ١٠ پێشمەرگەی لە گەڵدا مابوو لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانی ڕێکخراوی سلێمانی چوونە ناو شاری سلێمانی و لە مالّی ڕێکخستنەکان بۆ ماوەی هەفتەیەک مانەوە، دواتر لە ڕێگەی دوو ئامر سریەی خەفیفە کە سەر بە ڕێکخستنەکان بوون گوازرانەوە، ئامر سریەکان بە ئۆتۆمبێلی خۆیان تا قەمتەران بردیانن، لەوێشەوە چوونە مەڵبەندی سێ.

تـــــیپی 51 گـــــەرمیان
چـــــوار

تـــــیپی 51 گـــــەرمیان

بە هەڵوەشاندنەوەی هەرێمی پێنجی قەرەداخ چەند تیپێک لە جێگەیدا دروستکرا، تیپی ٥١ گەرمیان یەکێک لەو تیپانە بوو سەرەتای پێکهاتەی تیپەکە بەمجۆرەبوو.

*سامان گەرمیانی فەرماندەی تیپ

*فەیسەڵا عەبدولڕەحمان (سۆران) جێگری فەرماندەی تیپ.

*دواتر عادل شکور جێگری فەرماندەی تیپ.

فەرماندەی کەرت–جێگر

*شێخ جەمال فەرماندەی کەرتی ١ شێخ کەریم چاوڕەش جێگری بوو.

*جەلال مەسۆیی فەرماندەی کەرتی ٢ شینەی حەمە ڕەش جێگری بوو.

*مام سالّح گۆڕیئەسپی فەرماندەی کەرتی ٣ نەجم بۆسیانی جێگری بوو.

*سەردار ناوتاقی فەرماندەی کەرتی ٤ سەلام کوێخا عەزیز جێگری بوو.

لە شاخی سەگرمە بۆ خوارەوە هەتادێتە جادەی سەنگاو قادر کەرەم، کەرکوک، داقوق، دووز خورماتوو، کفری، سەرقەڵا، تیلەکۆ، باوەنور، سنووری تیپی ٥١ گەرمیان بوو.

کۆتایی سالّی ١٩٨٢ کەرتی پێنج دروست بوو شێخ جەمال کرایە فەرماندەی کەرتەکە، شێخ کەریم کرایە فەرماندەی کەرتی ١ .

سالّی ١٩٨٣ تیپی ٥١ گەرمیان کرایە ٩ کەرت .

*کەرتی ٦ پێکهات

*سەلامی کوێخا عەزیز کرایە فەرماندەی کەرتی ٤ سەردار ناو تاقی کرایە فەرماندەی کەرتی٦

*عومەر سەنگاوی فەرماندەی کەرتی ٧

*شینەی حەمە ڕەش فەرماندەی کەرتی ٨

*عومەر تالّەبانی فەرماندەی کەرتی ٩

–مەلا ئەحمەد کەلاری لێپرسراوی کەرتی ڕێکخستن دواتر سەید ئەحمەد

–مامۆستا عەلی ڕابەری سیاسی.

بێتەلەوان

*محەمەد کەرکوکی

*بەرزان محەمەد قادر

سالّی ١٩٨٤ تیپی ٥١ گەرمیان کرایە دوو تیپ

دوای گەشەکردن و فراوانبوونی تیپی ٥١ گەرمیان سالّی ١٩٨٤ کرایە دوو تیپ، تیپی ٥٣ شێروانە دروست بوو.

کەرتی (٣،٤،٦،٨) گوراسترانەوە تیپی ٥٣ شێروانە و عادل شکور کرایە فەرماندەی تیپەکە

تیپی ٥١ گەرمیان ١٩٨٤

*مەحموود سەنگاوی فەرماندەی تیپی ٥١ گەرمیان

فەرماندەی کەرتەکان

*شێخ کەریم چاورەش فەرماندەی کەرتی ١.

*مام جەلال ئەمین کاکە مەسۆیی فەرماندەی کەرتی ٢.

*عومەر سەنگاوی فەرماندەی کەرتی ٣ .

*شینەی حەمە ڕەش فەرماندەی کرتی ٤ .

*شێخ جەمال کەرتی ٥

*تا سالّی ١٩٨٦ تیپی ٥١ گەرمیان پێنج کەرت بوو.

*سالّی ١٩٨٦ شێخ جەمال کرایە جێگری فەرماندەی تیپ، لە جێگەی شێخ جەمال سوارە کرایە فەرماندەی کەرت سەید جەوهەر کرایە جێگری کەرت.

*هەر لە سالّی ١٩٨٦ عوسمانی حاجی مەحمود کرایە فەرماندەی کەرتی ٦

فەرماندەی تیپەکان
1982-1988

*سامان گەرمیانی
*مەحموود سەنگوی
*حەمە ڕەش
*عادل شکور

ئەم فەرماندە تیپانە لە نێوان تیپەکانی ٥١ گەرمیان، ٥٧ سەگرمە، ٥٣ شێروانە ئاڵوگۆڕیان پێدەکرا.

جێگری تیپەکان
١٩٨٦-١٩٨٨
*شێخ جەمال
*شێخ کەریم
*عەلی شامار
*ڕەئوفی یاسە
*مامۆستا عەلی

فەرماندەی کەرتەکان
1986-1988

*سواڕە
*سەید جەوهەر
*عوسمانی حاجی مەحموود
*حەمە ئاخە
*نازم بچکۆل

ڕێکخستن

*جەلال جوهەر لێپرسراوی کەرتی ڕێکخستن.
*عەلی ئەکبەر دەکەیی-عەدالەت تاڵەبانی لێپرسراوی ناوچەی شۆڕشگێڕان .
*مامۆستا جوامێر ڕابەری سیاسی

لێپرسراوی تیپ-دارایی
مامۆستا مەحموود
بێتەل
دڵشاد دوزی
گومرگ-باجگە
مامۆستا کاوە
لێپرسراوی کۆمەڵایەتی
مام وریا
دادگا
*مامۆستا غازی سالار
*عومەر ئەحمەد
دکتۆری تیپ
*شێخ عەبدوڵڵا
*شێخ جەمال

تیپی ٥١ گەرمیان لە ناوچەیەکی فراواندا چالاکی ئەنجامدەدا قەڵەمڕەوی تیپی گەرمیان تا قوڵایی گەرمیان بوو.

تیپی ٥١ گەرمیان بەردەوام لە فراوان بوون و هەڵکشاندا بوو یەکێک لەو تیپە چالاک و چەلەنگانە بوو بەردەوام لە چالاکیدا بوون.

ساڵی ١٩٨٧ تیپی (٥٩ حەمرین) ی لێجیابوەوە دوو کەرتی تیپی ٥١ گەرمیان گواستراندوە تیپی حەمرین، شێخ کەریم چاوڕەش کرایە جێگری تیپی حەمرین .

تـــــیپی 51ی گـــــەرمیان
شـــــەڕی عـــــەلیان
1982/9/11

دوو شەو پێش شـەڕی عەلیان تیپی ٥١ی گەرمیان چالاکییەکیان ئەنجامدا، پێشمەرگەکان ئۆتۆمبیلەکەیان لە پەنایەکدا شـاردەوە سامان گەرمیانی و عادل شکور هەر یەکەی (ئار بی جی) یەکیان لە مونەزەمەی قادرکەرەمدا.

گـــــوللە خـــــوارەکە

عادل شکور دوو گوللە (ئار بی جی) تەقاند گوللەی سێیەمیان بۆ هێنا سەری گوللەکە خواربوو گوللە خوارەکەی نا بە بینای مونەزەمەکەوە، گوللەکە هەستایەوەو دای لە تەکیەی شێخ برایم، گوللەکە خوار بوو بە لاری لە دیواری تەکیەکەیدا بوو.

بۆ بەیانی خەڵکی قادر کەرەم وتبوویان تەکیەکەی شێخ برایم ئار بی جی نەیبڕیوە، دوای لێدانی مونەزەمەی قادر کەرەم گەڕانەوە زەنگنەی ئەو بەر ئۆتۆمبیلەکەیان لە دۆڵێکدا پەنادا، بۆ بەیانی کۆپتەر هات شیوو دۆڵی ناوچەکە گەڕان نەیاندۆزییەوە، بۆ شەوەکەی چوونە هەزار کانی بۆ ماڵی فایەق ئاغا.

بەیانییەکەی سامان گەرمیانی و عادل شکور لە یەکتر جیابوونەوە، سامان گەرمیانی ڕۆیشتە شاخی زەردە پشتی تەپەگەڕوس، عادل شکورو پێنج پێشمەرگە دوو ئۆتۆمبیلیان پێبوو لە هەزارکانی دەرچوون و چوونە هەردەی زەنگەنە.

ئەو ڕۆژە نزیکەی دە کۆپتەر بە ئاسمانەوە بوون لە قولیجان نیشتنەوە شوانێکیان هەڵگرتبوو لە دێیەکیتر دێوانە عومەریان گرتبوو.

مەفرەزەکە چوونە ماڵی حەسەنی مەلا لە کانی عوبێد، ئۆتۆمبیلەکانیان لە کانی عوبێد شاردەوە چوونە ماڵی وەلی ئاغا چاوەڕێ بوون کۆپتەر دابەزێتە دێیەکەو تەقەی لێبکەن.

کۆپتەرەکان دانەبەزین، پێشمەرگەکان سواری ئۆتۆمبیلەکان بوون و چوونە عەلیانی کۆن دێیەکە لە شوێنێکی چاڵدا بوو تەنها شەش ماڵی لێبوو ئۆتۆمبیلەکانیان لە چەمەکەی عەلیاندا داپۆشی.

شەش پێشمەرگە، جومعە ڕەش، عادل شکور، بلەی عەزە گیان، حەمە بچکۆل، حەمە تیماری، مەلا عەزیز بە سەر شەش ماڵی عەلیاندا دابەشبوون، جومعە ڕەشیان لە سەر شاخ هێشتەوە تا لە هەر جوڵەیەکی دوژمن ئاگاداریان بکات.

هێندەی نەبرد جومعە فیشەکێکی تەقاندو هاواریکرد کۆپتەر هات، جومعە هاتە خوارەوە بۆ ناو عەلیان.

سێ پێشمەرگە لە ماڵی مام عەباس بوون، سێ پێشمەرگەش لە ماڵی حەمە جان، کۆپتەر هاتە سەر ئاوایی هێندە نزم دەفڕی فڕۆکەوانەکە دیار بوو.

کۆپتەر یەک بە دوای یەکدا دەهاتن ڕەوە کۆپتەر بە سەر ئاسمانی عەلیانەوە سێبەریان کردبوو، سێ کۆپتەر دەنیشتەوەو سەرباز و جاشیان دادەبەزاند سیانیش دەهاتن، هێزەکەی دوژمن بە پیادە دەهاتنە شاخەکەی پشتی عەلیان، هێزێکی زۆری دوژمن لە پشت و خواری دێ بوون، بە بڵندگۆ دەیانووت یەک دوانێکتان وەرن بۆ ئێرە بە زووترین کات.

پێشمەرگەکان مام حەمەجانیان نارد بۆ لای جاشەکان تاوەکو بڵێت کەسی لێنییە، بەڵام پێشتر مام عەباس چوو بوو جاشەکان بە قسەی لووس هەڵیانخەڵەتاندبوو ووتبوویان ئەگەر پێشمەرگەی لێیە پێمان بڵێ وەعدی شەرەف بێت تەقە .ناکەین جیهاز بۆ کۆپتەرەکان دەکەین دەڵێین بگەڕێنەوە.

مام عەباس دێهاتییەکی دڵپاک و ساویلکە بوو نەیدەزانی جاش شەرەفیان نییە تاوەکو سوێندی پێبخۆن ووتبووی مادام وەعدی شەرەفتان پێدام مامۆستا عادلی لێیە.

کاتێک مام حەمە جان گەیشتبووە لای جاشەکان مام عەباس هەموو شتێکی ئاشکرا کردبوو، جاشەکان بە مام حەمە جاندا پەیامێکیان بۆ عادل شکور نارد ئەگەر تەسلیم ببێت وەعدی شەرەفی دەدەینێ دەڵێین خۆی خۆی تەسلیم کردووە.

عادل شکور وەڵامی دانەوە تا دوا فیشەک شەڕ دەکەین ئێمە پیاوی تەسلیم بوون نین ئەمڕۆ یا سبەی هەر شەهید دەبین.

ماڵ و منداڵی عەلیانیان بردە دەرەوەی دێ شەڕ دەستیپێکرد، کۆپتەر ماڵەکانی

عەلیانی بۆردومان دەکرد جاشەکان هاواریان دەکرد عادل تەسلیم بە.

جاشەکان (ئار بی جی) یان نا بە مالّی مام حەمە جانەوە کە عادل شکورو دوو پێشمەرگەی تیا بوو مالّەکە گرِیگرت، مەلا عەزیز جامانەکەی تەڕ کردبوو ئاگرەکەی دەکوژاندەوە.

لەولاترەوە خانووەکەی مالّی مام عەباس گرِیگرت کە سێ پێشمەرگەی تیا بوو، پێشمەرگەکان چوونە خانوویەکیتر.

با لە سەڵّاوە هەڵّیدەکرد کە فیشەکی گرِدار دەیدا لە خانووەکان و دەیسووتاند باکە هێندەیتر ئاگرەکەی دەگەشاندەوە.

شەڕ لە کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ تا کاتژمێر ٣:٣٠ دەقیقەی دوانیوەڕۆ بەردەوام بوو، پێشمەرگەکان بەرگری سەختیانکرد، هێزەکەی دوژمن پاشەکشەیانکرد بێ ئەوەی بتوانن هەنگاوێک بێنە ناودێ.

تایەی مەکینەکەی مالّی مام عەباس ئاگریگرت پێشمەرگەکان کوژاندیانەوە، ئاویان بردە سەر خانووەکان و کوژاندیاننەوە.

یانزە گیسک لە ناو حەوشێکدا بوون سووتان، دوای شەڕەکە خەڵکی عەلیان بەگریانەوە گەڕانەوە ناودێ کە زانییان پێشمەرگەکان سەلامەتن کردیانە خۆشی.

خەڵکی دێیەکانی ڕوغرایی، تەپە سپی، سماق، ژالّە هاتنە عەلیان بۆ زانینی هەواڵی پێشمەرگەکان لەو شەڕەدا لووتی دوژمن شکاو پێشمەرگەکان سەرکەوتووانە و بێزیان بوون.

بـــۆسە-پـــیازەخڕە

کاتژمێر ٣:٢٠ دەقیقەی دوانیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٢/١٢/٩ هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە دلێرەکانی کەرتی ٣ کەرتی ٤ کەرتی ٥ ی تیپی ٥١ گەرمیان لە نزیک دێی پیازە خڕەدانا کاروانێکی سەربازی کە ڕۆژانە لە کفری و کەلارەوە بۆ تیلەکۆ دەگەڕایەوە و پێکهاتبوو لە ئیڤایەکی پڕ لە سەرباز و زرێپۆشێک کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەکانی گەرمیانەوە و گوللەبارانکران

زیانی دوژمن

کوژرانی ٥ سەرباز

بریندارببوونی ٧ سەرباز

بەدیلگرتنی ٢١ سەرباز کەسەر بە وەحدەی (٧٣٣٦)ی سریەی ٤ بوون

دەستکەوت

گرتنی ١ مودەڕەعە دوای ئەوە هەموو تەجهیزاتەکانی لێدەرهێنرا و سووتێندرا

ئیڤایەکی سەربازی

گرینۆفێکی مۆدێل ٦١

١ ئاڕ بی جی ١١

٩ سندوق فیشەکی گرینۆف

جیهازێکی بێتەلی ژمارە (١١٢)ی ڕووسی ١٥ کلاشینکۆف و ژمارەیەک مەخزەن دەمانچەیەکی قادسیە بە دووشانەوە

٢ بەرمیل بەنزین

نـــێوان تیلەکۆ- ســـــەرقەڵا
1982/12/13

تیپی ٥١ی گەرمیان چاودێری هاتن و چوونی کاروانێکی سەربازی دوژمن بوو کاتی هاتنیان دیاریکرد.

بوومەلێڵی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٢/١٢/١٣ لە سەر ڕێگەی پیازە جاڕ بۆسەیەکیان بۆ هێزەکەی دوژمن دانا دوو ئیڤای پڕ لە سەربازو ناقیلەیەک کەوتنە بۆسەکەوە، ناقیلەکەیان گرت و سووتاندیان ٣٦ سەرباز بەدیلگیران و ژمارەیەکیش کوژرا.

کۆپتەر هاتە سەر ئاسمانی شەڕەکەو دەیان سەر ئاژەڵی هاووڵاتیانی کوشت، بەشێک لە دیلەکان کـوردی فەیلی بـوون بەشێکیش بریندار بـوون هـەر بۆیە ئازادیانکردن.

چـــــالاکی سەید جـــــەژنی
1983/3/15

هێزێکی تیپی ٥١ گەرمیان بە فەرماندەیی سامان گەرمیانی چوونە دێی سەید جەژنی، سامان گەرمیانی سەید جەوهەر و حارس گامە خەڵی نارد تەقە لە ڕەبییە سەربازییەکانی سەر جادەی سەر قەڵا بکەن و بگەڕێنەوە، سەید جەوهەر و حارس تەقەیان لە ڕەبیەکان کرد و گەڕانەوە .

هێزێکی دوژمن بە پشتیوانی دەبابە هاتنە نزیک سەید جەژنی، پێشمەرگەکانی گەرمیان گورزی کاریگەریان لێوەشاندن

***زیانی دوژمن**

زیاتر لە ٧٠ کوژراو

دەستکەوتێکی زۆری چەک و تەقەمەنی گرتنی دەبابەیەک و دواتر ئاگر تێبەردانی لەو شەڕەدا

وەلی گەڵاڵی پێشمەرگەی تیپی ٥١ گەرمیان شەهید بوو.

دوو پێشمەرگەش بریندار‌بوون.

لـــێدانی نـــــەوجول
مـــانگی 1983/3

هێزێکی تیپی ٥١ی گەرمیان بۆ لێدانی نەوجول کەوتنە ڕێ هێشتا نەگەیشتبوونە دێی عەزیز قادر توکن دوو کۆپتەری جەنگی هاتنە سەر هێزەکەو لێیاندان.

کۆپتەرەکە نزم بوو ویستی تەقە بکات پێشمەرگەکان بە کلاشینکۆف لێیانداو دۆشکەی کۆپتەرەکە چووەوە ناوەوە، سەربازی سەر دۆشکەکە پێکراو بریندار بوو کۆپتەرەکە لە تیلەکۆ نیشتەوە.

لەو ڕووبەڕوبوونەوەیەدا پێشمەرگەیەک بە ناوی ستار محەمەد شەهید بوو، پێشمەرگەکانی گەرمیان چوونە ناو نەوجولەوە نیو کاتژمێر لە ناو نەوجولدا مانەوەو لە دەزگاکانی دوژمنیاندا، هێزێکی دوژمن لە کەرکوکەوە هات بۆ پشتگیری

هێزەکانیان، چەند ڕەبییەیەک لە دەوروبەری نەوجول بوون تەقەیان لێکردن بەڵام ڕەبییەکان نەگیران.

شـــــەڕی دوومـــیران

تاقمە جاشێکی کەلارو باوەنور چوونە دێی دوومیران دەستەیەک لە پێشمەرگە گیان لە سەردەستەکانی گەرمیان لە سەعات ٥:٣٠ دەقیقەی ئێوارەی ١٩٨٣/٤/١٧ هێرشیانکردە سەریان و پاش دوو کاتژمێر شەڕوو پێکادان جاشەکانیان شکاندو زیانێکی زۆری گیانی و ماڵییان لێدان بەمجۆرە:

کوژرانی (٣) جاش

گرتنی (٢) کڵاشینکۆف

١ بڕنەوی ڕەقەم ١٧

٢ دووربینی ڕوسی

١٠ شانەی کڵاشینکۆف و ١٠٠ فیشەکی بڕنەو

هـــــێزی پـــــــشتگیری

کۆتایی مانگی ٦ی ساڵی ١٩٨٣ دوو پێشمەرگەی هێزی پشتگیری لە ڕەبیەی برایم خانیاندا هەر ئەو دوو پێشمەرگەیە چوونە سەر ڕەبییەی سەرقەڵاو گوللەبارانیانکردن.

زیانی دوژمن بریندار بوونی دوو سەرباز بوو هەر دوو پێشمەرگەکەی پشتگیری سەرکەوتووانە گەڕانەوە.

پـــــەلاماری جـــــاش

جاشەکانی کفری، کەلار، باوەنور، پێواز، زەڕایەن، بە هاوکاری قوات خاسە لە ڕۆژی ١٩٨٣/٧/١٣ پەلاماری دێی «هۆمەر مل» یاندا شەڕ لە کاتژمێر ٦ی بەیانی دەستیپێکرد.

هەشت پێشمەرگەی قارەمانی هێزی پشتگیری ڕووبەڕووی جاش و قوات خاسە بوونەوە تا کاتژمێر (٣)ی دوانیوەڕۆ شەڕ بەردەوام بوو.

زیانی دوژمن:

کوژرانی ٨ جاش

بریندار بوونی چوار هاوڵاتی و تراکتۆرێک و سێ خانووی هاوڵاتیان زیانیان بەرکەوت.

گـــرتنی ڕەبییەی بـــــەردە ســـــوور

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە ئازاکانی کەرتی (٣، ٤)ی تیپی ٥١ی گەرمیان لە کاتژمێر ٦:٣٠ دەقیقەی ڕۆژی ١٩٨٣/٧/١٣ چوونە سەر ڕێگای گشتی کەنار باوەنور.

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی گەرمیان هێرشیانکردە سەر ڕەبییەی بەردە سوور لە دوای کاتژمێرێک شەڕ دەستیانگرت بە سەر ڕەبییەکەدا کە لە ساڵی ١٩٧٤ هوە ڕەبییە بوو ، لە هەمان کاتدا پێشمەرگەکانی گەرمیان ڕەبییەکانی بەرلوت و ئوردوگای بەردە سووریان گوللەبارانکرد.

زیانی دوژمن:

کوژرانی (٣) سەرباز

بەدیلگرتنی (٩) سەرباز

دەستکەوت:

- هاوەنێکی ٨ ملم بە هەموو ڕەکیزەکانیەوە لە گەڵ سندوقێک گوللەی هاوەن
- یەک ڕەشاشی بیکەیسی
- ١١ کلاشینکۆف، ١٠ صینی، ١ سیخۆ، ٣٠ شانە، ٣ سندوق فیشەکی ڕووسی
- یەک جیهازی ڕاکاڵی B.C.C
- ٤ سندوقی فیشەکی قەناس
- ٢٣٠٠ فیشەکی ڕوسی
- ٢٠ سندوق گوللە هاوەن

• ٤ سندوق نارنجۆکی دەستی

مارسیدسێکی پڕ لە سەرباز هاتن فریای ڕەبییەکە بکەون لە ڕێگەدا وەرگەڕان و سەرنشینەکانی مردن و بریندار بوون، پێشمەرگەکانیش سەرکەوتووانە و بێزیان بوون.

دوای گرتنی ئەم ڕەبییە ڕۆژی ١٩٨٣/٧/١٤ کۆپتەر دێیەکانی گۆبان، کانی چایلە، دوو میلان، ژاڵەی سەفەر، چەمە بیسمیللای بۆردومانکرد، هاووڵاتی قادر عەبدوڵڵا لە گۆبان شەهید بوو (٧) ژن و منااڵ بریندار بوون، ١١ ئۆتۆمبێل سووتێندران.

شـــــەڕی بـــــانیخێڵان
1983/7/23

چەند ئەندازیارێکی بولغاری ڕۆژانـە دەهاتنە گەڕاوەکەی بانیخێڵان، خەڵکی بانیخێڵان گلەییان دەکرد دەیانووت سەربازەکان کە بۆ پاڕێزگاری بۆلگارییەکان دێن دەچنە سەر گەڕاوەکەی بانیخێڵان ژنانی بانیخێڵانیش لەوێ ئاویان دەبرد.

پێشمەرگەکانی گەرمیان و قەرەداخ بولگاریەکانیان ئاگادار کردەوە نابێت هێزی سەربازی لە گەڵ خۆیان بهێنن چوونکە لە سەربازەکان دەدەین.

داموودەزگاکانی عێراق لە دەربەندیخان زانیبوویان پێشمەرگە بولگاریەکانی بینیووە بۆ ڕۆژی دوایی دوو ئیڤا سەربازی لە گەڵدا ناردن، پێشمەرگەکانی گەرمیان و قەراخ هێزێکی تۆکمەیان جیاکردەوەو هاتنە چەمی دێوانە چاوەڕێ بوون بەیانی سەربازەکان بێن و بچنە بانیخێڵان.بەیانی سەربازەکانی دوژمن لە گەڵ بولگاریەکان چوونە سەر گەڕاوەکەی بانیخێڵان و پێشمەرگە بۆیان ڕۆیشتن.

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە دلێرەکانی کەرتی (٣)ی دەربەندیخانی تیپی ٥٥ ی قەرەداخ و کەرتی ٤ی بەمۆی تیپی ٥١ی گەرمیان لە شەوی ١٩٨٣/٧/٢٣/٢٢ سازو ئامادە بوون، کاتژمێر ٧:١٥ دەقیقەی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٣/٧/٢٣ هێرشیان کردە سەر ئەو سەربازانەی کە بۆ پاڕێزگاری چەند ئەندازیارێکی بولگاری ڕۆژانە دەهاتنە گەڕاوەکەی بانیخێڵان.

پێشمەرگەکانی قـەرەداخ و گەرمیان لە مـاوەی (٨) دەقیقە شـەڕدا تێکڕای سەربازەکانیان کوشت و لاشەکانیان کەوتە بەردەست.

دوای کۆکردنەوەی دەستکەوتەکان پێشمەرگەکانی گەرمیان و قەرەداخ لە بن چیای گوڵان و بانیخێڵاندا دامەزران.

چوار پیکابی پڕ لە قوات خاسە بە پشتیوانی (٤) زرێپۆش و (٧) تۆپ و هاوەنی (١٠٦، ١٢٠، ٨٢) دۆشکە لە سلێمانییەوە هاتن، پەلاماری بانیخێڵانیاندا، تۆپخانەکانی دوژمـن لە دەشتی بانی بی، ژاڵـە نـاو، سەربازگەی دەربەندیخان، سەربازگەی باوەنور ڕەبییەکانی قەترە، پردی دەرەدۆین، هۆرێن تۆپبارانی بانیخێڵانیان دەکرد.

سەرەڕای تۆپبارانی سەخت هێزەکەی دوژمن نەیتوانی هەنگاوێک لە سەنگەرەکانی دوژمن نزیک بێتەوە.

جاشەکانی کەلار، باوەنور، دەربەندیخان، زەڕایـەن، شـارەزوور ڕوویانکردە دەربەندیخان شەڕی قورس لە نێوان پێشمەرگە و دوژمندا دروست بوو هێزەکانی دوژمـن لە بەیانی تا ئێوارە پێنج جار پەلاماری بانیخێڵانیاندا بـەڵام تێکشکان، ناقیلەیەک گەیشتە خوێندنگەی دەربەندیخان بە ئاربیجی لێیانداو هەڵات.

کۆپتەر هاتە سەر ئاسمانی شەڕەکە خانوو گڕیگرت بەڵام دوژمن نەیتوانی بێتە ناو دێ شەڕ تا ئێوارە بـەردەوام بوو ئێوارە ئامر لیوا خەڵکی نـاردە لای پێشمەرگەکان بریندارو کوژراوەکانیان بۆ بنێرنەوە ئەوانیش شەڕ ڕادەگـرن، پێشمەرگە کوژراوەکانیان بۆ ناردنەوە بە مەرجێک دێیەکە نەسووتێنن.

دوژمن کوژراوو بریندارەکانی گواستەوە نەخۆشخانەی دەربەندیخان، دوای (١٠) کاتژمێر شەڕی بەردەوام هێزەکەی دوژمن تێکشکاو بە کوژراوو بریندارەوە گەڕانەوە مۆڵگەکانیان.

زیانی دوژمن:

کوژرانی نەقیبێک ملازم ئەوەلێک

١٢ سەربازو دەیان بریندار

سەربازێک ڕایکرد- سەربازێک بەدیل گیرا

لەو شەڕەدا (٥) هاوولاتی بە تۆپباران شەهید بوون:

- میمکە ناهیل
- عەزیزی حەمەمین
- کچی سالار مەحموود نادر

شـــــــەڕی برایم غـــــــولام
1983/8/30

کەرتێکی تیپی ٥١ گەرمیان بە فەرماندەیی شێخ کەریم چاوڕەش لەسەر ڕێگەی کانی شیرینکە خۆیان لە بۆسە نابوو تا کاروانی سەربازی دوژمن بێت هیچ هێزێکی دوژمن نەهات، بەدیوی قادر کەرەمدا چەند سەربازێکی لێبوو پێشمەرگەکانی تەقەیان لێکردن و کشانەوە دێی برایم غولام.

پێشمەرگەکانی گەرمیان لە دێی برایم غولام بوون دەمەو نیوەڕۆ هێزێکی دوژمن هاتە سەریان کۆپتەر و هێزی پیادەی دوژمن پەلاماری پێشمەرگە و ئاوایی برایم غولامیاندا شەڕ لە نێوان پێشمەرگە و دوژمندا دروست بوو، کاتژمێر دوانزەی نیوەڕۆ جەلال مەسۆیی بریندار بوو شەڕ تا کاتژمێر پێنجی ئێوارەی خایاند کۆپتەر بەردەوام ناو دێی دەکوتا، هێزێکی پێشمەرگە بە فەرماندەیی شێخ جەمال هاتن بە هانای شەڕەکەوە لەگەڵ پێشمەرگەکانی ناودێ لەیەکتری ئاشکرابوون و یەکیان گرتەوە.

لە کاتژمێر پێنجی ئێوارەدا هێزی دوژمن شکاو تا جادەی قیر ڕاونران، دوژمن زیانی زۆری بەرکەوت

لەو شەڕەدا دوو پێشمەرگە بریندار بوون

١-حەمە ئاخە

٢-جەلال مەسۆیی

لـــــێدانی ڕەبـــــیە

هێزێکی تیپی ٥١ی گەرمیان لە شەوی ١٩٨٣/١٠/٢٤/٢٣ گوللەبارانی ڕەبیەی سەر ڕێگای قادر کەرەم کەرکوکیان کردو جاشێک کوژرا.

سیروان کەریم سالّح پێشمەرگەی تیپی ٥١ی گەرمیان شەهید بوو.

نـــــاوچەی بەمۆ- گـــــرتنی ڕەبـــــــیە
پایزی 1983

ناوچەی بەمۆ لە دانیشتووانە کوردەکەی چۆلّکرا بوو تەنها ڕەبیەی سەربازی و عـەرەبی هـاوردەی لێبوو کە لـە سـەر مولّک و مالّی کـوردەکـانی ناوچەکە نیشتەجێکرابوون.

هەندێک ئەشکەوت لە شاخی بەمۆ هەبوون پێشمەرگەکانی گەرمیان ئازوقەو پێداویستیان لە ئەشکەوتەکان شاردبووەوە هەر جارێک بچوونایەتە ناوچەکە و چالاکییان بکردایە دەچوونە ئەو ئەشکەوتانە.

پێشمەرگەکانی تیپی ٥١ی گەرمیان ڕەبیەیەکیان دەستنیشانکرد دەستی بە سەردا بگرن سەلامی کوێخا عەزیزو چەند پێشمەرگەیەک بە دووربین تەماشای سەربازەکانیان دەکرد بە دەم تەماشاکردنەوە لە ڕەبیەکە نزیک بوونەوە.

لە ناو ڕەبیەکەوە دەنگی تەسجیل دەهات گۆرانییەکی ڕیفییان خستبووە سەری ئەحمەد یەکێک لە پێشمەرگەکانی گەرمیان بوو بە هاوڕێکانی ووت کە ڕەبیەکەمان گرت ئەو تەسجیلە بۆ من.

کاتژمێر ١١ی شەو چوونە سەر ڕەبیەکە ئەحمەد بە ئاربیجی لە ڕەبیەکەیدا چەند نارنجۆکێکیان خستە ناو ڕەبیەکەوە تەقەمەنییەکانی ناو ڕەبیەکە گڕیان گرت ٦ سەرباز بە ئاگری تەقینەوەکە سووتان.

ڕەبیەکە دەستی بە سەردا گیرا چەکەکانیان کۆکردەوەو ژمارەیەک سەرباز دەستگیرکران لەو دیو ڕەبیە دەست بە سەرداگیراوەکەدا ڕەبیەیەکیتری لێبوو تەقەیان دەستپێکرد.

ئەو ئەفسەرو سەربازانەی دەستگیر کرابوون بانگیان لە ڕەبییەکە کرد تەسلیم بن ئەو ڕەبییەش بە چەکەکانیانەوە تەسلیم بوون.

دەستکەوت:

٧ هاوەنی ٦٠ ملم ٢٦ دیل

٢٧ کلاشینکۆف

بۆ بەیانی لە گەڵ ڕۆژهەڵاتندا کۆپتەر هاتە ناوچەکە تەقەی لەو شاخ و کێوانە دەکرد بەڵام شوێنی پێشمەرگەکانی نەدۆزییەوە.

دەمەو ئێوارە دیلەکانیان لە گەڵ خۆیاندا بردوو بەڕێکەوتن، سەربازێک پێڵاوی لە پێدا نەبوو کاکە عەبەی پێشمەرگە پێڵاوەکانی خۆیدایە سەربازەکەو بە چەقۆیەک پشتێنەکەی خۆی بڕی و لە قاچی پێچا تا گەیشتنە بانیخێلان.

دوای شەڕەکە داموودەزگاکانی ڕژێم لە ناو شاری دەربەندیخاندا دایک و باوکی سەلامی کوێخا عەزیزیان دەستگیرکرد لە کاتی گفتوگۆدا ئازاد کران.

تیپی ٥١ی گەرمیان تا ئەنفال لە ناو قولایی گەرمیان و ڕێگە سەرەکییەکانی کەلار، کفری، دووز دەیان چالاکییان ئەنجامدا، دەیان مۆڵگەو ڕەبییەی دوژمن لە ژێر هەڵمەتی تیپی گەرمیاندا خاپوور کران.

لە داستانەکانی دابان، قەیوان ماوەت، داستانی ڕزگاری، شەڕەکانی سەرکردایەتی لە ئەنفالی یەکداو بەرگری لە شالاوەکانی ئەنفالی (٣) ڕۆڵی گرنگیان بینی.

گـــــرتنی دوو ڕەبـــــییە
نـــزیك قـــادرکەرەم

کاتژمێر ٩:٣٠ دەقیقەی شەوی ١٩٨٥/١/٢٨ هێزێکی تیپی ٥١ گەرمیان هێرشیانکردە سەر جاشەکانی سەر تیپ کاکەیی نزیک قادر کەرەم لە هەڵمەتێکی پێنج دەقیقەدا دەستیان بەسەر دوو ڕەبییەی جاشدا گرت.

زیانی دوژمن

کوژرانی ١٦ جاش کەلاشەکانیان کەوتە دەست پێشمەرگە

دەستکەوت

٦ کلاشینکۆف و ژمارەیەک مەخزەن چەکەکانیتریان لەناو ڕەبییەکەدا سووتا

تـــۆڵەی مـــامە ڕیشە
کـــۆتایی مـــانگی یەکی 1985

ژمارەیەک خێمەی سەربازی لە نزیک قادر کەرەم بوون تیپی ٥١ گەرمیان بۆ لێدانی خێمەکان بەڕێکەوتن شەو بوو گەیشتنە نزیک خێمەکان گوێیانهەڵخست نەجوڵە هەبوو نە دەنگ، بە دووربین تەماشایانکرد سەربازێک جوڵا،سەربازەکە کۆکەیەکیکرد دڵنیا بوون خێمەکان چەکداری تیایە پێشمەرگەکانی گەرمیان هەڵمەتیان بردە سەر خێمەکان ئەوەی تیایدابوو کوژرا، لە ماوەی دە دەقیقەدا هێزەکەی دوژمنیان لەناو لەناو خێمەکاندا لە جوڵە خست لەو شەڕەدا کەس دیل نەبوو هەر نەدەبووایە کەس دیل بێت چوونکە، تۆڵەی مامە ڕیشە بوو.

لـــێدانی مـــونەزەمەی لەك
1985/3/5

دێی لەک مونەزەمەیەکی تیادا بوو، تیپی ٥١ی گەرمیان بڕیاریاندا هێرش بکەنە سەری، نەخشەو پلانی هێرشەکەیان بەمجۆرە دارشت:

دەستەی یەکەم بە سەرپەرشتی شێخ جەمال و «٨» پێشمەرگە.

دەستەی دووەم بە سەرپەرشتی مەحموود سەنگاوی و کەریم چاوڕەش لە گەڵ (٢٢) پێشمەرگە دوو بۆسەیان دانا.

بۆسەیەک لە سەر ڕێگای قەڵغانلو

بۆسەی دووەم لە سەر ڕێگەی نەوجول

پێنج ئاربیجی داندرا بۆ لێدانی مونەزەمەکە هەر ئاربیجیەی دوو گوللە بتەقێنێ ناقیلەکەشی بە ساغی بگرن.

لە گەڵ تەقاندنی یەکەم گوللە ئاربیجی بە دەستی مەحموود سەنگاوی خانووەکانی مونەزەمە ئاگریان لێهەستا نۆ گوللەی ئاربیجی لە مونەزەمەکە درا، گوللەیەک ناقیلەکەی پەکخست.

دەستەی یەکەم گەیشتە ناو مونەزەمە بەرگری نەبوو، دەستەی دووەمیش هاتنە هەمان شوێن ئەمنەکان خزابوونە ناو ژێر زەمینی مونەزەمەو تەقەیان دەکرد پێشمەرگەکان ئاگادار نەبوون لە گەڵ یەکەم هێرشدا سەلام حەمید شەهید بوو.

دەستەی دووەم لە حەوشەی مونەزەمە هاتنە دەرەوە تا زیانی زیاتریان پێنەگات دەستەی یەکەم بە نارنجۆک لە ژێر زەمینەکەیاندا ئەمنەکانیش نارنجۆکیان هەڵدەدایە حەوشەکە، بە نارنجۆکی ئەمنەکان ئەنوەرو سەید ئەحمەد شەهید بوون.

پێشمەرگەکان کشانەوە دواوەو هەڵمەتیان تازە کردەوە (٤٠) گوللە ئاربیجی و ٢٨ نارنجۆکیان لێدان بێ سوود بوو.

کات ڕووی لە کزی دەدا دەرفەتی زیاتر نەمابوو پێشمەرگەکان کشانەوە، تەرمی شەهیدەکانیان ناردەوە دێیەکانی خۆیان بە خاک سپێردران.

زیانی دوژمن:

- ١٢ کوژراو
- شکاندنی ناقیلەیەک

دەستکەوت:

- گرتنی گرینۆفێک

قوربانی هێزی پێشمەرگە (٣) شەهید:

١/ شەهید ئەنوەر

٢/ شەهید سەید ئەحمەد

٣/ شەهید سەلام حەمید

ڕێـــــگای ســـــلەیمان بـــــەگ
مـــانگی 1985/4

هێزێکی تیپی ٥١ی گەرمیان بە فەرماندەیی مەحموود سەنگاوی چوونە سەر ڕێگای سلێمان بەگ لە جەیشی شەعبییە عەرەبەکانیانداو (١٨) کەسیان لێکوشتن.

هێزێکی هاوبەشی تیپی ٥١ی گەرمیان و ٥٧ی سەگرمە لە ڕۆژی ١٩٨٥/٤/٢٨ لە نزیک ناحیەی سلێمان بەگ خۆیان لە بۆسە نا، دوژمن ئاگاداری جموجۆڵی پێشمەرگەکان بوو پەلاماریدان شەڕ دوو کاتژمێری خایاند.

زیانی دوژمن:

کوژرانی بەڕێوەبەری ئەمنی خورماتوو ئەفسەرێک لە گەڵ ١٨ جاشی شەعبی.

دەستکەوت:

- ٣ کلاشینکۆف
- ٢ دەمانچە

بریندار بوونی پێشمەرگەیەک

شەوی پێشووتر هێزێک لە پێشمەرگەکانی گەرمیان چوونە ناو شاری کفری و معاونی ئەمنی کفرییان بریندار کرد، (٤) ئەمن کوژران.

دەستکەوت:

- ٤ کلاشینکۆف
- ١بیکەیسی
- ١ جیهاز

نـــــەوجول-دوز

کاتژمێر چوارونیوی ڕۆژی ١٩٨٥/٤/١٣ مەفرەزەیەکی کەرتی ٥ ی تیپی ٥١ گەرمیان بۆسەیەکیان لەسەر جادەی نەوجول-دوز دانا، تەنکەرێکی سەربازی کەوتە بۆسەکەوە و درایە بەر دەستڕێژی گوللە

زیانی دوژمن

تێکشکاندنی تەنکەرەکە

کوژرانی یەک جەیشی ناشەعبی و بریندارباوونی دوانیتر

گـــــرتنی خـــــۆفرۆشێك

شەوی ١٦-١٩٨٥/٤/١٧ مەفرەزەیەکی کەرتی ٥ تیپی ٥١ گەرمیان بۆ ئەنجامدانی کارووباری شۆڕش چوونە ناوشاری دوز لە گەڕانەوەیاندا خۆفرۆشێکیان دەستگیرکرد

دەستکەوت

کلاشینکۆفێک و ٥ مەخزەن

لـــــێدانی جـــاشەکانی دوز

کاتژمێر چوارونیوی ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٥/٤/١٩ پێشمەرگەکانی کەرتی ٥ی تیپی ٥١ گەرمیان بە ئیشوکاری شۆڕش بەرەو ناحیەی نەوجول بەڕێوەبوون لەڕێگە تووشی کەمینی جاشەکانی دوزبوون کە بۆ ڕاوو ڕووت هاتبوون پێشمەرگەکانی گەرمیان هێرشیانکردە سەریان و (ئاڕ بی جی) یەک و شوێنی کەمینەکەیان کەوتە دەست پێشمەرگە شەڕ لە نێوان پێشمەرگە و جاشەکانی دوزدا تا ئێوارەی خایاند

زیانی دوژمن

کوژرانی ٤ جاش بریندارباوونی ٤ جاش شکاندنی ئۆتۆمبێلێک کە تا ڕۆژی دوایی لە مەیدانی شەڕەکەدا بوو .

هێزێکی دوژمن کە پێکهاتبوو لە دوو ناقیلە و چەند ئۆتۆمبێلێکی جەیشی ناشەعبی هاتن بە فریای جاشەکانەوە ئەوانیش کەوتنە بەر هەڵمەتی پێشمەرگەکانی گەرمیان و هەڵاتن کاتژمێر ١٠ی هەمان شەو دەستەیەکیتری پێشمەرگەکانی کەرتی ٥ بۆسەیەکیان دانا هێزێکی دوژمن کوژراوەکانیان دەگواستەوە بۆ شاری دوز پێشمەرگەکانی گەرمیان لێیاندان و زیانی زۆریان پێگەیاندن

*کوژرانی ٥ جەیشی ناشەعبی
*دەستگیرکردنی جاشێک بەبریندارى
*سووتاندنی ئۆتۆمبێلێکی شۆفلێتی پڕ تەقەمەنی
*لێدانی ئۆتۆمبێلێکی هینۆ

دەستکەوت

١ بی کەی سی
١ ئاڕ بی جی(٧) – بریندارىوونی دوو پێشمەرگە

دوز-سـلێمان بـەگ

کاتژمێر دووی دوانیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٥/٤/٢٨ هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی تیپی ٥٧ سەگرمە و ٥١ گەرمیان جادەی سلێمان بەگ دوزیان کۆنترۆڵکرد.

بە گەیشتنی پێشمەرگە دوژمن کەوتە کۆکردنەوەی هێزەکانی لە دوز و سلێمان بەگ کە پێک هاتبوو لە ٣ ناقیلەو ١٨ ئۆتۆمبێلی سەرباز وجاش کاتژمێر ٥ی ئێوارە پەلاماری پێشمەرگەکانی سەگرمە و گەرمیانیاندا، پێشمەرگەکان بەرەنگاریان بوونەوە و هێرشیانکردە سەر هێزەکەی دوژمن و شکاندیانن بە جۆرێک نەیانتوانی تەرمی کوژراوەکانیشیان کۆبکەنەوە لەبەر سەختی شەڕەکە جادەی کەرکوک بەغدا لە کاتژمێر پێنج داخرا

زیانی دوژمن

کوژرانی ١٥ کەس تەرمی (٥)یان لەبەر پێی پێشمەرگەدابوو، شکاندنی ١ ئۆتۆمبێل

دەستکەوت

٣ کلاشینکۆف
٢ دەمانچە
١٤ مەخزەن

بریندارببوونی پێشمەرگەیەك
چـــوونە ناو کـــفری

مەفرەزەیەکی تیپی ٥١ گەرمیان لە شەوی ٢٨-١٩٨٥/٤/٢٩ چوونە ناو شاری کفری هێرشیانکردە سەر ڕەبییەک لە گەڕەکی ئیمام محەمەد لە ماوەی ١٥ دەقیقەدا دەستیان بەسەردا گرت، هێزێکی دوژمن هات بە هانای ڕەبییەکەوە پێشمەرگەکان لەوا نیشیانداو دەستیانگرت بەسەر ئۆتۆمبێلێکدا کەڕ بوو لە تەقەمەنی

زیانی دوژمن

کوژرانی ملازم کەریم
کوژرانی ڕەیس عورەفایەک
کوژرانی ٤ پۆلیس
کوژرانی ٣ حیمایەی صدام
گرتنی دوو کەس

داســـتانی زیـــنانە

ڕۆژی ١٩٨٥/٤/٣٠ هێزێکی دوژمـن بە پشتیوانی ١٠ دەبـابـە، ١٥ ناقیلە، ٧ تۆپی ١٠٦، ٨ کۆپتەر ٢٢ پیلاتۆس پەلاماری زینانەی گەرمیانیاندا پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٥٣ شێروانە، ٥١ گەرمیان، ٥٧ سەگرمە و هێزی پشتگیری بەرەو ڕوویانبوونەوە، هێزێکیتر کە پێکهاتبوو لە ٤٠ ئۆتۆمبێل بە پشتیوانی دوو دەبابە، سێ ناقیلە دوانزە کۆپتەر و دوو پیلاتۆس ویستیان بەهانای هێزەکەوە بێن پێشمەرگەکان لەوانیشیانداو زیانی زۆریان پێگەیاندن

زیانی دوژمن

٣٠٠ کوژراو و بریندارێکی زۆر
سووتاندنی دوو ناقیلە، یەک دەبابە
پێکانی کۆپتەرێک
قوربانی پێشمەرگە چوار شەهید و هاووڵاتییەک بوو

١-شەهید عەلی کەریم
٢-شەهید ئەحمەد خەلیل
٣-شەهید محەمەد لەتیف
٤-شەهید عوسمان ئەحمەد کەریم
٥-شەهید جەمیل وەلید هاوولاّتی

دوای کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ ڕۆژی دوایی دوژمن هاتە ناو زینانە و ئاگریان لە ماڵەکان بەرداو مەڕوومالاّتی خەڵکەکەیان تالاّنکرد.

وردەکـــاری شـــــەڕەکە

لە ڕۆژی ١٩٨٥/٤/٣٠ لە دوو لاوە پەلاماری هێزی پێشمەرگەیاندا.

لە نەوجول و دوزەوە بۆ زینانە، پەلاماری هێزی پێشمەرگەیاندا ، دوو کەرتی تیپی ٥٧ی سەگرمە و دوو کەرتی تیپی ٥١ی گەرمیان ڕووبەڕووی پەلامارەکەی دوژمن بوونەوە، شەڕێکی قورس لە نێوان هێزی پێشمەرگەو دوژمن لە ناو زینانە ڕوویدا، پێشمەرگەکان لە ناو ماڵەکانی زینانەدا سەنگەریان گرتبوو، کۆپتەر بۆردوومانی ماڵەکانی دەکرد ئاسمانی زینانە چەڕەدووکەڵ گرتبووی.

پێشمەرگەکان لە ڕێگەی بێتەلی (هوکی توکی) ئاگاداری پەیوەندی فەرماندەی هێزی زەمینی و کۆپتەرەکان بوون کە دەیووت لە جێگەی دووکەڵەکان بدەن فڕۆکەوانەکەش دەیووت شوێن نییە دووکەڵی لێهەڵنەستێ، شەڕ بە شێوەیەک گەرم بوو پێشمەرگەو هێزەکانی دوژمن تێکەڵ ببوون، کۆپتەرەکان بە فەرماندەکانیان دەوت نازانین کامە هێزی دوژمن و کامە هێزی خۆمانە فەرماندەی هێزی زەمینی وەڵامی دەدایەوەو دەیووت هەرچی جلی کوردی لە بەر بوو لێیبدەن جیاوازی نییە.

کۆپتەر بەردەوام دەوروبەری زینانەی دەکێڵا تا ڕێگە لە هاتنی هێزی بەرگری و پێشمەرگە بگرن کە بەرەو زینانە دەهاتن.

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە دلێرەکانی تیپەکانی ٥٣ی شێروانە و ٥١ی گەرمیان و هێزی بەرگری هەڵمەتیان بردە سەر هێزەکانی دوژمن و لە چەند

لایەکەوە پاشەکشەیان پێکردن، هێزێکیتر لە قۆڵی چەوریيەوە بەرەو ناو دێ هاتن و گەیشتنە ناودێ.

تێکڕای هێزی پێشمەرگە لە ناو زینانەدا هێرشێکی کەمەر شکێنیان کردە سەر هێزەکانی دوژمن و گورزی کاریگەریان لێدان و لە جوڵەیان خستن هێزی پێشمەرگە لە کاتژمێر (١٠)ی شەو لە زینانە دەرچوون بەرەو زینانەی سەرو ڕۆیشتن.

هێزێکیان نارد دێیەکانی عەزیز قادرو توکن تا ڕێگە لە پەلاماری دوژمن بگرن، هێزە بەزیوەکەی دوژمن دوانیوەڕۆی ڕۆژی دوایی زینانەی خواروبان جێهێشت و بە کوژراوو بریندارى زۆرەوە گەڕانەوە.

دوای ئەو سەرکەوتنە گەورەیە زینانە تەختی زەوی کرا بەشێک لە خەڵکی زینانە دەستگیرکران دوای چەند مانگێک ئازاد کران.

شـــــەڕی لـــــەك

هێزێکی هاوبەش لە کەرتەکانی تیپی ٥١ گەرمیان لە شەوی ٣١-١٩٨٥/٥/١ هێرشیانکردە سەر مونەزەمەی حزبی بەعس لە دێی لەک بۆ ماوەی دوو کاتژمێر و نیو گوللە بارانیانکردن بەشی زۆری خانووەکانیان ڕووخاندن

زیانی دوژمن

کوژرانی ٢٥ کەس

بریندارببوونی ٦ کەس

دەستکەوت

یەک ناقیلە لەگەڵ یەک گرینۆف و ٧٠٠ فیشەک، لەبە نەبوونی ڕێگا نەتواندرا ناقیلەکە بگوازێتەوە هەر لەجێدا سووتێندرا

قوربانی، شەهید بوونی ٣ پێشمەرگە بوو کە دوانیان نارنجۆکی خۆیان پێدا تەقیو شەهیدبوون

١-شەهید ئەحمەد نوری ئەحمەد خەڵکی قۆچەل

٢-شەهید جەمیل حەمە دەمین خەڵکی تۆپخانە

٣-شەهید ئەنوەر عەلی سالّح خەڵکی قەڵبەز لوقمان

کـــــوڕەشەل

بەمەبەستی دەستبەسەر داگرتنی شاخی کوڕەشەل جاشەکانی عەباس ئاغا ڕۆژی ١٩٨٥/٦/٨ لە گەرووی دەڵاڵانەوە هێرشیانکردە سەر سەنگەرەکانی تیپی ٥١ گەرمیان پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٥١ گەرمیان لە جاشەکان هاتنە دەست و تائێوارە شەڕ بەردەوام بوو، لە ئەنجامدا جاشەکان شکان و بەرەو مۆڵگەکانیان هەڵاتن، بە بەرچاوی پێشمەرگەوە لاشەی کوژراوەکانیان ڕادەکێشا.

گـــــرتنی ڕەبـــــیە
قـــــادرکەرەم-دوز

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٥١ گەرمیان لە کاتژمێر دوانزەونیوی شەوی ٢٩-٣٠-/١٩٨٥/٧/ بەپێی نەخشەیەک هێرشیانکردە سەر ڕەبییەی جاشەکان لەسەر جادەی قادرکەرەم دوز بۆ ماوەی نیو کاتژمێر گوللە بارانیانکردن دواتر بە نارنجۆک هێرشیانکردە سەر ڕەبییەکە و گرتیان

زیانی دوژمن

کوژرانی ٤ جاش یەکێکیان ئامر مەفرەزەی جاش بوو

دەستکەوت

٢ ئاڕ بی جی ژمارە ١١ لەگەڵ دوو کۆڵەپشت و سێ گوللە

٤ کلاشینکۆف و ١٨ مەخزەن

١ جیهازی ١٠٥

١ تەلەفۆن

بـــــەغدا-کـــــەرکوک

دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٥١ گەرمیان لە شەوی ٦-١٩٨٥/٨/٧ لە کاتژمێر ١٠ تا ١٢ جادەی کەرکوک بەغدایان کۆنترۆڵ کرد لە ماوەی ئەو دوو کاتژمێرەدا زیاتر لە ١٠٠ ئۆتۆمبێلیان ڕاگرت، دوای پشکنین پێنج سەرباز و نائیب زابتێکیان دەستگیرکرد، زیاتر لە ٢٥ کەس لە پیاوانی ڕژێم لەکاتی نەوەستانیان

کوژران و ١٥ کەسیش بریندار‌بوون، زیاتر لە ١٠ ئۆتۆمبێلی دەزگاکانی ڕژێمیان سووتاند یەکێک لەوانە ئۆتۆمبێلی ئیستخبارات بوو هەرچی تیابوو کوژراو شەش کڵاشینکۆفیش لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا سووتا.

جـــەبارە-جـــەلەولا

دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٥١ گەرمیان لە کاتژمێر چواری بەیانی ١٩٨٥/٨/٢٨ بۆسەیەکیان لەسەر جادەی جەبارە جەلەولا دانا ئۆتۆمبێلێکی خەفیفە کەوتە بۆسەکەوە پێشمەرگەکان تەقەیان لێکرد بەڵام بەبریندار‌ی دەرچوو، دوا بەدوای ئەو ئۆتۆمبێلێکیتر کە ٢٠ سیخوڕی ڕژێمی هەڵگرتبوو کەوتە بۆسەکەوە و گرتیانن هەر لەجێدا گوللە بارانیانکردن دوان لەوانەی گوللە بارانکران سەر بە قوە طواری کفری بوون دەستیان هەبوو لە شەهیدکردنی پێشمەرگەدا.

چـــــالاکی کانی شـــیرینە

مانگی ١٩٨٥/٨ پێشمەرگەکانی تیپی ٥١ی گەرمیان بۆسەیەکیان بۆ کاروانێکی سەربازی دانا، ناقیلەیەک و دوو ئۆتۆمبێلی پڕ لە جاشی شەعبی کەوتنە بۆسەکەوە لە گەڵ یەکەم دەستڕێژدا (١٢) جاشی شەعبی کوژران پێشمەرگە سەرکەوتووانە گەڕانەوە دێی برایم غوڵام.

پێشمەرگەکانی گەرمیان ئەو دەشت و هەردوو گردانەیان بۆ داگیرکەر کردبووە دۆزەخێکی ڕاستەقینە هەر ڕۆژەو دەستەیەک لە هێزەکانی داگیرکەر دەکەوتنە بۆسەی پێشمەرگەوەو دەسووتان.

دوای چالاکی کانی شیرینە دوژمن کەوتە بۆردومانی ئاوایی برایم غولام بەڵام پێشمەرگە و خەڵکەکە بێزیان بوون.

قـــوشەکەی میر ســـمایل

پێشمەرگەکانی تیپی ٥١ی گەرمیان لە ناوچەی داودە لە گەڕاندا بـوون، ئۆتۆمبێلێکی «شلەخەجێ« یان پێبوو کۆپتەر هاتە سەریان چوونە دێیەکی نزیکیان دامەزران، پیاوێکی پیر لە گەڵ ژنەکەیدا لە پەنا دیوارێک دانیشتبوون پیاوەکە بە مەحموود سەنگاوی ووت ئەوە چیە؟ مەحموود سەنگاوی ووتی مامە حاجی ئەوە کۆپتەرە دەسوڕێتەوە پیاوەکە ووتی جا چیدەکەن، مەحموود سەنگاوی ووتی بۆ؟ پیاوە پیرەکە ووتی ئەوە وەکو قوشەکەی میر سمایل وایە، میر سمایل قوشێکی هەبوو هەموو ڕۆژێک دەیبرد بۆ ڕاو هیچی نەدەکوشت کە دەهاتەوە مریشکی دێکەی دەخوارد، کۆپتەرەکان دەزانن ئێوە چەکتان پێیە پێتان ناوێرن بەڵام دوای ئێوە غەزەبی خۆیان بە سەر خەڵکەکەدا دەڕێژن.

مـــیر سمایلی زەنـــگەنە

میر سمایلی زەنگەنە سالّی (١٦١٥-١٦٢٥) هاتووەتە گەرمیان لەشکرێکی زۆری لە گەڵ هاتووە.

میر سمایل لە ناوچەکانی کرماشان ژیاوە لەوێ سەردەمی لاوێتی بە سەربردووە، خۆی و بنەماڵەکەی دانیشتووی دێیەک بوون بە ناوی (قەیتول).

میر سمایل کوڕی نەوشیروان کوڕی حسێن کوڕی عەلی باڵیخانە کە لە سەردەمی سەفەوییەکاندا ڕۆڵی گەورەیان هەبووە، لە سەردەمی سەفەوی و قاجاردا خاوەن پێگە بوون.

میر سمایل کەوتووەتە بەندیخانە بە هاوکاری یەکێک لە پاسەوان و مەئموری بەندیخانەکە کە ناوی نەقیب بووە هەوڵی ڕاکردنی داوە، هەوڵەکەی سەریگرتووەو هاتووەتە قادر کەرەم هەر بە خۆشەویستی دێیەکەیانەوە لە کرماشان ئەو شوێنەی لێی نیشتەجێبوون ناویان ناوەتەوە قەیتول.

بۆچونێکیتر هەیە لە سەر هاتنی بنەماڵەی میر سمایل دەڵێت لەگەڵ میر نەوشیروانی باوکی سەفەویەکان دەکەوێتە کێشەوەو دێتە ناوچەی بەمۆ دواتریش

لە ناو هۆزی زەنگەنە و لەدێی گەڕاوی سەر بە ناحیەی قادرکەرەم دەگیرسێنەوە.

بە گەیشتنی بنەماڵەو کەسووکاری میر سمایل عوسمانییەکان کە دەسەڵاتداری ناوچەکە بوون کردوویانەتە میرو میرنشینی زەنگەنە.

میر سمایل لە پای چاکەو هاوکاری و ڕزگار کردنی لە بەندیخانە شاخاتوونی خوشکی داوەتە (نەقیب بەگ) شاخاتوون دوو کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (عەلی و محەمەد) ئاغاکانی ناوچەی داویە لە نەوەی ئەو دوو کوڕەن.

میر سمایل سنووری قەڵەمڕەوی فراوان بووە تەختی گەرمیانی بەڕێوە بردووەو دەسەڵاتی بە سەریدا شکاوە، قەیتولی کردوەتە پایتەختی میرنشینەکەی هەندێک جار تا تانجەرۆو لێوارەکانی سلێمانیش هاتووەو دەسەڵاتی بە سەریاندا شکاوە.

دەسەڵاتی میرنشینی زەنگەنە تا کەرکوک و خانەقین و ئەو بەری ئاوی سیروان تا سەگرمەو قەراخ دربڕ بووەتەوە، میر سمایل هەمە کارو دەسەڵاتی یەکەمی ناوچەکە بووە.

لە گەڵ میرنشینی بابانداا بەریەککەوتنیان هەبووە تووشی شەڕو پێکادان بوون ئەوەش بە زیانی میرنشینە کوردیەکان شکاوەتەوەو لاوازی کردوون، عوسمانییەکانیش خۆشحاڵ بوون.

دەوترێت عوسمانییەکان بە سوپایەکەوە هاتوونەتە سەر میرنشینەکەی قەیتول چوونکە میر سەربەخۆ خواز بووەو هەوڵی سەربەخۆیی داوە، بەڵام میر سمایل کە نەیتوانیوە شەڕی عوسمانییەکان بکات دبلۆماسییانە ڕێگەی ئاشتی گرتووەتە بەر، عوسمانییەکان پارەو خشڵ و زێڕیان بەخشیوەتە میر سمایل بەڵام وەرینەگرتووە.

شەڕی نێوان میرنشینی بابان و زەنگەنە جێگەی نیگەرانی میر سمایل بووە بۆیە هەوڵی ئاشتبوونەوەو پتەوکردنی پەیوەندییەکانیانداوە لە گەڵ میری بابانداا، بەم لێک نزیک بوونەوەیەش والی عوسمانی نیگەران بووە هەر بۆیە (میر سمایل)یان بانگکردووەتە ئەستەمبول و بێسەروشوێنیان کردووە.

دوای بێسەرو شوێنکردنی میر سمایل میر ئەحمەدی کوڕی بووەتە میری میرنشینی زەنگەنە و گەشەی پێداوە.

دوای لاواز بوونی میرنشینی زەنگەنە برایم بەگ کە سەر بە میرنشینی زەنگەنە بـووە هەستی بە لاوازی میرنشینەکە کـردووە چـووەتـە گەرمیان ڕێگری لەو کاروانیانەکردووە کە لە قەڵاچوالانەوە دەهاتن.

بابانیەکان پەیوەندییان بە برایم بەگەوە کردووە تا بزانن چی دەوێت، برایم بەگ لە وەڵامدا داوای باجی ئەو کاروانیانەی کردووە کە بە سنووری دەسەڵاتیدا تێدەپەڕن.

برایم بەگ لە کانی باجگە کۆمەڵێک خانووی دروست کردووە لەوێوە تا کفری لە ژێر دەسەڵاتی برایم بەگدا بووە دوای دروستکردنی خانەکان برایم بەگ ناوەکەی لە سەر زاری خەڵک بووەتە برایم خانچی.

ئێل و عەشرەتی زەنگەنە فراوانن لە چەندین تیرەی گەورەو بچووک پێکدێن وەکو تیرەکانی خەنجەر باز، عەباباز، میر سمایلی، سپی سەری، کەریم باسامی، تاڵەبانی، لێخورە، دەربەند فەقەرەیی و چەندین تیرەیتر.

بەشێک لە هۆزی زەنگەنە لە کرماشان و سەر شیوی سەقزن لە زۆربـەی ناوچەکانیتریش هەن، بەشێک لە هۆزی زەنگەنە لە هندستان و پاکستانەوە هاتوون.

نـــاو دووز

هێزێک لە پێشمەرگە نەبەزەکانی تیپی ٥١ی گەرمیان لە شەوی ١٩٨٥/٩/١٤/١٣ چوونە ناو شاری دوزو بە شوێن جاش و نۆکەرانی دوژمندا گەڕان و دوو جاشیان دەستگیرکرد.

پاشان دوو ماڵ و ئەلبی جاشێکیان سووتاند، ئاگر کوژێنەوەیەک هات بۆ کوژاندنەوەی ئەویشیان تێکشکاند.

دوز-قـــادرکەرەم

سەر لەبەیانی ڕۆژی ١٩٨٥/٩/١٧ هێزێکی کەرتی ٥ی تیپی ٥١ گەرمیان لەسەر جادەی دوز قادرکەرەم بۆسەیەکیان دانا کاتژمێر ٧ی بەیانی دوو ئۆتۆمبێلی هینۆی

سەر بە قواتی جەعفەر مەنصور کەوتنە ناو بۆسەکەوە لەماوەی پێنج دەقەدا ئۆتۆمبێلی یەکەم هەرچی تیابوو کوژراو بەدیلگیران ئۆتۆمبێلەکەیتریش بەتەواوی تێکشکا، بەڵام لەبەرئەوەی لەبەردەم ڕەبییەکاندا دەسووتا نەتوانرا دەستی بەسەردا بگرێت

زیانی دوژمن

١٢ کوژراو، ٤ دیل

دەستکەوت

٢ قەناس	٦ مەخزەن
٢ ئاڕ بی جی	٦ مەخزەن
١١ کلاشینکۆف	٢٢ مەخزەن

شـــەڕی ناو شاری کـــــفری

پیاوانی ڕژێم لەناوشاری کفری بێخەم بوون نەجیب ئەمن بوو بە ئۆتۆمبێلێکەوە کۆلان بە کۆلان دەسوڕایەوە، کەرتی یەکو دووی تیپی ٥١ گەرمیان بەفەرماندەیی جەلال مەسۆیی و نازم بچکۆل بەرنامەی چالاکییەکیان لە دەروازەی کفری دانا پێشمەرگەکانی گەرمیان بەرەو دەروازەی کفری بەڕێکەوتن درەنگ گەیشتنەجێ هاتوچۆی هێزی چەکداری دوژمن وەستا بۆیە بڕیاریاندا بێ چالاکی نەگەڕێنەوە و بچنە ناو شاری کفری چالاکییەک ئەنجامبدەن ڕەبییەیەکی دوژمن لە گەڕەکی ئیمام محەمەدی ناو شاری کفری بوو، پێشمەرگەکانی کەرتی یەکو دووی گەرمیان بڕیاریاندا لە ڕەبییەکە بدەن هێزەکەی تیپی گەرمیان بوون بە دوو بەشەوە هێزێک بەفەرماندەیی جەلال مەسۆیی بۆ لێدانی ڕەبییەکە بەڕێکەوتن هێزێک بە فەرماندەیی نازم بچکۆل کەمین بوون لەدواوە مانەوە لەگەڵ لێدانی یەکەم گوللە ئاڕبی جی ڕەبییەکە دەستیبەسەردا گیرا، بێتەلێک لەناو ڕەبییەکەدا بوو بانگیدەکرد ئیمام محەمەد جەلال مەسۆیی وەلامیدایەوە ووتی فەرموو ئێمە پێشمەرگەین کە جەلال وایوت کابرای عەرەبی جنێوێکیدا

زیانی دوژمن

١-کوژرانی ژمارەیەک سەرباز

٢-دوو دیل

دەستکەوت ژمارەیەک چەک

لەکاتی لێدانی ڕەببیەکەدا لە شوێن کەمینەکەوە تەقە دەستپێکرد ئۆتۆمبێلی ئەمنی کفری کە ژمارەیەک ئەمنی هەڵگرتبوو کەوتە بۆسەی پێشمەرگەکانی کەمینەکەوە و بەسەرنشینەوە سووتا لەو بۆسەیەدا ژمارەیەک ئەمن کوژران سالّح مدیری ئەمنی کفری بەبریندارى ڕزگاریبوو پێشمەرگەکان وایانزانیبوو کوژراوە، سالّح برینداربوو بەڵام چۆن بریندارێک لەو شەوەوە ئیفلیج بوو کەوتە سەرجێگا

کـــــوشتنی تـــــاوانبارێك

لەکاتێکدا تاوانبارێک لەناو شاری کەلار بەدوای مالّە پێشمەرگەدا دەگەڕا، پێشمەرگەکانی گەرمیان چوونە ناوشار و بە سزای تاوانەکەیان گەیاند

دەستکەوت

١ کلاّشینکۆف

کـــــوشتنی عـــــەریفێك

شەوی ٢٢-١٩٨٥/٩/٢٣ هێزێکی تیپی ٥١ گەرمیان بەمەبەستی چوونە ناو شاری سلێمانی بەڕێکەوتن لە ڕێگەی چوونە ناوشار لەڕێگەی عەربەت-سلێمانی بۆسەیەکیان دانا و عەریفێکی ئیستخباراتیان بە ناوی شاکر مەحموود گوان دەستگیرکرد کە ژمارەی ناسنامەکەی ٥٧٩ سەر بەقواتی منصور بوو ئەم عەریف ئیستخباراتە ماوەی ٨ سالّ بوو لە عەربەت خەریکی خراپەکاری بوو، پێشمەرگەکانی گەرمیان لەگەڵ خۆیان بردیانە شاری سلێمانی و بەسزایان گەیاند، لەهەمانکاتدا تاوانبارێکیان دەستگیرکرد کە ماوەی چوار سالّ بوو جاش و سەر بەئیستخباراتی مونەزەمەی سلێمانی بوو، لەناو شاری سلێمانیدا پێنج جاشیان دەستگیرکرد.

تـــێکشکانی پەلاماری دوژمـــن

هێزێکی گەورەی دوژمن لەمانگی ١٩٨٥/٩ لەچەند قۆڵێکەوە پەلاماری گەرمیانیاندا قۆڵی یەکەم، هێزێکی دوژمـن کە پێکهاتبوو لە ٦٥ ئۆتۆمبێل و مودەرِەعە بەپشتیوانی هاوەنی ١٢٠ ملم و تۆپی گەورەی ١٧٥ملم لە باوەنورەوە بۆ میلان پەلاماری دەستیپێکرد.

قۆڵی دووەم، ژمارەیەکی زۆر دەبابە و ٢٠ ئۆتۆمبێل و چەند تۆپێکی ١٠٦ ملم لەتیلەکۆوە بۆ میلان پەلاماری دەستیپێکرد.

قۆڵی سێیەم، ٦٠ ئۆتۆمبێلی پڕ لە چەکدار و چەند هاوانێک لە کەلارەوە بۆمیلان.

سەرەتا بەنیازی چاوتر ساندنی خەڵک چەند دێیەکیان تەختکردوو ژمارەیەک هاوولاتییان شەهیدکرد، هاوکات پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی ٥٣ شێروانە و کەرتی رِێکخستنی کەلار لە کاتژمێر ١٢,٢٠ دەقیقەی نیوەرِۆ رِووبـەرِووی پەلامارەکەی دوژمن بوونەوە و لەهەمانکاتدا هێزێکیتری تیپی ٥١ گەرمیان و رِێکخراوی پێنج هێرشیانکردە سەر هێزەکەی دوژمن لە ئەنجامدا دوژمن شکاو گەرِایەوە لە کاتی گـەرِانـەوەدا کەوتنە ناو بۆسەی پێشمەرگەوە و لەدرەنگانی شـەودا بەئاستەم دەربازیان بوو.

زیانی گیانی دوژمن زیاتر لە ١٥٠ کوژراو بوو کە چواربیان نەقیب و سیانیان ملازم و ئەوانیتر جاش و سەربازبوون، زیاتر لە ٢٠٠ بریندارێشیان هەبوو.

زیانی مالّی دوژمن

تێکشکاندن و سووتاندنی ٦ مودەرِەعە و دەبابە ٨ ئۆتۆمبێل و ١ شۆفڵ قوربانی شەهیدبوونی ٧ هاوولاتی و ٣ پێشمەرگەبوو.

کـــوژرانی دووجـــاش

ڕۆژی ١٩٨٥/١٠/١ کەرتی چواری تیپی ٥١ گەرمیان بۆسەیەکیان لەسەر ڕێگەی قادرکەرەم دوز دانا، ئۆتۆمبێلێکی جەیشی ناشەعبی کەوتە بۆسەکەوە

زیانی دوژمن

کوژرانی دوو جاشی شەعبی، بریندارببوونی ٧ جاشیتر

تێکشکاندنی ئۆتۆمبێلەکە

قوربانی پێشمەرگە

شەهیدبوونی محەمەد حەسەن

ناسراو بە حەمە فاس

بـــــۆسە

دەستەیەک لە پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی ٥١ی گەرمیان لە ئێوارەی ١٩٨٥/١١/١٤ لە سەر جادەی بەغدا کەرکوک بۆسەیەکیان دانا، ژمارەیەک ئۆتۆمبێلی هاوولاتیانیان ڕاگرت و بەڕێزەوە بەڕێیانکردن.

دوو ئۆتۆمبێلی گومان لێکراو کەوتنە بۆسەکەوەو نەوەستان، درانـە بەر دەستڕێژی گوللەی پێشمەرگە.

تـــاقمە جـاش

تاقمە جاشێک لە دوزو قادر کەرەمەوە بە نیازی دزی و لێدانی پێشمەرگە لە ڕۆژی ١٩٨٥/١٢/٩ چوونە ئاوایی جەلال لە بناری گل لەوێشەوە بۆ تازە شار، پێشمەرگەکانی تیپی ٥١ی گەرمیان لێیاندان و تا سەر ڕێگای قادر کەرەم دوز ڕاویانانان.

ســـێ چـــالاکی

شەوی ٦-١٩٨٦/١/٧ دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٢١ کەرکوک چوونە ناوشاری دوز و ماڵە جاشەکانیان پشکنی، لەکاتی پشکنینی ماڵەکاندا شەڕ

دەستپێکرد شار کەوتە دەست پێشمەرگە هێزی دوژمن لە جوڵە کەوتبوو، لەو شەوەدا پێنج جاش و برای جاش دەستگیرکران.

هەمان شەو دەستەیەکیتری پێشمەرگەی تیپی ٥١ گەرمیان چوونە دێی قەڵغانلو پێنج جاشیان دەستگیرکرد

دەستکەوت ٢ کلاشینکۆف و ١٤ مەخزەن

ڕۆژی ١٩٨٦/١/٧ پێشمەرگەکانی تیپی ٥١ گەرمیان بۆسەیەکیان لەسەر جادەی کفری دوز دانا قەمەرەیەکی قۆڵقۆی سەربازی کەوتە بۆسەکەوە پێشمەرگەکانی گەرمیان تەقەیان لێکردوو وەرگەڕا دوو ئەفسەر لەناو قەمەرەکەدا کوژران، لەهەمانکاتدا عەرەبە تەعریبییەکان تەقەیان لە پێشمەرگە کرد بۆ ماوەی ٤٥ دەقیقە لەوانیشیاندا، پێشمەرگەکان بێزیان بوون.

شـــەڕی شـــۆراو

مەفرەزەیەکی پێشمەرگەی تیپی ٥١ گەرمیان کاتژمێر یانزەی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٦/١/٧ چوونەلای شوانەکانی نزیک مجەمەعی شۆراو، جاشە تەعریبییەکان تەقەیان لە پێشمەرگەکان کرد شەڕ ماوەی کاتژمێرێکی خایاند، لە ئەنجامدا لاشەی یەکێک لە جاشە تەعربییەکان بەناوی فارس عەبد جێما.

قوربانی پێشمەرگە

شەهیدبوونی پێشمەرگەیەک بوو بەناوی جەلال

دەستکەوت

١ کلاشینکۆف

بـــۆسە

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٥١ گەرمیان لە ڕۆژی ١٩٨٦/٢/٢٥ بۆسەیەکیان لەسەرجادەی گشتی قادرکەرەم-دوز دانا، کاتژمێر ٨,٥ دەقەی بەیانی دوو ئۆتۆمبێلی جاش کەوتنە بۆسەکەوە پێشمەرگەکانی گەرمیان دایاننە بەر دەستریژی گوللە

دەستکەوت

٣ کلاشینکۆف و ٧ مەخزەن

دەمانچەیەکی ١٤ خۆر

پـــەلاماری هۆزە عـــەرەبەکان

ڕۆژی ١٩٨٥/١٢/١٢ هۆزە عەرەبەکانی سلیمان بەگ و هەندێک ناوچەی بە عەرەبکراو بەهێزێکی گەورەوە پەلاماری ئاوایی «پەلکانە»یاندا دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی هێزی پشتگیری لێیاندان و هێرشیانکردە سەر هێزە پەلامارەرەکەی هۆزە عەرەبەکان دەستەیەک لە پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی ٥١ی گەرمیان فریای شەڕەکە کەوتن و چەکدارەکانی دوژمنیان ڕاونا.

هێزە پەلامارەرەکەی هۆزە عەرەبەکان لە سەرەتای پەلامارەکەیاندا لە پەلکانە (١٢٠) سەر مەڕیان دزی و بەتالانیانبرد.

هۆزە عەرەبەکانی سلیمان بەگ لە ڕاکردندا دوو ئۆتۆمبیلیان لێجێما، مارسیدسێک و تویوتا فەلاحیەک، مارسیدسەکە قفڵ بوو بۆیە لە جێدا سووتێندران، هۆزە عەرەبەکان کوژراوو بریندارییان هەبوو.

شـــــەڕی وەڕاز
مـــانگی سێ /1986

تیپی ٥١ی گەرمیان بە فەرماندەیی مەحموود سەنگاوی بەشداری شەڕی وەڕازیانکرد لە سنووری شارباژێڕ، پلانی دەست بە سەرداگرتنی ماوەت لە ئارادا بوو تیپی ٥١ی گەرمیان لە گەڵ عەلی بچکۆل چوونە ناوچەی شارباژێڕ.

هێشتا سەرقاڵی دانانی نەخشەی دەست بە سەرداگرتنی ماوەت بوون دوژمن پەلاماری بەرزاییەکانی وەڕازو دیوی بێتواتیدا، لە بەرزاییەکانی وەڕازو دیوی بێتوات و بناری سنکێ شەڕ دەستپێکرد، تیپەکانی گەرمیان و شارباژێڕ گورزی کوشندەیان لە دوژمن سرەواند.

دوای شەڕی قورس و بەرەنگاری کەم وێنە لە وەڕاز، کوڕاداوێ، بازەگیر، سەر شیوی کوڕاداوێ، بەرزاییەکانی ئامادین کونجرین تیپی ٥١ی گەرمیان، شارباژێڕیان بەجێهێشت و بەرەو ولاغلو- برزووت بایلۆسە ڕۆیشتن، دوای مانگێک بەرگری لەو ناوچانە گەڕانەوە گەرمیان.

دوو چـــــالاکی

لە کاتژمێر ٧ی سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٦/٤/٢٢ دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی گەرمیان بە نیازی بۆسەنانەوە چوونە سەر ڕێگای گشتی بەغداد کەرکوک لە لایەن هەندێک شوانی مستعمراتی عەفلەقی بەدیکران و بووە هۆی تەقەو لێدان لە گەڵ ڕەبییەکانی دەوروبەردا لە ئەنجامدا یەکێک لە هێزەکانی دوژمن کوژرا.

دەستکەوت:

١ تفەنگی ١١ تیر

دوو پێشمەرگەی قارەمانی تیپی ٥١ی گەرمیان لە هەمان ڕۆژدا بۆسەیەکیان لە سەر ڕێگای کۆنی کفری دوز دانا ئۆتۆمبیلێکی تویوتا پیکاب کە دوو سەربازی تیابوو کەوتە بۆسەکەوەو نەوەستا پێشمەرگەکان دایانە بەر دەستڕێژی گوللەو هەر دوو سەربازەکەیان کوشت.

دەستکەوت:

١ ئۆتۆمبێلی تویوتای پیکاب

کـــــفری ســـەرقەڵا

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٥١ی گەرمیان لە ڕۆژی ١٩٨٦/٦/٢٦ بۆسەیەکیان لە سەر ڕێگای سەرقەڵا کفری دانا ئیڤایەک کەوتە بۆسەکەوە پێشمەرگەکان گوللەبارانیانکردن ژمارەیەک سەربازو بەکرێگیراو کوژران، ئیڤاکەش تێکشکێندرا.

گـــرتنی ڕەبـــییە

مەفرەزەیەکی تیپی ٥١ی گەرمیان کاتژمێر (١)ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی ٧/١٠ هێرشیان کردە سەر دوو ڕەبییەی دوژمن لە سەر ڕێگای دوز قادرکەرەم دەستیان بە سەر دوو ڕەبییەکەدا گرت و جاشەکان هەڵاتن.

دەستکەوت

- ١ جیهازی ١٠٥
- ٢ پەڕەشووت
- ١٣ گوللەی ئاربیجی
- ٧ هەزار فیشەکی کلاشینکۆف
- ٣٠٠ فیشەکی برنەو
- ٦٠ نارنجۆک
- خێمەو کەلووپەلی ناو ڕەبییەکان

لـــێدانی مۆڵگەی جـــاش

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی ٥١ی گەرمیان و ٥٣ی شێروانە لە کاتژمێر ٥:٣٠ دەقیقەی ئێوارەی ١٩٨٦/٧/١٤ هێرشێکی هاوبەشیان کردە سەر مۆڵگەی جاش لە دێی (بان سنوق) لە ماوەی دە دەقیقەدا دەستیان بە سەردا گرت.

لەو هێرشەدا جاشێک کوژرا- ٨ ماڵە جاش سووتێندران.

دەستکەوت:

کلاشینکۆفێک و ٧ شانە

یەک تاپڕ

دوو شانەی دکتاریوف

هەمان شەو ١٩٨٦/٧/١٥/١٤ دەستەیەکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی هەر دوو تیپ بۆسەیەکیان لە سەر جادەی کفری چەمچەماڵ دانا، ئۆتۆمبیلێکی پڕ لە خۆ فرۆش کەوتنە بۆسەکەوەو تێکڕای سەر نشینەکانی کوژران و بریندار بوون ئۆتۆمبیلەکەش گرێگرت.

لە تـــۆڵەی شێخ جـــەمالدا

کەرتی (١،٥،٦) ی تیپی ٥١ی گەرمیان و هێزی پشتگیری و مەفرەزەیەکی حزبی شیوعی لە ڕۆژی ١٩٨٦/٩/١٣ چوونە سەر ڕێگای قادرکەرەم خورماتوو لە ئاستی کانی شیرینەدا بۆسەیەکیان بۆ دوژمن دانا.

موددەڕەعەیەک و ٣ ئیڤاو ٤ ئۆتۆمبێلی جۆراوجۆر کەوتنە بۆسەکەوەو دایاننە بەر دەستڕێژی گوللە و تەنها موددەڕەعەکە ڕزگاری بوو.

هاوکات لە گەڵ لێدانی کاروانە سەربازییەکە دوو هێزیتری دوژمن لە قادرکەرەم و خورماتووەوە هاتن ئەمانیش کەوتنە بەر دەستڕێژی گوللەی پێشمەرگەو زیانی زۆریان بەرکەوت.

زیانی دوژمن:

کوژرانی زیاتر لە ٥٠ کەس

یەک دیل

تێکشکانی ٥ ئۆتۆمبێل

سووتاندنی ٤ پارچە چەک کە دوانیان بیکەیسی بوون

دەستکەوتەکان:

- ١ ڕەشاشی بیکەیسی
- ١٠ کلاشینکۆف ٤٠ شانە ٢ نارنجۆک
- ١ بێتەل بە موجەفیرەوە
- ٤ دەمانچە
- ١ تویوتا پیکابی ٨٥

قوربانی پێشمەرگە:

شەهید بوونی خالید محەمەد ناسراو بە هاوڕێ کاوە خەڵکی کانی قادری بناری گل پێشمەرگەی حزبی شیوعی عێراق.

بـــۆسە

سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٦/١٠/٢٥ دەستەیەک لە پێشمەرگە دەست و بردەکانی تیپی ٥١ی گەرمیان لە سەر جادەی گشتی قادر کەرەم دوز لە دووری خاڵی پشکنینی قادر کەرەمەوە بۆسەیەکیان بۆ دوژمن دانا، کاتژمێر ٨:٣٠ دەقیقەی سەر لە بەیانی دوو ئۆتۆمبێلی جاش کەوتنە بۆسەکەوە، پێشمەرگەکانی گەرمیان لێیاندان ئۆتۆمبیلێک کەوتە دەست پێشمەرگەو (٥) جاش کوژران.

دەستکەوت:

٣ کلاشینکۆف

٧ شانە و ١ شانەی حەفتاو پێنجی

١ دەمانچەی چواردە خۆر

شـــەهید بوونی هـــاوڵاتییەك

دەستەیەک پێشمەرگەی تیپی ٥١ی گەرمیان بە فەرماندەیی مەحموود سەنگاوی لە ئاوایی جەلالی بناری گل بوون کۆپتەر هاتە سەر دێیەکەو ڕۆکێت بارانیکرد.

ڕۆکێتێک لە ماڵێکیدا، گورجیە ڕەشید ژنی ماڵەکە لە ژێر کاریگەری دەنگ و ناڵەی بەرزی ڕۆکێتەکان خۆی ڕانەگرت، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو بەرگەی نەگرت دڵی وەستاو شەهید بوو، گورجیە ڕەشید پێش شەهید بوونی نانی بۆ پێشمەرگەکان ئامادە دەکرد.

گـــرتنی چوار ڕەبـــیە

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە قارەکانەکانی تیپەکانی ٥١ گەرمیان و ٥٧ سەگرمە لە شەوی ١١-١٩٨٦/١١/١٢هێرشیانکردە سەر چوار ڕەبیەی حیمایەی بیرە نەوتەکانی جەبەل بۆر و دەستییان بەسەرداگرت پاشان ڕەبیەکانیان سووتاند

زیانی دوژمن

کوژرانی زیاتر لە ٢٦ کەس

٩ دیل

دەستکەوت

۳ ئاڕ بی جی- ۳ ئاڕ بی کەی

۲۷ کلاشینکۆف و ۱۱ مەخزەن

دوو جیهازی ۱۰۵

۱ دەمانچەی تەنویر

قوربانی پێشمەرگە

شەهید بوونی پێشمەرگەیەک بوو بەناوی ئەبوبەکر ڕەجەب.

چـــالاکی نێوان سەرقەڵا- کـــفری
مـــانگی 1987/2

نەخشەی چالاکییەک دانرا لە نێوان سەرقەڵا- کفری، زنجیرەیەک ڕەبییەی تیابوو ڕەبیەکان زۆر قایم بوون زۆربەی ڕەبییەکان سەربازی بوون هەندێک شوێن کە زۆر هەستیار بووایە سەربازو قوات خاسەی تیادادەنرا ڕژێم متمانەی بە جاش و تەواریە کوردەکان نەبوو.

تیپی ٥١ی گەرمیان و بەشێک لە تیپی (٥٣)ی شێروانە لە دێی سماق[٣] کۆبووەنەوە شەو لە دێی سماقەوە بە سواری تراکتۆر کەوتنە ڕێ چوونە دێی «بەکرە شەل» لە بەکرە شەلەوە بەپێ ڕۆیشتن چوونە سەر ڕەبییەکان کەرتی یەک و کەرتی شەش بەیەکەوە بۆ گرتنی ڕەبییەکان دانران، کەرتی یەک شێخ کەریم فەرماندەی بوو کەرتی شەش عوسمانی حاجی مەحموود فەرماندەی بوو، بەڵام عوسمان حاجی مەحموود هەفتەی پێشووتر لە شەڕێکدا بریندار ببوو، حەمە ڕەش و هاوڕێکانی بە زۆر گەڕاندیانەوە ووتیان تۆ بریندارێت نابێ بێیت، سەید جەوهەر جێگری کەرتی شەش لە گەڵ کەرتەکە هاتبوو.

پێش ئەوەی بگەنە ڕەبییەکان سەید کەریم بە سەید جەوهەری ووت من باوەڕم بە گرتنی ئەم ڕەبییانە نییە، پێش ئەوەی بێین ئەم چالاکییەی دەستنیشانیان کردووە باوەڕم پێی نەبووە مەگەر بە سودفە ڕەبییەیەک بگیرێت ئەگینا ناگیرێت چوونکە

[٣] دێی سماق دەکەوێتە خواروی گەرمیانەوە نزیکەی (٨) کیلۆمەتر لە ناحیەی سەرقەڵاوە دوورە

ئەم ڕەبییانە زۆر قایمن حکومەت زۆر گرنگی بەم ڕێگەیە داوە ئێمە هەموو هەوڵێک دەدەین بەڵام دڵنیا بن ناگیرێت.

پێش ئەوەی بچنە سەر ڕەبییەکان هێزەکانیان دابەشکرد چەند « بیکەیسی» یەکیان پێبوو لە شوێنە بەرزەکان دایاننان (ئاربیجی) یەکانیان دامەزراند هەر کەرت و هێزە ڕەبییەی بۆ دیاریکرا.

سەید جەوهەر، شێخ کەریم، حەمە ڕەشید توکنی هەشتا مەتریک لەو ڕەبییەیەوە دوور بوو کە بۆیان دانرابوو پردی برایم خان لە پەنا ڕەبییەکە بوو لە ژێر پردەکەوە ڕۆیشتنە بن ڕەبییەکەوە.

ڕەبییەیەکی دیکە لە پشتەوە بوو هەر ٥٠٠ مەتریک لە ڕەبییەکەی شێخ کەریم و سەید جەوهەرەوە دوور بوو جاشی تیابوو کەرتێکی پێشمەرگەی بۆ دانرابوو.

ئەو ڕەبییەی بۆ شێخ کەریم و هاوڕێکانی دانرابوو سەربازی تیابوو، شێخ کەریم بە پێشمەرگەکانی لای خۆی ووت هەتاکو خۆم نەڵێم هەستن هێرش بەرن کەس هەڵنەستێت ئەوەی بڕوات قبوڵ ناکەم، سەیری بارودۆخەکە دەکەین.

کاتژمێر سفر تەقە دەستیپێکرد، پێشمەرگەی نزیک ڕەبییەکانیتر هەڵمەتیان بردە سەر ئەو ڕەبییانەی بۆیان دەستنیشانکرابوو، جاش و سەربازی ناو ڕەبییەکان بە شێوەیەک وەڵامی پێشمەرگەیان دایەوە چاوەڕوان نەکراو بوو.

وەڵامدانەوەی هێزەکانی دوژمن لە دوو هۆکار بەدەرنەبوو یان زانیبوویان کە هێرش دەکرێتە سەریان یان هێزێکی ڕاهێندراوو مەشق پێکراو بوون.

سەرەڕای ئەوەی ڕەبییەکان بەرگرییان دەکرد بەڵام هێزی پێشمەرگە بە B.K.C – R.B.G دەمکووتی ڕەبییەکانیان کرد.

پێشمەرگەکانی لای شێخ کەریم چەند جارێک ووتیان با هێرش بکەین، شێخ کەریم ووتی کەس نەڕوات چاوەڕێی دەوروبەر دەکەین، ئەگەر دەوروبەر گیرا ئێمەش ڕەبییەکە دەگرین بەڵام ئەگەر ڕەبییەکانیتر نەگیران دڵنیام ئەوەی لێرە بڕوات ئاسان نییە بگەڕێتەوە.

ڕەبییەکان سێ چارەک بەرگرییانکرد، یەک فیشەک و دوا فیشەکیان بە یەک

نەفەس بوو پێشمەرگەکانی ڕەبیيەکەی پشتەوە هاواریان لێهەستا شەهید و بریندارياں هەبوو، سەرکەوتوو نەبوون لە گرتنی ڕەبیەکەدا، یوسف پێشمەرگەیەکی بریندار بوو خەڵکی ناوچەی داودە بوو لە ناو ڕەبیيەکەدا جێما، ئەحمەد هۆمەر ملی شەهید بوو.

ئەحمەدو یوسف لە کاتی هێرشبردنە سەر ڕەبیيەکە بە سەر سیمی ڕەبیيەکەدا خۆیان هەڵدایە ناو ڕەبیيەکەو هەر دووکیان پێکران، تەرمی ئەحمەد هۆمەر ملی دەرباز کرا بەڵام یوسف جلەکانی لە سیمی ڕەبیيەکە گیرا بوو نەتوانرا دەرباز بکرێت.

هەر لە هێرش بردنە سەر ڕەبیيەکانی نێوان سەرقەڵا- کفری ڕەمەزان فەرماندەی مەفرەزە لە تیپی ٥٣ی شێروانە شەهید بوو ژمارەیەک پێشمەرگەش بریندار بوون.

دوای بێئومێد بوون لە گرتنی ڕەبیيەکان بڕیاری پاشەکشە درا، تێکڕا ئەو زنجیرە ڕەبیيانەی لە کفری تا سەرقەڵا درێژ ببوونەوەو پێشمەرگە هێرشی کردە سەریان (١٢) ڕەبیيە زیاتر بوون، هەموو ڕەبیيەکان لە سەر جادەکە بوون بۆ پارێزگاری ڕێگاکە دانرابوون.

ڕەبیيەکان زۆر لە یەکەوە نزیک بوون ئەگەر لە ڕەبیيەیەک بدرایەو لە ڕەبیيەکەیتر نەدرایە تەقەیان دەکرد نەیاندەهێشت پێشمەرگە بچێتە سەر ڕەبیيەکانیتر، دوو ڕەبیيەیان هەر تەنها پردەکەی برایم خان نێوانیان بوو ئەمبەراو بەر بوون نزیکەی (٣) مەتر لە یەکەوە دوور بوون.

لە ناو هێزی پێشمەرگەدا ململانێی شەریفانە هەبوو، ململانێ لە سەر ئەوەی کێ زیاتر چالاکی دەکات، ئەگەر تیپێک چالاکییەکی بکردایە دەبووایە تیپەکەیتریش بیکات هەر بۆیە هەندێک جار لەو ململانێیەدا خۆیندنەوەی وورد بۆ گرتنی ڕەبیيە نەدەکرا، زانیاری وورد لە سەر جۆری چەک و ژمارەی سەربازو جاشی ناو ڕەبیيەکان کۆ نەدەکرایەوە دۆخی شەڕەکە ڕەچاو نەدەکرا خاڵی لاوازی دوژمن دەستنیشان نەدەکرا هەر بۆیە هەندێک جار پێچەوانە دەردەچوو.

لـــێدانی کاروانێکی ســـەربازی

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی کەرتی (١) و (٤) ی تیپی ٥١ گەرمیان لە ڕۆژی ١٩٨٧/٢/٨ بۆسەیەکیان لەسەر جادەی گشتی دوز قادرکەرەم دانا قافڵیەکی سەربازی کەوتە بۆسەکەوە و درانە بەر دەستڕێژی گوللە شەڕ لە کاتژمێر ١٢ تا چواری ئێوارەی خایاند.

زیانی دوژمن

کوژرانی زیاتر لە ١٤ سەرباز و جاش لەناو کوژراوەکاندا ملازم ئەوەلێک هەبوو بەناوی حەمید مەحموود قادر

بەدیلگرتنی ٣ چەکدار

دەستکەوت

٢ ئاڕ بی جی ١١ و ١٠ گوللە

٩ کلاشینکۆف و ٤٠ مەخزەن

١ جیهازی ١٠٥، ١ دەمانچە، ١ سندوق نارنجۆک، ٢٠٠٠ فیشەکی کلاشینکۆف، ١ خێمە و ٨٠ بەتانی، ١ ئەلبی پڕ لە ئازوقە

هێزێکی دوژمن و ویستی بێت لاشەی کوژراوەکانیان ببەنەوە پێشمەرگەکان لەوانیشیاندا

چـــوونە ناو کـــفری

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی کەرتی ١و٣و٦ تیپی ٥١ گەرمیان و کەرتی ٢و٦ ی تیپی ٥٣ شێروانە لە شەوی ١٨-١٩/٢/١٩٨٧ لە دوو قۆڵەوە چوونە ناوشاری کفری ولە هێزەکانی دوژمنیاندا

قۆڵی یەکەم

هێرشیانکردە سەر ڕەبییەی مەکینەی بەفرەکە و لەماوەی پێنج دەقیقەدا دەستیان بەسەرداگرت لەو هێرشەدا دوو پۆلیسیان کوشت و دوانیتریان دەستگیرکرد

قۆڵی دووەم

گەڕان بەدوای خۆفرۆشاندا و چوارجاشیان دەستگیرکرد

دەسکەوت

٢ ڕەشاشی ئاڕ بی کەی

٣ کلاشینکۆف و ٦ مەخزەن

١ مەخزەنی حەفتا و پێنجی

١ جیهازی سویدی

بـــۆسە

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی کەرتی (١) (٥) (٦)ی تیپی ٥١ی گەرمیان ٧:٣٠ دەقیقەی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٧/٣/٢ بۆسەیەکیان لە سەر جادەی گشتی نەوجول دوز دانا، لە ئەنجامدا کرۆنایەک و لاندکرۆزەرێک کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەکانەوەو درانە بەر دەستڕێژی گوللە سەرنشینی لاندکرۆزەرەکە هەموو کوژران و بریندار بوون ئۆتۆمبیلەکەش تێکشکێندراو شۆفێری ئۆتۆمبیلەکە گیرا.

دەستکەوت:

١ کلاشینکۆف و ٤ شانە

ئۆتۆمبیلە کرۆناکە

بەداخەوە دوو هاوڵاتی لە ناو کرۆناکەدا بوون کوژران.

نـــاوچەی داودە-لـــفتی ئاغا

کتژمێر پێنجی سەر لەبەیانی ڕۆژی ١٩٨٧/٣/١٦ هێزێکی زۆری جاش کە پێکهاتبوو لە ١٠ ئۆتۆمبێل بە پاڵپشتی ٣ کۆپتەر و ٢ پیلاتۆس پەلاماری دێیەکانی چەچان و لفتی ئاغای ناوچەی داودەیاندا پێشمەرگە جوامێرەکانی تیپی ٥١ گەرمیان و هێزی پشتگیری ناوچەکە لێیان هاتنە دەست، شەڕ تا کاتژمێر ٣ی دوانیوەڕۆی خایاند لە ئەنجامدا جاشەکان بەرەو ناوچەی نەوجول هەڵاتن.

نـــــاوچەی داودە

ڕۆژی ١٩٨٧/٥/١٣ هێزێکی دوژمن بەپاڵپشتی دوو تانک و ٥ ناقیلە و ٢ فەوجی سووک و ژمارەیەکی زۆر جەیشی ناشەعبی بەمەبەستی تەختکردنی دێی چەچان بەرەو ناوچەی داودە هاتن پێشمەرگەکانی کەرتی (١) و(٦) ی تیپی ٥١ گەرمیان و مەفرەزەیەکی ناوچەی شۆڕشگێڕان و مەفرەزەیەکی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لێیان هاتنە دەست و هەڵاتن دوو شۆفڵیان بە ساخی لەمەیدانی شەڕدا جێهێشت بۆ ڕۆژی دوایی دوژمن بەپشتیوانی ٢ دەبابە و ٥ ناقیلە و ٢ فەوجی خەفیفە پەلاماری ناوچەکەیدایەوە، ئەمجارەش پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی ٥ و ٦ و مەفرەزەیەکی کۆمەڵایەتی و مەفرەزەیەکی حزبی سۆسیالیست و مەفرەزەیەکی حزبی شیوعی لە هێزەکەی دوژمنیانداو شکاندیانن

زیانی دوژمن

کوژرانی ٨ جاش

بەدیلگرتنی ٢ جاش

شـــەڕی هـــۆمەرمل

(1)

ئاوایی هۆمەرمل نزیکەی ١٠٠ ماڵبوو ژمارەیەکی زۆر هێزی پشتگیری و پێشمەرگەیان هەبوو، هۆمەرمل دوومەڵی سەرشانی دوژمن بوو بۆیە ڕژێمی عێراق بەهێزێکی زۆری جاش و سەرباز و نزیکەی ٣٠ دەبابە و دەیان شۆفڵ ڕوویکردە ئاوایی هۆمەرمل تا داری بەسەر بەردیەوە نەهێڵێ و تەختی زەوی بکات دوژمن بەهێزێکی زۆرەوە لە کفری و کەلارەوە بەرەو هۆمەرمل هاتن، ٨ پێشمەرگە و ژمارەیەک هێزی پشتگیری ئەحمەدی حاجی ڕەشید مەردان چاوشین عەزیز توکنی،کامەران و وەلی و مامە قالە لە هۆمەرمل بوون.

بەردەمی هۆمەرمل چەمێک بوو، چەمەکە بێشە و دارستانێکی چڕبوو پێشئەوەی دوژمن بگاتە ناودێ هێزی پێشمەرگە و بەرگری لە هێزەکەی دوژمنیاندا

هێزی دوژمن بەدەبابە و شۆفلّەوە هاتنە ناو هۆمەرمل شەڕی کۆلّان بە کۆلّان دەستپێکرد تا دەمە و ئێوارەی خایاند، چوار پێشمەرگە و هێزی پشتگیری قارەمان ئەحمەدی حاجی ڕەشید، کامەران حاجی سەعید، وەلی حاجی مەدحەت، مامە قالە لە هەڵمەتێکی بروسکە ئاسادا بۆسەر دەبابە و شۆفلّەکان ژمارەیەک شۆفێری دەبابە و شۆفلّیان کوشت، ۱۷ شۆفڵ و ۷ دەبابە و سێ جێب قیادەیان بە دوژمن جێهێشت لەگەڵ گەیشتنی هەواڵی پەلاماری دوژمن بۆسەر دێی هۆمەرمل کەرتی پێنجی حەمرینی تیپی ٥٣ شێروانە بە فەرماندەیی مەلا کەریم و هێزی بەرگری ناوچەکە بەرەو هۆمەرمل بەڕێکەوتن بەشداری کاریگەریانکرد لە تێکشکاندنی دوژمندا، لەو نەبەردیەدا هێزی پشتگیری توکن بە فەرماندەیی فاتیح مەلا وەهاب بەشداربوون، دوای هەڵمەتی دلێرانەی هێزی پێشمەرگە و بەرگری بۆسەر هێزە پەلامارەرەکەی دوژمن، دەبابەکان لە دێیەکە ڕایانکرد و لەناوچەمەکەی هۆمەرملدا چەقین و جێمان، سەربازەکان دابەزین و هەڵاتن پێشمەرگە تەقەیانلێکردن و ژمارەیەکیان کوشتن دەبابەکانیان سووتاند

زیانی دوژمن

کوژرانی ۹۰ سەرباز و جاش، گرتنی حەوت دەبابە و ۱۷ شۆفڵ، سێ جێب قیادە

قوربانی هێزی پێشمەرگە

شەهیدبوونی ۳ پێشمەرگەی قارەمان بوو

۱-شەهید سەرتیپ حەما ئاغا خەڵکی کفری پێشمەرگەی کەرتی ۳ تیپی ٥١ گەرمیان.

۲-شەهید حەسەن ئەحمەد مەجید خەڵکی عەزیز قادر، پێشمەرگەی پشتگیری دێی عەزیز قادر.

۳-شەهید هیدایەت قادر ئەحمەد سەمەن خەڵکی عەزیز قادر، پێشمەرگەی پشتگیری.

هێزی پێشمەرگە شۆفلّەکانیان گواستەوە بۆ ڕۆژی دوایی دوژمن بەهێزێکی زۆر و ۱۰۰ دەبابەوە بەرەو هۆمەرمل هات پێشمەرگە و هێزی بەرگری لەناو دێ نەمابوون دوژمن لاشەی شۆفڵ و دەبابە سوتێنراوەکانیان بردەوە.

شەهیدبوونی مەلا کەریم

بۆ ڕۆژی دوایی ١٩٨٧/٥/١٨ مەلا کەریم فەرماندەی کەرتی (٥)ی حەمرینی تیپی ٥٣ شێروانە لەسەر یەکێک لە تایەی شۆفڵەکان دانیشتبوو پێشمەرگەیەک سلفی لێدابوو کەوتبووە نێوان تایەی چەمەلغی شۆفڵەکەوە ڕۆژی ١٩٨٧/٥/١٩ گیانی سپاردوو شەهیدبوو.

حـــاجی سەعید و دەبابە ســـووتاوەکان
(حاجی سەعید فەرەج)

حاجی سەعید کەسێکی دڵسۆز و خانەدان بوو بەڵام ئینکارو سوور بوو لەسەر قسەی خۆی، خۆ ئەگەر بتوتایە ماست سپییە ئەم بیوتایە ڕەشە هەموو گەرمیان بڕوای پێنەدەهێنا کە ماست سپییە و هەر دەیوت ڕەشە.

کاتێک لە شەڕی هۆمەرمل دەبابەکان لە ناوچەمەکەدا سوتێندران حاجی سەعید دەیوت ڕاستە سووتاون بەڵام ئەگەر نەچەقینایە لەناو قوڕدا نەدەسووتێندران، پێشمەرگەکان دەیانووت حاجی سەعید ئەگەر پێشمەرگە دەبابەی ڕاونەنایە لە ناوچەمەکەدا نەسوتێندرایە خۆ لە خۆیانەوە گڕیان نەدەگرت، حاجی سەعید دەیوت نەخێر ئەوە چەقیون بۆیە سووتاون عوسمانی حاجی مەحمود وتبووی حاجی دەڵێن بڕوات بە سووتاندنی دەبابەکان نییە ، دەبابەکان لە ترسی هەڵمەتی پێشمەرگە هەڵاتون و لە شپرزەییدا لە چەمەکەدا چەقیون و سوتێنراون، حاجی هەر دەیوت بەخوا ئەگەر نەچەقینایە نەدەسوتێندران

(2)

ڕۆژی ١٩٨٧/٥/١٨ هێزێکی دوژمن بە پاڵپشتی تانکی (ت٥٥) لەناوچەی سەر قەڵاوە و لە دوو قۆڵەوە پەلاماری دێیەکانی (هۆمەرمل و گۆبان عەرەب) یدا پێشمەرگەکانی تیپی ٥١ گەرمان و هێزی پشتگیری ناوچەکە لێیان هاتنە دەست و شەڕی دەستەو یەخە دروست بوو.

هاوکات لەگەڵ درووستبوونی شەڕەکەدا پێشمەرگەکانی کەرتی (٥)ی تیپی ٥٣ی شێروانە هاتن بەهانای پێشمەرگەکانی تیپی گەرمیانەوەو دامەزران.

پاشان پێشمەرگەکانی کەرتی ٤و٥و٦و ناوچەی شۆڕشگێڕان و مەفرەزەیەکی کۆمەڵایەتی تیپی ٥١ گەرمیان لەگەڵ هێزی پشتگیری دێیەکانی تەوەکەڵ ، عەزیز قادر و زەنگنە هاتن بەفریای شەڕەکەوە.

لەکاتژمێر چوار و نیوی ئێوارەدا پێشمەرگە قارەمانەکان هێرشیانکردە سەر هێزەکەی دوژمن و لەماوەی کاتژمێرێکدا شپرزەیانکردن و ڕاویاننان.

زیانی دوژمن

کوژرانی ٩٠ سەرباز و جاش لاشەی ٢٤ چەکداریان لەبەردەستی پێشمەرگەدابوو

تێکشکاندنی ٣ تانکی ت٥٥

سووتاندن و تێکشکاندنی ١٢ شۆفڵ

دەستکەوت

٣ تانکی ت٥٥ کە دواتر تەقێندرانەوە

تانکێکی بەرازیلی بە ١٨٠ گوللە تۆپەوە کەوتە دەست پێشمەرگە

٣ دۆشکەی ١٢/٧ ملم

٣ ڕەشاشی گرینۆف

٥ شۆفڵ

١ دەزگای بێتەلی ڕاکاڵ

٣٠ کلاشینکۆف

١ جیهازی ڕووسی ناو دەبابە

١ دووربینی شەوو دووربینیتر

قوربانی پێشمەرگە سێ شەهید بوو

لەگەڵ شەهیدێکی هێزی بەرگری

ڕێـــــگای قادر کـــــەرەم- دووز
مـــــانگی 7ی 1987

بەشێک لە تیپی ٥١ی گەرمیان و ٥٩ی حەمرین لە سەر جادەی قادر کەرەم دووز بۆسەیەکان بۆ کاروانێکی سەربازی دانا کە ڕۆژانە دەهاتنە قادر کەرەم و دەگەڕانەوە.

هێزی پێشمەرگە چەند بۆسەیەکیان دانابوو بۆ ئەوەی ئەگەر لە بۆسەی یەکەم تێپەڕی بۆسەی دووەم تەقەی لێبکەن.

سـەرەتـای کـاروانـەکـە کـە چـەند ئۆتۆمبیلێک بـوو گەیشتە بـۆسـەی دواتـر، پێشمەرگەکان لێیاندان.

- چەند ئۆتۆمبیلێک سووتێندرا
- (٣٠) جاش کوژران
- ٣٠ پارچە چەک دەستکەوت بوون

ئۆتۆمبیلی سەربازەکان لە دواوە بوون ئەوانیش کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەوەو ژمارەیەکیان لێکوژرا تەرمەکانیان لە بەردەستی پێشمەرگەدا بوو، لەو شەڕەدا دوو پێشمەرگەی تیپی ٥١ی گەرمیان شەهید بوون.

١/ئیقبال خەڵکی دوانزە ئیمام شەهید بوو

٢/ عەباس ویستی تەرمی شەهید ئیقبال ڕزگار بکات ئەویش شەهید بوو

٣/ حەمە کۆشکی ڕۆیشت بۆ سەر تەرمی هەر دووکیان ئەویش پێکراو بریندار بوو.

لە تیپی ٥٩ی حەمرین پێشمەرگەیەک شەهید بوو.

بـــۆسە-نزیك ســـــلێمان بەگ

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی کەرتی ١و٥و٦ی تیپی ٥١ گەرمیان و مەفرەزەیەکی تیپی ٥٩ ی حەمرین ڕۆژی ١٩٨٧/٧/٤ چوونە سەر جادەی کفری- دووز نزیک سلێمان بەگ زیاتر لە ٥٠ ئۆتۆمبێلیان ڕاگرت لە ئەنجامدا ٢٣ کەسیان

گرت و ڕائیدێکی ئیستخباراتیان کوشت
دەستکەوت
٢ دەمانچەی مەکاریوف
٤ ئۆتۆمبێل
سێ ئۆتۆمبێلی تر کەوتنە بۆسەکەوە و گوللەبارانکران.

نـــاوچەی داوێ
ڕەبـــــییەی تەنکی ئـــــاوەکە
1987/7/14

گەرمای هاوین جووتیارانی داوێ سەرقاڵی دورینەوەی دەغڵ و دان، حاسڵاتی ساڵ بوون کاتژمێر (١٠)ی بەیانی (٣) کۆپتەر هاتنە سەر ئاسمانی ناوچەکە هەر چییەکیان بینی تەقەیان لێکردوو دایانە بەر دەستڕێژ.

لە ئەنجامی دەستڕێژ و بۆمبارانی کوێرانەی کۆپتەر لە نێوان دێی دووراجی و مەحموود بەگ (٩) هاوواڵاتی شەهید بوون:

١/ شەهید فاتیح سەمین خەسرەو خەڵکی دووراجی
٢/ شەهید نەجمەدین سااڵح کەریم خەڵکی دووڕاجی
٣/ شەهید وەلی حاجی محەمەد خەڵکی هۆمەر مل
٤/ شەهید بەرزان سەعید مەحموود خەڵکی هۆمەر مل
٥/ شەهید نوری سەعید مەحموود خەڵکی هۆمەر مل
٦/ شەهید ڕەمەزان عەلی تۆفیق خەڵکی هۆمەر مل
٧/ شەهید نەجات بەهجەت سدیق خەڵکی هۆمەر مل
٨/ شەهید ئەحمەد عەبدوڵڵا مەنسور خەڵکی لفتی ئاغا
٩/ شەهید سەروەت عەلی حاجی خەڵکی ئۆمەر سۆفی

سنووری داوێ کەرتی (٥) و (٦)ی لێبوو، عوسمانی حاجی مەحموود داوای لە کەرتی (٥) کرد لە تۆڵەی ئەو شەهیدانە بەیەکەوە چالاکییەک بکەن کەرتی (٥)

ووتیان ئێمەش دەچین چالاکی بکەین ناتوانین لە گەڵ ئێوەدا بێین.

کەرتی (٥) بە ئاڕاستەی جادەی کەرکوک بەغدا نێوان دووز- سلیمان بەگ ڕۆیشتن، کەرتی (٦) چوونە سەر ڕەبیەی تەنکی ئاوەکە.

ڕەبـــــیەی تەنکی ئـــــاوەکە

ڕەبیەکە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی خورماتوو لە سەرچەمی ئاوە سپی بوو پاسەوانی ئەو تەنکیە بوون کە ئاوی خورماتووی دابین دەکرد، دوو ڕکە تاوێری لێبوو ژوورێک لە نێوان هەر دوو تاوێرەکەدا بوو قولەی حەرەسیاتەکانیان بە ئەمبەراوبەری تاوێرەکەوە بوو.

کەرتی (٦) پلانی چوونە سەر ڕەبیەکەیان داڕشت لە سێ لاوەو بە ئاڕاستەی ڕۆیشتنە سەر ڕەبیەکە، ئاڕاستەیەک کەوتە بن ڕەبیەکەوە بۆ ئەوەی ئەگەر جاشەکان لە ڕەبیەکە هەڵکەندران و ڕایانکرد بکەونە ناو بۆسەی پێشمەرگەوەو بکوژرێن.

ئاڕاستەیەک لە گەڵ عوسمانی حاجی مەحموود و ڕەئوفی یاسە هەڵکوتنە سەر ڕەبیەکە، ئاڕاستەیەکیتریش سەید جەوهەرو میران و چەند پێشمەرگەیەکیتر لە لایەکیترەوە هەڵمەت بەرنە سەر ڕەبیەکە.

پێشمەرگەکان لە دوو لاوە هەڵمەتیان بردە سەر ڕەبیەکە جاشەکان بەو دیوەدا ڕایانکرد بە دیوی دوزدا نەهاتن کە پێشمەرگە بۆیان لە بۆسەدا بوون، بەرەو ئەوبەری ئاوەسپی هەڵاتن.

لە دوو لاوە پێشمەرگەکان چوونە ناو ڕەبیەکە ئاوات و عەلی قۆریچایی یەکەم تاوێریان تێپەڕاند و چوونە ژوورەوە بەڵام کەسی تیا نەبوو، ئاوات عەرەب لە تاوێرەکە هاتە دەرەوە چووە قولەی سەرەوە لە ناو قولەکەدا جاشێک مابوو* ، ئاوات چوو بووە سەر قولەکە، [٤]جاشەکە نەیتوانیبوو ڕابکات حەرەس بوو ئەگەر بە دیوی بۆسەی بن ڕەبیەکەدا بڕۆیشتایە نەیدەتوانی خۆی هەڵ بدات، ئەگەر بە

٤ ئەو شەوە عوسمانی حاجی مەحموود داوای لە کەرتی (٥) کرد پێشمەرگەیەکیان بدەنێ بە ئاربیجییەوە لە گەڵیان بێت ئەوانیش ئەحمەدیان نارد کە ڕۆژێک بوو ببوو بە پێشمەرگە.

دیوەکەی تردا بڕۆیشتایە تەقە بوو، نەیدەتوانی بە ناو تاوێرەکەدا خۆی هەڵ بدات چوونکە (٨) مەتر بەرز بوو هەر بۆیە لە ناو قولەکەدا مابووەوە ئەوەی پێی دەڵێن نوقتەی حەرەسیات.

تفەنگەکەی بەدەستەوە بوو جاشەکە تەقەی لێکرد ئاوات کەوتە ناو قولەی حەرەسیاتەکەوە هێندە نزیک ببووەوە کەوتە خوارەوە، جاشەکە دەستڕێژی لە پێشمەرگەکان کرد، ئاوات عەرەب، عەلی قۆریچایی، خەلیل کارێزی، ملازم عەباس، ڕەئوفی یاسە، ئەحمەد پێکران و بەرکەوتن.

خەلیل کارێزی فیشەک بەر قاچی کەوت، فیشەکێک بەر ملی ملازم عەباس کەوت، ڕەئوفی یاسا فیشەک بەر قاچی کەوت، ئەحمەد شەهید بوو لە کەرتی (٥) ئەو ڕۆژە هاتبوو بۆ پێشمەرگایەتی*، خەلیل کارێزی فیشەکێک بەرقاچی کەوتبوو گۆشت بە قاچیەوە نەمابوو.

پێشمەرگەکانی بن ڕەبییەکە گوێیان لە هات و هاوار بوو بەڕاکردن هاتنە لای عوسمانی حاجی مەحموود ووتیان چی بووە، کاک عوسمان پێیووتن جاشێک بە سەر تاوێرەکەوە تەقەی کرد شەهید و بریندارمان هەیە.

میران لە وەشاندنی ئاربیجی زۆر شارەزا بوو لە تاریکە شەودا نیشانی دەپێکا بێ قەرەوڵ و جاسووس گرتن، عوسمانی حاجی مەحموود بانگی میرانی کرد ووتی میران لێیدە، میران بە دوو گوللە ئاربیجی قولەکەی پێکا، پێشمەرگە چوونە ناو قولەکە جاشەکە بریندار بوو هەر لەوێدا کوشتیان.

ڕەبییەی ئیمام عەلی بە سەر سەریانەوە بە سەر دوزدا دەیڕوانی دۆشکەی تیابوو تەقەی لە پێشمەرگەکان دەکرد، کۆپتەر بەو شەوە لە سەر ئاسمانی شەڕەکە بوو تەنویری هەڵدەداو تەقەی دەکرد ئەو ناوەی کردبووە ڕۆژی ڕووناک.

پێشمەرگەکان لە دۆخێکی قورسدا بوون، تەقەی دۆشکە بە سەر سەریانەوە، بۆردومانی کۆپتەر هەڵدانی تەنویر بۆ ڕووناککردنەوەی ناوچەکە، لە گەڵ ئەوەشدا شەهیدێک هەبوو بریندارەکان دۆخیان خراپ بوو، ڕەئوفی یاسە قاچی شکابوو هەڵگرتن و گواستنەوەی قورس بوو خەلیل کارێزی نەیدەتوانی ڕێ بکات، عوسمانی

حاجی مەحموود فیشەکێک لە قۆڵی دابوو تا بەیانی نەیووت بریندارم، پێشمەرگەکان بەیانی زانییان بەرکەوتووە، ملازم عەباس بریندار بوو لە دۆخێکی سەختدا شەهید و بریندارەکانیان گواستەوە، بە ناو چەمی «ئاوە سپی»دا پەڕینەوە ئاوێکی زۆری هەبوو.

ئاوات و عەلی هێشتا هەناسەیان دەدا بەڵام ئەحمەد هەر لە جێدا شەهید بوو، حەمە ڕەشید توکنی و غازی دەیانوویست بریندارەکان لە تەنکاوی چەمەکە بپەڕێننەوە دۆشکە لێیدەدانو دەیگەڕاندنەوە ئەولا، لەولاشەوە ئاوەکە هەستا بوو بواری نەدەدا ئەوانیش ئەوەندە هێزیان نەبوو بەرزیان بکەنەوە تا نەکەونە ناو ئاوەکە هەر چۆنێک بێت بریندارەکانیان پەڕاندەوە تا ئەوەل ئاوەکە بە کۆڵ بردیانن[٥] کە دنیا ڕووناک بووەوە تراکتۆرێک هاتبوو عەلی و ئاوات و ئەحمەدیان خستە ناو تراکتۆرەکەوە بەڵکو بە پەلە بگەن فریای چارەسەر بکەون.

ئاوات سەری لە سەر ڕانی حەمە ڕەشید توکنی بوو دەستی حەمە ڕەشیدی توند دەگوشی دەیخستە سەر برینەکەی دیار بوو ئازاری زۆر بوو بەڵام قسەی نەدەکرد هەتا نزیک شۆراو گیانی تیادابوو بەڵام لەوێ شەهید بوو، عەلی قۆری چایش هەر لە ڕێگا شەهید بوو، نەگەیشتە شۆراو.

هـــــاوینی 1987

هاوینی ساڵی ١٩٨٧ هاوینێکی زۆر تۆزاوی بوو تەموومژ خۆڵ بەری بینینی دەگرت تا ئاستی (٥) مەتر خەڵکت دەبینی.

هەر ڕۆژێک تۆزو خۆڵ بووایە تیپی ٥١ی گەرمیان دەچوونە سەر جادەی نێوان سەرقەڵا و کفری- کفری دووز.

لە هاوینی ساڵی ١٩٨٧ تیپی ٥١ی گەرمیان چالاکی و وردە چالاکی زۆریانکرد بەدرێژایی ئەو ساڵە بۆسەی پێشمەرگە مستە کۆڵەی پۆڵاین بوو.

---

[٥] کە لە ناوچەی (داوێ)وە دێیت دەگەیتە شۆراو لە شۆراو تێدەپەڕیت دەگەیتە ناو ئاوە سپی لەوێوە چەند جارێک لە ئاوە سپی دەدەیت پێی دەوترێت ئەوەل ئاو.

لەو چالاکییانەدا ژمارەیەکی بەرچاو جاشیان گرت دەستیان گرت بە سەر چەند ئۆتومبیلێکدا ئەفسەرێک بە پلەی نەقیب لە بۆسەیەکدا کوژرا.

لە هاوینی ساڵی ١٩٨٧ زیاتر لە (١٠) چالاکی لە سەر جادەی کفری سەرقەڵا کرا کە سنووری تیپی ٥١ی گەرمیان و کەرتی شەش بوو.

بـــۆسەو تـــۆڵە

دوای ئەوەی ڕژێمی فاشستی عێراق هاتووچۆی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەی قەدەغە کرد هەر هاوواڵاتییەکی لە شوێنە قەدەغەکراوەکان بەرچاو بکەوتایە گوللە بارانی دەکردن.

هێزەکانی دوژمن بە ئۆتۆمبێلی سەربازی و بە پشتیوانی زرێپۆش لە سنووری قەزای خورماتوو، کفری، کەلار بە سەر ڕێگە گشتییەکاندا دەگەڕان و چاودێری ڕێگەکانیان دەکرد کە بەشێک بوون لە سنووری تیپی ٥١ی گەرمیان.

لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتە ڕەگەزپەرستانەیەداو لە ڕۆژی ١٩٨٧/٨/١٣ لە سەر ڕێگای خورماتوو، کفری، سەرقەڵا ژمارەیەکیان گوللەبارانکرد کە ئەم هاوواڵاتیانە بوون:

١/ مام بەهادین فەرەج قەدعەم- دانیشتووی دێی قۆریچای

٢/ هیدایەت جەبار محەمەد

٣/ حەکیم محەمەد ئیبراهیم موختاری دێ

٤/ عەلی محەمەد کەریم خەڵکی دێی قۆریچایی

٥/ محەمەد سەمین ئەحمەد (حەمە جگەرەچی) خەڵکی کفری

٦/ هاوواڵاتی مام ڕەشید خەسرەو خەڵکی دێی سەید جەژنی لە سەر جادەی کفری- سەرقەڵا دەستگیرکراو شەهیدیانکرد.

لە تـــۆڵەی شـــــەهیداندا

لە تۆڵەی شەهید کردنی ئەم هاوولاتییە بێتاوانانەدا هێزێکی هاوبەش لە کەرتەکانی (١،٣،٤،٥،٦،٧)ی تیپی ٥١ی گەرمیان بە سەرپەرشتی سەلام شووشە بۆسەیەکیان لە ناو کەلاوەکانی دێی (ناسالّح) دانا کاروانێکی سەربازی دوژمن کەوتە بۆسەکەوەو دایانننە بەر دەستڕێژی گوللە.

زیانی دوژمن:

١/ کوژرانی ئەفسەرێک و ٦ سەرباز

٢/ سووتاندنی جێبێک بە تۆپێکی (١٠٦) ملم هوە

گـــــرتنی دوو مقەڕ فـــــەوج-دارەڕەش

هێزێکی هاوبەش لە تیپەکانی ٥١ گەرمیان،٥٣ شێروانە، ٥٥ قەرەداخ، ٥٧ سەگرمە، ٥٩ حەمرین، و کەرتێکی تیپی ٢٥ خالّخالّان و کەرتێکی تیپی تایبەتی مەلّبەندی یەک لە شەوی ٢٨-١٩٨٧/٩/٢٩ لە چەند قۆڵێکەوە هێرشیانکردە سەر زنجیرە شاخی دارەڕەش کە مقەڕ فەوجی ١١٦و ١٥ی لێبوو لەگەلّ سێ مقەڕ سریە و ٢٠ ڕەبییە لەماوەیەکی کەمدا دەستیان بەسەرداگرت

زیانی دوژمن

کوژرانی ٩٧ کەس کە دوانیان ئامرسرییە بوون بە دیلگرتنی ٥١ کەس

دەستکەوت

١ هاوەنی ٦٠ ملم

١ بی کەی سی

٢٠ ئاڕ بی جی

٣ ڕەشاشی ئاڕ بی کەی

٧٢ کلاّشینکۆف

٥ دەمانچە

١ پەڕەشووت

١٠ جیهازی هەمەجۆر.

ڕژێم بۆ بەیانی ١٩٨٧/٩/٢٩ دوو فڕۆکەی پیلاتۆس و سێ کۆپتەری نارده سەر ئاسمانی شەڕەکە و بۆردوومانی ناوچەکەیانکرد تیپی تایبەتی مەڵبەندی یەک بەچەکی دژە ئاسمانی کۆپتەرێکیان پێکا و کەوتەخوارەوە تۆپخانەی تیپی تایبەتی مەڵبەندی یەک بەچڕی تۆپبارنی هێزەکانی دوژمنیانکرد، قوربانی پێشمەرگە لەو شەڕەدا ٧ شەهید بوو.

شـــــەهید بوونی سواره – شـــکور
1988/1/7

سواره یەکێک لە پێشمەرگە و فەرمانده دلێرەکانی تیپی ٥١ی گەرمیان بوو، فەرماندەی کەرتی (٥) بوو.

پێش ئەوەی سەید جەوهەر ببێتە فەرماندەی کەرتەکە ویستبوویان چالاکییەک بکەن، دنیا زۆر ڕووناک بوو مانگە شەوێکی ڕوون بوو چوونە سەر ڕەبییەیەک لە سەر جادەی نێوان کفری – دوز پێشمەرگەکانی کەرتی (٥) بە سوارەیان وتبوو شەوێکی ڕووناکە جاشەکان دەمانبینن با نەڕۆین، سواره وتبووی دەڕۆین دەیگرین.

جاشەکان لە بەر ڕووناکی مانگە شەودا پێشمەرگەکانیان بەدیکردبوو پێش ئەوەی ئەمان تەقە بکەن جاشەکان تەقەیان کردبوو سوارەو شکور شەهید بوون.

+ غائب عەلی حەمید ناسراو بە سواره خەڵکی (قومپەنک)ی ناوچەی داوێ بوو فەرماندەی کەرتی (٥)ی تیپی ٥١ی گەرمیان بوو.

+ شکور سپی سەری، خەڵکی سپی سەر بوو

گـــــرتنی ڕەبییەی قـــــۆریچایی
مـــانگی 1ی 1988

ڕەبییەی قۆریچایی پێشتر لە لایەن تیپی گەرمیانەوە گیرابوو، شەوێکی ساردوو کڕێوە، مانگی (١)ی ١٩٨٨ کاتژمێر ١١ی شەو کەرتی شەشی تیپی ٥١ی گەرمیان بە فەرماندەیی عوسمانی حاجی مەحموود کۆبوونەوە تا ڕەبییەی قۆریچایی خاپوور بکەن.

قۆریچایی چۆڵەوانی بوو، ئاوایی قۆریچایی بە بیانووی پشتێنەی ئەمنی خەڵکەکەی لە زێدی خۆیان هەڵکەندرا بوون ناوچەکە تەنها ڕەبییەو مۆڵگەی دوژمنی لێبوو.

حەسەن مستەفا لە هەردەکەی قۆریچایی بوو لە ماڵ هاتە دەرەوە بە عوسمانی حاجی مەحموودی ووت خێرە بەم شەوە بۆ کوێ دەڕۆن، کاک عوسمان ووتی مام حەسەن ڕەبییەیەک هەیە دەڕۆین دەیگرین و دێینەوە، مام حەسەن ووتی عوسمان بیکە لە ڕێی خوا خۆ ناڕۆیت مامر بگریت کاکە چەکداری تیایە ئەم کوڕە گەنجانە مەدەرە کوشت بۆ خاتری خوا کاک عوسمان ووتی مام حەسەن چاوەڕێکە دوو کاتژمێری تر ئەگەر نەگەڕاینەوە بە کۆمەڵێک چەک و دیلەوە بڵێ وا نییە، مام حەسەن ووتی عوسمان بیکە لە ڕێی خوا سەرمان لێمەشێوێنە لێرە چالاکی بکەن بەیانی حکومەت دێتە گیانمان کاک عوسمان ووتی مام حەسەن ئێمە چالاکی خۆمان پەکناخەین.

پێش لێدانی ڕەبییەکە چەند جارێک عوسمانی حاجی مەحموود، عوسمان تلیشانی، فەرماندەی مەفرەزەکان چووبوون بۆ چاودێری ڕەبییەکە، نەخشەی لێدانی ڕەبییەکەو ڕێو شوێنی ڕۆیشتن و دەست بە سەرداگرتنی ڕەبییەکەیان دانابوو، زانیاری وردیان کۆکردبووەوە سەرنجیان دابوو تەنها (٦) جاشی تیایە.

پێشمەرگەکانی کەرتی شەش ڕۆیشتن بە خۆداچەماندنەوە گەیشتنە دەرگای ڕەبییەکە، عوسمانی حاجی مەحموود بە پێشمەرگەکانی ووت لە گەڵ لێدانی دوو ئاربیجی هەڵمەت دەبەینە ناو ڕەبییەکە.

کەرتی شەش، سێ ئاربیجی و چل گوللەیان پێبوو هەر چواردەوری ڕەبییەکە قولە بوو، عوسمانی حاجی مەحموود بە پێشمەرگەکانی وت ئەگەر نەگیرا دەبێت هەرچی قولە هەیە بیڕوخێنین.

میران و عوسمان تلیشانی لە وەشاندنی ئاربیجی زۆر شارەزاو کارامە بوون کەم نیشان لە دەستیان دەردەچوو سێ گوللە ئاربیجییان لە ڕەبییەکە داو هێرش دەستپێکرد.

لە گەڵ هەڵمەتی پێشمەرگەدا ڕەبییەکە بەرگرییان دەکرد بە یەکجار (٢٠) تفەنگ تەقەیان لە پێشمەرگەکان دەکرد ڕومانەیان هەڵدەدا، کاک عوسمان ووتی

بگەڕێنەوە، پێشمەرگەکان گەڕانەوە کاک عوسمان ووتی لێیدەن بە ئاربیجی، لێیدەن میران لێیدەن، عوسمان و میران هەر یەکە دوو گوللەی تریان لە ڕەبییەکەدا، ئەمجارەش ڕەبییەکە زۆر خراپ دەستیان کردەوە، دووبارە کاک عوسمان ووتی بگەڕێنەوە، پێشمەرگەکان گەڕانەوەو ووتی لێیدەن سێ ئاربیجیان لێدا، ووتی لێیدەن سێ ئاربیجی تریان لێدا ووتی لێیدەن نزیک بە «٣٠» گوللە ئاربیجیان لێدا ، کاک عوسمان ووتی هێرش بەرن پێشمەرگەکان دووبارە هێرشیان کردەوە سەر ڕەبییەکە تەقەیەکی گەرم بوو کاک عوسمان دووبارە هاواریکرد لێیدەن دوو گوللەی تریان لە ڕەبییەکەدا نزیکەی سێ چارەک تەقەو هێرش و لێدانی ڕەبییەکە بەردەوام بوو، ڕەبییەکە ڕوممانەیان هەڵدەدا بەڵام ڕوممانەی پێشمەرگەکان نەدەچووە ناو ڕەبییەکە جادەیەک لە نێوانیاندا بوو ڕەبییەکە لەودیو جادەکەوە بوو چوار پێنج مەترێک لە جادەکەوە دوور بوو دوو مەتر زیخ بوو بەڵام ڕوممانە دەیدا لە سەر جادەکە بۆ بەردەمی پێشمەرگەکان.

ماوەی ٤٥ دەقیقە شەڕ بوو کاک عوسمان ووتی لێیدەن (٦) گوللە ئاربیجی تریان لێداو هێرشیانکرد بە تەقە چوونە ناو ڕەبییەکەوە کەسی تیا نەبوو چوونە ژوورەوە تەماشایانکرد جاشێک لە بەردەمی ژوورەکەدا کەوتووە و کوژراوە جاشەکانیتر دیار نەبوون، ووتیان باشە جاشەکان کوان پێشمەرگەیەک ووتی ئەوەتا لە ژێر ئەم چینکۆیەدان، بلۆکیان دانابوو چینکۆیان خستبووە سەری بۆ خەوتن لە ژێر چینکۆکاندا دەریانهێنان، پێشمەرگەکان پێیان ووتن ئەم هەموو تەقەیەتان دەکرد بۆچی خۆتان شاردووەتەوە جاشەکان ووتیان ئێمە تەقەمان نەکردووە ئەوە تفەنگ و مەخزەنەکانی ئێمەیە یەک فیشەکمان تەقاندبوو بمانکوژن.

پێشمەرگەکان ووتیان ئەی خۆ لە غەیبەوە تەقەمان لێنەکراوە، جاشەکان ووتیان مەفرەزەیەکی تەواری ئێوارە لە دووزەوە هاتوون چواردە کەس بوون بەرپرسی مەفرەزەکە فەرهادی عەلی داوێ بووە.

دوای پرسیارو سۆراغ دەرکەوت دەزگا سەربازییەکانی دوژمن بە هەر جۆرێک بووە زانیارییان دەستکەوتووە کە لە ڕەبییەی قۆریچای دەدرێت هەر بۆیە مەفرەزە

تەواریيەکەیان بە نیازی ئەوە ناردبوو کە نەهێڵن یەک پێشمەرگەش بە سەلامەت بگەڕێتەوە بەڵام لە سەر دەستی پێشمەرگەکانی کەرتی (٦)ی تیپی «٥١»ی گەرمیان مەسەلەکە پێچەوانە بووەوە لووتی تەواریيەکان شکاو ڕاونران.

تەواریيەکان کە زانییان پێشمەرگە وازیـان لێناهێنێ و کاک عوسمان دەڵێ لێیاندەن لە چەمی قۆریچایەوە ڕایانکرد بەرەو دێی عەرەبەکان لە کاتی ڕاکردندا تەواریيەک کوژرا.

بە هەر چوار دەوری ڕەبییەکان و لە هەر جێیەک (٥-٦) مەخزەن کەوتبوون کە تەواریيەکان تەقەیان کردبوو مەخزەنە بەتاڵەکانیان هەڵنەگرتبووەوە، پێشمەرگەکانی کەرتی (٦) سەرکەوتووانە و بێزیان گەڕانەوە، (٦) جاش بە دیل گیران ئاربیجییەک و (٥) کلاشینکۆفی مزەلی دەستکەوت بوون.

لە گەڕانەوەدا لە هەردەی قۆریچای مام حەسەن هاتە لایان ووتی عوسمان بۆ خاتری خوا یەژی مریشکت خەواندووە بەڵام ئافەرین بۆ خۆتان ئەم هەموو زرمەو شەڕە چی بوو.

مام حەسەن دەیووت ئافەرین عوسمان مەسئول دەبێت وابێت دەتووت برا بۆ مامر گرتن دەڕوا چۆن ووتی ئاوا لەو لاوە هێنانی.

داســـــتانی قـــــەڵغانلوو

بەمەبەستی ڕاگواستنی دێیەکان ئۆردوگایەک لە قەڵغانلوو دروستکرابوو خانووەکان تەواو ببون بەڵام دێیەکانیان ڕانەگواست، خانووەکانی ئۆردوگاکە کرانە دوو بارەگای فەوجی خەفیفە فەوجەکانی شێخ سوعاد و سەید برایم، مەڵبەندی یەک هێزێکی زۆری ٨٠٠ پێشمەرگەیی کۆکردەوە بچن قەڵغانو بگرن، دوژمن زانیبووی پێشمەرگە هاتووەتە ئەو ناوچەیە کەمینی دەرکردبوو کۆپتەر بەسەر ئاسمانی ناوچەکەدا دەگـەڕا، چالاکییەکە نەکراو کشانەوە دوای ماوەیەک شێخ کەریم جێگری تیپی ٥١ی گەرمیان و (عەسکەر) فەرماندەی کەرتی یەکی تیپی ٥٩ حەمرن چاودێری ووردی فەوجەکان و ڕەبییەکانیانکرد بەرنامەی لێدانی ڕەبییە و

مقەڕفەجەکانیان داڕشت، کەرتێکی تیپی ٥١ گەرمیان بەسەرپەرشتی عادل شکور بەرەو لێدانی مقەڕفەجەکان کەوتنە ڕێ، دوو مقەڕ فەج لەناو قەڵغانلوو بوو شەش ڕەبییە لە دەوروبەری فەوجەکان بوو، هێزی پێشمەرگە بۆ لێدانی مقەڕ فەوج و ڕەبییەکان دابەشکرا.

*هێزێکیان ناردە نێوان قەڵغانلوو خورماتوو بۆ ئەوەی هێزی دوژمن نەتوانێت لە دووزەوە بگاتە قەڵغانلوو ئەگەر هاتن لێیانبدەن

*هێزێک بوونە کەمین لەسەر ڕێگەی خورماتوو-قادر کەرەم

*هێزێک نێردرایە جەوەڵی چاڵە دووانـە ئەگەر لە قادر کەرەمەوە هێز هات ڕێگەی لێبگرن بۆ ئەوەی نەخشەکە وەکو خۆی جێبەجێبکرێت

بۆ هەر شەش ڕەبییەکە هەر ڕەبییەی (١٠-١٥) پێشمەرگەیاندانا، هەر شەش ڕەبییەکە هێزیان بۆ دانا، بەشێک لە هێزەکە لە بەری قەڵغانلوو لای زەمبوورەوە بەرەو ئۆردوگاکە سەید جەوهەر و عەسکەر سەرپەرشتیاندەکرد پێشمەرگەکانی گەرمیان و حەمرین لەکاتی دیاریکراودا هێرشیان کردە سەر شەش ڕەبییە و دوو مقەڕ فەوجەکە لەماوەی کەمتر لە کاتژمێرێکدا دەستیانبەسەرداگرت

لەو داستانەدا پێشمەرگەیەک بەناوی جەلال گڵاباتی شەهید بوو.

زیانی دوژمن

کوژرانی جاشێکی زۆر

دەستکەوت

٨ ئێڤا

٢ جێب قیادە

١ پیکاب

٨٠ پارچە چەک

گوللە ئاڕ بی جی و فیشەکێکی زۆر

١٦ جیهاز

٢ جیهازی ڕاکاڵ

١٤ جیهازی کۆڵە پشت (١٠٥)
٢٠ دیل

دوو قاسەی گەورە لەناو مقەڕ فەوجەکاندا بوو زۆر هەوڵیاندا بۆیان نەشکا پێشمەرگەکان قاسەکانیان بارکردە ناو ئیڤاکانەوە و گەڕانەوە ئاوایی شێخ حەمید لە بناری گل، بۆ بەیانی قاسەکانیان شکاند ٨ دەمانچەی میکارۆف، ٣ هەزار دیناری سویسری، مۆری فەوج و مەلەفی فەوجی تیابوو.

قـــــەڵغانلوو

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەگەکانی تیپی ٥١ گەرمیان ، ٥٩ی حەمرین لە کاتژمێر ١١,٣٠ دەقیقەی شەوی ١٣-١٩٨٨/١/١٤ هێرشیانکردە سەر مجەمەعی (قەڵغانلو) لەسەرجادەی گشتی نێوان قادرکەرەم - دوز لەماوەی نیو کاتژمیردا دەستیانگرت بەسەر هەردوو مقەڕ فەوجی ١٠٥و ٦٠و ٤ ڕەبییەدا

زیانی

کوژرانی زیاتر لە ٣٠ چەکدار و سەرباز بوو
بەدیلگرتنی ١٢ سەرباز

دەستکەوت

١ ئاڕ بی جی
١٤ سندوق گوللە
٣ ڕەشاشی دکتاریۆف
٥٠ کلاشینکۆف
٨ دەمانچەی مەکاریۆف
١ جیهازی ڕاکاڵ بە موجەفیرەوە
١٤ جیهازی ١٠٥
٢ سندوق پاتری ١٠٥
٤ تایپ

١ بەداله
٢ داینەمۆی کارەبا
٧ سندوق نارنجۆک
٢ سندوق فیشەکی بی کەی سی
٣ ئۆتۆمبێل
٢٦٤٠ دینار
سووتاندنی ٥ ئۆتۆمبێل و کەلوپەلی ناو مقەڕ فەوجەکان
قوربانی پێشمەرگە شەهیدێک بوو.

گـــــرتنی ڕەبـــییه

پێشمەرگەکانی کەرتی ٦ی تیپی ٥١ گەرمیان لەشەوی ١١-١٩٨٨/٢/١٢ چوونە سەر ڕەبییەی پردی قۆری چای لەماوەی ٢٠ دەقیقەدا دەستیان بەسەردا گرت

زیانی دوژمن

بەدیلگرتنی ٥ چەکدار

دەستکەوت

١ ئاڕ بی کەی
٦ کلاشینکۆف
١ دووربین
٢ نارنجۆک

چـــوونه ناو دووز
1988

هەر چەند ڕۆژێک دوای گرتنی ڕەبییەی قۆریچای پێشمەرگەکانی کەرتی ٥ کەرتی ٦ تیپی ٥١ی گەرمیان چوونە ناو شاری دووز.

ڕۆژەکەی چوونە شۆراو لەوێ نانیانخوارد لە شۆراو دەرچوون دەمەو ئێوارە چوونە بەرزاییەکەی کەلی هەنجیرە کە بە سەر دوزدا دەڕوانێت.

لە گەڵ خۆر ئاوابوون پێشمەرگەکانی تیپی ٥١ی گەرمیان چوونە ناو دوزەوە ماڵ بە ماڵ گەڕان شەش جاشیان دەستگیر کرد شەش چەک دەستکەوت بوو.

لە ناو ماڵێکەوە لە ناو دوزدا تەقە لە پێشمەرگەکان کرا سەید جەوهەر بە ئاربیجی لە ماڵەکەیدا دوای شەڕێکی نیو کاتژمێری کشانەوە.

چـــــوونە ناو دوز

هێزێک لە پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی ٥١ی گەرمیان لە شەوی ١٩٨٩/١/١٤/١٣ چوونە ناو شاری دوز بە دوای بەکرێگیراوانی دوژمندا گەڕان پێشمەرگەکان چوونە سەر ماڵی دوو جاش و سووتاندیان، ئاگر کوژێنەوەیەک هات بۆ کوژاندنەوەی ماڵەکان ئەویشیان تێکشکاند.

ســـــلیمان بەگ- کـــــفری

لە کاتژمێر ٧:٣٠ دەقیقەی ١٩٨٩/١/١٩/١٨ دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی کەرتی ٦ی تیپی ٥١ی گەرمیان چوونە سەر جادەی سلیمان بەگ کفری و هێرشیانکردە سەر دەرەی نەوتەکەو دایانە بەر ئاربیجی و ڕەبییەکەیان بە سەردا ڕووخاندن.

هێزێکی دوژمن لە سلیمان بەگەوە هاتن بە نیازی ڕزگار کردنی ڕەبییەکەیان پێشمەرگەکان ئەوانیشیان ڕاونا.

لە هەمان شەودا دەستەیەکیتر لە پێشمەرگەکانی تیپی ٥١ هەڵمەتیان بردە سەر ڕەبییەی پەڵکانەی پاڕێزگاری سەربازگەی خورماتوو زیانی دوژمن کوژران و بریندار بوونی سەرنشینەکانی ڕەبییەکە بوو.

تـــیپی 25ی خـــاڵخاڵان
پـــێنج

تـــیپی 25ی خـــاڵخاڵان

سەرەتای ساڵی ١٩٨٥ تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان پێکهات، خاڵە نەبەز کرایە فەرماندەی تیپەکە:

• خاڵە نەبەز (خولەی جگەر) فەرماندەی تیپ، دواتر مەحموودی حاجی فەرەج، دانا ئەحمەد مەجید، سیروان کوێخا نەجم، دکتۆر کەمال شاکر، ڕەهبەری سەید برایم تا ئەنفال.

• وریا سوور دواتر سەربەستە درێژ جێگری تیپ

فـــەرماندە کەرتەکان

• سەربەستە سوور

• حەسۆی قالە داود

• عوبێد نەجم

• سەید برایم

قۆناغ دوای قۆناغ تیپی خاڵخاڵان گەشەیکردو گۆڕانی بە سەرداهات هەر یەک لە:

• مامۆستا عادل شەریف

• ئاسۆ سوور

• نەهرۆ قەسرۆکی

• دلێرە سوور

• خەلیل بێدەری و چەند تێکۆشەرێکیتر فەرماندەی کەرت بوون تا ئەنفال

• ڕێبەری سیاسی سەربەستە درێژ، شوانەی تەنسیق، دواتر سەربەست کرایە جێگر تیپ

• ڕەفعەت عەبدوڵڵا لێپرسراوی ڕێکخستنی تیپ

دکتۆری تیپ:

• دکتۆر نەوزاد

• دکتۆر حەمید

• دکتۆر دڵشاد

بێتەلەوان:

شەوکەت عەبدوڵڵا

تـــۆڵەی مامە ڕیـــشە

ڕۆژی ١٩٨٥/١/٣١ هێزێکی هاوبەش لە کەرتەکانی ٣،٢،١ ی تیپی ٢١ کەرکوک و کەرتی ١ تیپی ٢٥ خاڵخاڵان لە کاتژمێر ٧ ئێوارەدا هێرشیانکردە سەر دێیە تەعریبکراوەکانی دەوروبـــەری کەرکوک لە ناوچەی ساڵەیی پێشمەرگەکانی کەرکوک و خاڵخاڵان گورزی کاریگەریان لەجاش تەعریبییەکانی دێی کوزەرییە وەشاند، دوای دوو کاتژمێر شەڕ ژمارەیەکی ئێجگار زۆریان لێکوشتن دێیەکانیان بەتەواوی بەسەردا ڕووخاندن زیاتر لە (٥٠) جاش تەعریبیان کوشت

قوربانی پێشمەرگە شەهیدبوونی پێشمەرگەیەک و بریندارببوونی پێشمەرگەیەکی تربوو

دەستکەوت

١٠ پارچە چەک بوو

شـــەهیدبوونی سێ پـــێشمەرگە

ڕۆژی ١٩٨٥/٢/٧ هێزێکی گەورەی دوژمن کە پێکهاتبوو لە ١٠٠ ئۆتۆمبێلی ئەلبی ٣٧ ئۆتۆمبێلی ئیڤای پڕ لە جاش و سەرباز بە پشتیوانی ٤ کۆپتەر و ١٧ دەبابە و ٢ ناقیلە و تۆپی دوور هاوێژ هێرشیان هێنایە سەر پێشمەرگە دوای بەرگرییەکی قارەمانانە دوژمن زیانی زۆری لێکەوت

*کوژران و بریندارببوونی ٤٠ چەکداری دوژمن هەر لە سەرەتای شەڕەکەوە بە ئیسعاف کوژراو و بریندارییان دەگواستەوە چەمچەماڵ، لاشەی ٣ جاش لە مەیدانی شەڕەکەدا جێمابوو کە یەکێکیان مستشار بوو، ژمارەی ناسنامەکەی ٢٠٧٤بوو.

قوربانی پێشمەرگە شەهیدبوونی ٣ پێشمەرگە بوو

١-شەهید حاکم کەمال مەحموود،حاکمی کاروباری کۆمەڵایەتی خەڵکی سلێمانی

٢-شەهید ئیسماعیل عەزیز ساڵح خەڵکی سلێمانی تیپی ٢٥ خاڵخاڵان

٣-شەهید سەرهەنگ

شـــەهید بوونی مـــەحموودی حاجی فـــەرەج

دوای ڕۆیشتنی خاڵە نەبەز مەحموودی حاجی فەرەجی کۆکۆیی لە تیپی ١١ی هەورامانەوە گواستراییەوە تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان و کرایە فەرماندەی تیپ.

مەحموودی حاجی فەرەج هێندە لە تیپی خاڵخاڵان نەمایەوە کە لە گرتنی فەوجی دۆڵی ئاکۆیان و ڕەبییەکانی دەوروبەریدا شەهید بوو.

دوای دانانی نەخشەی دەستبەسەرداگرتنی فەوجی دۆڵی ئاکۆیان و زنجیرە ڕەبییەکانی دەوروبەری تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان هاوشانی تیپەکانی ١٢ی سۆران و ٥٧ی سەگرمە بەشداریان لە گرتنی فەوج و ڕەبییەکانی دۆڵی ئاکۆیاندا کرد.

لە شەوی ١٩٨٥/٧/٣/٢ هێرشکرایە سەر بارەگای فەوج و زنجیرە ڕەبییەکانی دۆڵی ئاکۆیان، لەو داستانەدا مەحموودی حاجی فەرەج کۆکۆیی قارەمانی دەیان داستان و فەرماندەی تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان و ژمارەیەک پێشمەرگەیتر شەهید بوون و سەریان بە ئەستێرەی سەروەری گەیشت.

شەهید بوونی مەحموودی حاجی فەرەج خەسارەتێکی گەورە بوو لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و تیپی خاڵخاڵان کەوت دوای شەهید بوونی مەحموودی حاجی فەرەج دانا ئەحمەد مەجید کرایە فەرماندەی تیپەکە.

گـــرتنی مقەڕ ســـریەیەك 1985

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی ٢٥ خاڵخاڵان و تیپی ٢١ کەرکوک لە کاتژمێر ١٢ی شەوی ٧-١٩٨٥/٨/٨ هێرشیانکردە سەر مقەڕ سریەیەک و چوار ڕەبییە لە هەنگاوی یەکەمدا مقەڕ سریەکە گیرا

زیانی دوژمن

کوژرانی ٧ جاش

٩ دیل

دوای کوژرانی جاشەکان چەک و تەقەمەنی ناو ڕەبییەکە بە ئۆتۆمبێلی شۆڕش گوراستراندە لە هەمانکاتدا شەڕ لە ڕەبییەکاندا بەردەوام بوو

دەستکەوتی مقەڕ سریەکە

١ ئاڕ بی جی، ١٢ کلاشینکۆف، ١ تەلەفۆن

دوای گرتنی مقەڕ سریەکە هێرشکرایە سەر ڕەبییەی سەر شیوی هەناران و لە ماوەی ١٥ دەقیقەدا دەستی بەسەردا گیرا

زیانی دوژمن

کوژرانی ٥ جاش

بەدیلگرتنی ٣ جاش

دەستکەوت

١ ئاڕ بی کەی

١ کلاشینکۆف

١ بڕنەو

لەکاتی کۆکردنەوەی چەکی ناو ڕەبییەکە و کشانەوەیان پێنج پێشمەرگە بە تەقینەوەی (مین) شەهیدبوون کە ئەم نەمرانەن:

*شەهید محەیدین قەمبەر ناسراو بە هیوا ڕەش

*شەهید عەلی سابیر ناسراو بە عەلی کەرکوکی خەڵکی مام ڕەش

*شەهید محەمەد عەلی ناسراو بە ئامانج

*شەهید عەبدوڵڵا حەمە عەلی خەڵکی باوەفەتی تیپی ٢٥ خالخالان

*شەهید کەمال تاهیر خەڵکی گەڕەکی تەپە

دەستەیەکیتر لە پێشمەرگەکان هێرشیانکردە سەر دوو ڕەبییە لە نێوان مقەڕ سریە و ڕەبییەیەکیتر هەردوو ڕەبییەکەیان بەسەردا ڕووخاندن، لەبەر کارەساتی پێشووتر نەتواندرا دەست بەسەر ئەم دوو ڕەبییەدا بگرێت قوربانی پێشمەرگە لەم دوو ڕەبییەدا

*شەهید حەکیم حازم ئەحمەد

*شەهید جوامێر خورشید حەیدەر خەڵکی ئۆمەرمەردان

*شەهید عومەر خورشید حەسەن ناسراو بە شاهۆ خەڵکی بییانی

پـــەلاماری دوژمـــن

ڕۆژی ١٩٨٥/٨/١٠ هێزێکی زۆری جاش وسەرباز بە پشتیوانی ٦ کۆپتەری باری و جەنگی و ٣ تۆپی ١٠٦ هێرشیان هێنایە سەر دێهاتەکانی شیوە سوور لە نێوان شوان و تەق تەق، دێیەکانی هۆمەر مەندان و تورکمان باخ و دوو شیوان و شیوە سوور کەوتنە بەر بۆردومان و بۆمبارانی فڕۆکە و تۆپ، ماڵ بە ماڵی دێی هۆمەر مەندان بۆمبارانکرا دەغڵ و دانی جووتیارانی دێیەکە ئاگری تێبەر بوو، لەدێی تورکمان باخ چوار ماڵ سووتێندرا، هاوکات دێی پەڵکانە و شێخ بزێنی سەروو خواروو کەوتنە بەر پەلاماری کۆپتەر لە ئەنجامی تۆپباران و بۆمبارانی فڕۆکە ژمارەیەک هاوواڵاتی شەهیدبوون کە دوانیان منااڵن.

*حاجی نووری، بەرزان و فەرمان دوو منداا، کەریم ئەحمەد ڕەشید هێزی پشتگیری، بریندارببوونی ژنێک، کوشتنی ١٢٠ مەڕوومااڵت، سووتاندنی تراکتۆرێک

چـــالاکییەکی ســـەرنەکەوتوو
یـــانزە شەهید شـــەوی 1985/9/15/14

دوای شەهید بوونی مەحموودی حاجی فەرەج فەرماندەی قارەمانی تیپی خاڵخاڵان دانای ئەحمەد مەجید کرایە فەرماندەی تیپی خاڵخاڵان.

دوو جاش لە نێوان ڕەبییەکانی ئاغجەلەر تەوەکەڵ ڕایانکردبوو پەیوەندییان کرد بە تیپی خاڵخاڵانەوە ووتیان ئێمە شارەزای ڕەبییەکانیانین بە ئاسانی دەگیرێن.

ڕەبییەکان لە دێی کانی سپیلکەی سەر ڕێگەی ئاغجەلەر بوون، دانای ئەحمەد مەجید بڕیاریدا ڕەبییەکان بگرن بەاڵم بەشێک لە فەرماندەکان ناڕازی بوون چوونکە دەیانزانی (مین)ی لێچێنراوە.

شەوی ١٩٨٥/٩/١٥/١٤ تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان بە فەرماندەیی ووریا سوور جێگری تیپی خاڵخاڵان بەرەو گرتنی ڕەبییەکان بەڕێکەوتن نزیک بوونەوە لە ڕەبییەکان و گرمەی (مین) هات، ئەمین یەکێک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی خاڵخاڵان هاواری لێهەستاو شەهید بوو.

هێندەی نەبرد لە ڕەبییەی دووەم گرمەو نالّە هەستا تێکڕا ١١ پێشمەرگە شەهید بوون تەرمی (١٠) شەهیدیان جێما، تەنها تەرمی شەهید ئەمین مام عەودل ڕزگارکرا، زیاد لە ٢٠ پێشمەرگەش بریندار بوون.

شـــــەهیدبوونی 11 پـــێشمەرگە

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی کەرتی تیپ و کەرتی ٣ ی تیپی ٢٥ خالّخالّان لە شەوی ١٥-١٩٨٥/٩/١٦ بە مەبەستی لێدانی ڕەبییەیەک بە ڕێکەوتن پێش ئەوەی بگەنە ڕەبییەکە بەسەر کۆمەلّێک (مین)دا کەوتن و ١١ پێشمەرگە شەهیدبوون:

١-شەهید جومعە عەبدولکەریم محەمەد سالّح خەلّکی ئیمام قاسم کەرکوک، پێشمەرگەی کەرتی تیپ.

٢-شەهید عەبدوللّا محەمەد ئیبراهیم خەلّکی قەرەنا و پێشمەرگەی کەرتی ٣.

٣-شەهید عەلی ئەمین فەتاح عەلی خەلّکی کارێزەی خالّخالّان کەرتی تیپ.

٤-شەهید ئەمین عەبدولکەریم خەلّکی قەسرۆک کەرتی تیپ.

٥-شەهید محەیدین ئەحمەد محەمەد خەلّکی چەمچەماڵ کەرتی ٣.

٦-شەهید عەزیز محەمەد سالّح ناسراو بە بارام خەلّکی ڕەحیماوای کەرکوک کەرتی ٣.

٧-شەهید کاوێز حەوێز عومەر خەلّکی مۆرخواردەی خوارو کەرتی تیپ.

٨-شەهید عومەر محەمەد عەبدوللّا خدر خەلّکی بێدەر کەرتی تیپ.

٩-شەهید کامەران تەها فەرەج خەلّکی کەرکوک تەپەی مەلا عەبدوللّا کەرتی ٣.

١٠-شەهید فازڵ عەلی سەعید ناسراو بە شێرکۆ خەلّکی قەرەناو کەرتی ٣.

١١-شەهید یاسین سەلام سالّح خدر کەرتی ٣ . دوو پێشمەرگەش بریندارببوون

دوای ئەو شکست و قوربانییە زۆرە دانا ئەحمەد مەجید لە سەر تیپی خالّخالّان لادرا، سیروان کوێخا نەجم کرایە فەرماندەی تیپی خالّخالّان، مەلا ئاراس کرایە سەرپەرشتیاری هەر دوو تیپی ٢١ی کەرکوک و ٢٥ی خالّخالّان.

نـــاو چـــەمچەماڵ

پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٢٥ خاڵخاڵان لە کاتژمێر ٩ی شەوی ١١-١٩٨٦/٥/١٢ چوونە ناو شاری چەمچەماڵ و ژمارەیەک خۆفرۆشیان کوشت و دوانیان بەدیلگرت

دەستکەوت

٣ کلاشینکۆف و ١٥ مەخزەن

ژەهـــر خوارکردنی سێ پـــێشمەرگە

کۆتایی مانگی ١٩٨٦/٥ وریا سوور جێگری تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان و دکتۆر نەوزاد و سەباح ڕەمەزان دەرمانخوارد کران.

وریا سووری فەرماندە ماڵی لە دێی گردخەبەر بوو دەستێکی ناپاک لە پەنای دۆستایەتیدا ژەهری بۆ کردنە خواردنەوەو لە ئەنجامدا هەر سێ پێشمەرگەو فەرماندەی قارەمان:

- وریا سوور جێگری تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان
- دکتۆر نەوزاد دکتۆری تیپ
- سەباح ڕەمەزان شەهید بوون و گیان بە کوردستان سپارد

تـــیپی 25ی خـــاڵخاڵان
ســـاڵی 1986

ساڵی ١٩٨٦ سیروان کوێخا نەجم، ئاسۆ سوور، مامۆستا ئەحمەد، گواستراندەوە تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان.

دەستەی تیپ بەمجۆرە بوو:

- سیروان کوێخا نەجم سەرپەرشتیاری تیپی (٢٥)ی خاڵخاڵان
- عادل شەریف فەرماندەی کەرتی (١)
- ئاسۆ سوور فەرماندەی کەرتی (٢)
- پشتیوانی حەسەن فەقیانە فەرماندەی کەرتی (٣)

• مامۆستا ئەحمەد گۆگجەیی فەرماندەی کەرتی تیپ

سنووری چالاکی تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان ناوچەکانی چەمچەماڵ، تەقتەق، ئاغجەلەر، شیوە سوور بوو.

لـــێدانی جـــاش

دەستەیەک لە پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان لە شەوی ١٩٨٦/٦/٢٨/٢٧ لە دێی تیماری نزیک سووورداش لە تاقمە خۆفرۆشێکیانداو (٣) جاشیان کوشت.

شـــەڕی تـــەوردا‌س

هێزەکانی ڕژێمی عێراق شاخی تەوردا‌سەی پشتی سەفرەو زەرونیان گرتبوو، ئەرتەشی ئێرانی (پاسدار) لە ناوچەکەدا بوون نەیاندەتوانی دەستی بە سەردا بگرن.

• جەبار فەرمان تیپی ٢٥ی خاڵخاڵانی بانگکرد تەوردا‌سە بگرن تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان هەڵمەتیان بردە سەر شاخی تەوردا‌سەی پشتی سەفرەو زەرون و دەستیان بە سەرداگرت.

پێش ئەوەی تیپی خاڵخاڵان تەوردا‌سە بگرن پاسدارەکان بە تیپی خاڵخاڵانیان ووت ئێوە هێرش بکەن ئێمە بە تۆپخانە هاوکاریتان دەکەین، تیپی خاڵخاڵان شاخەکەیان دەست بە سەرداگرت، بەڵام سوپای پاسداران یەک گوللە تۆپیشیان نەتەقاند.

پێشمەرگەکانی تیپی خاڵخاڵان سەرکەوتنە سەر تەورداس لە خوارەوە بەدەم تەقەوە سەرکەوتن فیشەکی گڕداریان دەتەقاند دەستیانگرت بە سەر ڕەبییەکاندا.

ڕەبییەکانی تەوردا‌سە بە سەر سەفرەدا زاڵبوون ڕێگای هاتوچۆو پەڕینەوەی هێزەکانیان گرتبوو، دوای دەستبەسەرداگرتنی ڕەبییەکانی تەوردا‌سە تۆپخانەکانی دوژمن کەوتنە تۆپبارانی تەوردا‌سە.

بـــــۆسە

دوو مەفرەزە لە پێشمەرگەکانی تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان بۆسەیەکیان لە سەر جادەی تەکیە ئاغجەلەر دانا ئۆتۆمبیلێکی هینۆی جەیشی شەعبی کەوتە بۆسەکەوەو پێشمەرگەکان دایانێنە بەر دەستڕێژی گوللەو ٣ کۆپتەر هات بە هانایانەوە.

زیانی دوژمن:

کوژرانی ٧ کەس

سووتاندنی ئۆتۆمبیلێك
لـــێدانی سەربازگەی چـــــەمچەماڵ

هێزێکی هاوبەشی هەر دوو تیپی خاڵخاڵان و کەرکوک لە ئێوارەی ١٩٨٦/٦/٣٠ بارەگای سەربازگەی چەمچەماڵیان بۆردومانکردو نیشانەکانیان پێکا، دوژمن زیانی زۆری بەرکەوت تا بەر بەیان لە دێیەکانی دەوروبەری چەمچەماڵەوە گڕو بڵێسەی سەربازگەکە دەبینرا.

لـــێدانی تـــەکیە
مـــانگی 1986/7

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان تەکیەی بازیانی سەر جادەی گشتی سلێمانی کەرکوکیان دایە بەر هاوەن و ئاربیجی.

دەستەیەکی هەمان هێزی تیپی خاڵخاڵان چوونە ناو تەکیەوەو خۆفرۆشێکیان بە کلاشینکۆفێک و (٥) شانەوە دەستگیر کرد.

ڕەوە کـــۆپتەر

بـەردەوام ڕەوە کۆپتەر ئاسمانی ناوچەکانی خاڵخاڵانی گرتبوو ڕۆژانـە بۆردوومانی خەڵکی ناوچەکەو بارەگای پێشمەرگەیاندەکرد هێزی پێشمەرگە بەرپەرچیان دەدانـەوەو بە چەکە دژە ئاسمانییەکانیان لە قولایی ئاسمانیان توند دەکردن و ڕاویاندەنان.

چـــالاکی بـــەغدا

پێشمەرگەیەکی تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان لە سەعات ١٢:٣٠ دەقیقەی نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٦/٩/٦ چووە ناو شاری بەغداو ئەمنێکی کوشت و ئۆتۆمبیلێکی تیوتا پیکاب دەستکەوت بوو پێشمەرگەکە بە سەلامەتی گەیشتەوە تیپی خاڵخاڵان.

گـــرتنی چـــوار ڕەبـــیە

هێزێکی هاوبەش لە تیپە قارەمانەکانی ٢١ کەرکوک و ٢٥ خاڵخاڵان لە شەوی ١٨-١٩/١٠/١٩٨٦ هێرشیانکردە سەر چوار ڕەبییەی دوژمن لە چەڵتوکە و ئۆمەر بەگ و گۆگجە کە بۆ حیمایەی بیرەنەوتەکان دانرابوون.

قۆڵی یەکەم

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی کەرتی ٢ کەرتی شوان و کەرتی تیپی ٢١ کەرکوک و کەرتی یەکی قەڵا سێوەکەی تیپی ٢٥ خاڵخاڵان لە کاتژمێر ٩:٣٠ دەقیقەی شەودا هێرشیانکردە سەر سێ ڕەبییەی دوژمن لەنێوان چەڵتوکە و ئۆمەربەگ لەماوەی ١٠ دەقیقەدا دەستان بەسەرداگرت

زیانی دوژمن

کوژراوو بریندارێکی زۆر کە لاشەی ١٨ چەکدار لەبەر پێی پێشمەرگەدابوو

دەستکەوت

١ ئاڕ بی جی
٣ ڕەشاشی دکتاریۆف
ڕەشاشی ئاڕ بی کەی
١١ کلاشینکۆف
١ پەڕەشووت
١ جیهازی ١٠٥
٢ خێمە
٢٥٠٠ فیشەک
١٠٠ بەتانی

قۆڵی دووەم

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی کەرتی تیپی ٢٥ خاڵخاڵان و کەرتی ٢ هێرشیانکردە سەر ڕەبییەکانی دەوروبـەری گۆگجە و دەستان گرت بەسەر ڕەبییەکەدا

دەستکەوت

١ ئاڕ بی جی و ٣٠ گوللە
١ ڕەشاشی دکتاریۆف
١ کلاشینکۆف
١ جیهازی ١٠٥
١ ئۆتۆمبێلی داتسۆن

بـــــۆسە

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان لە ڕۆژی ١٩٨٦/١١/١٥ بۆسەیەکیان بۆ دوژمن داناو لێیاندان.

زیانی دوژمن:

کوژرانی ڕەئیس عورەفایەک

دەستکەوت:

(١) ڕەشاشی ئاربیکەی
(١) کلاشینکۆف

شـــــەڕی ئـــیلینجاخ
1987/2/9
(1)

بەیانی ڕۆژی ١٩٨٧/٢/٩ تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان لە ئیلینجاخ بوون، کەرتێک لە ناو ئیلینجاخ بوون کەرتێک لە سەر ڕێگای ئیلینجاخ دامەزران.

تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان لە سەر ڕێگای ئیلینجاخ دامەزرابوون ئیڤایەک هات ئاسۆ سوورو نەهرۆ قەسرۆکی تەقەیان لێکرد، چوار ئیڤایتر تێپەڕین و بەرکەوتن لە دوای ئەوانەوە دوو ئیڤا و سۆپەرێک هات، سۆپەرەکە قایمقامی کۆیەی تێدا بوو دوای سۆپەرەکە لاندکرۆزەرێک هات قائیدی سەربازی تێدا بوو دەستڕێژیان لەوانیشکرد، ئیڤایەک دووکەڵی لێبەرز بووەوە دوو سەربازی تیابوو تەسلیم بوون، دوو جاش لە سەر ڕێگەکە بوون یەکێکیان ڕایکرد ئەویتریان تەقەیکرد ئاربیجییەکیان نا بە جاشەکەوە پێشمەرگەیەک چووە سەری و کوشتی، پێشمەرگەیەک بە ناوی ڕەجەب سەعدی حەمشین ناسراو بە خەبات کۆیی بریندار بوو.

ئیڤایەک ویستی بکشێتەوە ئاربیجییەکیان پێوەنا، کاروانە سەربازییەکە لە یەکتری هاڵابوون ناقیلەو سەربازی ئیڤاکان ڕووەو پێشمەرگەکان گەڕانەوە.

پێشمەرگەکان دەستکەوتەکانیان کۆکردەوە، لاندکرۆزەری قائید، سوپەر، ئیڤایەک و هینۆیەکیان لە گەڵ خۆیاندا هێنا.

١٠ کڵاشینکۆف و چواردە خۆرێکی قایمقام دەستکەوت بوون

دوو سەرباز بە دیل گیران

ناقیلەکە تەقەی لێدەکردن پێشمەرگەکان کشانەوە ئیلینجاخ (٩) کۆپتەر هاتنە سەر ئاسمانی شەڕەکە دەوری دێیەکەیان گرتبوو کۆپتەر جاش و سەربازی دابەزاند.

پێشمەرگەکان لە ڕێگەی (FM)ی ڕادیۆوە گوێیان لێبوو کۆپتەرەکان لە نێوان خۆیاندا قسەیان دەکردو دەیانووت بە دەست دەیانگرین.

ئاسۆ سوور ئاربیجییەکی بەرەو ڕووی کۆپتەرێک تەقاند لە قوڵایی ئاسمان توند بوون.

شەڕ لە نێوان پێشمەرگەکانی خاڵخاڵان و دوژمندا بەردەوام بوو (٩) کۆپتەر بە ناو کۆڵانەکانی ئیلینجاخدا دەگەڕان شەڕ تا ئێوارەی خایاند.

لەو شەڕەدا نەهرۆ قەسرۆکی بریندار بوو خەبات کۆیی کە پێشتر بریندار بوو بە هۆی تووشبوونی بە نەزیف شەهید بوو.

شـــــەڕی ئـــێلینجاغ
(2)

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی کەرتی ١و ٢ ی تیپی ٢٥ خاڵخاڵان لە ڕۆژی ١٩٨٧/٢/٩ بۆسەیەکیان لەسەر جادەی ڕێدار، تەق تەق لە ئاستی دێی ئێلینجاغ دانا، کاتژمێر ١٢،٥ نیوەڕۆ هێزێکی گەورەی دوژمن کەوتە بۆسەکەوە لەگەڵ یەکەم دەستڕێژیدا ١٠ ئۆتۆمبێل کەوتنە بەر هەڵمەتی پێشمەرگەکان و ژمارەیەکی زۆریان کوژرا ئەوانیتریش دەستگیرکران بەشێکیش هەڵاتن دوای لێدانی ئەو هێزەی دوژمن پێشمەرگەکان گەڕانەوە ئێلینجاغ دوژمن پەنای بردە بەر ٦ کۆپتەری باری و ٤ کۆپتەری جەنگی و ٢ پیلاتۆس، چەکە دژە ئاسمانەییەکانی پێشمەرگە لێیان هاتنە دەست و کۆپتەرێکیان پێکاو لە شیوی هەنجیرەی نزیک ڕێدار کەوتە خوارەوە، شەڕ تا کاتژمێر ٥ی ئێوارەی خایاند هێزێکیتری دوژمن بە پشتیوانی ٦ مودەڕەعە و تۆپێکی ١٠٦ ملم بەرەو دێیەکە هاتن پێشمەرگەکان لەوانیشیاندا و ڕاویاننان، لەهەمانکاتدا هێزێکی دوژمن بە پشتیوانی کۆپتەر هاتنە ناوچەی شەڕەکە، پێشمەرگەکانی تیپی ٢١ کەرکوک و کەرتەکانیتری تیپی خاڵخاڵان لەهەردوو بەرەوە بەهانای شەڕەکەوە هاتن و لە دوو قۆڵەوە بەرەو جادەکە ڕۆیشتن.

قۆڵی یەکەم

لەسەر جادەی تەق تەق دامەزران، پێشمەرگەکانی کەرتی ٢ی شوان و کەرتی ٣ی شەهیدانی چیمەنی تیپی ٢١ کەرکوک سێ جاشیان بەدیلگرت

قۆڵی دووەم

پێشمەرگەکانی کەرتی ٢و ٣ و کەرتی تیپی ٢٥ خاڵخاڵان بەرەو ئێلینجاغ و سەر

جادەکە هاتن و دەستی کاریگەریان لە دوژمن وەشاند و ٤ ئۆتۆمبێلیان سووتاند، بەشێک لە کەرتی ٣ی تیپی ٢٥ خاڵخاڵان لە بەری ئۆمەرمەندانەوە بەرەو ئێلینجاغ و سەر جادەکە هاتن، ئەو هێزانەی دوژمنیان تێکشکاند کە گەمارۆی دێیەکەیان دابوو.

زیانی دوژمن

کوژران و بریندارببوونی زیاتر لە ١٥٠ سەرباز و جاش بەدیلگرتنی ٥ سەرباز و جاش

خستنە خوارەوەی کۆپتەرێک

تێکشکاندن و سووتاندنی ١٦ ئۆتۆمبێلی هەمەجۆر

دەستکەوت

١٣ کلاشینکۆف

٤ ئۆتۆمبێل

٣٠ گوللە هاوەنی ٦٠ ملم

قوربانی

شەهیدبوونی پێشمەرگەیەک بوو.

گـــرتنی ڕەبییەی یـــارمچە

دەستەیەکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی کەرتی یەکی تیپی ٢١ کەرکوک و کەرتی ٢ی تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان لە کاتژمێر ٩ی شەوی ٢٧-١٩٨٧/٢/٢٨ هێرشیانکردە سەر ڕەبییەی گردی شورەی نزیک یارمچە لەماوەی ٥ دەقیقەدا دەستیان بەسەرداگرت

زیانی دوژمن

کوژرانی ٦ جەیشی ناشەعبی بوو

دەستکەوت

١ ئاڕ بی جی و ١٥ گوللە

٣ کلاشینکۆف و ١٢ مەخزەن

١٠ نارنجۆک

کـــەلی سمایل بـــەگ

پێشمەرگەکانی کەرتی تیپی ٢٥ خاڵخاڵان و مەفرەزەیەکی کەرتی ٣ ی شەهیدانی چیمەن کاتژمێر یەکونیوی شەوی ١٠-١٩٨٧/٣/١١ هێرشیانکردە سەر ڕەبییەی کەلی سمایل بەگی لەسەر ڕێگای گشتی کەرکوک-تەق تەق، لە ماوەیەکی کەمدا دەستیان بەسەردا گرت

زیانی دوژمن

کوژرانی دوو جاش

دەستکەوت

١ ئاڕ بی جی و ٧ گوللە

١ ڕەشاشی دکتاریۆف و ١٣ شانە

٣ سندوق فیشەکی ڕوسی

١ تەلەفۆن و کۆمەڵێک بەڵگە نامە

گـــرتنی ڕێگـــەکان

لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٧ و نزیک بە کۆتایی ئەو ساڵە دۆخی ناوچەکانی نزیک بە کەرکوک خراپتر دەبوو دەسەڵاتداریێتی کەرکوک ڕێگە سەرەکییەکانی هاتوچۆی نێوان کەرکوک و ناوچە ڕزگارکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەی گرت و خۆڵی لێهەڵدانەوە نەیدەهێشت خواردن و پێداویستی ڕۆژانە بگاتە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە، ئەوەی دەهات بە ڕێگەی قاچاخ و لە تولە ڕێگەکانەوە دەگەیشت ئەویش بە ڕێگەیەکی زۆر کەم بە جۆرێک کاریگەری لە سەر ژیانی خەڵک دروستکردبوو.

شـــەهید بوونی مەلا ئـــــاراس
1987/4/11

مەلا ئاراس سەرپەرشتیاری هەر دوو تیپی ٢١ی کەرکوک و ٢٥ی خالّخالّان بوو، لە گەڵ چەند پێشمەرگەیەک بە سواری لاندکرۆزێک هاتبوونە دێی مەرزیخە لە ناوچەی شێخ بزێنی، پێش ئەوەی بگەنە ناو مەرزیخە فڕۆکەی پیلاتۆز هاتە سەریان و تەقەی لێکردن بەڵام کەسیان بەرنەکەوتن و چوونە ناو ئاوایی مەرزیخە.

پێشمەرگەکان لە ناو مەرزیخەدا دابەش بوون مەلا ئاراس و فەلاح چوونە ناو خانوویەکەوە سەری نەگیرابوو کەلاوە بوو.

مەلا ئاراس بە بیکەیسی تەقەی لە فڕۆکەکە دەکرد، فڕۆکەکە مەرزیخەی بە ڕۆکێت دابێژا یەکێک لەو ڕۆکێتانە بەر ئەو خانووە کەوت کە مەلا ئاراسی تیا بوو بە پارچەی ڕۆکێتەکە مەلا ئاراس شەهید بوو، فەلاحیش بریندار بوو قاچێکی شکا.

مـەلا ئـاراس قارەمانی دەیـان و سـەدان داستان و نـەبـەردی بـوو، لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا (١٣) جار بە سەختی بریندار بوو، بە پێی ڕاپۆرتێکی پزیشکی ٣٥٥ پارچە ئاسن لە گیانیدا بوو.

دکـــــتۆر کەمال شـــــاکر

دکتۆر کەمال شاکر یەکێک لە پێشمەرگەو فەرماندە تیپەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو ئەو کاتەی تیپی ٢٥ی خالّخالّان بەرەو شەڕەکانی داستانی ڕزگاری ڕۆیشتن بە بڕیاری سەرکردایەتی کەمال شاکر کرایە فەرماندەی تیپەکە، دوای تەواو بوونی شەڕەکانی داستانی ڕزگاری کەمال شاکر وازیهێنا.

دواتر ڕەهبەری سەید برایم لە تیپی ٩٣ی کۆیە گواستراییەوەو کرایە فەرماندەی تیپی ٢٥ی خالّخالّان.

گـــرتنی ڕەبـــییەی تـــەوەکەڵ

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی تیپی ٢٥ خەڵخەڵان لەشەوی ١٥-١٩٨٧/٦/١٦ هێرشیانکردە سەر ڕەبییەیەکی دوژمن لەشاخی تەوەکەڵ دوای کاتژمێرێک دەستییان بەسەرداگرت و ١٢ کەسیان بەدیلگرت

دەستکەوت

١ ئاڕ بی جی و ٥ گوللە

١١ کلاشینکۆف

١ جیهازی ١٠٥

٦٥ مەخزەن و ٤٠٠٠ فیشەک

ڕەبـــییەی چـــنارتوو

پێشمەرگەکانی کەرتی ٤ی تیپی ٢٥ خاڵخاڵان لەشەوی ٢٦-١٩٨٧/٧/٢٧ هێرشیانکردە سەر ڕەبییەی سەر شاخی چنارتوو بەڵام جاشەکان ڕەبییەیەکەیان چۆڵکرد تا بەیانی بێنەوە ناوی پێشمەرگەکان لەناو ڕەبییەکاندامانەوە تا بەیانی جاشەکان گەڕانەوە ناو ڕەبییەکان پێشمەرگەکانی خاڵخاڵان لێیاندان و دوو جاشییان کوشت پێنج جاشیش بە دیل گیران

دەستکەوت

٧ کلاشینکۆف و ٢٤ مەخزەن

گـــرتنی ئـــاغجەلەر

تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان بەشداریکرد لە گرتنی ئاغجەلەردا کەرتی (٣)ی تیپی خاڵخاڵان بە سەرپەرشتی ڕزگار عەلی دەستیانگرت بە سەر ڕەبییەیەکدا مامۆستا عادل فەرماندەی کەرت بوو بۆ گرتنی ڕەبییەکە لە گەڵ کەرتی (٣) دانرا.

ڕزگار عەلی و مامۆستا عادل چوونە سەر سیمی ڕەبییەکە پێشمەرگەکان بە دوایاندا گەیشتنە بن ڕەبییەکە و تۆپباران دەستیپێکرد، دواتر کۆپتەر هات و

تەنویری هەڵدا مامۆستا عادل بە ئار بی جی لە ڕەبییەکەیدا ڕزگار عەلی و جومعە یەکەم کەس بوون چوونە ناو ڕەبییەکەو گرتیان، ١١ پارچە چەک دەستکەوت بوو.

هەر تیپی خاڵخاڵان لە گرتنی سەربازگەی تەوەکەڵدا بەشداریانکردو ژمارەیەکی زۆر چەک دەستکەوت بوو.

تـــێشکاندنی پـــەلاماریٚکی دوژمـــن

ڕۆژی ١٩٨٧/١٢/١٧ هێزێکی دوژمن کە پێکهاتبوو لە سەدان سەرباز و جاش و دوانزە تانک و ٣ کۆپتەر بەمەستی سووتاندنی ١٢ دێی ناوچەی خاڵخاڵان لە دوو قۆڵەوە پەلاماری ناوچەی خاڵخاڵانیدا

قۆڵی یەکەم، بەرەو دێیەکانی تەوەکەڵ و قوچک نەخشینە و کانی سپیکە و کوراوە.

قۆڵی دووەم، دوژمن هێزەکانی بۆگرتنی قەیماسە و تەختکردنی دێیەکانی هەنجیرە و گوڵان و موتلیجە و گەرگەر و دانانی چەند ڕەبییەیەک لەسەر قەیماسە تەرخانکرد پێشمەرگە دلێرەکانی خاڵخاڵان و هێزی پشتگیری لەهەردوو قۆڵەکەوە ڕووبەڕووی پەلامارەکەی دوژمن بوونەوە و نەیانهێشتن دوژمن بێتە پێشەوە شەڕ تا ئێوارە بەردەوام بوو، بەدرێژایی شەڕەکە کۆپتەر بۆردوومانی ناوچەکە و سەنگەرەکانی پێشمەرگەی دەکرد بەڵام پێشمەرگە لە سەنگەرەکانیاندا نەجوڵان، دوای ئەوەی دوژمن لەبەردەم پێشمەرگەکانی خاڵخاڵاندا شکا، بەرەو تەکیە کشایەوە

زیانی دوژمن

کوژران و بریندارببوونی ژمارەیەکی زۆر بوو

لەگەڵ شکاندنی تانکێک و شۆفڵێک

شـــەڕەکانی سەرکردایەتی، ئـــەنفالی یەك

تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان پێش پرۆسەی بەدناوی ئەنفالی یەک ماوەیەک لە قوڵە پۆشینەوە قوڵە سەوز لە زنجیرەی پیرەمەگرون لە ئەرکدا بوون.

لە شەڕەکانی سەرکردایەتی بەشداری بەرچاویانکرد لەو شەڕانەدا دلێرە سوور فەرماندەی کەرت شەهید بوو.

چـــالاکییەکی ســـــەرنەکەوتوو
مـــانگی 1988/4

عەلی باوەفەتی جێگری کەرت بوو سەرپەرشتی کەرتی (١)ی قەڵا سێوکەی دەکرد، بەرنامەی دەستبەسەرداگرتنی ڕەبییەیەکی داڕشتبوو هەر چەندە تیپی خاڵخاڵان بڕیاریاندابوو لە بەر هەستیاری دۆخەکە چالاکی نەکەن بەڵام عەلی باوەفەتی لە چیا سەوز کۆبوونەوەیەکی بە کەرتەکە کردوو نەخشەی دەستبەسەرداگرتنی ڕەبییەکەی بۆ باسکردن.

ڕەبییەکە لە نێوان تەکیەو ئاغجەلەر نزیک ئاوایی کانی سپیکە بوو، بەرەو لێدانی ڕەبییەکە بەڕێکەوتن.

دەستەی هێرش بۆ سەر ڕەبییەکە جیاکرایەوە کە پێکهاتبوون لەم پێشمەرگانە:

١/ عەلی باوەفەتی
٢/ عوسمان بچکۆل
٣/ مستەفا سەرگەڵویی
٤/ ئاسۆ
٥/ فواد
٦/ هێرش
٧/ دڵشاد
٨/ شەماڵ گۆپتەپەیی

هیوا ڕەش کە بیکەیسی پێبوو لە گەڵ سیروان گۆگچەیی کە ڕێبەری سیاسی کەرتەکە بوو دانران بۆ سەر لێشێواندنی ڕەبییەکە بەشێک لە کەرتەکە کرانە کەمین تا ئەو چەکدارانەی ڕادەکەن بکەونە کەمینەکەوە، کاتژمێر (١)ی شەو پێشمەرگەکان بەرەو هێرشکردنە سەر ڕەبییەکە بەڕێکەوتن پێش ئەوەی بگەنە سەر ڕەبییەکە کەوتنە کێڵگەی (مین)ەوەو شەش پێشمەرگە شەهید بوون.

تـــیپی مـــەڵبەندی یـــەك
شـــەش

تـــیپی مـــەڵبەندی یـــەك

دوای ئـەوەی هێزەکانی دوژمـن پەلاماری ناوچەکانی مەڵبەندی یەکیاندا لە ناوچەکانی شارباژێڕی تەخت، تیپی مەڵبەندی یەک کە بارەگاکەی لە حاجی مامەند بوو لە گەڵ بارەگای مەڵبەند گواستراندوە بۆ قەرەداخ و دکتۆر کەمال شاکر کرایە فەرماندەی تیپ و بارەگاکەی لە دێی بەلەکجار بوو.

پـــــێکهاتەی تـــــیپ

- دکتۆر کەمال شاکر فەرماندەی تیپ
- مام سالّح گۆڕی ئەسپی جێگری تیپ
- غەریب ڕەشید حەمید ڕابەری سیاسی تیپ
- مامۆستا کاکە ڕەش لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە
- کاک عەدالەت تالّەبانی لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی شۆڕشگێڕانی تیپ

تیپی مەڵبەند لە (٧) کەرت پێکهاتبوو:

١/ عومەر ڕەشید حەمید تالّەبانی فەرماندەی کەرتی تیپ، بارەگاکەی لە بەلەکجار بوو

٢/ حەمە قاشتی فەرماندەی کەرتی یەک بارەگای کەرتەکە لە دێوانە بوو

٣/ عەلی ڕەشە جوتە فەرماندەی کەرتی دوو بارەگای کەرتەکە لە ئەستێڵی سەروو بوو

٤/ هاوڕێ کامەران فەرماندەی کەرتی سێ بارەگاکەی لە کۆشک بوو

٥/ ئەحمەد ڕەشید ڕەمـەزان فەرماندەی کەرتی چـوار، بارەگای کەرتەکە لە سێوسێنان بوو

٦/ مام غەریب فەرماندەی کەرتی پێنج بارەگای کەرتەکە لە بەڵخە بوو

٧/ سیروان سەعە جوقلی فەرماندەی کەرتی شەش بارەگاکەی لە ئەستێڵی خواروو بوو

تێکڕای تیپەکە ٣٠٠ پێشمەرگە بوو لە سەرەتای تیپەکە تا کاتی ئەنفالەکان بەشداری چەندین داستان و نەبەردییانکرد.

تیپی مەڵبەندی یەک لە ساڵی ۱۹۸۷ بوو بە سێ تیپ، دکتۆر کەمال شاکر فەرماندەی تیپەکە بوو دوای گواستنەوەی لە تیپی مەڵبەند دلێر جاف کرایە فەرماندەی تیپەکە.

- تیپی ۱۷ی زمناکۆ جەمیل هەورامی کرایە فەرماندەی تیپ
- تیپی تایبەتی مەڵبەند مەلا ئەحمەدی گەرمیان کرایە فەرماندەی

مـــــەڵبەندی یـــەک

سەرەتای پێکهێنانی مەڵبەندی یەک تا ساڵی ۱۹۸۸ چەند لێپرسراوێکی بە خۆیەوە بینی:

- بەکری حاجی سەفەر
- مەلا بەختیار
- جەبار فەرمان
- شەوکەتی حاجی موشیر
- قادری حاجی عەلی

ئەرکی تیپی مەڵبەند پاراستنی سنووری مەڵبەندی یەک بوو.

چـــالاکی ناو شـــار

لەشەوی ۷-۱۹۸۵/۷/۸ دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی کەرتی پێنج تیپی مەڵبەندی یەک چوونە ناو شاری سلێمانی و بەدوای خۆفرۆشاندا گەڕان، لەسەر جادەی سەرشەقام و باخی شێخ لەتیف بۆسەیان دانا سێ ئۆتۆمبێلی قوە طواری کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەکانی کەرتی ٥ و گوللە بارانیانکردن

زیانی دوژمن

کوژرانی یەک قوە طواری

بریندارببوونی چواریتر

تێکشکاندنی دوو ئۆتۆمبێل

شـــەڕی شـــاخی زەردە
تـــیپی مـــەڵبەندی یـــەك
1986/2/18

خاڵی پەیکوڵی، کەلی پەیکوڵی، چەماخەکە ئەوبەری شاخی زەردە بوو، دوژمن دەستی گرتبوو بە سەر شاخی گوڵاندا کە بە سەر دەربەندیخاندا زاڵبوو.

تیپی مەڵبەندی (١) لە چەماخەکە خێمەیان هەڵدابوو تا ئاگاداری هەر جوڵەیەکی دوژمن بن کەرتەکانی تیپی مەڵبەند بە نۆرە دەهاتنە چەماخەکە.

کاتژمێر (٣)ی شەو هـەواڵ گەیشتە تیپی مەڵبەند پێشمەرگەکانی چەماخەکە شوێنەکەیان چۆڵکردبوو هێزی دوژمن لە شاخی زەردە نزیک بوونەوە، هێزێکی تیپی مەڵبەندی (١) هێرشیانکردە سەر دوژمـن، هێزێک بـەرەو هۆمەر قەڵاو بن شاخی زەردە، هێزێک لە پشتی ئاوە سپی سەرکەوتنە سەر شاخ هێزەکەی تیپی مەڵبەندی (٣) لە هێزەکەی دوژمنیانداو شکاندیانن.

تۆپخانەی دوژمن لە دەربەندیخان و سەربازگەکانیترەوە تۆپبارانی سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان دەکرد، کۆپتەر لە سەر ئاسمانی شەڕەکە بوو.

کۆپتەرە بارهەڵگرەکان بەشەبەکە پێداویستی و کەلوپەلی سەربازییان دادەبەزاند کە پێکهاتبوون لە خێمە، تەلی درکاوی، خواردنی لە قتونراو، ئاو بە جلیکانە، بە شەبەکە هێستریان دادەبەزاندە سەر شاخی زەردە بە نیاز بوون لە شاخی زەردە جێگیربن و بیکەنە مۆڵگەی خۆیان. پێشمەرگەکانی تیپی مەڵبەندی (١) بەرگری کەم وێنەیانکرد هێزێکیان نارده چرچە قەڵا بۆ ڕێگریکردن لە دزە کردنی دوژمن بەردەوام پێشمەرگە سەردەکەوتنە سەر شاخ بۆ لای هێزەکەی تیپی مەڵبەند.

کاتژمێر (٤)ی ئێوارە هێزی پێشمەرگە لە چرچە قەڵا، هۆمەر قەڵا، بەدرێژایی شەڕەکە هێرشیان کردە سەر دوژمـن، لە ئێوارەدا هێزەکەی دوژمـن شکان و گەڕانەوە شاخی گوڵان.

لەو شەڕەدا:

٢٥ قوات خاسە لە شاخی زەردە کوژران، ٢٠ سەرباز دەستگیرکران، خەڵکی چرچە قەڵا تەرمەکانیان گەڕاندەوە بۆ دوژمن، ١٥ هێستر دەستیان بە سەرداگیرا هەموو ئەو کەلوپەلانەی لە شاخی زەردە دایانبەزاند کەوتنە دەست پێشمەرگە، ٢٠ پارچە چەکی هەمە جۆر دەستکەوت بوو.

لـــێدانی مـــونەزەمەی قـــەرەداخ
شـــەوی 1986/6/27/26

فەرهادە بچکۆل بە عەلی ڕەشە جوتەی ووتبوو جاشێک هەواڵی پێداوم مونەزەمەی قەرەداخ هەتا کاتژمێر (١٠)ی شەو بەخەبەرن بە پشتیوانی ڕەبییەکانی دەوروبەری قەرەداخ دەخەون.

دوای دانانی نەخشەو پلانی گونجاو کاتژمێر (١٢)ی شەوی ١٩٨٦/٦/٢٧/٢٦ هێزێکی مەڵبەندی یەک بە فەرماندەیی کەمال شاکر چوونە ناو باخەکانی قەرەداخ.

سەگێکی زۆر لە پێشمەرگەکان هاڵا بوو کەمال شاکر دوو پێشمەرگەی نارد لە قەراخ بڕۆنە دەرەوە تاوەکو سەگەکان دوایان بکەون.

پێشمەرگەکانی مەڵبەندی یەک کەمینیان لە باخەکان دانا بۆ کاتی گەڕانەوە (١٢) پێشمەرگە بە فەرماندەیی کەمال شاکر چوونە ژێر مونەزەمەکە پێشمەرگەکان شانیان بۆ یەکتر دادەدا بە سەر شانی یەکتردا سەرکەوتنە سەرەوە، جاشەکانی ناو مونەزەمەکە خەوتبوون، پێشمەرگەکان لە قاتی دوو بە پلیکانەدا سەرکەوتن چوونە سەربان جاشەکان بەڕیز خەوتبوون یەکێک لە جاشەکان بە خەبەر بوو سەری کێشا بە پێشمەرگەیەکدا بۆ ئەوەی هەڵیبدات کەمال شاکر قۆناغە تفەنگێکی بە سەریدا کێشاو کەوت جاشەکانیان گرت و باڵبەستیانکردن.

پێشمەرگەکان زانیارییان هەبوو کلیلی مەشجەبەکە لای جەمال دەلوجەییە کەمال شاکر زللەیەکی لە جەمالدا ووتی کوا کلیلی مەشجەبەکە جەمال یەکسەر کلیلەکەی دایە دەستی، مەشجەبەکە ١٦ تفەنگی تیابوو هێنایان.

پێشمەرگەکانی تیپی مەڵبەند وا پلانیان دانابوو مونەزەمەکە بگرن، بەڵگەنامەکان بەرن، دواتر ئاگر بەربدەنە مونەزەمەکەو دوو سێ گوللە ئاربیجی بنێن بە ڕەبییەکانی دەوروبەری مونەزەمەکەوەو بگەڕێنەوە.

ئەو شەوە ڕەشەبا بوو دەرگای هەورەبانەکە کرابووەوە دەهات و دەچوو، حەسەن حاجی مالێیان لە تەنیشتی مونەزەمەکە بوو هاواری لە جاشەکانکرد کەس وەڵامی نەدایەوە حەسەن ڕایکرد بۆ ڕەبییەکان لەوێوە دەست کرا بە تەقە لە پێشمەرگەکان.

پێشمەرگەکان بەدەم تەقەکردنەوە لە ڕەبییەکانی دەوروبەری مونەزەمەکە پاشەکشەیانکرد، دیلەکانیان لە ناو مونەزەمەکەدا بە قۆڵ بەستراوی بەجێهێشت.

دەستکەوت:

١٦ چەک

دوای گرتنی مونەزەمەی قەرەداخ ڕژێمی عێراق کەوتە تۆپبارانی دێیەکانی قەرەداخ و بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام بوو.

گـــرتنی مونەزەمەی قـــەرەداخ
لە گـــەرووی ئـــیزگەوە

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی تیپی مەڵبەندی یەک لە شەوی ١٩٨٦/٦/٢٧/٢٦ چوونە ناو شاری قەرەداخ، لە ماوەی پێنج دەقیقەدا دەستیانگرت بە سەر مونەزەمەی حزبی بەعس لە ناو قەرەداخدا.

دەستکەوتەکان:

- ١ ئاربیجی (١١)و چەند گوللەیەک
- ١ ڕەشاشی ئاربیکەی
- ١ کلاشینکۆف و ٢٢ شانە
- ٣ دەمانچەی چواردە خۆر
- ٥٠٠ فیشەکی هەمە جۆر
- ١ دیل

پێشمەرگەکان سەرکەوتووانە و بێ زیان بوون

گـــرتنی مقەڕ فـــەوجی قـــادرکەرەم

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە قارەمانەکانی مەڵبەندی یەک و هێزی پشتگیری و مەفرەزەیەکی حزبی سۆسیالیستی کوردستان لەشەوی ١٩-١٩٨٦/٩/٢٠ هێرشیانکردە سەر مقەڕ فەوجێکی دوژمن لە ناحیەی قادر کەرەم کە چەند کیلۆمەترێک لە سەرووی ڕۆژهەڵاتی کەرکوکەوە بوو دوای کاتژمێرێک شەڕ و هەڵمەت دەستیان بەسەر مقەڕ فەوجەکەدا گرت ژمارەیەک چەکدار کوژران و ئەوانیتر هەڵاتن هاوکات لەگەڵ هێرشی پێشمەرگە بۆسەر مقەڕ فەوجەکە هێزێکیتری پێشمەرگە ڕژانە ناو ناحیەی قادر کەرەم و هەڵمەتیان بردە سەر بارەکای مونەزەمە و ڕەبییەی کارەبا و چەند مۆڵگەیەکیتری دوژمن

زیانی دوژمن

کوژرانی ٢٠ چەکدار

دەستکەوت

١ ڕەشاشی ئاڕ بی کەی

٩ کلاشینکۆف

٢٠ تفەنگی سەڵیب و هەندێک کەلوپەلیتر

قوربانی پێشمەرگە

شەهیدبوونی دوو پێشمەرگە بوو بەناوەکانی

١-شەهید جەمال سالّح

٢-شەهید مەحموود عەزیز

چـــالاکی ناو شـــار

دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی مەڵبەندی یەک لە شەوی ١٩٨٦/١٠/١٦/١٥ چوونە ناو شاری سلێمانی، بە سەر جادەی ئۆرزیباک و سابونکەراندا زاڵبوون و لە پۆلیسەکانی بەردەرکی سەرایاندا.

زیانی دوژمن:

کوژرانی ٢ پۆلیس

شـــاخی زەردە

هێزێکی گەورەی دوژمن لە کاتژمێر ١ی شەوی ١٨-١٩/٢/١٩٨٧ هێرشیانکردە سەر شاخی زەردەی دێی بانیخێلانی دەربەندیخان مەفرەزەیەکی تیپی مەڵبەندی یەک بەرەنگای هێزەکەی دوژمن بوونەوە و ماوەی چەند کاتژمێرێک شەڕیان لەگەڵدا کردن، هێزەکەی دوژمن توانی چەند شوێنێک بگرێت هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی تیپی مەڵبەندی یەک و کەرتی ٥،٦،٧ و مەفرەزەیەکی کەرتی تیپ لەگەڵ مەفرەزەیەکی تیپی ٥٥ی قەرەداخ و دەستەیەکی مەڵبەند و مەفرەزەیەکی حزبی شیوعی لەقۆڵی گەرمیانەوە بەرەنگاری هێزەکەی دوژمن بوونەوە و هێرشیانکردە سەری لەماوەی ٢٠ دەقیقەدا هەموو ئەو شوێنانەیان لەدەست دوژمن

دەرهێنا کە گرتبوویان

زیانی دوژمن

کوژران و بریندارببوونی زیاتر لە ١٠٠ مغاویر و جاش

بەدیلگرتنی ٤ مغاویر

دەستکەوتەکان

١ ڕەشاشی بی کەی سی

٤ ئاڕ بی جی و ١٠ گوللە

١٥ چەکی هەمەجۆر

١ قەناس

٢ هاوەنی ٦٠ ملم

١ جیهازی ڕاکاڵی بچووک

٤ جیهازی پی ئاڕ سی

١٠٠ گوللە هاوەن

هەزاران فیشەکی بی کەی سی و کلاشینکۆف

چەندین خێمە و کەلووپەلی سەربازی

قوربانی پێشمەرگە شەهیدێک بوو

تۆپبارانی مۆڵگەی دوژمن

تیپی تایبەتی مەڵبەندی یەک لە کاتژمێر ٦ی ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٧/٥/١١ تۆپبارانی مۆڵگەکانی دوژمنیانکرد لە ئۆردووگای نەمەڵ، ڕۆژی ٥/١٢ تۆپبارانی مۆڵگەکانی دوژمنیانکرد لە زەڕایەنی کۆن و ئۆردووگای زەڕایەن گوللە تۆپەکان شوێن مەبەستەکانیان پێکاو زیانی زۆریان بە دوژمن گەیاند.

ڕزگـــــارکردنی زنـــــجیرە شاخی گـــڵەزەردە

ناوچەیەکی بەرفراوان کە پانتاییەکەی دەیان کیلۆمەتری چوارگۆشەیە لە ماوەی سێ کاتژمێری دوو قۆناغی هێرش و هەڵمەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا ڕزگارکرا

قۆناغی یەکەم: شەوی ٢٤-١٩٨٧/٥/٢٥ هێزەکانی مەڵبەندی یەک و دەستەیەکی ڕێکخراوی چوار و مەفرەزەیەکی پاسۆک لە سێ قۆڵەوە هێرشیانکردە سەر ڕەبییەکانی دوژمن لەسەر شاخی گڵەزەردە، لە قۆڵی یەکەم هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی تیپی ٥٥ قەرەداخ و تیپی مەڵبەندی یەک و هێزی پشتگیری هێرشیانکردە سەر مۆڵگەکانی دوژمن لە پشتی سوێراوا، زڕگوێز، کڵاوگورگ، دارمازەڵە و لە ماوەیەکی کەمدا توانییان دەست بەسەر بارەگای فەوجی ١٠٣ و دوو بارەگای سریە و ٧ ڕەبییەی فەوجی ١٠٧دا بگرن.

قۆڵی دووەم: هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی تیپی ٥٣ی شێروانە و تیپی ٥١ گەرمیان و هێزی پشتگیری هاوکات لەگەڵ هێرشی قۆڵی یەکەمدا هێرشیانکردە سەر مۆڵگەکانی دوژمن لە سێکوچکە و مەخفەری گڵەزەردە و پشتی بەرانان و لە ماوەیەکی کەمدا دەستیان بەسەر دوو بارەگای سریەی مغاویری (٣و٤) ی فەوجی یەکی مغاویری فیرقەی (٥و٣)ی بارەگای فەسیلی (١١و ١٢ و ١٣)ی وەحدەی (٣٠١٥)و یەک بارەگای سریەی جاش و ٥ ڕەبییەی جاشدا گرت.

قۆڵی سێیەم: هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی تیپی ٥٧ی سەگرمە و ٥٩ حەمرین و مەفرەزەیەکی پاسۆک و هێزی پشتگیری هێرشیانکردە مۆڵگەکانی دوژمن لە پشتی داراغا و پشتی قەڵا سووڕە و شاخی بەرانان و پشتی هەزارمێرد و جێشانە و لە ماوەیەکی کەمدا دەستیانگرت بەسەر بارەگاکانی فەوجی ٦٠ و بارەگایەکی سریەی جاش و ١٣ ڕەبییەدا

زیانی دوژمن

کوژرانی زیاد لە ١٠٠ جاش و سەرباز لاشەی ٣٥یان لەبەر پێی پێشمەرگەدا بوو لەناو کوژراوەکاندا چەند ئەفسەرێک هەبوون

١٥ سەرباز و جاش بەدیلگیران

دەستکەوت

١ بی کەی سی- ١٠ ئاڕ بی جی بە ٢٢ گوللەوە

٢ هاوەنی ٦٠ ملم- ٣١ کلاشینکۆف

١٧ سندوق فیشەکی کلاشینکۆف-٢ دکتاریۆف

١ئاڕ بی کەی-١ ئۆتۆمبێلی لاندکرۆزەر

١ جێپ قیادە-١ ئیڤا-٦ دەزگای بێتەلی بچووک-٣ چادر – ٩ سندوق نارنجۆک و ١ پەڕەشوت

قوربانی پێشمەرگەش حەوت شەهید بوو

شەوی ٢٦-١٩٨٧/٥/٢٧ هێزی پێشمەرگە هێرشیانکردە سەر مۆڵگەکانی دوژمن لەبناری شاخی گڵەزەردە و داراغا و جێشانە بەمجۆرە پێشمەرگەکانی مەڵبەندی یەک لە دوو قۆڵەوە هێرشیانکردە مۆڵگە و ڕەبییەکانی دوژمن.

قۆڵی یەکەم پێشمەرگەی تیپەکانی ٥٧ سەگرمە و ٥٩ حەمرین دوای شەڕێکی سەخت دەستیانگرت بەسەر بارەگای فەوجی ٦٠ و ڕەبییەکانی دەورووبەریدا بەشێکیتری هەمان هێز هێرشیانکردە سەر بارەگای فەوجی ٩٧ی سووک و گورزی کاریگەریان لێدا.

قۆڵی دووەم: پێشمەرگەکانی تیپی ٥٣ شێروانە و تیپی مەڵبەندی یەک هێرشیانکردە سەر بارەگای فەوجی وەحدەی (٨٧٩٠) و بارەگای فەوجی ٩٠ی سووک و دەستیان بەسەرداگرتن، هەرچی لە بارەگاکاندابوون ژمارەیەکیان بەدیلگیران تەنها ئەوانە دەربازبوون کە لەسەرەتای شەڕدا بەرەو ئۆردوگاکانی سلێمانی و تانجەرۆ هەڵاتن.

زیانی دوژمن

کوژرانی ١٥٠ ئەفسەر و سەرباز و جاش

بەدیلگرتنی ١٣ کەس

زیانی مالّی دوژمن

سووتاندنی ٣٠٠ پارچە چەکی هەمەجۆر و ١٥ ئۆتۆمبێل

دەستکەوت

١ ئاڕ بی جی-٢ پەڕە شووت- ١ دەمانچە- ١٦٠ کلاشینکۆف-٣ ڕەشاشی دکتاریۆف-٣ ئۆتۆمبێل-یەک تەنکەری ئاو-٥ جیهازی ١٠٥-٢ تایپ-٢ هێستر.

قوربانی پێشمەرگە شەهیدبوونی دلێر جاف فەرماندەی تیپی مەڵبەندی یەک بوو.

شەهیدەکانی داستانی گڵەزەردە

١-شەهید قادر حەمە سالح یاروەیس (دلێر جاف)فەرماندەی تیپی مەڵبەندی یەک.

٢-شەهید عەبدوڵڵا کەریم سەلیم (عەبدوڵڵا ڕەباتی) فەرماندەی کەرتی ٥ تیپی ٥٥ قەرەداخ.

٣-شەهید هادی تیپی ٥٥ قەرەداخ.

٤-شەهید تۆفیق تیپی ٥٥ قەرەداخ.

٥-شەهید حیکمەت مەحموود ڕەشید تیپی تایبەتی مەڵبەندی یەک.

٦-شەهید مەلا یادگار فەرماندەی مەفرەزەی پاسۆک.

سـووتاندنی ئـۆردوگایەك

هێزێکی هاوبەش لە تیپەکانی مەڵبەندی یەک لەشەوی ١١-١٩٨٧/٧/١٢ هێرشیانکردە سەر دوو ئۆردوگای زۆرەملێ و چەندین ڕەبییەی دوژمن زیانی زۆریان بە دوژمن گەیاند بەمجۆرە.

*هێزێکی هاوبەشی تیپەکانی ١٧ی زمناکۆ ٥٥ قەرەداخ کەرتی ٢و٥ی تیپی ٥٣ی شێروانە و کەرتی یەکی تیپی ٥٧ی سەگرمە و ٢ کەرتی تیپی تایبەتی مەڵبەندی یەک و کەرتێکی تیپی ٣٥ کوڕەکاژاو لە ٤ قۆڵەوە هێرشیانکردە سەر ئۆردوگای زۆرەملێ سەرجادەی عەربەت-دەربەندیخان و ١٣ ڕەبییەی حیمایەی ئۆردوگاکە وەدەستیان بەسەرداگرت

زیانی مالّی دوژمن

سووتاندنی ئۆردوگاکە کە زیاتر لە ٦٠٠٠ خانوو بوو

زیانی گیانی دوژمن
کوژرانی ٦ کەس
بەدیلگرتنی ٦٣ چەکدار
دەستکەوتەکان
٢٠ کلاشینکۆف، ١ دەمانچە، ١ جیهازی ١٠٥، ٨ ئۆتۆمبێل، ١ شۆفڵ، ١١ تراکتۆر.
هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی تیپی ٥٧ی سەگرمە و ٥٩ی حەمرین لەگەڵ مەفرەزەیەکی دەزگای پێشمەرگایەتی و مەفرەزەیەکی پاسۆک لە شەوی ١١-١٩٨٧/٧/١٢ هێرشیانکردە سەر ئۆردوگای زۆرەملێ چەمچەماڵ و پێنج ڕەبییەی حیمایەی ئۆردوگاکە، چەکدارەکان هەڵاتن و پێشمەرگەکان دەستیانگرت بەسەر ئۆردوگا و هەر پێنج ڕەبییەکەدا.

زیانی دوژمن

سووتاندنی زیاتر لە ٣٠٠٠ خانوو
زیانی گیانی دوژمن
کوژرانی زیاتر لە ٣٠ کەس

دەستکەوت

١٤ کلاشینکۆف، ١ دکتاریۆف، ٧ تراکتۆر، ٥ ئۆتۆمبێل
قوربانی پێشمەرگە دوو شەهیدبوو.

تـــیپی تایبەتی مـــەڵبەندی یـــەك
حـــەوت

تـــیپی تایبەتی مـــەڵبەندی یـــەك
تـــۆپخانە
1988 1987-

دوای شەڕی سێ مانگەی قەیوان ماوەت مەڵبەندی یەک هەستا بە کۆکردنەوەی چەکە قورسەکان لە جۆری کاتیۆشا، هاوەنی ١٢٠ ملم، ٨١ ملم، ٨٢ ملم، دۆشکەو دیمیترۆف تا لە تیپێکی تایبەتدا چەکە قورسەکان یەکبخاو بەکاربێنێ بۆ ئەو مەبەستەش تیپی تایبەتی مەڵبەندی یەک بۆ چەکە قورسەکان پێکهات.

پـــــێکهاتەی تـــــیپ

- مەلا ئەحمەدی گەرمیان فەرماندەی تیپ
- مامۆستا عادل ڕازیانەیی ڕابەر سیاسی تیپ
- حسێن قاسم خانەقینی لێپرسراوی ڕێکخستنی یەکێتی شۆڕشگێڕان

دواتر مەلا ئەحمەدی گەرمیان گواستراپەوەو عەدنانی حەمەی مینە کرایە فەرماندەی تیپەکە، بارەگای تیپ لە بەلەکجارِ بوو.

فـــەرماندە کـــــەرتەکان

- سوهاد خانەقینی فەرماندەی کەرتی یەک بارەگای کەرتەکە لە تەکیە بوو
- نەجم جێگری کەرت بوو
- فەخرەدین هەورامی ڕێکخەری کەرت بوو، سەرپەرشتی ڕێکخستنی تیپەکەشی دەکرد – کۆمەڵە
- هەردی فەرماندەی کەرتی دوو حسێن ئاڵی ئاوایی جێگری کەرت
- ئەکرەم ناسراو بە (ئیمام) فەرماندەی کەرتی سێ
- ڕزگاری حەمەی کاشی جێگری کەرت، بارەگای کەرتەکە لە جافەران بوو

تیپی تایبەتی مەڵبەندی یەک بەشداری لێدان و تۆپبارانی زۆربەی مۆڵگەو سەربازگەکانی دوژمن و شەڕە دیارو گەورەکانی سنووری مەڵبەندی یەک و ناوچەکانی سەرکردایەتیان کردووە.

سوهاد خانەقینی و فەخرەدین هەورامی بەشداریان لە چەند خولێکی مەشق و

ڕاهێنان لە سەر چەکە قورسەکاندا کرد تا بە شێوەی زانستی سەربازی بتوانن چەکەکان بەکاربهێنن و تۆپبارانی مۆڵگەو سەربازگەکانی دوژمن بکەن، سوهاد خانەقینی بەشداری خولی مەشق و ڕاهێنانی لە سەر چەکی سام کرد تا بتوانن دژی فڕۆکە بەکاری بهێنن، دوای خولەکەش توانی بە چەکی سام کۆپتەرێک بپێکێ و بیخاتە خوارەوە.

خـــــولەکان- دەورە

کۆتایی ساڵی ١٩٨٦ سوهاد خانەقینی بەشداری لە دەورەیەکدا کرد لە ناوچەی تەنگەی کرماشان کە لە نێوان دوو شاخدا بوو.

مامۆستای دەورەکە ناوی ئەحمەد بوو، مامۆستا ئەنوەر (صبری) لێپرسراوی دەورەکە بوو غەریب عەسکەری بۆ چارەسەر هاتبووە کرماشان ئەویش بەشداری دەورەکەیکرد بەشدار بووانی دەورەکە تێکڕا (٢٠) کادیری (ی ن ک) بوون.

ئەو چەکانەی مەشق و ڕاهێنانیان لە سەر دەکراو بە شێوەی زانستی سەربازی لە دەورەکەدا دەخوێندران پێکهاتبوون لە:

سام، دۆشکە، دیمترۆف

دیمترۆف زۆر بە زەحمەت دەتواندرا بە تاک بتەقێندرێت سوهاد خانەقینی بە تاک فیشەکی دەتەقاند، مامۆستای دەورەکە پێیووت دەتوانیت هەر سێ فیشەکەکە بە تاک بتەقێنی سوهاد ووتی بەڵێ هەر سێ فیشەکەکەی بە تاک تەقاند.

مامۆستا بۆ هەر بەشداربوویەک سێ فیشەکی دیمترۆفی دابوونێ بیتەقێنن، دوای تەقاندنی هەر سێ فیشەکەکە مامۆستا ئەحمەد سی فیشەکی زیادەی دایە سوهاد ووتی ئەمەیان بە سەلیە بتەقێنە.

سام یەکێک لەو چەکانە بوو سوهاد خانەقینی پێی سەرسام بوو زۆر بە وردی سەرنجی دەداو فێری بەکارهێنان و تەقاندنی بوو بە شێوەی زانستی بە هەمان شێوە لە دۆشکەش شارەزاو سەرکەوتوو بوو.

دەورەی ئـــــەهواز

دوای تەواوبوونی دەورەی کرماشان لە ئەهواز دەورەی (مەلۆتکە) دژە تانکیان بینی، سەرەتای دەورەکە ڕاهێنان بوو لە سەر ئەتاری زانیارییەکانی لە سەر شاشە دەنووسی تا لە بەکارهێنان و ڕاهێنان لە سەری ئاشنا بن، دواتر مەلۆتکەکەیان نیشاندان جیهازێکی بچووک بوو گێڕێکی بچوکی پێوە بوو ساروخەکەی ئاڕاستە دەکرد.

جیهازەکە جانتایەک بوو دەکرایەوە دەبووە قائیدە بۆی، خەسڵەتی مەلۆتکەکە بە جۆرێک بوو دەتواندرا گوللەکە دوای تەقاندنی لە ڕێگەی جیهازەکەوە ئاڕاستە بکرێت تا نیشانە بپێکێت دوای تەواو بوونی دەورەی ئەهواز گەڕانەوە ناوچەکانیان.

دەورەی هـــــەڵەدن

سەرەتای ساڵی ١٩٨٧ لە دێی هەڵەدن دەورەی فێربوونی بەکارهێنانی هاوەن و کاتیوشاو نەخشەی سەربازی کرایەوە، حاجی یونس مامۆستای دەورەکە بوو.

فەخرەدین عەبدوڵڵا حەمە سەعید ناسراو بە فەخرەدین هەورامی لە تیپی تایبەتی مەڵبەندی یەک بەشداری دەورەکەیکرد دوای تەواو بوونی دەورەکە فەخرەدین هەورامی بوو بە بەکارهێنەری چەکە قورسەکان تا ئەنفال.

تیپی تایبەتی مەڵبەند خاوەنی ئەم چەکانە بوو:

- کاتیۆشای دوانزەیی
- کاتیۆشای شەشی
- هاوەنی ١٢٠
- هاوەنی ٨١
- هاوەنی ٨٢
- دۆشکە

دۆشکەکە لە پشتی تەکیە دانرابوو بۆ پارێزگاری لە ناوچەکە، تیپی تایبەتی مەڵبەند لە ماوەی ساڵی ١٩٨٧- ١٩٨٨ تۆپبارانی چەندین مۆڵگەو سەربازگەی دوژمنیانکرد بەمجۆرە.

تـــۆپبارانی ئۆردوگای نـــەسرو بـــاریکە

ڕژێمی عێراق ئۆردوگای نەسرو باریکەی دروستدەکرد بۆ ئەوەی خەڵک لەوێ نیشتەجێ بکات، بۆ ئەوەی خەڵک نەچنە ئۆردوگاکەو پیلانی ڕژێمی بەعس شکست بخوات تیپی تایبەتی مەڵبەند تۆپبارانی ئۆردوگاکانیکرد.

قادری حاجی عەلی و مام سالّح گۆڕی ئەسپی فەخرەدین هەورامیان بانگکردوو داوایانلێکرد تۆپبارانی ئەو ئۆردوگا تازە دروستکراوانە بکات تا خەڵکی بترسن و لەوێ نیشتەجی نەبن بە مەرجێک لەو شوێنانە بدات کە خەڵکی تیا نەکوژرێت و خەڵک زەرەرمەند نەبن.

سیاسەتی ئەو کاتەی یەکێتی وابوو کە خەڵک لە ئۆردوگاکان نیشتەجێ نەبن و ئاوەدان نەبن، فەخرەدین هەورامی لە کۆرەوە بە هاوەنی ١٢٠ ملم تۆپبارانی ئۆردوگاکانی نەسرو باریکە و زەڕایەنیکرد.

تـــۆپبارانی سەربازگەی ســـەنگاو

دوژمن سەربازگەیەکی تازەی لە باکوری ناحیەی سەنگاو دانابوو تەنها چادریان هەڵدابوو سەنگەریان لێنەدابوو.

یەکەم ڕۆژ کە سەربازگەکەیان دانا تیپی تایبەتی مەڵبەند لە بەردەم دێی کربچنە و هەنارەی نزیک سەنگاو کە سێ کیلۆمەترو هەشت سەد مەتر لە ناحیەی سەنگاوەوە دوور بوو بە هاوەنی ١٢٠ ملم تۆپبارانی سەربازگەکەیان کردوو زەرەرو زیانێکی زۆریان لێدا.

زیانی دوژمن:

کوژرانی نزیکەی ١٥٠ سەرباز بوو.

تـــۆپبارانی ســـەرقەڵا

تیپی تایبەتی مەڵبەند لە ڕۆژی ١٩٨٧/٩/٣ بە کاتیۆشای دوانزەیی تۆپبارانی مقەڕ فەوجی سەرقەڵایانکردو زیانی زۆریان پێگەیاندن.

فەخرەدین هەورامی لە سەر پەڕەیەک بەمجۆرە تۆپبارانی سەرقەڵای نووسیوە:

دەقی نووسراوەکە:

لە ڕۆژی ١٩٨٧/٩/٣ تۆپبارانی سەرقەڵامانکرد لە نزیک دێی فەتاح عومەرەوە بەمشێوەیە بە مرکز قوسی (٢٥٠٠):

المسافه	الاتجاه	الزاویه	الحشوه	الهدف
٤٠٠٠	٢٤٧٥ ٨٣١ ٤	فەوجی سەر قەڵا	٢٥٧٥	٢٤٧٠

زیانی دوژمن:

کوژرانی ئامر فەوج و (٢٠) جوندی

سووتاندنی ٣ سەیارەو شکاندنی یەک تۆپ

زیاتر لە ٥٠ بریندار

تەقاندنەوەی یەک مەشجەب

تـــۆپبارانی ســـەربازگەی دوزخـــورماتوو

لە شەوی ١٩٨٧/٩/١٧/١٦ تیپی تایبەتی مەڵبەندی یەک تۆپبارانی سەربازگەی دوزیانکرد.

دەستەیەک لە تیپی تایبەتی بە ئامادە بوونی مام ڕۆستەم و مامۆستا جەلال جەوهەر کە ڕەسەدی تۆپبارانەکە بوو تیپی تایبەتی مەڵبەند تۆپبارانی سەربازگەی دوزیانکرد.

هەر یەک لە مەلا ئەحمەدی گەرمیان و سوهاد خانەقینی و فەخرەدین هەورامی بە هاوەنی ١٢٠ ملم و کاتیۆشا لە دێی شۆرانی گەرمیانەوە تۆپبارانی سەربازگەی دوزیانکرد مامۆستا جەلال جەوهەر لە شاخێکی پشتی دوزەوە ڕەسەدی بۆدەکردن، فەخرەدین هەورامی بەمجۆرە تۆپبارانەکەی لە سەر پەڕەیەک نووسیوە.

لە شەوی ١٩٨٧/٩/١٧/١٦ تۆپبارانی معەسکەرەکەی دوزخورماتومانکرد لە خوار دێی شۆراو بە م،ف (٤٤٠٠)

المسافه	الزاويه	الاتجاه	الحشوه	الهدف
٤٥٠٠	١٠٦٧	٤٣٨٠	٦	معسكر دوز

زیانی دوژمن:

کوژرانی ٢٠ قوات خاسه

بریندارببوونی ٣٠ قوات خاسه

شکاندنی تۆپێکی نەمساوی

سووتاندنی ٤ سەیارە

لەو شەوەدا سێ کۆپتەر هاتنە سەر ئاسمانی ناوچەکە تەنویریان هەڵدەدا بەڵام نەیانتوانی ڕێگری لە تۆپبارانی سەربازگەکە بکەن و زیان بە پێشمەرگە بگەیەنن.

تـــــۆپبارانی سەربازگەی کـــــەلار

شەوی ١٩٨٩/٩/٢٢/٢١ تیپی تایبەتی مەڵبەند بە ئامادەبوونی (سەید محەمەد) بە کاتیۆشا تۆپبارانی لیواکەی کەلارو سەیتەرەی کەلاری کۆنیانکرد کە بەردەوام مودەڕەعەیەکی لێدەوەستا، لە گەڵ تەقاندنی یەکەم گوللەی کاتیۆشا کارەبای لیواکەی کەلار کوژایەوە ئەوەش بووە نیشانەیەکی باش بۆ پێشمەرگەکانی تیپی تایبەت چوونکە هەموو کەلار ڕووناک بوو تەنها لیواکە نەبێت.

تۆپبارانی لیوای کەلار بۆ سەرلێشێواندن و پاراستنی بەشەکەیتری تیپی تایبەتی مەڵبەند بوو، هەمان شەو هێزێکی تیپی تایبەتی مەڵبەند بە فەرماندەیی مەلا ئەحمەدی گەرمیان فەرماندەی تیپی تایبەت لە کـەلارەوە پەڕینەوە بۆ ناحیەی کۆڵەجۆو ناحیەکەیان ئازاد کرد، لەو شـەوەدا چەند جاشێکیان کوشت و ژمارەیەکیتریان بەدیل گرت.

تۆپبارانی سەربازگەی کەلار بەردەوام بوو تا کاتی گەڕانەوەی پێشمەرگەکانی کۆڵەجۆ، فەخرەدین هەورامی بەمجۆرە لێدانی لیواکەی کەلاری نووسیوە:

لە شەوی ١٩٨٧/٩/٢٢/٢١ تۆپبارانی لیواکەی کەلارمانکرد لە خواردێی قاسم ئاغاو سەید خەلیلەوە بە مرکز قوسی (م،ق ٣٥٠٠)

المسافه	الزاويه	الاتجاه	الحشوه	الهدف
٥٢٠٠	١٠٢٦	٣٦٠٥	٧	ليوا كەلار
٥٢٠٠	١٠٢٦	٣٦٢٤	٧	ليوا كەلار
٤٧٠٠	١٠٢٥	٣٩٠٧	٦	سەيتەرە دبابه
٤٧٠٠	١٠٢٥	٣٩٢٨	٦	سەيتەرە دبابه

زيانی دوژمن:

كوژرانی ٦٠ جوندی و بريندارێكی زۆر

سووتاندنی (٣) سەياره

شكاندنی (١) دەبابه

لە ناو شاری كەلاردا وابڵاو ببووەوە پاسدار تۆپبارانی سەربازگەكەی كردووە بۆيە گوللە بە خەسار نەچووە.

خەڵكی كەلار لە مەلا ئەحمەديان پرسيبوو ڕاستە پاسدار تۆپبارانی سەربازگەی كەلاری كردووە مەلا ئەحمەد وتبووی نەخێر نە پاسدارەو نە هيچ پێشمەرگەيەكی هەورامی تۆپبارانەكەی كردووە.

شـــــەڕی دارە ڕەش
تـــۆپبارانی سەربازگەی تـــــانجەڕۆ

لە شـەوی ٣٠/٢٩ و ڕۆژی ١٩٨٧/٩/٣٠ تيپی تايبەتی مەڵبەند تۆپبارانی سەربازگەی تانجەرۆيانكرد.

تۆپبارانی سەربازگەی تانجەرۆ لە چوارچێوەی شەڕی دارە ڕەشدا بوو تا سەربازگەی تانجەرۆ نەتوانێت نەخشەی هێرشی پێشمەرگە تێكبدات و زيانی پێبگەيەنێت، هەر بۆيە لە سەرەتای شەڕەكەوە فەخرەدين هەورامی بە كاتيوشای دوانزەيی تۆپبارانی سەربازگەی تانجەرۆيكردو نەيهێشت يەک تۆپ بتەقێنێ و لە جوڵەيان خست.

هەر لە شەڕی دارە ڕەشدا سوهاد خانەقينی فەرماندەی كەرتی تيپی تايبەت بە گوللەی سام كۆپتەرێكی پێكاو خستيە خوارەوە، كۆپتەرەكە بە ئاسمانەوە بوو بە

خەڵوز تۆپبارانی سەربازگەی تانجەرۆ لە تۆماری فەخرەدین هەورامیدا بەمجۆرەیە:
لە شەوی ٣٠/٢٩ و ڕۆژی ١٩٨٧/٩/٣٠ تۆپبارانی معەسکەرەکەی تانجەرۆمانکرد لە خوار شاخی گڵەزەردەوە بە کاتیوشا م.ف= ١٥٠

المسافه	الزاويه	الاتجاه	الهدف
٧٨٠٠	٥٧٧	٣٤١٤	تانجرو معسكر
٧٨٥٠	٥٩٥	٣٤٢١	تانجرو معسكر

زیانی دوژمن:
کوژرانی ٦٠ جوندی و بریندارێکی زۆر
شکاندنی ٢ تۆپی نەمسایی
ئەرکی سەر شانی تیپی تایبەتی مەڵبەند

• کاتیۆشا، پاراستنی هێزی پێشمەرگە بوو لە دوژمن بە تۆپبارانکردنی مۆڵگەکانی دوژمن

• ئەرکی سوهاد خانەقینی پاراستنی پێشمەرگە بوو لە کۆپتەر بە چەکی سام، هەر لە ڕۆژی ١٩٨٧/٩/٣٠ لە گەڵ کاک هەردی فەرماندەی کەرت لە تیپی تایبەتی مەڵبەند و دەستەیەک پێشمەرگەی تیپی تایبەت بە کاتیوشا تۆپبارانی مقەڕی بورجەکەی دارە ڕەشیانکردوو زیانی زۆریان پێگەیاند، دەبابەیەک و مودەڕەعەیەک ئۆتۆمبیلێک، محەتەی تەقویەی سەری دارە ڕەش تێکشکێندراو ژمارەیەک جاش و سەرباز کوژران و بریندار بوون «پێکان و خستنە خوارەوەی کۆپتەرێک».

بۆ شەڕی بورجەکەی دارەڕەش شێخ جەعفەر سوهاد خانەقینی بانگکرد و پێیووت دەبێت سامەکە بەکار بهێنی، سوهاد ووتی بۆچی ڕەبییەتان بۆ دانەناوم سام بە ڕۆژ بە کاردێت شەڕەکە لە شەودا دەکرێت ڕەبییەم بۆدانێ و سامەکەش بەکاردێنم، شێخ جەعفەر ووتی کێ دەڵێت شەهید نابیت.

سوهام خانەقینی سامەکەی بردوو چووە پشتی زرگوێز، سوهاد بە شێخ جەعفەری ووت کە ڕۆژهەڵات کۆپتەر دێت نابێت کەس تەقە بکات، شێخ جەعفەر

لە ڕێگەی بێتەلەوە هێزەکەی ئاگادار کردەوە کە بەیانی کۆپتەر هات کەس تەقەی لێنەکات.

بەیانی کۆپتەر هاتە سەر ئاسمانی شەڕەکە سەرەتا هەنتەرەکان هاتن زۆر بەرز بوون دواتر کۆپتەرە غەزالەکان هاتن بە سەر شەڕگەکەدا دەگەڕان جاروبار تەقەیاندەکرد، کۆپتەرێکی حەماڵ بە سەر تانجەرۆوە دەسوڕایەوە دەیویست کۆپتەرە غەزالەکان دلّنیایی بدەنێ ئنجا بێت.

سوهاد خانەقینی لە ڕێگەی بێتەلەوە گوێی لێبوو پێشمەرگە هاواریاندەکرد بۆ تەقە ناکات، سوهاد ووتی کاکە دان بە خۆتاندا بگرن من چاوەڕێی ئەو برایەم کە لە سەر تانجەرۆیە ئەمانە هیچ نین، پێشمەرگەکان هەندێکجار جنێویان دەدا.

کۆپتەرە غەزالەکان بە سەر ئاسمانی شەڕەکەدا دەسووڕانەوە کۆپتەرە حەماڵەکە کە زانی سەلامەتە و تەقەی لێناکرێت ئەویش هات، ڕووبەڕووی سامەکە هات.

سوهاد لەمەودای خۆیدا هەستایە سەر پێ سامەکەی کردەوە جیهازێکی لە سەر بوو دەنگی دەردەکرد وەکو لورەی ئیسعاف، ئەو لورەیە ئەگەر لە هەدەف نەبێت قڕخە قرخ دەکات ئەگەر چووە هەدەف ساف دەبێت وەکو ئیسعاف دەلورێنێت.

سامەکە چووە هـەدەف دەبووایە لە مـاوەی چل سانیەدا بیتەقێنێ ئەگینا بە خۆیدا دەتەقایەوە، سوهاد گوللەکەی تەقاند، سروشتی گوللەی سام وایە سەرەتا کە دەیتەقێنی کێشی زەوی ڕایدەکێشێ بۆ خوارەوە، مامەو ڕەحمان لەو لاوە بوو ووتی ئەی باوکە ڕۆ لە زەویدا سوهاد ووتی لە زەویندات خەمت نەبێت.

گوللەکە نزم بووەوە بۆ زەوی دواتر بەرز بووەوە بۆ کۆپتەرەکە لە سەرەتای کلکی کۆپتەرەکەوە خۆیکێشا بە کۆپتەرەکەدا، کۆپتەرەکە سوور بووەوەو بوو بە کڵپەی ئاگر لە ئاسماندا بوو بە دوو بەشەوە کلکەکەی بە جیاو لەشەکەی بە جیا دواتر پەروانەکەی جیابووەوە کۆپتەرەکە لە ناو زڕگوێز کەوتە خوارەوە.

کۆپتەرەکە چوار ئەفسەری تیابوو:

- لیپرسراوی شەڕگەکە قائید عەمەلیات بە پلەی عەمید
- ئەفسەرێک بە پلەی مقدم
- ئەفسەرێک بە پلەی نەقیب
- ئەفسەرێک بە پلەی ملازم (ڕامی)

دوای کەوتنە خوارەوەی کۆپتەرەکە سوهاد خانەقینی لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو.

تـــۆپبارانی قەڵای ســـــوسێ
1987/11/9

بڕیار بوو بە هاوبەشی لە گەڵ ئێراندا شارەکانی ڕانیەو قەڵادزێ ئازاد بکرێن تیپی تایبەتی مەڵبەندی یەک هاوشانی تیپەکانیتر چوونە سەرکردایەتی بەڵام پلانی شەڕەکە هەڵوەشایەوە.

کاک نەوشیروان، فەخرەدین هەورامی بە کاتیوشاوە نارەدە سەرمۆرد تۆپبارانی جادەی سلێمانی دووکان بکات تا هێزی سەربازی نەتوانێت لەوێوە جموجۆڵبکات.

فەخرەدین هەورامی لە گەڵ پێشمەرگەیەک بە ناوی شوانە بە پشتی وڵاخێک کاتیوشاکەیان بردە سەر مۆرد، ماوەی سێ شەو لەوێ مانەوە هیچ نەبوو، ڕۆژێک بروسکەیان بۆ کردن بێنە خوارەوە چوونکە پلانی شەڕەکە هەڵوەشاوەتەوە و ناکرێت.

هێزی پێشمەرگە بڕیاریاندا دەبێت شەڕێک بکەن نەخشەی لێدانی چەرمەگایان داڕشت، فەخرەدین هەورامییان نارەدە مێرگە پان تا لە پشت پیرەمەگرونەوە کاتیوشاکە دابنێ و تۆپبارانی سەربازگەی سوسێ بکات تا هێزی پێشمەرگە چەرمەگا دەگرن و دەگەڕێنەوە.

فەخرەدین گوللە کاتیوشایەکی زۆری لە گەڵ خۆیدا بردە بناری پیرەمەگرون لە کاتی دیاریکراودا تۆپبارانی سەربازگەکەیانکرد.

عەبدوڵڵا تەمە پێشمەرگە بوو ماڵی لە مێرگە پان بوو هات بە فەخرەدینی ووت خەریکی چیت ئەم کاتیوشایەت داناوە یەک داوات لێدەکەم دوو منداڵی بچووکم هەیە پێش ئەوەی بیتەقێنیت پێمبڵێ بۆ ئەوەی منداڵەکان هەڵسێنم نەترسن.

لە کاتی دیاریکراودا کاتیوشا کەوتە کارو تۆپبارانی ناو قەڵای سەربازگەی سوسێیان دەستپێکرد، تا هێزی پێشمەرگە چەرمەگای گرت و گەڕانەوە کاتیۆشاکە نەیهێشت قەڵای سوسێ یەک تۆپ بتەقێنێ.

ئـــــەنفالی یـــەك

تیپی تایبەتی مەڵبەندی یەک لە ئەنفالی یەکدا لە چەمی سوورقاوشانەوە پەڕینەوە چوونە پشتی شارۆچکەی دووکـان لەوێوە تۆپبارانی سەربازگەو مۆڵگەکانی دوژمنیانکرد لە دووکان و دەوروبەری.

تۆپبارانی مۆڵگەو سەربازگەکانی دوژمـن بۆ ئـەوە بـوو قورسایی لە سەر شەڕگەکان کەمبێتەوە بەڵام دوژمـن هێزی گـەورەی هێنابوو هەموو توانایەکی خستبووە گەڕ بۆ دەستبەسەرداگرتنی ناوچەکانی سەرکردایەتی دوای تەواو بوونی ئەرکەکەیان گەڕانەوە ناوچەی قەرەداخ.

دەورەی شـــــەش مانگی تـــــاران

هەر مەڵبەند و تیپێک چەند کادرێکیان نارد بۆ دەورەی شەش مانگی لە تاران، دەورەکە لە شیمالی تاران، دانیشتگای ئیمام حسێن تیپی نیروی (٦٦) هەوایورد بوو.

دەورەکـە ماوەی شەش مانگی خایاند لەو ماوەیە ڕاهێنانیان لە سەر هەموو چەکەکانکرد .

وانەکانی فەرماندەیی:

هێرش

پاشەکشە

زانیاری کۆکردنەوە

کاتیوشاو هاوەن

لەو خولەدا وترانەوە

لێپرسراوی خولەکە ئاغای گودەرزی بوو لە تێکڕای مەڵبەندو تیپەکان ٧٢ کادیر بەشدار بوون فەخرەدین هەورامی وەکو کادری تیپی تایبەتی مەڵبەند بەشدار بوو.





جدول رقمي كانيوشا

راست گردنه بۆ راست وچەپ			راست گردنه بۆ راست وچەپ			زاویه	مسافه	راست گردنه بۆ راست وچەپ			زاویه	مسافه
۲۰	۵۰	۱۰۰م	۱۰	۵۰	۱۰۰م			۲۰	۵۰	۱۰۰م		
۲	۹	۱۷	۲	۱۶	۲۱	۱۶۵	۲۴۰۰	۱۷	۸۲	۱۶۷	۰۵۱	۰۶۰۰
۲	۹	۱۷	۲	۱۹	۲۰	۱۷۰	۲۲۰۰	۱۷	۸۱	۱۶۴	۰۵۶	۰۷۰۰
۲	۹	۱۷	۲	۱۵	۲۹	۱۷۵	۲۴۰۰	۱۷	۸۲	۱۶۸	۰۵۸	۰۸۰۰
۲	۸	۱۶	۲	۱۵	۲۹	۱۸۰	۲۵۰۰	۱۶	۸۱	۱۶۱	۰۶۲	۰۹۰۰
۲	۸	۱۶	۲	۱۴	۲۸	۱۸۵	۲۶۰۰	۱۶	۸۰	۱۵۸	۰۶۵	۱۰۰۰
۲	۸	۱۶	۲	۱۴	۲۷	۱۹۰	۲۷۰۰	۱۶	۷۹	۱۵۶	۰۶۹	۱۱۰۰
۲	۸	۱۶	۲	۱۳	۲۶	۱۹۹	۲۸۰۰	۱۶	۷۸	۱۵۴	۰۷۵	۱۲۰۰
۲	۸	۱۵	۲	۱۲	۲۶	۲۰۱	۲۹۰۰	۱۵	۷۷	۱۵۲	۰۷۶	۱۲۰۰
۲	۸	۱۵	۲	۱۲	۲۵	۲۰۸	۳۰۰۰	۱۵	۷۶	۱۵۱	۰۸۲	۱۴۰۰
۲	۸	۱۵	۲	۱۲	۲۴	۲۱۲	۳۱۰۰	۱۵	۷۵	۱۴۹	۰۸۷	۱۵۰۰
۱	۷	۱۴	۲	۱۱	۲۴	۲۱۹	۳۲۰۰	۱۴	۷۴	۱۴۷	۰۹۱	۱۶۰۰
۱	۷	۱۴	۲	۱۱	۲۳	۲۲۵	۳۳۰۰	۱۴	۷۳	۱۴۶	۰۹۵	۱۷۰۰
۱	۷	۱۴	۲	۱۱	۲۲	۲۳۱	۳۴۰۰	۱۴	۷۲	۱۴۴	۱۰۰	۱۸۰۰
۱	۷	۱۴	۲	۱۱	۲۲	۲۳۷	۳۵۰۰	۱۴	۷۱	۱۴۲	۱۰۲	۱۹۰۰
۱	۷	۱۴	۲	۱۱	۲۲	۲۴۲	۳۶۰۰	۱۴	۷۰	۱۴۱	۱۰۸	۲۰۰۰
۱	۷	۱۴	۲	۱۱	۲۱	۲۴۹	۳۷۰۰	۱۴	۶۹	۱۳۹	۱۱۴	۲۱۰۰
۱	۷	۱۴	۲	۱۱	۲۱	۲۵۶	۳۸۰۰	۱۴	۶۸	۱۳۷	۱۱۷	۲۲۰۰
۱	۷	۱۲	۲	۱۰	۲۰	۲۶۷	۳۹۰۰	۱۳	۶۷	۱۳۶	۱۲۱	۲۳۰۰
۱	۷	۱۲	۲	۱۰	۲۰	۲۷۶	۴۰۰۰	۱۳	۶۶	۱۳۴	۱۲۶	۲۴۰۰
۱	۷	۱۲	۲	۱۰	۲۰	۲۷۹	۴۱۰۰	۱۳	۶۵	۱۳۳	۱۲۰	۲۵۰۰
۱	۷	۱۲	۲	۱۰	۱۹	۲۸۲	۴۲۰۰	۱۳	۶۴	۱۳۱	۱۲۶	۲۶۰۰
۱	۷	۱۲	۲	۱۰	۱۹	۲۹۰	۴۳۰۰	۱۳	۶۳	۱۳۰	۱۴۰	۲۷۰۰
۱	۶	۱۲	۲	۱۰	۱۹	۲۹۷	۴۴۰۰	۱۳	۶۲	۱۲۸	۱۴۵	۲۸۰۰
۱	۶	۱۲	۲	۰۹	۱۸	۲۰۵	۴۵۰۰	۱۲	۶۱	۱۲۷	۱۵۰	۲۹۰۰
۱	۶	۱۲	۲	۰۹	۱۸	۲۱۲	۴۶۰۰	۱۲	۶۰	۱۲۵	۱۵۵	۳۰۰۰
۱	-	--	۲	۰۹	۱۸	۲۲۰	۴۷۰۰	۱۲	۵۹	۱۲۴	۱۶۰	۳۱۰۰

تێبینی :- ئەگەر دوریەکان لە نێوان هەردوو دوریەکان بێت (۴۶۰۰ ، ۴۶۴۰) ئەوا هەردوو زاویەکە دەبێتە گرینج و بۆ دوریەکانی دیکە بەم شێوەیە دەردەچێت .



جدول رمی

مسافه متر	حشوه صفر	حشوه 1	حشوه 2	حشوه 3	حشوه 4
۱۰۰	۲۶۲				
۱۵۰	٤٢٤	۲۷٤			
۲۰۰	٤٨٢	۲۷۵	۲۱۷		
۲۵۰	۵٤۷	٤۰۷	۲۵۹	۲۲۹	
۳۰۰	٦۱۷	٤۲۸	۲۸۲	۲۵٦	۲۲۸
٤۰۰	۸۰٦	۵۰٦	٤۷۸	۲۹۱	۲٦۷
۵۰۰	—	۵۷۹	٤۷٦	٤۷۷	۲۹٦
٦۰۰	—	٦٦۵	۵٤۵	٤٦۲	٤۷٦
۷۰۰	—	۷۷۸	۵۷۹	۵۰۰	٤۵۸
۷۵۰	—	۸٦۱	٦۰٦	۵٤۰	٤۷٤
۸۰۰	—	—	٦۲٦	۵٤۰	٤۹۰
۹۰۰	—	—	۷۰۲	۵۸۲	۵٤۲
۱۰۰۰	—	—	۷۷۸	٦۲۰	۵۵۹
۱۱۰۰	—	—	۸۲٦	٦۸۱	۵۹۷
۱۲۰۰	—	—	—	۷۲۹	٦۲۷
۱۳۰۰	—	—	—	۸۱۱	٦۸۱
۱٤۰۰	—	—	—	۸۲۱	۷۲۱
۱۵۰۰	—	—	—	—	۷۹۱
۱٦۰۰	—	—	—	—	۷۷۸
۱٦۹۰	—	—	—	—	۱۰۰۰

تێبینی:- ئەگەر ڕاشوەت بوو، زیاد بکە بۆ ماوەی ٥ شوە، مسافەکە (۲۰۰۰) بۆ زیادبوونی (۱۰۰۰) زیاتر بوو.

مسافه متر	حشوه 0	حشوه 1	حشوه 2	حشوه 3
۱۰۰	۲۶۲	—	—	—
۲۰۰	۵۶۹	—	—	—
۳۰۰	۵۶۹	۲۲۵	—	—
٤۰۰	۷۰۸	۲۷۸	—	—
۵۰۰	۱۰۰	۳۱۱	۲۱۸	—
۶۰۰	—	۵۱٦	۲۶۹	۲۱٤
۷۰۰	—	۵۱٦	۲۸۹	۲۵۹
۸۰۰	—	۵۸۱	٤۱۰	۲۷۵
۹۰۰	—	۶۰۲	۳٤٤	۲۹۰
۱۰۰۰	—	—	٤۰۲	۲۹٦
۱۱۰۰	—	—	٤۲۲	۳۰۰
۱۲۰۰	—	—	٤۴۲	۳۰۲
۱۳۰۰	—	—	۵۰۱	۳۲۰
۱٤۰۰	—	—	۵۲۰	۳۲۶
۱۵۰۰	—	—	۵۴۰	۳۲۸
۱٦۰۰	—	—	۵۵۹	۳۳۲
۱۷۰۰	—	—	۵۷۸	۳۳۵
۱۸۰۰	—	—	۶۰۰	۳۴۰
۱۹۰۰	—	—	۶۲۰	۳٤۲
۲۰۰۰	—	—	۶۴۰	۳٤۵
۲۱۰۰	—	—	۶۵۹	۳۵۰
۲۲۰۰	—	—	۶۷۸	۳۵۲
۲۳۰۰	—	—	۶۹۸	۳۵۵
۲٤۰۰	—	—	۷۱۸	۳۵۸
۲۵۰۰	—	—	۷۳۸	۳۶۱
۲٦۰۰	—	—	۷۵۸	۳۶۴
۲۷۰۰	—	—	۷۷۸	۳۶۷
۲۸۰۰	—	—	۷۹۸	۳۷۰
۲۹۰۰	—	—	۸۱۸	۳۷۲
۳۰۰۰	—	—	۸۳۸	۳۷۵


جدول رقمي
120



-٢-

له‌ رۆژی ٢/٨/٢٠٠٧ تۆپباران سەرتەرمان
کرد له‌ ئاراسته‌ی قەناعه‌ وه‌ ٣٠ تەقه‌مان
جێبەجێ کرد له‌ مەرکەزی قەزا (٢٠٠٥)

المسافة الاتجاه الزاوية الخوة الهدف

٤٠٠٠ ٧٥٤٢ ٤١٨٢ فوجی کەرتی ١

٧٥٢٥

٧٥٢٠

٧٤٢٠

زیانه‌کانی دوژمن
کوژراوی ئاماژه‌ی ٧ جولەکەو
سوتانی ٣ ئۆتۆمبێل و سکانێکی
پڵەی تۆپ و زیانێکی زۆری
تەقاندنەوەی پڵەی شەپ



٤-

لە بەرواری ٧/٩/١٩٨٢ تۆپباران
کرا کە دوسەد خولەک بوو
(٤٤٠٠) م.ق

المسافة	الزاوية	الارتفاع	الدقة	الهدف
٤٥٠٠	١٠٦٧	٤٢٨٠	٦	سکردەوە

زیانەکانی دوژمن
گوزارشت لە قوات خاصە بریندار کردن ٣٠ قەدەر
شکاندنی تۆپەکەی نەساوت
سوتاندنی ٤ - بارە



-٥-

لـ شـروت ٢٤/٩/٢٠٠٨ تۆپ بارانـ
لیوا کهت کـه لـ ورمانـ کرد لـه فـوارهـ ی
قـاسـم ئاغا و سـه لیمه وده ی قـه رزقـه ص
م. قه ٣٤٥٠

المسافة	الزاوية	الاتجاه	الخطوة	الهدف
٥٤٠٠	١٠٤٦	٢٦٠٥	٧	لیوا کلار
٥٤٠٠	١٠٤٦	٢٦٤٤	٧	لیوا کلار
٤٧٠٠	٢٠٤٥	٢٩٠٧	٦	سیله دیابه
٤٧٠٠	١٠٤٥	٢٩٤٨	٦	سیره دیابه

زیانه کانـ دوژمنـ
کوژراوـ ٦٠ جهنـ بریندارـ بوـ ٢٠ سوتانـ
٢ ـ بارهـ شکاندنـ بهـ ك دیابهـ



-٥-

٩٨٧/

لە ٢٩/٣٠ وەرگرت ٩/٣٠ تۆپە بارێ
هەگبەکەی تا بڕۆمان کرد لە خوارەوەی
تۆپەزەردەوە بۆ سەرەوە

م.ق = ١٠٥٠

المسافة	الزاوية	الأعماق	الهدف
٧٨٥٠	٥٧٧	٢٤١٤	تا بڕۆ هەگبە
٧٨٥٠	٥٩٥	٢٤٠٤	تا بڕۆ هەگبە

زیانەکانی دووژمن
کۆمپانیا ٦٠ هێزی بریندار یەک زۆر
شکاندنی دووتۆپ زەوی

تـــــیپی 53ی شـــــێرەوانـە
هەشت

تـــــیپی 53ی شـــــێروانـه
1984

دوای فراوانبوونی تیپی ٥١ی گەرمیان و دابەشبوونی بۆ دوو تیپ، تیپی ٥٣ی شێروانه پێکهات.

پێکهاتەی تیپەکه له سەرەتاوه تا دەستپێکردنی شاڵاوەکانی ئەنفال بەمشێوەیه بوو:

- عادل شکور فەرماندەی تیپ دواتر حەمه ڕەش تا ئەنفال
- سەردار ناوتاقی جێگری تیپ، دواتر مەحموود گەرمیانی، دلێر جاف، نەجم بۆیسانه تا ئەنفال

فەرمانده کەرتەکان له سەرەتا تا ئەنفال:

- مام سالّح گۆڕیئەسپی
- نەجم بۆیسانه
- شێرزاد باوەنوری
- شێخ ئەمین
- سەلامی کوێخا عەزیز
- ئەحمەد وەلی مەحموود (ئەحمەد چاوشین)
- عەدنانی حەمەی مینا
- لاله مارف
- عەلی شەهید محەمەد
- برایمه سوور
- برایمه ڕەش
- مەلا کەریم توکنی
- عەبەی دێفاته

ئەم فەرماندە کەرتانە ئالّوگۆڕیان پێکراوە هەندێکیان گواستراونەتەوە بۆ تیپ و جێگەیتر.

- کوردۆ قاسم لێپرسراوی کەرتی ڕێکخستن
- وشیار سالّح ڕەفعەت لێپرسراوی ناوچەی شۆڕشگێڕان، دواتر هەندرێن، جەمال هەورامی، مەلا ئەحمەد حەمە سالّح، سەلّاح تالّەبانی
- سەردار فەقێ محەمەد ڕابەری سیاسی
- ئەنوەر لێپرسراوی دارایی، مالیەی تیپ
- شێخ ئەمین لێپرسراوی کۆمەلّایەتی دواتر حەمە سەنگەری
- مەلا شکور باجەلان- گومرگ

دکتۆری تیپ:

١/ بەرزان حەمەی مینا

٢/ عەدنان محەمەد فەرەج

بـــۆردومانکردنی دوژمـــن

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی تیپی (٥٣)ی شێروانە و کەرتی ڕێکخستنی کفری سەر لە ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٥/١/٢٨ مونەزەمەو مەرکەزی شورتەو ئەمن و داموودەزگاکانی دوژمنیان لە ناو شاری کفری بۆردومانکردو ژمارەیەک ئەمن و شورتە کوژران و بریندار بوون.

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی هەمان تیپ سەربازگەی سەرقەلّا و خالّی پشکنین و مۆلّگەکانی دوژمنیان لە سەر قەلّا تۆپبارانکرد و شوێن مەبەستەکانیان پێکا.

بـــۆسە-قـــەرەتەپە

نیوەڕۆی ڕۆژی١٩٨٥/٤/٢٧ مەفرەزەیەکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی تیپی ٥٣ شێروانە و کەرتی ڕێکخستنی کفری بۆسەیەکیان لەسەر جادەی قەرەتەپەدانا، ئۆتۆمبێلێکی هینۆی جاش شەعبی کەوتە بۆسەکەوە کە ڕۆژانە خواردنی دەهێنا

بۆ ڕەبییەکان، دوای لێدان و گوللە بارانکردن دەستیانگرت بەسەر ئۆتۆمبێلەکەدا .

زیانی دوژمن

کوژرانی ٧ جاش شەعبی و بریندارببوونی یەکێکیتر

شکاندنی ئۆتۆمبێلەکە

دەستکەوت

١ ئاڕ بی کەی، ٢ کلاشینکۆف

دوای لێدانی ئۆتۆمبێلەکە ڕەبییەکانی دەورووبەر کەوتنە تەقە، ٩ کۆپتەر هاتن بەهانای جاشە شەعبییەکانەوە بەڵام هیچیان پێنەکرا.

لـــــێدانی ڕەبییە- گـــۆڕەشەل

کاتژمێر ١٠ی شەوی ٢٧-١٩٨٥/٤/٢٨ دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٥٣ شێروانە هێرشیانکردە سەر ڕەبییەیەکی دوژمن لە نزیک دێی گۆڕەشەلی سەید جەلالی بێکەس لە ناوچەی ئەوبەری سیروان-خانەقین و دەستیان بەسەرداگرت

زیانی دوژمن

کوژرانی ٥ سەرباز

دەستکەوت

١ ئاڕ بی جی

١ قەناسی ڕوسی

٤ کلاشینکۆف

١٥ گوللە ئاڕ بی جی

٤٠٠٠ فیشەک

١ تەلەفۆن

١ قناعی غاز

١٠ نارنجۆک

بـــــاوەنور دەربـــــەندیخان

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٥٣ شۆڕوانە لە کاتژمێر ٧:٣٠ دەقیقەی ئێوارەی ١٩٨٥/٥/٨ بۆسەیەکیان لەسەر جادەی باوەنور دەربەندیخان دانا کە تەنها سەد مەترێک لە باوە نورەوە دوور بوو دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی شۆڕوانە بۆ کێشکردنی هێزەکانی دوژمن ڕەبییەکانی پشتی باوە نوریان گوللە بارانکرد.

هێزێکی دوژمن کە پێکهاتبوو لە چەند ناقیلە و جێب قیادە و ئیڤایەک هاتن بەهانای ڕەبییەکانەوە هێزەکەی دوژمن کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەکانی شۆڕوانەوە و گوللە بارانکران دوژمن کەوتە تۆپبارانی کوێرانەی ناوچەکە و شەڕ تا کاتژمێر ٩:٣٠ دەقیقەی شەوی خایاند هێزێکیتری دوژمن وێستیان لە کەلارەوە بە هانای شەڕەکەوە بێن بەڵام نەیانتوانی لە مەیدانی شەڕەکە نزیک ببەنەوە.

زیانی دوژمن کوژرانی ١٥ سەرباز کە یەکێکیان ئەفسەر بوو بە پلەی نەقیب زیاتر لە ٢٠ سەرباز بریندار بوون یەکێک لە بریندارەکان ئامرفەوجی باوەنور بوو، تێکشکاندنی یەک ناقیلە، یەک جێب قیادە، ئیڤا.

پێشمەرگەکانی شۆڕوانەش سەرکەوتووانە و بێزیان بوون.

شـــــەڕی چـــــەمەرگە

کاتژمێر ٥:٣٠ دەقیقەی سەر لەبەیانی ڕۆژی ١٩٨٥/٥/١٦ گەلە جاشێک بە پشتیوانی دەبابە و سەربازێکی زۆر هێرشیان هێنایە سەر دێی چەمەرگە، پێشمەرگە جوامێرەکانی تیپی ٥٥ قەرەداخ و ٥٣ شۆڕوانە هێرشی پێچەوانەیان کردە سەر هێزەکەی دوژمن شەڕ بە سەختی دامەزرا بەجۆرێک پێشمەرگە و هێزی دوژمن تێکەڵاوببون لە ئەنجامدا هێزە پەلامارەرەکەی دوژمن شکاو هەڵاتن.

زیانی دوژمن

کوژرانی ٤ جاش

بریندار‌بوونی ٧ جاش

دەستکەوت
٣ کلاشینکۆف

کـــفری ســـەرقەڵا-بـــۆسە

ڕۆژی ١٩٨٥/٥/٢٢ دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٥٣ شێروانە بۆسەیەکیان لەسەر جادەی کفری سەرقەڵا دانا لە کاتژمێر ٥ی ئێوارەدا دوو سەربازیان دەستگیرکرد، دوای ئەو چالاکییە ڕژێم گوللەبارانی ناوچەکەی کردوو دەغلودانی هاوولاتیان گرێگرت

دەستکەوت

١ کلاشینکۆف
١ پەڕەشووت

شـــەڕی هـــەنارە

کاتژمێر ٤ی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٥/٥/٢٥ دوژمن پەلاماری هەنارەیدا، دوو مەفرەزەی تیپی ٥١ گەرمیان و ٥٣ شێروانە و مەفرەزەیەکی تیپی مەڵبەند بەرەنگاری پەلامارەکەی دوژمن بوونەوە و شکاندیانن، دوژمن پەنایبردە بەر هێزیتر سێ مودەڕەعە و هێزێکی زۆر زیاتر لە ١٥ کۆپتەر هاتن بە فریای هێزە شکاوەکەیانەوە ئەوانیش لەبەردەم پێشمەرگەدا خۆیان نەگرت، دوژمن بە کۆپتەرەکانی دەوت ئەوەی شەڕوالّی لە پێدابوو لێیدەن هەر بۆیە کۆپتەر جاشەکانیشی بۆردومانەدەکرد شەڕ تا کاتژمێر ٣ی ئێوارەی خایاند دوژمن شکاو هەڵات.

زیانی دوژمن

کوژرانی چوار جاش
پێکانی دوو کۆپتەر کە یەکێکیان لە قادر کەرەم کەوتە خوارەوە

دەستکەوت

٤ کلاشینکۆف

٢ سندوقی فیشەکی بی کەی سی
٩ مەخزەنی کلاشینکۆف
دەمانچەیەکی تەنویر.

لێدانی مقەڕ سریەیەك

لە شەوی ٨-١٩٨٥/٧/٩ چەند مەفرەزەیەکی تیپی ٥٣ شێروانە لە سیروان پەڕینەوە و نەخشەی لێدانی مقەڕ سریەیەکیان دانا کە کەوتبووە نێوان چەندین سەربازگە و ڕەبیەیەی دوژمنەوە پێشمەرگەکانی شێروانە لە کاتژمێر ٨ ئێوارەدا هێرشیانکردە سەر مقەڕ سریەکە و دەستیان بەسەرداگرت

زیانی دوژمن

کوژرانی ٢٠ سەرباز
بەدیلگرتنی ١١ سەرباز

دەستکەوتەکان

٤ ئاڕ بی جی
١ بی کەی سی
١ هاوەنی ٦٠ ملم
١٠ کلاشینکۆف

لێدانی ڕەبیە

دوای ئەوەی پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٥٣ شێروانە مقەڕ سڕیەکەیان لە نزیک خانەقین دەست بەسەردا گرت نەیانهێشت دوژمن پشوو بدات لە کاتژمێر ١ی شەوی ١٢-١٩٨٥/٧/١٣ هێرشییان کردە سەر ڕەبییەی خوار قەڵای شێروانە و لە ماوەی سێ دەقیقەدا دەستییان بەسەردا گرت

زیانی دوژمن

کوژرانی ٤ سەرباز

دەستکەوت

٣ کلاشینکۆف و ٦ مەخزەن

یەک ڕەشاشی ئاڕ بی کەی

جیهازێک

١ قناعی غاز

بـــۆسە

مەفرەزەیەکی قارەمانی تیپی ٥٣ شێروانە لە شەوی ٢٩-١٩٨٥/٧/٣٠ بۆسەیەکیان لە قولە بەرز دانا، کاتژمێر ٩ شەو هێزێکی دوژمن کەوتە بۆسەکەوە و پێشمەرگەکانی شێروانە گوللە بارانیانکردن

زیانی دوژمن کوژرانی ٨ سەرباز

پـــاریاوڵە-شکانی پـــەلاماری دوژمن

کاتژمێر ٣ی شەوی ١٤-١٩٨٥/٨/١٥ تاقمە جاشێک چوونە سەر دێی پاریاوڵە مەفرەزەیەکی تیپی ٥٣ شێروانە لە پاریاوڵە بوون لە جاشەکان هاتنە دەست و لە یەکەم هەڵمەتدا لاشەی ئامر مەجموعەکەی جاشەکان جێما کە ژمارەی ناسنامەکەی ٧٧٨٦ و سەر بە وەحدەی مونەزەمەی ئیستخبارات بوو ئەوانیتریش هەڵاتن.

زیانی دوژمن

کوژرانی ئامر مەجموعەکەی جاش

دەستکەوت

١ ئاڕ بی جی ١١

١کلاشینکۆف

٩ مەخزەن

١ دووربین

بۆ بەیانی هێزێکی دوژمن بە پاڵپشتی دەبابە، ٥ ناقیلە، ٦ کۆپتەر، ٦٠٠٠ چەکدار

هاتن بە هانای جاشەکانەوە پێشمەرگەکانی کەرتی ۳و ٦ ی شێروانە و کەرتی ڕێکخستنی کەلار و بەشی کۆمەڵایەتی و ناوچەی شۆڕشگێڕان و مەفرەزەیەکی تیپ و هێزی پشتگیری هاتن بە هانای پێشمەرگەکانەوە یەکەم ناقیلە کەوتە بەر گوللەی ئاڕ بی جی پێشمەرگە و شکێندرا و پارچە پارچە بوو، ئەوانیتریش وەک هێزەکەی شەویان هەڵاتن.

زیانی دوژمن

کوژرانی ۳ جاش و ٦ سەرباز

تێکشکاندنی ۱ ناقیلە، پێکدادانی کۆپتەرێک کە لە کەلار نیشتەوە

زیانی پێشمەرگە

بریندار‌بوونی ۳ پێشمەرگە بە سووکی ڕووخاندنی ۸ خانوو، کوژرانی هەندێک مەڕوومالّات

لە کاتی گەڕانەوەی جاشەکان لە ئێوارەدا خەڵکی کەلار گالّتەیان پێدەکردن بۆیە جاشەکان بەربوونە گیانی خەڵک و بە شەق سندوق و عەرەبانەی بەقاڵەکانی ناوشاری کەلاریان شکاند.

کـــــوڵەجۆ

مەفرەزەیەکی کەرتی حەمرینی تیپی ۵۳ شێروانە و ناوچەی شۆڕشگێڕان لە شەوی ۱۷-۱۹۸۵/۸/۱۸ چوونە سەر مقەڕ سریەی کوڵە جۆو بۆ ماوەی کاتژمێرێک بە ئاڕ بی جی و هەموو جۆرە چەکێک گوللە بارانیانکردن

زیانی دوژمن

کوشتنی چەند سەربازێک

تێکشکاندنی ناقیلەیەک

کـــوشتنی خـــۆفرۆشێك

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٥٣ شێروان لە شەوی ٢٧-١٩٨٥/٨/٢٨ بۆ سەیەکیاندانا خۆفرۆشێک کەوتە بۆ سەکەوە و نەوەستا پێشمەرگەکان دەستڕێژیان لێکردوو کوشتیان

پـــەلاماری دوژمـــن

هێزێکی گەورەی دوژمن لە سێ قۆڵەوە پەلاماری گەرمیانیاندا

*قۆڵی یەکەم ١٥ ئۆتۆمبێل و مودەرەعە بەپشتیوانی هاوەنی ١٢٠ ملم و تۆپی گەورەی ١٧٥ ملم لە باوە نورەوە بۆ میلان.

*قۆڵی دووەم، ژمارەیەکی زۆر دەبابە و ٢٠ ئۆتۆمبێل و چەند تۆپێکی ١٠٦ ملم لە تیلەکۆوە بۆ میلان.

*قۆڵی سێیەم ٦٠ ئۆتۆمبێلی پڕ لە چەکدار و چەند هاوەنێک لە کەلارەوە بۆ میلان.

سەرەتا بە نیازی چاو ترساندنی خەڵک چەند دێیەکان تەختکردوو ژمارەیەک هاوولاتیان شەهید کرد.

پێشمەرگە نەبەزەکانی تیپی ٥٣ شێروانە و کەرتی ڕێکخستنی کـەلار لە کاتژمێر ١١:٢٠ دەقیقەی پێشنیوەڕۆ ڕووبـەڕووی پەلاماری دوژمنبوونەوە لە هەمانکاتدا هێزێکیتری تیپی ٥١ گەرمیان و ڕێکخراوی کۆمەڵە دابارینە سەر هێزە پەلاماردەرەکەی دوژمن و شکاندیانن لە کاتی کشانەوە هێزە پەلاماردەرەکەی دوژمن کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەوە و درەنگانێکی شەو ڕزگاریان بوو.

زیانی دوژمن

١٥٠ کوژراو کە چواریان نەقیب و سیانیان ملازم و ئەویتر جاش و سەرباز بوون

زیاتر لە ٢٠٠ بریندار

تێکشکاندن و سووتاندنی ٦ مودەرەعە و دەبابە ٨٢ ئۆتۆمبێل ١٢ شۆفڵ ٧ هاوولاتی و سێ پێشمەرگەش شەهیدبوون.

بـــۆسە-کـــفری-کـــەلار

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی تیپی ٥٣ شێروانە لە شەوی ١٩٨٥/٩/٨ بۆسەیەکیان لەسەر جادەی کفری کەلار دانا کاتژمێر ٩ی شەو دوو ئیڤا و جێپ قیادەیەکی پڕ لە قوات خاسە کەوتنە بۆ سەکەوە و گوللەبارانکران

زیانی دوژمن

کوژرانی ٢٥ قوات خاسە و بریندارببوونی ١٥یتر

شکاندنی دوو ئیڤا و جێپ قیادەیەک

دەستکەوت

١ ڕەشاشی بی کەی سی

١ ئاڕ بی کەی

٥ کلاشینکۆف

١ جیهازی ١٠٥

قوربانی، شەهید بوونی پێشمەرگەیەک بوو بە ناوی مەحموودوالی حەمەد ناسراو بە مەحموود جەلەولایی، برندارببوونی پێشمەرگەیەک.

پـــەلاماری دوژمـــن

لە کاتژمێر (٤)ی دەمەو بەیانی ١٩٨٥/٩/٢١ هێزێکی دوژمن لە سەنگاوەوە بەڕێکەوت و هێرشیکردە سەر دێی هەنارەی بناری سەنگاو کە هەمووی دە دەقیقە ڕێگە لە سەنگاوەوە دوور بوو دەکەوتە بەرانبەر فەوج و هێزەکانی دوژمن.

هێزێک لە پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی ٥١ی گەرمیان و ٥٣ی شێروانە و مەفرەزەیەکی تیپی مەڵبەندی یەک بەرەنگاریان بوونەوەو ڕاویاننان، دوژمن بۆ فریاکەوتنی جاشەکانی بەهێزێکی گەورەو بە پاڵپشتی ١٥ کۆپتەرو ٣ مودەڕەعە لە سەنگاوەوە گەیشتە مەیدانی شەڕەکە کۆپتەرەکان وەکو دەرس درابوون کە هەر شەڕواڵ لە پێیەک ببینن لێیدەن پێ بە پێی لێدانی پێشمەرگە جاشەکانی خۆشیان دەکوتا.

شەڕ تا کاتژمێر (٣)ی پاشنیوەڕۆ درێژەی کێشا لە ماوەی شەڕێکی ١١ کاتژمێریدا ئەو هێزە زلەی دوژمن لە بەردەم دوو مەفرەزە پێشمەرگەدا شکاو بەرەو سەنگاو هەڵات.

زیانی دوژمن:

پێکرانی دوو کۆپتەر کە یەکێکیان لای قادر کەرەم کەوتە خوارەوە

کوژرانی ٤ جاش و بریندار بوونی ٤ جاشیتر

دەستکەوت:

٤ کلاشینکۆف و ٩ شانە

دەمانچەیەکی تەنویر

٢ سندوق فیشەکی بیکەیسی

بریندار بوونی ٢ پێشمەرگە

شـــەڕی کانی چـــایلە
هـــاوینی 1985

هێزێکی تیپی ٥٣ی شێروانە لە کانی چایلە و هێزێک لە گۆمە زەرد بوون، دوژمن زانیبووی گۆمەزەرد پێشمەرگەی لێیە، هێزێکی دوژمن لە پشتی کانی چایلەوە بەڕێکەوتن بەرەو گۆمەزەرد سەر لە بەیانی شەڕ دەستپێکرد کۆپتەر هاتە سەر ئاسمانی شەڕەکە ژمارەیەکی زۆر دەبابە لە گۆمەزەرد بوون، هاوکات لە گەڵ پەلاماردانی دوژمن بۆ سەر گۆمەزەرد هێزێکی دوژمن لە تازەدێ و کەلارەوە بەرەو کانی چایلە هاتن.

پێشمەرگەکانی شێروانە لە ناوماڵەکانی کانی چایلە دامەزرابوون کە نیو کاتژمێر لە گۆمەزەردەوە دووربوو.

هێزەکەی دوژمن ١٢ شۆفڵیان لە گەڵدا بوو دەبابەش بە دوایانەوە بوو شۆفڵەکان خەریک بوو دەمیان دەگەیشتە خانووەکانی کانی چایلە، پێشمەرگەکانی شێروانە بە ئار بی جی لە دەبابەکانیانداو دوو دەبابەیان شکاند.

دەبابەکان کشانە دواوە لوولەی تۆپەکانیان ڕوو کردە کانی چایلە خانووەکانی کانی چایلە بە خشت دروستکرابوون و هەڵچنرابوون تۆپی دەبابەکان گڕی لە ژمارەیەک خانوو بەردا.

سەربازەکان ویستیان چەند گردۆڵکەیەک بگرن پێشمەرگەکان تەقەیان لێکردن و ڕاویاننان، لە گەڵ خۆرئاوابووندا پێشمەرگەکان کانی چایلەیان چۆڵکرد پێشمەرگەیەک بە ناوی غەفار هۆرێنی شەهید بوو، لە گۆمەزەرد عومەری حەمە درێژو دوو پێشمەرگەیتر شەهید بوون.

ســـــووتاندنی ماڵە جـــاش

دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٥٣ی شێروانە لە شەوی ١٩٨٥/٩/١١/١٠ چوونە ئۆردوگای ئەحمەد قادر لە باوەنور چوونە سەر ماڵی جاشەکان بەڵام کەسیان لە ماڵ نەبوون و دوو ماڵە جاشیان سووتاند.

هێزێکیتری تیپی شێروانە لە شەوی ١٩٨٥/٩/١٤/١٣ چوونە ناو هەر دوو ئۆردوگای بەردە سوورو ئەحمەد کەرەم لە کەلار دوای گەڕان و تەقە کردن لە مۆڵگەی جاشەکان دوانزە ماڵە جاشیان سووتاند.

لـــــێدانی جـــاش

تاقمە جاشێک لە شەوی ١٩٨٥/١١/٢٧/٢٦ بۆ شەوکوت و تاڵانی و بەدکرداری لە نەوجولەوە چوونە دێیەکانی گومەتەبۆرو باشتەپە، پێشمەرگەکانی گەرمیان لە کاتژمێر (١)ی شەودا لێیاندان و هەندێکیان بە پێی پەتی هەڵاتن.

زیانی دوژمن:

کوژرانی جاشێکی کنگربانی و بریندار بوونی جاشێکیتر

لـــێدانی ماڵە عـــەرەب

دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٥٣ی شێروانە لە ڕۆژی ١٩٨٥/١١/٢٩ دێهاتە تەعریبکراوەکانی سەر قەڵا و نێوان کوڵەجۆو جەلەولایان تۆپبارانکردو (٧) کەس کوژران (٣) کەسیان سەربازی ناو ڕەبییەو (٤) کەسیان عەرەبی هاوردە بوون.

پـــەلاماری دوژمـــن

هێزێکی گەورەی دوژمن کە لە هەزاران جاش و سەرباز پێکهاتبوو بە پشتیوانی دەیان دەبابەو مودەڕەعە و (٧) کۆپتەر لە ڕۆژی ١٩٨٥/١٢/٢٦ هێرشیانکردە سەر دێهاتەکانی سەید جەژنی، فەتاح هۆمەر، هۆمەرمل، توکن، بە نیازی تەختکردنیان.

دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٥٣ی شێروانە و هێزی بەرگری ناوچەکە لە کاتژمێر ١١:٣٠ دەقیقەی پێش نیوەڕۆ ڕووبەڕووی هێزەکەی دوژمن بوونەوەو شەڕ دەستیپێکرد، دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٥١ی گەرمیان هاتن بە هانای پێشمەرگەکانی شێروانەوە.

پێشمەرگە دلێرەکان هێزەکەی دوژمنیان لە دێی توکن هەتا فەتاح هۆمەر ڕاونا لەوێش کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەوەو تا ناحیەی سەرقەڵا ڕاویانانان.

زیانی دوژمن:

کوژرانی ١٧ جاش و سەرباز کە دوانیان ئەفسەرو نائیب زابت بوون

دەستکەوتەکان:

یەک دەبابەی بەڕازیلی پاش دەرهێنانی دۆشکەو ڕەشاشەکەی و ٦٠٠ فیشەکی دۆشکە سووتێندرا

(٣) ئۆتۆمبێلی ئیڤا و (١) ئۆتۆمبیلی جێپ قیادە

٢ شۆفڵ

یەک هاوەنی ٨٢ ملم و ٤٢ گوللە

یەک ئاربیجی «١١» ٢٠ گوللە

یەک ڕەشاشی ئاربیکەی

٤ کلاشینکۆف و ٢٠ مەخزەن
جیهازێکی ڕاکاڵ بە تەجهیز قودرەو موجەفیرەوە
جیهازێکی ١٠٥
٨ سندوق فیشەکی کلاشینکۆف
٢٠٠٠ فیشەکی بیکەیسی
١٥ سندوق فیشەکی ژێرسێ
یەک دووربینی سەربازی
یەک خێمەو نەخشەی شەڕو هێرشەکە
کۆمەڵێک بەتانی و سجل و بەڵگەی قائیدی (تەبوک)

قوربانی پێشمەرگە:

شەهید بوونی مام حەمەلاو خەڵکی توکن تەمەن ٦٠ ساڵ
بریندار بوونی پێشمەرگەیەکی هێزی بەرگری

شـــەهید بوونی مەحموود گـــــەرمیانی
1985/12/29

مەحموود گەرمیانی جێگری تیپی ٥٣ی شێروانە بوو ماڵی لە قەڵاتەپزان بوو ئاگاداریان کردنەوە لە (میلان) شەڕە بەرەو (میلان) کەوتنە ڕێ بەڵام کە گەیشتنە نزیک میلان شەڕ نەبوو.

حەوت پێشمەرگە مەحموود گەرمیانی، ئەحمەد چاوشین، حەمەی جەیران، مامە ڕەشـە، حەمە قەڵەوە جێگر فارس و سابیر لە پێشەوە ڕۆیشتن گەیشتنە سەر ملەی زەنگەکە دوو پێشمەرگە هاتن هەواڵی شەڕەکەیان لێپرسین ووتیان ئێمە لە گەرمکەوە دێین شەڕ نییە.

مەحموود گەرمیانی و هاوڕێکانی نیوەڕۆ چوونە ماڵی ئەسعەدی حاجی حسێن لە زەنگەکە دۆڵمەیان خوارد، دوای نانخواردن سەر جێبەکەیان کەوتن و چوونە زەماوەنگەو ژاڵەو حەسەن محە، بەنزین پەیدا بکەن هیچ ئۆتۆمبێلێک نەهاتبوو

چوونە بەلوت کەسێک بانگیکردن ووتی پڕ دێیەکە جاشە، لەوێوە گەڕانەوەو چوونە دێی حەسەن محە لە ماڵێک مانەوە.

دەنگی سەگوەڕ لە دوورەوە دەهاتە گوێ خاوەن ماڵەکە ووتی ئەگەر ئاوایی جاشی تیا نەبێت پێنج دەقەیتر جاش لە ناو دێیەکەدایە قەت سەگوەڕی وانەبووە.

پێشمەرگەکان خەریکی نانخواردن بوون کوڕی خاوەن ماڵەکە هاتە ژوورەوەو ووتی حەوت چەکدار هاتنە سەر ئۆتۆمبیلەکەتان و ڕایانکرد.

جاشەکان دوو کەمینیان دانابوو یەکەم کەمین تەقەیان نەکرد پێشمەرگەکان لە کەمینی یەکەم دەرچوون و سەر جێبەکە کەوتن.

شەوێک بوو باران نم نم دەباری لە ناکاو کەوتنە ناو بۆسەی دووەمی جاشەکانەوەو ٢٥ جاش تەقەیان لێدەکردن.

لەو بۆسەیەدا مەحموود گەرمیانی جێگری تیپی ٥٣ی شێروانە شەهید بوو پێنج پێشمەرگە بریندار بوون.

مەحموود گەرمیانی یەکێک لە پێشمەرگەکانی سەرەتای شۆڕش بوو لە هەڕێمی (١)ی هەورامان – شارەزوور فەرماندەی کەرت بوو، قارەمانی دەیان نەبەردی و داستان بوو دواتر لە تیپی ١٥ی شارەزوور فەرماندە کەرت بوو لەوێ گواستراپەوە بۆ تیپی شێروانەو کرایە جێگری تیپەکە، تا لە شەوی ١٩٨٥/١٢/٢٩ لە بۆسەی جاشدا شەهید بوو گیانی سپارد.

پـــــەلاماری دوژمـــــن

سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٥/١٢/٣٠ هێزێکی زۆر لە جاشەکانی کەلار، زەڕایەن، باوەنور، کفری، کەلار، دەربەندیخان، تیلەکۆ، مەیدان بە سەرپەرشتی قائیدی فیرقە و پاڵپشتی ٣ کۆپتەرو دەبابەو ناقیلەیەکی زۆر کە بە ٣٠٠ ئۆتۆمبیلی پڕ لە جاش و سەرباز مەزەندە دەکرا، جگە لە دەبابە و مودەڕەعەو تۆپبارانی قورس لە سەر قەڵاو تیلەکۆوە بە تۆپی ١٧٥ ملم زیاد لە ٤٠٠ تۆپی لە ناوچەکانی پێشمەرگەدا.

هێزەکەی دوژمن پەلاماری بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە دەستپێکردو

چونە دێی «گۆبان» لەوێشەوە بۆ دێیەکانیتر.

هێزەکەی دوژمن پێیانوابوو ناوچەکە چۆڵەو پێشمەرگەی لێنییە بەڵام لە گەڵ گەیشتنیان بۆ لێواری دێ ڕووبەڕووی گورزی بەهێزی پێشمەرگەکانی شێروانە بوونەوە هێزەکەی دوژمن بە جۆرێک شکان بە پێی پەتی هەڵاتن سەدان جووت پێڵاو لە ناو وەردو هەردەکانی گەرمیاندا جێمابوون.

هێزێکیتری دوژمن بەرەو ئاوایی فەقێ مستەفا و سەید خەلیل ڕۆیشتن بە نیازی گەمارۆدانی پێشمەرگە بەڵام ئەوانیش کەوتنە بەر هەڵمەتی پێشمەرگە و چەندین کەلاکیان لێجێما.

هێزێکی دوژمن کە بە هەزاران جاش مەزەندە دەکرا هاتن بە هانای هێزە شکاوەکەی سەید خەلیل و فەقێ مستەفاوە ئەوانیش تێکشکێندران شەڕ لە کاتژمێر ٧:٣٠ دەقیقەی بەیانییەوە تا ٥:٣٠ دەقیقەی ئێوارە بەردەوام بوو.

زیانی دوژمن:

کوژرانی زیاتر لە ٣٠ جاش کە لاشەی ١٦ جاش جێمابوو، ڕۆژی دووەمی شەڕەکە چوار مەلای ئایینی هاتن بۆ بردنەوەیان چوونکە ئامر لیوا ووتبووی ئێمە هەر کەلارمان پێدەپاڕێزرێت ناتوانین کەلار بەجێبهێڵین چوونکە پێشمەرگە هێرشی بۆ دەکات.

کوژرانی (٥) قوات خاسە

کوژرانی (٢) ئیستخبارات

بریندار بوونی (٢٠) جاش

دەستکەوتەکان:

١/ (١) ڕەشاشی بیکەیسی

٢/ (١) ڕەشاشی ئاربیکەی

٣/ (١٢) کلاشینکۆف و ١٠٠ مەخزەنی پڕ لە فیشەک

قوربانی هێزی پێشمەرگە دوو شەهیدی قارەمان بوو کە لە هێزەکە دابڕابوون دوای شەڕێکی پێشمەرگانەو دوای ئەوەی فیشەکیان پێنەمابوو شەهید کران.

١/ شەهید کەریم کۆمەڵە
٢/ شەهید مەجید کەریم پێشمەرگەی کەرتی ٤ی تیپی ٥٣ی شێروانە

لـــێدانی جـــاش

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٥٣ی شێروانە لە شەوی ٢٣-١٩٨٦/٢/٢٤ لە دێی کۆکز ڕووبەڕووی تاقمە جاشێک بوونەوە و بەرەو مۆڵگەکانیان ڕاویاننان.

زیانی دوژمن

کوژرانی ٢ جاش و بریندار بوونی ژمارەیەکیتر

دەستکەوت

١ کلاشینکۆف و ٣ مەخزەن

بـــۆسە

دەستەیەک لە پێشمەرگە نەبەزەکانی تیپی ٥٣ی شێروانە لە کاتژمێر ٧:٣٠ دەقیقەی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٦/٣/١٧ بۆسەیەکیان لە دەشتی کەلار نزیک جادەی کەلار کفری دانا بۆ ئەو جاشانەی کە دەهاتن بۆ ڕاوە ئاسک. جاشەکان کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەکانی شێروانەو دوو جاشیان بە بریندار دەستگیرکرد.

دەستکەوت:

١٢ کلاشینکۆف و ١٠ شانە

چـــالاکی

دەستەیەک لە پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی ٥٣ی شێروانە لە شەوی ١٩٨٦/٤/٢٤ چوونە ناو شاری کەلارو چەکدارێکیان دەستگیرکرد.

دەستکەوت:

١ کلاشینکۆف و ٤ شانە

لـــێدانی جاش-ئـــۆردوگا

پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی ٥٣ شێروانە لە شەوی ١٦-١٩٨٦/٥/١٧ چوونە ناو ئۆردوگای ئەحمەد قادری سەر بە ناحیەی باوەنوور، لە ئەنجامدا ٤ بەکرێگیراوی دوژمنیان کوشت و ١٥ مالّیان ئاگرتێبەردا

دەستکەوت

٤ کلاّشینکۆف و دوو پەڕەشووت

ســـــەرکردایەتی
1986

ماوەیەک کەرتی ٤ی تیپی ٥٣ی شێروانە بە فەرماندەیی ئەحمەد چاوشین چوونە سەرکردایەتی لە بالّخ و یاخسەمەرو گاپیلّۆن بنکەیان دانا نزیکەی شەش مانگ مانەوە، لەو ماوەیەدا ئەرکی پاراستنی بارەگاکانی سەرکردایەتی و لوتکەو قوتە بەرزەکانیان پێسپێردرابوو کە بە سەر ناوچەکەدا زالّبوون، دواتر گەڕانەوە شێروانە.

دەشـــتی کـــەلار

دەستەیەک لە پێشمەرگە نەبەزەکانی تیپی ٥٣ی شێروانە لە کاتژمێر ٧:٣٠ دەقیقەی ڕۆژی ١٩٨٦/٧/١٦ بۆسەیەکیان لە دەشتی کەلار نزیک جادەی کەلار کفری دانا بۆ ئەو جاشانەی دەهاتن بۆ ڕاوە ئاسک جاشەکان کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەکانەوەو دوو جاش دەستگیر کران.

دەستکەوت:

٢ کلاّشینکۆف و ١٠ شانە دەستکەوت بوو

پـــەلاماری دوژمـــن

هێزێکی گەورەی دوژمـن بە سەرپەرشتی قائید فەیلەق و سـەدان ئەفسەرو سەرۆک جاش لە سێ قۆڵەوە پەلاماری ناوچەکانی کەلاریاندا بەمجۆرە:

قۆڵی یەکەم، ٦٥ ئۆتۆمبێل و مودەڕەعە و چەند هاوەنی ١٢٠ و تۆپی گەورەی ١٧٥ ملم لە باوەنورەوە بۆ میلان.

قۆڵی دووەم، ژمارەیەکی زۆر دەبابە و ناقیلەو ٢٠ ئۆتۆمبێل و چەند تۆپێکی ١٠٦ لە تیلەکۆوە بۆ میلان.

قۆڵی سێیەم، ٦٠ ئۆتۆمبیلی پڕ لە چەکدارو چەند هاوەنێک لە کەلارەوە بۆ میلان.

هێزەکەی دوژمن دەچوونە هەر دێیەک تەختیان دەکرد بۆ چاوترساندنی خەڵک لە هەر دێیەک هاوولاتییەکیان باڵبەست کردو شەهیدیان کرد.

هێزە پەلاماردەرەکەی دوژمن دێیەکانی دەنگەوەزو دووخڕان و بوەکەو زەڕینیان تەختی زەوی کرد چوار هاوولاتییان لە هەر چوار دێیەکە شەهید کرد دواتر چوونە هەر دوو دێی میلان و تەختیان کرد هێزەکەی دوژمـن بە نیازی تەختکردن و ڕووخاندنی دێی گۆمەزەرد کەوتنەڕێ.

لە کاتژمێر ١٢:٢٠ دەقیقەی نیوەشەودا دەستەیەک لە پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان و کەرتی ڕێکخستنی کەلار ڕووبەڕووی هێزەکەی دوژمن بوونەوەو شەڕ دەستیپێکرد، شەڕی دەستەویەخە و ماڵەوماڵ لە نێوان پێشمەرگەو دوژمندا دروستبوو.

کەرتێکی تیپی ٥١ی گەرمیان و هێزی پشتگیری و دەستەیەکی ڕێکخراوی پێنج هاتن بە هانای تیپی شێروانەوەو هێزەکەی دوژمن بە پەلە لە گۆمەزەرد هەڵات و کشایەوە لە کاتی ڕاکردندا کەوتە بۆسەی پێشمەرگەوە، هێزەکەی دوژمن جارێکیتر لە نزیک دێی کانی چایلە کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەوەو گەمارۆدران لە کاتژمێر (٥) ی ئێوارە تا ١١ی شەو شەڕ بەردەوام بوو، تۆپبارانی سەختی دوژمن ناوچەکەی کردبووە گەردەلول و دووکەڵ ٣ کۆپتەر لە کەلارو باوەنوورەوە دەهاتنە سەر ئاسمانی شەڕەکە، هێزەکەی دوژمن هەڵوەشاوو شپرزە بوو.

کۆپتەرەکان داوای دە دەقیقە دەرفەتیان دەکرد بۆ بەنزین وەرگرتن، قائید فیرقە لە ناو بورجی پۆڵاینی دەبابەوە لێیان دەپاڕایەوە نابێ بڕۆن بەجێمان بهێڵن چوونکە هێرشی چڕو گەورەی پێشمەرگەمان لە سەرە.

لە نیوە شەوێکی درەنگ و تاریکدا هێزەکەی دوژمن دوای ئەوەی کۆپتەرو دەبابە بوون بە ئیسعاف دەربازیان بوو بەڵام بە کوژراوو بریندارێکی زۆرەوە.

زیانی دوژمن:

- کوژرانی زیاتر لە ١٥٠ کەس کە ٨ کەسیان ئەفسەرو ٥ کەسیان نائب زابت و ئەوانیتر سەربازو جاش بوون.
- زیاتر لە ٢٠٠ بریندار
- تێکشکاندن و سووتاندنی ٦ مودەڕەعەو ٨ ئۆتۆمبێل قوربانی هێزی پێشمەرگە: شەهید بوونی ٧ هاوڵاتی و ٣ پێشمەرگە
- شەهید عومەر حەمە خورشید فەرماندەی مەفرەزە
- شەهید سەباح حەمەدەمین
- شەهید غەفار ئەحمەد نادر

دەستکەوت:

لە بەر بەرینی و ئاڵۆزی شەڕەکە هەر ئەوەندە دەستکەوت دۆزرانەوە:

- ٤ کلاشینکۆف
- ١٠ هەزار فیشەکی کلاشینکۆف
- ٨ سندوق فیشەکی قەناس
- ٧٩ گوللە هاوەن

کـــوڵە جۆی زەنگابـــاد

شـەوی ٣-١٩٨٧/١/٤ پێشمەرگەکانی کەرتی ٥ی تیپی شێروانە چوونە ناو کۆمەڵگەی زەنگاباد بەدوای ماڵە خۆفرۆشەکاندا گەڕان لە ئەنجامدا ٨ ماڵە جاشیان سووتاند و چوار جاشیان دەستگیرکرد

دەستکەوت

١ کلاشینکۆف

٥ مەخزەن

گـــرتنی ڕەبـــییە

کاتژمێر ١٠:٢٠ دەقیقەی شەوی ٢٢-١٩٨٨/٢/٢٣ دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٥٣ شێروانە هێرشیانکردە سەر ڕەبییەی قولە بەرز لەسەر جادەی کەلار دەربەندیخان کە تەنها ٣ کیلۆمەتر لە ناحیەی باوەنورەوە دوور بوو، پێشمەرگە قارەمانەکانی شێروانە لە ماوەیەکی کەمدا دەستیانگرت بەسەر ڕەبییەکەدا

زیانی دوژمن

کوژرانی ١سەرباز

بەدیلگرتنی ٧ سەرباز

دەستکەوت

١ ئاڕ بی جی

١ هاوەنی ٦٠ ملم

٢ ئاڕ بی کەی

٣ کلاشینکۆف

١ جیهازی ڕاکاڵ

١ دووربین

٢٠ مەخزەنی کلاشینکۆف

٣ مەخزەنی حەفتاو پێنجی

لـــێدانی ناحیەی تـــیلەکۆ

کاتژمێر دووی دوانیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٧/٣/٢ هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی تیپی ٥١ گەرمیان و ٥٣ شێروانە لەسەر ڕێگای کەلار تیلەکۆ نزیک ناحیەی تیلەکۆ بۆسەیەکیان دانا کاروانێکی سەربازی کەوتە بۆسەکەوە پێشمەرگەکان گوللە بارانیانکردن، لە ئەنجامدا دوو ئیڤا تێکشکاو هەموو شەرنشینەکانیان کوژران

زیانی دوژمن

٣٥ کوژراو

مەفرەزەیەکیتری پێشمەرگە تۆپبارانی سەختی ناحیە و مەرکەزی شورطە و مەرکەزی ناحیە و ڕەبییەکانی تیلەکۆیانکرد، گوللە تۆپەکان شوێن مەبەستەکانیان پێکا

زیانی دوژمن

زیاتر لە ٤٠ کوژراو بوو

تـــێکشکاندنی پـــەلامارێکی دوژمـــن

ڕۆژی ١٩٨٧/٥/١٨ هێزێکی دوژمن بە نیاز بوون دێیەکانی هۆمەر بەگ، قۆچان عەرەب تەخت و کاول بکەن و خەڵکەکەی بەرەو خواروی عێراق ڕابگوێزن.

پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی ٥٣ی شێروانە لە هێزەکەی دوژمنیانداو تێکیان شکاندن و زیانی گەورەیان لێدان.

زیانی دوژمن:

کوژرانی ٩٠ کەس لاشەی ٣٢ کەسیان لە بەردەستی پێشمەرگەدا بوو.

دەستکەوت:

- گرتنی ٣ دەبابەی TOO
- گرتنی ١ دەبابەی بەڕازیلی
- گرتنی ٣ دۆشکای ١٢,٥ ملم
- گرتنی ٣ گرینۆف

- گرتنی ٥ شۆفڵ بە ساغی
- گرتنی ١ جیهازی ڕاکاڵی مجفر
- گرتنی ١ جیهازی ڕوسی
- گرتنی ٣٠ کلاشینکۆف

ئەم داستانە بە خوێنی چوار پێشمەرگەی قارەمان تۆمار کرا، لە ناویاندا کەریم سەعید ناسراو بە مەلا کەریم فەرماندەی کەرت لە تیپی ٥٣ی شێروانە.

گـــرتنی ڕەبییەی هـــــەزارکانی

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی کەرتی تیپی ٥٣ی شێروانە لە کاتژمێر ٧:٤٥ دەقیقەی شـەوی ١٩٨٩/١/٢٠/١٩ چوونە سەر ڕەبییەی نێوان دێی هەزارکانی زینانەی سەنگاو لە گەڵ گەیشتنیان بە لێواری ڕەبییەکە داوای خۆبەدەستەوەدانیان لە چەکدارەکانی داگیرکەر کرد بەڵام ملیان نەدا پێشمەرگەکانی کەرتی تیپی شێروانە لە هەڵمەتێکی خێراداو لە ماوەی دوو دەقیقەدا ڕەبییەکەیان دەست بە سەرداگرت.

تـــیپی 59ی حـــەمرین
نـــۆ

تـــیپی 59ی حـــەمرین
1987

ساڵی ١٩٨٧ تیپی ٥٩ی حەمرین درووستکرا، پێکهاتەی تیپەکە بەمشێوەیە بوو:

- هێمنە ڕەش فەرماندەی تیپ
- شێخ کەریم جێگری فەرماندەی تیپ، دواتر شێرزاد باوە نوری جێگری فەرماندەی تیپ بوو.
- مامۆستا کاکە ڕەش لێپرسراوی ڕێکخستنی تیپ
- مامۆستا جەلال ڕابەری سیاسی تیپ
- شێخ تەها لێپرسراوی کاروباری کۆمەڵایەتی تیپ

فەرماندە کەرتەکان:

١/ عەسکەر فەرماندەی کەرتی یەک
٢/ جەلال مەسۆیی فەرماندەی کەرتی دوو
٣/ ئازاد حاجی چەچان فەرماندەی کەرتی سێ
٤/ ڕزگاری حاجی کایل فەرماندەی کەرتی چوار
٥/ قادر مەملی فەرماندەی کەرتی پێنج

سنووری چالاکی تیپی ٥٩ی حەمرین پێکهاتبوو لە ناوچەی جەباری، قەرەحەسەن، خاڵۆ بازیانی، لەیلان، قەرەهەنجیر، تا جادەی سەنگاو قادر کەرەم و بەشێک لە دێیەکانی قادر کەرەم.

تیپی ٥٩ی حەمرین لە سەرەتای درووستبوونییەوە تا دەگاتە ئەنفال چەندین چالاکییان دژی هێزەکانی داگیرکەر ئەنجامدا.

- لە داستانی ڕزگاریدا ڕۆڵی دیارو بەرچاویان بینی.

تـــێکشکاندنی دوژمـــن

هاوکات لەگەڵ پەلاماری دوژمن بۆسەر ناوچەی داوده ڕۆژی ١٩٨٧/٥/١٣ دوژمن بە پاڵپشتی دوو ناقیلە هێرشێکی بەربڵاوی کردە سەر دێی ئالیاوە کە تەنها کیلۆمەترێک لە قادرکەرەمەوە دوور بوو.

پێشمەرگەکانی تیپی ٥٩ حەمرین بە پاڵپشتی هێزی پشتگیری ناوچەکە لە هێزەکەی دوژمنیانداو نەیانهێشت پێشڕەوی بکەن لەو شەڕەدا ٣ چەکداری ڕژێم کوژران، بۆ ڕۆژی دواتر دوژمن بە پاڵپشتی تانک و توپ لە دوو قۆڵەوە پەلاماری دێی ئالیاوا و عەلی مستەفایدا، پێشمەرگەکانی کەرتی ١و٣و مەفرەزەیەکی تیپی ٥٩ حەمرین لێیان هاتنە دەست و شکاندیانن

زیانی دوژمن

کوژرانی ٢٠ سەرباز و جاش

دوانیان سودانی بوو

دەستکەوت

١ بی کەی سی بە ٥٠٠ فیشەکەوە، ١ ئاڕ بی جی، ١١ کلاشینکۆف، ١ دەمانچە، دوو ئۆتۆمبێل.

پـــەلاماری دوژمـــن

ڕۆژی ١٩٨٧/٥/١٦ هێزێکی دوژمن بە پاڵپشتی دەیان ناقیلە و دەبابە و ڕاجیمە و کۆپتەر و پیلاتۆس پەلاماری دێی (شێخ جیری)دا.

پێشمەرگەکانی تیپی ٥٩ حەمرین لێیاندان و پێنج پەلاماری لە دوای یەکی دوژمنیان تێکشکاند شەڕ تا ئێوارە دریژەی کێشا.

زیانی دوژمن

کوژرانی ١٠٠ سەرباز لاشەی ٣٠ سەربازیان لەبەر پێی پێشمەرگەدا جێما لەناو کوژراوەکاندا دوو ئەفسەر هەبوون.

دەستکەوت

٥ ئاڕ بی جی

٢ قەناس

٧ کلاشینکۆف

١ دەمانچە

١ شۆفڵ

قوربانی پێشمەرگە دوو شەهیدی قارەمان بوو.

چـــالاکی قادرکەرەم- لەیـــلان

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٥٩ی حەمرین لە ڕۆژی ١٩٨٧/٥/٢٠ بۆسەیەکیان لە سەر جادەی قادرکەرەم لەیلان دانا، لە کاتژمێر حەوتی ئێوارەدا بەڕازیلییەک کەوتە بۆسەکەوەو ئەفسەرێکی مرور بە پلەی نەقیب کوژرا کە خەڵکی تکریت بوو.

• لە گرتنی ڕەبییەکانی بورجی دارە ڕەشدا تیپی ٥٩ی حەمرین ڕۆڵی گرنگیان بینی لەو داستانەدا شەش شەهیدیان بەخشی.

گـــرتنی ڕەبـــییەی کـــۆرمۆر

مەفرەزەیەکی تیپی ٥٩ی حەمرین لە کاتژمێر ٦ی ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٧/٦/١٨ هەڵمەتیانبردەسەر ڕەبییەی کۆرمۆر لەسەر جادەی گشتی قادر کەرەم دوز لە ماوەی ١٥ دەقیقەدا دەستیان بەسەرداگرت.

دەستکەوت

١ دکتاریۆف

٦ کلاشینکۆف و ٣٧ مەخزەن

١ سندوق نارنجۆک

١٠ گوللە ئاڕ بی جی

١ خێمە و کەلووپەلی ناو ڕەبییەکە

دوای گرتنی ڕەبییەی کۆرمۆر سێ ڕەبییەی دەورووبەری لە ترسا ڕایانکرد، پێشمەرگەکان چوونە ناو ڕەبییەکان و هەرچی تیادابوو سووتاندیان.

گـــرتنی ڕەبـــــییە

دوو دەستە لە پێشمەرگەکانی کەرتی ١ی تیپی ٥٩ی حەمرین شـەوی ١٩-١٩٨٧/٦/٢٠ هێرشیانکردە سەر ڕەبییەی گردی ڕەشانیان و دەستیان بەسەرداگرت بەڵام چەکدارەکان هەڵاتن.

دەستکەوت

یەک ڕەشاشی بی کەی سی و ٥ شریت و و یەک سندوق فیشەک، ٣ مەخزەنی کلاشینکۆف و ١ سندوق فیشەکی کلاشینکۆف، ١ تەلەفۆن.

نـــــەوجول-دوز

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٥٩ی حەمرین و دەستەیەک لە کەرتی ١ی تیپی ٥١ گەرمیان لە کاتژمێر ١٠ی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٧/٧/٣ بۆسەیەکیان لەسەر جادەی گشتی نەوجەل دوز دانا و ئۆتۆمبێلێکی کرۆنا کەوتە بۆسەکەوە و دەستیان بەسەرداگرت

هاوکات ئیڤایەک و پیکابێکی پڕ چەکدار کەوتنە بۆسەکەوە و گوللەبارانکران.

زیانی دوژمن

کوژرانی ٢ جاش و ١ سەرباز

بەدیلگرتنی ٥ چەکداریتر

دەستکەوت

٤ کلاشینکۆف و ٢٠ مەخزەن

٤ سندوق فیشەکی کلاشینکۆف، ٢ ئۆتۆمبێل ژمارەیەک بەتانی

چـــەند چـــالاکییەك

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی تیپی ٥٩ی حەمرین لە شەوی ١-١٩٨٧/٩/٢ هێرشیانکردە سەر ڕەبییەکی دوژمن لەسەر جادەی گشتی کەرکوک بەغدا لە ئاستی سلێمان بەگ لە ماوەیەکی کەمدا دەستیان بەسەردا گرت.

زیانی دوژمن

کوژرانی ٣ چەکدار و بەدیلگرتنی ٣ چەکداریتر.

دەستکەوت

٤ کلاشینکۆف، ١٦ مەخزەن، ١٠ تەلەفۆن.

هێزێکی هاوبەشی تیپی ٥٩ی حەمرین سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٧/٩/٢ بۆ سەیەکیان لەسەر جادەی گشتی سەنگاو چەمچەماڵ دانا ئیڤایەکی پڕ لە چەکدار کەوتە بۆ سەکەوە و گوللە بارانیانکرد لە ئەنجامدا ١١ چەکدار کوژران.

دەستکەوت

٥ کلاشینکۆف و ١٦ مەخزەن و ١ئیڤا

هێزێکی تیپی ٥٩ی حەمرین لە کاتژمێر ٩:٤٠ی دەقەی ڕۆژی ١٩٨٧/٩/٨ بۆسەیەکیان لەسەر جادەی قادرکەرەم نزیک کانی شیرینەکە دانا هێزێکی دوژمن کەوتە بۆسەکەوە و گوللە بارانیانکرد لە ئەنجامدا زیاتر لە ٣٠ سەرباز و جاش کوژران ٣ چەکداریش بەدیلگیران.

دەستکەوت

١١ کلاشینکۆف

ناقیلەیەک گیراو تەقێندرایەوە

٢ ئۆتۆمبێل سوتێندران

بـــــورجەکەی دارە رشـــەش
گـــرتنی بورجەکەی دارە ڕەش و ڕەبـــییەکانی زڕگـــوێز
1987/9/29

مەڵبەندی یەک بە پێی نەخشەو پلانی ورد بەرنامەی دەست بە سەرداگرتنی بورجەکەی دارە ڕەش و ڕەبییەکانی زڕگوێزی داڕشت، بۆ ئەو مەبەستە تیپەکانی ٥١ی گەرمیان، ٥٧ی سەگرمە، ١٧ی زمناکۆ، ٣٥ی کوڕەکاژاو، ٥٣ی شێروانە، ٥٩ی حەمرین، تیپی مەڵبەند بەشدابوون بەمجۆرە:

• تیپەکانی ١٧ی زمناکۆ، ٥٧ی سەگرمە، بەشێکی تیپی ٣٥ی کوڕەکاژاو، ٥٩ی حەمرین، لە دارە ڕەشەوە تا ناو زڕگوێز، سەر بورجەکەی دارە ڕەش و ڕەبییەکانی دەوروبەریان پێسپێردرا.

• تیپی ٥٣ی شیروانە لە دێی سۆراوەوە تا سەر شاخی پێسپێردرا.

لە ناو زڕگوێز بارەگایەکی تیپی ٣٥ی کوڕەکاژاوی لێبوو، کەرتی ٤ی تیپی ٣٥ی کوڕەکاژاو بارەگاکەی لە زڕگوێز بوو هەر تیپە بە نۆرە ماوەیەک لەوێ دەبوو تا دوژمن دزە نەکات و سەرکەوێت بۆ قەراخ.

هێزێکی گەورەی پێشمەرگە هاتنە زڕگوێز حەمە سەعید سێتەڵانی، شێخ جەعفەر، مەحموود سەنگاوی، بەرنامەی گرتنی دارە ڕەش دانرابوو لە زڕگوێز تا دارە ڕەش سێ ڕەبییەی تیابوو بەری زڕگوێز بارەگایەکی فەوجی تیابوو.

ڕەبییەیەک بۆ ئەنوەر دۆڵانی دانرابوو ڕەبییەیەک بۆ تیپی کوڕەکاژاو دانرابوو یەکەم ڕەبییەی دارەڕەش بۆ تیپی کوڕەکاژاو دانرابوو، خواروی ئەوان ڕەبییەیەکی جاشی شەعبی بوو بۆ ئەنوەر دۆڵانی دانرا خواروی ئەنوەر دۆڵانی بۆ مەحموود سەنگاوی و کەرتی تیپ دانرابوو، جێگری فەرماندەی کەرتی تیپ عوسمان هاڵدەرەیی بوو لە تیپی ٥٧ی سەگرمە ئەو شەوە لەوێ شەهید بوو.

حەمە سەعید حاجی غەریب سێتەڵانی بۆ سەرووی بورجەکە دانرابوو ئەو شەوە ئەویش شەهید بوو چوار ڕەبییە بۆ تیپی ٥١ی گەرمیان دانرابوو، مقەڕ فەوجێکی خەفیفە لە بەری زڕگوێز بۆ تیپی ١٧ی زمناکۆ دانرابوو لە تێکڕای قۆڵەکانەوە هێرشکرایە سەر ڕەبییەو مۆڵگەکان شەڕ تا ڕۆژی دوایی بەردەوام بوو.

تـــۆپخانەی مـــەڵبەند

تۆپخانەی مەڵبەندی یەک بە وردی شوێن مۆڵگەو ڕەبییەکانی دوژمنی دەپێکا، گوللەیەکی سامیان نا بە کۆپتەرێکەوە پێکایان کەوتە خوارەوە.

تـــــیپی 51ی گـــــەرمیان

چوار ڕەبییە بۆ تیپی ٥١ی گەرمیان دانرابوو ڕەبییەکان کەوتبوونە سەرووی تلەزەیتەوە ڕەبییەیەک بۆ کەرتی (٦) دانرا بیگرێت، ڕەبییەیەک بۆ کەرتی (٥) دانرا، ڕەبییەیەک بە هاوبەشی بیگرن.

چەند کەرتێکی تیپی ٥١ی گەرمیان لە گەڵ هێزێکیتردا چوونە بناری شارەزوور بۆ گرتنی مۆڵگەیەکی دوژمـن بـەڵام پێش تەقەکردن کەوتنە کەمینەوەو چەند پێشمەرگەیەک شەهید بوون.

ئەو دوو ڕەبییەی بۆ کەرتی (٥-٦) دانرا یەکێکیان بە سەر تلەزەیتەوە بوو ڕەبییەیەکیش کەوتبووە دەستی ڕاستەوە بۆ کەرتی (٥) دانرابوو.

شەوێکی تاریک بوو تیپی ٥١ی گەرمیان ناوچەکە شارەزا نەبوون شارەزایان لە گەڵدا ناردبوون، پێش ئەوەی بیانگەیەنێتە ڕەبییەکە شارەزاکە ووتی ئەوە ڕەبییەکەیە لێرە دەچنە سەرەوە (١٠٠-١٥٠) مەتر بڕۆن دەگەنە ڕەبییەکە، بە کەرتی (٥)یشی هەروا وتبوو شارەزاکەی لای کەرتی (٥).

عوسمانی حاجی مەحموود دەستەی هێرش و ئەسنادی جیاکردەوە کە دەستەی بیکەیسی و ئاربیجی بوو دەستەی هێرشی جیاکردەوە ئەسناد لە دوایانەوە بوون.

دەستەی هێرش لە پێشەوە بوون بەدوای ڕەبییەکەدا دەگەڕان کاتێکیان زانی نارنجۆکێکیان بۆ هەڵدان لە پشتی پێشمەرگەکانەوە دای لە زەوی یەکێک لە پێشمەرگەکانی دەستەی ئەسنادی بریندار کرد، لە مەسافەی (٧) مەتردا لە بن ڕەبییەکەدا بوون نەیانزانیبوو ڕەبییەکە سیمی نەبوو بە کەڵەکە بەرد هەڵچنرابوو کەڵەکە بەردیش لە شوێنی شاخاوی بە شەو جیاناکرێتەوە کە ڕەبییەکە نارنجۆکیان هەڵدا پێشمەرگەکان بە نارنجۆک و تەقەوە هێرشیانکردە سەر ڕەبییەکە، جاشەکانی

ناو ڕەبییەکە لەو دیوەوە ڕایانکرد پێشمەرگەکانیش لەم دیوەوە چوونە ناو ڕەبییەکە، ڕەبییەکە جاش بوون گوێیان لێبوو بە بادینی قسەیان دەکرد.

پێشمەرگەکانی کەرتی (٦) لە ناو ڕەبییەکەدا مانەوە عوسمان حاجی مەحموود پێی وتن سەنگەرەکان چاک بکەن ئێمە بۆ بەیانی لێرە دەمێنینەوە ڕەنگە تووشی شەڕ بین، پێشمەرگەکان خەریکی سەنگەر چاککردن بوون جاشێک خەریک بوو بێتە ناو ڕەبییەکەوە تەقەیان لێکردو کەوت بە بریندارى هێنایانە ناو ڕەبییەکە پرسیاریان لێکرد خەڵکی کوێیت ووتی خەڵکی شەنگارم دیار بوو جاشەکان ئەم جاشەیان ناردبوو تا بزانن ناو ڕەبییەکە کەسی تیایە ئەگەر کەسی تیا نەبێ ئەوانیش بێنەوە ناو ڕەبییەکە بەڵام کە تەقەیان لەم جاشە کردو بریندار بوو ئەوانیش ڕایانکردوو گەڕانەوە دواوە.

کەرتی (٥)یش بە هەمان شێوە بە دوای ڕەبییەکەدا گەڕان ئەوەندەیان زانیبوو گەیشتوونەتە کەڵەکە بەردی ڕەبییەکە، مام تایەر خەڵکی گەرمک بوو دەستەی هێرش بوو لە پاڵ کەڵەکە بەردەکەدا خۆی مات کردبوو هاوڕێکانی ئاگادار کردەوە لە شوێنی خۆیان بمێننەوە ئەمە ڕەبییەکەیە، کە تەقە دەستیپێکرد جاشێک لوولەی تفەنگەکەی دەرهێنا بوو تەقە بکات مام تایەر لوولەی تفەنگەکەی گرت و ڕایکێشا ئەوەندە نزیک بوون لە ڕەبییەکەوە، کەرتی (٥) ڕەبییەکەیان گرت، هەر دوو کەرتی (٥-٦)ی تیپی ٥١ی گەرمیان ڕەبییەکانیان گرت.

تاریک و ڕوونی بەیانی بوو هەر دوو کەرتەکە یەکیانگرت تا هێرش بەرنە سەر ئەو ڕەبییەیەی کەوتبووە ئەو دیویانەوە، پێشمەرگەکان بە تەقە ڕۆیشتن، بەڵام تا دنیا ڕووناک نەبوو نەچوونە ناو ڕەبییەکەوە گومانیان هەبوو چوار دەوری ڕەبییەکە بە مین چێنرا بێت.

بۆ بەیانی کە ڕۆژهەڵات پێشمەرگەکان هێرشیانکردە سەر ڕەبییەکە، جاشەکان ڕایانکردوو ڕۆیشتنە خوارەوە چەکەکانیان جێهێشت، لە ڕاکردندا کەوتنە بۆسەی تیپی ٥٣ی شێروانەوەو دەستگیرکران.

هەر چوار دەوری ڕەبییەکە (مین) ڕێژکرابوو تەنها تولە ڕێیەک هەبوو

پێشمەرگەکان چوونە ناو ڕەبییەکەوەو چەکەکانیان کۆکردەوە.

تیپی کوڕەکاژاو ڕەبییەکەی خۆیانگرت ٢ ئاربیجی، ٢ کلاشینکۆف و ئۆتۆمبیلێک دەستکەوت بوو.

ئەنوەر دۆلانی ڕەبییەکەی خۆی گرت تەنها ڕەبییەیەک نەگیرا کە تیایدا عوسمان هالدەرەیی جێگری فەرماندەی کەرت لە تیپی ٥٧ی سەگرمە و پێنج پێشمەرگەیتر شەهید بوون ئەو ڕەبییەیە بە ٧ ئاربیجی لێیاندەدا هەر نەگیرا تیپی ١٧ی زمناکۆ ئەو مقەڕ فەوجە خەفیفەیەی لە بەری زڕگوێز بۆیان دانرا بوو گرتیان.

ڕەبـــییەیەی ســـولەکان

تیپی ٥٧ی سەگرمە لە زڕگوێزەوە پێیان سپێردرا بوو بیگرن تا ڕەبییەیەی سولەکان، تیپی سەگرمە شوێنەکانیان گرت بەڵام ڕەبییەی سولەکان نەگیرا.

ڕەبییەکە بە گردێکی بچوکەوە بوو بەڵام لە گڵدا بوو پێشتر ڕەبییەی سەربازی بوو هەر چوار دەوری مین ڕێژ کرابوو کەرتی تیپی ٥٧ی سەگرمە هەڵمەتیان بردە سەر ڕەبییەکە مەفرەزەیەکی تیپی سەگرمە لە گردێکی دوای ڕەبییەکە بە بیکەیسی تەقەیان لە ڕەبییەکە دەکرد تا چەکدارەکانی ناو ڕەبییەکە نەتوانن زۆر سەر دەربێنن و پێشمەرگەکانی دەستەی هێرش بچنە ناو ڕەبییەکەوە.

پێشمەرگەکان لە یەکەم هێرشدا چوونە ناو ڕەبییەکەوە بەڵام چەکدارەکانی ناو ڕەبییەکە بەرگری گەورەیانکرد پێشمەرگەکان نەیانتوانی لە ناو ڕەبییەکەدا بمێننەوە لەو هێرشەدا، عوسمان هێڵەرەیی شەهید بوو.

ڕەبییەکە ٢٧ جاشی شەعبی تیابوو (٩) جاشیان کوژران (٥) جاش لە ناو ڕەبییەکەدا مابوونەوە ئەو (٥) جاش شەعبییە بەرگری سەختیانکرد پێشتر ڕەبییەکە جاشی تیابوو دوژمن زانیبووی پێشمەرگە هێرش دەکاتە سەر زنجیرە ڕەبییەیەی دارە ڕەش ڕۆژی پێشوتر جاشەکانی گواستبووەوەو ٢٧ جاشی شەعبی خانەقینی هێنابووە جێگەیان.

دوای ئەوەی لە یەکەم هێرشدا پێشمەرگە نەیانتوانی لە ناو ڕەبییەکەدا بمێننەوە پاشەکشەیانکردو هاتنە دواوە ئەمەش دەرفەتێک بوو تا چەکدارەکانی ناو ڕەبییەکە خۆیان ڕێکبخەنەوە پێشمەرگەکانی کەرتی (٢)ی بازیان هاتن بە هانای کەرتی تیپەوە.

پێشمەرگەکانی هەر دوو کەرتی تیپ و بازیان بۆ جاری دووەم هێرشیانکردەوە سەر ڕەبییەکە، ڕەبییەکە مین ڕێژ کرابوو لە هەر چوار لاوە (مین) بە پێشمەرگەکاندا تەقییەوە ئەم پۆلە پێشمەرگەیە شەهید بوون:

١/ شەهید حاجی کەمال فەرماندەی مەفرەزە لە کەرتی (٢)ی بازیان
٢/ شەهید خەسرەو فەرماندەی مەفرەزە لە کەرتی (٢)ی بازیان
٣/ شەهید دیار ئەحمەد ڕەمزی
٤/ شەهید بەختیار بلەی عەبدی
٥/ شەهید محەمەد بازیانی
٦/ شەهید عوسمان هێڵەرەیی

جێگری فەرماندەی کەرت لە هێرشی یەکەمدا بۆ سەر ڕەبییەکە بە گوللە شەهید بوو.

کەرتەکانی تیپی ٥٧ی سەگرمە دەستیانگرت بە سەر ڕەبییەکانی زڕگوێز و زڕگوێزەڵە و هەتا بەردەم دارە ڕەش، هەر کەرتەو چەند ڕەبییەیەکی پێسپێردرا بوو دەستیان بەسەردا گیرا.

تـــیپی 59ی حـــەمرین و شەش شـــەهید

هاوشانی تیپەکانیتری مەڵبەندی یەک تیپی ٥٩ی حەمرین لە هەڵمەتبردنە سەر ڕەبییەکانی دارە ڕەش ڕۆڵی دیاریان بینی و دەستیانگرت بە سەر سێ ڕەبییەدا.

لەو هەڵمەتە یەک لە دوای یەکانە بۆ سەر مۆڵگەو ڕەبییەکانی دارە ڕەش تیپی ٥٩ی حەمرین شەش شەهیدیان بەخشی کە ئەم نەمرانە بوون:

١/ شەهید حاجی چەچان کەرکووکی فەرماندەی کەرتی (٣)ی شەهیدان.

٢/ شەهید فەلاح کەرکووکی
٣/ شەهید ڕزگار فەرقانی
٤/ شەهید نەجات باوایی
٥/ شەهید عەدنان تاوێر بەرزی
٦/ شەهید بورهان بەگزادە

شـــالاوەکانی ئـــەنفال

لە شالاوەکانی ئەنفالی یەکدا بۆ سەر دۆڵی جافەتی و ئەنفالی سێ بۆ سەر گەرمیان تیپی ٥٩ی حەمرین بەشداری بەرچاویانکرد.

• لە شەڕەکانی ئەنفالی یەکدا لە دۆڵی جافەتی و قزلەر بەشداری بەرچاویانکردوو شەهیدیان بەخشی.

• لـە شـەڕەکـانـی ئەنفالی سـێ لـە قـەیـتول و گـــەڕاوی و گۆڵباخ بـەرگری بەرچاویانکردوو دوانزە شەهیدیان بەخشی

تـــیپی 17ی زمـــناکۆ
دە

تـــیپی 17ی زمـــناکۆ

تیپی ١٧ی زمناکۆ لە ساڵی ١٩٨٧ دروووسـت بـوو جەمیل هـەورامـی کرایە فەرماندەی تیپەکە.

دەســـــتەی تـــــیپ

- جەمیل هەورامی فەرماندەی تیپ
- مام هێرش جێگری فەرماندەی تیپ

کـــــەرتەکان

- مەحموودی مامە عەزە فەرماندەی کەرت، بارەگای لە دێی هۆمەر قەڵا بوو.
- ئاوات تریفەیی فەرماندەی کەرت، بارەگای لە دێی عەلیاوا بوو.
- حەمە قاشتی فەرماندەی کەرت بارەگای لە دێی دێوانە بوو.
- عەلی ڕەشید فەرماندەی کەرت، بارەگای لە سێوسێنان بوو.
- عەلی چەلەبی فەرماندەی کەرتی تیپ، بارەگای لە بەلەکجار بوو.

دوای شەهید بوونی مام هێرش لە چەرمەگا مەلا ئەحمەدی دسکەرە کرایە جێگری فەرماندەی تیپ.

سنووری چالاکی تیپی ١٧ی زمناکۆ لە دێیەکانی ئەستێڵ و کۆشک تا دەربەندیخان و باوەخۆشێن بوو.

شاخی زەردە بە سەر دیوی قەرەداخ- گەرمیاندا زاڵبوو بەردەوام کەرتێکی تیپی ١٧ی زمناکۆ لەوێ لە ئەرکدا بوو.

کەرتەکان بە نۆرە لەوێ دەبوون هەفتانە یان چەند هەفتە جارێک یەکتریان دەگۆڕی

تیپی ١٧ی زمناکۆ لە زنجیرە چیای زەردە دوو بنکەیان هەبوو بنکەیەک لە چەماخەکە بوو بنکەیەکیش لە سەر شاخ لە پشتی هۆمەر قەڵا دۆشکەیەکیان لابوو.

هێزێکی سەربازی دوژمن لە کانی ساردوو چەمەرگەوە بەرەو باوەخوشێن هاتن، پێشمەرگەکانی تیپی ١٧ی زمناکۆو هێزی بەرگری لە هێزەکەی دوژمنیاندا و شەڕێکی سەختیان لە گەڵدا کردن.

لەو شـەڕەدا پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی بەشدار بوون لە ئێوارەدا هێزە پەلامارەرەکەی دوژمن شکا.

قوربانی هێزی پێشمەرگە شەهید بوونی پێشمەرگەیەکی تیپی ١٧ی زمناکۆ بوو بە ناوی والی خەڵکی ئاوایی دێوانە.

زیانی دوژمن کوژرانی ژمارەیەکی زۆر سەرباز بوو، دوای شەڕەکە تەرمی کوژراوەکانی دوژمنیان کۆکردەوە لە شیوێک لە پشتی باوەخوشێن دایاننان تا لە گەڵ تەرمی شەهیدانی دووداڕە بیانگۆڕنەوە کە دوژمن دەستی بە سەرداگرتبوون و نەیدەدانەوە کەسووکاریان.

دوای سێ ڕۆژ لە شەڕەکە ئامر لیوا خەڵکی نارد بۆ لای پێشمەرگەکانی تیپی زمناکۆ تا تەرمەکانیان بدەنەوە پێشمەرگەکان لە وەڵامدا داوای تەرمی شەهیدەکانی دووداڕەیانکرد.

ئامر لیوا بە نێردراوەکانی ووتبوو ئەگەر تەرمی سەربازەکانیان بۆ نەنێرنەوە پەلاماریان دەدەن.

پێشمەرگەکانی تیپی زمناکۆ وەڵامیان بۆ نـاردەوە هەرچی لە تواناتاندا بوو کردووتانە چیترتان لە دەست دێت بیکەن، تەرمی شەهیدەکان بنێرنەوە تا تەرمی کوژراوەکانتان بدەینەوە.

ئامر لیوا تەرمی سەربازەکانی نـەنـاردەوە جارێکیتر خەڵکی نـاردەوە لای پێشمەرگەکان و ووتبووی ئەگەر تەرمی سەربازەکانمان بۆ نەنێرنەوە ئاگرتان بە سەردا دەباڕێنین، تیپی زمناکۆ وەڵامیان دایەوە بۆ هەموو جارێک نەتانباراندووە چیدەکەن بیکەن.

ئامر لیوا تەرمی شەهیدەکانی نەناردەوە پێشمەرگەش تەرمی کوژراوەکانی ئەوانی نەدایەوە.

ڕێـــــگای دەربـــــەندیخان
1987

دوو کەرتی تیپی زمناکۆ هاتنە سەر ڕێگای دەربەندیخان بۆ لێدانی مودەڕەعەیەک کە ڕۆژانە دەهاتە سەر ڕێگای دەربەندیخان بۆ پاڕێزگاریکردن لە ڕێگاکە، لە گەڵ گەیشتنی پێشمەرگەکانی تیپی زمناکۆ مودەڕەعەکان ڕۆیشتن.

پێشمەرگەکانی تیپی زمناکۆ لە سەر ڕێگای دەربەندیخان سێ بۆسەیان لە سێ لاوە دانا جێبێک لە دوورەوە هات ئالایەکی سووری پێوە بوو.

بۆسەی یەکەم ئاربیجییەکی نا بە جێبەکەوە بە ژێریدا ڕۆیشت

بۆسەی دووەم لێیاندا بەرنەکەوت

بۆسەی سێهەم ئاربیجییەکیان پێوەنا بەرینەکەوت، پێشمەرگەکان چوونە سەر جادەکەو تەقەیان لێکرد جێبەکە کەوتە بەردەستی پێشمەرگە ڕەئیس عورەفایەکی تیادا بوو کوژرا.

ســـەربازگەی دووداڕە

مانگی ١٩٨٧/٧ بڕیاردرا دەست بەسەر سەربازگەی دوو داڕە بگیرێت چوونکە ناوچەی قەرەداخی بە تۆپباران بێزار کردبوو.

مەڵبەندی (١) هێزێکی گەورەی کۆکردەوە بۆ دەست بە سەرداگرتنی سەربازگەی دووداڕە، هێزەکەی تیپی ١٧ی زمناکۆ بەڕێکەوتن ئێوارەکەی گەیشتنە دێی بەردەکەڕ، شەوەکەی فەرماندە تیپ و کەرتەکان کۆبوونەوە هەر تیپە ڕەبیەو شوێنی خۆی بۆ دیاریکرا بڕیار بوو کاتژمێر ١١ی شەو لە سەربازگەو ڕەبییەکانی بدرێت و دەستیان بە سەردا بگیرێت.

دوژمن بە جمووجۆڵی هێزی پێشمەرگەی زانیبوو ڕەبییەکانی گۆڕیبوو هێزیتری هێنابووە شوێنیان.

هێزەکەی مەڵبەندی یەک بڕیاری لێدانی سەربازگەی دوو داڕەیان هەڵوەشاندەوە بەڵام تیپی ١٧ی زمناکۆ لە بڕیارەکە ئاگادار نەکرابووەوە.

هێزەکەی تیپی ١٧ی زمناکۆ لە کاتی دیاریکراودا هەڵمەتیان بردە سەر ئەو

مۆڵگەو ڕەبییانەی بۆیان دیاریکرابوو.

لە ئەنجامدا ١١ پێشمەرگە شەهید بوون (١٠) شەهیدیان پێشمەرگەی تیپی ١٧ی زمناکۆ بوون ٢٥ پێشمەرگەش بریندار بوون.

شـــــەهیدەکان

١/ شەهید عوسمان عەزیز

٢/ شەهید نەزیف حەمە کەریم هەورامی

٣/ شەهید والی محەمەد گەڵاڵی

٤/ شەهید ئەحمەد حەسەن کانی ساردی

٥/ شەهید حارس مارف بانیخێڵانی

٦/ شەهید جەبار قادر

٧/ شەهید دارا حەمە ڕەشید گەڵاڵی

٨/ شەهید فاتیح حەسەن میرەدێیی

٩/ شەهید ئەحمەد حسێن بەلەکجاری

١٠/ شەهید ئومێد محەمەد ئەحمەد

١١/ شەهید حاجی عەلوان سەنگاوی پێشمەرگەی تیپی ٥٣ی شێروانە

ئـــــەنفالی (1) (2)

لە هەر دوو پرۆسەی بەدناوی ئەنفالی (١) و (٢) دا تیپی ١٧ی زمناکۆ بەشداری دلێرانەیانکرد لە بەرەنگاربوونەوەی سووپای داگیرکەردا.

لە شەڕی سەرکردایەتی ئەنفالی (١) دا تیپی ١٧ی زمناکۆ بەشداری بەرچاویان کرد لە بەرگریکردنی لە ناوچەکانی سەرکردایەتی.

لە گرتنی هەڵەبجەو ئەنفالی (٢) لە ناوچەی قەرەداخ تیپی زمناکۆ ڕۆڵی دیاریان بینی.

تـــــیپی 39ی خـــــەنجەرە
یانزە

تـــیپی 39ی خـــەنجەرە

زۆرن ئەو کەسایەتییە کۆمەڵایەتییانەی لە ڕیزی گەلەکەیاندا تێکۆشاون ڕوویان لە گەل و نیشتمان و پشتیان لە داگیرکەران بووە، بۆ ئەو مەبەستەش قوربانییانداوەو ماڵ و گیانیان بەخشیوە، لالە سەرحەدی خەلیفە یونس و کوڕو خزم و کەسوکاری لەو تێکۆشەرانە بوون بەدرێژایی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردستان و بە تایبەت لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا بە ڕابەڕایەتی (ی ن ک) ڕۆڵی دیارو بەرچاویان بینیوە سەرمەشقی خەبات و تێکۆشان بوون لە ناوچەی شارەزوورو قەراخدا.

لالە سەرحەد پەیوەندی پتەوو بەردەوامی هەبوو لە گەڵ هەڤاڵ مامجەلال بە تایبەتی و هەڤاڵانی سەرکردایەتی و مەڵبەندی (١) کە بارەگاکەی لە بەلەکجارێ ناوچەی قەراخ بوو هەمیشە پشتیوانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووە.

ساڵی ١٩٨٧ لالە سەرحەد بۆ جاری سێهەم لە لایەن ڕژێمەوە دەستگیرکرا دوای ماوەیەک مانەوە لە زیندانەکانی ڕژێمی بەعسدا ئازاد کرا پێش ئەوەی لالە سەرحەد بگاتەوە دسکەرەو بەکەسووکاری شادبێتەوە دوژمن دێی دسکەرەی ڕووخاندوو خانووەکانی تەقاندەوە.

لە گەڵ گەیشتنەوەی لالە سەرحەد بۆ دسکەرەو بینینی دیمەنی خاپوور کردنی زێدەکەی لە گەڵ کوڕو خزم و کەسووکاری کە زیاتر لە (١٠٠) کەس دەبوون بە ماڵ و منداڵەوە چوونە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەو لە ناوچەی قەرەداخ و لە دێی سۆڵە نیشتەجێبوون، لێپرسراوانی مەڵبەندی یەک سەردانیانکردن و پێشوازی گەرمیان لێکردن.

لە گەڵ گەیشتنی لالە سەرحەد و کەسووکاری بۆ ناوچەی قـەرەداخ هەڤاڵ مامجەلال بروسکەی بۆ لالە سەرحەد کردوو داوایلێکرد بچێتە یاخسەمەر، لالە سەرحەد و ژمارەیەک لە کوڕو کەسووکاری چوونە لای مامجەلال بۆ یاخسەمەرو ماوەی ٢٠ ڕۆژ میوانداری کران و لە یاخسەمەر مانەوە.

لەو دیدارەدا مامجەلال بڕیاریدا بە درووستکردنی تیپی ٣٩ی خەنجەرەو لالە سەرحەد کرایە فەرماندەی تیپەکە، هەڤاڵ مامجەلال لە بڕووسکەیەکدا مەڵبەندی یەکی ڕاسپارد بۆ درووستکردنی تیپەکە و تیپی ٣٩ی خەنجەرە پێکهات.

پـــێکهاتەی تـــیپەکە

- سەرحەد خەلیفە یونس (لالە سەرحەد) فەرماندەی تیپی (٣٩)ی خەنجەرە
- خاڵە کەریم مۆریاسی جێگری فەرماندەی تیپ
- مام جافر حاجی ئەولە هەورامی ڕابەری سیاسی تیپ
- لالە ئەنوەر خەلیفە یونس فەرماندەی کەرت
- حاجی لەتیف خەلیفە نەمەڵی فەرماندەی کەرت
- ئاغا عەبدولڕەحمان فەرماندەی کەرت
- سەرکەوت لالە سەرحەد مالیەی تیپ

بارەگای تیپ لە دێی سۆڵەی قەرەداخ دانرا، لەو ماوەیەدا هێزی دوژمن پەلاماری ناوچەکەیدا تیپی ٣٩ی خەنجەرە و ١٧ی زمناکۆ ڕووبەڕووی پەلامارەکەی دوژمن بوونەوەو شکاندیانن.

لە شەڕەکانی دێوانەو چەمەرگەدا تیپی ٣٩ی خەنجەرە ڕۆڵی بەرچاویان بینی لە ڕووبەڕوو بوونەوەی هێزی دوژمن و تێکشکاندنیان.

تیپی ٣٩ی خەنجەرە لە شەڕەکانی بەرگری لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا ڕۆڵی دیاریان بینی، کەرتێکی تیپی ٣٩ی خەنجەرە بە فەرماندەیی لالە ئەنوەر چوونە سەرکردایەتی و بەشداریان لە شەڕەکانی ئەنفالی یەک و بەرگری لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا کرد.

دوای شەڕەکانی ئەنفالی یەک هەمان کەرت بەشداریان لە شەڕەکانی ناوچەی هەورامان و هەڵەبجەدا کرد.

لە ئەنفالی دووداتیپی خەنجەرە هاوشانی تیپەکانی ١٧ی زمناکۆو ٥٥ی قەرەداخ بەشداریان لە شەڕەکانی بەرگری لە ناوچەی قەرەداخدا کرد لە سۆڵەو قۆپییەکان و شاخی زەردە بەشداری کاریگەرییان هەبوو.

لە شەڕەکانی ئەنفالی یەک و ئەنفالی دووی قەرەداخدا تیپی ٣٩ی خەنجەرە سێ شەهیدیان بەخشی:

١/ شەهید ئەرسەلان جێگری فەرماندەی کەرت لە شەڕەکانی سەرکردایەتی و بەرگری لە شالاوەکانی ئەنفالی یەکدا شەهید بوو.

٢/ شەهید خالە کەریم مۆریاسی جێگری تیپی خەنجەرە لە پاشەکشەی هێزی پێشمەرگەدا شەهید بوو.

٣/ شەهید حەسەن سەعید زۆراب لە ئەستێڵی ناوچەی قەرەداخدا لە شەڕەکانی بەرگری لە شالاوەکانی ئەنفالدا شەهید بوو.

لالـــە ســـەرحەد

سەرحەد خەلیفە یونس ناسراو بە لالە سەرحەد سەرۆکی تیرەی ڕۆغزایی سەر بە عەشیرەتی جاف لە ناوچەی شارەزوورو دێی دسکەرە لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلول و لە ساڵی ١٩٦١ بووەتە پێشمەرگە، پلەی سەر لق بووە لە ناوچەی شارەزوور.

لە ساڵی ١٩٦٤ەوە پەیوەندی ڕاستەوخۆی لە گەڵ هەڤاڵ مامجەلال دروستکردووە، لە جیابوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسیدا پشتیوانی باڵی مەکتەبی سیاسی بووە.

لە ساڵانی دوایدا فەرماندەی بەتالیۆن بووە لە ناوچەی هەورامان و شارەزوور، لە سەرەتاکانی شۆڕشی ئەیلولدا مامجەلال هاتووەتە دێی دسکەرەو لە گەڵ عەشیرەتەکانی ناوچەکە کۆبووەتەوەو داوای لە لالە سەرحەدو سەرۆک عەشیرەتەکانیتر کردووە پشتگیری بکەن ئەوانیش هێزێکی گەورەیان دروستکردووە.

لە شۆڕشی نوێ و لە ساڵی ١٩٧٦ بەدواوە لالە سەرحەد پەیوەندی لە گەڵ سەرکردایەتی (ی ن ک) و بە تایبەتی هەڤاڵ مامجەلال پتەو بووە لە سنووری قەرەداخ و بناری شارەزوور هاوکارو پشتیوانی هێزی پێشمەرگە بووە چەند

جارێک لە سەر پشتگیریکردن و هاوکاری پێشمەرگەو شۆڕش لە لایەن ڕژێمی عێراقەوە دەستگیرکراوە.

هـەر جارێک کە دەستگیرکراوە ڕژێمی عێراق فشاری زۆریـان خستووەتە سەر تا ناچاری بکەن ببێتە چەکداری ڕژێم بەڵام لالە سەرحەد هەموو جارێک ڕەتیکردووەتەوەو بـەردەوام بووە لە هاوکاری پێشمەرگە تا دواجـارو لە ساڵی ١٩٨٧ چووەتە ناوچەی قەرەداخ و بووەتە پێشمەرگە و کراوەتە فەرماندەی تیپی ٣٩ی خەنجەرە.

لالە سەرحەد دوو کوڕی بەخشیوەتە کوردستان:

- سەردار لالە سەرحەد دوای ٣١ی ئاب و لە ١٩٩٦/١٠/١ شەهید بووە
- سەرچڵ لالە سەرحەد فەرماندەی هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی ناوخۆ لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکی سەرشانیدا شەهید بووەو گیانی بەخشیوە

لە ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا کوڕوکەسووکاری لالە سەرحەد ڕۆڵی دیاریان بینی لە ڕامالّینی دامووەزگاکانی دوژمندا.

لالە سەرحەدی تێکۆشەر و سەرۆکی عەشیرەتی ڕۆغزایی لە ٢٠٢٣/١٢/٢٥ بۆ یەکجاری چاوەکانی لێکنا و مالّاوایی کرد.

تـــیپی 35ی کـــوڕەکاژاو
دوانـــزە

تـــیپی 35ی کـــۆڕەکاژاو

محەمەد مۆریاسی کەسێکی نیشتمان پەروەر بوو تێکۆشەرو کوردپەروەر بوو، دوای ئەوەی شاری جێهێشت، دوای ئەوەی لە ڕاپەڕینی ١٩٨٧/٥/١٣ ڕۆڵی دیاری بینی لە بەرەنگاربوونەوەی داموو دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێم هاتە شاخ و کرایە فەرماندەی تیپی ٣٥ی کۆڕەکاژاو.

دەســـتەی تـــیپ

محەمەد مۆریاسی فەرماندەی تیپ

کەریم حەمە عەزیز جێگری فەرماندەی تیپ

ڕەحمانە سوور فەرماندەی کەرت

مامەو ڕەحمان فەرماندەی کەرت

بورهان مەسەکانی فەرماندەی کەرت

سەلام کوێخا لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە

خدری سەیزادە لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی شۆڕشگێڕان

دوای ماوەیەک کەریم حەمە عەزیز لە جێگری تیپی ٣٥ی کۆڕە کاژاو نەما، هاوڕێ کامەران کرایە جێگری تیپی ٣٥ی کۆڕەکاژاو.

تیپی ٣٥ی کۆڕەکاژاو بەشداریان لە چەند داستانێکدا کرد لە بەری قەرەداخ لە شەڕی بەرانان مامەو ڕەحمان فەرماندەی کەرت شەهید بوو.

لە ناو دێی زرگوێز بارەگایەک هەبوو هەر تیپێک ماوەی مانگێک لەوێ دەمایەوە تا هێزەکانی دوژمن لەوێوە دزە نەکەن بێنە قەرەداخ.

کەرتی (٤)ی تیپی ٣٥ی کۆڕەکاژاو بە فەرماندەیی بورهان مەسەکانی لە زرگوێز بوو بەشداریان لە شەڕی دارە ڕەشدا کرد، دوای شەڕی بورجەکەی دارەڕەش تیپی ٣٥ی کۆڕەکاژاو گواستراوە بۆ شلێرو ناوخوان دوو کەرت لە گەڵ هاوڕێ کامەران لە قەراخ مانەوە، کە تیپەکە بە تەواوەتی گواستراوەوە هاوڕێ کامەران لە گەڵ تیپەکە نەڕۆیشت لە قەرەداخ مایەوە- عومەری قالە گوڵباخ کرایە جێگری تیپی ٣٥ی کۆڕەکاژاو.

هێزەکەی تیپی ۳۵ی کوڕەکاژاو قەراخیان بەجێهێشت هاتنە بلکیانی قەراخ بارەگای حزبی سۆسیالیستی لێبوو لایاندایە بارەگاکە.

محەمەدی حاجی مەحموود داوای لێکردن لە گەڵ خۆیاندا مەفرەزەیەکی حزبی سۆسیالیست و (١٢) پاسدار کە لای ئەوان بوون لە گەڵ خۆیاندا بەرن بۆ دزڵی.

دوژمن بە هاتنی پاسدارەکانی زانیبوو لە سەر جادە بۆسەی بۆ دانابوون، لە کاتی ڕۆیشتنی هێزەکە دایانننە بەر دەستڕێژی گوللە بەڵام کەسیان بەرنەکەوت، هێزەکە لە یەکتر دابڕان بۆ ڕۆژی دوایی لە بێڕەشکە یەکیان گرتەوە لەوێوە چوونە میری سوور.

بارەگای تیپی ۳۵ی کوڕەکاژاو چوونە یاڵان و باریکەدەر، دوای ماوەیەک چوونە کرماشان بۆ ماوەی مانگێک مەشقیانکرد دوای مەشق و ڕاهێنان بەشداری گرتنی هەڵەبجەیانکرد.

دوای شەهید بوونی مامەو ڕەحمان و گواستنەوەی تیپی ۳۵ی کوڕەکاژاو بۆ شلێرو ناوخوان گۆڕانکاری بە سەر تیپەکەدا هات.

مام غەریب چووچانی، فەرهادە دریژ کرانە فەرماندەی کەرت

بەهزاد خانەقینی ڕێبەری سیاسی

تێکڕای تیپەکە ١٢٠ پێشمەرگە بوو

تیپی ۳۵ی کوڕەکاژاو جووڵاو چالاک و چەلەنگ بوون، لە هەر کوێیەک پێویستییان پێیانبووایە دەچوونە ئەوێ.

لە شەڕەکانی مەڵبەندی (٣) و بە تایبەت لە شەڕگەی هەڵەموند گەرووی مەنجەڵ و بێترخێن بەشداری بەرچاویانکرد.

لە ڕاپەڕیندا شان بە شانی هێزی پێشمەرگە ڕۆڵی گرنگیان بینی لە ڕزگارکردنی شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا.

لەم بەرگەدا سودمان لەم تێکۆشەر و سەرچاوانە وەرگرتووە

تیپی ٢١ کەرکوک

* مامۆستا عادل
* ڕەوەند مەلا مەحموود
* شێرزاد حافظ
* مەلا شاخی
* وەستا سابیر
* ئەرشیفە کەم
* ڕێبازی نوێ
* بروسکەکان

تیپی ٥٥ قەرەداخ

* وەستا غەفور
* حەمە قاشتی
* ئازادە ڕەش
* ئەرشیف
* ڕێبازی نوێ
* بروسکە

تیپی ٢٣ سورداش

* سابیر کۆکەیی
* عەبدوڵڵا کەندەکەوەیی
* ئەرشیف
* ڕێبازی نوێ
* بروسکە

تیپی ٥٧ سەگرمە

* ئازادی سەگرمە
* ئەنوەر دۆلانی
* باوە عەزە
* سالار عەبدوڵڵا
* مەحموود سەنگاوی
* ئەرشیف
* ڕێبازی نوێ
* بروسکە

تیپی ٥١ گەرمیان

* عادل شکور
* مەحموود سەنگاوی
*جەلال مەسۆیی
* سەلام کوێخا عەزیز
* ڕەشید توکنی
* مام سالح گۆڕ ئەسپی
* کەریم چاوڕەش
*حەمە چەوری
* ئەرشیف
* ڕێبازی نوێ
* بروسکەکان

تیپی ٢٥ خاڵخاڵان

* ئاسۆ سوور
* هیوا ڕەش

* مامۆستا عادل
* فەخرەدین سمایل بەگی
* ئەرشیفەکەم
* ڕێبازی نوێ
* بروسکە

تیپی مەڵبەندی یەک

* دکتۆر کەمال شاکر
* مام سالّح گۆڕیئەسپی
* سەلام کوێخا عەزیز

تیپی تایبەتی مەڵبەندی یەک

* سوهاد خانەقینی
* فەخرەدین هەورامی

تیپی ٥٣ شیروانە

* عادل شوکر
* سەلام کوێخا عەزیز
* ئەحمەد چاوشین
* ئەرشیف
* ڕێبازی نوێ
* بروسکە

تیپی ٥٩ حەمرین

* شێخ کەریم چاو ڕەش
* جەلال مەسۆیی

* حەمە تەپەدێیی
* سالار عەبدوڵڵا
* مەحموود سەنگاوی
* ئەرشیف
* بروسکە

تیپی ۱۷ زمناکۆ

* عەدالەت سێوسێنانی
* ئەرشیف

تیپی ۳۹ خەنجەرە

* سەرکەوت لالە سەرحەد

تیپی ۳۵ کورِکاژاو

* بورهان مەسەکانی

بـــــرووسکه‌ی تیپه‌کان

بـــــرووسکەی تیپەکان

ئەو بروسکانەی لەبەرچاودان

بروسکەی تیپەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانن کە ڕاستەوخۆ دوای ئەنجامدانی هەر چالاکییەک داویانەتە مەڵبەند – ئێزگە.

بروسکەکان وێنەی ڕاستەقینەی چالاکی و نەبەردیەکانن، شایەدحاڵی نەبەزین و جەربەزەیی و گیان بازی پێشمەرگەن.

بروسکەکان لەساڵی (١٩٨٤ تا ١٩٨٧) ە

هەندێک پاش و پێشی کەمی تیایە بەڵام بە پێویستمان زانی وەکو خۆی دایبنێینەوە.



















لە ٢٠/٩/١٩٨٤ ی ٢٠ ٩ ١٩٨٤ ی
١- شەو لە گاتێ ٦ ی ئێوارەدا بە یانیەوە دەستە پێکرد لە ماڵی بیناوا
ئامادە دەبن بۆ ئەوەی بڕۆن بۆ شەڕ تا ٢- بڕۆن دەوام بکەن
٢- ئەیانی وەک ئەراوە تا ئێستا ١٢- کۆتایی لە گەل
١٦- بڕێندار
٣- لە ئەنجامی هێرشی جاشەکانی سەرێ تەوە داخڵی کردە
بەقەڵەو دوشکەو دەوە بابە
٤- لە ئەنجامی تەقینی سەرێ ئەم ژیانەمان کێ کە دێتەوە
٥- شەهید هەم هەوە شانازە کانیانە
١- قادر رەشید ئاغا ق ٧٨- کاروخ
٢- مستەفا حەمەی ئاخی چێگری کەرتی ق ٧٨ =
٣- ئەحمەد عەباسی یەکەم ق ٧٨ =
٤- بکەر/ خدر ئەحمەد فرمانبەری هەفرەزەی قەڵەمبەرد
٥- حەمە حسێن خدر یەکەم ق هەڵبەند
لە گەل ٥- بڕێندار
٦- شەو لە گاتێ ٧×٧ ئێوارەدا ئێزدیان بۆوە هێرشیان
ئامادە لە ئەنجامدا هێرشی بۆ هۆی شەهید بوونی قوتابیەکی
وەکو ئەی یەکی ئێزیدیان
٧- نقیبا محمد کە سەرۆکی جاشەکانە بە تەواوی
بە ئاشکرا پشتگیری جاشەکانی ئەکرد بە
لەم شێوەیە ی











٣٩٦



ت ٦١- لە ڕۆژی ٢٢-٨-١٩٨٤

[سەلیم سوتاو] لەگەڵ [عەزیز ئەبابەکر] و [حسێن حەمەسور]
هاتنە سەر ماڵەکانیان [شنۆ] لەناوەڕاستی شاری دیسان ڕزگاری کرد
لە سەعات ٩- بەیانی ئەمڕۆ ١٠- یەکەکانی ئێمە چوونە
لە ئەنجامدا ٩- جاش کوژراو [١٥] جاش بریندار بوون
زیانێکیش [٥] بریندار و یەک شەهید بەناوی
[عەلی سوڵ] لە شارەوە بە عەلی سەنە

٥- بریندارەکان
١- ناسر ئیبراهیم
٢- محەمەد عەبدوڵڵا
٣- محەمەد ڕەسوڵ
٤- حاجی ڕەسوڵ
٥- ئیبراهیم ئەحمەد ئیسە

ت [١٥] هەوراماڵان ئەم ڕۆژ کەوتنی ١٩-٩-٨٣ لە بەیانی
بە فرمانەیەکی ت- چونە سەر جادەی سەیدسادق بەرەو
هەڵبژاردنەیەکی جاشایەتی بۆ لێدان و کوشتنی
٢٤- جاشانی گوژراو ٣- جاشی بریندار لێبان
و ٥ دانە کاتەپاڵ بەیەکی جانتەی
عەسکەری لەگەڵدا دیاری



[٧٨] رۆژی ١٩-٩-١٩٨٤

[٥] پیشەگەی تێ

[٣] گەرانەوە بۆ ڕێزی پێشەگەی

[٤] پێشەگەی

[٧] کە خان

[٦] کە گەڕا دابووە

ناوەکان

١- مامە ڕەش سەمیرەی ئامێر بە تایلوان قاتچی-٣-

بەکلاشنکوف و دەمانچە

٢- علی ابراهیم خدر ئەندامی ڕێکخراوی یەکێتی لاوان

٣- عبدالقادر مامڕا بەکلاشنکوفی یەکێتی لاوان

٤- مام طاها صلاح بە سەمیونۆف

٥- محمود خدر محمود بۆچەک

٦- حەمە ئاغا عباس بۆچەک

و [٧] ئاپێچرا

























٢- عزیز شەوگر پیشەرگەی ٩٩ - پیتوی
بەیندا بوی ٨- پیشەرگ کە خوشی بەختانە مریشکانیان لوکە
سوتاندی ١٠- یانی مالی باداوان و باخەلان

X تیپی ٤٢- ئاسوساد تیپی ٤٧ - پیرەمگرون رۆژی ٢٤-٧-١٩٨٥
جاماوەر بەپیشکی رۆژە خیرشیان کرد. سەر نجیرە شاخی بەنیا شاریکن و
لێدیرە. بڵێم پیشەرگەی خاوەن کان ت-٤٢ - ت - ٤٧ - بەهاوکاری
هێزی پشتگیری نادیم رۆژە بەرەندی بەرچی هێزی دوژمنیان
دایەوە سەرلە ١- بانی فیوەرو تاکو ئێوارە بەردەوام بو
ئەوەی بتوانێ یارمەتی هێزی پشتگیری نادیم کە دەوریکی باشیان گێرا بوو
لەشەڕەکەدا پیشەرگەکان توانیان کۆنترولی جادەی رێگای ئێرانبگرن
دوژمنیش کۆی هێزی خۆی جارێکی تر لە ئاستی دەشکان بوو
زیانی دوژمن

١- کۆی ئاوبەندار رۆژە بڵێم بەئەندازە
٢- بەدیلگرتن - جاماوەر ١- سەرباز
٣- سەکەوتی
١- یەکی ئاربیجی
٢- سێ گلاشنکوف
٣- یەکی سەیارە ئاڵیس
٤- ٢٠٠ - بەتانی
٥- دو خیمە

پیشەرگەکانیش بێ زیان ٨٥/٧/٢٥











١٩٨٥/٢/٨













٢- عزیز شەوگر پێشمەرگەی ٩٩- بێتوێن
بەیدا بوی ٨- پێشمەرگ گەنجوشی بەختیار مەریوانی لوگ
سوتاندی ١٠- یاری حاڵی باداوان و باخەڵان

X تیپی ٤٢- ئاسوسار تیپی ٤٧- پێشمەرگەی رۆژهەڵاتی ١٩٨٥-٠٤-٢٤
جاهاد جەبیگی ڕۆژهەڵاتی کوردستان- سەرنجیر- شاخی بەیتاشار سکێنی و
ئیستەرە- بڵاوکراوەی پێشمەرگەی تیپی ٤٢-ت-٤٧- بەرهەڵستکاری
هێزەکانی پشتگیری نادروست ڕۆژهەڵاتی بەرچاوی هێزەکانی دوژمنیان
دایووە سەرلە ١- بانگەشەوە تاکتیکیان بەردەوام بوو
ئەوەتا بەشێکی بایەخی هێزی پشتگیری نادروستی کە دەوریکی باشیان گێڕابووە
لەپشتەوە کەوا پێشمەرگەکان توانیان کۆنترۆڵی جادەکە بکەن- ئیتر بگرە
دوژمنەوە کۆی هێزەکەی هەوجارێکی تر لەناوچەکە دەرکەوتن و شکانیان بووە
زیانی دوژمن
١- کوژراو بریندار زۆرە بڵاوکراوەکە ئاماژەی پێداوە
٢- بەدیلگرتن - جاشەوە ١- سەرباز
٣- ساکەوتی
١- یەکێک ئاربیجی
٢- سێ گلاشنکوف
٣- یەک سەیارە ئیس
٤- ٢٠٠- بەتانی
٥- دو خێمە
پێشمەرگەکانیش بڕێک زیان

٨٥/٤/٢٥





٤٢٧

















(3)





























زایەڵی دۆشاو زیاتر لە ١٥- کەس کەڵاشەی ٥- کەسیان
لەبەر دەستە چەم دابو
شکانی ١- سەیارە
دو سکە وت
٢- کەڵاشنکوف
٢- دو مانگە
١٤- مەخزەن

زایەڵی ئیمە بریندار بوی ١- یاەم

١٩٨٥-٥-١

لە ناوچەی ٢٤ی ٢- ١٩٨٥ دا یەەم-کان ٢٢ی سوپای ئاشتیخوازی
مەرجاوی جەکڵ گادر ئاگربارانی رەبیە کانیان کرد بەسەر
ئاگربارانی بۆ ماوەی ٢- مەبات نەبە ئازایەتی کەڵاشنکوف
ناچوونە توانیان ئەم زیانانە بگەیەنن
١- شکانی ٢- سەیارە
٢- گۆڕانکاری ٨- جاشا
٢- بریندار بونی ٤- =
٣- بە دیل گرتنی ٢- دیلی بە ناوی
آ- کریم عەبدوڵا مەنمیق
ب- مەحمود عەلی باوەی بەخ- خەڵکی دەوروبەری
باشماوەکانی ئەو دەستەی رێبازی مۆرتەزا ئازاد کرا.
لەبەر دوو قیمی رەبیە کە کۆنترۆڵی بو لە رەبیە کانی تر نەتوانرا دەستی
بەسەر دا بگیرێن بڕیاری دەرکرا بە زیانی زانرا بەسەر کەمان زیانی
گەورەتر بو رەبیە کانی تر ١
دو سکە وت
١- سەیارەی ئیڤا ١- دا٢
٢- کەڵاشنکوف ١- = ١- صەدەمی
٢- دو مانگە ٢- = ٨ هاوردەی ئۆر

١-٥-١٩٨٥



























زایەڵەی دۆشاو زیاتر لە ١٥- کەس ساکار لادێی ٥- کەسیان
لەبەر دەستە چەم دابو
شکانی ١- سەیارە
دەسکەوت
٢- کلاو شکوفا
٣- دەمانچە
١٤- هەخزەن

زایەڵەی ئیمە بریندار بوی ١- یاەم

١٩٨٥-٥-١

لە ساڵی ١٩٨٥- دا یەەم-کان ٢٤ی سوداشا چونە
سەرجادەی چەکلی گاورە ئاگربارانی رەبیە کانیان کرد باشە
ئاگربارانی بۆ ماوەی ٣- سەعات نەبڕاوەتی. کلاشکوفا
تاقیبوونەوانیان ئەم زیانانە بە دۆشاوەکە گەیاندبو

١- شکانی ٣- سەیارە
٢- گواستنەوە ٨- جاشا
٣- بریندار بوی ٤- =
٤- بە دیل گرتنی ٣- دیلی بە ناوەی
آ- کریم عەبدوڵا مەنیق
ب- مەنیق عەلی باوەی بەڕێز خۆشکی وەرەندوز
باشی وناکردنەوەی رێیازی مۆڵەتی ئازادکرا.

لەبەر دوو قیمەی رەبیە کە گرنگیان بو لە رەبیە کانی تر نەتوانرا دەستی
بەسەر دا بگیرێن بەڵام دەڵێن بەیانی زانرا سەیارە-کان زیان
گردبۆ بو رەبیە کانی تر ١

دەسکەوت

١- سەیارەی ئیفا ١- دا٢
٢- کلاشکوفی ١- = هەزەڵی
٣- دەمانچە ٣/٨ = هیوادەی نوێ

١-٥-١٩٨٥















٤٦٩







٧٩١

گر

تێبینی ٢١- ت ٢٧ -

ب-م - کان بم شێوەی هزرەوە - دابەش بوون هەرزەبەری بۆ بیەی شاخ کە نکەرەشان دەشتاگوندی سیراوێژ دەرزەبەری لادێ - نەگاتی بنارێ بەرەو رووی گوڕەپل هەرزەبەری لەبن چواڕتا کەهینی تویەکە نالەناو - ڕ سەرچاوەگا ئەمەعات ٦/٢٠ ئێوارە تویەکە کەهینە - لگۆل ژکەدی ئارەجی جۆگولە باران گەوسەیارەیی پڕبو لگوللەتوف و ٧- سەرباڕی ڕەمەدی عەدەد تویەکە بەدەم تەقینەوەی گوللە تۆپەکانەوە بوون بەئیراعە بابلەڵ ئاسمانەوە - ق - کەرێ ٢- ٢- ت ٢١ - سلیمانی دەستایانبەسەر تویەکەداگرت بەڵام لەبەرئەوەی ئەیارەکە ئێڵەکۆپتەڕا بەرەو ناوچەکە سەرباڕگەو - بیەبوو ئەوەندەیان پێنەکرا بەگوللەئارەجی تویەکەش بتەقێنەوە دەستبەسەرچەکەکانیان داگرتن تەنهایەکی چۆڵ بەگوێی ئارەجی سوتا لەگەڵ لیوەی لاشەکانیان دا

٦- سەرکەی ترکەبرێتوللە ٥- ت - هزرەلەی و ١- ئاڵیکەی دەستەکەوتبە دوو سەیارەی زێل

بەڵەو بەهەڵە داوان لەچواڕتادە بەرەوڕووی شارەکە هاتن کەوتنە کەهینی ب-١- کانی هەڵبەندەهەردووک سەیارەکە ئێبادە - گوان - ١١- سەرباز بۆزەو ٢٠/ سەرباز بڕینداربوو بەڵام لەبەرئێزبکەی سەرباڕگەوە بیەوە نەتوانرا دەستەکەوتەکان گوێکەنەوە وەهەرەوەها لەسەرباڕگەکان هاتن بەهانایەوە یانەوە ق - ت ٢٧- ڕێگایان لێگرتن و نەیان هێشت گەنەدەفنی شارەکەی و - کۆڕاوە بڕینداریان هەبوو بیەکەی سەرشاخاکەنەکەرەشان کەوتنە هزرشاهادە - گەردنابۆئەوەی ئێ ڕێگالادانەوەی ب-م - قا - بگرن هەرزەبەگی ترێک ت ٢٧ - لەبیان هاتنە دەستەوکوتوپڕ دایانەبەر گوللەی ئارەجی و دەستەڕیانلێگردەوە ئەمارەی کۆڕاوە بڕینداربوون لەگەڵ کۆنەڕوبیەکە تونەکرانە شەڕهاتنا ٦/٨ ئێوارەی هزریانەزیم خێشتانە سەرێکی لێشێواوبوو نەیدەزانی لەڕاێکە تویەکانەبەرەوچی لەبیرێ بکات کۆبڕانەبەتۆپەهەموناوچەکەی داگرت تۆپبارانەکەی بۆهەوای هێرشبەبۆمبا پیرەمێردێکی ٨٠- ساڵانە لەگوندی سیراوێژەوە بەناوی حاجی شێخ ئەمین ڕۆگەڵ هێرشبەکەی تر بەناوی حاجەرەزا قادر خەڵکی بناوبلەی لەبەرچواڕتا سەرجەم زیانەکانی دوژمنا

١- ١٨- کۆڕاوە سەرباز	٥٠ سەکەوتن
٢- ٥- بڕیندار =	١- ٥- ئێک ٤
٣- شکاوی ٢ - سەیارە	٢- ١- ئاڵیکەی
٤- = ١- تۆپ	٣٠ چ-م-کانی بۆزیان

٩٨٥/٧/١٢





5



دیدگانا
۱- شاد عبدول کریم اسماعیل
۲- سابیر حەیدری کەریم
۳- مازن صلاحدین
٤- ناسر حسین محمد
٥- حەیدر جەعفر عەلی
٦- باسم محمد
۷- ئەمیر ئەبدوڵ
۸- محمد سەرهەنگ رەشید
وەکیل شاندی دوژمن
وەرەقەی کۆتایی ٣ بەیارەی تر
٦-٥-١٩٨٥ کۆتایی هات

نووسراوە ١-٦-١٩٨٥

گیرانی هەڵگری تۆپەخانەی ٨٥/٦٧ و بنگرەی تۆپەکە و وەرگرتنەوەی

٨٥/٦٧







لە مەلبەندی (٤)
لە ئیستەوە ٨٥/٥/١٠ هێزێکی تیپی (٩٢)ی کۆیە بە ئاوڕکاری مەفرەزەیەکی سەرکردایەتی هەلبەتیان بردە سەر ڕێگەی بێ و سەیتەڕەی دێگەلە (شۆرش) لەماوەیەکی کەمدا توانیان دەستبەسەر ڕێگەیەکە و سەیتەڕەکە دابگرن.
ژمارەی دۆڕمن
١) کوژراوی (٤) جۆندی
٢) بەدیل گرتنی (٤) جۆندی
دەستکەوت
١) یەک هەڤاڵی تۆپەسوێڕی فڕنسی
٢) ١ ماتۆڕی کارەبایی
٣) ١ ئاڕپیچی و (٥) گولله
٤) ٦ کڵاشینکۆف بەگیانی موضه لیه
٥) ٧ ئاڕپیچی کەی
٦) هەندێ تفاقی غازی کیمیایی
پێشمەرگە نەبەزە کانیشی سەرکەوتوانەوە بێ زیان گەڕانەوە

لە تیپی (٩١)ی سەفین (٧) ب.م لەڕۆژی ٨٥/٤/٦ نارنجۆکێکی دەستبەجێ فڕێدرایە ناو تەنەکەی هەڵوێستەوە بووە هۆی کوشتنی یەک تەنەکەچی و بریندارکردنی (٧) تەنەکەچی تر
لەڕۆژی ٨٥/٥/١٠ وەرگیرا

دەستەیەک لە (پ ا م) دەکانی تیپی (٩١)ی سەفینەوە لەڕۆژی ٨٥/٤/٢٠ بۆسەیەکیان دانایە سەر ڕێگای ڕێگەی لێران - شەقڵاوە
لەتەنەکەرا لێقایەکی سەربازی کەوتە ناو بۆسەکەوە و لێی یان دان و بردیانەوە
کوشتنی (١) سەربازو بریندارکردنی سەربازێکی تر
وەتێکشکانی سەیارەکە، لەبەرنزیکی ڕەبیەکانەوە نەتوانرا دەستبەسەردابگیرێت.
لەڕۆژی ٨٥/٥/١٠ وەرگیرا.

























٢- انور رسول جەرمانەی وەفرەزە
٤- حسن بولا لەت هەلبەند
لەگەل دوو برینداری خۆشەویستی خۆمان بۆ خەستەخانەی سوک

١٩٨٥/٦/٢٥

لە ساعەت ١٥/١٢ ی ٦-١٩٨٥ دا فرۆکەی ق ٨٧

لەگەل لیژنەی ڕاپەڕین بووم لە ڕاگواستنی مەفرەزەیەکی
جاشی ڕەشەکوی بۆ ئەو ناوچانەی لەگوندی هیلاوە
لە شاخەوە تەم پایەی هەوارەوە سەرهەلبوون
١- ئیبراهیم انور بۆ ئەوەی شەهید حسێن انور ئاسوارە بە هاوسەنگاوە
٢- ستار حسێن ٣- لوقمان خەلکی قوشاخلو

٩٨٥/٦/٢٥

لە ساعەت ٦-٦-١٩٨٥ دا ٢-٢- کاروخ و بالەکی هیرشیان بردە سەر
٧- ڕەبیعی حیابەکان لە بنیاتنانی هەڵکەوتەی ڕەشەکوی ١٠ ڕەبیعی
ڕەبیعەکەیان کرد بە بنکەی حیابەکان و کۆمپیلەکەو حیابەکانیان ڕەبیعەکانیان
بەجێهێشت و بەرەو ڕۆژئاوا ئاڕاستەی هەڵاتن
تاکو ئاوەپیانە ڕەشەو بنزیریان وەڕێیانی دوژمن ئۆقرەی بڕاو
لەگەڵ ئاوەپیرینداری هاوڕێمان نێو ٥٠ کەس ٣-٤ کاتژمێر بەرزایی
بەشی زیان گرانەوە بەرەو خۆیان

١٩٨٥/٦/٢٥





جاشە فرۆشەکان ڕوی دا لە ئیمە دا جاشە کافی هیچ دەستیان
نەگرایەوە جگە لە ڕاکردن نەبێ ب-ک-ک-ک تاکو ئیزی
پێزانانی ڕاویان نان زیانی دوژمن نەوەی زانراوە
١- کوژراوی ٧- جاش لە گەل برێندار یەکی زۆر

زیانی دوژمن زۆر لەوە زیاترە مبلاّم هەر ئەم زیانی لە ئیمە زانراوە

ب-ک- کۆتایی وەڵامی زیان بوو

١٩٨٥/٦/٢٥

عزیزکەم هاوڕێ ب-م-ق ئێمە ١٠- سۆران و ئێمە ٥٠ خانەخاڵان و
ئێمە ٥٢- شێروانەو ئێمە ٥٢- گەرمە لەشاوی ٧½- تەموز ١٩٨٥ دا
هێڵیان کوتایە سەر هێزی فەوجی ناکۆیان و ڕەبیەکانی دوورو پشتە کەوتوی ٧-
تا ٢- کیلۆمەتر لە ڕووباندوزەوە دورە هاوڕێ ٢- سالم لەلایەن
جەیشەوە بە شێوەیەکی تەڵی دڕکاوی تەزراوە. ب-م- کان لەم هەڵمەتە
١١- بەشدا لە هاوڕێ ١- بەکات کەمتر توانیان دەستبەسەر هێزی فەوجی و
٧- ڕەبیەی دوورو پشتی دابگرن فەوجی ٤١- ئێ
خفیفە کە بە فەوجی ٧٨٢٠ ناوبڕی لەم هێرشەدا تێکوچان
ڕێگای هەڵاتنیان گرت کە هاوڕێ ئاگری لێیان دڕاو ئەوەی خۆیدا
بە دەستەوە، گیراو بڕیارەوە و هەوڵیدا بە دیل گیرانەوەی دەستگیرکراوەکە
کوژڕا زیانی گیانی دوژمنا کوژراوی ٤- کەسیان کە بە کیکیان
دەماون هێشتا بە نادەی فریادڕەسی کەشکورە بە فریادی
عائیشە دێژ هەنگی ڕەواندوز دە یەکێکی تر ملازم * حسێم یونس حاڕم
و- نائیب ظابط جاڕل عەلاوەیە و دە سەرباندی ٧- هەریارەی









بەڕێز ئاوێنە و ڕێبوار

هێزێکی کادرەکانی کەیبی ئاوەها گەرمیان بە سەعات ٤/١٢ شەوی ٢٩/٧/١٩٨٥ بەرێگەی بەخشێنکی ئاپێکی ئێبی هێرشیانکردە سەر ئەو بنکانەی کە سەربازەکانی کادرەکەی دوێنێ بۆ ماوەی ئێوە سەعات گەڕ بارانیان کردبوو. کەم جار بەناچەبنۆکی هێرشیانا بردنە سەر ئەو دوو سێیان بەسەر ڕەبیەکی واگرتن.

زیانی دوژمن

١- کەرکوکی ناوچەکەی جاش بە ناوی ڕەشید حەمە گوڵ فەرزای کەرار، دیدکان.

ڕێژەی هاب علی لەئێش

٢- عەدنان کەیم ڕەزا کەرکوکی شۆڕبێجە

٣- یونس حەسیب ئەمەدی کەرکوکی شۆڕبێجە

دەست کەوت

١- ٢ بەکاری بێ ڕەحم ١١ دۆگن دۆلۆڤ نیشتوو ٣ گوڵە

٢- ٤- کەلاشێکۆف دۆگن ١٨٠ ٥ عەزەن

١- ١- چەکاری ١٠٥

١- ١- ڕادیۆخۆن

خۆشمانەوێ زیان

کەیبی ١- کەرکوک. لە ساعەت ٤/٩ ٧-١٩٨٥ دا ٥ فەرزە بەڵەی دڵێری کەیبی ١ کەرکوکی جیۆشەرەبێنێکی لەسەر ڕێگای ٥ سولەیمانی بانی دەست بێتێکی کادرەکانمانە شەڕیانی دەست بەسەر ڕەبیەکەدا گرتن

زیانی دوژمن

١- بەدیل گرتنی ٣ جاش بەم ناوانەی ١- حەکیم ڕەزا صەدیق ١٩٦٦ فەتکی گوندی گاڵ وان ٢- سالح عەزیز فەتکی ٥ مێرگەسۆر

٣- ئیسماعیل عەلی صەدیق ١٩٦٦ شۆڕبێجە، گەورەی ئەو سێ جاشەی سەرەوە بەناریکی شەوەکە دوژمنەکەی ڕانەدەوە

دەست کەوت

١- ٤- کەلاشێکۆف دۆگن ٣٠ ٥ عەزەن

١- ١- مەسنەوی خۆشکن

١- ١- مەسنەوی ئاڕپێجی

وەختێکی گەلێک کاتیان سوپاسمان

خۆشمانەوێ زیان









٤- ... ٨٥
... ٢-٨ ... ...
... ...
... ...
٥- ... ٨٥
... ٢-٨-١٩٨٥ ... ...
... ...
... ...
١٩٨٥/٨/٨

... ٥٧-
... ٤/٨-١٩٨٥ ... ٩/٧٠ ... ...
... ...
... ...
... ...
١- ... ١٥- ... ...
٢- ... ٥- ... ...
١- ... ...
٢- ... ...
٢- ... ...
٤- ... ...
... ...
... ...
١- ...
٥- ...
٢- ...
١- ...
١٥- ...
٥٠٠- ١٩٨٥/٨/٨











ناوی دیلەکان
۱- عبدالکریم خضر حمه
۲- ابراهیم محمد عزیز
۳- محمود خدر قادر شەوی چیگای داهنە شەوبە
لە کاتی کۆکردنەوەی چەکی ناو رەبیە کە دکتاتۆرەکان ئەنجامیان دا
بەر ئەنفال کەوتن و شەهید بوون ناوی شەهیدەکان
۱- محسن الدین حمه ناسراو بە ڤیوارەش
۲- علی صابیر ناسراو بە علی گرگوکی
۳- محمد علی ناسراو بە ئاماڵنج
۴- عبدالله محمد علی
۵- کمال صابیر ه ۵۰ ستاوەتەکانی شەهیدەکان
۱- ئاربیکەی ۱- دانە
۲- کلاشنکوف ۱۱- ت
۳- برنو ۱- دانە
۵۰ جیزیکی تر چەکی ئۆتۆماتیکی تریان بردەبە، دوو رەبیە لە بنکەی فڕۆکەوانی رەبیە کە ئێستا ئەمریکا بنکەیەکی هەوایی لێیە، ئەوانیش چەکیان لێ ئاڵوگۆڕ کردووە بە ئۆتۆماتیکی تر، ئەوانیش دوو رەبیەکە بەجێ هێشتووە بۆ خۆی کۆتایی بە بنکەی زۆرداری هەڵەبجە و کانیماسی رەبیەکەی هێشتا نەیتوانیوە دەستبەسەر ئەم دوو رەبیەدا بگرێ
بۆیە ئێمە ئەم دوو رەبیەدا شەهید بوون ۲- یا-م-ق-
ناوی کان
۱- حکیم حازم حمه
۲- عبدالنصیر فرهاد ئۆمەر
۳- عمر خورشید حسێن ناسراو بە شاهۆ

۱۹۸۹-۸-۸



لە ت ٢١ - سلێمانی وەت ٤٢ - ئامۆستا

لەبەرواری ٥-٨-١٩٨٥ پێمەوە هات.
هەندێ بابەتی پێویستی کۆمەڵەی ئێمەی دەناوە
١- حاجی ئاگر چەکی ئاغای حەسەن سینا جیاتی جاش
٢- بابکر حادە شەڕی ئێمە لەگەڵ دەوڵەتی کورد
دەبێت کەوت
١- کۆڵ شکۆفە
٢- لەگەڵ پێرەکانی پەیامی کۆمەڵەی شاخەوانی ناسیۆنالیستی
چەند-تۆزێکی لەدەستی کرێکارانیان دەرچوو بوون
وەک لەم دواییانەی پەیامی سایقی شەهید
حەمید حاجی ئاگر شەهید بوو
٩٨٩/٨/١١
لە ت ٤٢ - کەوە
دەستپێکی لەبەرەکانی ٤٢ - کۆکردنەوەی لەسەرجەم - پێویستی
نیوەڕۆ بۆ سەرکیانی لەسەر جادەی گشتی رەوانەکردنی کۆکردنەوانا
لەڕێی خانەوادەی ئەم ئاوەدانە دەستگیرکران
١- محەمەد بەهائەدین سلێم عەزیزی ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی کۆمیتەی ناوچەی
پەنگ ١٦ - خۆی - ساڵی لەدایکبوون ١٩٥١
٢- مەلا محەمەد حەسەن ئاگر - ساڵی لەدایکبوون ١٩٤٨
٣- محەمەد محەمەد بەهائەدین ئەندامی کۆمیتەی ناوچەی پەنگ - ساڵی لەدایکبوون ١٩٥٢
١٩٨٥/٨/٨





لە ٣-٤-٥٠ بۆ ھەلاوێرێ
دەستەیەکی لە ٢-٣-٤ تا ٨٧-٨٨ تا ٩١-٩٢ تا ٨٥-٨٦ و فەرمانبەرێکی
وڵێزدو و فەرمانبەرێکی ڕاگوێزدن بۆ دێی شایەنی باسە تا ٩١-٩٢
دەوری سەرەکی لە م سەرەداھێنە. لە شەوی ١٥/١١ ٨٠ - کات ٩ی ئێوارە ١/٢٠ شەو
چونە سەر ٤- ڕەبیە لەسەر جادەکە ئێمە. ٥ وێڵێر ئەوسا بۆ دووەم جارە
دەستیان بە سەر دا گێڕا
لە ئەنجامدا توانیان دەستبەسەر چوار ڕەبیەکدا بگێڕن لە بڵێم جامەخان
تەرمەنوکانەزوو ڕایان کرد بو لە بەرئەوەی دەستکردنەکان کەم بوو
زیانی دوژمن ١- کوژرانی ٢ەمارەیەک بڵێم بەڕەمارە نەزانراوە
٢- گرتنی ٧- هاشم بەم ناوانە

١- یاسین عمر قادر	موالید ٦٠	٥ وڵێر
٢- سەردار کەریم صادق	= ٦٦ -	ئالتون کۆپری
٣- حمید مجید ملا بایز	=	٥ وڵێر کوردان
٤- فەرهاد حسن فەتاح	= ٦٤ -	دیبەگ
٥- عیسام الدین علی	= ٦٥	٥ وڵێر
٦- دلشاد حسە فەتاح	= ٦٦	دیبەگ
٧- فەرهاد حەویز	= ٦٦	دیبز ٥ هەریان سەر بە

فەوجی ٤٦- دەستکەوتەکان
١- ئاربەجی - ٧ - دانە
٢- کلاشنکوف - ٨ - =
٣- بەرەمۆت - ٧ - =
٤- ئالقوزی - ٢ - =
٥- سندوقی فیشەکی ٧٫٦ - ٦ - =
٦- دەغڵەی کلاشنکوف - ٥٠ - =
٧- سندوقی ڕەمانە - ١ - =
٨- گوللە ئاربەجی - ٢٢ - =
٩- دوربین - ١ - =
١٠- دەمانچەی تەقیو - ١ - =

بەڕێکەوتی بەڕێزیان ١٩٨٥/١/١٦



١- له شەوی $\frac{11}{12}$ ٨- دەفرەنە یەکی کەرتی سەربەند والی بارکەیی ت- ٥٥ قەداغ
چونە سەر جاشە کانی ئەرایەتی لادێی دزگرە بۆ هاوینی ٧٠- سەعات
٤ەو جاشە خۆیان یانەیان کردبوو بە تۆلەی لەبەر باران هاتن لە زێو
بە جۆرێک تەقیان لێ هاتبوون ئەو جۆرە تفەنگیانەی کە هاتن
بە هانایان لە زەرایەتاوە هەوڵیان بەکار نەگیرا
دەستکەوت -١- کلاشینکوف

٢- لە ٥٥- قەداغەوە- گەرتنی قاعیدەیەکی بە تەواوی
کاتژمێر ١٠/٢٠- شەو لە شەوی $\frac{13}{14}$ ٨- دەستیان لە رۆژی
کەرتی سەربەند والی بارکەیی کەتنەوە بەرێتیون لە ٧٧- پیشمەرگە
بە یەکی نەخشەیەکی دیاری کراو بەرەو قاعیدەتەلموسیا سەر قاطع الفیل الثالث
کە رەبیەی سەر جادەی سلێمانی و قەداغە کەتنەوە ٨- کیلۆمەتر لە سلێمانی
دورە رەبیەکە بریتیون لە ٦٧- جەیش شەعبی لەگەل شریقەی ٧-
هەوتەمین تاڕی جێدانێ ناو قاعیدەکە رەبیەکە گرد نالی هەرچەندە بەرزبوونەوە
دەستەیەکەم تێپەڕ ئەبوونەوە لە خاوەنی ٥٧٠ دەقیقە دا ٢٠- ق-
گرێشتنە ناو رەبیەکە هەر بەرەوخانەکانی ناوی ئەوەی هاتبوو دەستەکانیان
ئیبادەی گرانی تەنیا ٤- یان نەبێ کە چەکیان فرێدابوو هەڵاتن
زیانی دوژمن گوێڕایەڵی [illegible]
[illegible] بە دیل گرتنی -٩- ج - ش

دەستکەوتی

١٠٠-	دەستی ئاربیجی	٤	دانە
٢-	قەنابە	٢	=
٢-	هاون ٦٠ ملم	١	=
٤-	کلاشینکوف	١٥	=
٥-	فیشەکی رەسەن	٢٠٠٠	=
٦-	فیشەکی بیکەمەر	١٠٠٠	=
٧-	سندوقی رەمانە	١	=

١٩٨٥/٨/١٦



١٩٨٥/٨/١٦



لە ٩٢ -
لە شەوی ٢/٦ ٩٨٥ کاتژمێری ١ - ٢ دەو لە سنەیەوە لەگەڵ هەڵگرتنی
چەکەکان کرد - سەرکردەیە شیوات جادر شێخ هەژار ئاگە کۆمیتەی
سەرجادە - کاکە بە دیگەلە بژمارەی ١٠ - ٢٠ قیقە دەستیان بەسەر
١٥ بیە کە داگرتبوو کە ٦٠ / ٦ / ٢ لە لغاو کرابوو
زیاتر دوژمن کوژرانی ٥ جاش
١ - شەهرو کاکە خان خۆشناو
٢ - عزالدین کاکە رەش بکر
٣ - جەردین عبداللا ئاغا
٤ - حەمە محمد فتاح
٥ فخرالدین معروف بە دیل گرتن - ٣ - جاش
١ - حەمە صادق مصطفی
٢ - صادق عباس ئاگە
٣ - حەمە کریم ٢ دەستکەوتن

١ - تازە بەر [١] دانە بە ٨ - گوللە
٢ - کلاشنکوف [٧] = سێ
١ - چیبار [١٦] = ١٠٨ - گوللە
٤ - هەژدەن [٣٢] =
٥ - سندوقی فیشەک [٢٠] دانە
زیانی یەم - کاک سەرپەرشتیار بوون ١ - جاش بە ناو ٧ هەڵاجی جادر

٩٨٥/٩/٢١

لە ٥١ - گەڕیانەوە
٢ دەستکەوتن لە ٥١ - گەڕیانەوە
لە شەوی ٨ - ١٩٨٥ سەعات چوارەی بەیانی چونە سەرجادەی جبارە
جەلولە کە خێوەتیان دانا سەیارەیەکی ضەنیفە کەوتە کەمینەکە کە کۆپیان
لێ گردن بلاوم بەردەبارەی دەرچوو دوا بە دوای ئەو سەیارەیەکی تر
کەوتە کەمینەکە و - کە - سێ خوەری زۆریی تیدا بوو گرتیان هەڵیدا
ئیعدام کران ئەم - ٢ - ئاوانبارە لە مۆری تەواوی کفری بوون سەر
بە ئەمنەی عام بوون دەستیان هەبوو لە لیدان و شەهید کردنی چەند
ئاوەدانکار ١ - حەمە جوان ئەمین وەلی
٢ - حسن علی حسن ٢ دەستکەوتن - ٢ - دوانیە

٩٨٥/٩/٢١





هێزێك لە (ب. م) مەكانی تا ٤٧ بیرە مەگرۆنی
سەعات ٤ ی پاش نیوەڕۆ ڕۆژی ١٩٨٥/٨/٢٠ لەسەر جادەی گشتی
سەنگاو - چەمچەماڵ) لەسەر بڕدی بێ مەحکەمە لە بەینی لەمور و ڕەبیەکانی
دۆڵەدا بۆسەیەك دانرا پاش ئەوە کاتمر مەجموعەی جاشی بە ناوی
(دشێر مجید شاوار) کە سێ مەکانی خۆی لەسەر جادە لە لای ڕۆژهەڵاتی
بەسەپارەکانیەوە بەرەو مەقەری سریە بڕواتەوە (ب.م) مەکانی لێ یاخی کرا.
دەست شێرزەیان کردن چەند جاشێك بەرەو ڕەبیە کە یاخی کردو
لوغمێتیان لێ تەقیەوە کە ڕۆژی پێشوو دایان نابوو.
زیانی دوژمن بەم جۆرە بووا-
١) کوژرانی (١١) جاش کە ٨ لەستیانی مەیتەکانیان لەسەر جادە بەجێ مابوو
بەم ناوانە

١-	ڕشید مجید شاوار	گوتم کەوە ڕەقم هەبووە وجودە ٧٨٢٧
٢-	نیظام ئەحمەد شێخ	ع.ع. " " "
٣-	یونس نووری عمر	ع.ع. ع م ٥٤ " "
٤-	فایق کاکەمیر دانە سوتی	" " — " "
٥-	حەمە شریف عبدالکریم	" "
٦-	داود نووری عەلی	" "

حەوتەم و هەشتەم ناویان نەزانراوە
بە دیل گرتنی حەمە غەریبی عەزیز کە جوار کوڕی جاشە کۆمەڵێك
بریندار کە بەبەڵەدەرچوون.
دەست کەوتە کانی :-

(١)	١	تاربێجن ١١ لەگەڵ جوار گوللە
(٢)	٢	دەشاش تاربێ کەی
(٣)	٤	کلاشینکوف ٣٨ بەخزەنی
(٤)	١	دەمانچە
(٥)	٢	سندوق فیشەك
(٦)	٤	روحانەی دەستی

(ب.م) مەکانیش سەرکەوتووانە و بێ زیان بوون.
١٩٨٥/٩/٢١





لەتە ٩٩ - بێتوێنی

لە سێرەی ١٩٨٥/٩/١٨ هێرشکەر هاوبەش لە ٩٩ - بێتوێن هێرشیکیان بردە سەر مقەر سەربەخۆ و بەیەکی شێخ عوبید لەنێوان خەڵکانی بەستانە بەرخستە ئاگربارانکران بۆجارێک تر دوای خەڵکانیان لێکردن بەگۆرستان زیایی دوژمن کۆتایی ٥ - جاش برینداربوونی ٩ - جاش کە چواریان ژنە کانیان هەبوو وەلەچەند ئەوەی هەڵگرا هەڵمەتی شێرانەی کۆپەڵکانی بێتوێنی کاکە فادر هەڕەشەی خەڵکانی سڕهێڵبۆ بۆیە نەتوانرا دەست بەسەر خەڵکانی ژەبیەو دەستکەوتەکانداتێگرێ زیایی گیانی شەهیدبوون فادر هەڕەشەی خەڵکانی

١٩٨٥/٩/٢١

لەتە ٥٢ - شێرەوانە

لە سەعات ٥٢ لە سێرەی ١٩٨٥/٩/٢١ بۆنە سەر جادەی هەولێر کۆیەکیان دانا لەنێوان ئاغام بارام گرتبۆ کە دەوای هۆبەدە - سەدە - دانیان پێکرد بڵاوم خۆی بەدەستەوە بدەن - دانیانە سەر دەستێژەکەی گوڵە بەجەرگی گەڵەوسۆرسانیان گەیاندە سەربارەکەی نێگەڵ شکێنرا

١٩٨٥/٩/٢١

لەتە ٢٧ لە سێرەی ١٩٨٥/٩/٢١ وفرۆکەیەکی تە ٢٧ لەسەر جادەی نێوان گەرمیان سوورەتەلات بۆسەر گیانداندا لەسەعات ٨ - بەیانی ١ - جەب قیادە کەوتنە بۆسە کە هێرشیان کردە سەر ئۆتۆمبێلێکی سەربازەکان کوژرانو جەبە کەش لێکدرا زیایی دوژمن ١ - کوژراوی ٥ - سەربازی کەناوی دووانی زانراوە

١ - هێرشی جیاوەسەرم ع ٤٦ ٢ - عەرجین جەبرم ٦١

وەشکانی سەربازەکە بەرەو گەسانی چەکیان لێ نەبووە دوژمن وەکی پێشی زۆر دڕندانە کەڵەشۆتێکی زیایی پێکەوتبێ وەکوو بڵێی گیانی هاوسۆزی بێتاوان پاشەوەی دوژمن هاتبێ سەرشۆپە کە ٥ کاوەڵی لەسەربارەیەکی دابوون سڕهێڵیان کەکیان کوژی هاوسەنگاڵەکە یاشان کۆپەڵەی لەگوندی هاوڕێشانەدا بۆهۆی برینداربوونی ٢ - یەدەم و ١ - کاوەڵی

١٩٨٥/٩/٢١



لە ٨٧- لە رۆژی ٢٥-٨-١٩٨٥ دەستەیەکی لە پێام
تواناییان کە پێنجەک دانیشتوی گوندی عەبدولحەبیب بکوژن
لە ناوچەی مەراج کە بەکێکیان لە پیاوە کانی رژێمی ناوبراو ئامرقاعیدەی
قادسیەی ٤-شا بەرپرسی حیزبیە شیوعیەکان لە فرۆکەی ژاو
و بەشێکی هۆزی هۆزە حیدەری لە دانیشتوی گرگوکی و تۆپکی لێشێنەری نەخابیر
دەستکرد ١-و-مانچە ٢-١-سەرکەوتوو ٢-بڕ هاتنا
هەروەها لە رۆژی ١٢-٨-١٩٨٥ چەندین پ.م- تواناییان
بەسەر ناوچەکانی جمور سارلجوکدا بڵاو کردەوە جاشەکانی
جۆ هۆزی گوێژانی پەلیان و بریندار بوونی بەکێکیان

٧-٩-١٩٨٥

لە ٨٢- هێزێکی هاوبەشی ٥١-٥٢-شەرانە لە رۆژی ١٥/١١/٨
کاتژمێر ٨- بەرەو چەمەنە ناوشاری کفری لە شوێنێک کەمینیکیان
لێ نوقرەوشان نابەوە بەلام ترەمبۆکەکان کەسیان نەخستە دەرەوە
دوایی کەوتنە شکستن و بیاو هەراسیاو فڕۆکەوشان
لێرەشدا جەوهەر عباس هەروەها حەمید سلیمان دەستی داوای خۆبەدەستەوە
دانێکی نەکرد بڕۆم فۆی تاوات بەدەستەوە بۆیە پ.م-کان
شەڕی کوژان دەستکەوت ١-لێکی ٢-دۆڵ ٣-هەڵوەشان

٧-٩-١٩٨٥

لە ٨٧- لە رۆژی ٢٥-٨-١٩٨٥ دەستەیەکی ٨٧ لەگوندی
خانەقە تەقیان لە سەیارەیەک هێنری ٤-شا-کرد لێرەخاوەرا
١-ج-شا-کوژراو سەیارەکەش تێکی شکا

٧-٩-١٩٨٥

لە ٨٥- لە رۆژی ٢٤-٨-١٩٨٥ دوو پ.م-ی ٨٥
هەوڵی ناوشاری ٥ دڵێر تواناییان دوو هاندەیان لە بچنە ناوحاڵی ابراهیم احمد
ناوبراو هەڵنەهاتن دەستەیان نەتاپەڕ
و بالوێزاوی لە بوونی یاساداناڵ کەتوتنی بووە
بەهۆی بریندار بووە

٧/٩/١٩٨٥

ئەبەردیلکی تیپی ۱۷
هێزێکی دوژمن کەپێک هاتبوو لە ۱۵۰ سەربازە ی پڕلە جاش و
قوەت خاسە بە پالپشتی ۱۵ مودەرەعە و ۷ دەبابە ۳ توپی ۱۰۶
دوو سلنگ
لە بەرەی ۱۵/۸/۳۰ لەکات ژمێر ٦ ی سەرلەبەیانی هاتن بەرەو گوندەکانی سەر
چەمی خاسە، ئەمە لەکاتێکدا هێزێک هاوبەش لە (ب.م) هکان تا ۱۷ و
هێزی پێشمەرگەی ناوچەکە خۆیان لە گوندەکانی سەرای وگۆرانی وەهیە
کە ۱۰ دەقیقە لە قەرەی هەبێ دووری خۆیان لە بنوسەنا لە سەدەتادا
هێزەکەی دوژمن لە نزیک گوندی سەرای ٤ سەربازەی پێشەوەیان
کەوتنە ناو بنوسەکەوە دراندە بەر دەستێ هێزی لەمەیدانی بەدەنوخ
شاد بوونی هەرلەوێ ۱ لەسەربازەکان کلاو وگوێی دامردە
بەڵێ ٤ سەربازی جاش وقوەتی خاسە مەرگی هەڵێ گرتن وئەوانیش تر
کلکیان نابە ناوگوێی و بەرەو دواوە خۆیان کشاند باشان
۲ گوێبێرەی بارێ وچەند تاکێ هاتن بەهانای هێزەکەیان بەڵێ وڵەرزۆکەیان دەرە
کوبەرەکانی تیپی کەرکوک ئەوانیشیان لەتاقی ئاسمانەوە توند کردن
گوێبێرەکانی گوێیان لەوشە بۆردومانی سەرای وگۆرانی و ناوچەکە
شەربەسەختی بەردەوام بوو باشئەوەی لەگوندی سانی ڕەمیان کردو
هێمیانی بۆئەکراهاتن بەرەوگوندی گۆرانی بەنیازی خاویان
لەوێ دەستبەجێ پێشێلی بەدەم لەوێش بەهەمان شێوە هێمیانی بێ
ئەکرا (ب.م) هێلی پلنگ ئاسایی لێیان یان بەبێ وەڵامبەردەستی بێدەن
خەستی وخۆیان لێ کرا ئەیان توانی تۆزوقاڵێک نزیک بکەوەوە
لەوێش زیانێکی باشیان لێ کەوتی وشکانی هێزەکەی دوژمن باش نیبوە بۆی ئەمڕۆ باش ئەم لەمودەرەعەرەوە زیانەی لێیان کەوتی
بەمل شۆڕی و بەزیلی و شەمەزاری بەرەو تەپەڵە وچۆڵگا کانیان
گەیانەوە. زیانی دوژمن
(۱) گوێرانی زیاتر لە ۵۰ کەس لەجاش و قوەتی خاسە
شایانی باسە زۆرلەمە زیاتر تاکوتایی شەڕەکە لەبەرچاوی
کەرکوک وقەرەی هێبر کەدەکیلەی گواستنەوە بەشەعاف
لەبەرخەستی شەڕەکە نەتوانرا لەمودەرەکانی کۆبکرێتەوە.
لەڕوەهابەیانیەکی بەکبار زۆر وەتێک شکانی ٦ سەربازە
خۆشمان بەئێشە لەمێر بەناوی هێزی فەرماندەی کشتی (۱)

۱۹۸۵/۹/۲۱









لە ت ۸۵/ لە رۆژی ۲۷/۸/۱۹۸۵ ەفرەزەیەکی ت ۸۵/ چوونە سەر جادەی هەولێر حەسیف سلاح الدین کە مێنگیان دانا لەنێو خاوەنی سەیارەیەک کە دوتە بۆسەکە پێ-م- لەتەپان داو بۆ هۆی کوشتنی ئینایک ظابط بەناوی فاظل فرج عیسی دەرەجە ۱/ ج-ش دەستکەوتە ئەسپارە هەر لە ت ۸۵ لە رۆژی ۲۷/۸/۱۹۸۵ ەفرەزەیەکی ت ۸۵ چوونەتاد هاوپێنە جەواڵی سلاح الدین کە بڕیاربوو لە کۆڕاو ئەبرێنداربێ بە سەختی پێ-م- کانیشا بەبێ زیان گەڕانەوە

لە ت ۹۹- بیتوین ۱۹۸۵/۹/۷۱
ەفرەزەیەکی ت ۹۹- چوونە بیتوین لەناوچەی گوڵکە کانیا هەوڵگە ئەم ۲- جاشە یانا گوێ
۱- عبدالله حاد- عبدالله ئەنکی گرجان
۲- دێ- یا عبدالله ئەحمد کە هەویەکی بەناوی براییە کە ئەمکردوە- براییە کە ناوی جاش محمد ئاغا
۳- حسێن عینە ئەنکی قرناغاو جاش هەزە ئاغا
۱۹۸۵/۹/۷۱

ەفرەزەیەکی هاوپەیمان لەگەڵ ەفرەزەی ت ۵۲- و ناوچەی شۆڕش گێڕان لە ۱۷/۸/۱۹۸۵ چوونە سەر مەقەرێکی کوڵە جۆ هاوپەیمان ئەس

بەئارەزوی خۆیان و هەموو چەکێک لەتەپان دان بۆ هۆی شکانی ئەو ناقیلە و کوشتنی چەند سەربازێک وە پێ-م- کانیش بێ زیان گەڕانەوە

۱۹۸۵/۹/۷۱

لە ئەم-٤) لە شەوی ۱۷/۱۸/۹/۸۵ جاشەکان کۆبونەوە لەناوشاری کۆیە دەستیان کردبە تەقەکردنەوە هاوێشتنی ئاربیبی بەنیازی هەڵمەتێک فرۆشتنی وەڵام یاکردنەوەی لە چەپەکانی عێراق و ئێران. وەلە ئەنجامدا بووە هۆی برینداربوونی (٦) هاوڵاتی کە بەکێنکیان بەناوی (وەستا عثمان) وەدواشیان ئافرەتێن. وەلەوەشدا برینداربوونی جاشێکی خۆیانی جێلە لەمشەش هاوڵاتیەیە

۱۹۸۵/۹/۷۱



٥٢٣





لە ت ۷۵ - لە شەوی ۹ ۲۴/۲۵ - دیستە یەکی لە ب-م - ق.ت ۷۵
هەلەتیان بردە سەر رەبیەکی کۆچەلی نیوان گوچەلیلان ئاگر بارانیان
کردنا و هەلوکانی سەگرەم لە گەڵ هاوەی ۱۵- د. عیقە دا
رەبیەکە بگرن زیاتر دوژمن کۆڕانی دو جاش ناوی یەکیان
زانراوە بەناوی غەفور قادر ۱ ج - خ - و بریندار بون جاشیکی تر ۲ دا کردنی
باقی جاشەکانی تر د. ستکەوت ۱- ئاڵبجی جۆر ب-۶- گولەوە
یەکی کلاشکوف بە ۲- چەکزە نەوە وەیەکی دوربین و کۆمەلێ گولەیان
هێزەکان بە سەلامەتی و زیان گەڕانەوە

۱۹۸۵/۱۰/۱

لە ت ۷۸/۷۹ ۹ - ۱۹۸۵

هێزێکی ب-م - تیپی ۴۷ - چونە ناوشاری سلێمانی لە سەرجادەی گاشتی معمل
سەرچنار بۆ سەیرکیان دانا بۆ گرتنو گەران بە مشوێن بیاو خراپ چەکدارەن
بڕیم دا لە ئەنجامدا ئەم دوو تاوانبارە د. ستگیر کران
۱- خالید سامی بەرپرسیاری معمل چیمنتۆی تاسروجە
۲- عەدنان کۆرەکانی معاون د. ستکەوت ۱- ك-ا- د. مانگر

۱۹۸۵/۱۰-۱

لە ت ۹۱ - وەبو هەوڵدان سەر لە بەیانی ڕۆژی ۱۹/۲۰ دیستەیەکی
ب-م - ت ۹۱ - بو سەیرکیان لە سەرجادەی نێوان هەڵەبجە
دانا بە دوری ۱۰- کیلومەتر لە کاتژمێر ۶/۲۰ سەر لە بەیانی سەپارەیەکی
ئیڤا کەوتە بۆسەکەوە لە گەڵ ۲- سەپارەی هەوێنی دوا بەدوای ئیڤاکەدا
دەرویشتن ب-م - کاتی سەپارەی عەسکەریان دایە بەر دیستە
ڕێگر بەڵام لەبەر ئەوەی سەپارەکانی تر هاوەڵانی و سەربازیان تێدا بو
نەتوانرا بڕۆن کارەکە بەئەنجام بدرێ لە ئەنجامدا بۆ هەوڵی کۆمەڵێ
۳- سەرباز بریندار بوبن ۵- سەربازی تر
هێزەکان بەبێ زیان ۱-۱۰/۱۹۸۵







لە ت ٦١ ی کۆرەشی
لەشەوی ٢٨/٢٩ ٩٨٥/٨ هەژدە یەکان چوونە ناو تۆرەدگای ژمارە بۆگەیان
بەدوای جاشو سیخورەکانی ڕژیمی پاشی ڕۆژگەیان بەو پێشکینی ئاژۆر
چوونە مالێک کە (٦) جاشی تێرابوو (ب.م) قارەمانەکانی وەکو
شەماڵی بەڕی بەیان چوونە ژوورەوەو یەکێکیان لە جاشەکانی
چەک کردنەوانی تریش خۆیان ڕاوەشتە پاش ژنوسندالی مالەکە
لە (ب.م) قارەمانەکانیش بۆ پاراستنی گیانی ژنو منداڵەکان ڕەیان
کوشت.

دەست کەوت ١ ڕەشاشی دێکتاریۆف
داواڵە هەموو خەڵکی بەشەرەفی ناوچەی بشدەر ڕێکەین کە بەشەو
جاشی لەمالی خۆیانی نەنێن دەنا خۆیان بەرپرسیاری هەموو
جۆرە ڕووداوێکن.

١٩٨٩/٩/٢١

لە ت ٨٧ ی قارەمانی جوانمەرگ بوزهەمەد ئیبڕاهیم
لەشەوی ٢٠/٢١ ٨٩/٩ هێزێک لە (ب.م) قارەمانەکانی ت - ٨٧ - چوونەسەر
ماڵەوەیەک کە حەمایەی مەحەلەی گێربووە لە نزیک سەیدەرەش مەخمور لە
سەعات ١,٣٠ شەوداهاتم هێزەکە هەڵەتەکی شێرانەدا دەستیان گرت
بەسەر ڕەبیعەو مەحەمەدەکەدا لەبەر هەڵەتنی سەربازەکانی ژیانی گیانیان
نەبوو، ژیانی مالی دوژمن
(١) سوتاندنی مەحەمەدەکە بە ١٠ شوقڵ وقە لادەبەو مەکانین
دەست کەوت
(١) ٧ کڵاشینکوف ٧٥ ٤٠ هەژدەنی یاخۆر
٦٠ هەژدەنی تر.
(٢) ٧ سندوق فیشەکی ڕوسی
(٣) ١ سەیارەی لادا گرۆز
وەکە هەڵەتانی شەوەکانتوا هێزێکی هاوبەشی لە (ب.م) قارەمانەکانی ت ٨٧
٨٦ توانیان بە پلانێکی زیرەکانە قوەی طوارئی هەولێر بخەنە
فاقەی عەسکەری خۆیانەوە کەلەم شەوەداڵەناوشاری هەولێردا
دەرستکیانی دابە فاشیەکان کەقەت بەخەیاڵیاندا نەهاتبوو قەتیش
لەبیریان نەچێتەوە وەشەوەزەنگی هەولێریان بەڕاگرتنی ئاربی جی
لێن کرابەڕۆژی بەرواڵەت بەهەمجۆرەی خوارەوەیە:

←



۱- کەرتێک لە (پ.م) خانەخانەکانی بۆتاکتیک و تەقەدروستکردنی چوونە
سەر سەیطەکەی مەحمور وە (پ.م) کانی تر لە کە مینێکی مەحکەمی تردا
لەناوشاردا لە نیوانی حەیاتولحەوام و ماجیواوا هێزێکی طوارێ کە پێک هاتبوو
لە زیاتر لە ۱۰ سەیارە هاتنە هانای ئەوتەقانەی کە لە سەیطەرەکە دەکرا
لەناکاو کەوتنە بەردەستێڕی بێ ئامانی هێزی لەولێرەقەرەچوچ وە
لە (۱۰۱) سەیارەکە ئیبادەکران وە ۲ سەیارە هینو (۲) شوفلێتی لەم
سەیارانەدا بەبێ ئەوەی کەسی لێ بمرێ بە لەموسەرنشینەکانیانەوە
گەڕانەوە کرابە کوردی ئاگروتەقاحەتوز لەسەر جادەماپەوەتەنانەت
لەبەرشاندوی ئاگروتەقینەوەی فیشەکی بەجەکدارەکانی نەکرادەستێ
بەسەرچەکەکانیدا بگرێ . وە هێزێکی تری دوژمن
وەبەپشتیوانی چەند بەردەرەبەیەک هاتە فریای هێزەسوتاوەکەیان
ئەوانیش کەوتنە بەر لەتەقەی کە مینێکی تری (پ.م) خانەخانەکانی
ئەویش لەبەشەق و شڕی بەردەوامی ئاوشارگەیاندە وە لەم لەولێرەدا
هێزێکی تری شکستهێنەری کە بێتە بەڵامانی ئەم لێ تەقەوماوانەوە
کە تێ کەوتبوونە شەڕبەسەختی تا (۱)ی شەو بەردەوام بوو زیانی
دوژمن:
۱) کوژرانی زیاتر لە ۱۰ کەس
زیانەکەزۆرلەوەزیاترە چونکە لەوکاتەی کە سوتاوەکەی لەناوسەیارەکانیدا
بەبەرچاوی (پ.م) کانی لێ دەرچاندو بەدەیانەکەی تر
لەسەرجادەکانیدا برێن و بڵاوکەوتبوونەوە .
۲) کەسوتانی ۲ سەیارەی هینو ۲ شوفلێتی وشکانی
چەند سەیارەیەکی تر
۳) لەبەرسوتانی زۆربەی چەکەکان و فڕدانی شەڕەکەتەقایەک
تەڵەشێکوڵی دەستی کەوتبوو .
زیانی ئێمەش بریتیبوو لە (۳) (پ.م)ی خانەخانەبوو
۱۹۸۵/۹/۷۱





لە ٦ شا (١٧)ی سوارانەوە
لە رۆژی ٨٥/٩/٨ جاش خۆفرۆشەکانی سوارانغا بەدەی بۆتێ دا
هاتنە بۆگرتنی زینووی ئەستێرۆکان و هەڵە بوون ئەم جاشە
خۆفرۆشانە لە وشوێنە یان بەدەسڵگرتێ بەبێ تەقە
لە رۆژی ٨٥/٩/٩ برادەرانی ٧٣ی هەڵەبوون هاتن بۆڵەمان
کەوەزعمان بەم شێوەیە بێتەش هەرلە هەمان رۆژدا هێرشمان
بۆکردنی جووین بۆبەدەنگاری هێرشەکە بەچەکی سوك و قورس
شەڕدەستی پێکرد تا (٧)ی ئێوارە.
لە ٧ شا (٦) ڕەبیەمان بێت جۆڵ کردنی ڕاومان نان تاکوبۆتێ
هەڵەتن هێمێ خۆیان لەبەر هێزی (ب.م) نەگرێ.
زیانی دوژمن بەم جۆرەیە :-
(١) کوژراوی ٤ جاش و زیانی تریشیان هەیە
(٧) شکانی ١ سەپارەی جێبی قیادە
لەبەر هەڵەتن و خۆنەگرتن بەرامبەر بە (ب.م) کان
هێمێ دەست کەوتمان شەو جۆر جگەلە (٥) گوللە ئاربی جی
زیانی ئێمەش شەهید بوونی (١) (ب.م) قادەناوی حەمەحسێن
لە ئێ ٧٣ هەڵەبوو

٨٥/٩/٧١

لە ئێ ٨٥ بەرانبەری بۆهەموارکردن یەک
دوو هەفتە ڕۆژەی هاوبەش لە رۆژی ٨٥/٩/٩ لەسەعات ٤ی ئێوارە
بۆسەیەکیان ڕاسەرجادەی هەولێر-کۆیە نایەوە لەنزیك
گەرمێن نەزار. گەلە جاشێك کەوتنە ناو بۆسەکە کەیەك
هاتبوون لە، سەپارەی پڕلە جاش (ب.م) قادەکانی
لێی یان هاتنەدەستەوە لەشەڕێکی تێکەوبڕی دا توانیان
هەم زیانێکی بەدوژمن بگەیەنن وەدەستبەسەر هەم شتانەدا
بگرن زیانی مالی دوژمن:-
تیك شکانی (٣) سەپارە
زیانی گیانی دوژمن:- ٦ کوژراو جاش
ناوی ٤ یانی زانراوە ناوەکان
١- کەریم مقرید
٢- بەکر صابر محمد
٣- حاتم مەدین محمد
٤- ئەسعەد عەلی



بەدیل گرتنی (۷) جاش

۱- ئەیوب قادر
۲- بەهرام قادر
۳- میرزا موسی
٤- ئەحمەد موشیر جمیل
۵- موختار حمە ئیبراهیم
٦- تەها ئاغا ئەسعەر
۷- عوبید یونس ،

دەستەکەوتی

(۱) ۷ کلاشینکۆف
(۱) ۱ رەشاشی دیکتاریۆف
(۲) ۱ بەرەشوت .
(٤) ۱ سەیارەی لەندکروزەر
(۵) ۱ بیکابی شوفلیت

(پ.م) قارەمانکاتیشی سەرکەوتووبێ زیانی گەورە

۱۹۸۵/۹/۱۷

لەتە ۵۱- گەریلایەوە

ئێمە گەیشتینە لێکین کە ساڵە ساڵە کە واگیرکەران دەوڵەتی تواندەوەی ئێمەی بەهێزە، سەربازانی لەتاسەبەردی جیاوازیان دەکەن گمان دەکا- ئێمەی بچکۆلەی خاکپاکین لەگەڵ هێزە هاوارەمانی پەروەردگاردا بەرەو بەرەی ئاگری ئەمریکا بچووک خۆڕاوردەوە سنگ دەدەین بە قەڵغانی بۆڕیاسەتەکانی ئێشتمانی بۆ ئەوەی نەبینە کوێلەو بەسەر بەزمی ئاخاکی خۆمانی بژێین، ئەوەتا ئەو شەهیدانیشمان لەکەمینەوە لە دڵگیر کەران بۆیە لەئەوڵی مانگی ئەیلوڵەوە سەرلەبەیانی ۱۹۸۵/۹/۱۷ هێزێکی هاوبەشمان لەگەڵ ۵-ش ۵۱- گەریلایان لەسەرچاوەی دور- ئاوکرێ سەرمات ۷/۵- دەقیقەی بەیانی دووسەیارەی هێنۆ [illegible] کە بەرەو ئەوڕێیەی خوت جەعفەرسەیوورالمنسوور کەوتنە ڕێ و بۆیەکەم لەبەیان هاتنە دەستەوەی ۵-دەقیقە سەیارەکەی یەکەم هەڵتەقیندرا کۆڕاوەکەی ئەوەی کە بەرەو دڵگیرا سەیارەی تریشی بەتەواوی لێک ئاڵاندم لەبەرئەوەی کە بەردەوام ڕەبیەکانی ئەوتاقەتەیان نەبێ لەبەرامبەر واگیری زیانی زۆرتری دوژمن ۱۷ کوژراو کەوتە بەردەستمان لەیانەی خوارەوە

۱- عبدالأمیر ناجی
۲- قاسم حسن جاسم
۳- محمود جاسم
٤- قاسم حنظل
۵- [illegible]
٦- عبدالکاظم عبیدی
۷- عدنان [illegible]
۸- عبدالعزیز جبر



دیلەکان

۱- فرحان عبدالرەزە م- ۶۸
۲- طالب عبدالحسین نعمان
۳- حمید راظم جاسم
۴- یاسر محمدی عەلا

دەستکەوتەکان

۱- [۸] قەناسە [۶] مەبزەل
۲- [۷] ئارپیکەری [۶] مەبزەن
۳- [۱۱] کلاشنکوف [۷۷] مەبزەن
۴- ب-م-دکان لە بەرانبەر بێ زیان گەیشتوە

۱۹۸۵/۹/۷۱

لە ۵۱ - گەرمیان
لە ۱۲/۹/۱۹۸۵ هێزێکی جاشی ب-م-ع ۵۱ -
چونە ناو شاخی دوز لە بەرەی ۸- بۆ دۆڵی ۹- بۆ لەوای
جاشایەتی و هێزەکانی ئێران لەگەڵ چونە ۳۳ ماڵی جاش خەریکە
هاوکاری هێزەکانی بۆ دێگرا بە بێ ئەوەی هیچ بە دیل گرتنی جاشێک
بێ چەک بێ. سوتاندنی ۳ سەیارەیەکی جاشیگەر و هیچ جاشا
سوتاندنی ۲ ماڵی جاشەکان سەیارەی هەریەکەیان بۆ
کۆ نەکردنەوەی ماڵەکانیان بەجێ هێشتبوو.
ب-م-کان بێ زیان بوون

۱۹۸۵/۹/۷۱







١٩٨٥/٩/٢١

١٩٨٥/٩/٢١





له‌ رۆژی ۱۹۸۵/۱۰/۲ دەستەیەکی هاوبەش له‌ یەکەم‌ی ئیی ۹۱ـ
ت ۸۵ ـ له‌ سەر ڕێگای گشتی هەولێر ـ کۆیە که‌ ئەکەوێتە سەر سەفەرێ کۆیە بە
سەیتەک ـ یەکیان دانا له‌ سەعات ۲/۲۰ پاشنێ نیوەڕۆ و ـ له‌ هەمان کاتدا
جاشەکانی ناو دەبەی کانی سەرچاوەکە کە جاوبان بە یەکەم ـ دەوتێ دەستیان
کردن بە جوڵە کردن ڕەبابەکان و دەستەیەکی سێریش له‌ یەکەم ـ چونە ناو یەکێک
له‌ دەبابەکان و ـ له‌ ئەنجامدا له‌ سەعات ۲ ـ دا له‌ سەر یارە یەکی کۆیایان کەوتە
نێوسەکوو یەکەم ـ کانی دایانە بەر دەستڕێژی دەبەی جۆیان و ـ بۆهێزی
کۆڕەوی ۲ ـ جاش و ـ ناوی دوانیان زانراوە ـ بەم ناوانە
۱ـ خەلیل ئەمین ۲ ـ مستەفا حسێ
وە بە دیل گرتنی یەکێ جاش بە ناوی خدر پۆنس و ـ ئەم جاشانە سەربە
وەحدەی ۷۷۱۲ ـ
وە ـ له‌ سەعات ۵/۱ دا هێزێکی ترێ دوژمن بەرەو شارەکە هاتنە پێشێ
ئۆله‌ سەندنەوەیان کە پێشتر هاتبوون له‌ جادەی کانی کۆیە ـ وەکەم ـ کانی
زۆر بە توندی له‌ وانیشیان دا شەڕی ئۆتۆماتیکی ۷۲/ نیوی خایاند کەوتە
شار ـ تا سەعات ۶/۲۰ خایاند جاشەکان بەرەو کۆیە عەلاوێ زیانیان
هەربە بەلاڵم بەژمارە نەزانراوە دەستکەوتی
۱ـ ۲ ـ هاوار کلاشنکوف
۲ـ ۲ ـ دوو دەمانچە
۲ـ ۲۰ ـ بیستا مەگزەنی کلاشنکوف
۴ـ ۱ ـ یەکێ دوربین
۵ـ وەسوتاندنی ۲ ـ سەیارە خۆشەکان بەڵێ زیانێن

ماوەیەکە ڕۆژیم دیسان ۱۹۸۵/۱۰/۲۰ کردوە بە هەڕەشەوگورەشە له‌ سەر شاری سۆران ـ زۆرەی توڤاندنی گوندەکانی
ناوچەکە بۆیە هێزێکی له‌ یەکەم ـ کانی تیپی ۱۵ی هەورامان بە پێی ئۆتۆمبێل هێنا بە سەر
هەڕەشەوگورەشەی فشۆڵی دوژمن ، بەڵێ بۆیان نەدەی بۆ بنارەوشارەزوور
بەڵکو بۆ گورەپانی تەختە جادەی ڕێگەی هەولێر ـ هەرچی هێزی ئەم ناوەیان بوو
خستبوە گەڕو ڕێگەی گێڕاوەتەوە ، له‌ شارەزووری ژوروو و ـ دەقەڵاوەتەختەشکێ
زەحمەتو ناسمانی هێنا قۆڵی چەپی له‌ لای کانی یاڵکە ۸ ـ دەبابەو ۱۰ ـ زرێپۆش
۲/ جیپ قیادە قۆڵی دووەم له‌ سەیروانەوە بەرەو ناوگردانەکە هێرشیان له‌ سەر دەبابە
۱۳/ زرێپۆش و ۵ ـ جیپی قیادە بە سەر هێرشە ئاسمانی هێزی ئاسمانی تێرێتبو له‌
۷ ـ کۆپتەری جەنگی و ۷ ـ کۆپتەری باری دوژمن کەسەرئۆڵی نەبوانی زیاتر
نیزیک بێتەوە ، بەڵێ سەربازان هەرچەندە یەکەم ـ کانی له‌ سەر ڕێگایان و











دەستکەوتی
۱- یەکێتی دیمۆکراتی کوردستان
۲- = کۆماری عێراق
۳- دوو شەڕی خوێناوی یەکەم
۴- ۷۰- گوللەباران
۵- ۸- گوللەی هاوە
۶- لۆگۆل کۆمەڵێ داو دەرمان کە لاوەکی سەربازی
زیانی گیانی شەهید بوونی ا- پ-م- بەناوی ستار توفیق
۱۹۸۰/۱۲/۲۶

لە ۴۲- ئاسۆیا هەفتەنامەی گەلی کوردستان ۴۲ - لە ڕۆژی ۱۵/۱۲/۱۹۸۰
چونکە ناو سیاسەتی دوکان دەستیانکرد بەگران بە دوای جاشدا خۆفرۆشاندا
بەڵام جاشەکان کە کۆستیان کرد وەک پێشتر هەمیشەی
ڕایانکرد دەستکەوتی ۷- کۆماڵێ لۆگۆل لە ۱۰ هەڵگرتن
۱۹۸۰/۱۲/۲۶

لە ۵۷- سەرهەڵدانی
لە ڕۆژی ۱۹۸۰/۱۲/۱۶ دەستەیەکی لەپ-م-ک-۵۷-
چونکە بەرەی جاشەکی سەنگاوی هیچ مالی بۆسەکیان دانا
لە ئەنجامدا هێزێکی دوژمن کەوتنە بۆسەکەوە پ-م-کان یەکی یان دانا و
ڕایانکرد بەرەو ڕێگای باسەرە و هێزێکی تری دوژمن لە سەنگاوەوە
هاتن بەرەو هێزەکە بەزیوەکە یانەوە دەستەیەکی لەپ-م-کان یان دان و
ڕایانکرد و لە لایەکی قەڵاچوخەسا پ-م-کان نەیانهێشت دوژمن
لە هیچ هاڵەوە بچوڵێ بەرەو سەنگاو کۆیەکانی ڕزگیم کەوتنە بەردەوام
کردنی گوندەکانی نێو چاجاو دەوروبەری زیانی دوژمن
۱- بریندار بوونی دوجاشی ۱- سەربان
۲- نیوەی شکاندنی دووسەربان ۲- بەدیلگرتنی دوجاش
ناوەکان ابراهیم مصطفی و محمد طاهیر دەستکەوتی ۱- کۆی ۱- سەربان
۳- بەدیلگرتن دووجا پێشەڕگەکانیشی زیان بوون
لە ۲۱- سلێمانی لە ڕۆژی ۱۹۸۵/۱۲/۲۲ هەینی ناوشاری
سلێمانی لە ئەنجامدا ئەفسەر و خۆڕزگارکەران بەدیلگرت
۱- شەفیق غەریب، جاشی ۲-۶۵- سەربەفرەوجا ۶۹- سوار
۲- عوسمان حەمەرەشید ۲-۷۲- = = = = =
۳- سەردار جاشەوالی = = = = = =
پێشەڕگەکانیش بەشێکیان زیان بوون (۱۹۸۰/۱۲/۱۶)





لە ۴ - ۵ -
لە رۆژی ۵ - ۱ - ۸۶ لەکات ژمێری ۲ - بەیانی هێزێکی گەورەی
دوژمنی هێرشیان هێنایە سەر ناوچەکەمان کەبریتیبوون لە
[۵۴] - نەوەدو سوێ ۴ - ڕەتڵە دەبابە وە هەندێ ئاشیلەو
۱۰ - کۆپتەرو ۴ - تەیارەی بیلاتۆس وە سەرجەمیان ئاشیلەی
جەنگی و سێ کەتیبەی مشەخێی وەکو مەفارەس خاسەکانی
جاش لەگەردوستان وە هێزێکی زۆر لەسوغاوبەرو مەشاد لەم قۆڵانەو
هێرشیان هێنا
۱ - لە کۆنەوە بۆ سەری باواجی و ئێستا پێی دەڵێن کۆڕەکە
۲ - لە هێزۆپەوە بۆ کامووسکێ و گەلیجەلیو
۳ - لە هیرانەوە بۆ نازەنین و کامووسکێ و شاخی ئاوەگردو
قوڕەگەورەتان
۴ - لە دەربەندەوە بۆ سوسنادشاخی بەنەباوی
۵ - لە دێگەلەوە بۆ عەلیاوا و قۆڕتەلاسوکانی بچ ۱۰
هێرشەکەیان کرد لەکات ژمێر ۴ - بەیانی رۆژی ۵/۱/۸۶
تاکو ۸ - ۱ - ۸۶
دوژمنەکە بەو چەکانەی بەرلەوەوە بێتە ناوچەکەوە گوندەکانی
ناوچەکە بەڵام نەیانتوانی هێرشەکان بگرن هەرچەندە
بەرەی هێرشەکە زۆر فراوان بوو زیاتی ئانزاوی دوژمن تا
ئێستا زیاتر لە ۸۰ - جاشی هەرکی سوری گۆیانی
هێزەکانی کۆژراوە ۱۰ وە بەرپێدا کردنی زیاتر لە ۱۵۰ جاشی
لە رۆژی ۷ - ۱ - ۸۶ هێزێکی ۹۹ - تی ۱۲ - توانیان
کۆنترۆڵی جادەی کۆیەو هەولێر بکەن لە بەرەکانی ۹ - تا ۱۲
چەند سەربازێکیان کەوتنە ناو لەناوچاندا بوو هۆی کۆژرانی
۱۰ - جاشی وگیرانی ۳ - جاشی دەستکەوتی یەکی
۴ - سەربازێکیان لەهەولەکاندا شەهید بوون
۵ - پێشمەرگە ناوبەکان
۱ - کاکە جەمال سکتانی فەرماندەی کەتی ۲ - تی سەفین
۲ - کاکە کاوە قادر ب - م - تی مەلبەند
۳ - کاکە دڵشاد والیە ب - م - تی - بەرانتی
۴ - " حەمەحسەنی ب - م - ت ۹۹
۵ - کاکە فاغیر " لەمەکتەبی ڕێکخستنی شۆڕشگێڕان
وە بەرپێدا بوون ۱۰ - ب - م ۰



1986/1/9





لە ٹ ١٩ - کۆبەکی لەسەوی ١-١-١٩٨٦ بە بۆنەی ساڵی تازەوە دەستپێکی لە پ-م-کانی تازاو جەژنەکانی ٦٩-کۆبکەی توانیان بخزینە ناوشاری رەواندوزی توانیان هیشتیکی کوردەوار بکەنەوە، ڕەبیعە سەبەینی خانەخۆی شەوەکی وێژدان فرەوەکانی دەستبکەنەوە تەقەکەن توانیان دەستبەسەر ڕەبیعەکی دایکیان بەهاوڕێ ٥ - دەقیقە شەوەکی ٦ بیدایۆ هەویان گرتن بەم ناوانە

١- باسیل ئیسحاق حاب موالید ٤٥ - ڕۆمانیە مەلەلیین
٢- مجهید عابد خلف = ٤٢ - = مەلەلیین
٣- مهدی عباد نصیر = = - = هیساتوبیا
٤- شریفا موخلیص فایبام - ٤٩ - = ڕەنگور
٥- عبدالله محمود احمد م - ٤٢ - =
دەستگیرکران

١- قەناسە ٥- کلاشنکوف و ١٩ - مەخزەن
ب-م-کانی بیزیان گەرانەوە

١٩٨٩-١-٩

لە ٹ ٥٧ - لەسەعات ٨/٢٠ - ڕۆژی ١٩٨٦/١/٥
هێرێکی لە پ-م-ق-کانی ٹ ٥٧ - لەسەر جادەی سەرنگاوە بەرەو ماڵ بۆسەکیانە بۆدوژمن دانا.
ئۆتومبێلێکی جاشەکانی تێکەوت و ئاگربارانکران و بۆیە تەقەلەهەوڵایەکی و ڕەبیعەکانیان ئەکرد ڕووەو کۆلانەکانیان زیانی دوژمن

١- کوژراوی ٢- جاشەکەی ناوی ٣- زانراوە
١- ئەحمەد حاجی سلیمان
٢- ابراهیم ئەحمەد
٣- جزا

وەبرینداربوون ٦- جاشی کەیەکێکیان لەنەخۆشخانەی فرەوە
~~وەبرینداربوون~~ لەم ئیستەی ڕایسن منطقەی سەرنگاو
وەبەدیل گرتنی عربیەی موهرق ناوچەکە جەرجیز وەژمارە ٧٨٢٨ مۆدێل بنهاز
٢ عباس عانی علی ٨٩٢٨٥٥ بغداد بیاع
دەستگیرکران ٤ هەزار خێزانەکەی بردنی ٥٠٠/ بەرەو خێزانەکەی
کلاشنکوف و ١- قەمەری سۆڤیەتی خۆیان سەرەکەوتنی
بۆ زیان ١٩٨٦/١/١٩



لە ت ۵۱- لە ژمارە ۷-۱-۹۸۶ پ-م-ق-ت-۵۱-
بڕیار بە گیان لەسەر جادەی کفری دوز دانا [illegible]
قەرەبەی کاڵبوونەوەی کەرەستەکان کە بوو بە هۆی کە پ-م-ی یان داقەرە- کە وەک لە
سوتاوەکە ئەفسەری ئیدارە کوردان و- لە هەمان کاتدا ئاماژە بە
تەعریبەکان لە کە هاوڕێیان دابون تەقەیان لە پ-م-ناکرد بڕیاری ۵٪
دەقیقە لەوانیش یان دا پ-م-ن بۆ نەگیرابون .
لە ت-۵۱- لە ژمارە ۶ ار دەستەیەکی لە پ م-۵۱-
لەسەر نەخشەی کادیاری کراو هۆنە ناوشاری دوز بە ئیازی گرتنی جاشاو
هەڵکەی تاوانبار بڕیار لە پشکنینی حالە کاندا سەر دەستی پێکرد
شارەبەتەواوی کە بۆتە دەستی پ-م-کان دوژمن نەیتوانی لێی
شوێنەکانی بجوڵێ وئەم جاشانەی بە دیل گیران ١- عرفان بەکرئ دە
٢- ئازاد سلیمانموسا فەوجی ٦٥ عائیدی متوبەی ئاغا
٣- محمود حسین حاجیاجی فەوجی ٦٥- ٣- براکەی جاشە
٤- واحید موحەمە = =
٥- عبدالله ئەمین = =
و- لە هەمان ڕێگەدا دەستەیەکی تری پ-م- تاڵە- چونە
ناوگوندی قەڵەنان لەوێ تاوانبارانەیان دەستگیر کردن
١- حەمەکەریم بەڕێ- ٧- هەغزەن
٢- هەیاس ئەحمەد بەڕێ- ٧- هەغزەن
٣- عادل حسین عەبدوڵڵا فەوجی سوتاو
٤- سوڵتان دەعزی = = =
٥- ئەکرەم جبار = = =
دە ستگەوت -٢- ڕێ -١٩- هەغزەن
لە ت ٢١- سلیمانی هێزێکی لە پ-م-٢١٥- چونە ناوشاری سلیمانی
لە ژمارە ٧/٨-١-٨٦- کە وتنەگەڕان بە شوێن خۆفرۆشانداکە لەگەڵ کێ
ئازادەکاو ٥ دانەیەکیان لەئۆفامدا
ئەم جاشانەی دەستگیرکران
١- سەلاح- علی مصطفی ئاغا
٢- هەدە عبدالله موسا
٣- ڕەشید فاخر نیز محمد
٤- قادر حاجی کەریم
٥- سوبحانەی مالی ئەم جاشانە ١- مالی سالار والی ڕەزا
٦- بەکر محمود عبدالرحمن ←







لە تێ ٩٢ – کۆپیە
لەڕۆژی ١٦/١/١٩٨٦ دەستەیەکی لە پ-م-کانی ٩٢
کۆپیە هەستیان بە کێشەی جادەی گشتی هەولێر کۆیە
دانا لەکاتی بڕیار ٧٢ پاسێ نیشتەوە و لە ئەنجامدا چەند بەپارێزەیەکی
کیان بڕاگرتن دوای پشکنینی زەلامێکی دەستگیر کرا
بە ناوی فیصل عالیکی صادق بە بەڵگەی دەعابی و سەپارەیەکی
موبیل ٨٥ ضرکی جیلی رەنگ هەڵگری ژمارەی ٥٥٥١١٨٦/ژمارەی ٣٦
لیوا/٩ پ-م- بۆ زیاتر گرانەوە
١٩٨٦/١/٢١

لە تێ ٥٧ / ٥١ /
لەشەوی ١٦/١٧/١٩٨٦/ دەستەیەکی لە پ-م-ق-ت
٥٧ / تێ ٥١ – چونە ناو شارەکە بە نیگاو پاسێ گەیان بە دوای
پیاوە-کانی ڕژێم چونە ناو خستەخانەی بە نیگاو دەستیان گرت
بە سەر داو دەعانەکەی لە بیگای هاتنە دەرەوە دەیان داتوبێ
کە ئەمیش جاشە خۆفرۆشە کانی بوون دوای شەڕێکی چەند دەقیقە
پ-م-ق کۆرتی ٤- تێ ٥١ دە-عانەی هەڵهاتوو تەعان حاجی محمد
ڕشتیان کرا گەڕانەوە بۆ عەتان قەیتوڵی
١٩٨٦/١/٢١

لە تۆلەی دەستگیرکردنی کۆپیەی کۆنگرەی ژێم بە سەر خزمێکی ناوچەی شوان،
شێخ بزەیەی- ق-ت ٧١ – لەڕۆژی ١٥/١/٨٦/ کاتژمێر
٣/ پاسێ نیشتەوە- بۆسەیەکی ڕیگەی پێکیان دانا لە سەر جادەی لێشێوەوە
لێشێوان ڕیدار تەقەتەق. قافلەیەکی سەربازی کەیان هاتوو
لە ٧٠ / سەپارە / ٤ – دەبابە کەوتنە بۆسەکە ق-ت- ئاگربازانیان
کردنی لێشێوەسوریان لێ کردن بەگوێی خۆیانی
١- آ- تیکی دەشکاندنی ١- دەبابە
ب- = = ١- ئۆتۆمبێلی نەقالی دەبابە
ج- = = ١- لیفتا
٢- کۆژراوی زیاتر لە ٢٠ کەس کە ناوی هەندێکیان زانراوە و- لە
کۆژراوەکان ١- نەقیبا و ١- ملازم شەوەل
ئەوەش ناوی هەندێکیانە
١- عریفی ئالی موطوع مەحمود کریم خۆشید
٢- نائیبی عریفی صباح عبدالله
٣- ج ٢٠ – ئیرشادی عاجیل کری



٤- ج-م- سالح البنة
٥- ج-م لطيف جصادى م-٥٥- بغداد
٦- عزيز حاج محمود جاش خلكى توركى شيخ بزينى
٧- ج-م- عباس على اكبر م-٥٦- ك
٨- = = رضا يوسف موصل
ج- بە دیل گرتن ١٦- كەس ٥- ئازادكران لە- سەختی بریندار

دەستكەوت ٤- ك ١- جیام قیادە
ب-م- سەركەوتنەو بیزیان بە دیل و دەستكەوت گرانەوە

١٩٨٦/١/٢١

لە ١٧- سۆران لە ١٩/١/٨٦
شیرزاد صیزیلكی لە ب-م- ق- ت ١٧- سۆران چونە ناو شاری رەواندز
لە ٢/١٧ تا ٤/١٧ بەرەبەیانی رۆژی دووشەممە
دیفاعی كاوەی سەرۆكی ئەنجومەنی شاری رەواندز خۆی و ٣٠ كەس پلنگی تا ٥ ئیوارە
شەریكی سەخت دەستی پێكرد بەم شێوەی خوارەوە
لە ٢ی بەكەم
دانیشتنی سەركۆماری بالخانەی كاكەوەیس و ئەنجامەكانی كۆنگرە لەبارەی بڕگەی ٢ی گرتنی دیل
كۆماری گرتنی دیل بۆ ناوبژیوانی دەرەكی ٥- لەگەل یەكەم بەرامبەر ٣- جاش
هۆیان رانەگرتنی شۆپشی كوردی بۆ قۆناغی قایم و بەگرتنی هاوكاری دژبەیان دەستی
كەوتی زۆر لە شۆڕشەكانی كە بریتیبوو لە واوكاری جەماوەری چەكی و شۆڕشی
گەیشتە ٧٠- بارچەكی و خیشكی زۆر لە بەرتاریكی شوێنەكەوە دوری
ریگایەكە بۆ گواستنەوە ٥ مۆتەقینایەوە- زیانی گیانی دوژمن
ئەكونەی ٦-
١- حسن ابراهیم ٢- عساخدر ٣- فتاح قادر فتاح
٤- زیاد سعدی حمە أمین ٥- شیخ محمد محمد أمین
ب- لە دیل بەدیل كردنی دوو جاش ١- حمە محمود شێخێ ٢- عبد اللە گاكرەیی
٣- ٥ جاش بەدیل كردنی ٨ جاش
قۆناغی ٣- دوەم شوێنی بنكەی خانەقا لە چوار دەقیقەیەكی كەم دا قۆناغی
لە بەر ٥ هێلەكۆپتەر بۆمبی ٢٠٠ كیلۆیی و كۆلیتەكان قەلەفرۆكان و ئەنتینان
زیانی دوژمنی بەم شێوەیە بو



١٠- كۆران نامە قاطیق بە ناوی بكر ئیش بە پور
موالت ٤٠ - دیوانیك
١- محمد فەرمان علوان
٢- محمدی عابد خلق ج -
٣- زیاد محمد ناسر
٥ مسئلە وت
١- گرتنی ١- ئاریی ج ١١ -
٢- ٣ - ك
٢ - ١ - پەرەشوف
زیانی نیحەش شهید بوون جا-ج-عابد ناوی مصطفی
حسن كە فەرماندە ماوەی فرە زە بولگە ئیزا ١- ئاس ١
لە گەل بریتە را بوتی ٢- پ رم - ق كە خوش بە خدا
بریتە طایا خوش محمد عبدالله بۆ فاك حسن
١٩٨٦/١/٢١
































چالاکیەکانی
لە سالی ۱۹۸۷
بۆ سالی ۱۹۸۸













٢- ٢- گوللەی هاوەڵێ ٦٠- هلم
٤- ٢- ئیفا
٥- ١- تۆپێکی ب ١- سوپەر هێز قەرەنامەی سەرچنار
ناوی دێڵە گانا +

١- جبار عبدالقادر فەرە
٢- محمد بنم محمد
٣- فەرهاد کاکەحسین

١٩٨٧/٢/١٠

لە ٦-٢-١٩٨٧ کەوتە شەهید دوکتۆر کاوە ژگرل
هەڤدۆزەیی کە ٢٢ چونکو سەرچاوەی هەڵگرتن چۆ سەر یەکێتی دانایەوە
جاشێکی ئاوانیار کردبۆ سەرکردە بە ناوی محمد حەمە باپیر هێزێکی ناردبۆ
کە دەستی هەبووە لە شەهید کردنی پارتی سلێمانی ناوزەی

١٩٨٧/٢/١١

لە رۆژی ١٦ ر ٢ ر ٨٧ لە کاتژمێری ١٥ ر سەرلەبەیانی هێزێکی نەقدی جاشی کۆمەڵەی ٠/١ هەر
سەیارە ٤ کۆپتەرەو ٢ ر پیلۆتەوە بەلامارێ دێهاتەکانی چەمچەماڵ و تۆتکەی گاڤایان دا
لە ناوچەی داودە هێزێکی پشتگیری دەستەیەکی لە ٢-م-ت ٥١ - لەیان هاتنە
دەستەوە سەرجەم هەتا کاتژمێری ٢ ر پاشنیوەڕۆی خایاند لە بنەڕەتدا جاشەکان و کۆپتەرەکان
هەوڵیان بۆ ڕەخساندنی ناوچەیەکی ئازاد لە بەرهەڵدێی دژکێوی و کۆپتەرەکان کەلاکی جاشەکانیان
بار دەکرد بەڵام ئەمەیان نەئەنجامدا لە لێپەڕینەوە بۆ سۆڤیەت بەرپرسێکی پارتی
١٩٨٧/٢/١٩

دوو هاوەڵی پێشمەرگەی کۆمەڵەی ١٥ر هەورامان
لەم دوو هاوەڵانە دوو چەکی ڕزگاریان هێناوە، لە رۆژی ٦ ر ٢ ر ٨٧ سەعات ٧ پاشنیوەڕۆ
چۆ سەر یەکێتی دانایەر بە (بە تۆپیاخانەی هەڵەبجە) سەیارەیەکی لۆنگڕۆڤەر کەوتە بەر
دایانە بەر دەستێژی گوللە چۆڕی کۆڕانی سەعید عبدالله خاسە ئامرەفڕۆژ خاسەر
بە منظەری خاسە پێویستی بە ئەمن کرکوکەوە هەبوو. جاشێکیش برینداربوو،
لە ٢-١٢-٩٨٧ پێویستی کرد بە ت ١٥ر هەورامان
١٩٨٧/٢/٨٩





بەڕێز ٧/٢/١٩٨٧

لەتەلەی شەهید (لەتیف بایز) و هاوسەنگەرەکانیان لەجەژنی قوربانی و کاولکردنی دێهاتەکانیان.

لە ساعات ٢٢/٧ تا ٢٣/٧/١٩٨٧ لە قوتابخانەی شۆڕش بۆ قوربانی کەتیوشای پێشڕەو ئێمە ئامادەیی پێشگیری ناوچەکە قوربانی ئەم بنکانەیان کرد لە هەموو شارەزا بەڕێزان داوا دەکەین

١- بنکەکانی بەرەی فیلەق ٥ / لەقەزای خورماتو

٢- = لیوای ٢٣ / هەورێ بنکەی بەرەکانی لەقەزای خورماتو

٣- عادیەی بەڕێز

٤- دایرەی ئەمن و ئەنتزامی قاشیەکان لەبەڕێز

٥- تەویلەی جاشەکانی =

٦- مەقەری هەوجی نسپیلکەی وەرەبێلانی دەوروبەری

گوللەکەیان بەجاکی مشوخەی بەرپەستەکانیان کەپیکا دوژمن زیانگیانی و مالی زۆری هەیە کە تائێستا بژمارە نەزانراوەکەی وەک شایەتی ئاسەپ ئاسکراوە دیارە هاوڕێ ب-م- دیارە کە هەرچی پیاوە خراپ و چلکاو خۆڕی بەعسی لەسەیارەکانیانەوە بەرەو دەورووبەری شار رایانداوە کە ٥٠ بەرد دەوام گوللەی سەیارەی ئاگرکۆژێنەوە خۆرئاوای گواستنەوەی بریندار و کۆژراو کۆژێنەوەی ئاگرکان بوون

٩٨٧/٢/١٩

بەڕێز ٧/٢/١٩٨٧

دەستەیەکی لەب-م- کە ٧/٢ کەوتە ٨- شەیدان و بنکەی تیپاو هێزی پێشگیری ناوچەکە لەڕۆژی ١١/٢/٨٧ / دوای بەیانی دووەمجار بەرەو ژاوەژاوی سەرگۆڕی سالمی و دەوروبەری قوڵەی شێخ ناسر لکات ٣ی ١١/پێش نیوەڕۆ لەگەڵ تاوەدا توانیان دوو شکایەی ١٢/٩ نیو بگرن لەگوڵ ٢٢٦٧ / فیسەڵی هاوکات لکاتی ڕاگواستنی دوو شکا بندوقەی ڕێکی یاباڵی ژمارە ٢٠٧ / خۆرئاوای دێگەی بەیەکانبوو ب-م- خۆیان لەبۆسەنا ٣ی تاڵی یان نزیکی بۆیەوە لکات ٣ی ١١/پاش نیوەڕۆ دوشیان فرێدایە خوارەوە هەروەها بۆ هاوڕێ ب-م- هاوڕێ ب-م- ئاماژەیان کرد بۆ هەڵاتن لێستاشەوە هەڵدێن هەروەها لکات ٣ی ١١/پاش نیوەڕۆ توانیان دوو هەرجەبانەی گوڕەبەتە خێزانەوە

وە توانیان ٢٢٦٧ / فیسەڵی ڕوسی و ٢٠ / گوللەی ئاربەجی و ٥٠ / ڕۆمانە لەگوڵ خۆیان بهێنن وە سەیارەکەی گوڵ خۆبهێنن

١٩٨٧/٢/١٩



ڕێنمایی دانگیرکەر لە دوای لێدانی بیرە نەوتەکانی شاری کەرکوک لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانی دژە ستکردنی حیزبی ئامێنی بەیاری خودی ئامێز دام - دەستی ناڕەحەتە ناوەندەکانی کەرکوک و هەولێر میان سەر جادەی کەرکوک / هەولێر

لە ژمارە ۷۶/۷۸ / ۱۹۸۷/۷ دەستەیەکی هاوپەیمانی لە ۲۱/۷ کەرتی سالمی و دەکەری نیوەی سوور لە ۷۵/۱ سەعات ۹/۱۵ شەو هێرشیان کردە سەر گردی شۆرەی کە دەکەوێتە ناوچیزامەکانی کەرکوک و دەکەوێتە ناوچەرگەی چەندین رێگا بایەکانی سەر جادەی گشتی هەولێر کەرکوک لەماوەی ۵/۱۵ دەقیقە دا دەستیان بە سەر ڕەبیەکەدا گرت لە بنکەدا بوو

۱- خاپور کردنی ڕەبیەکە

۲- کۆتایی ۶- جاسم آ- نعیم شەلاڵ ب- سەید هاشم عەلی جەلیلیان کەریم
د/ علی خاڵی حاشم هەڵە عائید داود و- ئەحمەد کەریم

۲- دە دەستکەوتەکان

یەکێک R 4 ژمارە ۷/ لە گۆڵ ۱۵/ گوللە
سێ گوللە شکێنەر ۱۲- شانە
دە دانە نارنجۆکی
یەک تەلەفۆن

۱۹۸۷/۳/۱۹

لە ۵۱-۵۲-
لە ۱۹۸۷/۲/۷
لەسەر جادەی کەلار تیلەکۆ لە دوری ۵۰۰ مەتر لە ناحیەی تیلەکۆ وە خۆیان لە بڕەسەنا لە سەعات ۷/۱۵ پێش نیوەڕۆ تاقافلەیەکی سەربازی کوتە سڕەسەکەوە، هەر لەگەڵ یەکەم دەستڕێژدا ۷- فیقا شکا هەموو سەر نشینەکانی کۆڕان و بەرپرسیاری بوون زیانی دوژمن ۲۵/ کۆڕاو لەبەر سەختی شوێنەکەوە نزیکی لە ڕەبیەکانەوە، نەتوانرا دەستبەسەر دەستکەوتەکانیدا بگرێت لەماڵەکانیدا دەستەیەکی تر لە ۲۰- قۆڵەبارەی خستە سەر یەکی ناحیەو هەرکەزی شورطەی هەرکەزی ناحیەی ڕەبیەکانی تیلەکۆ یان کرد گوللە توپەکانیان بەرەو شوێنەکانیان ئاڕاستە کرابوو زیانی دوژمن نزیکەی لە ۴۰ کۆڕاو

۱۹۸۷/۲/۱۹



لە تەلاری شەهید (لەتیف بایز) و هاوسەنگەرەکانیاو لەجەلای تۆپبارانی و کاولکردنی دێهاتەکانیان.

لە ساعات ٩ی بەیانی ١٩٨٧/٢/٢٢ تا ساعات ٤ی ئێوارەی ئەو رۆژە، تۆپخانەی شۆرشی بە تۆپەکانیەوە شاخی پاپێشتی بۆمباران کرد. هێزی پێشڕەوی ناوچەکە تۆپبارانەکەیان بێکاریان کرد لە هەردوو شاخی پەواندۆز دیالە.

١- بێنگلی کاک عەزیز خەیلانی ٥ کەسی لەقەزای حەدیقە

٢- = لیوای ٧٤ هەوبێنگلی هەرسکەپەکانی لەقەزای حەدیقە

٣- عادیلەی پەواندۆز

٤- دایرەی ئەمن و منتظم فاشیەکان لەپەواندۆز

٥- تەویلەی جاشەکانی =

٦- مەقەری هەوجی سپیلک وەرەبیلکانی دەوروبەری

گوللە تۆپەکان بەجۆرێکی مۆنیە هەربەستە کانیان ئەپیکا دوژمن زیانێکی وەهای نەدیوە کە تائێستا بڕیارەکەی نەزانراوە تەنیا وەک شایەتی ئاسەوار بۆ ئاگاداری هاوڕێیان.

ب-م- دیارە کە هەرچی پیاو خراپ و چلکاو خۆرئاوا بەعەسکەری هەیە لەسەیارەکانیانەوە هەرەوەزی دەورووبەری شاریان داپۆشیوە. ٥٠ بەرد دەوام لێیان دەباری و سەیارەی ئاگرکۆژێنەوە خەریکی گواستنەوەی بریندارەکۆژاوەکانیان بوون.

١٩٨٧/٢/٢٩

لە ٧٤/بارەگا

دەستەیەکی لەب-م- تا ٧٤/ کەرتی سەرجەیان و بێنگلی تێپا و هێزی پێشڕەوی ناوچەکە لەرۆژی ٨٧/٢/١١ دوای بەیەکەوە چوونی دوو هەڵمەتی بەرزایەکەی سەگوڕی تاڵی و دەوروبەری قوڕقی شێخ ناسر لگاتە ئەو ١١/پێنج نیوەرۆ لەیەکەم تاوداتواندیان دوشکایەتی ١٢/٩ تیۆپگرەی لۆگل ٢٧٦٧/ فیسەکی هاوکاتە لگەڵ راگواستنی دوشکا بندوقەی ریکی یابانی ژمارە ٢٠٠٧/ خۆرئیگای ریبەرەکانیان بوو.

ب-م- خۆیان لبۆسەنا هەتاوەکیان نزیکی بۆیەوە لگاتەئەو ئاسایشی نیوەرۆ ئەوشیانی خەریکی خواردنەوە هەبوون بۆ هەڵام بەدەنگەوە جاشەکانیان هەتاچێکی تریان قەرزکردبو هەڵاتن لیستاشی هەردێنێ هەروەها لەگاتەئەو ١- باشی نیوەرۆ تواندیان دوو هەڵمەتی گەورە بکەنە سەرجەیان و تواندیان ٢٤٢/ فیسەکی رووسی و ١٠/ گوللەی ئاسمانبڕ و ٥٠/ مانەی لۆگل لەوێیان بهێنن و سەیارەکەی لۆگل لەبێنن.

١٩٨٧/٢/٢٩



رژیمی داگیرکەر لە دوای لێدانی بێوە نەوتە گانی ستاری کرکوک لایەنی هەرێمی هەستا بە دروستکردنی چیزامی ئەمنی بە نیازی هێنانی ئەو ستی ئاڵاتە ناوچەگانی کرکوک و هەولێر میان سەر جادەی کرکوک / هەولێر

لە ۱۹۸۷/۷/۲۷ دەستەیەکی هاوبەشی لە ۱۲۱ کەرتی سالەیی و دەکەری ئێوە سوپا ت ۷۵/ لە سعات ۹/۱ شەو هێرشیان کردە سەر گردی شۆرەی کە دەکەوێتە ناوچەی ئاوچیزامەکانی کوکوک و دەکەوێتە ناوچەرگەی چەندێنیا رەشایەکانی لە سەر جادەی گشتی هەولێر کوکوک لەماوەی ۵/ دەقیقە دا دەستیان بە سەر رەبیەکە دا گرت لە ئەنجامدا بۆ هەوێ

۱- خاپور کردنی رەبیەکە

۲- کەژاڵی ۶- جاسم آ- نعیم شەڵاڵ ب- سەید هاشم عەبد ج سلیمان کەریم
د/ علی فاضل حاشم هـ عائید داود و- ئیبراهیم کەریم

۲- دە دەستکەوتەکان

یەکێ R 4 ژمارە ۷/ لە گەڵ ۱۵/ گوللە
سێ گوللەشکێنی ۱۲- شانە
دە دانە نارنجۆکی
یەکێ تەلەفۆن

۱۹۸۷/۳/۱۹

لە ت ۵۱- ۵۲-
لە ۱۹۸۷/۲/۷ ۲/

لە سەر جادەی کە لار تیلەکۆ لە دوری ۵۰۰- مەتر لە ناحیەی تیلەکۆ وە خوارێن لەبەر سەما لە سعات ۷/۱۵ پێش نیوەڕۆ تاقمێکی سەر بازی کۆنەپەرەست کەوتە پەڕینەوە، هەر لەوێ یەکەم دەستەیەکی ۷- کەسی شکا هەموو سەر نشینەکانی کۆپتەران و بەرپرسیاری بۆن نیازی دوژمن ۲۵/ کۆپتەر لەبەر سەختی شوێنەکە نزیکی لە رەبیەکانەوە، نەتوانرا دەستبەسەر دەستکەوتەکانا دابگیرێ لەماتکانا دەستەیەکی تر لە پاش ۴- خولەک بازی خستە سەر ناحیەی و هەرکەزی شۆرەطی هەرکەزی ناحیەی و رەبیەکانی تیلەکۆ یان کرد گوللە توپەکانیان چاکی شوێنەکە بەتەنیا کانیاوەکە پێکا نیازی دوژمن زیاتر لە ۴۰ کۆپتەر

۱۹۸۷/۲/۱۹



هێزیکی هاوبەش لە پ-م - ت ١٠ - ٩٢ - ١٩ - ٩٩ - ت م-٢
هێرشێکی کوتوپڕیان کردە سەر گوندی گرجان و ٥ - ڕەبیعی
لەسەعات ١١ - سەو لە ناو گوندەکەو دەوروپشتی دامەزرا تا ١١/٣٠ سەو
لەو ماوەیدا هەموو ڕەبیعیەکان گیرانەوە سوتێنران و هەموو جاشەکانی سوتێنرانی
لە گوندی گرجان هێزێکی دوژمن ١١/٢٠ سەو لە مەقەرەی چوارقورنەوە بۆ غریبان
جاشەکانی هاتن بۆلام کە دوێنێ ناوکەمیان پێکەما پ-م- لەچاوچرۆکانیکدا ئەیان دیاو
ئیدارەکران و هەموو هاوار هێزێکی تر بە دە بابەو ناقیلە و چەندین سەیارەی تەسکەری
هاتن بۆهاناو هەر سێ تانێکیش کە دێنە ژێر ڕەحمی تۆپ و تەقەو تووناکران
و هەموو هاوار هێزێکی تری دوژمن لە قەرەنیاغاوکانی هاران بە هاناوە جاشەکانی گرجان هاتن
لە دانیشی کە دێنە کەمێ خولی دووەم هەر هەمویان ئیدارەکران و تەقەو تونا کران
لەبەری ئەبینە وە تۆپخانەی سۆڤیەتی لە ساعات ١١ - تاکو ١٢/٢٠ بەجۆرێک هەسکەری
هێزو بارووتخانەکەیان کوتا گولە تۆپەکان نزیک بە جێگای هەردوکیان دەپێکاوزەرەوە
زیاتریکی نزیکیان لەدوژمن دا زیانی گیانی دوژمن زیاتر لە ١٠٠ کوژراو هەمو جگە
لەبرینداربوون لەماوەی دوانیوان تەقەسەر بوون بەردەوام ئەمید دەکرێن کە یەکێکیان قاپکەری قەرەقۆی
١٢/١ چوارقورنە بوون ١- ڕێبوار عەرفا هەرهەژار سەر ڕەشید م-٥٥ -
٢ - عەرسی قاسم خەضیر هاکو م ٦١ سەقم وەدەدە ٥٠٢٠
٣ - ع-پ-١٠٠ عەرسی ئیلیاس ٦٢ = = = =
٤ - عبدالامیر عبدالرحیم ٦٤
٥ - سەعید سەعید عالی ٦ - عبدالله حەمە محمد ٧ - حسێن ملاحەمە ٨ - اسعد صادق
زیانی مالی دوژمن گرتن و سوتاندنی ١- ناقیلەو ٥ - سەیارەی وەسوتاندنی ٥ ڕەبیعیو
مالی جاشەکانی ٥ - ستگەوەنت
آ - ١- ڕەشاش بیکەسی ب - ١٥ - کەلاشنکوف ج - ١١ - جیسازێکی ئاکاو دۆگۆل
د - وەدەی تەقەشۆشێ کەڕەی مصوجفرە د - ٤ - جیهازی ئاجوکە
هـ - ١- دوربین و ٢ - ڕادیۆیەکی عەسکری قوربانی ئێمەش نەبوون دە شەهید
بوون دووبڕینم شەهیدەکە جعفر ت ١٩٢ ٢ - شەهید فەرحان ت م-٢

١٩٨٧/٣/١٩





لە ساڵی ٢/٤ ٣ - ١٩٨٧
هێزێکی هاوبەش لە ١٥-٣ - هەولێر ٨٦ - ٨٧ - هەڤرزەیەکی ٣-٢ - ٥
لە گات ژمێر ١٩٢٠ / هێرشێکی کتوپڕیان کردە سەر قاطع ابو جعفر المنصور ٤١ بەرپرس
و ١٠ / ٥ بیری دەورووبەری کە لە سەر ڕێگای گشتی هەولێر کۆیە دەی
شایی باسە لە ١٠ - دە کیلۆمەتری یەکەم دائەبڕی بەسەر کە دوتن بە بێکەس BK / ٧
٥ بیر بەرز بووەوە و هەوڵدەدا سەر کەوتن تیابنوێنێ دژ
ئەو قاطیعە کە ٣/٤ بیرەکە ئاگر بەر زبووەوە .
ئەو تۆپە خانەی شۆڕشگێڕ بە هێرشێ تۆپەڵ باران ئەو بیرە گاندا دەورووبەری دەکرد کە زیانی
هێزەکان لە دوژمن نزیکبوونەوە زیانی دوژمن لە بیرە گاندا زیاتر لە ١٠٠ / کەوتەوە
کە ناوی گەمانە ئازادە .

١ - عبدالله محمد مسئولی بیرە ١١ - نسیر عقید حزگی بغدا
٢ - کاظم سائیغ بغدا ٣ - کریم حسن بغدا ٤ - جبر مظلوم بغدا
٥ - بدر عبدالله بغدا ٦ - محمد شکری مسئولی بیری ٧
٧ - کاظم عبدالعباس عاکوبی بغدا ٨ - فەوزی فیصل فتحی ٤٠ / موصل
٩ - ج-م - یوسف نجم الدین ١٠ - اسحاق یوسف اسحاق ٥٠ / بغدا
١١ - عبدالله جبر یوسف ١٢ - صباح عبدالحمید محمود بابل ٤٤ / بغدا
١٣ - عبدالحسن دهام حسن ١٤ - ج-م - کاظم عبدالمراظم فجف
١٥ - ج-م - فریال سعید مهاجو بغدا ١٦ - جعفر عبدی حسن بغدا
دیلی گان

١ - ابراهیم محمد عبدی ج-ش - بغدا ٤٤ = صدام قاطع ابو جعفر المنصور
٢ - غلام حسن موسی ٤٤ =
٣ - حسن علی فەوزی ٤١ = ڕەبیری دو = = =
٤ - محمد امین عبدالعزیز = صدام = = =
زیانی مالی دوژمن
یەکەم سوتاندنی ئەیلاخۆر ٥٠ کم و دیکۆیفنج ٧ - ٣ ئاگر
دەستکەوتەگان
١ - یەک خودرە ٨٠٨ / وسوتاندن
٢ - یەک پەرشاگ ١٨
٢ - دوو بێکەس ٤ - چوار وەنا ٥ - ٤ - ئاربێکی ٦ - یەک هاوەن
٧ - ٤٦ کلاشکۆف ٨ - ٤ - چوار دوربین ٩ - یەک جیهازی
ڕاگەیاندن بچوک ١٠ - یەک پەرەشوت لەهاناگاندا هێزێکی دوژمن بە سەر
لێشیواوی لە پردێوە بەهانای هێزە پشتی کەیان هاتن بە ٧٠ کەس /



۵۸۹



لەگەڵ ٢٠ ١٢/١٧ ١٩٨٧ لەسەدا ٩٥ / دەقیقە دا ئینگلیز هاوڕا
لە ٥٥ / ٤ ١/٢ / دەستپێکی هەڵبژاردن دەستپێکە لە ١٥ - پلانەکانی
ژمارە شاخا ئەگەر بڕیاردان دا
لەگەڵ ئەوەی هەڵسان دابەشکردن هەر لاتن تەنها چەند دەقیقەی دیکەی
هزینادیان بۆ چی هەمیشە کردو هەقی سەرپێدرە بیە
دەستکەوتی
١- ٥٠ - گوللە RBQ
٢- ٩- سندوقی خێشەکی
٣- ١- جیپەکان ١٠٥
٤- ١- دوربین لە شێوەی یەکەی بڕیندار
١٩٨٧/١٢/٩
هەوڵ چەند چەکدارێکە کە بڕیوە سندیان هەیە توانیان لە ڕۆژی ٩/١٢
دوو جاسوسی بکوژن بۆ ناوی
١- لطیف محمد هوکل بۆ ئەوەی ٥ هوکل
٢- ستار جبار
وە جاشێکی تریان بڕیندار کرد بۆ ناوی کۆستە مصطفی
خۆشیان گەیشتنە ڕومان ناوەکان
١- عەلی حسین ١- ئێ ٩- شاڵە
٢- جبار قادر حسن ١- = ٧ - =
٣- جمعە قادر حسن ١- = ٧ -
٤- عەلی حسن محمد بە چەکەوە
٥- حاجی قادر =
هەوڵی سەرپەڕشتیار
١٩٨٧/١٢/٩







لە ٥٧

لە ساڵی ٨٧/٢/٢١ دەستەیەک لە ی-م- کافی کەرتی ٥٧
هەڵیان بڕدە سەر ڕەبیرکی دوژمن لەسەر جادەی گۆمەتی لیوانی ڕێگای
لە نێوان تالآی ڕەبیلاڵ لە ماوەی ١٥ دەقیقە دەستیان بەسەر داگرت
ڕیزی دوژمن کوژرانی ٧ جاش ناوی یەکیان زانراوە بەناوی احمد قادر خورشید
و ڕاکردنی گەورەتر و سوتانی هەموک لۆپەلی ناوەبیرەکە
دەستکەوت ٤ کلاشنکوف ٢٠٠ ڕشانە یەک ئەڵقۆن
قەربانی ئێمە شەهید بوونی ڕۆتەی قارەمان کاک بیستون احمد نجم فەرماندەی
مفرەزەی گەرتی ٧ ی ٥٧

١٩٨٧/٢/٢٢



وێنەکان

تیپی ٥٥ی قەرەداغ

تیپی ٢٣ی سورداش



شەهیدی فەرماندە کوردە سابور ناوایی

تیپی ٢١ی کەرکوک


١٩٨٣

تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان

تیپی ٥١ی گەرمیان

عوسمان ملا جمیل — حمە رشید توکنی — 20/6/1989

20/61988

فوتورشیدعلی- شه هیدمجید-جمال وارانی-شه هید کامران-حمه جه وری-شه هید علی
جمال شیخ حمیدی-تایه ر که وه ی نزیك دووز
20/6/1989

عزیزتوکنی، حسن رشید، شه هید کاکه توکنی، حمه رشید توکنی، احمدتوکنی
محمدخورشید، بلرهان توکنی، ماموستا عوسمان، حسین توکنی
کویزی قه ندیل ٢٠/٥/١٩٨٨

شه هید حسن علی هاوینی 1985 ولاخ لوو

حمه رشید توکنی، صباح شیخ حمیدی، جمال شیخ حمیدی، حسن حمید
چەمی نومەرمل ۱۹/۹/۱۹۸۹

تیپی ٥٣ی شێروانە

تیپی ٥٧ی سەگرمە



شەهید محمد نادر

شەهید محسن
قادرمەملی
شەهید عومەر
قەرەتامۆری

تیپی تایبەتی مەڵبەندی یەک بۆ چەکە قورسەکان


86 8 28

86 9


8 2 8 88